هەرێمی کوردستان - عێراق

پەرلەمانی

کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# ١١١

ساڵی/ ٢٠١٩ – بەرگی سەدو یازدە

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢١

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(٢٠١٩)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: ١١١
چاپی یەکەم: ٢٠٢١
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اکرم، شوان محمد، کۆڤان خسرو،
تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام کمال، شیلان ملاعباس،
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دەسپێك خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – شەممە ٢٠١٩/٩/١ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – شەممە ٢٠١٩/٩/٢٥ ل ٢٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠١٩/٩/٢٩ `ل١١٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠١٩/٩/٢٩ `ل١١٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠١٩/١٠/٥ `ل١٥٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٩/١٠/٢٣ `ل١٨١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٩/١٠/٣٠ `ل١٩٩
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٩/١١/١٣ ل٣٣٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٩/١٢/٤ ل٣٧٧

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك
شەممە رێکەوتی ٢٠١٩\٩\١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فایق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی دەسپێکی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و مادددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی دەسپێکی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١) بەم شێوەیە بێت:

١/ یەك دەقیقە بە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لە گەڵ مارشی نەتەوەیی.

٢/ کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی ٣ لە مادەی ( ١٨ )ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣/ وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٤/ وتاری سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ خستنەڕووی ئەولەویەتی تشریعات لە وەرزی یاسادانانی نوێ تەنها لە ماوەی (٣) خولەك دا.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزە، ساڵی یەکەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بە دەقیقەیەك بێ دەنگی وەستان بۆ ڕوحی بەزرەفڕی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و عیراق بە مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب) دەست پێ دەکەین. فەرموون، زۆر سوپاس، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە مادەی (٧) بڕگەی یەکەم و دووەم لە مادەی (١٦) و مادەکانی (٤٦ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی

یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی ( ٢٠١٩/٩/١) بەم شێوەیە بێت:

١/ یەك دەقیقە بە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق لە گەڵ مارشی نەتەوەیی.

٢/ کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی ٣ لە ماددەی ( ١٨ )ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣/ وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پاییزەی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

٤/ وتاری سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ خستنەڕووی ئەولەویەتی تشریعات لە وەرزی یاسادانانی نوێ تەنها لە ماوەی (٣) خولەك دا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێستاش بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەست پێ دەکەین، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و هاوڵاتیانی ئازیزی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ (٢٠١٩/٩/١) خولی پاییزەی گرێدان لە ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکات و متمانەبەخشین بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٩/٧/١٠ )خاڵی جەوهەری و جیاکەرەوەی ئەم وەرزە دەبێ لە وەرزی یاسادانانی یەکەم، چونکە لە ڕووەکانی یاسادانان و چاودێری و بەدواداچوونی ئامادەکاریەکانی بودجەی گشتی هەرێم ئەرکی ڕاستەقینە و جیاواز دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، بۆیە گرنگە ڕوانگەی تەشریعی ڕوونمان بۆ وەرزەکە هەبێت و ئەرکی چاودێری کردنی حکومەتیش هاوتای تەریب لەگەڵ ئەرکی یاسادانان لە چوارچێوەی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ نادیدە نەگرین، چونکە ئەم دوو ئەرکی یەکتر تەواو دەکەن و بایەخ و ئەرزشی یەکتر ڕەنگڕێژ دەکەن، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بە گشتی و پێشخستنەڕووی پلان و ڕوانگەمان بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان بە گرنگی دەزانین لە چارەنووسی ئەوپێشنیازە یاسا و بڕیارانەی کە لە وەرزی پێشوو ئاراستە ی پەرلەمان کراون ئاگادارتان بکەینەوە بۆ ئەوەی پلانی داهاتوومان بەر مەبنای ئەوە بێت کە پێشتر کراوە، کۆی گشتی سێ، چوار پێشنیازە یاسا و بڕیار ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، سێ پێشنیازە یاسا و بڕیار پەسەند کراون، چواردە پێشنیازە و یاسا و بڕیار ئاراستەی حکومەت کراون بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر بارگرانی دارایی دان بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت ئاماژە بە بڕگەی (٤) لە ماددەی (٧٩) ی پەیڕەوی ناوخۆ، دوو پێشنیازە یاسا مەرجی ڕواڵەتی پێشنیازی یاسای تێدا نەبووە و ئاراستەی ئەو پەرلەمانتارانە کراونەتەوە کە واژوویان لەسەر کردووە، بۆ چاککردن ئاماژە بە بڕگەی سێیەمی ماددەی (٨٨) ی پەیڕەوی ناوخۆ، یەك پێشنیازە یاسا ئاراستەی حکومەت کراوە بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنەی تایبەتمەند ئاماژە بە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ، شەش پێنیازە یاسا و بڕیار ئامادەکراون بۆ خوێندنەوەی یەکەم لە کۆبوونەوەی

هاوبەشی دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی و بە پێی ماددەی (٧٩) ی پەیڕەوی ناوخۆ، دوو پێشنیازە یاسا کە بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراون ئاڕاستەی کاروباری پەرلەمان کراونەتەوە، بۆ ئەوەی وەربگێردرێنە سەر زمانی کوردی بەر مەبنای حوکمەکانی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٤)، یەك پێشنیازە یاسا رەتکراوەتەوە و لەلایەن لیژنەی یاسای بە پێی برگەی یەکەم لە ماددەی (٨٠) ی پەیڕەوی ناوخۆ، دوو پێشنیازە یاسای هێشتا ئاراستەی لیژنەی یاسایی نەکراون بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەریان، یەك پێشنیازە یاسا ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراوە و هێشتا بۆ خوێندنەوەی یەکەم ئاڕاستەی سەرۆکایەتی نەکراوەتەوە، دوو پێشنیازە یاسا لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرا بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا حکومەت لە خولی چوارەم ئاراستەی پەرلەمانی کرد بوون لە خولی پێنجەم بە نووسروی فەرمی داوای گەڕاندنەوەیانی کردبوو، بۆیە پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردەوە، بەڕێزان ئامانجمان لەخستنەڕووی ئەم پۆلینکاریە ئەوەیە بۆ رای گشتی و بەڕێزتانی رابگەیەنین کە بەچاوی بایەخەوە لە پێشنیازی پێشکەش کراوی پەرلەمانتاران دەڕوانین و خۆمان پابەندی حوکمەکانی پەیرەوی ناوخۆ کردووە لە مامەڵە کردن لەگەڵ پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان و لە پشووی وەرزی یاسادانان زیاتر لە جارێك لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەوە و هاوئاهەنگیمان کردووە بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی پێشنیازە یاسایەکان، ئێستاش پێشبینیمان ئەوەیە کە فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران بۆشایی یاسایی و کەموکورتی یاسا بەرکارەکان و پێداویستی قۆناغەکە بە ئاڕاستەی خزمەتی زیاتری کوردستانیان بکەنە بنەمای پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسای دیکە، پەرلەمانتارانی بەڕێز وەك سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پلانمان داناوە کە لەسەر چەند ئاستێك کارەکانمان ئاراستە بکەین و لەم حاڵانەدا چڕیان دەکەینەوە.

یەکەم/ سەربارى کارکردنمان بۆ هاوئاهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ تەواوی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەوڵی سیاسی و بەکارهێنانی مافە دەستوری و یاساییەکانمان بەردەوام دەبین، لەلایەك بۆ بەرگرتن بە پەسەندکردنی ئەو پێشنیازە یاسایانەی کە دژ بە رێسا دەستووریەکان و بنەماکانی سیستمی فیدراڵین وەك پرۆژە یاسای خزمەتی شارستانی هاوشێوەکانی لەلایەکیش لە دادگای ئیتحادی تانە لەو یاسایانە دەدەین کە دژ بەو رێسا و بنەمایانە بە ئاڕاستەی سڕینەوەی یان کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم تێپەڕێنراون وەك یاسای کارگێڕی دارایی فیدراڵی کەلە ساڵی (٢٠١٩) پەسەند کراوە.

دووەم/ پەرلەمانی کوردستان هاوکات لەگەڵ هاندانی گشت لایەنە سیاسیەکان بۆ یەکڕیزی و هاو ئاهەنگی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و هاندانیان بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان و پرۆسەی سەرژمێری گشتی بڕیار لێ دراو لەلایەن حکومەتی ناوەندی، پشتیوانی سیاسی خۆی بۆ بژاردەی گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بە ئاڕاستەی دانوستانی هاوسەنگ و چارەسەری

لۆژیکی کێشەکان لە بەرژەوەندی کوردستانیان و فەراهەم کردنی سەقامگیری سیاسی و ئابووری رادەگەیەنین.

٣/ بە مەبەستی رەخساندنی زەمینەی سیاسی لەبار و ژینگەیەکی تەندروست بۆ کاراکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بۆ راپرسی دەستمان بەسەردانی کردنی حزب و لایەنە سیاسیەکان کردووە و بەردەوامیش دەبین بە مەبەستی دروست کردنی جۆرێك لە کۆدەنگی سیاسی و نیشتمانی سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە دواجار دەبێتە سایەی کۆکردنەوەی گشت جیاوازیەکان و پارێزەری ماف و ئازادیە گشتییەکان و دەبێت فەراهەمی رەزامەندی جۆرێك لە کۆدەنگی پێش وەختەی بۆ بکەین.

٤/ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەیەکی راگەیەندراوی هەیە کە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان خراوەتەڕوو جێ بەجێ کردنی ئەو کارنامەیەش زەمینەی تەشریعی لەباری دەوێت کە خۆی لە نزیکەی (١٤) بۆ (١٦) پرۆژە یاسا و بڕیاردا دەبینیتەوە، لەهەرە گرنگترینیان پرۆژە یاسای چاکسازیە کە لە بواری خەرجی و داهات و وەزیفەی گشتی و خانەنشینی، چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراك لە رێگەی پرۆژە یاساکانی دامەزراوەی نیشتمانی دەرمان و خۆراك پاراستنی مافی نەخۆش، پارێزبەندی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، پرۆژە یاسای پاراستنی سەرچاوەکان ئاو لە هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەبەرهێنان، پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی، پرۆژە یاسای کارو بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت، پرۆژە یاسای سیستمی بانکی هاوچەرخ و هتد.. بۆیە لەو روانگەیەی کە پەرلەمان بەپرسە لە رەخساندنی زەمینەی تەشریعی بۆ بە ئامانج گەیاندنی کارنامەکە وەك خۆی کە دواجار کارنامەی زۆرینەیەکی رەهای پەرلەمانیە هاوکات لۆژیك ئەوەیە کە تەرجەمە کردنی هێڵەگشتیەکان بۆ یاسا پرۆژەی چاودێری کردنیش لەلایەن پەرلەمانەوە ئاسانتر دەکات بەر مەبنای خۆ پابەندکردنی پێش وەختەی حکومەت بەو پرۆژە یاسایانەی کە دەیانێرێتە پەرلەمان و دوای دەوڵەمەند کردنیان بە تێبینیەکانی پەرلەمانتاران پەسەند دەکرێن، بە فەرمی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەرچی زووترە ئەو پرۆژانە بنێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەولەویەتیان لە وەرزی تەشریعی نوێدا پێ بدرێت.

٥/ لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و پەیڕەوی ناوخۆ یەکێکی تر لە ئەرکەکانی پەرلەمان پەسەند کردنی یاسای گشتی بودجەیە کە لە هەمان کاتدا یەکێکە لە پابەندیەکانی حکومەت، بۆیە پێشبینیمان ئەوەیە کابینەی نۆهەم هەرچی زووترە کار بۆ ئامادەکردنی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بکات و ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێ بۆ پەسەند کردن بە تایبەت کە دوایین جار بودجەی تێدا پەسەند کراوە ساڵی (٢٠١٣) بووە و دوای ئەو بەرواره خەرجی و داهات بەشێوەیەکی هەرەمەکی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

٦/ لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەسەڵاتی پێشکەشکردنی پێشنیازی یاسا و بڕیاریان هەیە و بە حوکمی بەرکەوتنی رۆژانەیان لەگەڵ دامەزراوە فەرمیەکان و هاوڵاتیانی کوردستان و دۆز و دۆخی کەرتە

جیاوازەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە رووی سمی تەشریعیەوە چیە و کێماسی و کەموکوڕی یاسا بەرکارەکانیش چین، بۆیە داوا دەکەین خاڵی هاوبەشی نێوان کارنامەکانتان بدۆزنەوە و بۆ کامل کردنی سیستمی تەشریعی نەخەملێنی هەرێمەکەمان لە بوارە ژیارییە زیندووەکان و هەموارکردنی یاسا بەرکارەکان هاوئاهەنگی بکەن، بەتایبەت لە بواری رێکخستنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی، فرە کردنی سەرچاوەکانی داهات، پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و داهات و گەشتوگوزار فەراهەم کردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەچووانی زانکۆکان، پاراستنی ژینگەی کوردستان قەدەغەکردنی بازرگانی کردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بەیاسایەکی تایبەت و هەر بوارێکی تر کە بە گرنگی دەزانن لە کۆتاییدا داواکارین گشت پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان و هاوکار و هاوئاهەنگ بن بۆ ئەوەی لەم خولەی گرێداندا پەرلەمانی کوردستان بکەینە خاوەنی یاسایەکی سەربەخۆ بۆ رێکخستنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و پێکهاتە و کاروبارەکانی پەرلەمان لەبەر رۆشنایی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندی دەسەڵاتی یاسادانان، زۆر سوپاس.

ئێستاش بڕگەی چوارەمی کارنامەکەمان دەست پێ دەکەین کە بریتی یە لە وتاری سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ خستنەڕووی ئەولەویەتی تەشریعیان لە وەرزی یاسادانانی نوێ لە ماوەی سێ خولەك دا، فەرموو بەڕێز کاك اومید.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم بۆ رێزگرتن لە کاری ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان، سەرەتا دەرفەت بە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن بدرێت، دەرفەتی قسەکردن بەوان بدرێت.

**بەڕێز د.ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، پێشنیارەکە پەسەندە، فەرموون فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە گەورەترینیانەوە دەست پێ دەکەین، فەرموو د.کاظم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق/ سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتانەی کە جەنابت لە وتارەکەتدا باست کرد هەموویان یان زۆرینەیان بابەتی گرنگ و پێویستن بۆ ئێستای ژیانی هاوڵاتیان و ئەگەر پەرلەمان بە دەقیقی ئەو بابەتانە جێبەجێ بکات، ئەو خاڵانە جێبەجێ بکات، دڵنیام دۆخی هاوڵاتیان و گوزەرانی هاوڵاتیان زۆر زۆر باشتر دەبێ، وەکو فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە سەرەتای ئەم خولەی پەرلەمانەوە و تا کۆتاییش بەردەوام دەبین ئەولەویەتی کار و پرۆژەکانمان خەڵك دەبێت، لەو سۆنگەیەشەوە چەند پێشنیازی یاسایەك و یاداشتمان پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە و

بەردەوامیش دەبین لە پێشکەش کردنیان، دیارە کاری پەرلەمان یاسادانان و چاودێری و بودجەیە، ناکرێت پەرلەمانی کوردستان کە کاری چاودێری یە نەزانێت گیرفانی حکومەت چەندی تێ دەچێت؟ چەند پارەی تێدایە و لە چی دا خەرجی دەکات؟ ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە هێنانی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەمەند کردنیان بە تێبینی و تێپەڕاندنیان، دەیان پرسیار و داواکاری هاوڵاتیان هەیە کە ئەرکی ئێمەیە وەکو پەرلەمان وەڵامیان بدەینەوە، خەڵك دەپرسن کوا داهاتی کوردستان؟ کوا بودجە؟ کوا پارەی نەوت و داهاتی ناوخۆ و خاڵە گومرگییەکان؟ لای کێیە و چۆن خەرج دەکرێ؟ دەبێت کاری پەرلەمان و سەرەکی ترینیان....

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.کاظم ئەولەویەتی بەڕێزتان بۆ ئەو وەرزەی یاسادانان چییە؟

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

بەڵێ، یەك یەك باسی دەکەم، سەرەتا کێشەکە باس دەکەم، دوایی ئەولەویەتەکان.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژەکانتان چییە؟ ئەوانەمان بۆ باس بکە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

ئێستا بۆ جەنابتی باس دەکەم، کێشەکە باس نەکەم چۆن پرۆژەکە باس بکەم؟ کێشەکان باس دەکەم دوای ئەوە پرۆژەکانی خۆمان باس دەکەم، بەس هیوادارم بێ موناقەشە، چونکە سێ دەقە کاتم هەیە تا ئێستا روون نییە ئەوە زیاتر لە پێنج ساڵە داهاتی هەرێمی کوردستان چۆن صەرف دەکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە لە رێی بودجەوە کە زانیمان داهاتی هەرێمی کوردستان چەندە ئەو کاتە دەتوانین دوای ئەوە سەرەکیترین کارمان بکەین بە پێدانی مووچەی هاوڵاتیان و فەرمانبەران لە کاتی خۆی دا و گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران کە لە ساڵانی پێشوودا بە زۆرە ملێ لەلایەن حکومەتەوە لێیان زەوت کرابوو هەزاران گەنج و دەرچووی زانکۆ هەیە کە ئێستا بێکارن و شەوانە رۆژ دەکەنەوە لەسەر شەقامەکان مەعلومی جەنابتانە هەلی کار دۆزینەوە بە پرۆژە یاسایەك کە ئێمە خۆمان پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کاری لەسەر بکرێت دەستەی سەرۆکایەتی بیخاتە بەرنامەی کارەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت دا بۆ ئەوەی لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دا سوود لە توانای ئەو گەنجانە وەربگیرێت لەگەڵ دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان دا دیارە ساڵی نوێی خوێندن دەست پێ دەکاتەوە بەداخەوە خوێندنگەکان و زانکۆکان و پەیمانگاکان بە کۆمەڵێك کێشەوە چاوەڕێی خوێندکاران دەکەن بەشە ناوخۆییەکان کۆمەڵێ کێشەی تیایە ئێمە لە خولی پێشوودا پرۆژە یاسایەکمان پێشکەش کرد.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برای بەڕێز کاك د.کاظم ناوی پرۆژە یاسامان پێ بڵێ تکایە، کاتی تر دەرفەت دەبێ بە ئازادی خۆت قسە بکەی، بەڵام ئەمڕۆ تۆ سێ دەقەت هەیە پێمان بڵێ بۆ تۆ لەو وەرزەدا چی گرنگە وەکو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، ناوی بێنە.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

پرۆژە یاسای دەرماڵەی خوێندكاری زانكۆ و پەیمانگاكان، تكایە پێم مەبڕە، پرۆژە یاسای دەرماڵەی خوێندكاری زانكۆ و پەیمانگاكان بەلای ئێمە ئەولەویەتی كارەكانمانە، بەپێی كۆتا راپۆرتی (دیللۆ)ی داهاتی سێ مانگی كۆتایی مانگانە حكومەتی هەرێمی كوردستان زیاتر لە (٧٠٠) ملیۆن دۆلاری داهات هەبووە، لە بەغداوە بودجە هاتووە، مووچەی فەرمانبەران تا ئێستا هی مانگی (٥) دابەش كراوە، ئەوە مانگی (٩)یە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك د.كاظم كاتەكەت تەواو بوو، فەرموو بەڕێز كاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر/ سەرۆكی فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی پابەندین بەو بەڵێنانەی كە لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن بە خەڵكی كوردستانمان داوە، بەتایبەتی لە خولی پایزەی یاسادانان بڕیارمان داوە كە گرنگی تایبەت بە ژیانی مووچەخۆران و خانەنشینان و خاوەن پێداویستی تایبەت بدەین، لە هەمان كاتدا پشتیوان بە خوای گەورە لە بەدواداچوونمان بۆ كار و پرۆژە بڕیارەكانی حكومەت بەردەوام دەبین، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێكارە پەیڕەوییەكان دەگرینەبەر، بەتایبەت بۆ چۆنیەتی جێبەجێ كردنی كارنامەی ئەم كابینەیەی كە لێرە خوێندرایەوە، جەنابیشتان ئاماژەتان پێ كرد، مووچەخۆران تاوەكو ئێستا شایستە داراییەكانیان كە لێیان پاشەكەوت كراوە پێیان نەدراوەتەوە، ئێمە لەمڕۆوە پرۆژە یاسایەكمان پێشكەش كردووە، من هیوادارم گرنگی پێ بدرێت، لەم خولی یاسادانانەدا پەسند بكرێ، كە بە شێوەی هەژماری بانقی و دامەزراندنی سیستەمێكی بانقی ئەم پاشەكەوتی مووچەیان بۆ بگێڕدرێتەوە، دووەم/ تایبەت بە چاكسازی ئێمە پرۆژەمان ئامادەیە و خۆمان بە خاوەنی پرۆژەی چاكسازی دەزانین كە كاتی خۆی پێشكەش كراوە، بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە فراكسیۆنی ئێمەش بووە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ پەرلەمانتارانی دیكە لە فراكسیۆنە ئۆپۆزسیۆنییەكان پرۆژەی چاكسازی لە خانەنشینی مەدەنی و سەربازی پێشكەش دەكەینەوە كە لە خولی پێشوو پێشكەشمان كردبوو، خوێندنەوەی یەكەمیشی بۆ كرا، ئێمە بڕوامان وایە كە وێڕای چاكسازی لە خانەنشینی مەدەنی و سەربازی، بەڵام پێویستیشە چاكسازی لە خەرجییەكان و لە داهاتەكان بكرێ كە دەبوو چاكسازی حەقیقی لە داهاتی نەوت و گاز و گومرگ و داهاتە ناوخۆییەكان ئەنجام بدرێ كە سەرچاوەی گەورەی گەندەڵییە ئەگەر چاكسازی تێدا نەكرێ، كە پێویستە شەفاف بێ و بە تەواوی زانیارییەكان بۆ پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكان پێشكەش بكرێ، سەبارەت بە خانەنشینان هاوكات لەگەڵ پرۆژەی چاكسازی لەگەڵ ئەوەداین و پرۆژەی هەمواری ئینفازیشمان ئامادەیە بۆ یاسای خانەنشینی یەكگرتووی عێراق، كە تا ڕاددەیەك ناڵێم بە تەواوی، بەڵام تا ڕادەیەك لە دادگەری نزیكە، لە نێویشیان دا خانەنشینان لە كەمترین مووچە تا مووچەی پلە باڵاكان ئەم پرۆژەیە بەرجەستەی دەكات، چوارەم یاسا دەرچوواندنیش كاتێك گرنگە كە جێبەجێ بكرێت، ئێمە

زۆرمان پێ گرنگە بەڕاستی هەندێك گرنگترە كە جێبەجێ بكرێت نەك دەركردنی یاسا، بۆیە كە تەماشا دەكەین لە ئەنجامی ئەوەی كە یاسا بەچاكی جێبەجێ ناكرێ یان بەسەر هەموو لایەك دا بە بێ جیاوازی جێبەجێ ناكرێ، هەست دەكەین هەرێمی كوردستان بەرەو پاشەگەردانی دەڕوات، بەرەو فەوزا و ئاڵۆزی دەڕوات كە من بەراستی مەترسی ئەوەم هەیە كە شیرازە و سەقامگیری كۆمەڵایەتی پێ تێك بچێت، فەرموون یەكێك لەسەر (٢٤٠) هەزاری گەنجێك دەكوژێ، بە دوو مێردمنداڵ منداڵێك دەكوژن، كوڕ بابی دەكوژێ، كور داكی دەكوژێ بە چەقۆ، یەعنی مەبەستم چییە بەراستی ئەگەر یاسا بە تایبەتی یاسای لە سێدارەدان بۆ ئەو تاوانانەی كە خۆتان دەزانن سێدارەدان هەیە لە هەرێمی كوردستان، بەڵام ڕاگیراوە یان جێبەجێ ناكرێ، بەتایبەتی بۆ كوشتنێك كە بەراستی بێ ڕەزا و ناقوڵایە، من پێموایە ...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاتەكەت تەواو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

ئەگەر ئیجازەم بدەی تەواوی بكەم ئەم بابەتە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ئەگەر شەرح نەكەی كاتەكەت ناڕوات، فەرموو، زیاد لە (٤٠) سانییەمان داوەتێ.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

بەسەرچاو، شتێكمان مەجال بدەنێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو، زیاد لە (٤٠) سانییەمان داوەتێ.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

من پێموایە ئەوە ئەو وەزعەمان ئارام دەكاتەوە، سەرۆكایەتی پەرلەمان داوا دەكەن بەراستی داوا لە سەرۆكی هەرێم بكرێت بۆ ئەو كوشتنانەی كە بێ ڕەزا و ناقوڵایە بەراستی ئەم یاسا جێبەجێ بكرێتەوە، دوو/ ئەو بێ ڕێزییەی كە بەرامبەر بە ناوی موبارەكی خوا دەكرێت، من لێرە دەپرسم هیچ كامێك.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا تكا دەكەم یاداشت پێشكەش بكە، سەبارەت بەوانە یاداشت پێشكەش بكە، زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حەمە أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕوانگەی ئەو بنەما قورئانییەی كە فەرمانكردن بە چاكە و ڕێگریكردن لە خراپە نەخشەی یاسایی و نەخشە ڕێگەی خۆمان ڕەسم كردووە، بۆ چوار ساڵی ئایندەی كارمان لە پەرلەمانی كوردستان و فراكسیۆنی یەكگرتوو و لێرەوە بیری هەموو لایەك دەهێنینەوە كە لە یەكێك لە توێژینەوەكان كە كراوە یاساكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە (٣٠%)

تەقریبەن جێبەجێ کراوە لەسەر ئەرزی واقیع کە هیوادارین بە هەڵمەتێکی نیشتمانی هەموومان کار بۆ ئەوە بکەین کە یاساکان پەیڕەو بکرێن و جێبەجێ بکرێن، ئێمە نەخشەی چاودێریمان هەیە پێش نەخشەی یاسایی کە لەسەر مەسەلەی بودجە و مەسەلەی گێرانەوەی پاشەکەوتی مووچە، مەسەلەی کشتوکاڵ، سندوقی داهاتی نەوت و گاز، گرێبەست و دامەزراندنەکان، کەرتی کارەبا و ئەدائی حکومەت بە گشتی، سەبارەت بە نەخشەی یاسایی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پاکێجی چاکسازی کە ئیشکالیەتی زیاترلە (٢٥٠) هەزار بندیوار و مووچەی خانەنشینی نایاسایی چارەسەر دەکەن، دەرماڵەکان رێك ئەخات، زیاتر لە (١٠٠) ملیار دینار تەخدیر ئەکرێت کە بگێردرێتەوە بۆ دارایی گشتی ئەوە تەقدیمان کردووە و لە پرۆسەدایە هیوادارین لەگەڵ حکومەتدا یەك بخرێت چارەسەری بنەرەتی بکرێت، یاسای چاکسازی کە ئیشکالیەتی دارامانی ئەخلاقیات و بەها ئینسانیەت و ئیرادەو ناخی مرۆڤەکان کە تەمەنی (١٠٠) ساڵە ئەو دارمانە لە پرۆسەی پەروەردە و لە قوتابخانەکانا بنیاد بنرێتەوە مرۆڤی کوردی، یاسای وەبەرهێنان کە ئەبێت بنیاد بنرێتەوە کە تەقدیرات ئەکرێت کە زیاتر لە سێ ملیار زەرەری داوە لە دارایی گشتی ئەم هەرێمی کوردستانەو هاوڵاتیان ئەوش هەموار بکرێت تەقدیممان کردووە و بەردەوام دەبین لەسەری، یاسای منداڵە ونبووکانی هەڵەبجە کە ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵانەی کە ون بوون کە بە داخەوە چارەسەریان وە خزمەتی پێویستیان دۆزینەوەیان بۆ رێك نەخراوە بە یاسا، یاسای بیمەی تەندروستی کە ئەمە هەموو هاوڵاتیەك زیاتر لە (٥) ملیۆن کەس دەگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی کە کولفەیەکی ئەوتۆ لەسەر حکومەت دروست بکرێت، یان یاسای کار کە ئیشکالیەتی تەقاعد و مۆڵەتی گشتی هەمان شت لە کەرتی گشتی وەزیفیا بوونی هەبێت بۆ کرێکاران زیاتر لە (٣) ملیۆن کەس لە کەرتی تایبەت ئەوانەی کە لە حکومەتیشن لە کەرتی تایبەت کار دەکەن ئەویش دەگرێتەوە، هەمواری یاسای باج و دەرامەت کە زەرەرێکی زۆری لە هاوڵاتی و مامەڵەکانی عەقارات و بارزاری دروست کردووە ئەوەش ئەنجام بدرێت، یاسای (من أین لك هژا) کە مەبدەئێکی قورئانییە و لێپرسینەوە لە سەرمایەداران، کەرتی تایبەت و فەرمانبەران بکرێت کە سەرمایەیان پەیا کردووە، لە کوێ ئەو سەرمایەیان هێناوە؟ یاسای سپی کردنەوەی پارەکانی هەرێم کە بە نایاسایی و بە شێوازێکی نادروست براوەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسایەك نییە لەم هەرێمی کوردستانە ئەمە رێك بخات ئەم یاسایەشمان پێشکەش کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.محی الدین حسن یوسف) لە فراکسیۆنی ئازادی، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم وەرزەی یاسا دانانی خولی پایزە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێت:

١- تێپەراندن و بریاردان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی بەناوی پرۆژە یاسای چاکسازی ناو دەبرێت دوای خوێنندنەو و گفتوگۆ کردنی لەلایەن پەرلەمان، هەر چەندە ئێمە پێمان وایە کە ناوی

یاساکە بگۆردرێت بۆ (پرۆژە یاسای هەموارکردن و راستکردنەوەی مووچە و دەرماڵەکان) لەبری پرۆژەی چاکسازی، چونکە چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە تەنها بەو یاسایە چارەسەر ناکرێت و پرۆسەی چاکسازی بواری جیا جیا دەگرێتەوە لەوانە، بواری کارگێری و ئابووری و دارایی و دادوەری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەهێز کردنی چاودێر.

٢- کارکردن لە پێناو ئامادە کردنی پرۆژە یاسای هەرێمی کوردستان لەلایەن حوکمەتی هەرێمەوە، پەسەند کردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان کە ناکرێت هەرێمی کوردستان بۆ چەندین ساڵە بەبێ یاسای بودجە بێت و ئەگەر جاران هۆکاری تایبەتی بوبێ ئێستا زەمینە لەبارە بۆ ئامادەکردن و پەسەند کردنی ئەو پرۆژە یاسایە.

٣- کارکردن لە پێناو ئامادەسازی بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی پێیەتی.

٤- کارکردن لە پێناو دەرکردن بیمەی تەندروستی و دانانی سنوورێك بۆ بە تایبەت کردنی کەرتی تەندروستی.

٥- هەموار کردنی هەردوو مافی زیندانیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

٧- کارا کردنی یاسای ئەنجومەنی راژە لە هەرێمی کوردستان لە رێگای پێکهێنانی ئەنجومەنی راژەوە.

٨- کار کردن لە پێناو دانانی یاسای خزمەتی سەربازی ئیلزامی لە هەرێمی کوردستان کە رێگایەکە بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کۆتایی هێنان بە دیاردەی فرە هێزی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن تەواو بوون، دەچنەوە سەر فراکسیۆنەکانی بەژدارلە حکومەت، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەولەویەتی فراکسیۆنی پارتی لەو وەرزەی یاسادانان وەرزی پایزە لە باری یاسایی وە نوێنەرایەتی وە چاودێری کردن بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١-هەنگاونان بۆ قوڵتر کردنەوە و بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتنەکانی لایەنەکانی پێکهێنەرانی حکومەت، لەو چوارچێوەیەشدا پشتوانیکردن لەو پرۆژانەی کە بە هەماهەنگی لە ماوەی داهاتوودا دەیخەینە روو:

١-پرۆژە یاسای چاکسازی لە بودجە و خانەنشینی وە بەخشین و ئیمتیازاتەکان وەپشتوانیکردن لەو پرۆژەیەی کە ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکرێت لەلایەن حوکمەتەوە دێتە پەرلەمانی کوردستان.

٢-پشتیوانیکردن وە هەوڵدان بۆ دەرچوواندنی یاسای خانەنشی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، پشتیوانی لە هەر داخوازی و پرۆژەیەکی کە لە خزمەت پێشمەرگە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان بێت.
پرۆژە یاسای دەروازە سنووریەکان یەکێك لە کارەکانی دیکەیە وە لە رووی تەندروستی و لە چوارچێوەی کارنامەی حکومەت وە بیمەی تەندروستی مافەکانی نەخۆش و مافی کارمەندانی تەندروستی و تەواوی کەرتەکان، چاکسازی کردن لەو سێکتەرەدا پرۆژە یاسا پێشکەش دەکەین بە هەماهەنگی لەگەل فراکسیۆنەکانی دیکە پێکهێنەری حکومەتین، پشتوانی کردن بە تەواوەتی لە شەفافیەت لە هەموو رووێکەوە لە هەموو سێکتەرەکان و زیاتر بەرقەرارکردنی دادپەروەری و نەزیهی، روونی لە کارەکانی حکومەت، زەمینە سازی دەکەێت لەم وەرزە بۆ ئەوەی کە لە رووی سیاسی یاساییەوە هەنگاوەکان ئامادە کردنی پیشکەشکردن و کاراکردنەوەی لێژنەی دەستووری، بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی دەستوورێکی هاوچەرخ و مەدەنی لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا دەرچوواندنی یاسای قەرەبووی زیان لێکەوتوانی جینۆساید و قڕکردنی هەموو ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەلی کوردستان دا هاتوون لە نێویشیاندا چارەنووسی ئەوانەی کە تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، تایبەت بە هەموار کردنی یاسای وەبەرهێنان پرۆژەمان هەیە و وە پێشکەشی دەکەین وە پشتوانی لەو پرۆژەیەش دەکەین کە ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکرێت لەلایەن حوکەمەتی هەرێمی کوردستانەوە، پێشوازی و پشتیوانی لە تەواوی پرۆژەکانی کە حکومەت بە نیازن بۆ جێبەجێبوونی ئەو کارنامەیەی کە لەبەر دەم ئەو پەرلەمانە بەرێزەدا پێشکەشیان کرد پشتیوانی لێدەکەین، خاوەنداریەتی دەکەین، پشتوانی لە هەوڵەکانی حکومەت دەکەین لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر بەغدا بە ئومێدی ئەوەین بگەینە چارەسەر و لە نەتیجەشدا ئاورێك لە مافی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدرێتەوە و لە رێگای ژمارەیەکی تایبەتەوە مووچەی پاشەکەتکراویان زامن بکرێت کە یەکێك لە کارەکانی فراکسیۆنی پارتی پشتیوانی کردن لەو بابەتە دەبێت، پرۆژەش بۆ ئەم بابەتە ئامادەکاری بۆ کراوە، پەرەدان بۆ زیاتر گوێگرتن لە چین و توێژەکان و لە ئاستی نوێنەرایەتی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەرە دەدات بۆ زیاتر گوێگرتن لەئاست و چین و توێژەکان لە ئاستی نوێنەرایەتی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەرە دەدات بە زیاتر گوێگرتن لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و لە تەواوی سنوورە جوگرافییەکانی کوردستان، کاراتر بوونی ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان وە تەواجوداتیان لە نووسینگەکانی پەرلەمانی لەسەرتاسەری کوردستاندا، لە رووی چاودێریەوە سەرەرای پشتیوانی توند و بەردەوامی کارەکانی حکومەت و پشتیوانیکردن خاوەنداریەتی کردنی ئەو حکومەتە وەکو فراکسیۆنی زۆرینەو پێکهێنەری ئەساسی، بەڵام لە رووی چاودێریکردنیشەوە هیچ جۆرە سازش لەسەر چاودێریکردنی جێبەجێکردنی روکنێك لە روکنەکانی پەرلەمان ناکەین چاودێری وردی کارەکانی حکومەت دەکەین، هەم لە کالانامەیان هەم لەو پرۆژانەی کە پێشکەشی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەو وەرزەدا تەرکیز لەسەر ئەوە

دەکەینەوە بەرجەستە بوونی رێکەوتنەکان وە پابەندی و پاراستنی هاوپەیمانییەتەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت، قوڵکردنەوەی گیانی چەسپاندنی دیموکراسیەت و رێزگرتن لە بیر و بۆچوون و پرۆژە و بڕیارەکانی ئۆپۆزسیۆن بە دیدی نەیارانی خۆمانیان نەزانین هەر پرۆژەیەك لەلایەن ئەوان بخرێتە روو لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان بیت بە دڵنیاییەوە پشتوانی لێدەکەین و لە ناو کارنامەی فراکسیۆنی پارتی جێگای دەبێتەوە بەدڵنیاییەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو بوو، فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی، فەرموو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وەك هەموو لایەکمان ئاگادارین لە چەند ساڵی رابردوودا کوردستان لەرووی چەندین کارەسات و تەحەدیاتی گەورەو نەخوازراو بۆوە، کاتێك تیرۆرستانی داعش و بڕینی بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندی و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ کوردستان ئەمانەش بوون بە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین قەیرانی تر وك وەستاندنی چەندان پرۆژەی خزمەت گوزاری، پاشەکەوت کردنی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم، وەستاندنی دامەزراندن لە کاتێکدا دەیان هەزار دەرچووی کۆلێژ و پەیمانگاکان چاوەرێی دامەزراندن و نەمانی هەلی کار و پەککەوتنی بازارەکان و نەمانی کار و کاسبی، بۆیە لەبەرچاو گرتنی لێکەوتەکانی ئەو قەیرانە و تەنگژانەی کە باسمان کردن فراکسیۆنی یەکێتی لە هەوڵدایە بە هاوکاری و هەماهەنگی فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمانی کوردستان لە وەرزی پایزەی یاسا داناندا بە چەند پرۆژە یاسایە قەرەبووی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکاتەوە کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

کاراکردنەوەی لیژنەی ئامادەکاری دەستوور بۆ راپرسی، پابەند کردنی حکومەتی هەرێم بەدانەوەی قەرز پاشەکەوت کراوی مووچە خۆرانی هەرێم لە چوار چێوەی یاسایەکی تایبەت بەو پرسە، تێپەراندنی یاسای چاکسازی خانەنشینی فەرمانبەرانی مەدەنی و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ، بەهەمیشەیی کردنی دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست، هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی هێزی پێشمەرگە بە سوپا عێراق، چەسپاندنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پاراستنی مافی نەخۆش، دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان، دۆزینەوەی بەدیلی نەوت لە رێگای گرینگیدان بە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ناوچە گەشتیارییەکان، هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان تێکۆشەرە دێرینەکان و زیندانییە سیاسیەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەند، دابینکردنی دەرماڵە بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگاکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك علی حەمە صالح سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنانەی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ بەشداریکردنی لە حکومەتدا کردوویەتی کە رووحی ڕێککەوتنەکان ئیسلاحە لە بواری دارایی و ئابووری و سیاسی و قانوونی و کارگێڕیە، فراکسیۆنی گۆڕان کارنامەی خۆی داڕشتۆتەوە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان، خاڵی یەکەممان پشتیوانی کردنە لە یاسای چاکسازی لە مووچە و خەرجی و دەرماڵە و ئیمتیازات و ڕێکخستنەوەی دامەزراوە داراییەکاندا کە هیواداریین لە زووترین کاتدا کە بڕیارە مانگی (٩) بێتە پەرلەمان و زوو دەرچووێندرێت، پرۆژەی دووەم چاکسازیکردن تەنها لە خەرجیدا نییە، چاکسازی گەورە پێویستە لە داهاتدا بکرێت، بۆ ئەمەش پرۆژە یاسا و دەرکردنی چەند بڕیارێکی پێویست کە ئەوەیان ئەرکی حکومەتە بۆ باج کە نزیکەی (٢٣٠٠٠) هەزار کۆمپانیا لە کوردستاندا هەن، بەشێکی زۆریان بە تایبەتی کۆمپانیا گەورەکان لە باج خۆیان دزیوەتەوە، لە هەمان کاتدا یاسای تایبەت بە خاڵە سنوورییەکان و ڕێکخستنەوەیان کە لە ئێستادا کۆمەڵێك کۆمپانیا بە هەشت جۆری جیاواز لە خاڵە سنوورییەکان پارە وەردەگرن، بە دامەزراوەییکردنی کەرتی نەوت ئەویش بە دروستکردنی سەندوقی داهاتە نەوت تەنفیزکردنی لە هەمان کاتدا دەرچوواندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازارکردنی نەوت، کۆمپانیای کوردستان بۆ پالاوتن و پاشکۆکانی نەوت و کۆمپانیای نیشتیمانی نەوتی کوردستان، خاڵێکی تر پێداچوونەوە بە هەموو ئەو گرێبەستانەیە بۆ خەدەمات کراوە و دراوە بە چەند کۆمپانیایەك لە نەتیجە بە زەرەری خەڵکی کوردستانە، زەرەر بەداهاتی خەڵکی کوردستان و دەوڵەمەندکردنی خەڵك لەوانە ئەو گرێبەستانەی دراوە بە کاتب عەدلەکان کە ئەو گرێبەستە دراوە بە کۆمپانیایەك بۆ کۆکردنەوەی پارەی ئاو، پارەی خاشاك، پارەی تابلۆی ئۆتۆمبێل، جۆرەها گرێبەست کراوە لە نەتیجەکەی زیانی گەورەبووە، گرێبەستەکانیش بە ڕێ و شوێنی قانونیدا تێ نەپەڕیووە، پێویستە بە یاسا بڕیاری لێ بدرێت کە هەر گرێبەستێك حەقی گشتی هەیە با پێش پەسەندکردنی دیوانی چاودێری دارایی پەسەندی بکات، بەمە ڕێگریەکی گەورە لە بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی لە کوردستاندا دەربچێت، دەرچوواندنی یاسای پاسەوانی لە کوردستان یەکێك دەبێت لە ئەولەویەتی کارەکانمان کە ئێستا تاکە دامەزراوەیەك بە یاسا ڕێکخرابێت پاسەوانەکانی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی کوردستانە، ئەمە جگەلەوەی کە کۆمەڵێك چین و توێژن کە گرنگە ئاوڕی لێ بدرێتەوە لەوانە تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی ئەو ئافرەتانەی کە بێ هاوسەرن ماوەی پێنج ساڵە تەنها (١٠٠٠٠٠) هەزار سەرچاوەی ژیانیانە راگیراوە، لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە پێویستە دەرماڵەی خوێندنیان پێ بدرێت، یاسای تایبەتی بودجە کە ئێستا ئامادەکاری بۆ دەکرێ لە وەزارەتی دارایی پێویستە دەست و بردی لێ بکرێ بۆ ئەوەی داهاتوو و خەرجی بە تەواوی روون ببێتەوە، ڕێککەوتنێکی سەنگین لەگەڵ حکومەتی عێراقدا پشتیوانی دەکەین، بە تایبەتی لە بواری دارایی و نەوت و خاك و پێشمەرگە و کۆی سامانە مرۆییەکان، ئەمە جگەلەوەی ئێمە کۆمەڵێك پرۆژە یاسامان کردووە زۆر بە خێرایی ئامادەکردووە و لە ڕۆژانی ئایندە تەقدیمی

دەكەین، تەنها ناوەكانیان دەخوێنمەوە، ئینفازكردنی قانونی عەمەلی عێراقی كە زۆر گرنگە، پڕۆژە یاسایەك تایبەت بە گەڕانەوەی پاشەكەوتی مووچە بە خوێندنەوەی واقیعی دارایی هەرێمی كوردستان، تەسبیتی بە سیستەم كردنی رەقەم دواتر قۆناغ بە قۆناغ، نیسبە بە نیسبە دۆخی دارایی هەرێمی كوردستان پارەكان بگەڕێندرێتەوە، بە یاسایی كردنی دامەزراندنی یەكەمەكان ئەوە تەشجیعی خوێندن دەكات لە هەرێمی كوردستاندا خەڵك هەوڵ بدات بخوێنێت، چونكە ئەگەر یەكەمەكان بێ ئومێد بن نەتیجەیەكی باش نییە، ئەوە دۆزینەوەی رێگەی پێویستیش بۆ گرێبەست و خۆبەخشەكان، یاسای دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوسان پرۆژەكەمان ئامادەكردووە، یاسای قەدەغەكردنی رێكخستنە حیزبیەكان لە ناو رێكخستنی هێزی پێشمەرگە و ئاسایسی گشتیدا، یاسای دەستەی ئاوادانكردنەوە نێو خزمەتگوزاری گوندەكان، یاسای بەركاری خانەنشینی یەكگرتووی عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٤)، یاسای گەشەپێدان و پاراستنی خێزان، یاسای داواكاری گشتی، یاسای رێگری لە زیادەڕۆیی لە هەرێمی كوردستاندا، دڵنیایی كۆمەڵایەتی، دەستەی گشتی سەلامەتی و باشی بەرهەمی خۆماڵی و هاوردەكان لە هەرێمی كوردستاندا، یاسای تایبەت بەرنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرەكان، كە ئێستا گەورەترین گرفتە و تاوەكو ئێستا یاسای تایبەتی نییە لە كوردستاندا، تەئمینی تەندروستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رومیو هەكاری سەرۆكی فراكسیۆنی هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوەیی فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە وەكو فراكسیۆنی هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوەیی كە نوێنەرایەتی گەلی كلدانی سریانی ئاشووری دەكەین، ئێمە جگەلە كاری پەرلەمانی خۆمان كە خۆی لە یاسا لە دەركردنی یاسا و چاودێری بوو، هەروەها پەسەندكردنی بودجەی ساڵانەی هەرێمە، ئێمە كارێكی تریش كە كاری نەتەوەیی نیشتیمانییە لە پێشمانە كە ئەویش خۆی لە داكۆكی كردن بۆ پارێزگاری كردن لە مافەكانی ئێمە وەكو پێكهاتەیەكی جیاواز لە رووی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی كوردستان، هەروەها سەرجەم پێكهاتەكانی تر، لە هەمان كاتدا ئێمە وەكو نوێنەری سەرجەم خەڵكی كوردستان داكۆكی و پشتگیری لە ماف و داخوازییەكانی هەر هەموویان دەكەین، بۆیە ئێمە پێمانوایە لە دانی ئەولەویەت بدرێت بە هەندێ لەو یاسایانەی كە پێمانوایە چەندەها ساڵە خەڵكی كوردستان داوای دەكەن، بە تایبەتی یەكەمیان كە یاسای چاكسازیە، كە ئەویش خۆی لە دیاریكردن و تەحدیدكردنی مەسەلەی مووچەیە، هەروەها خانەنشینی، مووچەی كەم ئەندامان و مووچەی بێ سەرپەرشتان و زۆرێك لەو چینە هەژارانەی خەڵكی كوردستان كە چەندەها ساڵ لە ژێر باری هەژارییەوە دەناڵێنن، خاڵی دووەم: كە بە لای ئێمە ئەولەویەتی پێ بدرێت مەسەلەی دەستوورە، ئێمە لە دەورەی دووەمدا كە رەشنووسی یاسای دەستووری هەرێمی كوردستانمان دەركردووە، كە تاوەكو ئێستا جێ بەجێ نەكراوە،

پێمانوایە کە دەبێ لەم خولەدا بە شێوەیکی جدی جارێکی تر لیژنەیەکی نوێ پێک بهێنرێت بۆ باسکردن، بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم مادده و بڕگەکانی دەستوور، ئێمە وەکو گەلی کلدانی سریانی ئاشووری بۆ ئێمە زۆر گرنگە، بۆ مافەکانمان، بۆ داهاتووی نەوەکانمان، کە ئەم دەستوورە بنووسرێت بۆ ئەوەی بزانین مافەکانی ئێمە تا چ ئاستێك پارێزراوە لە هەرێمی کوردستاندا، یاسایەکی تریش ئەوەیە کە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٥)، کە لە پەرلەماندا موناقەشەیەکی زۆری لەسەر کراوە ئەویش پەیوەستە بە پارێزگاریکردنی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتەی ئێمە و پێکهاتەی تورکمانەکان، هەروەها پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکانی تر کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژین، ئێمە وەکو فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی پشتگیری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەین، کە پێمانوایە بە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەشێکی زۆری کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی هەژاری کوردستان چارەسەر دەکرێت، خاڵێکی تر ئێمە وەکو نەتەوەی کلدانی، سریانی، ئاشووری پێمانوایە دەبێت چەندەها یاسای تر هەبێ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە تایبەتی بۆ ناوچەکانی ئێمە کە بەراستی تاوەکو ئێستا خزمەتگوزاریان پێ نەگەیشتووە، خاڵی کۆتاییمان ئەوەیە کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی (٣/اب) لە مانگی رابردوودا، پرۆژە یاسای دیاریکردنی رۆژی (٣/اب) وەکو رۆژی جینۆسایدی خوشك و برا ئێزیدیەکان، ئێمە پێمانوایە وەکو نەتەوەیەك کە بەشدارین لە خۆشی و ناخۆشی لە هەرێمی کوردستان و بەشدارین لەسەرجەم چاڵاکیە سیاسی و زوباکیەکانی هەرێمی کوردستان، پێمانوایە دەبێ نەتەوەی ئێمە و پێکهاتەکانی تریش رۆژێکیان بۆ دیاری بکرێت، بۆ نموونە ئێمە وەکو گەلی کلدانی سریانی ئاشووری لە هاتنی داعش ئێستا من لە دانیشتنەکەشدا باسمکرد ئێمە قوربانیەکی زۆرمانداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ررمیو پڕۆژەکەتان پێشکەشکردووە و لەلای سەرۆکایەتییە، کاك محمد سعدالدین سەرۆکی فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمانی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەم دەرفەتە، بابەتی چاکسازی بۆتە قسە و باسی خەڵك و دروشمی گشت لایەنەکانە، هەروەها خاڵی هاوبەشی حکومەت و پەرلەمان و هێزە سیاسیەکانە، بۆیە ئێمەش وەکو پارتی گەشەپێدانی تورکمان پشتیوانی پرۆژەی چاکسازی دەکەین، ئەمە نەك تەنها بە دەرچوواندنی یاسا دەنگی پێ بدرێت، بەڵکو پێویستە هەمان هەڵوێست و ئیرادەمان هەبێت لە هەنگاوەکانی جێ بەجێکردنی چاکسازی کە ببێتە هۆی باشکردنی بژێوی خەڵك و زامنکردنی مافی فەرمانبەران و پێشخستنی سیستەمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها هاندانی حکومەت، لە هەمان کاتدا هاوکاری کردنی بۆ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە کە بە هۆکاری قەیرانی دارایی و بڕینی موستەحەقاتی دارایی هەرێم لەلایەن

حکومەتی مەرکەزی، ساڵانی رابردوو هەرێم خاوەن بودجەیەکی ساڵانە نەبوو، پشتگیری ئەو داوکاری و پێشنیارانە دەکەین بۆ ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە کۆتاش شێوەی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی جێگیر بکات، کە هەر تاکێکی ئەم نیشتیمانە و هەر پێکهاتەیەك و بە گشتی هەموو خەڵکی کوردستان ماف رۆڵی هەبێت لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان و سەرۆکایەتیەکانیان، هەروەها لەم دەستوورە هەموو مافەکانی نەتەوەیی و سیاسی و ئیداری نەتەوە جیاوازەکان و پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان جێگیر بکرێت، بۆ بەدیهێنانی مەبدەئی پێکەوە ژیان و ئاشتییانە رێکخستنی زانستیانەی کەلتور و زمانی نەتەوە جیا جیاکان ئاماژە بە گرنگی دەرچوواندنی یاسای ئاکادیمیای تورکمانی سریانی دەکەین، کە لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٥)، ئەم مافە بە پێکهاتەکانی تورکمان و کلدنی سریانی ئاشووری دراوە، هەروەها وەکو پێکهاتەی تورکمان داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان دەکەین پاڵپشتیمان بکەن لە دووبارە دەرچوواندنی پڕۆژە بڕیاری بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان، کە ئومێد دەکەین پێش (١٧/ تشرینی دووەم) ئەم پڕۆژە بڕیارە دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە رۆژێکی نەتەوەیـیە، یادی دامەزراندنی قوتابخانە تورکمانیەکانە، لە کۆتاییدا ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمان پاڵپشتی هەنگاوەکانی کابینەی نوێ دەکەین لە رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی و ناوخۆیی هەرێم بەردەوام دەبین، لە پشتگیری کردنی هەر پڕۆژە و هەڵویستێکی نیشتیمانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم پێشخستنی پڕۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ هیچ پێشەکیەك بدەم لەبەر ئەوە هەڤاڵانم باسیان کرد، ئەمەوێ بێمە سەر ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و کاریگەریان هەیە لەسەر باشتر کردنی گوزەرانی خەڵك، یان ئەو یاسایانەی کەمووکوریان هەیە و پێویستیان بە هەموار کردنەوە هەیە، یەکەم، بە رای من یاسای چاکسازی کە رەهەندێکی نیشتیمانی هەیە کە پەیوەندی بەوە هەیە داهاتی گشتی زیاد دەکات، ئەتوانرێ بەردەوامی مووچە و زیاتر گەشەی ئابووری لێ بکەوێتەوە، بەڵام بە مەرجێ بێ کە رەهەندی نیشتیمانی هەیە و ئەبێ بە سازانی هەموو لایەك بێ، بۆ ئەوەی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی لێ نەکوێتەوە، کۆمەڵێ شت هەیە لە یاسای چاکسازی هەیە لەوانەیە ببێتە مایەی غەدر کردن لە هەندێ توێژ و بە پێچەوانەشەوە، بۆیە زیاتر ئەبێ ورد بێ، پێم باشە ئەو یاسایە دەقیقتر بێ، ئەوەی دووەم پەیوەندی بە رێکخستنی ژیانی خەڵك و دابەش کردنی داهاتی وڵاتە لە یاسای بودجەدا دێت، یاسای بودجە لە دوو حاڵەت دێ، یەکیان رێکەوتن لەگەڵ

حکومەتی مەرکەزی، یەکیان پشت بەستن بەو داهاتەکانی ناوخۆ، ئەوەش لە مانگی (١٠) زیاتر دەرئەکەوێ کە بودجەی عێراق ئەخەملێنرێ، پێش ئەوکاتە رێکەوتنێك بکرێ زیاتر بەرچاو روون ئەبین، بۆ ئەوە پشتگیری لەوە ئەکەم یاسای بودجە لەو ساڵ بتوانین بۆ ئەوەی ئەو داهاتەی هەیە بە تەواوی چین و توێژەکان و دادپەروەری تێدابێ لە دابەش کردن، سێیەم، یاسای هەمواری وەبەرهێنان کە خۆی یاساکە لە (٢٥) مادده پێکهاتووە، ئەو یاسایە وای کردووە زەوییەکی زۆر بە هەدەر بدرێ، یاسایەکە کون و کەلەبەری زۆرە، بۆتە مایەی نارەزایەتی خەڵك، یان بە شێوەیەکی زۆرتر لە ژێر سێبەری ئەو یاسایە گەندەڵی زۆر کراوە، بۆیە پێم باشە ئەو یاسای وەبەرهێنانە بە زوترین کات هەموار بکرێتەوە، دوای هەمواری یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ پشتگیری لێ ئەکەم، یاسای وەزارەتی پەروەردە کە سیستەمی سویدیمان تەبەنی کردووە پێشتر ئەو یاسایە جێ کەوتەی نەبووە وەکو پێویست، بۆتە مایەی گرفتی زۆری هەم قوتابیان و هەمو دایك و باوکی قوتابی و فێرکاران ئەوە پێویستی بە هەموار کردنەوەیە، ئەگەرنا بە راسپاردە بێ یان بە هەر شێوەیەك بێ چارەسەر بکرێ، ئەو سیستەمەکە بە رای من پێویستی بەوەیە بە قۆناغ جێ بەجێ بکرێ، هەتا کادیری شارەزاشی بۆ بگیرێ، دەرکردنی راسپاردەیەك نەك یاسا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ یەکەی پاسەوانی کە سەرووی (٦٠) هەزار کەسی تێدایە ئەوە رێك بخرێتەوە کە بارگرانی زۆری لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و بارگرانیەکە کەمتر ئەکرێتەوە و هەموو لایەکیش تێیدا بەشدارە، نامەوێ بچمە سەر وردەکارییەکان، حەوتەم، دەرکردنی بریارێك نەك یاسا بۆ پابەند کردنی حکومەت و دڵنیا کردنی فەرمانبەران لە گەرانەوەی پاشەکەوتی مووچە، ئەو پاشەکەوتی مووچەیە بۆ ئەوەی دڵنیایان بکەین بە شێوەیەك لە شێوەکان بریارێك دەربکەین ئەگەر بە راسپاردەش حکومەت بتوانێ جێ بەجێ بکات باشە، هەشتەم، رێکخستنەوە و کۆنترۆڵ کردنی بازاری ئازاد، بازاری ئازاد نا عەدالەتی زۆری تێدا بووە هەموو ئەو کەلوپەلانەی ناشیاون و رۆژانە مافی هاوڵاتیانی پێشێل ئەکەن لە بازاری ئازادەوە سەرچاوە ئەگرێ، ئەو بازارە رێك بخرێتەوە بکەینە بازارێکی موختەلەت یان بتوانێ عەدالەتی تێدابێ، لەبەر ئەوەی قۆرغکراوە، ئەوەی نۆیەم دیاردەیەکی زۆر خراپە مەسەلەی ماددەی هۆشبەرە هاتۆتە زۆربەی ماڵان و بۆتە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و لە چاکسازیش نەیانتوانیوە، هەر ئەو کەسەی بەریدەدەن.......

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، فەرموو کاك ئازاد سەرۆکی فراکسیۆنی میللەت.

**بەڕێز ئازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە فراکسیۆنی میللەت ئەولەویاتمان لە خولی پایزەی یاسادانان بەو شێوەیە:

١ دەستکردن بە ئامادە کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان زەمانەتی مافی پێکهاتەکان بکرێ لە دەستور.
٢- بودجەی هەرێمی کوردستان بێتە پەرلەمان و پەسند بکرێ، رێژەیەکیش لە بودجە بۆ چالاکی و فەرهەنگی کەلتووری پێکهاتەکان تەرخان بکرێ.
٣- کار بکرێ لەسەر تەنەوعی سەرچاوەکانی داهات و بە تایبەتی پەرە بدرێ بە کەرتی کشتوکاڵ و گەشت و گوزار و پیشەسازی و کەرتی تایبەت.
٤- پێداچوونەوە بە سیستەمی یاساکانی پەروەردە و رۆشنبیری و وەزرش، بە جۆرێك هەرێمی کوردستان بکرێ بە خاوەنی سیستەمێکی پێشکەوتووی خۆماڵی کە گونجاو بێ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم، رەچاوی باردوخی هەرێمی کوردستان بکات گرنگی بدرێ بە پەروەردە و رۆشنبیری و پێکهاتەکان.
٥- گرنگی بدرێ بە دابین کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری و سەرەکییەکانی ئاو و رێگاوبان و تەندروستی.
٦- پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە.
٧- یاسای پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسند بکرێ.
٨- پرۆژە یاسای چاکسازی پەسند بکرێ.
٩- یاسای ئەنجومەنی پارێزگای پارێزگاکان هەموار بکرێتەوە و بە مەرجێ لامەرکەزیەتی ئیداری فراوان بکرێ.
١٠- پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە سایەی بنەمای دەستوری عێراقی رێك بخرێتەوە، مافەکانی گەلی کوردستان لە بودجەی عێراق دەستەبەر بکرێ.
١١- پێداچوونەوە بکرێ بە یاساکانی تایبەت بە کەرتی تەندروستی، هەر لە بیمەی تەندروستی و مافەکانی نەخۆش تا دوایی.
١٢- بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆگرامی حکومەت پەرلەمان هاوکار و چاودێر بێ.
١٣- پرۆژە یاسای تایبەتەکانی پێکهاتەکان گرنگی زیاتری پێ بدرێ لەلایەن پەرلەمان.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرید سەرۆکی فراکسیۆنی رافیدەین.

**بەڕێز فرید یعقوب الیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، لەسەرەتا پیرۆزبایی ئەکەم بە بۆنەی دەستپێ کردنی وەرزی یاسایی دووەم، هیوادارم ئەو وەرزە ببێتە مایەی بەدەستهێنانی دۆسیەکانی گرنگ کە شەقام چاوەروانی ئەکرد و متمانە هەبی بۆ چارەسەر کردنی بە شێوەیەکی رێژەیی گرنگترین یاسا یاسای چاکسازی کە لایەنی گرنگە لە کاری پەرلەمان و پاشکەوتەی مووچەی فەرمانبەران و دابین کردنی مافی

ڕەواکان لە یاسادانان کە ژیانێکی ئاسوودەی بۆ هاوڵاتیان دابین ئەکەین، بە تایبەتی پەروەردە کە پێویستە بە دووبارە کردنی گشتی هەیە لە سیستەمی کە زوو گۆڕانەکە لە پرۆگرامی دەبیت، هەروەها یاسادان تایبەت بە تەندروستی و کارەبا و چەندین شت، خزمەتی هاووڵاتی ئەکەین، ئێمەش وەکو پێکهاتەی کلدان و سریانی و ئاشووری ڕەسەن داواکارین لە پەرلەمان ئێستا کار بکات بۆ زامن کردنی مافەکانمان، کار کردنی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان، کەمەنەتەوەکان هەرەشەیە بۆ نەمان لە کوردستان، بۆ ڕاوەستان لە ئاوارەبوونی گەلەکەمان گرنگترین شت پێکەوە ژیانە، داوا ئەکەین ئەو پێکەوە ژیانە بە فیعلی جێ بەجێ بکرێ بە چارەسەرکردنی کێشەکانمان و بەشداربوونی حەقیقی لە هەرسێ دەسەڵاتی هەرێم لە یاسادان و جێ بەجێ کردنی و ناوخۆی، پاراستن لە نوێنەرانی کردنی گەلەکەمان لە پەرلەمانی لە ڕێگەی کار کردنی یاسای هەڵبژاردنی بگەڕێنەوە بۆ یاسای (١٩٩٢) و دانانی تۆماری تایبەت بۆ گەلەکەمان هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی بە خۆی، داوای لە حکومەت بکرێ دابین کردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ گوند بە تایبەتی ناوچەی (نەهلە) بە بێ خزمەتگوزارییە، لە کۆتایی کارکردنی بۆ چارەسەر کردنی باری ئاسایشی خزمەتگوزاری بۆ گوندەکەمان کە چەندین ساڵ چۆڵ کراوە، و گوندەکانی هەرێم بە گشتی کە بەردەوامی تووشی بۆردومان و هەرەشە لەلای تورکیا دەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هیمداد سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان پێمان وایە ئەو وەرزە نوێیەی خولی یاسادانانی کە خولی پێنجەمی پایزەیە کار لەسەر ئەو بەرنامە پرۆژە یاسایانە بکرێت و کە ئەمانەن؟

١-بە پێویست دەزانین کە ئەم وەرزەی یاسادانانی پەرلەمان ببێتە ناوەندێکی مەرکەزێکی گرنگ بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی هاوڵاتیان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانیان هەر لە دەرکردنی یاسای نوێ و چاودێری کردنیش، بە پێویست دەزانین کە پرۆژەکانی یاسایی چاکسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان سەر بکەوێت، چونکە حکومەتی هەرێم بۆ ئەم پرۆژەیە یاسایە دەبێتە کۆڵەگەیەکی سەرەکی سەرکەوتنی یاسا پێویستە لەم وەرزەدا داواکاری و مافەکانی پێك هاتەکان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی باشتر کاری لەسەر بکرێت.

پێنجەم: داواکاری لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکان دەکەین کە یارمەتی ئێمە بدەن بۆ ئەوەی کە ڕۆژێکی نەتەوەیی تەرخان بکرێ، وەك ڕۆژێکی نەتەوەیی تورکمان.

شەشەم: ئومێدەوارین لەم وەرزەی یاسادانان برایەتی و تەبایی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەییەکان زیاترو قوولتر ببێتەوە ئەوەش لە پێناوی بەرژەوەندی گشتییە.
حەوتەم: ئێمە وەك فراكسیۆنی بەرەی توركمانی پاڵپشتی هەموو ئەو هەنگاوانە دەبین كە خزمەت بە چاكسازی و گوزەرانی خەڵك دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كلارا عودیشو یعقوب سەرۆكی ئەنجومەنی گەلی كلدان و سریان و ئاشور فەرموو.

**بەڕێز كلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان هەڤالانی هێژا دەسپێكی سالانی هەمی خوشك و برایانی موسولمان پەرلەمانی كوردستان پیرۆزكەم، بەردەوام دێ كار كەین بۆ ئاڤاكردنا كوردستانێكی بەهێز مافی پێكهاتەكان تێدا پارێزراوبن، پێكەوە ژیانی گیانێ لێبوردن تێدا بەهێز بیتن، خزمەتكردنا هەمی خەلكی كوردستان لەسەر بنیاتێ داد پەروەری و یەكسانی مافی مرۆڤ بۆ پاڵ پشتی و هەماهەنگی لە گەڵ حكومەتا هەرێمی كوردستانێ بۆ جێبەجێكردنا كارنامە حكومەتێ، بە تایبەتی ئەنجامدانا چاك سازیان بەرنامەی حكومەتا هەرێمێ كوردستانێ گرنگیەكا تایبەت دایە پاراستنا ماف و تایبەتمەندیێ هەمی پێك هاتیا بێ جیاوازی لێ ئەم وەك نوێنەری گەلی كلدانی سریانی ئاشوری دێ هەولدەین ماف و رەوشە وان باشترو خۆشتر بێ چەندین كار و پێنگاڤان یەكەمین تشت یاسای ژمارە (٥) سالێ (٢٠١٥) یاسای پاراستنا مافێ پێكهاتەیێن كوردستانی گرنگیا خۆیا هەی دێ كار كن سەر هەموار كردنا سەر هەندەك ماددەی نوێ دانانا ئالیەتێن جێبەجێكردنا هەروەها دەست نیشان كردنا ئالیاتێ سزادانێ دەمێ نەهێتە جێبەجێكردن.
٢-هەر هەموارەك ل ماددەی دەستوریدا یاسای هەڵبژاردن یان یاسایا پەرلەمانی پێتڤیا خویا زامن بیت بو تەمسیلێ وان یا راستەقینە بیتن.
٣- دانانی میكانیزمێكی هەماهەنگی لە گەڵ حكومەتی بۆ دەست نیشانكردنا پلانی دامەزراندنێ بۆ گەلی كلدانی و سریانی و ئاشوری گرەنتی كردنا دامەزراندنا وان.
٤-دانانی میكانیزمێك لەگەڵ حكومەتی هەرێمی بۆ چارەسەركردنا بابەتێ زیادەكردنی سەر عەردێ گەلێ مە ئەوی هاتیە كرن بەرینوكە هەنووكە پرۆژە یاسایەك بهێتە دانان و بۆ پاراستنا عەردێ گەلێ رەسەنێ كوردستانێ زێدە كردیان هەمی جۆراندا.
٥-هەمواركردنا هەندەك ماددەی یاسایی كاروباری مەدەنی عێراقی ئەوەی ناگونجێ لەگەڵ بەڵگە نامەو پێوەرێ نێو دەوڵەتیەن مافی مرۆڤ و هەر وەها ناگونجێ لەگەڵ ژینگەها كوردستانێ و یا هەمە جۆر لێرە تایبەتی بەحسی ئیسلامی قاصر دكەم بەركار كرن بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقێ ژمارە (٨٦) یا تەعویزكردنا پلانی دامەزراندنی بۆ گەلێ مە كوردستانێ دەستور پاراستنا مافێ خەلكی كوردستانێ دەكات و پاراستنا تایبەتمەندی پێكهاتە دەكات دێ كار كەین بۆ ناجح

كردنا مادده(٣٥) به دەستوورێ هەرێمێ دا هەرووەها نابێ گەلێ كلدانی و سریانی و ئاشوری دەستوری دا بەر قەراری هەبی و هەمو یاسا دێت دەری خستن، چونكه ئەم یەك نەتەوەینه.

٨-بەرەو پێش بردنی دانانی سیستەمی پەیرەوی پەروەردەش زانستی مێژویی، بەشێوەیەك بیتن پێكەوه ژیان، ژیانی گیانی لێ بوردنی كوردستان بەهێزو بەردەوامی بكات، دوماهەیك خال له رۆژی (٦-٨-٢٠١٤) گەلێ مه له دەشتا نەینەوا توشی درەندەترین كرداری تیرۆرستی بویه ل سەر دەستی داعش هاته كوشتن و رفاندن له گەڵ خوشك و برایه مەش بیتن سەرەڕای ئازاد كردنا دەڤەرێ مەش لای هێزێ پێشمەرگەی قارەمان لێ حەتا نوكه ئیستا زۆر كچ و كوری مه بێ چاره نوسن له دەستی داعش دانه، ئەوەی بەسەر ملەتی مه هات به دەستی داعش دان پێ دانه هاتیه كرن جینۆ سایدی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ لێ نەتەوه یەگرتوەكان و مافی مرۆڤ بۆ پاراستنی كەرامەتی مرۆڤی نه به ژمارە، بەڵكو پێوەرو بەڵگە نامەی نێو دەوڵەتیە پێتڤیه پەرلەمانی كوردستان رۆژەكا تایبەت بێته دەستنیشانكرد جینۆ سايد گەلێ مه هەروەكی بۆ برای مه ئێزیدی زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز فاهیك كمال صوغومون سەرۆكی فراكسیۆنی ئەرمەن.

**بەرێز فاهیك كمال صوغومون:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی له دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین، هەروەها دەست خۆشی هەموو ئەندامانی بەرێز دەكەین به هۆی هەماهەنگیا ناڤبەرا دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەندامانی بەرێز، ئومێدەوارم وەرزی نوێی یاسادانان ئەو هەماهەنگیه بەردەوام بێتن به نسبەتی ئەولەویەتی یاساو تەشریعی وەرزی نوێی و یاساداناں.

١-ئەم وەك هەموو خەڵكی كوردستان داخوازی مه یاسا چاك سازی له پەرلەمانێ دا بێته جێبه جێ كردن.

٢-هەوڵدان بۆ پەسەند كردنا دەستوری هەرێمی كوردستان دەستور بێته پەسەند كردن وه هەمی یاسا دیف پەروەردەی بێته جێبەجێ كردن.

٣-یاسا بودجه بێته پەرلەمانێ و بێته پەسەندكردن.

٤-یاسایەك هەبێت بۆ رێگە پێدان ژینگەها كوردستانێ پێش هەمی لایاندا

٥-ئەم پێشنیار دەكەین بۆ هەوڵ بێته دان بۆ نەخشه رێكەكی

بواری دەرفەتێ كاری بهێنه پەیدان كرن بۆ گەنجێن دەرچوێن هەرێمی كوردستان زۆر سوپاس دەستان خۆشبێت.

**بەڕێز د.ریێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان فراکسیۆنە بەڕێزەکان داواتـان لـێ ئەکەیـن نـاوی ئەو پرۆژە یاساییانەی کە بەلاتانەوە گرنگ و لەم دانیشتنە خستتانە روو بە بێ شەرح بە بێ تەفصیل بۆمـان بنێـرن، دەسـتەی سـەرۆکایەتی بڕیـاری داوە ئەو پـرۆژانەی کە خـاڵی هـاوبەش نێـوان فراکسیۆنەکانە دەیکاتە بەرنامەی کاری ئەم وەرزەی یاسادانانە، بەڵام داوا دەکەین بە نووسراو لە کـاتێکی زۆر کەم، یەعنـی نەگـاتە کۆتـایی هەفـتە بۆمـان بنێـرن و ئـێمە هاوبەشـەکان پـرۆژە هاوبەشەکانی نێوان فراکسیۆنەکان دیاری دەکەین و لە سایتی پەرلەمـانیش رای دەگەیەنـین کە پـرۆژە هاوبەشـەکان چـین، زۆر سـوپاس بەڕێـزان بەو شـێوەیە دانیشـتنەکەمان هەڵـدەگرین تـا کاتێکی تر خواتان لەگەڵ.

| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ریێواز فایق حسن** |
| --- | --- | --- |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی
شەممە رێكەوتی ٢٠١٩\٩\٢٥
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فایق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم\ لە ماددەی ( ١٨) بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەر ۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خول، ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان (ریفراندۆم) کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجام درا.

دووەم/ خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکان ٨٧ و ٨٨ و ٨٩ و ٢٥ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی وەرزی پاییزەی ساڵی یەکەم، لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە کارنامەی ئەم دانیشتنە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، ناوی ئامادەنەبووانی کۆبوونەوەی لیژنەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منى نبى قهوچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم\ لە ماددەی (١٨) بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەر ۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خول، ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی

پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١١) ی پێشـنیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٩/٢٥ بەم شـێوەیە بێت:

یەکەم/وتەی بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بە بـۆنەی سـاڵیادی دووەمـی پرسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان (ریفرانـدۆم) کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـەرجەم نـاوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجام درا.

دووەم/ خوێندنەوەی دووەمی هەمـواری یەکەمـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکان (٨٧ و ٨٨ و ٨٩ و ٢٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پوختەی دانیشتنی ژمـارە (١)ی ئاسـایی ڕۆژی سـێ شـەممە، ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٩/١٧ بەم شـێوەیەی خوارەوە بوو:

١/ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢/خوێنـدنەوەی بەرنـامەی کـار و پـوختەی دانیشـتن و بەنـاوی ئامـادەبوون و ئامـادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣/ دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤/خستنەڕووی ڕاپۆرتێك سەبارەت بە سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەشداری کـردن لە کـۆنگرەی پەرلەمانەکـانی ئاسـیا، شـێوازی ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی لیـژنە هەمیشـەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

٥/خوێنـدنەوەی یەکەمـی پێشـنیاز و یاسـا و هەمـواری یەکەمـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان.

٦/خسـتنەڕووی بیـرۆکەی ئەنـدام پەرلەمـان (هیڤیـدار احمـد سـلمان) سـەبارەت بە ژمـارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

٧/کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشـتنی ژمـارە (١)ی ئاسایی خولی پاییزە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٧.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەموویان مۆڵەت پێدراون.

١/بژار خالد عبدالله ٢/بهجت علی ابراهیم، ٣/جهاد حسن ابـراهیم، ٤/زیـاد جبـار محمـد، ٥/سـۆران عمر سعید، ٦/شێرکۆ جودت مصطفی، ٧/محمد سعدالدین انور، ٨/مسلم عبدالله رسـول، ٩/نجـات شعبان عبدالله، ١٠/نزار مەلا عبدالغفار

نـاوی ئەو ئەنـدام پەرلەمانـانەی کە بەبـێ مـۆڵەت یـان بە مـۆڵەت لە کۆبـوونەوەی لیـژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون:

١/ناوی لیژنە/دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١ .

ئەندام/روبینە اویملك عزیز/مۆڵەت.

٢/ناوی لیژنە/ لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە ٢٠١٩/٩/٢.

بەڕێزان (محسن حسين، فيصل عباس عولا، روپاك احمد رحمان، سعيد مصطفى تەتەرخان) مۆڵەتیان پێدراوە تەنها (سعيد مصطفى) ئامادەنەبوو.

٣/ناوی لیژنە/لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ لە ٢٠١٩/٩/٣ ئەوەی مۆڵەت پێدراوە ( بدريه اسماعيل محمود، شادی نوزاد)، ئامادەنەبوو (احسان محمد سليم).

٤/ناوی لیژنە/لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠١٩/٩/٣ (محمد سعدالدين، على حمصالح/سۆران عمر سعيد)مۆڵەت پێدراون.

٥/ناوی لیژنە/لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ٢٠١٩/٩/٨ کلارا عوديشو يعقوب/مۆڵەت.

٦/ناوی لیژنە/لیژنەی شەهیدان و قوربانیانی جینوساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠١٩/٩/١٠ (سەروان محمد على) ئامادەنەبوو، هەورامان حمەشريف/مۆڵەت.

٧/ناوی لیژنە/لیژنەی شەهید و قوربانیانی جینوساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠١٩/٩/١١ بهمن کاك عبدالله احمد/ئامادەنەبوو، سەروان محمد على/ئامادەنەبوو، هەورامان حمەشريف/ ئامادەنەبوو.

٨/ناوی لیژنە/لیژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە ٢٠١٩/٩/١١ شێرکۆ جودت مصطفى/ مۆڵەت، سۆران عمر سعيد/مۆڵەت، پێشەوا طاهر مصطفى/ مۆڵەت.

٩/لیژنەی کاروباری کۆمەڵا یەتی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لەمافی مرۆڤ لە ٢٠١٩/٩/١٦ احسان محمد سليم/ ئامادەنەبوو.

١٠/لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستان لە ٢٠١٩/٩/١٩ ئاشنا عبدالله قادر/مۆڵەت، حمەشريف/ئامادەنەبوو، عبدالستار مجيد قادر/ئامادەنەبوو، سەلمی فاتيح تۆفيق/ئامادەنەبوو.

١١/لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکار بەر لە ٢٠١٩/٩/٢٣ مسلم عبدالله رسول/ ئامادەنەبوو، لوقمان محمد حاجى/ مۆڵەت.

١٢/لێژنەی وزە و سامانەسروشتییەکان و بارزگانی لە ٢٠١٩/٩/٢٤ شێرکۆ جودت مصطفى/مۆڵەت، سۆران عمر سعيد/مۆڵەت.

١٣/لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە ٢٠١٩/٩/٢٤ جلال محمد عبدالله/مۆڵەت، روپاك احمد رحمان/مۆڵەت، مسلم عبدالله رسول/مۆڵەت، ئازاد اكرم بەهرەم/مۆڵەت، سعيد مصطفى تەتەرخان/ئامادەنەبوو.

١٤/لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان ٢٠١٩/٩/٢٤ نزار ملا عبدالغار/مۆڵەت، بەهجەت على ابراهيم/مۆڵەت، کلارا عوديشو يعقوب/مۆڵەت.

١٥/لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت دوا کۆبوونەوەی ٢٠١٩/٩/٢٤ سلمی فاتيح تۆفيق و صباح بلال/ مۆڵەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستاش دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان دەکەین.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کوردستانیانی ئازیز، ئەمرۆ دوو ساڵی تەواو بەسەر ئەنجمدانی پرۆسەی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی تێ دەپەڕێت، پرۆسەیەك کە لە هەلومەرجێکی بابەتی تایبەت و دوای شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و لە دۆخێکی ڕاگوزەری هەرێم و عیراق و ناوچەکە دا ئەنجام دراو بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم ئاسان نەبوو کە پشتیوانی بەرەیەکی تۆکمە لە ئاستی هەرێمی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پیادەکردنی ئەم ئیستحقاقەی گەلەکەمان وەدەست بهێنن، ڕەنگە هەڵسەنگاندنیش بۆ هەندێ فاکتەر و ئاماژەی سەرکەوتن و قبوڵ کردنی ئەنجامەکان و کارپێکردنیان لە ئاستی خواستی ئێمەدا نەبووبێ، بۆیە لە قۆناغێك دا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەندێ لە دۆستەکانی میللەتەکەمان لە کاتی یەکلاکەرەوەدا پشتیان لێ کردین و لەبەردەم لێشاوی کاردانەوە ناوخۆیی و ئیقلیمیەکان دا بە تەنیا بەجێیان هێشتین، نوێنەرانی ئازیزی گەلی کوردستان، ئەو کات و ئێستاش بۆچوونمان وایە کە مافی چارەی خۆنووسین، مافێکی سروشتی و ئەزەلی هەر گەلێکە و بەجۆرێك وابەستەی ئیستحقاقاتی گەلان کراوە کەلە پرەنسیپێکی نێودەوڵەتییەوە بۆ مافێکی بنەڕەتی گۆڕاوە و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی و مافە سیاسی و مەدەنییەکان و مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان وەك مافێك لە مافەکانی گەلان بۆ گوزارشت لەخۆکردن ناساندوویانە و ڕاپرسیش یەکێکە لە ئامرازە سەرەکیەکان بۆ ئەو گوزارشت لەخۆکردنەی گەلان، هاوکات ئەو دروشمە بنەڕەتیەشە کە هێزە تێکۆشەرەکانی کوردستان چەندین دەیەیە لە پێناوی دا تێ دەکۆشن و بەهەزاران گەنجی خوێن گەرمی کوردستانی لە پێناو گەیشتنی گەلی ئێمە بە ئامانجەکانی سەبارەت بە بڕیاردان لەچارەنووسی خۆ بۆ سەربەخۆیی بەسەخاوەتەوە گیانیان بەخشی، بۆیە پەرلەمانی کوردستان کە چەتری کۆکەرەوەی گشت جیاوازیەکانە لە ٢٠١٧/٩/١٥ بەر مەبنای باوەڕی تەواوی بەو مافەی گەلەکەمان و گەلان دوای بێ ئومێد بوون لە جێ بەجێ کردنی دەیان ماددەی دەستووری عیراقی فیدراڵ و بنەماکانی هاوسەنگی و شەراکەت و سازانی نیشتمانی و وەك تەواوکاری بۆ بڕیاری مێژوویی بەفیدراڵی کردنی هەرێمی کوردستان بە ڕاسپاردەیەکی ئەرێنی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ڕاپرسی ڕاگەیاند، بەڵام بە گشتی و پێشتر و پاش ئەنجامدانی ڕاپرسیش جەخت کردنەوە لەسەر دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بژاردەیەکی پەسەندکراوی گەلەکەمان و پەرلەمانی کوردستانیش بووە و دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم بەغدایان بە قوڵایی ستراتیجی زانیوە و دەزانن، ئێستاش وێڕای ڕووداوە نەخوازراوەکان گەلی کوردستان خوازیاری چارەسەری سەرجەم گرفتەکانییەتی بەرمەبنای دەستووری عیراقی فیدراڵ کە هەموو دەنگمان پێیداوە، بۆ ئەوەی چیتر پێشێلکاری دەستووری بەرامبەر ماف و شایستە سیاسی و داراییەکانی هەرێمەکەمان نەکرێت بۆ ئەمەش ئێستا لەهەر کات زیاتر گەلەکەمان و هەرێمەکەمان پێویستی بە تەبایی و گیانی پێکەوە کارکردنە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیاتەکان، بە تایبەتی لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەی ناوچەکەی پێدا دەگوزەرێ، لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم هەرچەندە لێ کەوتەکانی ڕاپرسی

لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و گەمارۆدانی کوردستان کەم نەبوون و تا ئێستاش کاردانەوەکان لە شێوازی هەوڵی خاڵی کردنەوەی دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێم لەو دەسەڵاتانەی کە دەستووری گەل پەسەند و یاسا بەرکارەکان پێی بەخشیون بەردەوامن، بەڵام دواجار بژاردەی گەلان بە ئێمەشەوە لەبڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان بەو ئامرازەی کە خۆیان هەڵی دەبژێرن مافێکی سروشتیە و پیادەکردنیشی پێچەوانەی دەستوور و ڕێساکانی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان نییە، خوای گەورە هەرێمەکەمان پارێزراو و گەلەکەمان ئاسوودە بکات، دامەزراوەکانیشمان ڕاوەستاو بکات بۆ خزمەتی میللەتەکەمان، زۆر سوپاس.

بەڕێزان برگەی دووەمی بەرنامەی کار بریتیە لە خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩)، (١٢٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڵێ کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی کردن لە پەیامەکەی جەنابتان کە پەیامی پەرلەمانی کوردستان بوو، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە باس لە ڕۆژی نیشتیمانی بکرابا لەناو پەیامەکەی بەڕێزتان، ئێستا لەڕووی واقعییەوە ڕۆژی ٢٥/ایلول بۆتە ڕۆژێکی میللی و وەك ڕۆژی نیشتیمانی، دووساڵە گەلانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکان دەکەنەوە، بڕیاری ریفراندۆم لەو پەرلەمانە بەڕێزە پەسەند کرا و ئێستاش ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە ئەو ڕۆژە بە یاساییش بکرێ لەڕووی واقعی و میللیەوە بەڵێ ڕۆژی میللی یان ڕۆژی نیشتیمانی گەلانی کوردستانە، لەڕووی یاساییشەوە پەرلەمانی کوردستان ئەو هەنگاوە بگرێتەبەر کە ئەم ڕۆژە بەڕۆژی نیشتیمانی گەلانی کوردستان دیاری بکرێت، بمبوورە لەوانەیە پێم بڵێی دەبێ ڕێکارەکانی پەیڕەوی بگیرێتەبەر و پرۆژەی بۆ پێشکەش بکرێ، بەڵام دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئەو پەرچە کردارانەی کە بوون دەیان پێشێلکاری دەستووری و یاسایی کران کە تا ئێستاش بەردەوامن، ئێمە دەکرێ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لەم ڕۆژە مێژووییە هەنگاوێکی خێرا بگرینەبەر کە ڕۆژی ٢٥/ایلول ببێتە ڕۆژی نیشتمانی گەلانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد من دەسەڵاتی ئەوەم نییە ئەم ڕۆژە ئیعلان بکەم وەك ڕۆژی نیشتیمانی بۆ خۆتان دەزانن، ئەگەر بەڕێزان خواستیانە ئەم ڕۆژە بکرێ بە ڕۆژێکی نیشتیمانی هیچ شتێك ڕێگر نییە لەوەی کە پرۆژە بڕیارێك بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکەن، ئێمەش بە ڕێکاری پەیڕەوی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وێڕای دەستخۆشی لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر پیرۆزە لە مێژووی گەلەکەمان، بەبۆچوونی من دەبووایە لە بەرنامەی کار سروودی (ئەی ڕەقیب) دابنرایە، بۆیە ئەمن من دەڵێم (ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە، زیندووە و قەد نانەوێ ئاڵاکەمان، ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین سەیری کەن ڕابردوومان، سەیری کەن خوێناویە ڕابردوومان .... )، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار دەست پێ دەکەین، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆ بکەین، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بفەرموون بە دەست پێ کردنی خوێندنەوەی پێشنیازی هەموارەکە دەست پێ بکەن فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

ماددەی یەکەم/ پێناسەی پڕۆژە یاسا و بڕیار لە ماددەی یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١/پڕۆژەی یاسا و بڕیار ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن یان دەسەڵاتی دادوەری یان دامەزراوە فەرمیەکان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان بە مەبەستی دەرچوواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن.

٢/پێناسەی پێشنیازی یاسا و بڕیار بۆ ماددەی یەك زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەو پێشنیاز و یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دە ئەندام پەرلەمان بە مەبەستی دەرچواندن پێشکەش دەکرێن.

ماددەی دووەم/ ماددەی پێنج/ یەکەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دانیشتن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی یاسایی دەبێت و یاسا و بڕیارەکان بە زۆرینەی ئەمادەبووان پەسەند دەکرێن، جگە لەو یاسا و بڕیارانەی کە پێویستیان بە زۆرینەی تایبەت هەیە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان دا ئەو لایەی دەنگی سەرۆکی لەگەڵ دایە بە زۆرینە هەژمار دەکرێت.

ماددەی سێیەم/ ماددەی چواردەهەم/ بڕگەی حەوتەم لادەبرێت.

ماددەی چوارەم/ وشەی سەرۆکایەتی بۆ وشەی دەستە لە ماددەی (١٩) پێنجەم دا زیاد دەکرێت.

ماددەی پێنجەم/ یەك/ دیباجەی ماددەی (٢٠) هەموار دە کرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١/ دەسەڵاتەکانی سکرتێری پەرلەمان.
٢/ وشەی سەرۆکایەتی بۆ وشەی دەستە لە بڕگەی (١٠) ی ماددەی (٢٠) زیاد دەکرێت.
ماددەی شەشەم/ بڕگەی (٧) لە ماددەی (٢٤) دەبێتە بڕگەی یەکەمی ماددەکە و ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەك خۆی بەدوایدا دێن.
ماددەی حەوتەم/ خاڵی دوو/ بڕگەی (٢) ماددەی (٢٥) هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
دەبێت سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەمان دا داواکاریەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی لە هەموو بارێك دا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنی دەست لە کارکێشانەوەکە بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلابکرێتەوە.
ماددەی هەشتەم/ یەك/ ماددەی (٢٩) سێیەم هەموار دەکرێتەوە، لیژنەکە دەکرێتە دوو لیژنە و بەم شێوەیە:
لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێییەکان.
٢/ ماددەی (٢٩) خاڵی (١١) یازدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنە و بەم شێوەیە:
لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.
٣/ ماددەی (٢٩) خاڵی (١٣) سێزدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنە و بەم شێوەیە:
لیژنەی دەستپاکی و لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.
٤/ ماددەی (٢٩) خاڵی (١٥) پازدەهەم هەموار دەکرێتەوە دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە:
لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت.
ماددەی نۆیەم/ ماددەی (٤٢) دووەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندنرێتەوە:
وەزیری پەیوەندار ئارەزوومەندانە یان لەسەر داوای لیژنە لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ئامادە دەبێ و کاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەکرێت کە پەیوەندارە بە وەزارەتەکەی، دەتوانێ ستافی وەزارەتەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ کۆبوونەوە، هەروەها تێڕوانینەکانیشیان لەسەر بڕیاری لیژنە لە راپۆرت جێگیر دەکرێت بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.
ماددەی دەیەم/ ماددەی ٤٤ بڕگەی /٣ خاڵی دووەم هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاسا و لە کاتی دیاری کراو دا ئامادەنەبوو ئەوا لیژنەی کاتی دەتوانێ لەرێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی داواکراو بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.
ماددەی یازدەهەم/ ماددەی ٤٩ /یەکەم ٢/ج وشەی نووسراو دەکرێتە دەستەواژەی بیرۆکە نووسراوەکە.
ماددەی دوازدەهەم/ ماددەی٥٣/ دووەم/ ٢ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئامادەی دانیشتنی کراوە دەبن لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە دیاری دەکرێت.

ماددەی سیازدەهەم/ ماددەی (٧٦) لادەبرێت.
ماددەی چواردەهەم/ ماددەی (٧٩) هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
یەکەم/ پێشنیازی یاسا و بڕیار پێویستە مەرجی رواڵەتـی و بابەتیەکـانی پێشـنیازە یاسـا و بڕیـار لەخۆ بگرێت.
دووەم/ لە ماوەی (١٤) رۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنیەوە لەلایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار دەدرێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت یـان رەد دەکرێتەوە لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەم پێوەرانەی خوارەوە:
١/ هەبوونی بابەتی گشتی یان بۆشاییەکی یاسایی یان کەموکوری لە جێ بەجێ کردنی یاسا یان بڕیارێك کە پێویست بێ یاسایەك یان بڕیارێك یان هەموارێکی بۆ دەربچێت.
٢/ نەبێتە مایەی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بە پێچەوانەشەوە پێش خوێنـدنەوەی یەکەم ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی رەزامەندی سەبارەت بەو بـارگرانیە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاسایەکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت.
ماددەی پازدەهەم/ ماددەی (٩١) برگەیەکی بۆ زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دە خوێندرێتەوە:
چوارەم/ جگە لەو پێشنیازانەی کە بە گوێرەی برگەی دووەمی ئەم مـاددەیە بـۆ دەنگدان ئامادە دەکـرێ لیـژنەی یاسـایی بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لیـژنەی تایبەتمەنـد دەتـوانن لە کۆبەنـدی ئەو پێشنیازانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێنە ڕوو پێشنیازی تر بۆ خسـتنە دەنگدان ئامادە بکەن.
٢/ ریزبەندی برگەکانی ئەم ماددەیە دەگۆڕدرێت بەجۆرێك برگەی دووەم دەبێتە چوارەم.
ماددەی شازدەهەم/ برگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) لادەبرێت.

هۆکارە پێویستیەکان
لەپێناو باشتر بەڕێوەچوونی کاری پەرلەمـانی و فەراهەم کردنـی هـاوڕێکی پەیـڕەو لەگەڵ یاسـا کارپێکراوەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەستتان خۆش بـێ، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بەڕێزتـان هەمووتـان ڕاپـۆرتی لیـژنەی یاســایی لەبەردەســتتانە لیــژنەی یاســایی مــاددەیەکی بــۆ پــرۆژەکە زیــاد کــردووە، چەنــد داڕشتنێکیشی دەستکاری کـردووە، ئامـاژە بە بـڕگەی دووەم لە مـاددەی (٨٧) داواتـان لـێ دەکەم هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاپـۆرتی لیـژنەی یاسـایی بکـرێتە بنەمـای گفتوگـۆ نەك خـودی پـرۆژەکە دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ ڕاپـۆرتی لیـژنەی یاسایی بکـرێتە بنەمـای گفتوگـۆ نەك خـودی پرۆژەکە، هەر کەسـێك لەگەڵ ئەوەیە دەسـتی بەرز بکـاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بە دەنگـی (٧٩) پەرلەمانتـار بڕیـار درا کە ڕاپـۆرتی لیـژنەی یاسـایی بکـرێتە بنەمـا، فەرمـوون دەسـت بە خوێنـدنەوەی ڕاپـۆرتی لیـژنەی یاسـایی بـکەن، مـاددە بە مـاددە کـاك بـژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی راپۆرتی لیژنەی یاساییە:

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی کاروباری یاسایی بە ئامادەبوونی بەڕێز د. ڕێواز فایق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی دووشەممە رێکە وتی ٢٠١٩/٩/٢٣ کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بۆ تاوتوێ کردنی پێشنیازی یاسای هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (١) لەرۆژی سێ شەممە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٧ رەوانەی لیژنەکەمان کراوە دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ماددەی یەکەم/ ....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورن لە عینوانەوە دەست پێ بکەن فەرموون، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

ماددەی یەکەم هەموار دەکر ێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/پێناسەی پرۆژی یاسا و بریار لە ماددەی یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پرۆژە یاسای و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دادوەری لەبواری تایبەتمەندی خۆیان دەستەی سەربەخۆکان لەهەر دامەزراوەیەك لەدەسەلات ئاراستە کردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت.

٢/ پێناسەی پێشنیازی یاسا و بریار بۆ ماددەی یەك زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەو پێشنیازی یاسا و بڕیارانەیە کە لایەنی کەم لەلایەن دە ئەندام پەرلەمان پێشکەش دەکەن.

٣/ پێناسەی ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ یەکەم زیاد دەکرێت، زۆرینەی ڕەها، نیوە کۆ یەکی، پەنجا زائید یەکی ئەندامانی پەرلەمان، زۆرینەی سادە، نیوە کۆ یەکی، پەنجا زائید یەکی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو، زۆرینەی تایبەت، هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە.

پێشنیاری لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی دوو ئەوەیە کە ئەم ماددەیە زیادەیە و لابرێت لە ئەسڵەکە، لیژنە پێشنیار دەکات لە جێگای ئەم ماددەیە کە زنجیرەی ماددەی دووەمە ئەم

پێشنیارەمان هەیە، لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ماددەیەك بە زنجیرەی دووەم بۆ ئەم هەموارە زیاد بکرێ بەم شێوەیە بێ:

ماددەی دەهەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١/ دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان بەمەرجێك یەك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئافرەت بێ.

٢/ لەهەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوە دەستەواژەی جێگری دووەم هاتبێت دەگۆڕدرێت بۆ سکرتێری پەرلەمان.

پێشنیاری لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی (٣) ئەوەیە کو وەك خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی چواردە/ بڕگەی (٧) لادەبرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پەیڕەوتان لەبەردەستە سەیری ماددەی (٨٧) بکەن فەرموون، بەردەوام بە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم/ ووشەی سەرۆکایەتی بۆ ووشەی دەستە لەهەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوەدا هات بێت زیاد دەبێت.

ماددەی پێنجەم/ زیادە لەبەرئەوە تیکرارە لەگەڵ ماددەی دووەم و ماددەی چوارەم، هەر لە ئەسڵەکە.

ماددەی شەشەم/ هەروەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو ئەوەی لە ئەسڵەکەدا هەیە، کە دەڵێت بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٢٤) دەبێتە بڕگەی یەکەمی ماددەکە و ریزبەندی بڕگەکانی تر وەك خۆی بەدوایدا دێن.

ماددەی حەوتەم/ خاڵی دوو/ بڕگەی دووەم، ماددەی (٢٥) هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دەبێت سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا داواکاریەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکدا لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنی دەست لە کارکێشانەوەکە بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلابکرێتەوە.

ماددەی هەشتەم/

١/ماددەی ٢٩/ سێیەم هەموار دەکرێتەوە و لیژنەکە دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە:

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بژار، لە ڕاپۆرتەکەتان نووسیوتانە ماددەی هەشتەم وەك خۆی، تەواو وەك خۆی مەیخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو وەك خۆی پێویست بە خوێندنەوە ناکات؟ تەمام.

ماددەی نۆیەم/ ماددەی ٤٢/ دووەم هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
١/ وەزیری پەیوەندار لەسەر داوای خۆی بەڕەزامەندی سەرۆك و لەسەر داوای سەرۆکی لیژنە لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ئامادە دەبێت کاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەکرێ کە پەیوەندارە بە وەزارەتەکەی و دەتوانێ ستافی وەزارەتەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێ بۆ کۆبوونەوە هەروەها تێڕوانینەکانیشیان لەسەر بڕیاری لیژنە لە ڕاپۆرت جێگیر دەکرێ و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.
٢/ ریزبەندی برگەکانی ئەم ماددەیە دەگۆڕدرێت بەم شێوەیە دەبێت:
یەکەم/ وەك خۆی دەمێنێتەوە.
دووەم/ دەبێتە پێنجەم.
سێیەم/ دەبێتە دووەم.
چوارەم/ دەبێتە سێیەم.
پێنجەم/ دەبێتە چوارەم.
ماددەی دەیەم/ وەك خۆی دەمێنێتەوە.
ماددەی یازدەهەم/ زیادە، لادەبرێت.
ماددەی دوازدەهەم/ ئەویش لادەبرێت و زیادە، چونکە لە برگەی یەکەم دەسەلات دراوە بە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ دیاری کردنیان.
ماددەی سیانزەهەم/ ئەم ماددەیە زیادە.
ماددەی چواردەهەم/ ماددەی (٧٩) هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.
یەکەم/ پێشنیازی یاسا و بڕیار پێویستە مەرجی ڕواڵەتی و بابەتیەکانی پێشنیازە یاسا و بڕیار لەخۆ بگرێت.
دووەم/ لە ماوەی چواردە رۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنیەوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بڕیار دەدرێت خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەم پێوەرانەی خوارەوە.
١/ هەبوونی بابەتێکی گشتی یان بۆشاییەکی یاسایی یان بوونی کەموکوڕی لە دەقەکانی یاسایەك یان بڕیارێکی کە پێویست بێ یاسایەك یان بڕیارێکی بۆ دەرچێت.
٢/ ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگتنی ڕەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچووواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت.
ماددەی پازدەهەم/ ماددەی (٩١) برگەیەکی بۆ زیاد دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
١/ چوارەم جگە لەو پێشنیازانەی کە لە برگەی دووەمی ئەم ماددەیە بۆ دەنگدان ئامادەدەکرێن لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند دەتوانن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێنەڕوو بژاردەی تر بۆ خستنە دەنگدان ئامادە بکەن.
٢/ برگەی (٢) زیادە.

ماددەی شازدەهەم/ وەك خۆی.

پێشنیاری لیژنەی یاسایی لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن ئەوەیە:

لە پێناو باشتر بەڕێوەچوونی کاری پەرلەمانی و فەراهەم کردنـی هـاوڕێکی پەیـڕەو لەگەڵ یاسـا کارپێکراوەکان ئەم هەموارە پەسەند کرا.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئێستا دەست بە گفتوگۆ دەکەین لە ناونیشانی هەموارەکەوە دەست پێ دەکەین، فەرموون، پێش ئەوە فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا هەست دەکەم کە ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە ژوورێکی تاريك و مەتبەخێکی یاسایی بۆ ئامادەکراوە، دوور لەوەی کە ڕاو سەرنجی نوێنەرانی لیژنەی تیا بێ، ئەوەی کە پەیوەست بێ بە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی کە ئاوا پێناسەی بۆ کراوە لە ماددەی (٢٩) بڕگەی (٨) من پێشنیار دەکەم ئەگەر چی ئەو پێشنیارەی من جێگەی نەکراوەتەوە لێرە لەم پێشنیازە یاسایە....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك د.ڕێبوار ئەو خاڵە خاڵێکی یاسایی نییە، پەیڕەوی نییە، لیژنەی یاسایی فەرموون، کـاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/ هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار لە ماددەی یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پرۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بە ناونیشان دەست پێ بکەن فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان کـێ دەیەوێ گفتوگـۆ لەبـارەی ئەو ناونیشـانەوە بکـات؟ بەڵـێ، فەرموون ماددەی یەکەمی هەموارەکە بخوێننەوە، کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/ هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار لە ماددەی یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پرۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری لەبواری تایبەتمەندی خۆیان دەستە سەربەخۆکان لە هەر دامەزراوەیەك دەسەڵاتی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ئاراستەی پەرلەمانی دەکرێت.

٢/ پێناسەی پێشنیازی یاسا و بڕیار، بۆ ماددەی یەك زیاد دەکرێ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ئەو پێشنیاز و یاسا و بڕیارانەیە کە لایەنی کەم لەلایەن دە ئەندام پەرلەمان پێشکەش دەکەن.

٣/ پێناسەی ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ ماددەی یەکەم زیاد دەکرێ، زۆرینەی ڕەها، نیوە کۆ یەك، پەنجا زائید یەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، زۆرینەی سادە، نیوە کۆ یەکی، پەنجا زائید یەکی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو، زۆرینەی تایبەت، هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، زۆر سوپاس ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێکتان دەیەوێ گفتوگۆ لەبارەی ماددەی یەکەمی هەموارەکە بکات فەرموون، بەڕێزان، سەرچنار خان، د.اسماعیل، ئاشنا خان، کاك بەڵێن، نەجات خان، کاك نزار، ڕۆژان خان، کەس هەیە نەمان نووسی بێ؟ بەڵێ بەسەرچاو د.شایان، بەڵێ سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەمواری ماددەی یەکەم بەو شێوازەیە بێت دژیەکیەك هەیە لە نێوان ماددەی (١) و ماددەی (٧٨)ی پەیڕەو، پێناسەکان یەك ناگرنەوە، دەبێ هەردووکیان هاوتا بکرێ، بە مانایەکی تر ماددەی (٧٨) باس لە پرۆسەی یاسادانان دەکات پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار و پێشنیازی یاسا و بڕیاری کردۆتەوە جیاواز لە ماددەی (١) پێشنیار دەکەم لە هەمواری ئەم ماددەیەدا ڕەچاوی ماددەی (٧٨)ی پەیڕەو بکرێ بۆ ئەوەی تەناقوز و دژیەکی دروست نەبێت لە کاتی جێبەجێ کردنی پەیڕەوەکە، چونکە ناکرێت لە ماددەی (١)دا بە شێوازێك پێشنیازی یاسا و بڕیار لەگەڵ پرۆژە یاسا و بڕیار پێناسە بکرێت و لە ماددەی (٧٨)یش دا بە شێوازێکی تر، بەڵکو ماددەی (٧٨) بەس بووتری پرۆسەی یاسادانان بە پێشنیازەکە دەگرێتەوە بە بێ پێناسەکردن، یەعنی پێناسەکە بگەڕێنینەوە بۆ ماددەی (١) بۆ ئەوەی ئەو تەناقوزە دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر عەینی تێبینی من هەبوون هەر دا ئەوێ تێبینیێ بیـژم، تەناقوزەكا هەی د ناڤبەینا تەعریفا ماددا (١) د گەل ماددا (٧٨) ڤێت بێتە چارەسەر كرن، هەما هەر ئەو تێبینییە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موناقەشەكەی منیش هەر هەمان ئەو تێبینیە بوو كە سەرچنار خان باسـی كـرد، دەمەوێ لە پـاڵ ئەوەدا لە پاڵ ئەو تەناقوزە كە هەیە لەگەڵ ماددەی (٧٨)، داوا دەكەم لە بەڕێزتان جیاوازی نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا چی یە؟ بۆ جیاكراوەتەوە؟ یەعنی ئەسبابەكانی ئەو جیاكردنەوەیە چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ڕۆژان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل دیڤ هەموارا ماددا (١) پێناسا پرۆژە یاسا و بڕیار ئو پێناسا پێشنیازە یاسا و بڕیار، ئەز پێشنیار دكەم كو ماددا (٧٨) ژی چوارەم بێت هەمواركرن، چونكی ماددا (٧٨) پرۆسەی یاسادانان بریتییە لە گفتوگۆ و پەسندكردنی چوارەم پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانە لە لایەن دامەزراوە فەرمییەكان بە پێی یاسا كارپێكراوەكان پێشكەش دەكرێت، چونكی دامەزراوێت فەرمی وشەیەكە پەرلەمان و ئو دادوەری ژی ب خۆڤەدگریت ڤێجا ئەگەر وێ ژی هەموار بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك نزار، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) خاڵی (٣) زۆرینەی ڕەها و زۆرینەی سادە نوسراوە نیوە كۆ یەكی پەنجا زائید یەك، ئەو پەنجا زائید یەكە لە زاراوەكە پێمباشە بكرێتە (٥٠%) زائید یەك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، بەڵێ ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار لە ڕووی داڕشتن و زمانەوانییەوە کێشەیەکی تیایە، لە هەموارەکەدا نووسراوە (پرۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە) یەعنی خۆی بە خۆی پێناسە کراوە، کە ئەوە لە ڕووی داڕشتن و زمانەوانییەوە ئیشکالییەتێکی تیایە وەکو وایە ئەگەر پێناسەی ئاو بکەی بڵێی ئاو بریتی یە لە ئاو، چۆن شتی وا دەبێت؟ دەبێ بڵێی ئاو بریتی یە لە شلەیەك لە ئۆکسجین و هیدروجین پێکهاتووە بێ تامە، بێ بۆنە، بەم شێوەیە بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم پرۆژە یاسا و بڕیار بەم شێوەیە پێناسە بکرێت/ ئەو داواکارییانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان دەسەڵاتی دادوەری یان دامەزراوە فەرمییەکان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان بە مەبەستی دەرچوواندنیان ئاراستەی پەرلەمان دەکرێ، لە بڕگەی دووەمیشیدا پێناسەی پێشنیازە یاسا و بڕیار بە هەمان شێوە بووترێت یان بنوسرێت/ ئەو داواکارییانەیە کە لەلایەن (١٠) ئەندام پەرلەمان بە مەبەستی دەرچوواندن پێشکەش دەکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستەی سەرۆکایەتی لە ماددەی (١) دەستەی سەرۆکایەتی من پێموایە، چونکە لێرە نووسراوە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ناو قەوسێك پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان)، چونکە لێرە ڕوون نیە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە چەند کەس پێك دێ و چۆنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینییەکم هەیە لەسەر شێوازی داڕشتنی ماددەی یەکەم، دەکرێت بە شێوازێکی گونجاوتر دایبرێژینەوە و پێشنیاز دەکەم کە داڕشتنەکەی بەم شێوازە بێت:

ماددەی یەکەم هەمواردەکرێتەوە پێناسەی ئەم چەمکانەی خوارەوە زیاد دەکرێن:

-پرۆژە یاسا و بڕیار/ واتا لێرە پێویستی بە ژمارەش نیە کە ئەگەر تەماشای ئەصڵی ماددەکە بکەین لە پەیڕەو ئەسلەن ژمارەی تێدا نییە، پرۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان دەسەڵاتی دادوەری یان دامەزراوە فەرمییەکان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان بە مەبەستی دەرچوواندن ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن، پێشنیازی یاسا و بڕیار ئەو پێشنیاز و یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن (١٠) ئەندام پەرلەمان بە مەبەستی

دەرچوواندن پێشکەش دەکرێن، زۆرینەی ڕەها نیوە کۆ یەکی (٥٠% + ١)ی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، زۆرینەی سادە نیوە کۆ یەکی (٥٠% + ١)ی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو، زۆرینەی تایبەت هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم شوێنی پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار لەگەڵ پێناسەی پێشنیازی یاسا و بڕیار بگۆڕدرێتەوە، هەروەها من هیچ دژیەکیەك نابینم بە ئێستا بە چاکراوی لە نێوان ماددەی (١)هەموارکراوی لەگەڵ ماددەی (٧٨) لە پەیڕەی ناوخۆی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نابێ وەڵامی هاوکارەکانت بدەیتەوە جارێکی تر، دەستخۆش، د، شایان تەواو، کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١) خاڵی (٣) هەمان بۆچوونی هاوڕێکانم کاك نزار و مامۆستا خدیجەم هەیە لەوەدا و بە دیویکی تر دەتوانین بڵێین زۆرینەی ڕەها نیوە کۆ یەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانە، کەواتە ئەوەی لە کەوانەدا نوسراوە زیادە، چونکە ئەوەی لە کەوانەدا نووسراوە (٥٠ + ١) دەکا (٥١) پەرلەمانتار، ناکاتە (٥٦) پەرلەمانتار، ئەگەر بێت و بە دیوێمی تردا ئەو کاتە پێناسە بکەین (نیوە + ١)ی دیسان نووسراوە (٥٠ + ١) ئەی ئەگەر هەشتا پەرلەمانتار لە جەلسەکە ئامادە بوون، ئەو کات (٥١) پەرلەمانتار دەکا زۆرینەی سادە کە ئەوە هەڵەیە، بۆیە دەبێتە هەر ئەوەی لە ناو کەوانەکەدا نووسراوە زیادە و لابدرێ کە گوتمان (نیوە + ١)ی ئەندامانی پەرلەمان زۆینەی ڕەهایە و زۆرینەی سادە (نیوە + ١)ی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بفەرموون ئەگەر وەڵامێکتان هەیە، دوای ئەوە ئەگەر پێویست بوو من وەڵامیان دەدەمەوە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سەر ڤان خالێت ئێك و دوو ئەڤە پتر بۆ تەنزیم کرن و ڕێکخستنا ئەڤی پرۆژە هەمواریێ ل بەر دەستێ مە ئۆتۆماتیکییەن ئەگەر پەسەند بوو ئەڤ ئێك و دووە دیهێتە لادان، چونکی ل ماددە

(١) دا د پەیڕەوی ژی دا ژمارە نینن ئەمێت گەلن، مەرەم ژپێنجی زائیـد ئێـك ژی هەر ئەوە وەكـو قاعیدەیەك عام كو ژ رێژا سەدی یە ژ بەر هندێ مە ب ڤی شێوەی بكارئینایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی یەك لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان داوای كرد جیاوازی پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسای بۆ ڕوونبكەیـنەوە، ئـێمە لە لیـژنەی یاسـایی دیـارە پـرۆژە یاسـا هەمـوو ئەو پـرۆژانەن كە لەلایەن حكومەت یان دەستە سەربەخۆكان یان سـەرۆكایەتی هەرێـمەوە پێشـكەش دەكـرێن، پێشـنیازی یاسا ئەوانەن كە لەلایەن (١٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانەوە پێشـكەش دەكـرێن، وەكـو ئەوەی كە لەلایەن حكومەتەوە دێن بە فیلتەری ماددەی (٧٩)دا تێناپەڕێت، واتا هەر چـۆن حكـومەت خـۆی نـاردوێتی حیسـابی بـارگرانی دارایـی بـۆ ناكرێـت، بەڵام ئەوەی كە پەرلەمانتـاری بەڕێـز و لە پەرلەمانەوە پێشكەش دەكرێ حیسابی ماددەی (٧٩) فیلـتەری یاسـایی بـۆ دەكـرێ جیـاوازییەكە ئەوەندەیە ئەوە لەلایەك، لەلایەكی تر یەك لە ئەندامانی تری بەڕێزی پەرلەمان باسی لە دەسـتەی سەرۆكایەتی كرد ئەوە ڕەبتی بە ماددەی (٢) هەیە نەوەكو مـاددەی (١)، هەر ئەو ڕوونكـردنەوەم هەبوو، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كەسی ترتان قسەتان نیە بەڕێزان؟ بەڵـێ، ئەو بەشـەی كە ئاشـنا خـان دەڵـێ پێناسـە بە پێناسە كراوە، یەعنی خۆی بە خۆی پێناسە كراوە، لێرە مەبەست لە دیاری كردنی ئەو جـیهەتەیە كە بـۆی هەیە پێشـنیازە یاسا یـان پـرۆژە یاسـا پێشـكەش بكـات، ئەوەنـدەی مەبەسـت ئەوەیە ئەوەندە مەبەست وردكردنەوەی مانای پرۆژە یاسا و مانای پێشنیازە یاسا نـیە، سـەبارەت بەوەی لەگەڵ ماددەی (٧٨)دا ڕێك بخرێ، من داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم لەگەڵ ماددەی (٧٨)دا ڕێكـی بخەنەوە، چونكە جگە لەوەی لە سێ پەرلەمانتار داوایان كرد ڕەنگە وجهەت نەزەرەكـی تێـدابێ، دەستتان خۆش بێ، فەرموو بڕۆنە ماددەی دووەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ماددەی دەیەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١-دەسـتەی سـەرۆكایەتی پێـك دێـت لە سـەرۆك و جێگـری سـەرۆك و سـكرتێری پەرلەمـان بە مەرجێك یەك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی ئافرت بێ.

٢-له هەر مادده و برگەیەکی ئەو پەیرەوە دەستەواژەی جێگری دووەم هاتبێ دەگۆڕدرێت بۆ سكرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێکتان دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکات کە پێشنیازی لیژنەی یاسایی یە و زیاد کراوە بۆ هەموارەکە با بفەرموێ، بەڕێزان ناوی ئەو بەڕێزانە تۆمار کراوە:

د.إسماعیل.، شادی خان، سەرچنار خان، کاك ڕزگار، کاك محسن، کاك زانا، فەرموون، لە کاك زاناوە دەست پێ دەکەین.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە خاڵی (١)دا ئاماژە دەکات بەوەی کە دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان بە مەرجێك یەك لە سێ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئافرەت بێت، پێموایە ئەوە هەڵەیەکی نووسینی تێدا هەیە، چونکە ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئافرەتن، دەکا دوو لە سێ یە ئێستا، بۆیە پێموایە کە دەبێت بەم شێوەی لێ بکرێت (دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان و بە مەرجێك ڕێژەی ئافرەت لە یەك لەسەر سێی پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتی کەمتر نەبێت) نەك مەرج بێ تەنها یەك لە سێیەکە بێت، یەك لەسەر سێ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، بەو صیاغەیە بێت نابێت دووان، بەڵێ شادی خان،، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو پشتگیری وتەکانی هاوکارم کاك زانا دەکەم و خۆم یەکێك لەو خاڵانەی مە دامنابوو قسەی لەسەر بکەم ئەو خاڵە بوو کە پێویستە بنووسرێت (بە مەرجێك کەمترین ڕێژە یەك لەسەر سێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئافرەت بێ) وەکو ڕوونیکردەوە هاوکارم ئێستا ئێمە دوو ئەندانی مێیینەمان هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی دا، ئەگەر بەو صیاغەیە بێ دەبێ هەر یەك ئەندامان هەبێ و تووشی هەمان ئیشکالیەت دەبین کە لە سیستمی کۆتادا هەمانە، ئەو ژنانەی کە ڕێژەی پێویست بە دەست دەهێنن بۆ دەنگی خۆیان هەر لەسەر سیستەمی کۆتا بۆ لایەنەکان حیسابن، بۆیە بەشی کۆتای ژنان دەبەن کە زۆر کەم دەبینین لەو ڕێژەی کە دیاری کراوە لە کۆتادا، هەرچەندە خۆشبەختانە ئەو خولەی پەرلەمان زیاترە ڕێژەکە بەڵام زۆر کەن دەبینین ئەو ڕێژەیە تێبپەڕێنێ بەشداری ژنان لە پەرلەمان دا، خاڵێکی تر پێشنیاز دەکەم خاڵێك زیاد بکرێ بۆ ئەم برگەیە، سێهەم بەم شێوەیە بێ، سێهەم/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان یاخود یەکێك لە

دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئۆپۆزسـیۆن بێـت بـۆ دابـین کردنـی شـەفافیەتی زیـاتر لە بەڕێوەبردنی کارەکان و دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، دابین کردنی ئەو شەفافیەتە لە پێناو ئەو خاڵەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگارعیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕەئی بەڕێز کاك زانا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، کاك محسن فەرموون.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو تێبینیەم هەبوو، دەبێ وشەی بەلایەنی کەم زیاد بکرێـت، چـونکە بەڕاسـتی ئەوە سنووردارکردنی مافی ئافرەتە، ئەوە ناکرێت، لەوانەیە سبەینێ سـەرۆکایەتی هەر سـێ ئـافرەت بن، ئەوە هەندێك سیمای پیاوسالاری پێوە دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د.إسماعیل.

**بەڕێز إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی هەر پێشنیار دکەم فەقەرەکا زێدە ببیت ل سەر کو ئێك ژ وان هەر سێکا ئۆپۆزسیۆن بیت هەر دیسا بۆ گەرەنتی کرنا شەفافیەتێ دناڤا پەرلەمانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١١١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان دا بـاس لە فراکسـیۆنی ئۆپۆزسـیۆن دەکات و هیچ مافێکی بۆ دەستەبەر نەکردووە بە چوار دێڕ کۆتـایی پـێ هێنـاوە، لەبەر ئەوە مـن پێشـنیار دەکەم خـاڵێکی تـر لە دوای ئەم دوو خـاڵە و ئەم مـاددەیە زیـاد بکرێـت، ئەویـش بەم شـێوازە/ پێویسـتە جێگـری سـەرۆك یـان سـکرتێری پەرلەمـان بـدرێتە ئەنـدامێکی فراکسـیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان دا ئەوەش لە پێناو چەسپاندنی پرەنسیپی شەفافیەت و ئاگاداربوون لە چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان و ئەوانەی کە پێشکەش کراون بەوانەی ئۆپۆزسیۆنیشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان كە پشتیوانی لە بەڕێزێكی هاوكارتان دەكەن تەنها ئەوەندە بەسە بڵێن پشتیوانی لە ڕای هاوكارەكەمان دەكەین، كاتیشمان بۆ دەگەڕێتەوە، دەرفەتی زیاترمان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ماددەیەكی تر بكەین، فەرموو لیژنەی یاسایی، ماددەی سێهەم، ببوورە كاك سیروانم لەبیر چووە، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی كات نەكوژم من بە تێكڕا پشتیوانی ڕاكەی هەردوو هاوكارم شادی خان و سەرچنار خان دەكەم، لەوەی كە ئۆپۆزسیۆن دەبێت لەو دەستەی سەرۆكایەتی یە دانیشێت و ڕۆڵێكی ڕەهای هەبێت، تەنیا نەك لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنە، بەڵكو كە پێناسەیەكی تەواوی دیموكراسی لەوەدا هەیە كە ئۆپۆزسیۆن دەبێ بوونی هەبێ بە فیعلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێهەم:

ماددەی (١٤) بڕگەی حەوتەم لادەبرێت.

مەبەستمان لە لابردن یەعنی هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كاك جلال قسەیەكتان هەبوو پێش ئەوە؟ ببوورن، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ قسە بكات لەسەر ماددەی سێهەمی هەموارەكە، فەرموون. بەڵێ؟ چی؟ بینووسە بۆ لیژنەكە.

**بەڕێز گوڵستان سعید حەمە:**

بەڵێ لە ماددەی دووەم كە پێشنیار كراوە لێرە ماددەی پێنجەم یەكەمیان هەموار دەكرێ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، ئەوە هەر نەخوێندرایەوە، یەكسەر هاتنە خوارترەوە، پێشتریش ویستم ئەو تێبینیە بە بەڕێزت بڵێم وەرتنەگرت، داوای لێبووردن دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من داوای لێبووردن دەكەم، بەڵێ بەڕێز كاك بژار ماددەی دووەمی ئەصلی پرۆژەكە كە پێتان وابووە زیادە، دەبوو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان قسەی لە بارەوە بكەن، ئایا ئەوانیش پێیانوایە زیادە؟ فەرموون ئەوەی لە ناو پرۆژەكە هاتووە بیخوێننەوە و بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بڵێن بۆ پێتان زیادە؟ هەڵەیەكی مەنهەجیە كردوومانە گوڵستان خان ڕاست دەكات، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشتر وەك پێشنیارێت لیژنا یاسایی دەنگ ل سەر هاتە دان بوو ئەساس كەواتا وەختێ بووە ئەساس ئەم نەشێین جارەكا دی ئیعتمادێ ل سەر ئەڤێ ئەسلێ هەمواڕێ بكەین ل بیدایەتێ چونكی دەنگدان ل سەر هاتە كرن ژبەر هندێ مە نەخاند.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ تەنها بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بلێی بۆچی ئێوە لە لیژنەی یاسایی پێتانوایە ئەو ماددەیە ماددەی دووەمی هەموارەكە زیادە؟ تەنها ئەوەندە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوە لە پەیڕەودا ئەو ماددەیە بە وازح و شەفافتر و باشتر دیارە لە هەموارەكە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەبووین كە ماددەی دووەم زیادە، ئەسڵەكەی لە پەیڕەودا وەك خۆی بمێنێ لە پەیڕەودا باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینییەكەی گوڵستان خان دیسانەوە دەمەوێ تەئكید لەوە بكەمەوە ئەوە هیچ خاڵی یەكەم ئێمە بە دەنگدان پێشنیازی لیژنەی یاساییمان تەسبیت كرد و دەبوو بڕگەی ماددەی دووەم كە لە ئەسڵدا ماددەی پێنجەمە بڕگەی یەكەم هەمواردەكرێ بخوێندرێتەوە، ئێمە سەبارەت بەلابردنی ئەم بڕگەیە لە پەیڕەوەكە بە دروستتر بە جوانتر لەو پێشنیازەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشیان كردووە، ئێمە ئەوەی ئەساسەكە واتا پەیڕەوی ناوخۆ بە باشتر دەبینین، لەبەر ئەوە بڕیارمان دا كە ئەوە لابرێ و ماددەیەكی تر لە جێگەی زیاد بكرێت، كە ئەویش بەو شێوازە خوێندرایەوە كە پێشووتر باس كرا، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر/ هەروەها لێرە وەكو لیژنەی یاسایی پێشنیار دەكەین بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە تێپەڕ نەبێت كە ئەوە نەبێتە ئەساسی پێشنیازە یاسایەكە، بەڵكە ئەوەی كە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان كاك زانا و برادەرانی پشتگیریان كرد، ئەوە ببێتە ئەساس بۆ ئەوە و لە دەنگدانەكە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە دروست نەبێت كە كامەیان دەنگ دێنێ، ئەوە وەكو لیژنەی یاسایی ئەوە دەكەینە ئەساس بۆ ئەو پێشنیازە یاسایە، كە بەلایەنی كەم یەك لەسەر سێ ئافرەت بێت، كەواتە ئەوە دەبێتە ئەساس بۆ پێشنیازەكە وەكو لیژنەی یاسایی ئەوەمان پێ ڕاستە، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دوایی لە ناو بژاردەکان دا دایدەنێین و لە دەنگدان کە لەو ڕاپۆرتەی ئامادەی دەکەن بۆ دەنگدان دەیخەینە بەردەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا لیژنەی یاسایی بە بەڕێزتانیان ڕاگەیاند، بۆیە پێیانوایە ماددەی دووهەمی ناو ئەو پێشنیازە هەمواره زیادەیە، چونکە لە ناو پەیڕەوەکە بە باشتر شەرح کراوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر بڕگەیەك زیاد کراوە بۆ پێناسەکان کە پێناسەکردنی زۆرینەکانە، ئەوەش هەر بەریەککەوتنێك هەبێ لە نێوان ئەو تێگەیشتن بۆ زۆرینەکان ڕەواندوویەتیەوە بۆیە پێیانوایە ئەو ماددەیە زیادە، فەرموون ماددەی سێیەم، پێش ئەوە، بەڕێز وەزیری هەرێم داوای کردووە قسە بکات، ئێمە دەرفەتی دەدەینێ قسە بکات لەو ماددانەی کە پەیوەندی بە وەزارەتەکانەوە هەیە، فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی سێیەم پێشنیارتان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ماددەی (١٤) بڕگەی حەوتەم لادەبرێت، بەس بۆ تەوزیح دا کو ئەندامێت پەرلەمانی بەرچاڤێ وا ڕۆن بیت مە قسەدە ژ ڤێرێ لا دەبرێت یەعنی هەڵوەشاندنا بڕگە (٧) ژ ماددە (١٤) د ئەسلێ پەیڕەوی بخۆدا تووشی سەهوا بوونێ نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر کەسێك دەیەوێ سەبارەت بە ماددەی سێهەمی ئەم پێشنیازی هەموارە قسەی هەبێ، فەرموون ناوەکانتان تۆمار دەکەین، بەڕێزان سەرچنار خان، کاك مەم، کاك بەلێن، خدیجە خان، کاك بەهمەن، کاك جلال، کاك وەیسی، د.گەلاوێژ، هەڵەز خان، د. إسماعیل، کاك ظاهر، د. ڕێبوار، ژیان خان، کاك حکمت، کەس هەیە ناومان نەنوسیبێ، بەڕێزان ئەو ماددەیە پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکەین ئەو بڕگەیە لە ماددەکە باس لەوە دەکات ئەگەر یەك کاندید هەبوو بۆ یەکێك لە پۆستەکان دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژاردنی بۆ ناکرێ و بە ناو لێنان ئەو پۆستە وەردەگرێ، ئەوە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە ناو یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دا هاتووە، خۆتان دەزانن لە هەر شوێنێك دا، لە هەر کاتێك دا بەریەککەوتن لە نێوان پەیڕەو و یاسایەك هەبێ ئەولەویەت بۆ یاسایە، لابردنی ئەم بڕگەیە تەنها بۆ هاوڕێککردنی پەیڕەوە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن، هەرچەندە ڕەنگە ماددەی تریشمان هەبێ لە ناو پەیڕەو هەمان کێشەی هەبێ، بەڵام محاوەلە دەکەین وردە وردە باسیان بکەین، واتا بە گوێرەی یاساکە یەك کەسیش بێ دەبێ هەڵبژاردنی بۆ بکرێ، فەرموون دەست بە موناقەشە بکەن، کاك ظاهر، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ماددەی سێیەم لابدرێت و بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (١٤) بمێنێ، چونکە لەو حاڵەتەدا لە پەیڕەو عیلاج نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەروەکو ئەوەی جەنابیشت ئیشارەتت پێدا لەگەڵ یاساکە، بەڵام خۆی پرەنسیپی ئینتیخابیش وایە، کە ئەگەر یەك پاڵێوراو بۆ پۆستێك هەبوو یەکسەر ناوەکەی ئیعلان دەکرێ، پێویست بە هەڵبژاردن ناکات، بەڵام ئەگەر قسەکە لەسەر ئەوە بێ پێچەوانەی قانونەکەیە، ئەوە بێگومان وەکو ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێدا دەیان خاڵ و برگەی تری تیایە کە پێچەوانەی قانونەکەیە، تا ئێستا ئەوەش لەبەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان ڕوون نیە ئایا کە پەیرەو وەکو قانون دەرچوێندراوە؟ ئەگەر پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە خولی ڕابردوو وەکو قانون دەرچوێندرابێ، بێگومان ئەفزەلییە دەدرێ بە پەیرەوەکە، لەبەر ئەوەی دوای دەرچواندنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هاتووە، بۆیە لەو چوارچێوەیە ئەم پێشنیازە دەکەم کە وەك خۆی بمێنێتەوە تاوەکو دەتوانین هەموو برگە و ماددەکان وەکو یەك لێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك بەهمەن، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان ڕەئی کاك شێخ ظاهرم هەیە، لەبەر ئەوە لە ناو ئەو پەیرەوە عیلاج نەکراوە، ماددەی حەوتەم بمێنێتەوە، چونکە تۆ عادەتەن لە ناو پەرلەمان دا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵدەبژێری، جیاوازە لە هەڵبژاردنی دەرەوە، عیلاجی چی تر هەیە ئەگەر یەك کاندید هەبێ، یەعنی یەك کاندید بۆ هەڵبژاردنی بۆ بکرێ؟ لە هەموو پرۆسەکەش خۆی دیموکراسی یە کاتێك کەسێك مونافیسی نەبوو، خۆی ئۆتۆماتیکیەن ئەو پۆستە دەکرێت یەعنی بەڕای بەڕێزتان دەکرێ یەعنی ئێمە بگەڕێینەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بگەڕێنەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی گشتی؟ یان ئەوەیە کە لەم پەیرەوە دەبێ عیلاج بکرێ، ماددەیەکی تری بۆ دابنرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ڕاستی دا مادام لە یاسای هەڵبژاردن ڕێکخراوە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، بەڵێ بۆی دەگەڕێینەوە، چونکە ئێمە تا ئێستا قانوونی پەرلەمانییە، وەکو وەڵامێکیش بۆ کاك بەڵێن، ئەم پەیرەوە لە شێوازی قانوون دا دەرنەچووە، لیژنەیەکی کاتی بۆ دروست کراوە، لیژنە کاتییەکە پەیرەوەکەی ئامادە کردووە، هەر لەسەر ئەساسی ئەو قەرارەی کەوا دراوە بۆ لیژنە کاتییەکە پەیرەوەکە خراوەتە موناقەشەوە ڕاستەوخۆ، واتا ئیمزای بۆ کۆنەکراوەتەوە بە لیژنەی یاسایی دا تێپەڕ نەبووە، ڕووە ئیجرائییەکانی ئامادەکردنی پرۆژەی بۆ

نەكراوە، ئەوەی كە قوەتی قانونی هەڵبژاردنی هەیە ئەو كاتە دەبێ كە ئێمە قانونی پەرلەمانی كوردستانمان هەبێ، بڕیارێكی ئەنجومەنی (شوری)ش هەیە هەرچەندە بڕیارەكانی ئەوان ڕاوێژكاری یە و مولزەم نیە، لەبەر یەككەوتنێكی نێوان پەیڕەو كە تازەترین بڕیاریانە، پەیڕەوی پەرلەمانی كوردستان و یاسای هەڵبژاردنە سەبارەت بەوەی ئەگەر ئەندامێكی پەرلەمان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا سوێندی نەخوارد یان لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا سوێندی نەخوارد ئەولەویەت بۆ كامیانە؟ لە پەیڕەوەكەدا نووسراوە ئەگەر لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا سوێندی نەخوارد ئەندامێتی لە دەست دەدات لە قانونەكە دەڵێ ئەگەر لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا سوێندی نەخوارد ئەندامێتی لە دەست دەدات، ڕەئی ئەوان ئەوەیە كە ئەولەویەت بۆ یاساكەیە، ئەوە شتێكی سابتە ئێمە ناتوانین ئەم حاڵەتە بگۆڕین، فەرموو د.گەلاوێژ.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئییەكەی من گوترا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هەڵەز خان فەرموون، فەرموو.

**بەڕێز هلز أحمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ، هەلبەت ئەگەر ئەڤ بڕگە هاتە لادانێ ئو هاتووخۆلەكێ ژ خولان یێك كاندید بیت بێ ڕكابەر بیت چ ڕێگە یاسایەك دێ بۆ هەبت؟ ژبەر هندێ ئەز پێشنیار دكەم ئەڤ بڕگا هەنێ نەهێتە لادان نەكە خولەكێ ژ خولێت داهاتوودا ئەم نەكەڤینە ئیشكالەكا یاسایی و سەركەفتی بن، سوپاس.

**بەڕێز بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك حكمت، فەرموو.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتگیریا كاك ظاهر دكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی كە برادەران قسەی منیان كرد، بەڵام من دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو سەرباری ئەوەی كە جەنابت تەوزیحێكت دا، لەبەر ئەوەی كە ئەم ڕێكارە یاسایی یە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك یان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لە كاتێكدا ئەگەر پاڵێوراوێك بە بێ ڕكابەر هاتبوو چۆنە، بەڵام

بۆ ئەوەی کە ناڕوونی دروست نەبێ و جۆرێك لە شاشی لە لایەن پەرلەمانتارانەوە دروست نەبێ و پێویست بەوە نەکات بگەڕێینەوە سەر یاسای تر، ڕاستەوخۆ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە هەمیشە لەبەردەستی پەرلەمانتارانە، بۆیە من بە زەرووری دەزانم کە ئەم بڕگەیە بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (١٤) وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیازم هەیە کە بڕگەی حەوت لەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەڵبەتە لەم هەڵبژاردنە بە پێی ئەم پەیڕەوە کۆی ئەم ماددەی چواردەیەم کەوا زۆرینەی ڕەهای دیاری کردووە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەم زۆرینەی ڕەهایە لە حاڵتێکدا کە لە هەر پرۆسێسێکی دیموکراسی دا کاتێ کە موونافیست نابێ، ڕکابەرت نابێ، ئەو کاندید ئەبێ ئەم پەیڕەوە خزمەتی پایەکانی دیموکراسی بکات، کاتێك کە ڕکابەرت نابێ ئۆتۆماتیك دەبێ ئەم پەیڕەوە و تەنانەت یاسای هەڵبژاردنیش دەکرێ هەمواربکرێتەوە، ئەگەر ئیجحافێکی تیا بوو بە مافی دیموکراسی، بۆیە ئەم ماددەیە کە دەڵێ دەبێ زۆرینەی ڕەها بە دەست بێنێ، ئەندامێك کە خۆی کاندید دەکات بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، واتا (٥٠ + ١) (٥٦) دەنگ دەکات لایەنی کەم، بۆیە من پێشنیاز دەکەم یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، دووەمیان/ ئەوە بەو شێوەیە بێت لە داهاتوودا وەکو ئەو پێشنیازەی هاوڕێیانم پێشتر لە ماددەکەی تردا ئاماژەیان پێکرد کە دەبێ لە دەستەی سەرۆکایەتی یەکێك لە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی تێدا بێ، ئەم چانسە نادات، جۆرێ لە تەوافوقاتی هێزە براوەکان پلە یەکە و دووەکان وا دەکات بە پێی تەوافوقاتی ئەوان خۆیان دەستەی سەرۆکایەتیش هەڵبژێرن ئەوە نوقتەیەك، نوقتەیەکی تر من پێشنیازم هەیە لێرەدا ئەگەر ئەوە لاببرێت زەمینەسازی بۆ ئەوە دروست دەبێ لە داهاتوودا دیسانەوە لە خولەکانی تری داهاتوودا ئەگەر ڕێککەوتن نەبێ لە نێوان هێزی یەکەم و دووەم و سێیەم، یان هێزی یەکەم و دووەم لانی کەم بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوا جۆرێك لە پەککەوتنی پەرلەمانی لێ دەکەوێتەوە وەکو دانیشتنە کراوەکان لە ڕابردوودا بینیمان، بۆیە پێشنیازم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری بۆچوونی کاك شێخ زاهیر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیریا هەلەز خانی دكەم، بۆچوونا وی.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم لەلای بەڕێز كاك زاهیر كران، بۆیە دەڵێم پشتگیری قسەكانی ئەو دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، كاك وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام كە بڕگەی حەوتەم لە ماددەی چوار بمینێت، هەروەكو پشتگیری ڕای شێخ زاهیر خەیلانی دەكەین، چونكە ئەم حاڵەتە لە پەیڕەوی ناوخۆ عیلاج نەكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هەلەز خان و سەیدا إسماعیل و كاك مەم دەكەم، بەڵام ڕوونكردنەوەیەكی یاساییشم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، ئەگەر بێت و ئەوە بە قەناعەتی من ئەوە دەقێكی گریمانەیی یە ئەگەر لە (١%)یش ڕوویدات لە خولی داهاتوودا دەبێت پەیڕەو هەر چارەسەری بكات، جا بۆ ئەوەی ئەو دژێتییە ڕوونەدات لە بەینی یاسای هەڵبژاردن و لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆدا ئێستا كاتی خۆیەتی كە هەمواری پەیڕەو دەكرێتەوە دەقێكی صەریح هەبێ كە لە كۆتایی پەیڕەوەكەش بێ بگوترێ كە كار بە حوكمی هیچ یاسایەك ناكرێ كە دژ بێت لەگەڵ حوكمی ئەم پەیڕەوە، ئیتر ئەو كاتە ئەگەر تەناقوزێكی تر هەبێ لە یاساكە، ئێمە ئێستا

نەمانتوانیبێ لێرە هەمواری بکەینەوە، بە پێی ئەو دەقەیە ئێمە دەتوانین چارەسەری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت دەزانی یاساکاری لە ناو پەیڕەوەکە ڕێکخراوە بۆ ئەوەی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە بە یاسا هەژمار بکرێ دەبێ بە هەنگاوەکانی یاساکاری دا تێبپەڕێ، هەر کات بە هەنگاوەکانی یاساکاری تێپەڕی ئەو کاتە بە یاسا هەژمار دەکرێ، هەر یاسایەك لەگەلی دا تەعاروزی کرد ئەو کاتە دەتوانین ئەو قسەیە بکەین، بەڵام (گالما) ئەو پەیڕەوە بە هەنگاوەکانی یاساکاری دا تێنەپەڕیوە، ناتوانین ئێمە بە نەصێك ئەولەویەتی بدەینێ لە بەرامبەر قانونیەك دا کە لەگەڵی دا دژ یەکە، کاك سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (١٤) بمێنێ چونکە ئەم حاڵەتە لە پەیڕەودا چارە نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیەکتان هەیە، ئاشنا خان با قسە بکات، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك بەڵێن دەکەم کە پێشتر ئاماژەی پێدا نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، بەڵام بەڕاستی ئەگەر بەریەککەوتنێکی زۆر هەیە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆدا، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئێمە هەوڵ بدەین بە زووترین کات قانونێکی تایبەت بە پەرلەمان دەربچوێنین بۆ ئەوەی دووبارە تووشی ئەم جۆرە ئیشکالیەتانە نەبینەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

وەڵلا من ئەوەی کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە ئێمە لەو خولەی پەرلەمانەوە چەندین جار ئەو گرفتەمان بۆ دروست دەبێ کە خیلاف ما بەینی پەیڕەو و قانونەکەوە هەیە، دەمەوێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەوە دەست پێبکەم، هەرەمی قانوون و قوەتی قانوون بە شێوازێکە دەستوور لەسەرەوەی قانونەوەیە، قانون لەسەرووی ئەنزیمەوەیە، ئەوەی کە ئێمە تێبینیمان کردووە ئەم پەیڕەوە حوکمی ئەنزیمەی هەیە، بەڵام حاڵەتێك هەیە کە لە پەرلەمانی عیراق بەدیمان کرد لە دەستووری عیراقی کاتێك باس لە شێوازی هەڵبژاردنی دەستەی

سەرۆكایەتی پەرلەمانی عیراق دەكات بەشێوازێكە و لە قانونی پەرلەمان بەشێوازێكی تر جێبەجێ كرا كە ئێمە بۆ خۆمان هەموومان بینیمان، كەواتە پێچەوانەی دەستوور ڕەفتار كرا، بەڵام موبەریریان ئەوەبوو لەبەر ئەوەی بەو ڕێكارە قانوونیانەی لە قانوونی پەرلەمان هەیە، قانوون دەردەچێندرێ، دەشێت هەندێك جار پێچەوانەی دەستووریش بێت، ئەوە لەلایەن، لەلایەكی تر ئەم پەیڕەوە بۆ هەمواركردنەوەی لە كاتێك كە حوكمی قانوونی نییە، لە ماددەی (٢٠) و (١٢٥)دا پێویست بە یەك لەسەر چواری ئەندام پەرلەمانە، كەواتە نزیكەی (٢٨) ئەندام پەرلەمانی پێویستە بۆ ئەوەی ئەگەر بیانەوێ هەمواری بكەن، لە كاتێكدا قانون پێویستی بە (١٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان هەیە بۆ ئەوەی هەمواری بكات، ئەگەر ئەوە قوەتی ئەم پەیڕەوە دەرناخات، بۆچی پێویستی بە یەك لەسەر چواری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەبێ، ئەوە لەلایەك، پێموایە دەبێت ئەگەر بەم شێوازەیە لایەنی كەم ماددەی (١٢٥)یش لاببرێت بۆ ئەوەی ئەویش بە (١٠) ئەندام پەرلەمان هەموار بكرێت و تاوەكو ئەو كاتەی دەبینە خاوەن قانونێك لە پەرلەمانی كوردستان، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی لیژنەی قانوونی، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

وشەی (سەرۆكایەتی) بۆ وشەی (دەستە) لە هەر ماددە و بڕگەی ئەم پەیڕەوەدا هاتبێت زیاد دەكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر كەسێك دەیەوێت لەربارەی ئەم ماددەیە گفتوگۆ بكات فەرموون بۆ ئەوەی سكرتێری پەرلەمان ناوەكانتان تۆمار بكات، سكرتێری پەرلەمان فەرموون، (د.گلاویژ) نوقتەی نیزامیتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ماددەی چوارەم و ماددەی پێنجەم بەیەك جار بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی نوقتەی نیزامی نییە (د.گلاویژ)، سوپاس. (سوسن) خان، كاك (دابان)، كاك (زانا)، كاك (دابان) فەرموون.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی چوارەم پێشنیازی لیژنەی یاسایی ئەڵێ وشەی (سەرۆكایەتی) بۆ وشەی (دەستە) لە هەر ماددە و بڕگەیەكی ئەم پەیرەوەدا هاتبێت زیاد دەكرێت، هەڵبەت پێشنیازی لیژنە یاسایی

مەبەست لێی دەستەی سەرۆکایەتییە، سەرۆکایەتی بۆ دەستەکەی نەکات، بەڵام لە چەند شوێنێکی ترا وشەی (دەستە) هاتووە بۆ نمونە لە ماددەی یەکەم باسی دەستە سەربەخۆکان دەکات من پێشنیاز ئەکەم کە لێرە ئیزافەیەکی بۆ بکرێ کە بڵێ مەبەست لێی پەرلەمانی کوردستانە چونکە لە چەند شوێنێکی تردا باسی دەستەکانیش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئەو تێبینییە بنووسن، بەڕێز (سوسن) خان، فەرموون.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم وشەی سەرۆکایەتی بۆ وشەی دەستە زیاد بکرێت حەقیقەت من پێم وایە ئەوە کە دەوترێ زیاد بکرێ پێشنیار دەکەم دارشتنەکە چاك بکرێتەوە، بەم شێوازە چاککردن بکرێت بەم شێوازە چونکە کە دەڵێ زیاد بکرێ، واتە هەم وشەی سەرۆکایەتی هەم وشەی دەستەش بمێنێ، من پێشنیار دەکەم دارشتنەکی بەم شێوازە لێبکرێت لە جیاتی وشەی دەستە دەستەی سەرۆکایەتی لەهەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیرەوەدا هاتبێت بەکاربێت، بەم شێوازی تەسەور دەکەم تێگەیشتنەکە باشتر دەبێ وە زیادەکە لابرێت، چونکە ئەگەر وترا زیاد بکرێت واتا هەردووکیان دەمێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (زانا)، فەرموون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رایەکەی (سوسن) خان دەکەم، پێم وایە تەنها لە رووی دارشتنەوە بۆیەکە زیادە ئەگەر نا مەفهومەکە تەواوە بۆیە پشتگیری لە رایەکەی (سوسن) خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیێکتان هەیە فەرموون، نیتانە، ماددەی دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ماددەی (٥) مە وەکو لیژنا یاسایی وەسا پێشنیار کری کو ماددا (٥) زێدەیە نەمینت، ژبەر کو خالا ئێك تکرارە دگەل ماددە (٢) ئو خالا دوو تکرارە دگەل ماددە (٤)، ژبەر هندێ ماددە (٥) نامینت ل دیڤرا ماددە (٦) دێهێت ئەم دشێین د ڕێزبەندییدا ماددە (٦) بکەینە (٥).

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆ سەبارەت بە ماددەی پێنجەمی هەموارەکە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی پێیان وایە زیادە وە بۆتانیان ڕوونکردەوە بۆچی پێیان وایە زیادە کێ ئەیەوێ گفتوگۆ بکات لەبارەی ئەوە ماددەیەوە، ماددەی دواتر، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٢٤) دەبێتە بڕگەی یەکەمی ماددەکە وە ریزبەندی بڕگەکانی تر وەك خۆی بەدوایدادێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەم گۆڕینی زنجیرەیە لەبەر ئەوەیە کە ناونیشانی ماددەکە باس لە پارێزبەندی دەکا بەڵام تەعریفی حوکم پارێزبەندی لە بڕگەکانی دواوەیە لە جیاتی ئەوەی لە سەرەتایا بێ ئەحکامەکانی تر هەموویان تەرتیب ببن لەسەر ئەو تەعریفە بۆیە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی پێشنیاریان وایە کە وەك و خۆی بمێنێتەوە، هەر بەڕیزێك وەکو ناو پرۆژەکە نەك وەکو پەیرەوەکە هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لەبارەی ئەو ماددەیەوە بکات فەرموو ناوی خۆی تۆمار بکا، فەرموون ماددەی (٧) بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

خاڵی (٢) بڕگەی دووەم ماددەی (٢٥) هەموار دەکرێتەوە وە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

دەبێت سەرۆك لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا داواکارییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی لە هەموو بارێکدا لە ماوەی (٣) ڕۆژ لە بەرواری پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەی کە بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەکلا بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ گفتوگۆ لەبارەی ئەو ماددەیەوە بکات با بفەرمووێ، کاك (جلال)، کاك (سەفین)، کاك (حکمت)، (خدیجە) خان، کاك (ویسی).

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم وشەی (ڕێکەوت) لە جێگای (بەروار) بنووسرێ هەر وشەی بەروار بەراستی من هەر پێم وشەکی ڕکیك لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتیش ئەو وشە بەکاردێ، پێویستە لە وەزارەتەکانیش ئەو وشە نەمینێ بە سەراحەت وشەکی زۆر ڕکیك لە قاموسی کوردی ئەو وشە بەدی ناکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی (سفین) فەرموون.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك (جلال) دەکەم، پێشنیارەکەی منیش هەر ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش نەفسی تێبینیم هەیە لەسەر بەراور کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی لیژنەش باسی ئەو بابەتە پێم وایە ئەگەر وشەی (ڕێکەوت) لە جیاتی بەکار بهێنرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ویسی)، فەرموون.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم لە جێگای بەروار ڕێکەوت بنووسرێ، چونکە ڕێکەوت مانایەکی گشتی تر دەبەخشێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، کاك (حکمت)، فەرموون.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونم هەیە، لەبەر ئەوەی بەروار هیچ مانایەکی نییە، لەجێگای بەروار ڕێکەوت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی قسەیەکتان هەیە لەو بارەیەوە؟ قسەتان نییە. ماددەی دواتر، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

١-ماددەی (٢٩): سێیەم: هەمواردەکرێتەوە لیژنەکە دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە:-

-لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان.

٢-ماددەی (٢٩): یازدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە

-لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.

-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

٣-ماددەی (٢٩): سێزدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە:-

-لیژنەی دەستپاکی.

-لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

٤-ماددەی (٢٩): پازدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە:-

-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

-لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان دەیەوێت گفتوگۆ لەبارەی ئەو ماددەیەوە بکا با بفەرموێ بۆ ئەوەی ناوەکانیان تۆمار بکەین، کاك (علی حمه صالح)، کاك (محی الدین)، (سەرچنار) خان (هلز) خان، کاك (زکری)، کاك (باڵانبۆ)، (سلمی) خان، کاك (عثمان)، کاك (مەلا ناصر)، کاك (سەروان)، کاك (پێشەوا)، کاك (ئەرشەد)، کاك (بهمن)، کاك (رزگار)، کاك (حکمت)، (حسیبە) خان، کاك (چیا)، کاك (عبدالسلام)، کاك (زانا)، کاك کاك (نزار)، (جوان) خان، (د.زیدان)، (کلارا) خان، کاك (شوان)، کاك (رۆمیۆ)، (د.ریبوار)، (د.گلاویژ)، کاك (هێڤیدار)، (شیرین) خان، (د.عثمان)، کاك (شاخەوان)، (کلستان) خان، (شادی) خان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەوڵ بدەن لە دوو دەقە زیاتر نەبێت خۆ ئەگەر یەك دەقەێکیش بێت زۆر زۆر باشترە، بەرێز کاك (بهمن)، فەرموون.

**بەرێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی من دوو پێشنیارم هەیە دووەم ماددەی (٢٩) پانزەیەم لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و وەبەرهێنان پێکەوە بێت پێم وایە ئەوە ئیشەکانیان پەیوەندی بە یەکترەوەیە هەیە، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و گواستنەوە و گەیاندنیش پێیکەوە بێ پێم وایە باشتر دەبێت چونکە رەبتیان بە یەکەکترە ئەوانە، لە مەسەلەی ئەوەی چوارەمیش ماددەی (٢٩) پازدەیەم لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بە جیا بێ، داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتیش پێکەوە بێت، چونکە مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت تەقریبەت ئیشەکانیان وەکو یەکە باشترە پێکەوە بن لەگەڵ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی هەر ئیشەکەی زۆرترە هەر بە تەنیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (علی حمه صالح)، فەرموون.

**بەرێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز ئەکەم وەبەرهێنان بخرێتە پاڵ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کاروباری ئابووری چییە ئەگەر وەبەرهێنان نەگرێتەوە، چونکە وەبەرهێنان لە (١١) سێکتەردایە لە هەموو سێکتەرەکان وە هەمووشی بۆچییە بۆ تەنویەی ئیقتصادیە، وەبەرهێنانی کشتوکاڵ،

وەبەرهێنانی پیشەسازی، جا ئەگەر وابێ چونکە ڕەبتەکە لە بەینی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنانا زۆر کەمە، تەرکیزی ئاوەدانکردنەوە زیاتر ڕێگا و بانە، بۆیە کاروباری ئابووری وەبەرهێنان خۆی کاروباری ئابوورییە ڕێك ڕەبتەکە بەوەیە، بۆیە داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت کە لە دەرەوەی پەرلەمنیش موناقەشەیە ئێستا تەرکیزێکی دەولی هەیە هەم ڕێکخراوەکانی بواری ئافرەتان داوا دەکەن ئەم لیژنە بە تەنیا بمێنێتەوە وەك ئەوی کە ئێمە ئیهتمام ئەدەین بە قەزیەی ژن وە قەزیەی ژن و ئافرەت لامان گرینگە من پێشنیار ئەکەم ئەم لیژنەیە بە تەنیا بمێنێەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەگەر لە ناو ڕاپۆرتەکەش شتێك هاتبوو هیچ پێویست ناکات بڵێی من دەمەوێت وەکو ئەوە بمێنێتەوە کاك (علی)، کاك (د.محی الدین) فەرموون.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تایبەت بە دابەشکردنی ماددەی (٢٩) پانزەهەم لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان، پێشنیار دەکەم بکرێتە لیژنەی کاروباری ئافرەتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (رزگار عیسی)، فەرموون.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو جێگری لیژنەی شارەوانی بە حوکمی ئەوەی کە لە چەند مانگی ڕابردوو بە عەمەلی و بە فعلی لە ناو کاروباری ئەم لیژنەیەدا بووم، بۆیە بەراستی بە پێویست دەزانین پێشنیاز دەکەین بەم شێوازەی خوارەوەبی هەرچەندە بەڕێزان هەندێکیان ئاماژەیان پێدا کە دەبیتن بەرهەمهێنان بەشەك بیتن لە لیژنەی دارایی، بەڵام ئەو سێکتەرەکانی تریش بە هەمان شێوە ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە بارودۆخی ئابەری کوردستانەوە هەیە وە پێم وایە ئەگەر لیژنەی شارەوانی ببیتەوە هیچ لە بابەت و مەوزوع ناگۆڕیتن، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بەم شێوازەی خوارەوە بیت، لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و بەرهەمهێنان یەك لیژنە بیتن وە گواستنەوە گەیاندن و ئاوەدانکردنەوە لیژنەی دووەم بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (زکری)، فەرموون.

**بەڕێز ژکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢٩) سێیەم، پازدەهەم لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار، گواستنەوە و گەیاندن ئاوەدانکردنەوە وەبەرهێنان لیژنەکا یا گەلەکا مەزنە داواکارێت خەلکی گەلەك زۆرن سکالایێت

خەلكی گەلەك زۆرن ئەز پێشنیار دکەم ببیتە سێ لیژنە لیژنا شـارەوانی و گەشـت و گـوزار، لیژنـا گواستنەوە و گەیاندن، لیژنا ئاوەدانکردنەوە بەرهەمهینان، ببیتە سێ لیژنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (حکمت)، فەرموون.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا زۆر سوپاس پشتگیری کاك (رزگار) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سروان)، فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت لیژنەکان ئەوانەی هەموو لیژنەکان ئەوەی کاریان زۆر جیاکردنەوە لە هەموو لیژنەکـان هەبێت باشتر دەبێت بۆ توانای ئەندام پەرلەمان ئاسانتر و زووتر دەستی دەگا بە کێشـەو گیـر و گرفتەکان، ئەوەی تریش پێشنیار دەکەم بۆ لیژنەی (پێشمەرگە) ئەوانە بکرێتە سێ لیژنە، چـونکە چۆن پێشمەرگە زۆرە و توانای کۆنترۆڵکردنیی نیـیە لەگەڵ لیژنەکـانی تـر و بلێـین ئەگەر بکـرێتە دوو لیژنە ئاسایشیش جیا بکرێتەوە، چونکە بەپێی ژمارە ئاسایشیش ئەوەندەی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی بتوانین زووتر کێشە و گرفتەکان دەستمان پێـی بگـات، ئەوەی تـریش بە نسـبەت لیـژنەی مافی مرۆڤ و ئـافرەت بەراسـتی غەدر لە ئـافرەت دەکـرێ ئەگەر لیـژنەی داکـۆکیکردن لە مـافی مرۆڤ و لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت جیا بکرێتەوە، چونکە سـەندنەوەی مـرۆڤ بـوونە لە ئافرەت، لیژنەی داکۆکیکردن لە مرۆڤ ئەوە خۆی ئافرەتیش مرۆڤە خۆ بوونەوەرێکی تر نییە، بۆیە غەدر لە ئافرەت مەکەن وەك خۆی بهێڵدرێتەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (جوان) خان، فەرموون.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئی هەڤاڵانم هەیە، کە تۆ مرۆڤی مرۆڤ نێر و مێ دەگرێتەوە کەتۆ ئافرەتت جیا کرد لە مرۆڤ و لە مافی مرۆڤ، کەواتە ئافرەت لێرەدا پێناسەی مرۆڤ وەرناگرێ وە هەر کێشە و گرفتێك رووبەرووی ئافرەت دەبێتەوە لە کۆتایدا دەستەی مافی مـرۆڤ و تونـدو تیـژی خێزانـی بەرگری لێدەکات هەردەبێ مافی مرۆڤ بێت سەر خەت وە لیـژنەی مـافی مـرۆڤ دەبێـت لەگەڵ لیژنەی ئافرەت هەماهەنگ کارەکان بکات بۆیە پێم باشە ئە دوو لیژنەیە لەیەکتر جیا نەکـرێتەوە لیژنەی ئافرەتان و مـافی مرۆڤـی لێبێـت نـاوەکەی، ئەو داکـۆکیکردنە نەمێنـێ، چـونکە کە باسـی

داكۆكی كردن لە ئافرەت دەكەیَ وادێتە بەرچاوت كە ئافرەتانی ئێمە هەمیشە لەژێر زەنگ و زەبردان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (گلستان) خان، فەرموون.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەكانی كاك (علی حمە صالح) دەكەم، سەبارەت بە یەكگرتنی لیژنەی وەبەرهێنان لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری دا، سەبارەت بە لیژنەی ژنان بەبڕوای من لیژنەی داكۆكیكردن لە مافی ژنان جێگیر بكریَ بە لیژنەیەكی سەربەخۆ، من مەبەستم وشەكەیە (ژنان) جێگیر بكریَ لەجیاتی (ئافرەت)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی لە راپۆرتەكەدا هاتووە پێویست ناكا بە پشتگیری، ئەگەر عەكسی ئەوەتان هەیە رەئیتان هەیە دەبیَ عەكسەكەی بڵێن، دەستتان خۆش، كاك (عبدالسلام)، فەرموون.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من لە كۆبوونەوەی لیژنەی كاروباری یاسایشدا پرسیارم ئاراستەی جەنابتان كرد، یەعنی جیاكردنەوەی ئافرەت لە مرۆڤ بەراستی كارەساتە، بەتایبەتی لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستاندا لە ماددەی (٢٩) پازدەم دەڵیَ هەموار دەكرێتەوە دەكرێتە دوو لیژنە، لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكیكردن لە مافی مرۆڤ وە لیژنەی داكۆكیكردن لە مافی ئافرەت، ئایا پرسیاركەم ئەوەیە هیچ كەسێك گومانی لە مرۆڤ بوونی ئافرەت هەیە؟ تاوەكو لێرە دوو لیژنەی جیاواز هەبێت واتە پیاوەكە مرۆڤە، ئافرەتەكە مرۆڤ نییە! زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی ئەم جەدەلە كۆتایی پێبیَ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ژن وەكو ئینسان كێشەی ئینسان بوونی هەیە، یەعنی ئەو كێشانەی كە پیاوێك هەیەتی، بەڵام جۆریكی تر لەكێشە هەیە كە پەیوەندی بە ژن بوونەوە هەیە، پەیوەندی بە مرۆڤ بوونەوە نییە بە تەنیا، یەعنی هەندێك بابەت هەیە بۆ نمونە كەسێك كە لە زیندانا تەعزیب ئەكریَ پیاو بیَ یا ژن بیَ ئەوە مافی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵام ژنێك كە بەزۆر بە شوو دەدریَ ئەمە كێشەیەكە تابعێكی تەنها ژنانەی هەیە، پیاو زۆر بە كەم تووشی ئەمە دەبێت، نەبووە بە دیاردە پیاوەكان، بۆ نمونە بە زۆر ژنیان بۆ بهێنرێت، ئەمە لە ڕێكەوتننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتییەكاندا هەن، دەیان ڕێساو قەواعیدی نێودەوڵەتی هەیە تایبەتە بە ڕێكخستن و چارەسەركردنی كێشەكانی ژنان، ئێمە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان ئەم تێكەڵكردنەمان كرد بەرووی رەخنەیەكی زۆر بووینەوە وە ئەم پرسیار كردنە لەوە كە جیا كردنەوەی ژن لە مرۆڤ دەلالەتە عەكسییەكەی وەرگرین، تەسەوڕ

ناکەم ئەمە زۆر مەنهەجی بێ زۆر وەجیە بێ لەبەر ئەوەی جۆری کێشەکانیان جیاوازە ژن بوون هۆکارە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەندێ کێشە ببێتەوە، تەسەور ئەکەم لەسەر ئەم بابەتە هەر شتێکی تر بوترێت دووبارەیە، بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان کە لەبەردەستی بەڕێزتان دایە دووبارەکردنەوەی قسەی هاوەڵەکانتان، جگە لە پشتوانیکردن ڕێپێدراو نییە، (سلمى) خان، فەرموون.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بریا کوردستان بە جۆرێك بوایە پێویستیمان بەوە نەبوایە کە ئێمە لیژنەیێکمان هەبێت بەناوی لیژنەی ژنان، یاخود داکۆکیکردن لە مافی ژنان، بەڵام مادەم وایە بارودۆخەکە لە ئێستا زەرووڕەتە بۆ دروستکردن، ئەم لیژنەیە چۆن لیژنەیەك هەیە ناوی لیژنەی پێشمەرگەیە بەبێ ئەوەی بڵێی داکۆکیکردن لە مافی پێشمەرگە، داکۆکیکردن لە مافی ژنان هیوادارم ئەو داکۆکیکردنە لە مافە لابچێ پشتیوانی لەو هەڤاڵانە دەکەم کە دەڵێ ناوی لیژنەی کاروباری ژنان بێ، یاخود هەر ناوێکی تر کە داکۆکیکردن لە مافەکەی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.زیدان)، فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکانی من لەسەر لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و ئاوەدانکردنەوەیە، لەگەڵ هەمان ڕەئی برادەرانم بەتایبەت کاك (رزگار) و ئەوانە لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە وەبەرهێنان بێتە لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڵام ئیزافەیێکم هەیە پێم خۆشە هەموو بەڕێزان هاوکارم بن ئەویش بکرێتە لیژنەی ئاوەدانکرنەوە و گەشت و گوزار و وشەی شوێنەوار زیاد بکرێت، چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەپێی دوایین داتاکان کە لەبەردەستمانە زیاتر لە هەشت هەزار تا دە هەزار ناوچەی شوێنەواریمان هەیە لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بە بەردەوام ئەو شوێنانە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و تێکدەدرێن کە هەر هەمووشیان مێژووی هەرێمی کوردستان دەوڵەمەند دەکەن، بۆیە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بە گرینگە دەزانین لەناو لیژنەکانی ئێمە ئەو وشەیە هەبێت، بۆئەوەی بتوانین ڕاستەوخۆ پارێزگاری لە مێژوو کەلەپوری هەرێمی کوردستان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بالانبو)، فەرموون.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشبینیەکەم لەسەر مافی ئافرەت بوو گەیشت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (نزار)، فەرموون.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) خاڵی دووەم لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئاوەدانكردنەوە و وەبەرهێنان لەو ماوەیەی كاركردنم وەك بڕیاردەر لەو لیژنەیە، پێم باشە پشتگیری لە ڕەئی كاك (ڕزگار) دەكەم، لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و وەبەرهێنان بكرێتە لیژنەیەك وە لەگەڵ گواستنەو و گەیاند و شارەوانیش بكرێتە لیژنەیەك لەگەڵ شوێنەواریش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (كلارە) خان، فەرموون.

**بەڕێز كلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنا من هاتە گووتن ئەز پشتگیریا ڕەیا كاك (ڕزگار)ی دكەم، (د.زیدا)ی دكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (پێشەوا )، فەرموون.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی هاوڕێم بەڕێز (د.زێدان) تێبینییەكی گرینگە لەبارەی زیادكردنی وشەی شوێنەوار، چونكە ئەوەی ئەو باسی كرد نامەوێ قسەی لەسەر بكەمەوە، شوێنەوارەكانی هەرێمی كوردستان گرینگن مێژووی ئێمە گرینگن هەمووی دیسان لەو شوێنەوارانەدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ئەركی ئێمەیە وەكو پەرلەمان واجبی خۆمان لەبارەیەوە جێبەجێ بكەین، لەبارەی بابەتی لیژنەی ئافرەتان من قسەكان دووبارە ناكەمەوە، چونكە تێبینی هەموومان بوو ئەو بابەتە، تەنها بۆ معالەجەی ئەم پرسە منیش پاڵپشتی لە (د.محی الدین) و هاوڕێیانی دیكە دەكەم لەوەی كە ناوەكەی بكرێتە لیژنەی كاروباری ئافرەتان، ئەوەی كە خۆت وتت ئەو جەدەلە كۆتایی پێبهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموون.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم خاڵی پێنجەم بۆ ماددەی (٨) زیاد بكرێت لە هەموارەكە ئەویش ماددەی (٢٩) برگەی پێنجەم هەموار بكرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە، لیژنەی پەروەردە لیژنەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، یەعنی لیژنە پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی كە پێشتر

له پەیرەوەی ناوخۆ هەبووە جیا بکرێتەوە، ئەمیش لەبەر ئەوەی ئەم دوو لیژنەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە بە دوو سێکتەری زۆر گرینگن وە ئەبێت هەریەکەیان ئیختصاصاتی خۆیان وەرگرتووە، ئیختصاصاتیشیان جیاوازە لە یەکتری هەم لیژنەی پەروەردە، هەم لیژنەی باڵا ئەگەر جیاکرێتەوە کارێکی دروست و باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (چیا)، فەرموون.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی هەبوون سەر لیژنا شارەوانیێ، من پێ باشە لیژنا شارەوانیێ ژبەر بارگرانیێ و ئەو لیژنەکا خزمەتگوزارییە ژبەر بارگرانییا ل سەر لیژنا شارەوانیێ ب تنێ بمینیت لیژنا دوویێ لیژنا گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار بیت، هەروەسا لیژنا ئاوەدان کردنەوە و بەرهەمئینان لیژنەیەك، یەعنی ئەڤ لیژنە ببیتە سێ لیژنە لیژنا شارەوانی بتنێ بیت، هەروەسا پشتەڤانیا دکتۆر زێدانی دکەم شینواریێ کەلێ بێتە زێدە کرن، سێیی ژی هەروەسا لیژنا داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، من پێباشە کەلیما داکۆکی کردن بێتە راکرن، چونکی ئەم هەر پازدە لیژنە داکۆکی ل هەمی مافا دکەین نە تنێ مافێ ئافرەتا، کەلیما داکۆکی کردن بێتە لادان، پشتەڤانیا جوان خانێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شیرین) خان، فەرموون.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکان (جوان) خان دەکەم و دەمەوێت لیژنەی مافی مرۆڤ و ژنان بەیەکەوە بێت، چونکە ئەو دوانە تەواوکەری یەکترین ئێمە نیوەی کۆمەڵین و دایکی نیوەکەی دیکەشین، ناکرێ خۆمان جیاکەینەوە ئەبێ هەموو بەربەستەکان خۆمان بیشکێنین ئەو لیژنەیە هیوادارم بەیەکەوە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (ملا احسان)، فەرموون.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی هەر پشتگیریا پێشنیارا دکتۆر زێدانی دکەم، دواتریش ب نسبەت لیژنا کاروباریێ کۆمەڵایەتی بتنێ بمینیتەڤە، مافێ مرۆڤ ئو ئافرەتان پێکڤە بمینیت، چونکی گەلەك ئیلاقاتەکا

ئێگجار مەزن پێکڤە گرێداینە نەشێی ژ ئێك جودا بکەین، لەوما ئەز ژی پشتگیریا ڤێ پێشنیارێ دکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (شاخوان)، فەرموون.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەكەم ئێمە پێشووتر لە لیژنەی پێشمەرگە دیراسەمان كردووە وە تا ڕادەیەك هاوڕاین لەسەر ئەوەی كە لیژنەی پێشمەرگە بكرێتە لیژنەی پێشمەرگە و تێكۆشەرە دێرینەكان، چونكە ئەوانەی كە لە خەباتی نیشتمانی نەتەوەیی ماندوبوون هیلاك بوون بۆیە لایەنی كەم لە لیژنەی پێشمەرگە ناویان بێت و جێگایان بكرێتەوە، لیژنەی پێشمەرگە بكرێ بە لیژنەی پێشمەرگە و تێكۆشەرە دێرینەكان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (ملا ناصر)، فەرموون.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكانی كاك (شاخەوان) دەكەم، لیژنەی پێشمەرگە بكرێتە لیژنەی پێشمەرگە و تێكۆشەرە دێرینەكان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (حسیبە) خان، فەرموون.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تا سرە گەیشتە من تەواوی قسەكان كران، منیش هەر پێم باشە لە ماددەی (٢٩) خاڵی پێنجەم زیاد بكرێت بۆ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە حوكمی ئەوەی دوو لیژنەی پڕكارن بكرێ بە دوو لیژنەی جیا لیژنەی پەروەردە بە تەنها بێت وە لیژنەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی جیاتر بێت، بە نسبەت خاڵی چوارەمیش لە لیژنەكان ئەوەی كاروباری ئافرەتان هەرچەند زیاد لە پێویست باسكرا بەڵام من بۆ عینوانی لیژنەكە پێم باشە بكرێت بە لیژنەی ئافرەتان و داكۆكیكردن لە مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (زانا)، فەرموون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونم هەیە لەسەر خاڵی چوارەم لە ماددەی (٢٩) پازدەهەم، عینوانی لیژنەكان بەم شێوەیەی لێبێ لیژنەی یەكەم لیژنەی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی ئەمە وشەی (كار)ی بۆ زیاد

بكرێ، چونكە وەزارەتەكەشمان بە ناوی وەزارەتی كار و كاروبـاری كـۆمەڵایەتییە وە ئەو لیـژنەیە ئەگەر تەرجەمەشـی بكەیـن دەبێـتە عەمەل و شـئونی ئیجتمـاعی نەك تەنهـا لیـژنەكە شـئونی ئیجتماعی بێ، چونكە كار لە هەرێمی كوردستان پێویستیمان بە زۆر هەمواری یاسایی و یاسای تازەش لە هەرێمی كوردستاندا دەبێت لەم بوارەدا، خاڵی دووەم بمبوورن وەڵام نابێـت بـۆ هـیچ یەك لە هاورێكـانم لەنـاو هـۆڵی پەرلەمـان، بەڵام ئـێمە تـاوەك و ئێسـتا لەنـاو پەرلەمـانی كوردستانداین نەگەیشتووینەتە ئەو كاتەی كە پێكەوە بیر بكەیـنەوە لە ماناكـانی ئـافرەت یـان ژن هەریەكێكمـان كە دەڵێـت ژن ئەوی تـر دەڵێـت ئـافرەت، بەداخەوە تـاوەكو ئێسـتا ئەو جەدەلە كۆتایی پێ نەهاتووە، جا چ ئێمە بێین لیژنەیێكی بۆ دابنێین، بۆیە من پێشنیاری جیاوازترم هەیە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریم بكەن لیژنەكە بەم ناوەی لێبێت، لیژنەی خانمـان و مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شادی) خان، فەرموون.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نامەوێت زیاتر لەوەی كە باسی ئەم بابەتە كراوە، واتە خاڵی چوارەم ماددەی (٢٩) پازدەهەم، ئەم دوو لیژنەیە جیـا بكـرێتەوە یـاخود ئەم لیـژنەیە كە ئێسـتا هەیە ببێـتە دوو لیـژنە مـن تەنیـا كۆمەڵێك خاڵ دەڵێم كە نەوتراون تا ئێستا بۆ ئەمەش پشتگیری كاك (علـی) و (گلسـتان) خـان و (د.محی الدین) و (سلمی) خان كە ناوەكەی كاروباری ئافرەتـان بێـت، ئەو داكـۆكیكردنە لە مـافی ئافرەت لاببرێت، چونكە كۆمەڵێـك شـت هەن پێویسـتە ئـێمە لەبەرچـاوی بگـرین، یەكەم رێـژەی سـكاڵاكردن لە هەرێمـی كوردسـتاندا بەپێـی داتاكـانی شـەش مـانگی یەكەمـی بەرێـوەبەرایەتی بەرەنگـاربوونەوەی توندوتیـژی رێـژەی سـكاڵاكردن زۆر بەرز بـۆتەوە بە واتـایەكـی دیـكە ئـێمە لە مەرحەلەیەكی ئینتیقالیاین لە مەسەلەی ژنانا ژنان هێواش هێواش باوڕ بەوە دەهێنن كە خۆیـان داوای مافەكـانی خۆیـان بـكەن سـكاڵا بنووسـن، ئەمە بۆمـان ئەسـەلمێنێ ئـێمە لە مەرحەلەی ئینتیقالیاین مەرحەلەی ئینتیقالی هەموومان ئەزانین كاتێك لە قۆناغێك ئەچیتە قۆناغێكی دیكە قۆناغی داهاتوو كۆمەڵێك مەشاكیلی زیاتری پێیە وە كۆمەڵێك مەشـاكیل كە كـۆن هەمـان بـووە نامێنن واتە لەبەر دەمی وەیاین.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورن هیـیچ ئیزافەیەكی تیا نییە، (هلز)خان، فەرموون.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چونكی هەمی ئەو پێشنیارێت من ڤیان هاتن گۆتنێ ئو ژبەر گرنگیا سەكتەرێ پەروەردێ كو دوو سەكتەرێت هەرە گرنگن و شۆلێ وانـا یـێ بەرفـرەهە گەلەك مەیـدانا وێ و گەلەك ئاریشـە د ڤـی

سەکتەری دا هەنە، ژبەر بەرفرەهیا مەیدانا کاریٚ پەروەردەی ئەز پێشنیار دکەم ئو پشتگیری ل هەر دوو بەرێزان دکەم ماموٚستا حەسیبا ئو ماموٚستا سەرچنار کو خالەك بێتە زێدە کرن خالا پێنجێ کو ماددا (٢٩) پێنجەم هەموار بکرێت و بکرێتە دوو لیژنە، لیژنەی پەروەردە مەیدانەکا بەرفرەهە مەیدانەکە ژ باخچەی دەست پێ دکەت هەتا پۆلا دوازدێ، توێژەکە جودایە کارەکێ جودایە و ئاریشێت وان جودانە، سەکتەرێ دیتر کو ئەم بێژین ببیتە لیژنا خوێندنا بالا و توێژینەوا زانستی کو زانکۆیە گەل پەیمانگەها، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شادی) خان ئەگەر قسەێکت هەیە دووبارە نییە دەرفەتێکت دەدەمەوە، فەرموون.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ خالێکی تر لەسەر ئەوە زیاد ناکەم، بەڵام ئاماژە بە یەك شت ئەدەم، سەرەتای دەستپێکردنی قسەکانم من ئەو خاڵانەی کە ئێشتا نەموتبوو هەمووی جیاواز بوو، بەڵام نایانڵێم سەرتای دەستپێکردنی قسەکانم تۆ خۆت وتت دوو دەقە من یەك دەقەش قسەم نەکرد، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دەقەێك زیاتر قسەت کرد، کاك (رومیو)، فەرموون.

**بەرێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت، تاوتوێی ئەو بڕگەیەمان کرد بڕگەی چوارەم بەشی زۆی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش لەسەر ئەوە بوون کە بکرێت بەوەی کە دارشتنەکەی جیاواز بێت لەوەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی، بکرێت بە لیژنەی ئافرەتان و مافی مرۆڤ، دووەم لیژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی ئێمە بە فیعلی لە هەرێمی کوردستانا بۆنمونە لە دەزگای یاخود لە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ هەیە کە کار لەگەڵ هەردوو رەگەزەکە دەکات ئەگەر پیاو بێت ئەگەر ژن بێ وە لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەرایەتی توند و تیژی خێزانیمان هەیە لە خێزانا پیاوە ئافرەت هەیە منداڵ هەیە، بۆیە ئێمە پێمان وایە لەوانەیە بەشی زۆری بیروبۆچوونی ئەم بەڕێزانە بۆ ئەوەی لیژنەی ئافرەت بە تەنیا بیت یاخود ژن؟ لەبەر ئەوەی ئێمە جوگرافیا و کۆمەڵگامان جیاوازە لە هی جۆرێك لە دەوڵەتانی دونیا، ئەبێ ئەم شتانە بە هەند رابگرین، بۆ مەسەلەی خاڵی دووەم کە ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی کە باسیان لە شوێنەوار کرد، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەگەر نەشکرێ کە لیژنەیەکی تایبەت بە شوێنەوار هەبێ، بەڵام شوێنەوار ئەم لیژنەیە بکرێتە سێ بەش یەکەمیان لیژنەی شارەوانی و شوێنەوار و گەشتوگوزار، دووەم لیژنەی گواستنەوە و گەیاندن سێیەم لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ارشد فەرموون.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کراوە تەنها دەمەوێت پشتگیری لە قسەکانی کاك (بهمن) و کاك (علی) و (د.زیدان) بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (شوان)، فەرموون.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەکانی بەڕێز کاك (رزگار) و (د.زیدان) دەکەم، قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.عثمان)، فەرموون، جەنابت داوات نەکردبوو قسە بکەی.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، ناوی پێشمەرگە هەموومان قەردارین بەراستی، هەموو گەلی کورد بۆی نەکراوە بە پێشمەرگە بێت لە شاخ بێت بەڵام هەموو گەلی کورد لە دژی دوژمنانی تێکۆشاوە، ووشەی تێکۆشەرە دێرینەکانی بۆ زیاد بکرێت، پشتیوانی قسەکانی مامۆستا شلخەوان و مامۆستا ناصر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێچەوانەی هەڤاڵەکانم لەگەڵ زیاد کردنی لیژنەکانی پەرلەمان نیم بەڵکو لەگەڵ کەم کردنەوەش دام لەبەر ئەو پاساوانەی خوارەوە، یەکەم توێژینەوەیەك کراوە لە سەر سی پەرلەمانی زیندووی دونیا کە دەڵێت ژمارە و قەبارەی لیژنەکان هۆکارێکە بۆ کاریگەر بوون وە یەکێك لەوانە کە توێژینەوەیەکە لە سەر کۆنگرێسی ئەمریکا کە دەڵێت هۆکاری کۆسپ و کێشەکانی ناو کۆنگرێس زۆری لیژنەکانە، دووەم بە ئەزموونی خۆمان لە شەش ساڵی پەرلەمانی کوردستان مرۆڤ ناتوانێت لە یەك کاتدا حەقی دوو لیژنە بدات، زۆربەی هاوڵەکان کە کۆبوونەوەی لیژنە دەکرێت پەلە پرۆزەیانە فریای کۆبوونەوەی لیژنەکەی تر بکەون بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە لە یەك رۆژدا دوو کۆبوونەوە دادەنرێت، ئینسان دەتوانێت خۆی قاڵ بکاتەوە موتەفەرق بێت بۆ یەك لیژنە هەم لە رووی پسپۆڕی هەم لە رووی تایبەتمەندی هەم لە رووی

پێڕاگەیشتن وە مەرجیش نییە ئێمە ئیش و کاری ئەو لیژنانە وورد بکەینەوە بۆ هەموو ئەو بوارانەی کە لە کاروبارەکانی ئەو لیژنانە دەیانگرێتەوە، ئەمەش نمونەی هەندێك پەرلەمانی دونیایە کە ژمارەی دانیشتوان و کورسییەکانی پەرلەمانیان لە ئێمە زیاترە و لیژنەکانیشیان کەمترە، پەرلەمانی ئەڵمانیا (٦٦٢) کورسییە (٢٢) لیژنەیان هەیە، فەرەنسا بە (٥٧٧) کورسی (٦) لیژنەیان هەیە، هیندستان (٥٤٥) کورسی (١٨) لیژنەیان هەیە، یابان (٥١١) کورسی (٢٠) لیژنەیان هەیە، ئەمریکا (٤٣٥) کورسی (١٩) لیژنەیە، تایلەند (٣٦٠) کورسی (١٥) لیژنە، کەنەدا (٢٩٥) کورسی (٢٠) لیژنە، ئەرجەنتین (٢٥٤) کورسی (٣٨) کورسی، پورتوگال (٢٣٠) کورسی (١٢) لیژنە، سەنیگال (١٢٠) کورسی (١١) لیژنە، وە ئەوەی دەورووبەریشمان میسر(٥٩٦) کورسی (٢٥) لیژنەی هەیە، ئەردەن (١٩٥) کورسی (٢٠) لیژنە، تورکیا (٦٠٠) کورسی (١٧) لیژنەیە، ئێران (٢٩٠) کورسی (١٦) لیژنەی هەیە وە عێراقیش (٣٢٨) کورسییەوە (٢٤) لیژنەی هەیە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام بۆ ئەوەی کە ئەندامان حەقی لیژنەکانی پەرلەمان بدەن ئەندامی پەرلەمان لە یەك لیژنەدا ئەندام بێت نەك لە دوو لیژنەدا، چونکە لە دوو کاتدا ناتوانێت حەقی دوو لیژنە بدات ئەوە وەکو ئەزموون، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك ابوبکر، کاك هیڤیدار.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ماددەی (٨) ئەمن باسی ماددەی دووەم دەکەم لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و گەیاندن وە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، لەبەر ئەوەی بابەتی وەبەرهێنان زۆرتر رەهەندێکی دارایی و ئابووری هەیە لە پێشخستنی ئابووری وولاتدا بەشدارە زیاد کردنی سەرچاوەی داهاتە، ئەمانە هەمووی دەبەسترێتەوە بە لیژنەی دارایی و ئابووری، بۆیە داوا دەکەم پشتگیری برای بەڕێزم کاك علی حمە صالح دەکەین کە کاری وەبەرهێنان زیاد بکرێت لە سەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆر رێبوار.

**بەڕێز رێبوارعبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (٢٩) سێزدەیەم کە باس لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان و دەسپاکی دەکات، دیارە وشەی دەسپاکی یا ئەو لیژنەیە جیا کراوەتەوە کراوە بە لیژنەی دەسپاکی وە لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، خۆتان دەزانن کە وشەی سکاڵا یان چەمکی سکاڵا هاوتەریبە لەگەڵ چەمکی دەسپاکی، واتا لە هەر شوێنێك گەندەڵی هەبێت نادەسپاکی هەبێت لەوێ، پێویستە سکاڵا هەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم یان وشەی سکاڵا لەگەڵ لیژنەی دەسپاکی و سکاڵای لێ

بکرێت یان لیژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە لە راستیدا خۆی ئەم لیژنەیە کاروبارەکانی زۆر کەمە مەعقول نییە ئەم لیژنەیە بکرێت بە دوو لیژنە، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریش ئەوەی کە پەیوەست بێت کە بە مافی ئافرەت کە زۆرێك لە برادەران قسەی زۆریان کرد، من دەمەوێت تەوزیحێك لە سەر ئەو بابەتە بدەم، پێموایە ئافرەت خۆی قەزیەیە، بەڵام ئەم قەزیە دوو رەهەندی هەیە رەهەندێکیان مرۆییە وە رەهەندێکیشیان کۆمەڵایەتیە لە چوارچێوەی ئەو دوو رەهەندە دەتوانین پێناسەی مافی ئافرەت بکەین یان دۆزی ئافرەت بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەم لیژنەیە لە بنچینەدا وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەت لە رەهەندی کۆمەڵایەتی دانەماڵرێت وە هەروەها لە رەهەندی مرۆیی دانەبڕێت، یەك تکام هەیە لە جەنابت کە لە دەستپێك دا جەنابت رێگەت نەدا وتت پەیڕەوی نییە وا پێناسە کراوە لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی من داوا لە جەنابت دەکەم کە ووشەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئیزافە بکرێت بۆ لیژنەی پەیوەندییەکان، لەبەر ئەوەی جەنابت دەزانیت دوو جۆر پەیوەندی هەیە پەیوەندی ناوخۆیی هەیە پەیوەندی دەرەوە، بۆ ئەوەی کە ئەم لیژنەیە بە مانا راستەقینەکە و وەزیفەکەی و پسپۆڕییەکەی خۆی هەڵسێت، پێویستە بکرێت بە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و رەوەندی کوردستانی، ئەوەشی کە پەیوەست بێت بە پێشنیاری....

**بەڕێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاتەکەت تەواو بوو، کاك عثمان وەبزانم ئێمە هەڵەیەکمان کردووە لە جیاتی کاك عثمان بنووسین کاك دکتۆر عثمانمان نووسیوە، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەخنەیەکی بچووکم هەیە، لەبەر ئەوە من یەکەم کەس دەستم بەرز کردەوە بەداخەوە ئیتر هەر باش بوو، سوپاس بۆ کاك عباس لەوانەیە ناوەکەشمان هەر نەمابووبێت.

**بەڕێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارەماددەی (٢٩) سێیەم کە هەموار دەکرێتەوە لیژنەکە دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە، لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان کە برادەران بە سوپاسەوە کە دیارە جەنابی کاك شاخەوان، جەنابی کاك مەلا ناصر و کاك مەلا عوسمان کە ئەو پێشنیارەیان کرد کە ئێمە پێشتریش باسمان لەوە کردبوو کە لیژنەی پێشمەرگە بکرێت بە لیژنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ، لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئێمە لێرە هەمووومان ئەندامی پەرلەمانین قەرزاری ئەو تێکۆشەرانەین، بەڵام زۆر بەداخەوە دەتوانم بڵێم لە ساڵی (١٩٩١)ەوە کە پەرلەمان یاسای دەرکردووە تا ئێستا یاسای کەم ئەندامانی سەنگەر هەیە بە خۆشحاڵیەوە دەتوانم بڵێم بەشێك لە مافەکانیان پارێزراوە، یاسای زیندانیانی سیاسیمان هەیە بەهەمان شێوە، بەڵام زۆر

بەداخەوەم ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە ئەمڕۆ کەمترین دیفاعیان لێ دەکرێت کە گیانی خۆیان بەخت کردووە پێویستە لە سەر شانی ئێمە لیژنەیەکی تایبەت هەبێت بە لیژنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ، چونکە ئەم بەرهەمەی ئێمە کە حکومەت و پەرلەمانی کوردستانە بەرهەمی ئەو تێکۆشەرانەیە کە زۆربەی هەرە زۆریان لەم پێناوەدا شەهید بوون و گیانی خۆیان لەدەستداوە، ئەوانەش کە ماون زۆربەیان نەخۆش و سەقەتن کەتا ئێستا کەمترین مافیان نەپارێزراوە، بۆیە داوا لە سەرجەم ئەندام پەرلەمانان دەکەم لە ئێستا و لە داهاتوو هەوڵ بدەین بۆ گەڕانەوەی مافی تێکۆشەرە دێرینەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دکتۆرە گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) لە سەر بڕگەی (١٥) قسە دەکەم، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، من پێم باشە وەکو ناوی وەزارەتەکە لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئەوە هەر وەکو وشەیەکی مەعنەوی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە ناویان لە ناو لیژنەیەکی پەرلەمان دا هەیە وە وەکو ئێمەش دەزانین لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دیفاع لە کاروباری کەم ئەندامەکان دەکات خاوەن پێداویستییەکان دەکات، بۆیە پێم باشە وشەی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ ئەم لیژنەیە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك شاخەوان دەکەم، کە لیژنەی پێشمەرگە بکرێتە لیژنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکانی کوردستان، بۆ ماددەی (٨) لیژنەی شارەوانی و گواستنە و گەیاندن، ئەمە لە ڕاستی دا خۆی لیژنەی وەبەرهێنان و شارەوانی ڕەبتیان بەیەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو زەویانەی بۆ کاری وەبەرهێنان دیاری دەکرێن لە لایەن شارەوانییەوە دیاری دەکرێن شارەوانی لەگەڵ وەبەرهێنان لە یەك لیژنەلابرێت ڕەنگە باش نەبێت، من ئەوە پێشنیار دەکەم لیژنەی گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزارو ئاوەدانکردنەوە بکرێت بە یەك لیژنە وە لیژنەی شارەوانی و زائیدەن وەبەرهێنان بکرێت بە یەك لیژنە، لەبەر ئەوەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ گواستنەوە و گەیاندن و ئەوانە ڕەنگە کاریان بەیەکەوە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیەکتان هەیە، بەڵێ کاك کاوە فەرموون پێش ئەوەی لیژنەی یاسایی بە ڕەسمی وەڵام بدەنەوە کاك کاوە و کاك جلال قسەیان هەیە، فەرموون، کاك بژاریش، جەنابیشتان بەسەرچاو کاك عباس.

**بەڕێز كاوه عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢٩) بڕگەی (٥) لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بێ گومان وەكو هەمووومان دەزانین پەروەردە بناغە و بنیادنانی هەر كۆمەڵگایەك لە پەروەردەوە دەست پێدەكات، بۆیە پەروەردە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەر خێزانێكی ئەو كۆمەڵگایەوە هەیە وە من پشتگیری لە هلز خان و سەرچنار خان و حسیبە خان دەكەم كە ئەو دوو لیژنەیە لە یەكتری جیا بكرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك جەلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی قسە بكەم، لەبەر ئەوەی من تێبینییەكان دەنووسم وە فریا نەكەوتم ئەو ماددەیەش زۆر بوو، داواكارم لە هەر بەڕێزێك ئەو تێبینیەی هەیبووە بە نووسین بۆمان بنێرێت بۆ لیژنەی یاسایی یان دواتر پێمان بدات، بۆ ئەوەی بتوانین تێبینییەكەی وەكو خۆی لە موقتەرەحەكان جێ بكەینەوە لە خوێندنەوەی دووەم سوپاس سەبارەت بەوە، سەبارەت بە ماددەی (٨) لە وشەی پێشمەرگە و تێكۆشەرە دێرینەكان پشتگیری كاك شاخەوان و ئەو برا بەڕێزانە دەكەم كە وشەی تێكۆشەرە دێرینەكانی بۆ زیاد بكرێت وە سەبارەت بە لیژنەی شارەوانی كە جیا بۆتەوە پشتگیری كاك علی و كاك هێڤیدار دەكەم، سەبارەت بە ووشەی ژنان و ئافرەتان پشتگیری برای بەڕێزم كاك زانا مەلا خالید دەكەم كە بكرێتە وشەی خانمان، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك بژار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەركی پەرلەمان.**

من پێشنیارەكا هەی ئەدا كارێ پەرلەمانی داكو پەرلەمان درست نوێنەرایەتیا خەلكێ خۆ بكەت كارێ پەرلەمانی و ئەدایا كارێ پەرلەمانی دابەش بووە سەر پازدە لیژنێت پەرلەمانی، ئەز بینم بۆ واقعێ مە و بۆ هەمی تەق و چینێت خەلكێ كوردستانی كو بێبەش نەبن فەرمانبەر ئیحتماله ژمارا دەقیق دەڤ من نینە نزیكەی حەفت سەد هزار مرۆڤانە ل ناڤ هەرێما كوردستانێ، ئەز پێشنیار دكەم لیژنەیەك بناڤێ چ لیژنا كاروبارێ فەرمانبەران یان لیژنەیەك بناڤێ فەرمانبەرا و وەزیفێ گشتی كو هەبیت فەرمانبەر چینەكا گەلەكا مەزن ژخەلكێ هەرێما كوردستانێ ئەز پێشنیار دكەم، لدیڤ برگە سێ ژ ماددا (٩١) ژ پەیڕەوێ ناڤخۆیێ پەرلەمانێ كوردستانێ ئەگەر ئەز ئەخیر كەس بم كو من ئاخفتی یا قەبل ئەخیر بم ئەڤ پێشنیارە بە هەند تێتە وەرگرتن د ڕاپۆرتا داهاتی دا، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالّح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم لیژنانە هۆكارێك هەبوو بۆیە كەمتر لە لیژنەی یاسایی گفتوگۆ كراوە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكەم ڕێگەمان پێ بدەن ئەگەر ڕێیەكی زیاتر هەبێت لێرە ئێمەش قسەی لە سەر بكەین، بە نسبەت لیژنەی پێشمەرگە ڕاستە فیعلەن گەورەیی پێشمەرگە زۆرە و هەموو ئەوانەی ئێستا و پێشتر پێشمەرگە بوونە دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە لە دوایی ڕاپەڕینەوە ئەو تێكۆشەرانەی خانەنشین بوون لەوانەیە تووشی كۆمەڵێك كێشە و گیر و گرفت هەبن بۆیە شوێنێك هەبێت لە پەرلەمانی كوردستان لیژنەیەك بێت تایبەتمەند بێت بەمانەش كە بە لیژنەی خۆیانی بزانن وە زائیدەن پێشمەرگەی كەمئەندامی سەنگەر لەبەر ئەوەی ڕاستە ئەوانە وەزارەتیان هەیە و شوێنیان هەیە وە بۆ پێشمەرگەش یاسایی تایبەت بە خانەنشینی هەیە بە ڕاستی ڕێزلێنان لە پێشمەرگەی دێرین هەیە و یاسایەكەی وەكو كەمئەندامان مەوجودە، بەڵام بۆ ئەوەی لیژنەیەكی تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی داواكارییەكانیان بكەن پێم باشە لیژنەی پێشمەرگە و تێكۆشەرە دێرینەكان و كەمئەندامانی سەنگەر بێت، ئەمە لە لایەك مەسەلەی شوێنەوار نازانم ئەمە لە تەبع دەبێت لە بیر كرابێت یان نە، لە خولی ڕابردوو وشەی شوێنەوار هەبووە، شوێنەوار زۆر گرنگە پێویستە ئیزافە بكرێت بۆ لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و شوێنەوار و گەشت و گوزار بەم شێوەیەی لێ بێت، مەسەلەی وەبەرهێنان زۆر جەدەلی لە سەر كراوە هەم لیژنەی دارایی و لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و لیژنەی شارەوانی لە جاری تریش بەر لیژنەی ئاوەدانكردنەوە كەوت بە هۆی هەموو گفتوگۆكانەوە، بەڵام وەبەرهێنان نە تایبەتە بە دارایی نە تایبەتە بە شارەوانی نە تایبەتە بە ئاوەدانكردنەوە تایبەتە بە هەرسێكیان، یەعنی تۆ وەبەرهێنان لە دەرەوەی سنوری شارەوانی هەولێر دەكەی لە ناو سنوری شارەوانی دەكەی لە هەموو كاتەكانیش وەبەرهێنانە پەیوەندی بە داراییەوە هەیە، بۆیە لە هەر لیژنەیەكیان بێت حالەتێكی ئاسایی دەبێت ئەمە زۆر گرنگ نابێت، دەربارەی لیژنەی ژنان ئافرەتان ئەمە بە ڕاستی قسەی زۆری لەسەر كراوە من ڕەئی خۆم دەڵێم لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و ئافرەتان پێكەوە بێت، یەعنی تەقریبەن ڕەبتیشیان پێكەوە هەیە وە مافی مرۆڤ لەبەر ئەوەی بۆ پیاوانانیشە و بۆ ژنانیشە یەعنی لیژنەیەكی سەربەخۆ بێت، بەڵام من پشتیوانی ئەم ڕەئییە دەكەم بە ڕاستی خوێندنی باڵا و پەروەردە پێویستە بكرێت بە دوو لیژنە من پشتیوانی ئەو ڕەئیانە دەكەم كە لەم هۆڵە بۆ بەش كردنی ئەم لیژنەیە هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، نوقتە نیزامە كاك جلال؟

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی من گلەییەکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، سەرڕاحەتەن زۆربەی لیژنەکان بەش بەش کراوە، لیژنەی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان و هونەر و رۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوە عەین قیتارە، دوو دکتۆرە ئەورۆکە بە سەرڕاحەت سەکتەری وەرزش و هونەر هەمووماان تۆش یەکێکی لەوان کە زۆر پاڵپشتی وەرزشوانان دەکەیت وە لە چاوپێکەوتنەکەش ئەوەمان بینی، ئەمڕۆ لە وولاتان وەرزش و هونەر ئێستا من تەحەدا دەکەم یەك بزانیت سەرۆکی بەرازیل ناوی چییە؟ بەس کەس نییە رۆناڵدینۆ نەناسێت، کەس نییە مێسی نەناسێت، ئێستا مێسی خۆی تەرشیح بکات دەبێتە سەرۆکی کەتەلۆنیا، بۆ نمونە هونەرمەندێك

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمانە هیچیان خاڵی پەیڕەوی نین

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

با قسەکانم تەواو کەم دکتۆرە، هەموو لیژنەکان پارچە پارچە کراون بۆ ئەو لیژنە دوور و درێژە؟ بۆ حەق بە وەرزش نەدرێت؟ بۆ حەق بە هونەر نەدرێت؟ لە زەمانی جۆرج بۆشی کوڕ باوەڕ بکە دوو شەو پێشی ئینتخاباتی کۆتایی بە یەك قسە مایك تایسۆنی کۆچکردوو نەزەرەی ئینتخابات هەبوو گۆڕا جۆرج بۆش دەرچوو، بەس ئەو ووتی من پاڵپشتی جۆرج بۆشی کوڕ دەکەم، بە راستی لە وولاتی ئێمە نە گرنگی بە وەرزش دەدرێت نە بە هونەر دەدرێت، یەعنی ئەو لیژنە دوور و درێژە پێشنیار دەکەم برادەرانی لیژنەی یاسایی حەقە وەرزش بە تەنیا بێت رۆشنبیری یاخود هونەریش بە تەنیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك ڕێڤینگ ئەگەر نوقتە نیزامە، فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

وشا پێشمەرگە ئو پێشمەرگە بوو براستی دوو تشتا ژێك جیا دکەتەڤە، ژبەر هندێ ئەز پشتگیریێ ل پێشنیارا هەڤالێت خۆ دکەم کاك شاخەوان و کاك عثمان کو تێکۆشەرێن دێرین جهەك بۆ دناڤ یاسایێ دا یان ل پەیرەوێ ناڤخۆ یێ پەرلەمانی بۆ بێتە دیتن، دیسان شونەوارا جهەکێ گەلەکێ گرنگ هەیە دڤێت ئەم پشتگیریێ ل کاك زێدان دکەم و لیژنێت دیترێ ژی پشتگیریێ ژ کاك رزگار وان دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەگەر نوقتە نیزامە سلمە خان.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە نازانم نوقتە نیزامە یان نا، بەڵام ئەگەر کەسێك رایەکی هەبێت بۆ نمونە من دەمەوێت پشتیوانی رایەك بکەم، بۆ نمونە رایەکی مەقبولە کاك زانا پێشنیاری کرد لیژنەکە کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام بەپێی پەیڕەو جارێکی تر دەرفەتی قسەم نابێتەوە بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەم نازانم هیچ حەلێك هەیە؟ یاخود

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی ئەخیر دوو کەس.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

ئەو ئەخیر نەبوو، لەوانەیە ئەو پرسیارە لای زۆربەمان هەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەیری پەیڕەو بکە، بۆ قسەکەری ئەخیر دوو کەس، خۆیی مەنتیقی ئەوەیە بوترێت کەسی ئەخیر، ئەگەر خۆیی بوو مەنتقی تێدایە و پرسیارێکی وەجیهە، بەڵام کاك زانا قسەکەری ئەخیر نییە، موعالەجە نەکراوە

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

ئەی ناکرێ ئەو شتە موعالەجە بکرێت لە پەیڕەودا؟

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حازری بکەن بۆ جارێکی تر.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

هەموارێکی تر؟

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەکرێت هەموارێکی تر بکەین. کاك کاظم ئەگەر نوقتەی نیزامە فەرموون.

**بەڕێز کاظم فارووق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەو شتەی هەمە بە نیو دەقە دەیگەیەنم، زۆر باسی لیژنەی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگە و ئەوانە کرا، ئەگەر مەبەستمانە خزمەتیان بکەین با ئابوونەیان لێ نەستێنین، چونکە بە راستی ئابوونەیان لێ وەردەگیرێت....

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پەیوەندی بەم دانیشتنەوە نییە کاك دکتۆر کاظم، فەرموون لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیەکتان هەیە، قسەت نەکرد کاك عباس جەنابت؟ بەڵێ ئەگەر روونکردنەوەتان هەیە لە سەر پێشنیازی پەرلەمانتارن، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی كاك جلال ووتی ناكرێت هەر قسە بۆ قسە بكەین بە ڕاستی، ئەمە لیژنەی یاسایی ئەو پرۆژەیەی پێشنیار نەكردووە ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەكەیان پێشكەش كردووە لە سەر ئەساسی پرۆژەكە ئەمە كراوە ئێمە لیژنەمان دابەش نەكردووە، ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیان پێشكەش كردووە و سەرۆكایەتی ئاراستەی لیژنەی یاسایی كردووە، لیژنەی یاسایی بەس لە سەر ئەساسی پرۆژەكە ڕێكخستنەوەی بۆ كردووە و هێناویەتەوە بەردەمی پەرلەمان و دەنگیان بۆ داوە، بۆیە ناكرێت پێوابێت ئێمە پرۆژەیەكمان داناوە و ئاراستەی دەكەین، بۆیە داوا لە سەرۆكایەتی دەكەم قسەكەشی لە پرۆتۆكوڵ بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموون بڕۆنە سەر ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ماددەی (٤٢) دووەم هەموار دەكرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یەك: وەزیری پەیوەندیدار لەسەر داوای خۆیی و بەرەزامەندی سەرۆك یان لە سەر داوای لیژنە لە كۆبوونەوەی لیژنەكان ئامادە دەبێت، كاتێك گفتوگۆی بابەتێك دەكرێت كە پەیوەندیدارە بە وەزارەتەكەی وە دەتوانێت ستافی وەزارەتەكەی لەگەڵ خۆیی بهێنێت بۆ كۆبوونەوە، هەروەها تێڕوانینەكانیشیان لە سەر بڕیاری لیژنە لە ڕاپۆرت جێگیر دەكرێت بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

دوو: ڕێزبەندی بڕگەكانی ئەم ماددەیە دەگۆڕدرێت بەم شێوەیە، یەكەم وەك خۆیی دەمێنێت، دووەم دەبێتە پێنجەم، سێیەم دەبێتە دووەم، چوارەم دەبێتە سێیەم، پێنجەم دەبێتە چوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێكی پەرلەمان دەیەوێت گفتوگۆ لەبارەی ئەو ماددەیەوە بكات فەرموون بۆ ئەوەی ناوەكانتان تۆمار بكەین، (كاك دابان، كاك زانا، ڕۆژان خان، مامۆستا جهاد، كاك حیكمەت، كاك جلال) دواتریش دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ ئەوەی لەبارەیەوە قسە بكات كەس هەیە بیرمان چووبێت؟ (كاك سیروان) كێ تر؟ مامۆستا جیهاد فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ب ڕەئیا من ئەڤ ماددە نەبیت ژی چ كێشە نینە یان تەنها گۆڕینا ڕێزبەندیا خالەكان بمینیت، ئو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك دابان فەرموون.

**بەڕێز دابان محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو سێ تێبینیم لە سەر ئەوە هەیە کە لیژنەی یاسایی نازانم بەسەریان دا تێپەڕیوە یان درکیان پێ نەکردووە، ئەسلی ماددەکە باس لەوە دەکات کە لیژنەکان دەتوانن داوا لە سەرۆك بکەن کە مەبەست لێی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە لە ڕێگای ئەو وەزیرێك بانگهێشت بکەن، بەڵام لە پێشنیازی لیژنەی یاسایی نووسراوە وەزیری پەیوەندیدار لە سەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندی سەرۆك، لێرە دیار نییە ئایا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە یا سەرۆکایەتی هەرێمە یا سەرۆکایەتی پەرلەمانە، یەعنی ڕوون نەکراوەتەوە کامیانە تۆزێك غامزە لە ماددە ئەسلەکەی دا دیار نییە کامە دیارە یەعنی لە ڕوویی سەرۆکایەتییە بەڵام ئەمە تۆزێك غامزە، دووەم لە کۆتایی ماددەکە باس لەوە دەکات لە سەر ئەو بابەتە دەکرێت ڕوو بە شێوەیەك لە ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاراستەکردنی بانگهێشتنامەکە تێپەڕ نەکات، بەڵام لە هەموارەکە و لە پێشنیازی لیژنەی یاسایی کاتەکەی لابراوە، یەعنی هیچ کاتێکی تێدا دیار نییە کە چەندە ئەو موددەیە لە کاتێك دا لە ماددەی دەیەم باس لە کاتەکە دەکات دەڵێت ئەگەر کەس و لایەنی بانگ کراو بە پێی یاسا لە کاتی دیاریکراو، لە کاتێکدا لە پێشنیازەکە و کاتەکەیان لابردووە لە کوێی تر کاتەکە هەی؟ بۆ نمونە لە ماوەی چەندێك دا ئامادە بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرۆك لە هەر شوێنێکی ئەو پەیڕەوە هاتبێت مەبەست سەرۆکی پەرلەمانە لەبەر ئەوە ئەگەر بەڕێزتان سەیری ماددەی یەکەم بکەن لە پێناسەکان دا ئەوە وازحە، بەڵێ کاك زانا فەرموون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕایەکەی کاك دابان دەکەم، ئەم نەسە کە داڕێژراوە وازح نییە، هەرچەندە ڕوونکردنەوەی جەنابیشتان درا لە سەر ئەوەی لە هەر کوێ ووشەی سەرۆك هاتبێت مەبەست سەرۆکی پەرلەمانە، بەڵام ناکرێت ڕەزامەندی لیژنەی لەگەڵ دا نەبێت، ئەو ڕوونکردنەوەی بەڕێزتان داتان لە سەر ووشەی سەرۆك لە هەر کوێی ئەو پەیڕەوە دا هاتبێت مەبەست سەرۆکی پەرلەمانە ئەگەر بەو مانایە بێت تەواو، بەڵام لە هەمان کاتیش دا زەرووڕە کە وەزیرێك لە سەر داوای خۆیی داوا دەکات لیژنە ببینێت ڕەزامەندی لیژنە هەبێت نەك تەنها دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەکە ڕەزامەند بێت لەسەر ئەوەی کە ئەو وەزیرە داوایەکەی قبوڵ بکرێت یان نابێتە ئەوە لیژنەکە لەوێ ڕوونکردنەوە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ڕۆژان خان فەرموون.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

د هەموارا ماددا (٤٢) دووەم دا یا هاتی وەزیری پەیوەندیدار لە سەر داوای خۆی و بە ڕەزامەندی سەرو یان لە سەر داوای لیژنە لە كۆبوونەوەی لیژنەكان ئامادە دەبێت، ئەز پێشنیار دكەم بڤی شێوەی بێت ڕاست ڤەكرن، وەزیری پەیوەندیدار بە ڕەزامەندی سەرۆك دەتوانێت لە كۆبوونەوەی لیژنەكان ئامادە بێت ئو لە سەر داوای لیژنە ب ڕەئیا من زێدەیە چونكی د هەمان ماددا (٤٢) یەكەم یا هاتی لیژنەكان دەتوانن داوا لە سەرۆك بكەن بۆ بەشداری كردنی وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئامادە بوون لە كۆبوونەوەی لیژنە، بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی بۆ بەشداری كردنی وەزیر داوا لە سەرۆك بكەن وەكی د هەمان ماددا (٤٢) یەكەم دا هاتی ئو بۆ ئەوانەی پلەیان لە خوار وەزیرەوەن لە سێیەم لە هەمان ماددەی (٤٢) هاتووە داوا لە جێگری دووەمی سەرۆكی پەرلەمان بكەن، بەڵام د هەمان ماددا (٤٢) چوارەم دا هاتی بۆ داوا لە فەرمانگە فەرمییەكان بكەن بۆ كۆبوونەوە لە لیژنە بەشدار بن داوا لە جێگری یەكەمی سەرۆكی پەرلەمان بكەن، ڤێجا هیڤی دكەم ڕوونكردنەكێ بدەن یان ژی بێتن هەموار كرن یان ڕێكخستن ئەڤ ماددا (٤٢) ئەكەم و دووەم و سێیەم وچارەم ژماددا (٤٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دەرفەت بۆ كاك جەلالە كاك سیروان دواتر بۆ جەنابتان ببورە، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر چی من لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ هاوڕێكانم گفتوگۆم لە سەر ئەم بابەتە كرد، بەڵام دواجار بەو شێوازەیە كە ئێستا دەیبینن ئەوەی تێبینی منە وەزیر دەتوانێت ئامادە بێت لەگەڵ ستافەكەی بۆ لیژنە، پێموایە دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بكرێت دەتوانێت ستافەكەی لەگەڵ بێت بە مەرجێك لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت، چونكە هەندێك جار دەشێت وەزیرەكە فەرمانبەرێكی لە ڕوویی ئیدارییەوە مەبەستمە پلە نزم دەهێنێت بۆ ئەرزشی لیژنەكە وە بۆ پەرلەمان جوان نییە و من پێموایە دەبێت بەم شێوازەی لێ بێت، وەزیر ئامادە بێت ستافی وەزارەتەكی لەگەڵ خۆی بێنێت بە مەرجێك لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت، چونكە ناشێت بۆ ناو لیژنە لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر بێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك سیروان كاك، بژار دوایی ئەو دەرفەتتا دەدەم، كاك سیروان فەرموون.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی زۆر كەم كات بگرم، كاتێك ئەندام پەرلەمانێكی بەڕێز یان لیژنەیەك وەزیرێك بانگهێشت دەكات ئەگەر وەزیرەكە پابەند نەبوو یان نەهات یان هەر شێوازێك لە پەیڕەوەكە دا نووسراوە سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم ئاگادار دەكەینەوە، ئەی ئەگەر هەر نەهات؟ من پێموایە دەبێت نەسێكی قانوونی یان دەقێك یان دێڕێك هەبێت بۆ ئەوەی ئێمە ئەركی خۆمان جێبەجێ بكەین، هەر چەندە ئەركەكە لە كۆتایی دا دەبێتە ركابەرییەك لە نێوان وەزیر و پەرلەمانتار یان لیژنەكە، بەڵام هەر یاساییە و لێرەشەوە پشتگیری تەواوی ووتەكانی كاك دابان دەكەم كە دەقیقە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك حكمت ئاخیر كەسە، فەرموون.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ قسەكانم كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیەكتان هەیە لە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەركی پەرلەمان.**

مە وەكو لیژنا یاسایی مە ئەڤ دارشتنە دارشتییە د ڤێ راپۆرتێ دا ئەم دگەل ڤێ دارشتنێنە، ژبەر كو ئەڤ داڕشتنە دەرفەتێ ددەتە وەزیری ژی كو وەزیر ژی بشێت سەر داخازا خۆ بێتە پەرلەمانی، شەرت نینە هەمی گاڤا لیژنا پەرلەمانی یان كو پەرلەمانێ كوردستانێ تەلەبا وەزیری بكەت، بلا ئەو حەقێ وەزیرێ موختەس ژی هەبت ئەو ژی بێت بەشدار بیت سەرەدانا لیژنێت پەرلەمانی بكەت تشتەكێ باشە، هەروەسا گرنگییا ڤێ شێوازێ داڕشتنا لیژنا یاسایی دهندێ ژی دایە ل پەیڕەوێ ناڤخۆ بەحس دكەت كو رەئی و تێبینیێت وەزیری و جێگرێت وان د راپۆرتا لیژنێ دا یەعنی مولزەم بوون، لدیڤ ڤێ شێوازی وەرگرتنا وان تێبینی و دیتنێن وەزیری بۆ راپۆرتا لیژنا تایبەتمەند یا راوەستای و تەعلیق كرییە ل سەر بریارا لیژنێ ئەگەر لیژنەیا رازی بوو دێ داخلی راپۆرتا لیژنێ بیت و ئەگەر لیژنە نەیا رازی بوو دێشێت ئاخفتنێت وەزیری نەوەرگرن ژبەر هندێ ئەم ب گرنگ دزانین ئەڤ دارشتنە هەبیت ئو وەك خۆ ژی بمینیت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دەیەم، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەركی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ماددەی (٤٤) بڕگەی سێیەم خاڵی دووەم هەموار دەكرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە، ئەگەر كەس و لایەنی بانگكراو بێ پاساو لە كاتی دیاریكراو ئامادە نەبوو لیژنەی كاتی دەتوانێت

له لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە دەسەلاتی جێبەجێکردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی داواکراو بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**بەڕێز د. ریوَاز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێکتان دەیەوێت لە بارەی ئەو ماددەیەوە گفتوگۆ بکات فەرموون، دەرفەتت دەدەم با ناوەکان بنووسین، (دکتۆرە شیرین، کاك زانا، سوسن خان، کاك شاخەوان، کاك مەم، مامۆستا جهاد، دکتۆر سەباح، دکتۆرە گەلاوێژ، کاك رزگار، دکتۆر ریبوار) کەسێك ماوە ناومان نەنووسیبێت؟ دکتۆرە شایان نوقتە نیزامتان هەبوو یان ناوت بنووسین بۆ قسە کردن؟ هەردووی؟ بەڵێ ناوی بنووسن بۆ قسەکرد جاریَ، فەرموو سەرەتا نوقتە نیزامەکەت، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم پەلەپەلی هەیە بە هەموارکردن، یەعنی پەلەپەلی پێوە دیارە بە هەموارکردنی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە، چونکە من کۆمەڵێك تێبینیم هەیە لە سەر ماددەی تر، لە هەمواری پێشنیازە یاسایە باس نەکراوە، نازانم ئەمە لە کوێدا دەتوانین جێی بکەینەوە وە هەروەها قسەکەی سلمە خانیش زۆر راست و دروستە، مەبەستەکەی من ئەوەیە لێرە هیچ بەڵام لە هەمواری داهاتوو.....

**بەڕێز د. ریوَاز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە خان ئەوە نوقتە نیزامی نییە، بەڕێز سەلمە خان و هەر ئەندامێکی تری پەرلەمان پێی وایە کەم و کوڕی لەناو ئەو پەیڕەوە هەیە دەتوانێت بە هەمان میکانیزم پێشنیاز حازر بکات وە ئێمەش بە گوێرەی پەیڕەو مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، پەلەپەلییەکەش پەیوەندی بەوە هەیە ئێمە دەمانەوێت لیژنەکان بە زوویی دابەش بکەینەوە وە دەست بە کارەکانی خۆیانەوە بکەن وە ئەو ماددەیەی کە دەرفەت دەدات لیژنەی یاسایی سیاغەی تر ئامادە بکات دوو ماددەی گرنگن ئێمە ناتوانین ئەو یاسایانەی دێنە پەرلەمان بە بێ ئەو دوو ئیشە بیکەین، بۆیە ئەگەر پێتان وایە لە شوێنێکی تر ئەو پەیڕەوە لە ئاستی تموح نییە هیچ شتێك رێگر نییە پێشنیازی بۆ ئامادە بکەن، بەڵێ دکتۆرە شیرین، فەرموون، ئەی بۆ لێرە نووسراوە دکتۆرە شیرین؟ کاك زانا، فەرموون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ماددەی دەیەم کە پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەوەیە وەك خۆیی بمێنێتەوە، کەواتا وەك خۆیی ئەو تەعدیلەی کە ئامادەکراوە لە پرۆژەکەدا بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەگەر موقارەنەیەك بکەین لە ئەسڵدا خۆیی ئەم ماددەیەی پەیڕەوی زۆر جوان نووسراوە زۆر جوان ئاماژەی پێکراوە پێموایە پێویستی بە هیچ تەعدیلێك نییە ئەو تەعدیلەی کە کراوە لە دێڕی کۆتایی کراوە کە دەڵێت بە گوێرەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان لە هەرێم، پێمانوایە ئەوە دروستترە ئەگەر کەس و لایەنێك ئامادە نەبێت بە بێ پاساو بێتە بەردەمی پەرلەمانتاران و

پەرلەمانی کوردستان دەبێت بەم نەسە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نابێت بەم نەسەی ئێستا بێت کە لە تەعدیلی پەیڕەوەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەم فەرموون.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەر لەوەی تێبینی خۆم لە سەر ئەو ماددەیە دەرببڕم، پێشنیاز دەکەم کە تا چەندە مەجالی ئەوەی تێدا هەبێت ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی یاسایی بە ڕاستی یەکێك لە ناحەقییەکان کە بەرامبەر بە کاری لیژنەکان لە ناو ئەو پەیڕەوەدا هەیە بڕگەی چوارەمە لە ماددەی (٤٣) دەستەواژەگەلێکی لاستیکی تێدایە..

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی بە تەنها لە سەر ئەوە قسە بکەیت کە ئێستا لەناو کۆبوونەوەکەدا هەیە.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

من مەبەستم ئەوەیە ئیزافە نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی لەگەڵ دکتۆرە شایان و سلمە خان ڕێك بکەویت، بۆ ئەوەی شتێکی تر حازر بکەن، فەرموون بە تەنها لەسەرئەو ماددەیە قسە بکەن.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

بە نسبەت ماددەی (٤٤) بڕگەی سێیەم ئاماژەی پێکراوە، من پێشنیاز دەکەم یەکەمیان داواکراو لە ڕووی زمانەوانییەوە وا باشترە داوا لێکراو بێت، ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت داوا لێکراو ئامادە بێت بەو شێوازە بێت دەستەواژەکە، بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت یا خاڵێکی تر لێرە زیاد بکرێت، هەڵبەتە ئێمە ئەزموونمان هەیە لە خولەکانی ڕابردوو و لەم خولەش لە ماوەی ڕابردوو ئەمە ڕوویدا کە لیژنەکان داوای میوانداری وەزیریان دەکرد کارێك بکرێت لە حاڵەتێکی لەو جۆرە دوایی ئەوە کە دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دیسانەوە نەهات بڕگەیەك ئیزافە بکرێت لە حاڵەتی پابەندنەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ ئامادە کردنی داوا لێکراو یان کەسی مەبەستدار ئەوە دەبێت لێ سەندنەوەی متمانەی لێی بخرێتە دەنگدان، حاڵەتێکی لەو جۆرە خاڵێك ئیزافە بکرێت بە زەرووری دەزانم، ئەمەش بۆ سەروەری وە پێگەی ڕەقابی ڕۆلی پەرلەمان بە گرنگ دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس،دکتۆرە گەلاوێژ فەرموون.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینییەکم لە سەر شێوەی داڕشتنی ئەم دەقە هەیە ماددەی (٤٤) بڕگەی سێیەم خـاڵی دووەم، ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لە کـاتی دیـاریکراو ئامـادە نەبـوو ئەوە لیـژنەی کـاتی دەتوانێـت لە ڕێـی دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن ئاگـادار بکـاتەوە بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی نەك ئامادە کردن، چونکە ئێرە دادگا نیـیە بێـتە پەرلەمـان یەعنـی بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی داواکراو بە گـوێرەی یاسـا بەرکارەکـان بـۆ ئامـادە بـوون، پـێم باشـە سیاغەکەی وابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شاخوان فەرموون.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤٤) لە بڕگەی سـێیەم لە خـاڵی دووەم کـاتەکە دیـاری نەکـراوە، پێشـنیار دەکەم کـات دیاری بکرێت بۆ لایەنی بانگهێشت کراو چونکە کات گرنگە وە پێشـووتریش ئیشـارەتی پێـدراوە بەڵام لەم هەموارە تازە ئیشارەتی پێنەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا جهاد فەرموون.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (١٠) پشتگیریا دکتۆر زانایی دکەم ڕاستی ڕاییا لیژنـا یاسـایی یـا پەسـەندە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر صباح فەرموون.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕایی دکتۆر زانا و مەلا جهاد و دکتۆرە گلاوێژم لا پەسەندە و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لە قسـەکانی کـاك (شـاخەوان) ئەکەم بـۆ ئەوەی کـات دیـاری بکـرێ بـۆ لایەنـی بانگهێشتکراو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئاشکرایە کاری لیژنە کاری وەزیفی و پیشەیی بەحسە، پەیوەستە بە کاری هاوشێوە لە وەزارەتەکان، ئەگەر بێتوو جۆرێك لە هەماهەنگی لەسەر بنەما و ڕێککارە یپاساییەکان لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان هەبێ، هەرکاتێ لیژنەکان داوا لە کەسی مەعنی بکات ئەگەر وەزیر بێ یان هەر پلە و پۆستێك بێ ئامادە بێ لە کۆبوونەوەی لیژنەکان زۆر گرنگە ئەو بەڕێزە لە کاتی دیاری کراوی خۆی ئامادە بێ، بەپێی ئەو دەقەی هاتووە ئەڵێ ئەگەر لە حاڵەتێك کەسی بانگکراو ئامادە نەبوو لە کۆبوونەوەی لیژنە یان بەپێی ئەوەی داوای کراوە لێرە بێ ئەوەی مامەڵەی یاسایی دیاری بکرێ کاتی کەسی داواکراو ئامادە نەبوو ڕاستەوخۆ چۆتە سەر ئەوەی لیژنەی کاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار ئەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەویش لای خۆیەوە کەسی بانگکراو ئاگادار بکاتەوە یان لە ڕێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێ، بۆیە زۆر گرنگە پێش ئەوەی بچینە سەر ئەوەی ئەو ئەرکە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕاسپێرین گرنگە ئیجرائاتی یاسایی بەپێی ڕێککارە یاساییەکان هەبێ، چونکە کاتی کەسی بانگکراو ئامادە نەبوو لە لیژنە یان هەر کۆبوونەوەیەك خۆی لە خۆیدا پێشێل کردنێکە بەرامبەر بە دەقە یاساییەکان و پەیرەوی ناوخۆ، بۆیە ئەبێ هەڵوەستەیەك بکەین ئینجا بچین داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێ بەو ئەرکە هەڵسێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، منیش پێم وایە ووشەی ئامادە کردنی داواکراو ووشەیەکی هەڵەیە، چونکە داواکردن بۆ شتێی ئەوتریێ بوونەوەر نەبێ، لەبەر ئەوە ووشەی داواکراو کەسێ داوا ئەکەی تاوانێکی کردبێ، لەبەر ئەوە ئەو ووشانە گونجاو نییە، پێم وایە وای لێ بکرێ (بانگهێشت کردن و ئامادە بوونی لایەنی پەیوەندیدار بە گوێرەی یاسای بنەما دادگەرییان لە هەرێم)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك (شاخەوان) ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوەی تێبینیمان كرد وەكو لیـژنەی یاسـایی، حاڵەتێـك هەیە زۆربەی جـار ئەنـدامانی بەڕێـز رووی پرسیارەكەیان ئەكەنە ئێمە، بۆچی فڵان ماددەش كە لە ئەسلی پرۆژەكە نیـیە، تێیـدا نیـیە یان هەموار نەكراوە، ئێمە پرۆژەی (٢٩) ئەندامی پەرلەمانە، بۆیە ناتوانین جگە لەو ماددانەی ئەو بەڕێزانە هێناویانە و خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كـراوە و دواتـر لەلایـان لیـژنەی سـەرۆكایەتییەوە ئاراستەی ئێمە كراوە هیچ ماددەیەكی تر ئیزافە بكەین یان كەمـی بكەیـنەوە، تەنیـا بـۆ زانیـاری، خاڵی تر، زۆر لە ئەندامان ئەكیدیان لەسەر ئەوە كردەوە رێككاری داوا كردنەكانیـان بەپێـی ئـێمە وەكو لیژنەی یاسایی كردوومانەتە یاسا بەركارەكان، ئەڵێن بەپێی قانوونی ئـسولی مەحاكەمـاتی جەزائـی بـێ، كـاتێ ئەڵێـی یاسـا بەركارەكـان هەم قـانوونی ئـسوولی مەحاكەمـاتی جەزائـی ئەگـرێتەوە و هەم ئـسوولی تەبلیـغ و هەم سـەرجەم یاسـا بەركارەكـان ئەگـرێتەوە، كەوایە ئەو وشەی ئێمە دامانناوە یاسا بەركارەكان مەودای فراوانترە، ئەشـێ بە چەنـد یاسـایەكی بەركـار لە كاتی ئامادە نەبوونی ئەو بەڕێزە ئاكادار بكەیتەوە و بانگی بكەی نەك بەس ئسوولی مەحاكەماتی جەزائی، لە زمنی یاسا بەركارەكان ئسوولی مەحاكەماتی جەزائی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرۆكی لیژنەی یاسایی ماددەی (١١).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

ماددەی (٤٩):

١_ ٢ _ ج_ ووشـەی نووسـراو ئەكـرێتە دەسـتەواژەی بیـرۆگە نووسـراوەكە، ئەو مـاددەی بە پێشنیازی لیژنەی یاسایی پێویست ناكات وەكو خۆی بمێنێتەوە لە پەیڕەو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كێ قسەی هەیە؟ فەرموو كاك حاجی سەفین.

**بەڕێز سەفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١١) لابرێ، چونكە پێویست نییە لە دەقی ماددەكە دیارە كە بیرۆكە ئەبێ نووسراو بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە راكەی كاك (سەفین) ئەكەم، لەبەر ئەوەی كە بیرۆكە یانی نووسراو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی ماددەی (١٢).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

بە پێی پێشنیازی لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیەش زیادە، چونكە لێرە غەلەتێكی ئیملایی هەیە، برگەی یەكەم نییە، خاڵی یەكەمە، زیادە چونكە لە خالی یەكەم دەسەڵات دراوە بە دەستەی سەرۆكایەتی بۆ دیاری كردنیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو ماددەی (١٣).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

ماددەی (٧٦) لائەبرێ، پێشنیازی لیژنەی یاسایی ئەوەیە زیادە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان تۆمار كراوە (كاك بەلێن، كاك بەهمەن، كاك زانا، دكتۆر زێدان، دكتۆر محی الدین، دكتۆر صباح، دكتۆر ڕێبوار، ئاشنا خان، دكتۆرە شایان، كاك باڵامبۆ)، بەڵام پێش ئەوە دەرفەت ئەدەین بە لیژنەی یاسایی با قسەیەك بكەن لەوبارەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن ئەكەم من و كاك عەباس خەریكی قسە كردن بووین، نەمزانی بەڕێزت پرسیارت چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ڕوون كردنەوە بدەن، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندامان ئەوانەی مووشارەكە ئەكەن كاتێ ئەلێین ماددەی (٧٦) لابرێ ئەوە لە پرۆژەكە وائەلێ، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پێمان وایە ئەو ماددەیە وەكو ئەسلەكەی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بەلێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لەوە ئەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، قوەتێکی قانوونی ئەدات بە ماددەکانی پێش خۆی لە ماددەی (٧٤) ەوە، ئەوەی کاك (جلال) باسی کرد لێرە وا نەنووسراوە، نووسراوە ماددەی (١٣) زیادەیە، یانی لابرێ، ئەگەر لەسەر ئەوە بێ وەکو خۆی بمێنێتەوە پشتیوانی ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە هەر ماددەیەك لەبەر دەستی بەڕێزتان نووسراوە ماددەکە لائەبرێ و، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی نووسیویانە زیادەیە، یەعنی وەکو خۆی لە پەیڕەو ئەمێنێتەوە، بۆیە هەر بەڕێزێك ناوی خوێندرایەوە مەبەستی لەوەیە ماددەکە لە پەیرەو بمێنێتەوە، ئەگەر دەرفەت بدەن و قسەی لەبارەوە نەکەن سوپاستان ئەکەین، فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بەهمن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ماددەی (٧٤) هەموار بکرێتەوە، بڕگەی دووەم (لێسەندنەوەی متمانە دروست نابێ.........

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان ناتوانن قسە لەسەر ماددەیەك بکەن، نە لە ناو پرۆژەکەیە نە لە ناو پێشنیاری لیژنەی یاسایی و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هەیە، ئەتوانن لەگەل ئەو بەڕێزانەی داوا تەعدیل ئەکەن ڕێك بکەون، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوەی لیژنەی یاسایی دروستە، ئێمەی گەڕاندەوە بۆ ئەسلی پەیڕەو، بەڵام پێشنیار ئەکەم ئەو دارشتنەوەی پەیرەو برگەیەکی بۆ زیاد بکرێ (هەموو ڕێککارەکانی چاودێری کردنی پەرلەمان بۆ سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی کۆمسیۆن و دەستە سەربەخۆکان و سەرجەم دامەزراوەکان)، چونکە بەشێك لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دووچاری ئەو گرفتە ئەبنەوە لە کاتی چاو........

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیزافە ئەبێ لەگەل ئەو بەڕێزانە ڕێك بکەوین کە پێیان وایە پەیرەو کەمووکوری هەیە، پێشنیازی هەموارێك ئامادە بکەن، فەرموو دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەم وەکۆ خۆی بمێنێتەوە.

**بەریز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محی الدین.

**بەرێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای روون کردنەوەی کاك (جەلال) رەئیم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەریز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح.

**بەرێز صباح محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەریز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەریز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەرێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی بۆ ئەو روون کردنەوە، لەگەڵ ئەوەم وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەریز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەرێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو روونکردنەوەی لیژنەی یاسایی، لەگەل ئەوەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی وەزیفەی دەستەکان و کۆمیسیۆنەکان راستوخۆ پەیوەستە بە پەرلەمان، تەنیا لەو دەقە باس لەوە کراوە.

**بەریز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

ماددەی (٩٧)هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ پێشنیازی یاسا و بریار پێوستە مەرجی ڕواڵەتی و بابەتییەکانی پێشنیازی یاسا و بریار لە خۆ بگرێ.

٢- لە ماوەی چواردە ڕۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنییەوە ئەوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی بە هەماهەنگی لەگەل دەستەی سەرۆکایەتی بریار ئەدرێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەو پێوەرانەی خوارەوە.

أ هەبوونی بابەتێکی گشتی یان بۆشاییەکی یاسایی یان بوونی کەموکوری لە دەقەکانی یاسایەك یان بریارێك کە پێویست بێ یاسایەك یان بریارێکی بۆ دەربچێ.

ب- ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەیان ئەکرێ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی، سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاسایەکە ئەکوێتە ئەستۆی حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (دکتۆر کازم، سەرچنار خان، مامۆستا عبدالستار، کاك بەلێن، سەوسەن خان، کاك کاوە، کاك گۆران، کاك مەم، کاك سیروان، سیپان خان، کاك عباس، شایان خان)، فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. کاظم فارووق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەرە زۆری ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرئەچێ ڕەهەندی دارایی هەیە، ئەگەر بە بێ ڕەزامەندی حکومەت پەرلەمان نەتوانێ ئەو پرۆژە یان ئەو پێشنیازە بخاتە بەرنامەی کارەوە و خوێندنەوەی بۆ بکات، بەڕاستی سێ لێکەوتەی ئەبێ ئەبێ دواتر پێشنیارەکە ئەلێم بە پەلە:

١ پەرلەمان بەشێکی گرنگ لە دەسەڵاتەکانی لەو دەست ئەدات بەوەی ناتوانێ خۆی تەحەکوم بکات بە هەندێ پێشنیازی یاساوە، ئەوە لاوازی ئەکات، بە یاسا لاواز کردنی پەرلەمانە.

٢- هەر ئەو جۆرە یاسا و بریارانەیە وا لە خەڵك ئەکات بێ ئومێد ببێ بەرامبەر پەرلەمان و بە لاواز بێتە بەرچاوی، هەندێ تانە و تەشەریشی لێ بدرێ کە ئەرکی ئێمەیە ئەو پەرلەمانە بەرێز ڕابگرین، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم کە خاڵەکە وەکو خۆی کە ئێستا لە پەیڕەو هەیە کە ئەلێ ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێ، ئەوەندەشی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ڕۆژشنایی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانە، حەلی ئەو بابەتە ئەوەیە ساڵانە فشار بکەین پرۆژە یاسا بێتە

پەرلەمانەوە و بە یاسای ژمارە یەکی ئەو ساڵە دەربچێ، دواتر پێشنیازە یاساکان لەسەر ئەساسی ئەو پرۆژە بودجەیە دابڕێژرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر برگەی دووەم پێشنیار ئەکەم، ئەو خاڵە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە بەو شێوەی لێ بکرێ (هەر پێشنیاز و یاسایەك کە لێکەوتەی دارایی بۆ حکومەت دروست بکات)، پێویستە رای دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن وەربگرێت و پاشان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز ئەکەم برگەی دووەم بەو شێوەی لێ بکرێ (ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بکرێ ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکات)، سەبارەت بە لێکەوتە داراییەکە کە لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاساکە ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئەو ڕەزامەندییەی حکومەت لەگەڵ ئەوەم بەو شێوەیە بێ (ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی پێش خوێندنەوەی یەکەم وەزیری دارایی بانگهێشت بکرێ بۆ لیژنەی پەیوەندیدار بۆ هەڵسەنگاندنی لێکەوتە داراییەکانی لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاساکە نەوەك ڕەزامەندی)، ئەکرێ لە ژێر ناوی ڕەزامەندی وەرگرتنی حکومەت زۆر زۆر پرۆژە یاسا هەبن حکومەت ئۆکەی لەسەر نەکات و پەرلەمان دەستە وەستان ئەبێ لە دەرکردنی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان صالح حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی دکتۆر کازم ئەکەم ئەو قسەی ویستم بلێم کردی، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بەلێن.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێسنیار ئەكەم برگەی چوارەم لە ماددەی (٧٩) وەكۆ خۆی بمێنێ، بەرمەبنای ئەو دارشتنەی كاك (گۆران) كردی بەو شێوازە دابرێژرێتەوە و یەك وشەی بۆ زیاد بكرێ لە كۆتایی (بەرمەبنای بودجەی ساڵانەی حكومەت)، لەبەر ئەوەی ئەوەی ئێستا هەیە هەر پرۆژە یاسایەك یان پێشنازێك لێرە ئەمانەوێ دەری بچوێنین رەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حكومەت بكرێ و هەر كاتێ حكومەت وتی ئەوە بارگرانییە و ناتوانم بیكەم و لای ئێمە رەفز بێ و ئێمەش بەرچاومان روون نەبێ لەوەی چۆن حكومەت قەناعەت بە پەرلەمان بێنێ كە ئەوە بۆتە بارگرانی دارایی زۆر ئیشكالیەتی گەورە دروست ئەكات لەبەردەم ئەو پێشنیارە یاساییە، لەبەر ئەوە پێویستە ساڵانە یاسای موازەنە هەبێ و حكومەت بە هەماهەنگی لەگەل پەرلەمان بریار لەسەر ئەو بارگرانی داراییە بدات، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عبدالستار.

**بەرێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە دوو رووی هەیە، یەكیان حەقی حكومەتە كە بودجەی پێویستی بە دەست نەبێ و پەرلەمانیش پرۆژەی بۆ بنێرێ و بەشێكی زۆریشی حەتمەن بارگرانی تێدایە، چونكە زۆبەی پرۆژە پێشكەش كراوەكان باسی داراییە، لەولاشەوە ئەو رووەش هەیە پەرلەمان نەتوانێ هیچ پرۆژەیەك بنێرێ ئیلا ئەبێ حكومەت رەزامەندی وەرگرێ ئەوەش خراپە، لەوانەیە حكومەت هەرچی بنێری بە باشی نەزانێ بلێ بارمان قورس ئەبێ و لە تواناما نیە و رەتی بكاتەوە، بۆیە من پێم باشە ئەو برادەرانە باسیان كرد یەكەم وەزیری دارایی بێتە لیژنەی دارایی و روون كردنەوە بدات، دوو، پێویستە حكومەت لە كاتی خۆی پرۆژەی بودجە بنێرێ بۆ پەرلەمان و پەرلەمان بەرچاو رۆشن بێ كە ئێمە چیمان هەیە، هەردووك ئەبێ واقعی بین، نابێ ئێمە شانی حكومەت قورس بكەین، ناشبێ لە رێوە داواكاری پەرلەمان رەت بكاتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاوە.

**بەرێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەنجومەنی وەزیران وەزیری دارایی هەیە، یاریدەدەری سەرۆكی حكومەتی هەیە بۆ كاروباری دارایی، وەزیری هەرێمی هەیە بۆ كاروباری پەرلەمان، بۆیە ناكرێ پرۆژەكانی ئێمە و

ئەو پێشنیازانەی فراکسیۆنەکان ئەیکەن یەکسەر بنێدرێ بۆ حکومەت و تا حکومەت رەزامەند نەبێ ئەو پرۆژانە ناخرێنە بەرنامەی کارەوە، یان نەگێردرێنەوە، ئێمە سابیقەیەکمان هەیە لە (١٨) ی ئاب چواردە پرۆژەمان بۆ حکومەت ناردووە ئەوە مانگێك و حەفتەیەك تێئەپەرێ تا ئێستا پرۆژەکان نەگەراوەتەوە پەرلەمان، لە کاتێکدا هەموو فراکسیۆنەکان بەلێنیان دابوو لە سەرەتای وەرزی یاسادانانەوە ئەو پرۆژانەی پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە بە تایبەتی پرۆژەی چاکسازی ئەخرێتە بەرنامەی کار و ئەکرێ بە یاسا، خاڵێکی تر لە ماددەی (٩٨) ی ئەو پەیرەوە حکومەت مولزەم کراوە ئەلێ، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم پرۆژە یاسای بودجە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە ئەکرێ ئەگەر حکومەت مولەزەم بێ بەو کاتەی لە پەیرەو دانراوە بۆ ناردنی پرۆژە یاسا بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ بەپێی یان لە ژێر رۆشنایی ئەو پرۆژە یاسای بودجەیە، ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشنیاز و پرۆژانە بکەین کە دێنە پەرلەمانی کوردستان و رەهەندی دارایی هەیە، بۆیە ئەکرێ ئەوانەی کە باسم کرد هەم وەزیری دارایی هەم یاریدەدەری سەرۆکی حکومەت هەم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی بێنە پەرلەمانی کوردستان و لێرە گفتوگۆ بکرێ و تەنسیق لەگەڵ حکومەت بکرێ نەك سەلاحیەت راستوخۆ بەشێکی سەلاحیەتی پەرلەمان بدرێ بە حکومەت و بە ئارەزووی خۆی بگەرێنێتەوە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کات نەکوژم، ئەوەی ویستم وترا، سەبارەت بە بودجە بوو کە ئەبێ بە پرۆژە یاسایەك بێتەوە ئێرە، لێرەوە پشتگیری لە رای پەرلەمانتار کاك (کازم) ئەکەم قسەکانی منی کرد، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عەباس.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە لە برگەی دووەم خاڵی دووەم، پێم باشە ئەوە ئیزافە بکرێ سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی دارایی لە ئەنجامی لێکەوتە داراییەکان، دەرچوواندنی یاساکە ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و لە ماوەیەك زیاتر نەبێ لە (٣٠) رۆژ بۆ وەڵامەکەی، هۆکاری بۆ رەت کردنەوەی هەبێ کە لە توانایدا نییە و وەزیرانی تایبەتمەند ئامادەی کۆبوونەوەیەك لە هەر وەرزێك ئامادە بن، مەبەستم ئەوەیە مانگی یەکەمی پرۆژەکان ئاراستە ئەکەین لە ماوەی ئەو چوار مانگەی یاسادانانە و حکومەتیش لە (٣٠) رۆژ زیاتر رەت نەبێ، مانگ رەت بووە و وەڵام نەدراوەتەوە، ئایا رەزامەندن یان نا؟ لە ماوەی ئەو چوار مانگەش رۆژێك دیاری بکرێ بۆ وەزیرانی تایبەتمەند بۆ

ئەو پرۆژانەی رەتکراوەتەوە، ناتوانن بارگرانی دارایی هەیە جێ بەجێی بکەن، بێن لێرە روون کردنەوە بدەن بۆ ئەوەی قەناعەت بە پەرلەمانتاران بێنن کە ناتوانن، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مەم اسکندر مەم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاورێیان ئاماژەیان پێ کرد کو لە هەمواری یاسادایە، ژ بەر هەندێ پێشنیار دکەم کو لیژنا یاسایی دگەل نوێنەرێت هەمی لیژنێت پەرلەمانی کوردستانی کار بۆ هەموارێکی تر بکەن، چونکی ناکرێ تۆ بەردەوام هەمواری پەیرەوی ناوخۆ بکەی و گلەیی هەبی و کەمکورتی هەبن، چونکی جەنابی وێ دزانن ئەساسە رۆحا شولێت پەرلەمانی و پەرلەمانتاران ئەڤ پەیرەوەیە، خالا یەکەم برگا دووێ خالە ئێکێ پێشنیارا لیژنا یاسایدا ڤێ رەنگی هاتیە هەبوونی بابەتەکی گشتی یان بۆشایەکی یاسایی یان بوونی کەمووکوری لە دەقەکانی یاسایی یان بریارێك کە پێویست بێ یان بریارێك بۆ دەرچێت، هەموارەکە لێ دەرهێندراوە، لێرە ئاماژە پێ نەکراوە، خالێ دووەم، ئەلێ ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستە ئەکرێ بۆ رەزامەندی وەرگرتن، سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچوواندنی یاساکە ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەت بە بۆچوونی من لێرە ئەگەر بلێین بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت باشترە لەوەی بلێی رەزامەندی حکومەت وەرگیرێ، ئەوە پێگە و هەیبەتی پەرلەمان باشتر ئەکات، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو موژدە خان.

**بەرێز مژدە محمود محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر (کازم و کاك کاوە) ئەکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پەرلەمانی کوردستان خۆی لیژنەی دارایی و ئابووری هەیە، لەبەر ئەوە پشتگیری قسەکانی کاك (گۆران و کاك بەلێن) ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم، پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ (ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەیان ئەکرێ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی)، وشەی (ڕەزامەندی) بکرێ بۆ وەرگرتنی رایان، چونکە کە ئەڵێی ڕەزامەندی تۆ هیچ دەسەڵاتت نامێنێ، بەڵام کە وتت را ئەوکات پەرلەمان خۆی ئەتوانێ ڕەچاوی بارگرانی حکومەت بکات، یەعنی کۆتا بریار بۆ پەرلەمان ئەگەڕێتەوە نەك حکومەت، چونکە بەپێی ئەوە بێ ئێمە فەزلێکی تر ئەدەینەوە بەسەر حکومەت کە کاری پەرلەمانە و دەستەڵاتی پەرلەمانە، خاڵێکیتر تریش هەیە کە زۆر لە هاوڕێیانم باسیان کرد ئەو پەیرەوە کەموکورتی تێدایە و لە هەندێ خاڵی تر بەڕێزت ئاماژە بەوە ئەکەی ئەڵێی بە پێشنیارێکی تر تەقدیمان بکەن چەند پەرلەمانتارێك، ئەوە لەبەر ئەوەی هەمواری پەیرەوەی ناوخۆ پەیوەندی راستەوخۆی بە کاروباری ئەندامانەوە هەیە، ئەبوایە پێش ئەوەی بێتە ناو پەرلەمانەوە لە یەکەم جەلسە کە شتی لە پێشتر هەبوو هەموو سەرجەم فراکسیۆنەکان ئاگادار بوونایە و راوسەرنجی خۆیان پێشکەش کردایە، بۆ ئەوەی کە ئەوە تێئەپەرێ بە کەموکورتی تێئەپەرێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر ناچار نەبین بۆ ئەوەی کە پێشنیازی یاسا پێشکەش بکەینەوە، بەڵکو لە کۆتایی خولەکە ئەبێ لەو تەتبیقات و کەموکورتیانە چی هەبێ لە کۆتایی خولەکە بکرێ نەك لە خاڵی یەکەم.........

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بەو ماددەی نییە، سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی روون کردنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم، یەك، دوو، سێجارە ئەکیدمان کرد کە ئەکید بکەن ئەوە پێشنیازی لیژنەی یاسایی نییە، لیژنەی یاسایی داینەڕشتووە و پێشکەشی نەکردووە، دیارە ژمارەیەك ئەندامی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، با لیژنەی یاسایی نێتە خەتابار کردن، دوو، وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیاری کرد لە ڕاپۆرتی خۆی ئەو پێشنیارە یاساییەی بارگرانی دروست دەکات و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر بێ، بۆ ئەوەیە ژمارەکی زۆر یاسا دەرنەکرێ، لە ئەنجامدا حکومەت و تەنفیزی ئیستیحالە بێ و هەیبەتی پەرلەمانی کەم بکاتەوە، ئەز دبینم ئەساس ترە ئەوە نەك ئێمە دەسەڵاتمان نامێنێ، پەرلەمان یاسا دەربکات و تەنفیز نەکرێ هەیبەتی پەرلەمان کەم دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی (١٥).

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥):

ماددەی (٩١) بڕگەیەکی بۆ زیاد ئەکرێ بەو شێوەیە:

١ چوارەم: جگە لەو پێشنیازەی کە بە گوێرەی بڕگەی دووەمی ئەو ماددەی بۆ دەنگدان ئامادە ئەکرێ لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەل لیژنەی تایبەتمەند ئەتوانن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئەخرێنە روو بژاردەی تر بۆ خستنە دەنگدان ئامادە بکەن، دوو، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەین خاڵی دووەم زیادە.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مەم نوقتەی نیزامی.

**بەرێز مەم اسکندر مەم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە باسی تێبینی ئەکەین لەسەر پێشنیازی لیژنەی یاسایی، لێرەدا نووسراوە پێشنیازی لیژنەی یاسایی، ئەزانین پرۆژەکە هی لیژنەی یاسایی نییە، بەڵام پێشنیاری لیژنەی یاسایی تێدایە، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بۆ ئەوە دانراوە کە لە پەیڕەوی پێشووش مرونەتێك هەبوو لە ناو پەیڕەوی ناوخۆن، کاتێ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان قسەیان ئەکرد لیژنەی یاسایی بە هاوهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند دەسەڵاتی هەبوو لە کۆبەندی ئەوانە باشتری سیاغە دابرێژرێ، بەڵام لەو پەیڕەوەی ئەوجارە ئیشکالیەتی گەورەمان هەیە، ئەوەی لە ناو قاعە ئەوترێ لیژنەی یاسایی پێوەی پابەند ئەبێن لە کاتێکدا ئەوەی سێ ئەندامی پەرلەمان ئەیڵێن ڕەنگە لە ٦٠% باش بێ، سێ ئەندامی پەرلەمانی تر دارشتنی تر ئەڵێن لە ٤٠% باشە، ئەگەر تێکەڵی بکەین ڕەنگە شتێکی تری زۆر باشتر دەبچێ، لەبەر ئەوە ئەو دەرفەتەمان دا، فەرموو حەسیبە خان.

**بەرێز حەسیبە سعید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی ماددەی (٨٩) ئاماژە بەوە کرایە، لیژنەی تایبەمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی سەرجەم پێشنیار و رایەکان بە هەند وەرئەگرن و، سەر لە نوێ دارشتنەوە بۆ ئەو ماددانە ئەکەن کە پێویستە دابرێژرێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد روون کردنەوەش ئەدەن، بۆیە لە ماددەی (٩١) لەگەڵ ئەوە نیم بڕگەی چوارەمی بۆ زیاد بکرێن، چونکە تەزاروب دروست ئەکات، یان بە شێوەی تر ئەتوانرێ لیکدانەوەیەك هەبێ لە نێوان ماددەی (٨٩) و (٩١)، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حیکمەت.

**بەرێز حکمت محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەل ئەوەم ماددەی (١٥) لابرێ، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەو مافەیان هەیە لە کاتی ئامادە کردنی راپۆرت بۆ خوێندنەوەی دووەم.

**بەرێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە بەرێزان لە لیژنەی یاسایی لە جەلسەی دووەم کە خوێندنەوەی دووەمە، مافی ئەوەیان هەیە پێشنیاری تازە بخەنە ڕوو، وەك هەر پەرلەمانتارێکی بەرێز لەو دانیشتنە، بۆیە پێویست بەوە ناکات برگەیەکی تر بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکەین کە لە دوای جەلسە بتوانن پێشنیاری تازە بخەنە ڕوو، چونکە ڕام وایە ئەگەر برگەکەش هەر زیاد بکرێ بەو شێوەیە بێ نەك بژاردەی تازە (جگە لەو پێشنیارانەی کە بە گوێرەی برگەی دووەمی ئەو ماددەیە بۆ دەنگدان ئامادە ئەکرێن)، لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەل لیژنەی تایبەمەند ئەتوانن دارشتنەوە بکەن، یەعنی سیاغەی بکەن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئەخرێنە ڕوو، کەوایە پەرلەمانتارانی بەرێز ئەگەر پێشنیارێکی ئەبێ لیژنەی یاسایی جگە لە پێشنیارەکەی ئێمە کە ئەیخاتە دەنگدان لە جەلسەی سێیەم ئەتوانێ تەنیا لە ڕووی دارشتنەوە ئەو پێشنیارەی ئێمە سیاغەوە بکاتەوەجارێکی تر نەك پێشنیارەی تازە لە دەرەوەی ئەو جەلسەیە بکات.

**بەرێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دارشتنەش هەر وەك ئەوەیە بەرێزت وتت، لیژنەی یاسایی ناتوانن شتی خۆیان دروست بکەن، تەنیا لە قسەکانی ئێمەوە ئەتوانن بژاردەی تر دورست بکەن، لە پێشنیاری ئێوە ئەتوانن بژاردەی تر دروست بکەن، ئەگەرنا بێ پێشنیاری ئێوە ئەوان ناتوانن هیچ بژاردەی تریان هەبێ لە دەرەوەی ئەو قسانەی ئەندامانی پەرلەمان لە ناو هۆلەکە ئەیکەن لە لیژنەی یاسایی ناتوانن سیاغەی تر بکەن، یان شتی تازە بێنە پێش کە لە ئەسلا وجودی نەبووە، ئەلێین لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پەرلەمانتاران ئەیلێین ئەوان ئەتوانن سیاغەی تری بۆ بکەن، ئەگەرنا ناتوانن، فەرموو کاك حاجی سەفین.

**بەرێز سەفین اغا عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥) لەگەل نیمە، لابرێ، چونکە ئەوان ئەو مافەیان هەیە لە کاتی ئامادە کردنی راپۆرت بۆ خوێندنەوەی دووەم، لابرێ.

**بەرێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە گەلاوێژ.

**بەرێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئاماژە پێکراوە لە پەیڕەوی ناوخۆ کە ماددەی (٨٩) بـرگەی دووەم چارەسـەری ئەو کێشـەی کردووە، بۆیە ماددەی (١٥) زیادە، هیچ برگەیەك زیاد نەکرێ.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەرێز گولستان سعید حمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من ماددەی (١٥) بێتە لادان، چونکی ئەوان ئەو مافەی هەی بۆ ئامادە کردنی راپۆرتـان بـۆ خۆندنا ویێ، چونکە دیڤ ماددێ ێ خالا دووێ گوتیە ل دەمی هەبوونا پتـر ژ ئێـك پێشـنیاز هەمی پێشنیازێن دێخنە دەنگدانێ کیش ژوان پتر دەنگك بەدەست خۆ هینـان ئەو دێـتە پەسـند کرن.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئیدریس.

**بەرێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیاری کاك (حکمت و، سەفین) ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت جاراکـادی روون کـردنەوە بـدەم، تکـایە پەرلەمانتـارێن بەرێـز مەرامـی ئـێمە نیـیە لیژنەی یاسایی بالا دەست بێ ل سەر پێشنیار و پرۆژێن یاسا ل پەرلەمانێ کوردستانێ، مەرامـێ مە ئەوەیە ئەگەر پـیچەك هـز بکەیـن، نموونەکـا بەسـیت نـوکە هەبـوو ل سـەر مەوزوعـێ ئەگەر پێشنیارێت یاسا بچیت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئەندام پەرلەمانێك دبێژێ بلا (٣٠) رۆژ بـێ یەك ئەلێ (٤٥) رۆژ بێ، یەك دبێژێ بلا (٥٠) رۆژ بێ، کەوایە بە شکل عام ئەڤ ئەندام پەرلەمانێ بەرێز دگەل هندێنە کو مودەیەکی دەست نیشان کری هەبیـت کـو حکـومەت جوابـا پەرلەمـانی بـدات، وەك نموونە، وەختێ ئەم بەحس دکەین بو هندێیە کو لیـژنەی یاسـایی بشـێن حەلەك یـان نزیـك بوونەك بکەین ناڤبەرا ڤان ئارا نزیکی ئێکدا شێوازێکی بۆ دابنێین، مەرامە مە نینە لیژنـا یاسـایی حەز بکەن بالا دەست بن ل پرۆژە یاسا ل بەر دەستێ مە هەر ماددەیەکی بمانەوێ ئیزافە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برگەی دووەمی ماددەی (٨٩) تەنیا بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە ئەبێ کە بۆ دوو لیژنەیە، لیژنەیەکی تایبەمەند و لیژنەی یاسایی، ئەی ئەگەر پرۆژە یاسایەکمان هەبوو وەکو ئەوەی ئێستا یان پێشنیازێك هەبوو وەکو ئەوەی ئێستا کە بە تەنیا بوو بۆ لیژنەی یاسایی؟ یانی ئەگەر برگەی دووەمی ماددەی (٨٩) چارەسەری ئەو حالەتە بکات کەوایە ئێوە دەستەڵاتان ئەبێ لەگەل لیژنەی تایبەمەند دارشتنێکی تر حاز بکەن، سەر لە نوێ دارشتن بکەن، باشە ئەگەر حاڵەتێك هات یان پرۆژەیەك هات یا پێشنیازێك هات بە تەنها ئاراستەی جەنابتان کرابوو ئەوکاتە ئێوە ئەو دەسەڵاتانەتان دەبێ ؟بە گوێرەی ئەو پەیرەوەی کە ئێستا هەیە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەم شێوازەی ئێمە ئەگەر ڤی شێوازە بێتە بەر دەستی مە، بەلێ کێشە مە ئەگەر وەکو مە لیژنا تایبەتمەند لیژنەی یاسایی چ کێشە بەر مە پەیدا نابن، بەلێ تکایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەڤ حالەتە دی گەلیك جارە روی یاسایی بن گەلێك جارا ئەندامی پەرلەمان ڤی دانیشتنێدا گلەیی کا دەبێژن، مە پێشنیارەك ئاراستە کربوو و لەگەل راپۆرتا لیژنەی یاسایدا نینە، ئەگەر ئەڤ دەسەڵاتە بۆمە نەمینیتەوە وەك لیژنەی یاسایی هەر ئەندام پەرلەمانك پێشنیارەکە بدفیتە دەقیقی ڤی بیژت پشتگیری دکم و پشتگیری گەلەك گەلەك وازحبیت و کەلیمە کەلیمە ئەگەر دوو کەلیمەش موختەلەف بن لەگەڵ رای ئەندام پەرلەمانەکی دی ئەم ژین وی حاڵەتی دی نەشین بنفیسن کو ئەڤی پشتگیریا هەی ژ بەر هەندێ، یەعنی تکایە بزر نەکەن پیچاڤینن ئەڤە وەکو دەسەڵاتەکە بۆ لیژنەی یاسایی زۆر ئیعتیادیە ئەگەر نەبیت دروستە بەس دەبیت میکانزمێك بۆ گوتنا پێشنیارێ ئەندام پەرلەمانا بێتە گۆرین، ئەگەرنا فێت گەلەك دەقیق سێ ئەندام پشتگیریا هەڤالەکی ئەندام پەرلەمانەکی بیکەن ئەتوانن بشێت راپۆرتەکی خۆ ئیزافە بکەن بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو برگەیە کە بریار وایە زیاد بکرێت بۆ ماددەی (٩١)، پێم وایە ئەو برگەیە ئەسڵەن زیادە کە زیادبکرێتن بۆ ماددەی (٩١)، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو برگەیە زیاد بکەین پرسیارەك دروست دەبێ، کە ئایا ئەو برگەیە بۆ مەبەستی ئەوەیە کە مافی عێراق سیاغە بدرێتە لیژنەی یاسایی؟ کە ئەگەر وابیتن ئەوا لە ماددەی (٨٩) برگەی دووەم ئاماژە پێدراوە و ئەو مافە بەر لیژنەی یاسایی دراوە، و ئەگەر مەبەست لەو برگەیە ئەوەیە کە ئەندامانی لیژنەی یاسایی پێشنیازێکی نوێ پێشکەش بکەن، دیسان لێرەدا کاتێك کە پرۆژە یاخود پێشنیازەك خوێندنەوەی دووەمی بۆ ئەکرێتن ئەندامانی لیژنەی یاسایش بۆیان هەیە کە پێشنیازی نوێ پێشکەش بکەن،

کەواتە پێمان وایە زیادە ئەسڵەن پێویست ناکا ئەو بڕگە زیاد بکرێتن پشتگیری لە هاوکارانم ماموٚستا حسیبە و کاك حیکمت و کاك زانا دەکەم سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەروٚکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەرفەتان دەدەمێ با جارێ سەروٚك قسە بکات فەرموون.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەروٚکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەوە لەڤیری گەلەك وازحیا نفیسیە دەتوانن لە کوٚبەندی ئەو بژاردانە، یەعنی تشتەکی نی پێشنیارەکا نی دەقەکی دی سیاخەکی نی ئەم لیژنە یاسایە نائینن لە کوٚبەندی ئەو بژاردانە، یەعنی گەلەکا وازحە، یەعنی ئەوە نە دەسەلاتەکا داخوازێ دکم خوٚ بدەنە لیژنەی یاسایی دە پێشنیارێ هەیە هەمی لە ئاستەکی یەك و دوود گرن ئەم پێشنیارەکێ سیاغەکێ جیك کەن نافبەرا هەر داهاتا بیتە ئیك حەلەکا یا تەوفیقی هەر دەبتە یەك ناڤەبەرا مستەلەحێ تێدا دیارە لە کوٚبەندی ئەو بژاردانە نەگوتیە دارشتنەکی نوێ.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەروٚکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو کاك جلال قسەکتان هەیە.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەروٚکی پەرلەمان.**

والله من تەنها هەر قسەکانی کاك بژار دووبارە دەکەمەوە، کەمێك ئیزافە دیارە ئەمە ئامانجی ئەوەیە کە لیژنەی یاسایی بتوانێ لە مابەینی چەند بوٚچوونێك لە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان بوٚچوونێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەڵبژێرێ و بیکاتە ڕەئیەك و دواتر ئەم ڕەئیە تەسبیت نابێت دەنگدانی لەسەر دەکرێ، واتا ئەگەر ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ نەبن ئەو ڕەئییەی لیژنەی یاسایی نابێتە ئەساس و تێناپەرێندرێت، بەڵکە ئەگەر باشتربوو بە دەنگدان یەکلایی دەکرێتەوە، واتا ترس لەوە نییە لیژنەی یاسایی ڕەئی خوٚی فەرز بکات لەسەر ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، چونکە دواجار جەلسەی سێیەم دەنگدان بوٚ پەرلەمانتارە بەرێزەکان و دەتوانن دەنگی پێ نەدەن ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تر دەڵێ بژاردەی تر بوٚ خستنەڕووی دەنگدان ئامادەبکات و دەشێت لیژنەی یاسایی بەدەر لەو بژاردەی کە ئەندامانی پەرلەمان هەیەتی بژاردەی تر ئامادەبکات، سوپاستان دەکەین.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەروٚکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕوٚژان خان.

**بەرێز ڕوٚژان محمد کریم:**

**بەرێز سەروٚکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیری کردنی قسەکانی بەرێز کاك بژار و کاك جلالم، ئەم بڕگەیە من دەڵێم دەبێ بمێنێتەوە وەك ئەوەی لە پێشنیاری لیژنەی یاساییدا هاتووە، ئەوەی ماددەی (٨٩) بڕگەی

دووەمی ماددەی (٨٩) بۆ لیژنەی تایبەتمەندە، بەڕێزان پەرلەمانتاران بۆ لیژنەی تایبەتمەند ئەوانەی ئەو پێشنیارانەی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندایە، بەڵام ئەگەر پرۆژەیەك پێشنیازێك پێشکەش کرا و تایبەت بوو لە ئیختساسی لیژنەی یاسایی و وەکو ئێستا هەمواری ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە، لیژنەی یاسایی وەکو لیژنەی تایبەتمەند ئەبینێ، یەعنی لیژنەیەکی تری تایبەتمەند نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە ئەم بڕگەیە وەکو ئەوەی لە پێشنیاری لیژنەی یاسایا هاتووە بمێنێتەوە جیاوازە لەوەی کە لە پەیڕەو لەماددەی (٨٩)دا هاتووە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە زیاتر لەوەوە هاتووە، یەعنی ئێمە لە پرۆژە یاسایەکی پێشتر لەسەر شەنگال وشەیەك هەبوو بەراستی گفتووگۆی زۆری لەسەر کرا، ئەمە هەم لیژنەی شەهیدان و لیژنەی یاسایی لێرانە بە حیسابە کۆنەکەیان ڕێکەوتبوین و لاشماندا، بەڵام نەمانتوانی لەبەر ئەوەی پەیڕەوەکە ڕێی پێ نەدابووین، بە نسبەت دەوڵەتی بەناو ئیسلامی یان دەوڵەتی ئیسلامی مەسەلەی داعش، ئێمە لێرانە هەردووك لیژنە ڕێك کەتین لەسەر ئەوەی کە ڕای ئەندامانی پەرلەمانیش وەرگیرێت کە دەوڵەتی داعش بە ناو دەوڵەتی ئیسلامیە دابنێین، نەك هەر دەوڵەتی ئیسلامی، ئیتر لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتەمان نەبوو بۆمان نەچوە سەر، لەبەر ئەوە ئەمە دراوە بۆ ئەوەی حالەتێکی ئەوها ئەو لیژنە ئەگەر لیژنەی یاسایی تایبەتمەندبێ، دەکا لیژنەی یاسایی لیژنەی تایبەتمەند بێت بە بابەتەکە یان ئەگەر لیژنەیەکی تایبەتمەند دەبێ ڕاوێژ بە هەردوو لایان ئەمەیان بۆ پەرلەمانتاران بخرێتە ڕاو دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی ئەم کەلیمە ئەم خاڵە هەڵبژێردرێت ببێتە ئەساسی ماددەکە، زۆر سوپاستان دەکەم بۆیە من پێم باشە ئەمە بمێنێتەوە ئەوە ڕای ئەندامانیشە کە دەخرێتە دەنگدانەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو د. کاظم.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە لەسەر کۆتا دێری ئەم ڕەشنووسە، کە نوسراوە دەلێ بژاردەی تر بۆ خستنە دەنگدان ئامادە بکەن، کەواتە بژاردە کۆنەکان کە موقتەرەحی پەرلەمانتارە بەڕێزەکانە وەکو خۆی دەمێنێتەوە دەنگدانی لەسەر دەکرێ زائیدەن بژاردەیەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حیکمەت لەو ماددەیەی پێشوو لە پەیڕەوی پێشوو ئەوەبوو کە ماوە لە دەنگدان خوێندنەوەی دووەم بۆ خوێندنەوەی سێیەم، ماوەیەکی زۆر کەم بووە، هەر ماددەیەك تەواو دەبوو خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرا و پاشان دەنگدان دەکرا، بەڵام ئێستا بە پێی پەیڕەوی نوێ ماوە لەبەردەم لێژنەی یاساییدا کە باس لەوەش دەکا لە ماددەی (٨٩) کە باس لەوە دەکات کۆبەندی ئەو قسانەی کە گوتراوە، دەتوانێت رستەیەك دروست بکا کە (٦) وشەی تێدایە، هەر وشەی ئەندام پەرلەمانێکی جێگەی بکاتەوە، بەڵام تەواو مەعناکە دەگۆڕێتن، لۆیە ناکرێ ئەو دەست کرانەوەیە بەڕێزان لە لێژنەی یاسایی بدرێ ئەوەی لە ناو قوبەی پەرلەمان پێشکەش دەکرێ ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانە دەخرێنە دەنگدان ئەو دەست کرانەوەیە مەجالەکەیان فراوانتر دەکات، رستەیەك دروست دەکەن، وەکو باسم کرد لە چەند ووشەیەك پێکهاتووە ووشەکانیش دەربڕایە، بەڵام بە مەعنای جیاواز لە جێگۆرکێی جیاواز ماوەیان لەبەردەم دایە، ماوەی نێوان خوێندنەوەی دووەم لە بۆ خوێندنەوەی سێیەم چەند رۆژێکە هەموو ئەو بۆچوونانەی کە خراونەتەڕوو، ئەوانە دەخرێنە دەنگدان، ناکرێ بابەتی دیکە لابەلا ئەو رێگایە بدرێتن لە لیژنەی قانوونی بتوانن ماددەی دیکە ئیزافە بکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ تەواو بڕۆنە ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی شانزەهەم:

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت نوقتەی نیزامی هەیە کاك بژار، فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام بژاردە هەیە وەکوو لیژنەی یاسایی بشێتن بژاردە یەکی دی ئیزافە بکاتن، لە هەر بابەتەکی پێویست ناکاتن، یەعنی تەعدیلی بێختا وا تشتەك پەرلەمانی دا هاتینە گۆتن سێ برادەرا یان زێدەتر پەیڕەوی دا نەهاتیە وەکو مەسەلەن برادەرەك یان دوو شتەکی بێژن و پشتی هەنگێ دەنگی لەسەر بداتن، لەبەر هەندێ مە پێم باشە ئەو ماددە (١٥) بێتە لابردن، یاعنی جارەکی دی تەکید لەسەر هەندێ دەکەم مادەم بژاردە وان هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە کاك حکمت، تەواو برۆ ماددەی دوای ئەوە.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شانزەهەم:

بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) لا دەبرێت.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، (کاك کاوە، سەرچنار خان، کاك ابوبکر، روپاك خان) هەمویان بنووسە، ئەم بەرێزانە ناویان نوسیووە (مامۆستا عبدالستار، د.کازم، د.محیدالدین، کاك سیروان، شادیە خان، مووژدە خان، کاك مم بورهان، سەرچنار خان، کاك بەلین، د.شایان، بەدریە خان، کاك سیپان، د.اسماعیل، کاك بەهمەن، کاك حیکمت، د.ریبوار، د.عبدالسلام، کاك سروان، کاك ویس، لیزا خان، هدیە خان، کاك چیا) فەرموو کاك کاوە.

**بەرێز کاوە عبدالقادر حسن،**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان واللە ئەگەر بکرێ من سرەی خۆم دەدەمە مامۆستا عبدالستار با ئەو یەکەم کەس قسە بکات.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەرت دەڕوا تۆ حەقی ئەوەت نییە رەئی بدەی، ئەمن قەرار دەدەم.

**بەرێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ببورە، من داوا ئەکەم ماددەکە وەکو خۆی بڕگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە، سەرەتا من پێم وایە ئەو هەمواركردنەوەیە سیاسی بوو نەك یاسایی و، ئامانجیش ئەو ماددەیە بوو هیچی تر نەبوو و خالی یەکەم: ساڵی (٩٢) وەوە تا ئێستا لە هەموو هەڵبژاردنەکان کە کراوە هەموو ئەو خەڵکانەی کەوا سەربەخۆ خۆیان هەڵبژاردوە دەنگی پێویستیان نەهێناوە، نەیانتوانیوە متمانەی جەماوەر بە دەست بێنن و بگەنە پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو هەموو ئەوانەی گەیشتونەتە پەرلەمان بە ئێمەواناینشەوە کە بە ئێوەی بەرێزیشەوە کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دانیشتوون، هەموتان هێزێك پشتگیری کردوون و هێزێك لە پشتتانەوە بووە، بۆیە گەیشتونەتە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە من پێم وایە ئەو دەنگە دەنگی لایەنە سیاسیەکەیە نەك دەنگی کاندیدەکە بەتەنێ.

خاڵی دووەم: ئەگەر تەماشای شێوازی دەنگدان بکەیت دەنگدەر، سەرەتا دەنگ بە لیست دەدات دواتر دەنگ بە کاندید دەداتن، واتا ئەفزەلیەت بۆ لیستە، ئەو کەسەی کەوا دەنگ دەدا دەنگدەر پێشتر لیستەکەی بە دڵە و دەنگ بە لیستەکە ئەدا بە بەرنامەی حزبەکە ئەدا و دواتر بە کاندیدەکە ئەدات.

خاڵی سێیەم: ئێمە ئەوانەی کەوا خۆمان کاندید کردوو دەرچووین، ئەوانەشی کەوا دەرنەچوون هەموو ئەو لیستانەی هەبوون پێشتر بەرنامەی کارێکیان راگەیاندبوو، و بە پێی ئەو بەرنامەیە کە لە حەملەی هەڵبژاردنەکان ریکلامیان بۆ دەکرد، ئەو کەسەی دەربچێت پابەند دەبێت بەو بەرنامەیکارە، لە چوار ساڵی داهات و، بۆیە گرنگە ئەوانەی کەوا دەردەچن وەکو هەم کارێکی پیشەیی، هەم کارێکی ئەخلاقی پابەندبن بەو بەرنامەکارەی کەوا راگەیاندراوە لەلایەن لیستەکەیان، یاخود لەلایەن حزبەکەیان و بەڵێنێکیشە، هێنانە دی بەڵێنێکیشە بە دەنگدەرانی خۆیان، بۆیە دووبارە دەڵێمەوە پێویستە ئەو برگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە وە ئەمە کۆت و بەندکردنی پەرلەمانتاران نییە، بەڵکە پابەندبوونیانە بەو بەڵێنەی کە پێشتر داویانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس مامۆستا عبدالستار فەرموون، نوقتەی نیزامی دوای مامۆستا عبدالستار وەریدەگرم فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەم بابەتە بەرای من دوو دیوی هەیە، دیوێك کە ئەوەی کە لە پەیڕەودا هاتووە زۆر قورسە، بەرای منیش کە پەرلەمانتار نوێنەری خەڵکە، بەڵام لەکاتێك لەگەڵ فراکسیۆنەکەی نەما بە هەر هۆکارێك ئەندامیەتی پەرلەمان لە دەست دەدات، دیوەکەی کەشی کاك کاوە تۆزێك ئاماژەی پێکرد، ئێمە هەمووماں لە رێگەی لیستێك و قەوارەیەك هاتوینەتە ئێرە و، بەرنامەیەکی ئینتخابیمان هەبووە، بەڵێنمان بە خەڵك داوە و ئەو لیستەش خۆتان دەزانن بە پێی یاسای ئینتخابی، تەبعەن ئەگەر کەسێك بێ دەنگ تەنها بە کاندیدەکە بدات دەنگ بە لیستەکە نەدات ئەو دەنگە دەسوتێت، کەواتە من هەست دەکەم لێرە ئەولەویەت بەم لیست و قەوارانەیە، پشتگیری خەڵکێکیان کردووە هاتوون لێرە ئەندام پەرلەمانن، ئەمە کەس نەشکێنین، یەعنی ئەم بابەتەش بەراستی بۆ هیچ لایەك نەبێت، نە بۆ ئەوە بێ کە ئێمە چاومان لە لیست و قەوارەیەك بێ، فراکسیۆنێك بێ کە پەرتەوازە بن و وەکو گۆشتی خێر ببەخشرێنەوە، ئەوە نەبێ و نە بەراستی ئێمە یەك لە بارەی خۆمان کە من ئێستا ئەو قسەیە دەکەم یەك زەرە گومانم لە ئەندامەکانی خۆمان نییە، هیچ مووشکیلەشمان نییە و قەتیش ئەو موشکیلەیەمان نەبوە، بەڵام ئەمن حەز دەکەم بە راستی شتێکی رێکو پێك بکەین، ئەگەر قەبوڵی بکەن جیا لەوەی کە لێرە هاتووە نوسراوە لا ببرێ و وە ئەوەی کۆنیش بمێنێتەوە، ئەمن رەئی جەنابتان قەبوڵی کەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەگەر حەزیان کرد، یەعنی دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی کۆبونەوەیەکی بکەین، ئێمە بێین شتێك دابرێژین، بێین شتێك بکەین کە جیاواز بێت لەوەی کە حدوودی حزبی و هەندێك یاساو یا مەسەلەن پێشنیازێك بێ و شتێکی وا دەرکەین، کە رێکو پێك بێت، بەراستی نە ئەوەبێ پەرلەمانتار ئەگەر مەسەلەن سبەینێ پەرلەمانتارێك لەبەر هەر هۆکارێك چ قەیدیە قەناعەتی بەو حزب و خەڵکە نەما، با

بجێته لایەکی دیکە، بەڵام یەکسەر پەرلەمانتاری لەدەست بدات قورسە، بەڵام بەراستی ئەمن یەك دیفاعم لە خەڵك هەیە سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر ئیجازە بدەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس واللە کاتەکەت تەواوبوو مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە ئەو خەڵکەی کە دەنگی داوە، ئەو خەڵکە فەقیرو هەژارە دەنگی داوە، هی هەموو حزبەکان دەڵێم، بڕوا بکەن دەنگی بەم پەرلەمانتارە داوە کە بەرنامەیەکی ئینتخابی هەبووە لەگەڵ لیست و حزبێکیش بووە بە ئەندام و کادیرەکانیشی بە جەماوەرەکەش، ڕەنگە ئەندامی ئەو حزبەش نەبووبێ، بۆیە بەراستی پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین موراعاتی خەڵکی دەنگدەر بکەین بە گشتی ج ئەندام بێ چ کادیرێکی گشتی بێ، لەوە کابرا بتوانێ مەسەلەن سەنگەر بگوازێتەوە یا بتوانێ بجێت بۆ لایەکی تر.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حکمت فەرموون، ببورن با نوقتەی نیزامییەکان وەربگرین کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دەزانرێ ئێمە کۆمەڵگایەکی موسوڵمانین، زۆرینە و لە نێو مووسڵمانانیشدا تەوزیع بووین بۆ سونی و شیعە و، یەکێك لە مەراسیمە گرنگەکانی شیعە ئەو بابەتی هەلیسەو ئەوانەیە، بۆیە داواکارم ئەو قسەی برای بەڕێزم کوا شینەکە بۆ هەلیسەیە، لەناو پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوەو نەمێنێ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان::**

دەسڕێتەوە فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕای کاك جلالم هەیە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەق نییە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ڕێ بەو خیتابە سیاسیانە بدرێت، کە کاتێك بیانەوێت ئێمە چوار سەعات و دە دەقەیە پەرلەمانتارانی ئازیز لێرە دانیشتوون، بۆ ئەوەی مناقەشە لەسەر تەعدیلێك بکەین کە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە، بە کاری پەرلەمانی ئەی ئەگەر شینەکە بۆ ئەو هەریسەیە کە ئەو وشە نەشیاوەی کاك کاوە بەکاری هێنا بۆ بەڕێزیان، تاوەکو ئێستا موناقەشەی لەسەر ماددەو بڕگەکانی ئەوە دەکرد کە پێویستی بە تەعدیل بوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورن، فەرموو کاك د.محی الدین.

**بەرێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەكانی مامۆستا عبدالستار دەكەم و قسەكانی منی گەیاند.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سروان.

**بەرێز سروان محمد علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە بە نسبەت ماددەی (١١٠) باشە، من دواتر قسە دەكەمەوە كە بكرێت ئەگەر ئاسایی بێت.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا ئێستا قسە بكە ئەگەر نا تەواو.

**بەرێز سروان محمد علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە سوپاست دەكەم، بە نسبەت ئازادی لە ناو پەرلەمان و پەرلەمانتار، من هاورام لەگەڵ ئەوەی كە پەرلەمانتار ئازاد بێت لەوەی لە چ فراكسیۆنێك دەبێت، بۆ نموونە ئێستا من لە فراكسیۆنی پارتیم، بەڵام ڕەنگە لە هەندێك بیركردنەوە جیا بیربكەمەوە لەوەی كە فراكسیۆن بیردەكاتەوە، بۆیە ئازادم لەوەی لە فراكسیۆنێكی تر بم یان جیا بم لە فراكسیۆنەكەم، بۆیە پێشنیار دەكەم برگەی دووەم پەرلەمانتار ئازادە وای لێ بكرێت، پەرلەمانتار ئازادە لە كاری پەرلەمانی، بەڵام كە لابدرێت هەركاتێك ئەندامی فراكسیۆنێك لە فراكسیۆنەكەی خۆی جیا بۆوە ئازادبێت، هەركاتێك جیا ببێتەوە هەر ماددەی بڵێین ماددەی (١١٠) برگەی دووەم بمێنێت، بەڵام گۆرانكاری لەوەدا بكرێت كە پەرلەمانتار ئازادبێت لە جیابوونەوە، یان لە هێشتنی فراكسیۆنەكەی، بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر قسە بكات و باشتر تەمسیلی ئەو خەڵكە بكات و كە بڕوایان بە ئەو بووە سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شادی خان.

**بەرێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدم بۆ ئەو بڕگەیەیە، كە بە لابردنی بەرێزتان ئەزانن كە لە پەیرەوی دنیادا، لە دنیادا زۆرێك لە پەرلەمانەكاندا هەیە و هەموو پەیرەوەكانیشیان وەك یەك ئازادی دابین كردووە بۆ پەرلەمانتار، ئەم بڕگەیە یەكێكە لەو بڕگانەی كە پەیرەوی ناوخۆی ئێمە بە هەموو باشیەكانەوە ئەخاتە سەر هێڵێك كە هیچ دیموكراتیەك بۆ پەرلەمانتار ناهێڵێتەوە و ناهێڵێت خاوەنی ڕای خۆی بێ.

خاڵێكی تر هەیە ئێمە لیستی ئیتخابات لە هەرێمی كوردستان لیستی نیمچە كراوەیە، واتا هەر پەرلەمانتارێك لە پەرلەمان بوونی هەیە، بە پێی یاسایەك هاتووە ژنان بە تایبەتی بە پێی یاسای

هەڵبژاردن زائیدەن سیستەمی کۆتا هاتونەتە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی هەر پەرلەمانتارێك لێرەیە قودرەت و توانای خۆیەتی کە گەیاندویەتییە پەرلەمان، نەك هی شتێکی تر، بۆچی لەسەر هەمان لیست کە ئەو پەرلەمانتارە دەرچووە زۆر کاندیدی تر هەبوون دەرنەچوون، ئەمە دەلیلە بەدەستمانەوە کە پەرلەمانتار توانای خۆی گەیاندیتە پەرلەمان ئەمە خالێك.

خاڵی دووەم: ئەگەر بێتو ئەم پەیڕەوی ناوخۆی ئێمە، ئەم خاڵەی تیا بێ وەك باسم کرد، ئازادی پەرلەمانتار بەم شێوەیە سنوردار بکرێ کە پەرلەمانتار کاتێ دەزانێ حزبەکەی، یاخود لایەنەکەی، یاخود فراکسیۆنەکەی هەڵگری ئەو بەڵێنانە نین کە لە حەملەی ئینتخاباتە بە خەڵکیان وتووە، هەڵگری ئەو پەیامانە نین کە پێشتر ئاماژەیان پێ کردووە، چۆن پەرلەمانتار نەتوانێ جیا بێتەوە لە حزب و فراکسیۆنەکەی خۆی، لەبەر ئەوەی بەڵێ لەگەڵ ئەوەیام کە ئەم بڕگەیە لا ببرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا یادی دووساڵەی ریفراندۆم لە ئێوەو سەرجەم گەلی کوردستان پیرۆز دەکەم، پێشنیاز دەکەم بڕگەی دووەم لەماددەی (١١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموار بکرێتەوە، هەر چۆنێك لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) هاتووە کە باس لە ئازادی پەرلەمانتار کراوە، منیش داوا دەکەم یاخود پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیە هەموار بکرێتەوە، پەرلەمانتار ئازادە لەکاری پەرلەمانی هەر کاتێك ئەندامێکی پەرلەمان ئەو بڕیارەی دا لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا ببێتەوە، یاخود بجێتە پاڵ فراکسیۆنێکی دیکەی پەرلەمانی، ئەوا لە ئەرکی خۆی وەکو پەرلەمانتار بەردەوام دەبێت، هەر باسی لیستیش کرا لیستیش گرنگی خۆی هەیە، بەڵام شادی خانیش باسی لەوە کرد کە ئێمە بە لیستی نیمچە کراوە داخلی هەڵبژاردن بووین، چەندە لیستەکان کاریگەریان هەبوو لە کۆکردنەوەی دەنگەکان، کاندیدەکانیش بە هەمان شێوە کاریگەری خۆیان هەبوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك کاوە دەکەم سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەرێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك کاوەو مژدە خان دەکەم.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو د. شایان.

**بەرێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم لە بەرێزتان ڕوونی بکەنەوە بۆمان، گرنگی لابردن یا هێشتنەوەی ئەو ماددەیە چییە؟ لە کاتێکا لە یاسای هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ماددە (٤٣) بڕگەی (٢)وەم دەڵێ واز هێنانی ئەندام لە ڕۆژی قبوڵکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگ کاری پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە موشتوومری زۆر هەڵ ئەگرێت، بەشێکی پەیوەندی بە یاسای ئینتخابات و شێوازی هەڵبژاردنی کاندید و شێوازی دەنگدانی هاوڵاتییانەوە هەیە، بەڵام زۆر باسکرا من درێژەی نادەمێ، ئەوەی کە گرنگە لێرە ئازادی پەرلەمان کاری پەرلەمانتاری یەکێکە لە بنچینەکانی سەرکەوتنەکانی پەرلەمانێکی بەهێز، بۆیە تەنها پێشنیاز ئەکەم چوونە پاڵ فراکسیۆنێکی تر لا ببرێ، ئێمەی پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی و ئازادیشە لە جیابونەوەی فراکسیۆنەکەی بە مەرجێك فراکسیۆنێکی سەربەخۆ دروست بکا، مافی ئەوەی نەبێ بچێتە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، زۆر زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەرێز چیا حمید شەریف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن لە هەرێمەکم کە دیموکراسیەت هەمی باوەری بە دیموکراسیەت هەیە، ئەڤ خالی کو ئازادیە پەرلەمانتاری دژی دیموکراسیەت هەر بو پەرلەمانتاری هەم بۆ فراکسیۆنێ، ئەز لەگەڵ هەندێمە کە ئەڤ ماددە بێتە گۆڕین بەڤێ شێوایی پەرلەمانتارە ئازادە لەکاری پەرلەمانی، بەڵام هەر کاتەك ئەندامی فراکسیۆنەك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیابۆوە، یاخود چوە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، ئەندامییەتی خۆی لە دەست نەدات.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەناوی بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی کاك کاوە و مامۆستا عبدالستار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو گوتیا من بێژم هاتن مامۆستا عبدالستار و مامۆستا کاوە پشتگیریا گوتنی وان دکم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هدیە خان.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارێ لیزا خان کاك چیا و کاك سروان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدامە ئەو ماددەیە نەمێنێت بڕگەی (٢) نەمێنێت، چونکە زەرووره ئەندامی پەرلەمان ئازادبێت و دەریش بچت لەو هەموو قەیرانەی لەسەریتی، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئازادی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕێیان زۆر قسەیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، ئەو بابەتە زۆر زۆر شت هەڵئەگرێ، یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە بەڵامی تیا نییە، لێرە یاساکە بە کورتی هەمووی ناخوێنمەوە، ئەڵێ پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانتاری، بەڵام ئەو (بەڵامە) شەرمە، بۆ شەرمە؟ لەبەرئەوە نییە کە ئێمە خوانەخواستە بمانەوێ هاوڕێیەکمان شتێکی لەسەر بێ، بەڵام ئازادی ئەوە نییە کە تۆ سنووری بۆ دابنێی، هەموو کەسێ سنووری خۆی ئەزانێ، من زۆری

لەسەر نارۆم، هەندێك شت ئەبێ بە موزایدە لەم ولاتەیا، بەڵام ئایا ئەگەر حیزبێك خۆی فرۆشت کەس ئەتوانێ پاساوی بۆ بکاتەوە، لێرە من تەنها بۆ ئەوەی کە پاساو موزایدە بۆ ئەو شتانە نەکرێ بە تەنیا......

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بابەس قسەی قانوونی بکەین کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەتوانم بڵێم یەك بڕگەی بۆ زیاد بکرێت، وەکو ئەو لابرێت، بەڵام بڕگەیەکی بۆ زیادبکرێت بوترێت کە پەرلەمانتار بۆی نییە بچێتە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، بۆ ئەوەی تەمی گومانی هەمولایەك بڕەوێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە، من یەکەمیان پشتیوانی تەواوەتی لە لابردنی ئەم ماددەیە ئەکەم ئەوە یەك، دوو: ئەوەی کە هەیە ئەبێ ئێمە تێبگەین پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەری گەلن؟ یا نوێنەری حزبن؟ ئەم مەفهومە ئەبێ ساغ بکەینەوە، ئەم پەیڕەوە، پەیڕەوێکە پەیڕەوێکی باشە، خزمەتی پایەکانی دیموکراسی و کاری پەرلەمانی ئەکا، بەڵام هێشتنەوەی ماددەی (١١٠) یەکێکە لە ببورن ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنم بە داوای لێبوردنەوە بۆ جەنابتان و بۆ پەرلەمانتاران..........

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەزانی بەکەڵکی بەکارهێنان نایە مەیکە.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا نا، مەبەستم چەمکێکی سیاسیە، یەعنی مەبەستم دیوە سیاسیەکەی باس ئەکەم، پێم وایە شوورەیەکی قانوونی شوورەیەکی سیاسی ئەبێ، ئەگەر ماددەی (١١٠) بمێنێتەوە، بۆیە بۆ ڕێزگرتن لە کاری پەرلەمانی و لە ئازادی کاری پەرلەمانی هەر پەرلەمانتارێك بۆ خۆی ئەگەر ڕێز لەم کارە بگرێ، هیوادارم پشتیوانی لە مەسەلەی ئازادی کاری پەرلەمانی بکرێ و پشتیوانی بکا لە لابردنی ئەم بڕگە قانونییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٢) ماددەی (١١٠) دا هاتووە کە پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی، بەڵام هەر کاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیابۆیەوە، ئەوا ئەندامیەتی پەرلەمان لە دەست دەدات، لە ڕاستیدا ئەم نەسە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەگونجا کە ئەو کات لیستی داخراو بوو، واتا هێزە سیاسییەکان حزبەکان ئیختیاری پەرلەمانتارەکانیان دەکرد، بەڵام بۆ خولی پەرلەمانی کوردستان کە هەموو هێزە سیاسییەکان هەموو پارتە سیاسییەکان بە لیستی نیمچەکراوە داخیلی پرۆسەی هەڵبژاردن بوونە و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕاستەوخۆ بە دەنگی میللەت هەڵبژێردراون، بۆیە من پێم وایە ئەم دەقە بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ناگونجێت و، پێشنیار دەکەم هەر وەکو زەمیلەکانم پێشنیاریان کرد کە پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی، هەر کاتێك ئەندامی فراکسیۆنەك لە فراکسیۆنی خۆی جیابۆوە، یاخود چووە فراکسیۆنێکی تر، ئەندامییەتی خۆی لە دەست نادات و لە کاری پەرلەمانی بەردەوام دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز د.اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز لەگەڵ هەندێمە ئەڤ مادده بمینن، بەس دەستدانا یا ئەندامیەتی ئەگەر بێتە ماددەی (٢٥)ی، چونکە ماددەی (٢٥) ی تایبەتا نەمانا ئەندامیەتێ ماددەی (٢٥) ی نەمانا ئەندامیەتێ، مادام نەمانا ئەندامیەتێ مادەکی تایبەت هەیە ئەڤە بێتە وێرێ هەرکاڤا فراکسیۆنێ خۆ دەرکەڤێ بچیتە فراکسیۆنەکی دی ئەندامیەتی خۆ دەست بدەی، چونکی هەڵبژاردن رێك هەڵبژاردن دەنگی خۆ یەکەم جار دەداتە لیستی پاشی دەداتە ناڤێ وی و ئەگەر ناڤێ وی بە تەنی نەدا لیستێ ئەو ناڤ سوت، بەس ئەگەر دا لیستێ ئەو ناڤ ناسوتێ دێتە حسێبکردن وێ لیستێ دێتە حسێبکردن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بهمن فەرمووو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لە چوارساڵی ڕابردوودا گوێمان و گوێی هەموو خەڵکی کوردستان بەوە کەڕ بوو کە زۆرترین قسە لەسەر ئەوە کرا، حزب دەسەڵاتەکانی دوور بخرێتەوە لە دام ودەزگاکان، دام ودەزگاکان سەربەخۆ بکرێن و، زۆرترین قسەش لەسەر سەربەخۆیی پەرلەمان بوو، زۆر قسە لەسەر ئازادی و دیموکراسی کرا لەم وڵاتە، خۆی بۆخۆی ئەو وڵاتە وەکو کاك مەم وتی شوورەیە

کە بە ئـازادی و دیموکراسـیەوە، جـارێ پـێچەوانەی بنەماکـانی ئـازادی مـرۆڤە، پـێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیە، پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤە، کە سادەترین بنەمـای مـافی مـرۆڤە و، بۆیە کە هەڵبژاردنی بیروبۆچوونی سیاسییە بە ئازادانە تۆ لێرە کۆت و بەندی دەکەی، کـۆت و بەند کردنی پەرلەمانتارە بە حزبەکەی خۆیەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەتوانێ ئەولاو ئەولا بکات، باشـە من پرسیارێك هەیە، ئەی ئەگەر ئەو حـزبەی کە ئـێمە بڵێـین دەنـگ بە قـائیمەکە دراوە ئەوجـا بە پەرلەمانتارەکە؟ ئێمە لە لیستێکا بوین (١٠٠) کەسی تیابووە، خەڵکی کوردستان ئەو (٤٥) کەسەی پێ باش بووە یان لە لیستێکی تر سەد کەس هەبوەو، دە کەسی دەرچووە ئەم دە کەسـە دەنگـی هێناوە، ئەگەر هاتوو ئەو برادەرانەی کە با وەکو وەڵامێك نەبێ کە ئەڵێن دەنگدراوە بە لیستەکەو ئینجا دراوە بە ئەندامی پەرلەمان، ئەی ئەگەر لیستەکە پابەنـد نەبـوو بەو بەڵێنـانەو تـۆش وەکـو ئەندامی پەرلەمان بەڵێنت داوە بە خەڵك، بۆیە ئیلتزام نەکردن نابێت ببێتە هۆی لە دەست دانـی ئەندامیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوام نەکردبوو ببورن.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوت نەنوسیبوو؟ ئێ باشتر، بەڕێزان ئەگەر لە لیژنەی قانوونی، ببورن بەڵێ فەرموو کاك کازم.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز کاك کاوە و بەڕێـز جەنـابی مامۆسـتا عبدالسـتار دەکەم، کە ماددەکە وەکو خۆی کە لە ئێستادا لە پەیڕەوا هەیە بمێنێتەوە، تەنها ئەوەنـدە ئـیزافەم هەیە کە بەراستی پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانیدا، بەڵام ئازادە لە بەدواداچون و موراقەبە کردنـی حکومەت و بەدواداچوونی گەندەڵی خزمەتکردنی خەڵکا، نەك ئازاد بێـت لەوەی کە وازبێنـێ لەو بەڵێنانەی کە پێشتر مەسەلەن بە لە کاتی بانگەشەیا بە دەنگدەرانی خۆی داوە.

دووەم: ئێمە ئەم ماددەیە کاتێك بە پێویستی نـازانین ئەگەر هەڵبـژاردنەکە لیسـی کـراوەی تەواو بێـت، لیسـتی کـراوەی تەواو وەکـو ئەوەی لە وڵاتـی بەریتانیـا پەیـڕەو ئەکـرێ، کە هـاووڵاتی راسـتەوخۆ دەنـگ دەدات بە کاندیـدەکە و کاندیـدەکە بە تەواوی ژمـارەی دەنگـدەرانی خـۆی دەچێتە پەرلەمان و، حزب و لیست هیچ دەنگێکی ناداتێ، لەو کاتەیا پەرلەمانتار تەعبیـر ئەکـا لە تەواوی ئەو دەنگانەی کە هەیەتی و دەنگـی لە لیسـتەوە بـۆ نەهـاتوە، بەڵام لە کاتێکـا ئێسـتا ئەو پەرلەمـانە جۆرێـك لە پەرلەمـان بەشـێکی زۆری پەرلەمانتـارە بەڕێزەکـانی بە کەمتـر لە هەزار دەنگی دەنگدەران هاتونەتە ئێرە، لە کاتێکا کورسی پەرلەمانی هەژدە هەزار دەنگ بووە.

سێیەم: بەراستی کۆتووبەندکردنی پەرلەمانتار بەوە نییە کە تۆ لێرەیا ئەم بڕگەیە بۆ داناوە کە ئیلتزام کردنی پەرلەمانتارە بەو بەڵێنانەی کە لە کاتی بانگەشەیا داویەتی، بەڵکو کۆت و بەندکردن ئەوەیە کە ئیستیقالەی پێشوەخت بە پەرلەمانتار پربکەیتەوە، یان هەندێ کۆتوبەندی پێشوەختەی پێدانێیت و تەعاودی کاتب عەدلی پێ بکەیت و نازانم ئەمەی پێ بکەیت و ئەو کۆتوبەندانانە کە هەندێك لە لیستەکان کردوویانە تا ئێستاش بەردەوامن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باسی هیچ شتێك مەکە جەنابت، زۆر سوپاس فەرموو کاك د.ریبوار.

**بەرێز د.ریبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللە من بۆچوونەکەی خۆم بە پرسیارێکی فەلسەفی دەخەمە روو، ئایا دانی سیفەتی پەرلەمانتاری ئایا حزب پێی دەبەخشێ یان موئەسەسە؟ وەك پەرلەمان پێم وایە حزب مافی خۆکاندید کردن و خۆ پالاوتن دەدات بە کەسێك کە بیالێوریت، ببێ بە ئەندامی پەرلەمان، بەلام دواجار ئەو کەسە پەرلەمانتار روایەتی لە دوو شوێن وەر دەگرێت.

یەك: لەگەڵ ئەوەی وەریدەگرێت راستەوخۆ دەنگی پێ دەدرێ.

دوو: سیفەتی پەرلەمانتاریش لە پەرلەمانەوە وەربگرێ، بۆیە ئەوەی کە من ئەمەوێت هەلوەستەی لەسەر بکەم ئەم دەقە ماددەی (١١٠) بڕگەی (٢)، جگە لەوەی کە لەگەڵ ماف و گشتییەکان ماف و ئازادی سیاسیەکان ناگونجێ و، لەگەڵ کارو سروشتی کاری سیاسی ناگونجێ، هاوکات لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانیش ناگونجێ، چونکە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانا ماددە (٢٥) هاتووە کە سەندنەوەی سیفەتی پەرلەمانتاری بە رێکارە یاساکان دیاری کراوە، یان ئەوەتا ئەو پەرلەمانتارە دەمرێ، یان ئەوەتا پەرلەمان هەڵدەوەشێتەوە، یان مەسەلەن ئەو پەرلەمانتارە ناتوانێ بە پێی راپۆرتی پزیشکی ناتوانێ ئەدای کاری پەرلەمانتاری خۆی بکات، بۆیە بە هەموو شێوەیەك بوونی ئەم دەقە وائەکات کە کەسێك کۆت و بەند بکرێ، مانەوەی پەرلەمانتار لە چوارچێوەی دەبێ لەسەر بنەمای قەناعەت بێ، نابێ لەسەر بنەمای زۆرە ملێ بێ، ئەو دەقە وا ئەکات کەسێك بە زۆرە ملێ.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حکمەت فەرموون.

**بەرێز حکمت محمد عبو زيد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە وڵاتێك دەژین هەموومان باسی دیموکراسیەت دەکات و، پێمان وایە هەموومان خزمەت دەکەین و کە بەرەو دیموکراسیەت بڕۆین، ئەی باشە چۆن پەرلەمانتارەك نەتوانیتن رەئی خۆی یەعنی بە قەناعەتی خۆی دەربڕیتن، ئەگەر پەرلەمانتار نەچێت ئەو رەئیە دەربڕێت، ئەی خەڵکی سادە چۆن دەکرێت باسی شێوەی هەڵبژاردنییان دەکرد کە .......

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حكمت جەنابت جوابی هاورێكانت مەدەوە، ئێستا لەگەڵ ئەوەی ئەو ماددەیە لە پەیڕەو لابرێت یا بمێنێتەوە بەس ئەوەندە.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ من لەگەڵ ئەوەم ماددەی (١١٠)بڕگەی (٢) لابدرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس فەرموون كاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا ئەكەم قسەكانی كاك بەهمەن لە پرۆتۆكۆڵ بسرێتەوە، یەكەم وشەی شورەیی هیچ جیاوازییەكی تەسەوەر دەكەم خراپتر بێت لە هەریسەكە، كرایە مەوزوع دواتر باسی لەوە كرد ئەو چل و پێنج كەسە لە سەد كەسەكە باشترن ئەبوو دیاری بكات لەسەر ئەو لیستەی كە ئەو كاندید بووە تیای، كاتێك باسی ئەوەی كرد چل و پێنج كەسەكە لە سەد كەسەكە باشتربێ، بۆیە دەرچوون، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی یاسایی، فەرموون دەرفەت نییە، كاك بەهمەن تەواو فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەنها یەك ڕوونكردنەوەمان هەیە لەسەر ئەوەی كە دووبارەی ئەكەینەوە كە ئەندامانی پەرلەمان هەندێك جار قسە تیكرار دەكەنەوە یەك مەفهومی هەیە، بەڵام لە ڕووی داڕشتنەوە چیاوازە لە ڕووی مەفهومەوە، بۆیە تكا ئەكەین ئەوەی كە نالْێ پشتگیری هاورێكەم ئەكەم، ئەگەر لە ڕووی مەفهومیشەوە لەگەڵ هاورێكەی هاورابێ، بەڵام ئێمە لە لیژنەی یاسایی بۆی تەزبیت ناكەین، واتا لە دوای خوێندنەوەی دووەم وەك و پێشنیارێك ناخرێتە دەنگدانەوە، دواتریش گلەیی ئەوە مەكەن بڵێن لیژنەی یاسایی ئێمە چەند كەسمان، چوار پێنج كەس هەمان ڕەئیمان هەبووە تەزبیت نەكراوە ئەوە خاڵێك.

خاڵێكی تر داوا ئەكەین ئەوانەی كە یەك ڕەئیان هەیە و پشتیوانی ئەكەن بە نووسین بۆمان بنووسن دەقەكە وەكو خۆی، بۆ ئەوەی وەكوخۆیان بۆیان تەزبیت بكەین، سوپاستان ئەكەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ هۆكارەكانی دەرچواندن، فەرموو هۆكارە پێویستەكان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆكاره پێویستەكان:
له پێناو باشتر بەڕێوەچوونی كاری پەرلەمانی و فەراهەم كردنی هاوڕێكی پەیڕەو لەگەڵ یاساكانی كارپێكراوەكان ئەم هەمواره پەسەندكرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەیەكی هەیه له بارەی هۆكاره پێویستەكان؟ كەس نییه، سوپاستان دەكەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕۆژی یەكشەمه سەعات (١١) خوێندنەوەی سێهەم خوێندنەوەی دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیازه هەمواره دەكرێ و بەم شێوەیەش كۆتایی به كۆبوونەوەكەمان ئەهێنین و زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فایق حسن** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی

یەك شەممە رێکەوتی ٢٠١٩\٩\٢٩

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣)
## یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٩/٩٢

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فایق حسن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەرێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەرێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی یەك شەممە رێكەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ دەنگدان لەسەر هەمواری یەكەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی ( ٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦و ٩٧، ١٢٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**بەرێز د.رێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی وەرزی پاییزەی ساڵی یەكەم، خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، ئێستاش داوا لە بەرێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم بەرنامەی كاری كۆبوونەوە و پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو، ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەرێز منى نبى قهوەچى/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار

بە پێی حوكمی بڕگەی یەكەم و دووەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەی (١و٢ و٣ و٤ و ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی خولی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كات (١١)ی پێشنیوەرۆ رۆژی یەك شەممە رێككەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ دەنگدان لەسەر هەمواری یەكەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی ( ٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦و ٩٧، ١٢٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی چوارشەممە رێككەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١/ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوو و ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشووی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣/ دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤/ وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان.
٥/خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆکردنی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٦/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پاییزەی لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٢٥.

١/بهجت علی ابراهیم ـ مۆڵەت.
٢/زیاد جبار محمد ـ مۆڵەت.
٣/سعید مستەفا تەتەر خان ـ مۆڵەت.
٤/ سۆران عمر سعید ـ مۆڵەت.
٥/ شیرین امین عبدالعزیز ـ مۆڵەت.
٦/شێرکۆ جودت مستەفا ـ مۆڵەت.
٧/فرید یعقزب الیا ـ مۆڵەت.
٨/ کاروان عبدالرحمن عبدالله ـ مۆڵەت.
٩/ لوقمان حمد حاجی ـ مۆڵەت.
١٠/ مسلم عبدالله رسول ـ مۆڵەت.
١١/ نجات شعبان عبدالله/ مۆڵەت.
١٢/ هیمداد صباح/ مۆڵەت.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە بێ مۆڵەت یان بە مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون، تەنها لیژنەی کاروباری یاسایی لە ٢٠١٩/٩/٢٦ کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە ناوی ئەندام (کاوە عبدالقادر حسن/ ئامادەنەبوو)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان یەك بڕگەیە کە بریتیە لە دەنگدان لەسەر هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی کاروباری یاسایی دەکەم بێنە شوێنی خۆیان فەرموون، بەڵێ مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز هەورامان گەچێنەیی:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆدا هاتووە کە بەرنامەی کار لە (١١) ی پێشنیوەڕۆ دەست پێ دەکات، بەلام ئێستا (١١:٤٦) دەقیقەیە، هیوادارم کە ڕەچاوی کات بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە سەعات (١١) ەوە ئامادەیە بۆ ئەوەی بێتە ناو هۆڵەکە، بەڵام زیاتر لە جارێك داوامان کرد بۆ ژماردنی ئەندامانی پەرلەمان پێمان وتن نیصاب هەیە یان نییە، کە پێمان وترا نیصاب هەیە ئێمە یەکسەر هاتین، بۆیە داوا دەکەین فراکسیۆنە کان پابەند بن بە هاتنە ژوورەوە لە کاتی خۆیدا، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ دەنگدانە لەسەر پێشنیازە یاساکان کە لە جەلسەی پێشووتر دا پێشنیازی بەشێك لە ئەندامان بوو، پێویستە ئەو کلێشەیە لەبەردەستمان بێ، لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین تەنها بەسەماعین زۆر بەباشی بتوانین بڕیار بدەین، لەبەرئەوەی یەك ووشە مانای رستەکە دەگۆڕێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر بەڕێزتان سەیری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئەو ڕاپۆرتەی کە بۆ دەنگدان ئامادە دەکرێ ئەندامی پەرلەمان بتوانێ داوا لە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند، یان لیژنەی یاسایی بکات، بۆ ئەوەی کۆپیەکی لەلا بێ، بۆ جارێکی داهاتوو هەر بەڕێزێك ویستی کۆپیەکی ئەو ڕاپۆرتەی لەلا بێ دەتوانێ داواکاری لەبەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یان لیژنە تایبەتمەندەکان بکات، ئێستاش هیچ شتێك ڕێگر نییە لەوەی کە بەڕێزتان داوا بکەن کۆپیتان بۆ بێت، بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموون، بەڕێزان لە تەکنیك هەوڵ بدەن نوسخەیەکی ڕاپۆرتەکە بخەنە بەر دەستی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، فەرموو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٩/٢٦ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردنەوە و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی

ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢) ی لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ دا کە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەم، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکەمان گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
سەبارەت بە ناونیشان وەك خۆی هیچ پێشنیارێك لەسەری نییە، ناونیشانەکەش بەم شێوەیەیە:
(پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان)

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ با ئەوە بخەینە دەنگدان، یان هەمووی دەخوێننەوە ئینجا؟ فەرموون هەمووی بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/ وەك خۆی هیچ پێشنیارێکی لەسەر نییە.
ماددەی یەکەم هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:
١/پێناسەی پرۆژە یاساو بڕیار لە ماددەی یەکەم وەردەگیرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.
پرۆژە یاسا و بڕیار ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری لەبواری تایبەتمەندی خۆیان، دەستە سەربەخۆکانن هەر دامەزراوەیەك کە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ئاراستەی پەرلەمان دەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ماددەی (٩١/ خاڵی یەکەم) دەڵێ دەنگدان لەسەر ناوی یاسا یان بڕیارەکە دەست پێ دەکات، لەبەرئەوە بەم ئالیەتە دەیکەین، یەکەم جار دەنگ لەسەر ناونیشان دەدەین دواتر ماددەکانی تر، فەرموون بە تەنها ناونیشان بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر داوای تۆ بوو کە هەموو ڕاپۆرت بخوێنینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڵێ هەڵەمان کرد، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشان بەو شێوەیەیە:
پێشنیازی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ناونیشانی ئەم هەموارە بریتی بێ لە هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان

ئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاس، بە دەنگی (٩٣) ئەندامی پەرلەمان ناونیشانەکە پەسەند کرا، فەرمووون ماددەی یەکەم، لەڕاستی دا دژی تیا نییە پەیڕەوی تازە، کێ دژە؟ تیای نییە، بەڵێ یەك کەس، دوو کەس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەپەیڕەوی تازە ئەڵێ ئەگەر زیاتر لە بڕاردەیەك هەبوو، بڕاردەکان دەخرێنە دەنگدان کامەیان دەنگی زیاتری هێنا ئەوە پەسەندە، باس لەوە ناکات ئەگەر یەك بڕاردە هەبوو، لەبەرئەوە دەکرێ بەڵێ بخەینە دەنگدان، دەکرێ بە تەعدیلێکی زمنی لەناو ئەم هۆڵە ڕێك بکەوین لەسەر ئەوەی ئەگەر تەنها یەك پێشنیار هەبوو، چۆن بەڵێ دەخەینە دەنگدان دژیش بخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بۆ لەمەودوا ئەگەر بە تەنها یەك پێشنیار هەبوو، دوای ئەوەی کە پەسەند کردن دەخرێتە دەنگدان دژیش بخرێتە دەنگدان، تەواو وەکو خۆی جێ بەجێ ی دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پەیڕەو وەکو خۆی جێ بەجێ دەکەین، فەرمووو ماددەی یەك.

**بەڕێز بڕار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/ وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە.

ماددەی یەکەم هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١/ پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار لە ماددەی یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پرۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری لەبواری تایبەتمەندی خۆیان و دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ئاراستەی پەرلەمان دەکرێ.

٢/ پێناسەی پێشنیازی یاسا و بڕیار بۆ ماددەی یەك زیاد دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ئەو پێشنیاز و یاسا و بڕیارانەیە کە لایەنی کەم لەلایەن (١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن.

٣/ پێناسەی ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ ماددەی یەکەم زیاد دەکرێن، زۆرینەی ڕەها، نیوە کۆ یەکی، پەنجا لەسەدی کۆ یەکی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، زۆرینەی سادە، نیوە کۆ یەکی، پەنجا لەسەد کۆ یەکی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو، زۆرینەی تایبەت، هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە، وەکو لیژنەی یاسای ئەم داخازێ ژ جەنابێ تە دکەین ئەڤێ شێوازێ نی یێ دارشتنا لیژنا یاسایی بە هەند وەربگرن، ل دانیشتنا چووی یا خاندنا دوویێ ل سەر پێشنیارا هەموارا پەیڕەوێ ناڤ خۆیێ پەرلەمانێ کوردستانێ ژ لایێ ژمارەکا ئەندامێن پەرلەمانی ڤە پێشنیارەك هات ئاراستە کرن، ب مەبەستا هەندێ کو ماددێ ئێك دەمێ دێتە هەموار کرن، تەعاروز و هەڤ دژی دروست دبت ل گەڵ ماددێ (٧٨) ی ژ پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستانێ، بۆ هەندێ کو گونجاندن دروست ببا ل گەڵ ماددا ئێك دەمێ دێتە هەموارکرن ل گەل ماددا (٧٨) ی ئەڤ شێوازێ یاسایی وەکو لیژنەی یاسایی نقیسیە د ڕاپۆرتا خۆدا و داخازێ دکەین بیخیە دەنگدانێ، ڤی شێوەییە:

ماددەی (٧٨) بەم شێوەیە دەگونجێندرێت لەگەڵ پێناسەی زاراوەکان لە ماددەی یەکەم و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پرۆسی یاسادانان بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەند کردنی:
١/ ئەو پرۆژە و یاسا و بڕیارانەی کە تایبەت بە بواری خۆیان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش دەکرێن.
٢/ ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێن.
٣/ ئەو پرۆژە یاسایانەی کەلەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە لەو بابەتانەی پەیوەندارن بە بواری خۆیان پێشکەش دەکرێن.
٤/ ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن دەستەی سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان مافی هەیە پێشکەش دەکرێن.
٥/ پێشنیازی یاسا یان بڕیار کەلایەنی لەلایەن دە ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستتان خۆش بێ، یەکەم جار ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە بەم شێوەیە، ماددەی یەکەم هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:
١/ پێناسەی پرۆژە یاسا و بڕیار لە ماددەی یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
پرۆژە یاسا و بڕیار: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەی کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی دادوەری لەبواری تایبەتمەندی خۆیان و دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ئاراستەی پەرلەمان دەکرێ.
٢/ پێناسەی پێشنیازی یاسا و بڕیار بۆ ماددەی یەك زیاد دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
ئەو پێشنیاز و یاسا و بڕیارانەیە کە لایەنی کەم لەلایەن (١٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن.
٣/ پێناسەی ئەم زاراوانەی خوارەوە بۆ ماددەی یەکەم زیاد دەکرێن، زۆرینەی ڕەها، نیوە کۆ یەکی(٥٠% +١) ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، زۆرینەی سادە، نیوە کۆ یەکی (٥٠% +١) ژمارەی ئەندامانی ئامادەبوو، زۆرینەی تایبەت، هەموو ئەو زۆرینانە دەگرێتەوە کە ڕێژەی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە بە دەنگی (٩١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، سەبارەت بە پێشنیارەکەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بۆ هەمواركردنی ماددەی ٧٨ و گونجاندنی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە بەو شێوەیەی کە بەڕێزیان خوێندیەوە چەند کەس لەگەڵە ......، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە مـاددەی (٧٨) ئەوەی كە پەیوەنـدی بە سـەرۆكایەتی هەرێـمەوە هەیە، پـێچەوانەی ئەوەی پێشووترە، ئەوەی لیژنەی یاسایی لەوەی پێشووتر سەرۆكایەتی هەرێم لە هەموو بوارێك دا بۆی هەیە پرۆژە پێشكەش بكات، بەڵام لە (٧٨) تەنها لەبوارە تایبەتمەندەكەی خۆیدایە، ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەمە ڕوون بكاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەهەردوو ماددا دا پتر ل چارچووڤە هەندێ دێتە دیتن كو نەسەیەكێ عامە ئو ل ماددێ دی دژی نەسەیەكێ خاسە، ئەڤە دیتنا مەیە وەكو لیژنا یاساییە ژ بەر هەندێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، بە گـوێرەی یاسـای ژمـارە () ی سـاڵی ٢٠٠٥ دەسـەڵاتەكانی بەڕێـز سەرۆكی هەرێم دیاری كراوە، بۆیە دەتـوانێ تەنها لەبـواری ئەو دەسـەڵاتانەی كە یاسا پێیـداوە پرۆژەی یاسا و بڕیار بنێرێتە پەرلەمانی كوردستان، بە تەنها لەو بوارە دەتوانێ كە دەسـەڵاتەكەی بە یاسا دیاری كراوە بینێرێـت، خـۆ ئەگەر ڕوئیـایەكی هەبـوو دەتـوانێ لەڕێگـەی تەنسیـق كـردن لەگەڵ دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی وەزیـران هـاوڕێكی بكـات و لەوێـوە پـرۆژە بنێـرێ، لەبەرئەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیەی كە بەڕێـز سـەرۆكی لیـژنەی یاسـایی دەقـی مـاددەی (٧٨) ی خوێندەوە بەهەموار كراوی و هاوڕێك كردنی لەگەڵ دەقی ماددە یەكی ئەم هەموارە كێ لەگەڵ یا دەست بەرز بكاتەوە؟ تەناقوچ نییە كاك علـی، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەمـواری دەقی ماددەی (٧٨) ی پەیڕەو پەسەند كـرا بە دەنگـی (٧٨) ئەنـدامی پەرلەمـان، بەڵام جـێگەكەی دەچێتە پێش ماددەی (١٤) كە بـاس لە هەمـواری مـاددەی (٧٩) ی یاسـایەكە دەكـات، لەم شـوێنە دانانرێ، بەڵێ بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم/ سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ وەك خۆی تەنها خاڵی یەك بەم شێوەیە بێت:

دەستەی سەرۆكایەتی پێك دێت لەسەرۆك و جێگری سەرۆك و سكرتێری پەرلەمـان، لایەنـی كەم یەكێك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی ئافرەت بێ.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی تەنها خاڵێك بەڕیزبەندی ژمارە (٣) بـۆ مـاددەی دەیەم زیـاد بكرێـت بەم شێوەیە:

٣/ یەکێك لە پۆستەکانی جێگری سەرۆك یان سکرتێری پەرلەمان بدرێتە ئەندامێکی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی ئەسڵەکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی.

ماددەی دەیەم هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١-دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان بە مەرجێك یەك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئافرەت بێ.

٢-لە هەر ماددە و بڕگەیەکی ئەم پەیڕەوەدا دەستەواژەی جێگری دووەم هاتبێت دەگۆڕدرێت بۆ سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئێستا سێ بژاردەمان هەیە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، ئاماژە بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩١) هەر سێ بژاردەکە بە دوای یەك دا دەخەینە دەنگدان، کامیان دەنگی زیاتر هێنا ئەوە دەبێتە ماددەیەك لە هەموارەکە، ماددەی دووەم سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، وەکو خۆی، وەك ئەوەی لە ناو پرۆژەکەدا هاتبوو تەنها وشەی (لانی کەم)ی بۆ زیاد دەکرێ، ئەوەش لەڕووی مەنتیقییەوە تەواوە، چونکە ئەوەی لە ناو پرۆژەکە هاتبوو ئیجبار دەکات ئیللا دەبێ یەك کەس لە سەرۆکایەتی ژن بێ، لە کاتێك دا ئەوەیان دەرفەت دەدات دانەیەك زیاتر ژن بێ، لەبەر ئەوە پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان:

دەستەی سەرۆکایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان لانی کەم یەکێك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئافرەت بێ.

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەم دەقەی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٨٩) ئەندامی پەرلەمان دەنگی بەم پێشنیارە داوە، پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا خاڵێك بۆ ڕیزبەندی ژمارە (٣) بۆ ماددەی (١٠) زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

یەکێك لە پۆستەکانی جێگری سەرۆك یان سکرتێری پەرلەمان بدرێتە ئەندامێکی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان.

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەم پێشنیازەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازی دووەم (١٨) دەنگی هێناوە، پێشنیازی سێیەم وەك خۆی، فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمانتار بۆی هەیە لە دوو پێشنیار دا لە هەردووكی دەنگ بدات؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ لە حاڵەتی سێ بژاردە و چوار بژاردەدا پەرلەمان بۆی هەیە بۆ یەك بژاردە دەنگ بدات، ئەگینا ڕەقەمەكە زۆر زیاتر دەكات لەوەی كە لە ناو قاعەكەدا دانیشتووە، بۆ نمونە (٨٠) كەس بۆ پێشنیارێك دەنگ بدات، (٣٠) كەس بۆ پێشنیارێكی تر، (١٥) بۆ پێشنیارێكی تر زۆر زیاتر دەكات لەو عەددەدەی كە ئەندامانی پەرلەمان لێرەن، لەبەر ئەوە لە حاڵەتی دەنگدان بە یەكێك لە بژاردەكان هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان بۆی هەیە بۆ یەك بژاردە دەنگ بدات و ئەوە ڕەنگە كۆنترۆڵ كردنی بۆ دەستەی سەرۆكایەتی ئاسان نەبێ، بەڵام ئەوە زیاتر مەسئەلەیەكی مۆرالی یە، تكا دەكەم پابەندی ئەوە بن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازی سێیەم ماددەكە وەكو خۆی ئەوەی كە لە ناو ڕاپۆرتی یەكەم دا هاتبوو:

١-دەستەی سەرۆكایەتی پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و سكرتێری پەرلەمان بە مەرجێك یەك لە سێ ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی ئافرەت بێ.

٢-لە هەر ماددەیەك و بڕگەیەكی ئەو پەیڕەوە دەستەواژەی جێگری دووەم هاتبێ دەگۆڕدرێت بۆ سكرتێری پەرلەمان.

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەم بژاردەیەیە با دەست بەرز بكاتەوە؟ هیچ كەسێك لەگەڵ ئەم بژاردەیە نیە، كەواتە پێشنیازی یەكەمی لیژنەی یاسایی بە دەنگی (٨٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/

ماددەی (١٤) بڕگەی (حەوتەم) لانەبردرێت.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی ماددەی (١٤) بڕگەی (حەوتەم) لابدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لەبەردەم دوو بژاردەین، بژاردەیەكیان (یەكەم)ە كە دەڵێ ماددەی (١٤) بڕگەی (حەوتەم) لانەبردرێ، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەم بژاردەیەیە با دەست بەرز بكاتەوە؟ بەڕێزان ئەو ماددەیەی كە دەڵێ (ئەگەر یەك كەس كاندید بوو بۆ هەر پۆستێكی دەستەی سەرۆكایەتی بە ناو لێنان دەبێتە سەرۆكی پەرلەمان یان جێگری سەرۆكی پەرلەمان یان سكرتێری پەرلەمان)، هەر كەسێك لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە لە ناو

پەیڕەو وەکو خۆی بمێنێتەوە ئێستا دەنگ دەدات، بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ئێوە دەنگتـان دا بە مـاددەکە موخـالیف، یەعنـی ئەو (٥٢) بەڕێـزەی دەنگیـان دا موخـالیفە بـۆ یاسـای هەڵبژاردن، ئێمە مامەڵە لەگەڵ دەنگەکانتان دەکەین، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەر کەسـێك لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە لابدرێت لە پەیڕەو بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ بەڕێـزان دەرفەتێکمـان بـدەنێ، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان پێشـنیازی یەکەم (٦٥) دەنگـی هێنـاوە، ئێسـتا پێشـنیازی دووەم دەخەینە دەنگدان کە دەڵێ ئەو ماددەیە لابدرێت، فەرموون، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سـوپاس، (٣٠) ئەنـدامی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە لابـدرێت، کەواتە پێشـنیازی یەکەم قبـوڵ کـرا دەبێتە ماددەیەك لە هەموارەکە، فەرموون ماددەی (٤).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (چوارەم)

وەك خۆی و هیچ پێشنیارێك نییە، ئەسڵەکەی وایە (وشەی سەرۆکایەتی بووە وشـەی دەسـتە لە هەر برگە و ماددەیەکی ئەو پەیڕەوە دا هاتبێ زیاد دەکرێت).

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، مـاددەی چـوارەم هـیچ پێشـنیارێك نیـیە، وەکـو خـۆی ووشـەی سـەرۆکایەتی بـووە ووشـەی (دەسـتە) لە هەر مـاددە و برگەیەکـی ئەم پەیـڕەوەدا هاتبێـت زیـاد دەکرێـت، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم مـاددەیە ببێـتە بەشـێك لە پەیـڕەوەکە فەرمـوو دەسـتتان بەرز بـکەنەوە، بەڕێـزان ئەم مـاددەیەش بە دەنگـی (٨٣) ئەنـدام پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (پێنجەم)

پێویست بە هەموار کردن ناکات و هیچ پێشنیازێکیش نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسـایی کە لە ناو ڕاپۆرتەکە هاتووە وەکو خۆی بێ فەرموو دەستتان بەرز بکەنەوە، ماددەکە بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی شەشەم فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم وەك خۆی و هیچ پێشنیارێکیش نییە، ئەسڵەکەی بەم شێوەیەیە:

برگەی حەوتەم لە ماددەی (٢٤) دەبێـتە بـرگەی یەکەمـی مـاددەکە و ڕێبەنـدی برگەکـانی تـر وەك خۆی بەدوای دا دێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەر كەس لەگەڵ ئەوەیە كە ئەم مـاددەیە وەك ئەوەی كە بەڕێـز سـەرۆكی لیـژنەی یاسـایی خوێنـدییەوە ببێـتە بەشـێك لە هەمـوارەكە فەرمـوو دەسـت بەرز بكەنەوە؟ بەڕێزان زۆر سوپاس، بە دەنگی (٩٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، مـاددەی حەوتەم فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی بەروار بگۆڕدرێت بـۆ ڕێككەوت، بەم شـێوەیەی خوارەوە:

دەبێت سـەرۆك لە نزیكتـرین دانیشـتنی پەرلەمـان دا داواكارییەكە بخـاتە بەرنـامەی كـارەوە بـۆ ئەوەی لە هەمــوو بوارێــك دا لە مــاوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێككەوتــی پێشــكەش كردنــی دەســت لە كاركێشانەوەكە بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەكلابكرێتەوە.

پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی:

دەبێت سەرۆك لە نزیكتـرین دانیشـتنی پەرلەمـان دا داواكـارییەكە بخـاتە بەرنـامەی كـارەوە، بـۆ ئەوەی لە هەمــوو بوارێـــك دا لە مـــاوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری پێشـــكەش كردنـــی دەســـت لە كاركێشانەوەكە بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان یەكلابكرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لەبەردەمی دوو بژاردەین، بژاردەیەكیان دەڵێ لەجیاتی بەروار دەبـێ ڕێكـكەوت بەكـاربهێنرێ، بژاردەیەكیشـیان دەڵـێ دەبـێ بەروار بەكـاربهێنرێ، ئێسـتا هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە لەجیـاتی ووشـەی بەروار ووشـەی ڕێكـكەوت بەكاربهێنرێ با دەست بەرز بكـاتەوە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان زۆر سـوپاس، (٦٢) ئەنـدامی پەرلەمــان دەنگــی بەو بــژاردەیە داوە، بــژاردەی دووەم بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ بـژاردەی دووەمە بەوەی كە ووشـەی بەروار وەكـو خـۆی بمێنێتەوە با دەسـت بەرز بكـاتەوە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، بـژاردەی دووەم (١٩) دەنگـی هێنا، كەواتە بژاردەی یەكەم پەسەندە، بەڵام بەڕێزان ئەگەر دەرفەت هەبێ، بەڕێزان مـادام ئـێمە ووشەی (ڕێككەوت)مان تەسبیت كرد، لێرە ڕەنگە ئەوە زۆر زۆر پەیڕەوی نەبێ، بەڵام داوا دەكەم لەسەر ڕەزامەندی ئێوە و لیژنەی یاسایی ئێمە برگەیەكی تر بۆ ئەو ماددەیە زیاد بكەین بڵێـین لە هەر شـوێنێك ووشـەی (بەروار) لە نـاو ئەو پەیـڕەوە هـاتبوو بـۆ ئەوەی (ڕێـكەوت) دەگـۆڕێ، بـۆ ئەوەی هەردوو ووشەكە لە ناو پەیڕەو دا نەبن، ئەگەر پەسەندە بەڕێزان لیژنەی یاسایی لە نێوان خۆتان مشاوەرەیەك بكەن، بەڕێزان ئەوە ئیزافەیەك نییە ئەوە مەنتیقێكە مەنتیـق، نـاكرێ لە نـاو ئەو پەیڕەوە لە هەندێ شوێن ڕێكەوت بێ، لە هەندێ شـوێن بەروار بـێ، مەنتـیقە، ئیزافەكردنـی

شتێکی مەوزووعی نییە کە لە ئەسڵ دا وجودی نەبێ، بەڕێزان دەزانین لە ڕووی پەیڕەوییەوە سەرۆکی پەرلەمان ناتوانێ شتێك ئیزافە بکات، بەڵام ئێمە لێرە لە دەستەی سەرۆکایەتی بەرپرسین لەوەی کە هارمۆنییەك لەو پەیڕەوەدا هەبێ، مادام بڕیارمان داوە ووشەی ڕێکەوت تەسبیت بکەین دەبێ لە هەر شوێنێك ووشەی بەروار هەبێ بیکەینە ڕێکەوت، ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەوەیان پێ مەنتیقە لە ڕووی یاساییەوە، دەیخەینە دەنگدان، پێیان مەنتیقی نییە نایخەینە دەنگدان، فەرموون کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆ خۆت دەزانی گۆڕینی زاراوە تەنیا لەم ڕۆژە ناکرێت لە شوێنێك بیگۆڕی و لە شوێنێکی تر نەگۆڕێ، دەکرا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆ ئەوەی ووشەی بەروار بکرێ بە ووشەی ڕێکەوت و تەنها نەك لە پەرلەمان، بۆ خۆت جەنابت چاك دەزانی لە نووسراوی فەرمی حکومەت دا بە بەروار هاتووە، ناکرێ تەناقوز لە ما بەینی پەرلەمان و حکومەت دا هەبێ، دەکرێ ئەگەر دەگۆڕێ بە پرۆژەیەك تەقدیمیان بکردایە ئەو کات ئەگەر ببوایە بە بەروار فەرز کرایە لەسەر حکومەتیش بەروار بێ، ئەگەر ببێتە ڕێکەوت لەسەر حکومەتیش فەرز بکرێ کە ڕێکەوت بێ، ئەوە تەناقوزە بەڕاستی من پێموایە ئەم بابەتەی ئێمە، ئەم هەموارەی ئێمە ڕەبتی بە زاراوە نییە، بۆیە خستنەوەی زاراوەکان ڕەبتی بە پرۆژەیەکی تایبەت هەیە، سوپاس بۆ بەڕێزت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسەی ئەخیرمان بدەنێ.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پتریا زۆرینەیا دەنگا ل گەل هەندێنە ل هەر جهەکێ د پەیڕەوێ ناوخۆیێ پەرلەمانێ کوردستانێدا دەستەواژەێ بەروار هاتبی بێتە گۆڕین بۆ ڕێکەفت، ژ بەر هەندێشی داخازێش تە دەکەین بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە لە هەر شوێنێکی ئەم پەیڕەوە زاراوەی بەروار بەکار هاتبێ بکرێ بە ڕێکەوت با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان ئەو بڕگەیە زیاد دەکرێ بۆ ئەم ماددەیەی هەموارەکە، بەڵێ د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەرچی من مەبدەئیەن لەگەڵ ئەوە نەبووم کە دەقێك بۆ هەمواری ووشەیەك لەبری بەروار بکرێ بە ڕێکەوت، بەڵام مادام دەنگی پێدرا و تەسبیت کرا پێموایە ئەو ئیزافەی کە جەنابت

داوات کرد بخرێتە دەنگدان پێموایە ئەوە زیادبوو، چونکە مادام لە بڕگەیەك دا ئاوا تەسبیت کرا (already) لە هەموو بڕگەکانی تر وای لێ دێت، ئەوەی کە جەنابت ئێستا خستتە دەنگدان من داوا لە جەنابت دەکەم پرسیار دەکەم پاڵپشت بە چ دەقێکی یاسایی نێو پەیڕەوی ناوخۆ خستتە دەنگدانەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك کاروان، دوایی جوابت دەدەمەوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان بۆچوونم هەبوو، من پێموایە کاتێك کە لە یەکێك لە ماددەکان کە هەموار کرایەوە ووشەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات بە دەنگی زۆرینەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێویست بەوە ناکات کە دووبارە بخرێتەوە دەنگدان، چونکە لەشوێنێك بۆ ڕێکسازی و ووشەسازی ناو پەیڕەوی ناوخۆ مادام لە شوێنێك ئەو ووشەیە بەکار دێت و بە دەنگدانە، کەواتە دەبێ لە هەموو شوێنەکانی تر هەمان ووشە دەبێ بگۆڕدرێت و دەنگدانی پێویست نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك د.کاظم، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها دوو نوقتەم هەیە، نوقتەی یەکەمیان بەڕاستی ئەو دەنگدانەی ئێستا کرا، ئەم نوقتەیە خرایە دەنگدانەوە بە تەواوەتی پێچەوانەی پەیڕەوە، لە هیچ شوێنێکی پەیڕەودا جێی نەبۆتەوە، ئەوە یەك، دووەمیش ئایا ئێمە لە هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکمان نییە تەنها خەریکی بەروار و ڕێکەوت بین؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا، فیعلەن ئەوە دەقێکی پەیڕەوی نەبوو کە جەنابت خستتە دەنگدان، دوو/ مەسەلەی ئەو دەبوو پێشتر بەداخەوە لە دانیشتنی دووەم دا مەسەلەن ئیستینساخ بکرایەتەوە، هەردووکیان غەڵەتن، ئەگەر بۆ پەرلەمان و پەیڕەوەکەی خۆی لە ئەسڵ دا ووشەیەك نییە ناوی بەروار بێ، بەرواری یە ناوچەیەکە جێگیر کراوە وەکو تاریخ، مەسەلەی ڕێکەوتیش صودفەیە، بۆیە ئەو مەسەلەیە (مێژوو) بەکار بهێنرایە یاخود (ڕۆژ) بەکار بهێنرایە بەجێتر بوو، بەداخەوە خرایە دەنگدان و ڕۆیشت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە بەرپرسین لەوەی کە هاوڕێکی هەبێ لەو تەعدیلەی کە ئێستا کراوە، ئێمە لە ماددەی پێش ئەوە عەینەن ئەوە بڕگەیەکمان هەبووە کە دەڵێ (لە هەر شوێنێك دەستەواژەی (جێگری دووەم) هاتووە دەکرێ بە (سکرتێر)، مادام لێرە ئەوە ووشەیەکە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە پشت بەو دەنگدانەی کە پێشتر کردمان لەسەر ماددەیەکی تر و ئێمە بۆشاییەکمان هەیە، ئەو بۆشاییەمان پڕکردەوە، فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی تێکۆشەر و دێرینەکانی شاخ بۆ لیژنەی- پێشمەرگە زیاد بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لیژنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرو دێرینەکانی شاخ.

پێشنیاری دووەم: تەنیا خاڵی چوارەم هەموار بکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

-لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ.

پێشنیاری سێیەم: تەنیا خاڵی چوارەم هەموار بکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی.

-لیژنەی خانمان و مافی مرۆڤ.

پێشنیاری چوارەم: تەنیا خاڵی چوارەم هەموار بکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ.

-لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ژنان.

پێشنیاری پێنجەم: خاڵێك بە زنجیرەی پێنج زیاد بکرێت ماددەی (٢٩) بڕگەی پێنجەم هەموار بکرێت بەم شێوەیە بکرێتە دوو لیژنە:

-لیژنەی پەروەردە.

-لیژنەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

پێشنیاری شەشەم: وەبەرهێنان بخرێتە سەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری.

پێشنیاری حەوتەم: خاڵی دووەم هەموار بکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و گواستنەوە و گەیاندن و شوێنەوار.

-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و وەبەرهێنان.

پێشنیاری هەشتەم: خالی دووەم هەموار بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و گواستنەوە و گەیاندن.

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

پێشنیاری نۆیەم: وەك خۆی:

١-ماددەی (٢٩) سێیەم هەموار دەکرێتەوە لیژنەکە دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە:

-لیژنەی پێشمەرگە.

-لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.

٢-ماددەی (٢٩) یازدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنە بەم شێوەیە.

-لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.

-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان.

٣- ماددەی (٢٩) سێزدەهەم هەموار دەکرێتەوە دەکرێتە دوو لیژنەی بەم شێوەیە:

-لیژنەی دەستپاکی.

-لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

٤- ماددەی (٢٩) پازدەهەم هەموار دەکرێتەوە و دەکرێتە دوو لیژنەی بەم شێوەیە:

-لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ.

-لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێ، کاك (سیروان) بەڵام خاڵی پەیڕەوی بێ، فەرموون.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی نەکەوینە هەمان کێشە کە پێشتر بوو، بۆ ئەوەی بەسەریا نەڕوا، لێرە ماددەی هەشتەم دەڵێ پێشنیازی ئەکەم وەك خۆی تەنیا (تێکۆشەر و دێرینەکانی شاخ) ئەمە هەڵەیە ئەو (و) زۆر زیادەیە (تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ)، من پێشنیارێکی ترم هەیە ئەگەر قبوڵ بفەرموون.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستکردنەوەت کردووە دەستت خۆش بێت، (شادی) خان، فەرموون.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان خاڵی کاك (سیروان)م هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاك (بهمن)، فەرموون.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی دووەم لە خوێندنەوەی دووەما ئێمە وتمان لیژنەی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی بەجیا، لیژنەی مافی مرۆڤ و ئافرەتانیش بە جیا، پشتگیریش کرا لەلایەن سێ ئەندامی پەرلەمان و زیاتریش بەڵام لە ناو ئەمە نەهاتووە ئەمە بۆ دەنگدان ئەو خاڵە ئیزافە نەکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون جوابی کاك (بهمن) بدەنەوە.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئاگاداری ئێمە لە خوێندنەوەی دووەم چەند جارێك ئاگاداری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانمان کردەوە، سەبارەت بەوەی کە هەر پێشنیارێکیان هەیە وە پشتگیری هەیە بە نووسین ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەن وە هەموو ئەو پێشنیارانەی بە نووسین بە خەتی خۆیان ئاراستەیان کردووین تێیدا جێ کراوەتەوە، بەڵام دیارە ئەو بەڕێزانە نەیان ناردووە، بۆیە ئێمەش ناتوانین کۆی قسەکان زەبت بکەین لە مەحزەرێکا وە بەناچاری ئەوەندەمان جێکردەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بۆ جارێکی تر هەوڵبدەن بینووسنەوە، پێشنیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش بۆ یارمەتیدانی هاورێکانتان لە لیژنەی یاسایی داواتان لێ دەکەین هەر بەڕێزێك کە پێشنیازێکی تازە دەکا و لەناو راپۆرتەکەنییە لای خۆی دەقێك بنووسێ، کەسی یەکەم هەر کەسێکە دەزانین ئەمە لە پەیرەوا نەهاتووە، بەڵام یارمەتی هاوکارانتان بدەن، لەلای خۆی دەقەکە بنووسێ وە هەر هاورێیەکی لەناو فراکسیۆنە جیاوازەکان لەناو فراکسیۆنەکەی خۆی پشتیوانیان کرد ناوی بنووسێ، تەنیا بۆ ئاسانکاری دەزانین ئەمە واجبێك نییە، ئیلتیزامێك نییە لەسەرتان، بەڵام هاوکاری هاوڕێکانتان لە لیژنەی یاسایی بکەن بە دەقە و بە پشتیوانییکان، کاك (اومید)، فەرموون.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ پێویست ناکات ئەندامی پەرلەمان بابەتێك دەخاتە روو دەقەکە بنووسێ، دەکرێ هاوکاری لیژنە بێت ئێوە ئەو کات داوابکەن، بەڵام با ئەوە نەبێتە مەرجێك لیژنەی یاسایی کاری ئەوان هەموو ئەو پێشنیارانە رێکبخەن، وەرگرتنی پێشنیارەکان ئەوان دیاری دەکەن ببێتە عورفێك کە کاتێك بابەتێکی دیکە ئاوا رەت ببێتەوا مبررێك بێننەوە، نەخێر مەرج نییە ئەندامی پەرلەمان نەبنووسی وە نەپشتوانی بەرێزێکی تر بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وتمان ئەمە پابەندەی نییە، ئیلتیزام نییە وە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان ئەوەی نەکرد لیژنەی یاسایی ناتوانن بڵێن ئەوەیان نەکردووە، لەسەرەتاوە پێمان وتن وەکو هاوکاری بۆ هاورێکانتان لە لیژنەی یاسایی، یەعنی پابەندییەك نییە، بەڵام هەم بۆخۆتان باشترە وە هەم بۆ لیژنەی یاسایش ئاسانکارییە، بەڕێز کاك (پێشەوا)، فەرموون.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم بۆ لیژنەی یاساییە، بۆچی پێشنیازەکان هەمووی بە یەك پاکێج خراونەتە ڕوو؟ یەعنی ئێستا پێشنیازی نۆیەم لە لیژنەی چوارەما من لە پێشنیازی سێیەما شتێکم وتووە ئێستا بۆچی هەمووی بۆتە یەك پاکێج، یەعنی بۆ نمونە لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەی خانمان و مافی مرۆڤ، من لە پێشنیازی نۆیەما لەگەڵی هاورا نیم باشە، خراوەتە پێشنیازی نۆیەم، بەڵام لە لەگەڵ سێ ماددەی تری هاورام بۆچی ناچاربم شتێکی تیا بێ کە من قبوڵم نەبێت، لە شوێنێکی دیکە پێشیازم کردبێت بۆ ڕێك نەخراوە؟ پێشنیازەکان یەك یەك بخرێنە دەنگدانەوە مەعالەجەیەکی لەم جۆرە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەیشت، وادەکەم جوابتان بدەنەوە، کاك (چیا)، فەرموون.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارا د کۆمبوونا دووەم دا هاتە بەحس کرن هەموو نەهاتینە تەسجیل کرن، بۆ نمونە دکتۆر زێدانی پێشنیار کربوو کە ل لێژنا شارەوانیێ کەلیما شینوار بێتە زێدە کرن و پێنج کەسا پشتەڤانیا ڤێ رەئیێ کربوو ئەکسەریەتا برادەرێت فراکسیۆنێت دی ژی پشتەڤانیا وێ رەئیێ کرینە، بەلێ ب مخابنیڤە ئەڤ پێشنیار نەهاتیە تەسبیت کرن، ئەو یا کاك جلالی بەحس کری هەر کەسەك پێشنیاری ب دەستی بنڤیسیت ب ڕاستی ناکرێت پێویستە ئەو بهێت تەسجیل کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاك (شوان) فەرموون.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان کێشەمان هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا دەکەم ئێستا لیژنەی یاسایی وەڵامتان بدەنەوە، کاك () فەرموو.

**بەڕێز شوان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڤاڵ (ڕزگار عیسا) پێشنیاری کرد کە لیژنەی وەبەرهێنان بکەوێتە بەر لیژنەی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و گواستنەوە و گەیاندن بەیەکەوە بن، زیاتر لە چوار پەرلەمانتار پاڵپشتیان کرد بەهەمان شێوە جێگیر نەکراوە لە پێشنیازەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (زانا) فەرموون.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەوەی من دەیخەمە ڕوو ڕەنگە تەنها غەڵەتی ئیملائی بێ، پێشنیارمان کرد کە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی وشەی کاری لەپێش زیاد بکرێت، چونکە وەزارەتەکە ناوی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە ئەم پێشنیارە بە نوویسنیش ئاراستەی لیژنەی یاساییمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(خدیجە) خان فەرموون، نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەندامی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا با خۆیان وەڵام بدەنەوە، (خدیجە) خان لیژنەی یاسایی دەبێت خۆیان لەسەر مەنەصە جواب بدەنەوە، ئەگەر قسەیێکت هەیە جیاوازە، بەڵام وەکو لیژنەی یاسایی، با ئەوان ڕوونکردنەوە بدەن ئەگەر لەو مستەوایە نەبوو یا ئەوەی کە تۆ دەتویست نەیان وت دەرفەت دەدەم بەسەرچاو، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە پێشتر ژی د کۆمبوونا دەستەیا سەرۆکایەتی د لیژنا ژی دگەل دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ئو جارەکادی ژی دگەل سەرۆکایەتییا پەرلەمانی د کۆمبوونەکێ دا لیژنا یاسایی مە تەئکید کرەڤە ئو دوو جارا ژی د دانیشتنا پەرلەمانی دا، چار جاران لیژنا یاسایی ب ڕەسمی داخاز کرییە، میکانیزمەکا گونجاو بێتە دیتن بۆ نڤیسین و وەرگرتنا پێشنیارێت ئەندام پەرلەمانێت بەڕێز، هەرچەندە لیژنا یاسایی درێغی و کەمتەرخەمی نەکرییە ئەڤا پێویست مە یا نڤیسی و یا تەسجیل کری، لێ هندەك حالەت هەنە ب ڕاستی مە گەلەك جارا ئەندامێت پەرلەمانی ئاگەهدار کرینە کو ئەگەر ئەندامەکێ پەرلەمانی پشتگیریا هەڤالەکێ خۆ بکەت پێتڤییە سریح بێژیت ئەز پشتگیریا فلان ئەندام پەرلەمانی دکەم، گەلەك جارا ئەڤە دبیتە کێشە کو ئەندامێت پەرلەمانی گلەیی ژ لیژنا یاسایی بکەت، ئەم ب ڤێ چەندێ پابەندین پێویستە نەسێ سەریح ئەندامێ پەرلەمانی ئیشارەت پێ بدەت کو پشتگیریا فلان ئەندام پەرلەمانی دکەت، ئەڤا سەبارەت ب لیژنا شارەوانی و شوێنەوارا د پێشنیارا حەفتێ دا هەی لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار و گواستنەوە و گەیاندن و شوێنەوار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (خدیجە) خان دەتەوێ قسە بکەی، فەرموون.

**بەڕێز خديجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو ئەندامی لیژنەی یاسایی کە زۆر جار تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردییە کە چ لەسەر مەنەصەبی، چ لەشوێنی خۆی دابنیشێ دەتوانی قسە بکەی وابزانم، بەس زۆر جار ئێمە تووشی گرفتی شوێن دەبین لەبەر ئەوە پێمان خۆش نییە با ئەوجارە وەکو جاری دیکە ئەو شتە دووبارە بیتەوە، بۆیە هەر بە پێویستمان زانی هەر لە شوێنی خۆمان قسە بکەین کاك (بژار) ئاماژەی پێدا لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە پێشنیازی حەفتەم ئاماژە بە لیژنە کراوە کە باسی لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار و شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، (روژان) خان فەرموون.

**بەڕێز روژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاك (پێشەوا) بۆ وەڵامی ئەوە پێویستمان بە زیادکردنی بڕگەیەك بوو بۆ ماددەی (٩١) چونکە دەسەڵات لیژنەی یاسایی ناتوانین پێشنیارێك هەڤاڵێك دەیکا بێنین لەگەڵ یەکێکی ترا دەمجی کەین، بۆ ڕێکخستنەوە پێویستمان بەوە بوو زۆربەی ئەندامەکان وتیان پێویستە ئەو بڕگەیە لاببرێت، پێویست ناکات بمێنێتەوە لە پێشنیارەکانا کە هاتووە لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی، بۆیە ئێمە داوای ئەو دەسەڵاتەمان کرد کە بدرێ بە لیژنەی یاسایی، بۆیە ڕێکخستنەوە و بۆ ئەوی هیچ کەسێك گلەیی نەکات کە ڕایەکەی نەخرایە ناو پێشنیارەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عثمان) فەرموون.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی هەشتەمەوە دیارە ئەو بڕگەی کە زیادکراوە، ئێمە پێشنیارمان کردووە ئەو بڕگەیە (تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ)ە نەك (تێکۆشەر و دێرینەکانی شاخ)ە، هیوادارم وەکو ڕەهەندێکی نیشتمانی تەماشای ئەو خاڵە بکرێت بۆ زیاد کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك(د.زیدان) فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاورام لەگەڵ کاك (پێشەوا) دەکرێ پێشنیارەکان خاڵ بە خاڵ هەموو پێشنیارەکان ئاماژەی پێبکرێ، بۆ نمونە من لەگەڵ پێشنیاری نۆیەمم، بەڵام پێشنیاری حەوتەمیش دەمەوێ دەنگی لەسەر بدەم، جا لەو کاتەدا هەموو لیژنەکان پێشنیارەکانیان بە جیا ئاماژە پێکردبایە، بۆئەوەی ئێمە بتوانین لیژنە بە لیژنە دەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە راستیا دەنگدان لەسەر ماددەکان، پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان ماددە بە ماددە دەبێ وە لیژنەی یاسایش پابەندەی ئەو ماددەی پەیرەو بوون، بۆیە ناتوانین بڕگە بە بڕگە بیخەینە دەنگدان، کاك (عباس)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت ڕوونکردنەوەکەت دا، بەڵام ئێمە پێشتریش لیژنەکە خۆشمان قسەمان لەگەڵ ئێوە کرد باسی ئەوەمان کرد کە ئەو ماددە یەك لەو کێشانەی کە لەسەری دەبێت لە مەسەلەی دەنگدان، لەبەر ئەوەی پێشنیارەکانمان ئێمە بەجیا نووسیوە، بەڵام پێشنیاری لەکۆی ماددەکە لە یەك بەشیەتی، ئەگەر ئەندامێکیش دەنگ بۆ ئەو پێشنیارە بدات تەبعەن ناتوانێ بۆ ماددە ئەصلەکە بۆ کۆی ماددەکە بدات یەك جار دەنگ بدات، ئێمە لەسەرتا ئەمە وا نەبوو، چونکە ئەوە هەر پێشنیارێك کۆی ماددەکە وەك خۆی زائیدەن ئەم پێشنیارەی ئەم برادەرەی تێدا جیا کراوەتەوە، بۆ نمونە ئەوەی پێشمەرگە تێکۆشەرەکان ماددەکە کۆی گشتی هەموویان لیژنەکان وەك خۆی بەس پێشنیارەکە بووە ئەمەیان چاکبکرێت، پێشنیارێکی تر لیژنە شارەوانییەکان کراوە یەکێکی تر لە ئاوەدانکردنەوە کراوە ئەمە لەبەر ئەوەی ماددەکە بەپێی پەیرەوا دەبێت ماددە بە ماددە دەنگی پێبدرێ، ئەمەش هەموو ئەو پێشنیارانە و هەموو لیژنەکان یەك ماددەیە، بۆیە لەبەر ئەوە ئەوەی کاك (پێشەوا) دەڵێ راستە، بەڵام ئەمە بەپێی پەیرە و یاسا ئەمە میکانیزمە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بەگوێرەی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨٩) بۆ لەمەودوا لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکان، یا ئەگەر پێشنیازە یاسایەك یا پرۆژە یاسایەك بە تەنها ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرابوو ئێوە دەتوانن ئاماژە بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨٩) کەدەڵێ (لیژنەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی سەرجەم پێشنیاز و ڕایەکان بە هەند وەردەگرن و سەرلەنوێ دارشتنەوە بۆ ئەو ماددانە دەکەن کە پێویست دابڕێژرێنەوە، ئەگەر پێویستی کرد ڕوونکردنەوەش دەدەن، بۆ لەمەودوا ئاماژە بە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨٩) بەڕێزتان لە نێوان خوێندنەوەی دووەم و خوێندنەوەی سێیەما ئەو دەسەڵاتەتان هەیە تکایە ممارەسەی ئەو دەسەڵاتەی خۆتان بکەن بۆ حاڵەتەکانی تر، کاك (د.ریبوار)، فەرموون.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیــارە لە پیــرەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتاندا زۆر بە روونــی بــاس لەوە کــراوە کە بە چ ئالیەتێـك کاتێـك پێشـنیارێکی هەبـوو پەرلەمانتارێـك یاداشــت ئەکــرێ، تەســجیل دەکــرێ بەو شێوەیەی کە ســیَ ئەنــدامی بەڕێــزی پەرلەمــان پشــتیوانی بکــات، ئەوەش بە شــێوەیەکی زمنــی بەشێوەیەکی زارەکی ئەم پێشنیارانە تەرح دەکرێ نەك بە شێوەیەك بە نووسراو بێــت، بــۆیە مــن داوادەکەم بەڕێز بڕیاردەری لیژنەی یاسایی لە کاتی دانیشــتنی ئاواییــا ئەو پێشــنیارانەی کە ســێ پاڵپشتی هەیە لە لایەن سێ ئەندام پەرلەمانەوە بڕیاردەری بەڕێزی لیژنە خۆی یاداشتی بکات بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالیاتانە دروست نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاك (رزگار)، فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی پێشووترا زیاتر لە سێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێـز وەکـو کـاك (شـوان)ی هـاوڕێم ئیشـارەتی پێـدا، پێشـنیارمان کـرد وەبەرهێنـان و شـارەوانی لەگەڵ یەك بـن، لەبەر ئەوەی کـاری پێکەوەییان زۆرە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار) دانراوە لەناو بژاردەکاندا، (د.شایان)، فەرموون.

**بەڕێز شایان کاك صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنــاوی خــوای گەورە، جــاری پێشــووش لیــژنەی یاســایی پێشــنیاری ئەوەی کــرد کە ئــێمە پێشنیارەکەمان بنووسینەوە، بۆیان بنێرین، ئێمە کاك (شاخەوان)، کاك (گۆران) پێشـنیازەکانمان بە نووسراوی بۆ ناردن، بەڵام ڕەچاو نەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیوادارم بۆ جارێکی تر بەڕێز بڕیاردەری لیژنەی یاسـایی فریابکەوێـت وە هیواداریشـم بەڕێـزان ئەندمانی پەرلەمان لە جێبەجێ کردنی ئەم تەکنیکە هاوکاری بکەن، بەڕێزان لیژنەی یاسای ئەوە دوا قسەیە بۆ جەنابت تەواو دەیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئکید کەینـەڤە ئەڤە پشـتی چـار جـارا ب شـێوەیەکی رەسـمی لیژنـا یاسـایی داخـاز کـر، ئەگەر دێرەك دوو دێر بن بۆ ئەندامێت پەرلەمانی زەحـمەت بیـت بنڤیسـن هاوکـار بـن گەل مە ژ ئەڤـرۆ پێڤە ئەم دێ ب جدیتر میکانیزمەکا باشتر دانێین بۆ هندێ پێشـنیار بێـنە نڤیسـین، بەس تەئکیـد

ژی دکەمەڤە وەکو لیژنا یاسایی مە کەمتەرخەمی نەکرییە ئەم گەلەك دەقیقن هندەك جارا ئیهمال بیتن ژ لایێ ئەندام پەرلەمانی ڤە دەمێ دئاخڤت ب سەراحەت نابێژیت ئەز پشتگیریا فلان ئەندام پەرلەمانی دکەم، ژبەر هندێ ژی ئەڤە گونەها مە نینە و ئەم کەمتەرخەم نەبووینە ئو داخازا لێبوورینێ ژی دکەین بۆ هەر کەم و کورتییەکێ

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ئێمە لەبەردەمی (٩) بژاردەداین هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆی هەیە دەنگ تەنها بە یەك بژاردە بدا، بژاردەی یەکەم ماددەکە وەکو خۆی، بەڵام لیژنەی پێشمەرگە دەستەواژەی (تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ)ی بۆ زیاد دەکرێ، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەیە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەکە وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنە یاساییا هاتووە دابەشکردەکانی هەموو لیژنەکان بۆ سەر دوو لیژنە و بەو شێوەی لە ڕاپۆرتەکە هاتووە تەنها گۆڕانکاری ئەوە دەبێت کە (تێکۆشەرە دێرینەکانی شاخ)ی بۆ زیاد دەکرێ بۆ لیژنەی پێشمەرگە چ بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە با دەست بەرز کاتەوە؟ (٩) کەس دەنگیان بۆ ئەو بژاردەیەدا، بژاردەی دووەم ماددەکە وەکو خۆی بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك تەنها لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان واتە کاروباری کۆمەڵایەتی دەستەواژەی (خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان)ی بۆ زیاد دەکرێ، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە؟ دابەشکردنی لیژنەکان وەکو خۆی بێ تەنها لە ناونیشانی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەمە زیاد بکرێ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان وە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ ئەی مافەکانی ژنان لە کوێیە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی؟ دەرفەت بدەنە هاوڕێکانتان لە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی تەرکیز بکەن، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم زۆر بەربڵاوە، زۆرترین پێشنیاری لەسەر کراوە، پێم وایە زۆربەی پێشنیارەکان جێگیر نەکراوان، بۆیە پێشنیار ئەکەم پێداچوونەوەی پێ بکرێ و دووبارە دابڕێژرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێشنیازی دووەم بەو شێوەیە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی بۆ زیاد بکرێ، بە تەنیا، واتە ڕاپۆرتەکە وەکو خۆی، تەنیا دەستەواژەی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکانی بۆ زیاد بکرێ؟ کێ لەگەڵە؟ (٣) کەس لەگەڵییەتی، بژاردەی سێیەم (ماددەکە وەکو خۆی، بەڵام دابەش کردنی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و مافی داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت و بەو شێوەیە بێ، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بە جیا، لیژنەی خانمان و مافی مرۆڤیش بەجیا، کێ لەگەڵە؟ (٣) کەس، بژاردەی چوارەم، ماددەکە وەکو خۆی، تەنیا ئەو گۆڕانکارییە ئەکرێ، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ، لیژنەی داکۆی کردن لە مافی ژنان، کێ لەگەڵە؟

بژاردەی پێنجەم، ماددەکە وەکو خۆی بمێنتەوە، بەڵام لیژنەیەکی تر لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان دابەش بکرێ ئەویش لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە بکرێ بە دوو لیژنە، لیژنەی پەروەردە و لیژنەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کێ لەگەڵە؟ (٥) کەس، پێنشیازی شەشەم، ماددەکە وەکو خۆی، بەڵام وەبەرهێنان بخرێتە سەر لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کەس نییە، پێشنیازی حەوتەم، خاڵی دووەم هەموار بکرێ بەو شێوەیە، لیژنەی شارەوانی و گەشت و گۆزار و گواستنەوەی و گەیاندن و شوێنەوار، شوێنەواری بۆ زیاد بکرێ، ئەوەی تریش لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجی کردن و وەبەرهێنان، کێ لەگەڵە؟ بەرێزان بژاردەی هەشتەم تکایە هیچ کەس دووجار دەنگ نەدات، پێشنیازی هەشتەم، خاڵی دووەم هەموار بکرێ و بەو شێوەیە بێت، لیژنەی شارەوانی و گەشت و گۆزار و گواشتنەوە و گەیاندن لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن، کێ لەگەڵە؟ کەس، پێشنیازی نۆیەم، ماددەکە وەکو خۆی کە لە ناو راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، بەرێزان پێشنیازی نۆیەم پەسند کرا بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان، فەرموو ماددەی دەیەم.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم دوو پێشنیار هەیە:

١ وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنیا کاتێك دیاری بکرێ.

٢- وەکو خۆی.

ماددەی (٤٢) دووەم هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەیە:

١ وەزیری پەیوەندیدار لەسەر داوای خۆی و رەزامەندی سەرۆك یان لەسەر داوای لیژنە لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ئامادە ئەبێ، کاتێ گفتوگۆی بابەتێك ئەکرێ کە پەیوەندی بە وەزارەتەکەوەیە هەیە، ئەتوانێ ستافی وەزارەتەکەی لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ کۆبوونەوە، تێروانینەکانیشیان لەسەر بریاری لیژنە لە راپۆرت جێگیر ئەکرێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

٢- ریزبەندی برگەکانی ئەو ماددەیە ئەگۆردرێ بەو شێوەیە ئەبێت:

١ وەکو خۆی.

٢- دووەم ئەبێتە پێنجەم.

٣- سێیەم ئەبێتە دووەم.

٤_ چوارەم ئەبێتە سێیەم.

٥- پێنەجەم ئەبێتە چوارەم.

بەرێز رێواس فائق-سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك عەلی.

بەرێز علی حمە صالح:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیازی یەکەم مەنتقیەن غەڵەتە، نابێ بخرێتە دەنگدان، کێ کات دیاری بکات؟ ئەلێ کات دیاری بکات، کێ دیاری بکات؟

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە خوێندنەوەی دووەمی ئەو پرۆژەیە قسەمان کرد و پێشنیار و تێبینی کرا، ئەوکاتە پێم وابوو بەسەر لیژنەی یاسایی تێپەڕیووە، چونکە لە ئەسڵی ماددەکە کات هەیە، کاتەکەی سێ ڕۆژە، ئەگەر برادەران یان هەر کەسێکی تر ئەو کاتەی پێ کەمە ئەتوانێ زیاد بکرێ بکرێ بە (١٠-١٥) ڕۆژ، بەڵام کاتی تیا نەبێ ئەوە خراپە، چونکە تەناقوز دروست ئەکات، لە ماددەی دوای ئەوە ئەلێ لە کاتی دیاری کراوە، کە کاتت نەبێ چۆن لە ماددەی دوای ئەوە ئەلێی لە کاتی دیاری کراو، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوا گومان ئەکەم ئەو سەلاحیاتە بۆ دیاری کردنی کات دەستەی سەرۆکایەتی بۆ خۆی هێشتبیەتییەوە و ئەو سەلاحیاتە بخاتە لای خۆی، پێویستە ئەو کاتە دیاری بکرێ ئایا (٣ ڕۆژ- ١٠ -١٥ )، بەڵام ناکرێ ئەوە بە کراوەیی جێ بێڵین، ئەوکات دەستەی سەرۆکایەتی بۆ بانگهێشت یان میوانداری کردنی هینێك بۆ خۆی بیهێڵیتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، هیوادارم گومان لە دەستەی سەرۆکایەتی نەکەی، بەڕێزان ئەو ماددەیە چەند برگەیەکە، ئێمە دەستکاریمان کردووە، تەنیا ئەو حاڵەتەیە کە وەزیر بۆ خۆی داوا ئەکات بێتە پەرلەمان، کاتە دیاری کراوەکە بۆ ئەو کاتەیە کە لیژنە داوا ئەکات وەزیرێك بێتە پەرلەمان، هیوادارم بە تەرکیز گوێ بگرین، ئەوەی دێ شتێك ئەخاتە ڕوو لەسەر داوای خۆی هیچ عسورێکی ئیلزام کردنی تێدا نییە، پابەند کردنی تێدا نییە، بەڕێزێك بۆ نموونە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو خۆی داوای کردووە بێ بۆ پەرلەمان، بێت بەرنامەی کاری وەزارەتەکەی بخاتە بەردەمی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، هیچ ئیلزامێکی تێدا نییە تا ئێمە کاتی بۆ دیاری بکەین خۆی ئەلێ ئەمەوێ بێم، ئەوە ودییە، بەڵام لە برگەی یەك کە ئەڵێ بۆ ڕوون کردنەوە، بەڕێزان خستنە ڕوو، ڕوون کردنەوە، دوو مەفهومن، هەرچی داواکردن و ڕوون کردنەوەیە عونسورێك یان ڕەگەزێکی پابەند کردنی تێدایە، بەڵام ئەوەی تر کە خۆی دێت ئەیخاتە ڕوو هیچ ڕەگەزێکی پابەند کردنی تێدا نییە، لەبەر ئەوە تکایە گومان نەکەین، ئێمە وردین، خۆی داوا ئەکات بێت، چاوەڕێ ئەکات موافەقەی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی بێت، کەوایە هیچ خواستی نییە کە نێت، بەڵام لە برگەی یەکەمی ماددەی (٤٢) تۆ داوای لێ ئەکەی بێ و (٣) ڕۆژیشی بۆ دائەنێی، ئەوە جیاوازی هەردوو حاڵەتەکەیە، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر قسەکانم قسەی پەیڕەوی نەبن، بەڵام هەروەکو ڕوون کردنەوەیەك ناحەقی ئەکرێ دەرحەق بە پەرلەمان لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن کراوە، گوایە لە ماددەی هەشتەم ئەندامانی پەرلەمان و پەرلەمانی کوردستان و بەتایبەت فراکسیۆنەکانی دەسەڵات دژی خواستەکانی خاوەنپێداویستی تایبەتن، ڕوون کردنەوە لەوەیە ڕاستە لە لیژنەکە باسی لێوە کراوە و ناوی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان زیاد بکرێ، ئەوە بە مەعنای ئەوە نییە کە ئەگەر ئەو ناوە زیاد نەبوو خواستی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان ڕەچاو نەکرێ، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە هەموو چین و توێژەکان لە خۆ ئەگرێ، خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیش یەکێ لەو توێژانەن، بە دڵنیایەوە هەم فراکسیۆنەکان و پەرلەمانیش بەرگری لە خواستی ئەوان ئەکرێ، ویستم بڵێم ناحەقی دەرحەق بە پەرلەمان و پەرلەمانتاران کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەرلەمانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەوە ناکات کە لە تەلەفزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوترێ، پەرلەمانی کوردستان خۆی بەرپرسیار ئەزانێ لەبەرامبەر خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، خۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە بەرپرسە لەگەڵ مامەڵە کردن لەگەڵ دۆخی خاوەن پێداویستیەتایبەتیەکان ناوی وەزارەتی کار و کاروباری کەمەڵایەتییە نەك کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت، دەرگای پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەمیشە لە ڕووی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان کراوەیە، بەڕێزان ئەو ماددەیە ئەخەینە دەنگ، یەك، دوو پێشنیار هەیە، یەکەم، وەکو خۆی بمێنێ تەنیا کاتێك دیاری بکرێ، بەڕێزان لیژنەی یاسایی لێمان پرسین بۆچی دیاری نەکراوە؟ وتیان ئەو پێشنیازانەی کراون وتراوە کاتێك دیاری بکرێ بێ ئاماژەدان بە کات کێ لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە کاتێك دیاری بکرێ؟ ئەگەر ئەو بڕاردەیە دەنگی هێنا کە پێویستە بۆ هاتنی جەنابی وەزیر بۆ خستنە ڕووی ماددەیەك کات دیاری بکرێ، ئینجا ئەچینە قۆناغێکی تر کە کاتەکە چەند بێ، کێ لەگەڵە کات دیاری بکرێ؟ ئەو بڕاردەی لەگەڵ ئەوەیە کات دیاری بکرێ تەنانەت لەو حاڵەتانەش خۆی داوای ئەکات یان لیژنە داوای لێ ئەکات بۆ خستنەڕووی بابەتێك لەبەردەمی لیژنە (٦١) کەس لەگەڵییەتی، بڕاردەی دووەم، وەکو خۆی دەستکاری کردنی کات؟ کێ لەگەڵە بێ دیاری کردنی کات؟ (٣) کەس، بەڕێزان ئێستا ئەوە پەسند کرا کاتی بۆ دیاری بکرێ، باشە کاتەکە چەند بێ؟ ناتوانین ئێستا موناقەشەی بکەین، کەوایە ئچێتە سوڵتەی تەقدیریەوە، بەڵام ئەوەیە ئەڵێین بە مەرجێ کاتێکی بۆ دیاری بکرێ و ماددەکە بەوشێوەیە دائەڕێژینەوە، فەرموو ماددەی دواتر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

سێ پێشنیار هەیە:

١ ئەگەر کەس و لایەنی بانگراو بێ پاساو لە کاتی دیاری کراو ئامادە نەبوو ئەوە لیژنە ئەتوانێ لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتیەوە دەستەڵاتی جێ یەجێ کردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە کردنی داواکراو بە گوێرەی یاسا بنەما دادگایی کردنە سزاییەکان.
٢- وەکو خۆی تەنیا دەستەواژەی داواکراو بگۆردرێت بۆ داوالێکراو.
٣- وەکو خۆی، ئەگەر کەس و لایەنی بانگراو بێ پاسا و لە کاتی دیاری کراو ئامادە نەبوو ئەوا لیژنەی کاتی ئەتوانێ لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتی دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە کردنی داواکراو بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە بۆ هەموارەکە لەبەردەمی سێ بژاردەین، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەتوانێ دەنگ بە یەك بژاردە بدات، کامیان زۆترینی هێنا ئەوە پەسند ئەبێ، یەکەم (ئەگەر کەس و لایەنی بانگراو بێ پاساو لە کاتی دیاری کراو ئامادە نەبوو ئەوە لیژنە ئەتوانێ لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە دەستەڵاتی جێ یەجێ کردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە کردنی داواکراو بە گوێرەی یاسا بنەما دادگایی کردنە سزاییەکان)، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ ئەوەی لە ناو پەیرەوەکەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ (٤) کەس، بژاردەی دووەم (وەکو خۆی تەنیا دەستەواژەی داواکراو بگۆردرێ بۆ داوالێکراو)، (٦٥) دەنگ، سێیەم (وەکو خۆی، ئەگەر کەس و لایەنی بانگراو بێ پاسا و لە کاتی دیاری کراو ئامادە نەبوو ئەوا لیژنەی کاتی ئەتوانێ لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتی دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی ئامادە کردنی داواکراو بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان)، کێ لەگەڵە؟ (١٢) کەس، کەوایە بژاردەی دووەم بە دەنگی (٦٥) ئەندام پەسند کرا، فەرموو ماددەی یانزە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

پێویستی بە هەموار نییە و هیچ پێشنیاری لەسەر نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ (٧٩) کەس لەگەڵییەتی، دواتر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

پێویست بە هەموار کردن ناکات، هیچ پێشنیار نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە؟ (٨١) کەس لەگەڵیەتی، دواتر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

پێویست بە هەموار کردن ناکات و پێشنیاریشی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (٨١) لەگەڵە دواتر.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤):

سێ پێشنیار هەیە:

١ دارشتنەوەی خاڵی دوو لە برگەی دووەم لە ماددەی (٧٩) بەو شێوەیە ئەبێت:

ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم لیژنەی پەیوەندیدار بانگێشهتی وەزیری دارایی بۆ هەڵسانگاندن و تاوتوێ کردنی لێکەوتەکان.

٢- ماددەی (٧٩) برگەی چوارەم هەموار بکرێتەوە بەو شێوەیە:

چوارەم، پێویستە لە دەرچوواندنی ئەو یاسا و بریارە ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێ، لەبەر ڕۆشنایی پرۆژە بودجەی هەرێم.

٣- وەکو خۆی، ماددەی (٧٩) هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ پێشنیازی یاسا و بریار پێویستە مەرجە ڕواڵەتی و بابەتیەکانی پێشنیازە یاسا و بریار لە خۆ بگرێ.

٢- لەماوەی (١٤) ڕۆژ لە بەرواری پێشکەش کردنی ئەوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بریار ئەدرێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەو پێوەرانەی خوارەوە:

١ هەبوونی بابەتێکی گشتی یان بۆشایی یاسایی یان بوونی کەموکوری لە دەقەکانی یاسایەك یان بریارێك کە پێویست بێ یاسایەك یان بریارێکی بۆ دەربچێ.

٢- ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەیان ئەکرێ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەستان خۆش بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی چواردەهەم سێ پێشنیار هەیە، بەڵام پێش ئەوە هەموارکردنی ماددەی (٧٨) کە دەنگمان لەسەر داو پەسەندکرا تەسەلسوولی چواردەهەم وەردەگرێ، ئەمە دەبێتە پانزەهەم ئەمەی کە ئێستا بەڕێزتان پەسەندی دەکەن.

یەکەم: پێشنیاری یەکەم ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی ماددەکە وەکو خۆی، بەڵام تەنها بڕگەی دووەم دەگۆڕێ ئەگەر بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت پێش خوێندنەوەی یەکەم لیژنەی پەیوەندیدار بانگێشتی وەزیری دارایی بکا بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی لێکەوتەکان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەم بژاردەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ ئەو بژاردەیە (١٠) دەنگ.

پێشنیاری دووەم: ماددەی (٧٩) بڕگەی چوارەم هەمواربکرێتەوە بەم شێوەیە:

چوارەم: پێویستە دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارە ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێ لەبەر ڕۆشنایی پرۆژە یاسای بوجەی ساڵانەی هەرێم هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەم بژاردەیە با دەست بەرز بکاتەوە ؟بەڵێ (٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەم بژاردەیەن.

بژاردەی سێهەم: ماددەکە وەك خۆی وەك ئەوەی لەناو ڕاپۆرتەکە هاووە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە مادەکە وەکو خۆی پەسەند بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەم بژاردەیەی کۆتایی بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

ماددەی پانزەهەم: فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥): دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەی (٩١)یش بڕگەیەك زیاد نەکرێت وەك خۆی بمێنێتەوە.

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی ماددەی (٩١) بڕگەیەکی بۆ زیاد دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

١-چوارەم جگە لەو پێشنیازانە کە بە گوێرەی بڕگەی دووەم ئەم ماددەیە بۆ دەنگدان ئامادە دەکرێن لیژنەی یاسایی بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەند دەتوانن لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی لە لایەن پەرلەمانتارانەوە دەخرێتە ڕوو بژاردەی تر بۆ خستنە دەنگدان ئامادەبکەن.

٢-بڕگەی دووەم زیادەو پێویست بە هەموارکردن ناکات.

بەڕێز د.ڕێواس فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئێستا بۆ ماددەی (١٥) لە بەردەمی دوو بژاردەین

بژاردەی یەکەم: ماددەی (٩١)هیچ بڕگەیەکی بۆ زیاد نەکرێت و وەك خۆی بێت وەك ئەوەی لە ناو پەیرەو هەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە وەکو خۆیبێ وەك ئەوەی کە لەناو پەیرەوەکە هەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ واتا دەسەڵات نادات بە لیژنەی یاسایی دەسەلات نادات بە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی شتێك ئامادە بکەن هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە دەسەڵات نەدرێ بە لیژنەی یاسایی با دەست بەرز بکاتەوە ؟بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان (٥)کەس لەکەڵ ئەوەیە.

بژاردەی دووەم: بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی یاسایی دەسەڵاتی هەبێ لە کۆبەندی ئەو قسانەی کە بەڕێزتان دەیکەن ماددەکە دابڕێژێتەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەك خۆی وەك ئەوەی لە ناو ڕاپۆرتەکە هاتووە کە بڕاردەی دووەمە بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا.
فەرموون ماددەی شانزەهەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەرکیزبکەن زۆرمان نەماوە فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شانزەهەم: پێنج پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) لا نابردرێت کەواتە وەك چۆن لە پەیڕەودا هاتووە.
پێشنیاری دووەم: پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی، بەڵام هەرکاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیابێتەوە، یاخود جوە پاڵ فراکسیۆنێکی تر ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی بە ڕاوێژو ڕەزامەندی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکەی و بەرەزامەندی پەرلەمان ئەندامیەتی لە دەست دەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر بە پێی ڕیزبەندی شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە.
پێشنیاری سێیەم بڕگەی دووەم لە مادەی (١١٠) بەم شێوەیە دەبێت:
پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی هەر کاتێك ئەندامێکی پەرلەمان بڕیاری دا لە فراکسیۆنی خۆی جیاببێتەوە یاخود بجێتە پاڵ فراکسیۆنێکی تری پەرلەمانی ئەوە لە ئەرکی خۆی وەکو پەرلەمانتار بەردەوام دەبێت.
پێشنیاری چوارەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) بەم شێوەیە دەبێت:
پەرلەمانتار ئازادە لە فراکسیۆنەکەی جیا ببێتەوە فراکسیۆنێکی نوێ دروست بکات، بەڵام بۆی نییە بجێتە نێو فراکسیۆنێکی ترەوە، لەحاڵەتی چون بۆ پاڵ فراکسیۆنێکی تر ئەوا ئەندامیەتی خۆی لە دەست دەدات.
پێشنیاری پێنجەم: وەك خۆی بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) لا دەبردرێت، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ هێنددێینە ئەو پێشنیارە چوارێ نەخەیە دەنگدان و بەڵکەو دژی تەعارزێ دروست دەکاتن لەگەڵ بڕگەی یەکەم هەمان ماددەی (١١٠) تا تەعاروز دروست نەبێت پێشنیارێ چوارێ داخواز دەکەین نەیەخەنە دەنگدانێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ کاك علی ئەگەر قسەیەکتان هەبوو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ماددەیەك لێرە پەسەندکرا، پێچەوانەی قانوونی هەڵبژاردن بێ وەك چۆن لە هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان پێچەوانەی قانوون پەسەندکرا ئیش بەکامیان دەکرێت لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی نێتی موشەرع دیاربێ دوای خیلاف دروست نەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كاك بژار دەرفەت بدەن من ڕوونكردنەوە دەدەم، هەركاتێ هەركاتێ تەعاروز هەبوو لەبەینی یاساو پەیرەو كار بە یاسا دەكرێ، جەدەلێكی قانونی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی ئایا پەیڕەو خۆی قانوونە؟ یاقانوون نییە، ئەم جەدەلە قانونییە، دەبێ ئێمە لە هۆڵی پەرلەمان بە ئالیەتێكی دیاری كراو یەكلای بكەینەوە، بۆ نمونە لە عێراق پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تیای هاتووە تەنها ئەو مادانەی پەیرەوەكە تەعدیل دەكرێن كە پێچەوانەن لەگەڵ دەستور، ناڵێ ئەوانەی پێچەوانەن لەگەڵ قانوون، كەواتە خۆیان بە نەصی تەشریعی بردویانەتە مەرتەبەی قانوون ئەمە یەك.

دوو: بۆ هەمواركردنی ئەوەی كە ئەو ماددانەی كە لە ناو پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاتووە، ئالیەتێك دانراوە میكانیزمێك دانراوە قورسترە لە میكانیزمی هەمواركردنی یاسا، واتا مەرتەبەیەك لە یاسا زیاتریشی دراوەتێ، ئەمە هەر بە قەراری مشەرەع ئەوەی بردۆتە ئەو مەرتەبەیە.

سێ: هەندێك بابەت هەیە بۆ نمونە شێوازی ڕێكخستنی دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەسەڵاتەكانی لەناو پەیرەو هاتووە لەناو قانونی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێكهاتەكانی نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەی بڕیارێكی ئەنجومەنی بورن دادگای ئیتحادیش هەیە بۆ هەندێك گۆڕانكاری لەسەردەسەڵاتەكان و لەسەر شێوازی پێكهاتەكەو لەسەر ناوەكەی، بەڵام تا ئەم لەحزەیە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق مامەڵە بە پەیرەوەكەی خۆی دەكات و مەرتەبەیەكی بەرزتر لە قانوونیشی داوەتێ ئەوە ئێمەین لە پەرلەمان بڕیار دەدەین بە شێوازێكی مووعەین بە شێوازێكی دیاری كراو كە ئالیەتەكەی ئەگەر توانیمان لەسەری ڕێك بكەوین ئالیەتێكمان هەبێ كە پەیرەویش بچێتە مەرتەبەی قانوون، بەڵام تا ئەم ساتەی كە ئێمە بە یەكەوە قسەی تیا دەكەین قەرارێكی ئەنجومەنی شوراش هەیە جەند قەراراتی ئەوان ئیلزامی نییە راویش كاریە و عورفێكیش هەبووە هەر بەو شێوەیە بووە ئەم مەرتەبەیەك نزمترە بۆ من وەك و سەرۆكی پەرلەمان هەركاتێك دژیەتی هەبێ لە نێوان ماددەیەكی ئەم پەیرەوە، هەتاوەكو ئەو موعالەجە قانوونییە دەكەین لەگەڵ ماددەیەكی یاسا كار بە یاساكە دەكەین.

لەراستیا ئەوە بابەتێكی ترە ئایا پێویستە بیخەینە دەنگدان؟ یا پێویست نییە؟ ئەوە بابەتێكی ترە، بەڵێ فەرموو لیژنەی یاسایی ئەگەر ئیزافەتان هەیە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب راستی گەلك جارا ل دانیشتنێ دووبارە ببێت و فعلەن جەدەلكا قانونیا هەی ل سەر تەبیعەت و قیمەتێ پەیرەوێ ناڤخۆ وەكو نیزام داخیلی ل گەڵ یاسایێ، ژ بەر هەندێ پێشنیار دكەم بۆ جەنابێ هەوە بەرێز سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ بۆ ئەندامێت پەرلەمانی كو ل دانیشتنەكێ دابیت یان پرۆژەیەكێ بیت یان پێشنیازە بڕیارەكێ بیت یاسایەك هەبیت بڕیارەكێ بدەین نیهائی

پەکلاکەر داکو ئەڤ حالەتە دووبارە نەبتەوە راستە ئەز ژی پەسەندا ئاخفتنێت جەنابێ تە دکەم، لێ ئەگەر ئەم ژ لایەکێ دی ژی سەح کەینێ پەیرەوێ ناڤخۆ پەرلەمانێ کوردستانێ قیمەتەکێ قانوونی بەرز یێ هەیی یەعنی تەبیعەتێ خۆ دا سروشتێ خۆ دا ژبەر کو ئەگەر تەماشایێ ئیجرائاتێ تەقدیم کردنا پێشنیازا قانونێ بکەین ئەڤە ژ لایێ دە ئەندام پەرلەمانا ڤە دروستە، بەلێ تەقدیمکردنا بۆ هەموارکرنا پەیرەوێ ناڤخۆ پێتڤییە ئێك ل سەر چارێ بیت کو کەتە (٢٨) ئەندام پەرلەمان ئەڤە ژ لایەك ژ لایەکێ ڤە پەیرەوێ ناڤخۆیێ پەرلەمانێ کوردستانێ کومەکا ئیجرائەتا دیار دەکات کو ئەڤ ئیجرائاتە تەنزیمی دکەن دیار دکەن چاوا وەکو ئەساس وەکو یاسا پرۆژە یاسا یان پێشنیازا یاسا د مەرحەلێت خۆ بێت قانوونیدا ببوریت و هەتا پەسەند بیت و ببتە یاسا، ژبەر هندێ ب دیتنا من ئەڤ هەردوو فاکتەرەنە کو پێتڤییە هزر تێدا بێتە کرن و قیمەتەکێ قانونیێ بلند بدەتە پەیرەوی ناڤخۆیێ پەرلەمانێ کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەرێز جلال محمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لەو پێنج پێشنیارەی لەبەر دەستمان هەیە دەیبینیت تەنیا پێشنیاری یەکەم لەگەڵ پێشنیاری پێنجەم دەگونجێ لەگەڵ تەعریفی فراکسیۆن کە لەم پەیرەوەدا هاتوە و ئەگەر لە حاڵێکدا پێشنیاری دووەم و سێم و چوارەم دەنگ بهێنێ پێچەوانەی تەعریفی فراکسیۆنە، بۆیە گرفتێکی ترمان بۆ دروست دەبێ من پێشنیار دەکەم بۆ بەرێزت تەنیا پێشنیاری یەکەم و پێنجەم بخەیتە دەنگدان، لەبەر ئەوەی پێشنیارەکانی تر پێچەوانەی تەعریفی فراکسیۆنە، ئەگەر لەم پەیرەوە،ئەگەر لە حاڵەتێکا دەنگی بەدەست هێنا، سوپاس بۆ بەرێزت.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك سۆران فەرموون.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیرەوی ناوخۆ ماددەی (٧٧) لەبەشی یاسادانان تەعەریفی مەبەست لە یاسادانانی کردووە، چی دەبێ بە یاسا چی دەبێت بە بڕیار و چی دەبێت بە تەعدیل دەرکردنی یاساو بڕیارو هەمواری یاسا و بەرکارکردن هەموو ئەمانە پێناسەی کراوە بە یاسا ئەوانەی کە ئەمڕۆ هەمواری پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان پەیرەوی نێو خۆی سەندیکایەك، تەنانەت پەیرەوی نێو خۆی ئەنجومەنی وەزیران یا پەیرەوی نێوخۆی هەر حزب و شتێکی تر ئەم ناوە کە ناوی پەیرەوی نێوخۆی پەرلەمانە بە هەمـوو ئەو ڕێکارانەی ماددەی (٧٨)ی پەیرەوی نێوخۆ ڕێکارکراوە دەرچوێندراوە کە یاساو بڕیارو ئینفازی یاسای پێ ئەکرێ، پێم سەیرە لەم پەرلەمانە بەم پەیرەوە بوترێ قانوون نییە! ئەم پەیڕەوە قانوون هەر ڕێکارێکی بڕیوە بەیاسا ئەم پەیرەوە

ئەم ڕێکارانەی بڕیوە تەنانەت هەموارەکەی کە پێشکەش کراوە بە هەمان ڕێکاری پێشنیازی یاسا (٢٩)ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پێشکەشیان کردوە من وەکو ئەندامی ئەو لیژنەی ئامادەکاری پەیڕەو لە خولی پێشوو گەیشتبوینە ئەوەی کە ئەم پەیڕەوە قوەتی لە قانوون بەرزترە، چونکە قانونی ئەسڵن پێ دەرئەکرێ لە هەندێك وڵات بەشێك لە دەستور نایەتە خوارەوە لە خوار دەستور بۆ یاسا لە سەروی یاساشەوەیە بۆیە پێم سەیرە هەر لە یەکەم ڕۆژی سوێند خواردن بە سوێند خواردنی پەرلەمانتاران لەم خولە گەراینەوە بۆ یاسای هەڵبژاردن لە کاتێکا ئەمە من تەسەور ئەکەم هیچی کەمتر نیە لە قانون قانونە، بەڵام ناوی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

دروست وایە ئەمە لە رووی تەفسیرو زوومنەن، بەڵام بۆ ئەوەی شتێك حوکمیشی لەسەر بدرێ باشترە بە نەص موعالەجە بکرێ، ئەو پەیڕەوانەی کە جەنابت باسی دەکەی بۆ نمونە لە مصر و لبنان و لەوانە لە ناو پەیڕەوەکانیاندا هاتووە ئەلێ لە هەرکاتێك ئەم پەیڕەوە دژبوو لەگەڵ یاسا ئەولەویەت بۆ یاسایە کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ کە ناتەبابێ لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم پەیرەوە، ئێمە ئەگەر مەبەستمان بێ ئەم پەیرەوە لە جەدەلوو لە مناقەشە دەرکەین و مەرتەبەکەی تەحدید بکەین، ئەبێ بە نەسێکی تەشریعی تەحدیدی کەین کە ئەم پەیڕەوە مەرتەبەی قانوونی هەیە یان نییەتی ئەگینا تا ئاخر لەحزە هەر قابیلە بۆ جەدەل قابیل ئەبێ بۆ موناقەشە، بەرێز سەرۆکی لیژنەی قانوونی ئەگەر قسەیەکتان نییە ماددەکە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان فەرموو بیخە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە هەمووبژاردەکان دەخەینە دەنگدان.

بژاردەی یەکەم: بڕگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) لا نەبرێ واتا وەك ئەوەی کە لەناو پەیڕەوەکەدا هەیە بمێنێتەوە کێ لەگەڵە با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟ بەلێ (٧) کەس دەنگی بەو بژاردەیەدا.

پێشنیاری دووەم: پەرلەمانتار ئازادە لە کاری پەرلەمانی، بەڵام هەرکاتێ ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا بێتەوە، یاخود چووە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی بە راوێژو رەزامەندی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکەی و بەرەزامەندی پەرلەمان ئەندامیەتی لە دەست دەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر بە پێی ریزبەندی شوێنی پڕدەکاتەوە، هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو بژاردەیە با دەست بەرزبکاتەوە؟ مامۆستا عبدالستار دەتوانی دەنگ بە یەك بژاردە بدەیت بەلێ فەرمون تەنها (١) کەس.

پێشنیاری سێیەم: پەرلەمانتار ئازادە لەکاری پەرلەمانی هەرکاتێك ئەندامێکی پەرلەمان بڕیاریدا لە فراکسیۆنی خۆی جیابێتەوە یا بچێتە پاڵ فراکسیۆنێکی تری پەرلەمانی، ئەوە لە ئەرکی خۆی

وەك پەرلەمانتـار بەردەوام دەبـێ هەر ئەنـدامێکی بەرێـزی پەرلەمانتـار لەگەڵ ئەو بـڕاردەیەیە بادەستی خۆی بەرزبکاتەوە ؟ (٦)کەس لەگەل ئەم بڕاردەیەیە.
بڕاردەی چوارەم: بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان پەرلەمانتار ئازادە لە فراکسیۆنەکەی جیـابێتەوەو فراکسـیۆنێکی نـوێ دروسـتبکاو، بەڵام بـۆی نیـیە بچێـتە نێـو فراکسـیۆنێکی تـرەوە لە حـاڵەتی چوونی بۆ نێو فراکسـیۆنێکی تـر، ئەوا ئەنـدامیەتی خـۆی لەدەسـت دەدات، بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەرکەس لەگەڵ ئەم بـڕاردەیەیە بـا دەسـتی خـۆی بەرزبکـاتەوە؟ هـیچ کەسـی لەگەڵ نییە.
پێشنیازی پێنجەم: وەکوخۆی کە لەناو راپۆرتەکە هاتووە برگەی دووەم لە ماددەی (١١٠) لا دەبرێ هەرکەس لەگەڵ ئەم بڕاردەیەیە با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمـان ئەم بڕاردەیە بە دەنگی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرمون بەرێز سەرۆکی لیـژنەی یاسـایی هۆکارە پێویستیەکان.

**بەرێز بڕار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆکارە پێویستییەکان: وەك خۆی هیچ پێشنیازێکی لەسەر نییە.

**بەرێز د.رێواز فائق حین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان هۆکارە پێویستییەکان وەك ئەوەی لە ناو راپۆرتەکە هاتووە لە پێناو باشـتر بەرێوەچـوونی کـاری پەرلەمـانی و فەراهەمکردنـی هـاورێکی و پەیـرەو لەگەڵ یاسـا کـار پێکراوەکان ئەم هەموارە پەسەندکرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم هۆکـارە پێویسـتییانە بەم شـێوەیە بێت با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان هۆکارە پێویسـتەکان بە دەنگـی (٨٥) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەندکرا، بەرێـزان ئێسـتا کـۆی هەمـوارەکە دەخەیـنە دەنگدان هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی هەموارەکەیە با دەسـتی خـۆی بەرزبکـاتەوە؟ بەرێـزان زۆر سـوپاس هەمـوارەکە بە کـۆی دەنگـی (٩١) ئەنـدامی پەرلەمـانی کوردسـتان پەسـەندکرا پیرۆزبایی لەخۆمان و خەڵکی کوردستان دەکەیـن، بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بەم شـێوەیە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێدێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فایق حسن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی ١٥\١٠\٢٠١٩
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)
سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فایق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوەچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٥) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنەڕووی دید و ڕوانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی وەرزی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و ئامادەنەبووانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بە پێی حوکمی بڕگەی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی (١٦) بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨) بڕگەی (١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥) لە ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات (١١)ی پێش نیوەڕی لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٥) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنەڕووی دید و ڕوانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و بەناوی ئامادەبوون و ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشووی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣-دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤-دەنگدان و پەسەندکردنی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.
٥-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوو بۆ دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی لە بەرواری (٢٠١٩/٩/٢٩) هەموویان مۆڵەت پێدراون:

- بدريه إسماعيل محمود.
- سلمى فاتح توفيق.
- سەرچنار أحمد محمود.
- محى الدين حسن يوسف.
- هيمداد صباح بلال.

ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لە بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون، ناوی لیژنەکان:
لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە:

- بەختيار شوكرى سليمان مۆڵەت
- شنۆ ئەشقى عبدالله مۆڵەت

لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی:

- شێرکۆ جودت مصطفى مۆڵەت

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

- فريد يعقوب إيليا مۆڵەت
- شەمۆل اشين صابر مۆڵەت

لیژنەی دەستپاکی و کاروباری و پەرلەمان و سکاڵا:

- ئومێد عيدالرحمن حسن مۆڵەت
- موژدە محمود محمد مۆڵەت
- سەرچنار أحمد محمود مۆڵەت

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

- ليزا فلك الدين كاكەيى مۆڵەت

لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان:

- سۆران عمر سعيد مۆڵەت
- ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله مۆڵەت

- کاروان عبدالرحمن عبدالله		مۆڵەت

لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان:

- حکمت محمد عبو زید		مۆڵەت
- جمال حویز مصطفى		مۆڵەت
- بالانبو محمد علی		مۆڵەت
- رۆمیۆ حزیران نیسان		مۆڵەت

لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار و ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان:

- سەرچنار أحمد محمود		مۆڵەت

لیژنەی کاروباری یاسایی:

- عباس فتاح صالح		مۆڵەت
- جلال محمد أمین أحمد مۆڵەت
- رۆژان محمد کریم		مۆڵەت
- سلام عبدالله حسن		مۆڵەت

لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر:

- شایان کاکە صالح		مۆڵەت
- رۆژان إبراهیم علی		مۆڵەت
- زانا خالد إسماعیل		مۆڵەت
- شنۆ اشقی عبدالله		مۆڵەت
- کاظم فاروق نامق		مۆڵەت

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری:

- سۆران عمر سعید		مۆڵەت
- شێرکۆ جودت مصطفى		مۆڵەت
- علی حەمە صالح		مۆڵەت
- أرشد حسین محمد		مۆڵەت

لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:

- جمال حویز مصطفى		مۆڵەت
- هدیە مراد حیدر		مۆڵەت

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ:

- إحسان سلیم محمد		مۆڵەت
- زانا خالد سمایل		مۆڵەت

لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی هەموویان مۆڵەتن تەنها (هەورامان حەمە شریف حەمە رشید) ئامادە نەبوو:

- هەژان حسن أحمد		مۆڵەت

- رزگار محمد محمود مۆڵەت
- فاهيك كمال صوغومون مۆڵەت

لیژنەی کاروباری یاسایی:

- سلام عبدالله حسن مۆڵەت
- أرشد حسين محمد مۆڵەت

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستاش دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمان دەکەین کە خستنەڕووی دید و ڕوانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە بەڕێز ئومێد عبدالرحمن سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە ڕوانگەی فراکسیۆنەکەی بخاتەڕوو، فەرموون.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیزن و مۆڵەت هەبێ بێین لەسەر ستەیجەکە وتارەکە بخوێنینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەتوانن داوا بکەن لەسەر ستەیج وتارەکەیان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرانی خەڵکی کوردستان.**

بەداخێکی قوڵەوە ئەمڕۆ بۆ بابەتێکی هەستیار و مەترسییەکی جیددی لەسەر هەوڵی گۆڕینی دیموگرافیای بەشێکی خاکی نیشتمان و هەوڵی سڕینەوەی گەلی خۆمان لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆبووینەتەوە، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی (٩) ی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩وە کارەساتێکی دیکە کەوتە نێو لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کوردستان و، جارێکی دیکە ئاگر و ئاسن، خاپوور و ماڵ وێرانکردن، خۆزگە و خوێن تێکەڵ بە یەك کرانەوە، ئەو لەشکرکێشی و شەڕ و ماڵوێرانییە نەك ناوچەی ئارام نارەخسێنێ بەڵکە تاکە ناوچەی ئارامی سوریاشی تێکدا کە ڕۆژئاوای کوردستانە، ئەو ئاگرباران و جەنگە نەوای ئارام بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان دابین ناکات، بەڵکو ئێستا بۆتە مەترسی زۆر جیددی لەسەر ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاووڵاتی سیڤیل.

ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی بە دڵنیاییەوە نەك ئاشتی بۆ تورکیا و سوریا و ناوچەکە دابین ناکات بەڵکو زەنگێکی مەترسیدارە بۆ زەمینە خۆش کردنی سەرهەڵدانەوەی داعش و هەراشبوونی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستەکان، واتا ئاستی جیهانی دەخاتە بەر مەترسی و لەوەها کارێکیش دا نەك هەر گەلی کوردستان زەرەرمەند دەبێ بەڵکە تەواوی گەلانی ناوچەکە لە ئەنجام بە زیان بۆیان کۆتایی دێتن.

بەڕێزان.

ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پێمانوایە هۆکاری ئەم شەڕە هەر چییەك بێ و هەر لایەك کەمتەرخەم بێ یان دەستی لەو دۆخەدا هەبێ هیچ پاساوێك نیە بۆ نەوەستاندنی ئەو شەڕە و کۆتایی هێنان بە عەقلییەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە، شەڕ و پێکدادان تەنیا ئاڵۆزی و پشێوی و مەترسی لە ناوچەکە زیاد دەکات، دەستکەوتەکانی تێکشکاندنی داعش لە ناو دەبات و لە بەرژەوەندی هیچ لایەك نیە و چ گەلێك لە ناوچەکە سوود لە شەڕ و ئاشووب نەبینیوە و نابینێتن.

بەداخەوە، ئێستا ئێمە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە نێو تەپوتۆزی شەڕ و داگیرکاری قسان دەکەین و بەشێك لە نیشتیمان لە ژێر رەحمی تۆپباران و خاپوورکردندایە لە هەمان دەم یادی دوو ساڵەی داگیرکارییەکی تر و هێرشی گرووپە میلیشیاکان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بۆ سەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەینەوە.

ڕووی دەممان ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەنگی نارەزاییمان قسەمان ڕوو لە دۆستان و هاوپەیمانان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکارانی ئازادی و دیموکراسی یە، ئەرێ دونیا کورد و گەلانی کوردستان لە کوێ و لە چ زەمەن و زەمینێك هەڕەشە بوونە بۆ سەر گەلانی تر؟ ئەرێ دونیای ئازادی و دیموکراسی تاکەی گوێتان لە هاوار و ناڵەی گەلێکی (٤٠) ملیۆنی نیە کە تەنها داوای ئازادی ژیان و سەربەستی ژیان دەکات؟ دوێنێ کەرکووکیان برد، ئێوە دونیا قڕ و قەپ بوون، تکایە، تکایە ڕۆژئاواش مەکەنە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکان.

بەڕێزان، ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم هێرش و پەلکێشی و چەك و شەڕ و کاولکاری و داگیرکاری و کوشتن و لە ناوبردنی خەڵکی سڤیل لە ڕۆژئاوای کوردستان ئیدانە دەکەین، کارە سەربازییەکان هیچ پاساوێکی یاسایی و ئاینی و دۆستایەتی و دراوسێیاتی تێدا نیە، چاندنی ڕق و کینە بەرامبەر گەلانی ژێردەستی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبێ بە قانونی شارستانی و بە ئەخلاقی بەرزی ئینسانی کۆتایی پێ بێت، ئێستا ئێمە دەنگمان لە ئاسمانی ئاشتی یە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، هەناسەمان لەگەڵ ڕوجی بەرزە فریشتەکانی ڕۆژئاوایە، داوا لە ئەخلاقی سیاسی و یاسایی و دیبلۆماسیەت و ئاین و ویژدان و ئاداب و ڕێچکە و ڕێبازەکانی ژیان و شارستانییەت دەکەین بیر لە سڕینەوەی گەل بگرن و پێشی لێ بگرن و شەمەندەفەری شەڕ و خاپور کردن تکایە بوەستێنن، بۆیە وەك فراکسیۆنی پارتی داوا دەکەین:

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکانی پەرلەمانی بەگەڕ بخەن بۆ موخاتەبە کردنی پەرلەمانی وڵاتانی هەرێمی و جیهانی، هەروەها ئیدانەی کوشتن و کوشتاری هاووڵاتیانی سڤیل لە هەر لایەکەوە بکرێ دەکەین، پشتیوانی هەوڵەکانی ڕاگرتنی شەڕ و پەلاماری سەربازی دەکەین، پشتیوانی خواستی ڕەوای گەلی کورد و پاراستنی مافەکانیان لە چوارچێوەی سوریا بە پێی دانووستانە نێودەوڵەتییەکان بە ئاراستەی ئاستانە و جنێف دەکەین، پێویستە مەترسی تیرۆر لەبیر نەکرێ و دەبێ پێکەوە لە بەرەی جەنگان دژ بە تیرۆریستان بین، لە شەڕی داعش و تیرۆریستان کە هێشتا مەترسین لەسەر خاك و خەڵکمان، داوا دەکەین دۆخی سەری کانی و گرێ سپی و کۆبانێ بە دەردی عەفرین بە دەست چەکدارە توندڕەوەکان نەبردرێ، پشتیوانی گەڕانەوەی هێزە کوردییەکان بۆ ڕێککەوتنی هەولێر لە مانگی (٧)ی (٢٠١٢)، هەولێر مانگی (١١)ی ٢٠١٣، ڕێککەوتنی دهۆك مانگی (١٠)ی ٢٠١٤ لە نێوان تەڤدەم و ئەنەکەسە دەکەین.

بەڕێزان، ئەوڕۆ یەکگرتووی کوردستانی زەرووره بۆیە پێویستە هەموومان دوور بین لە ئەجیندای ئیقلیمی، ناکرێ تاکرەوی هیچ لایەنێکیش بەردەوام بێ و دەبێ ڕێ لێ بگیرێ، پێویستە لە ئاستی میللی و فەرمی هاووڵاتیانی کوردستان هاوکاری مرۆیی و هەڵمەتی نیشتیمانی لە ئەمڕۆوە ڕابگەیەندرێ، هەماهەنگی هەموومان لەسەرو ململانێ حیزبییەکان بێ و کوردستان و خاکەکەی و مێژوو پێمان دەڵێ دووبەرەکی و چەند بەرەکی زیانی هەیە بۆ ئایندەی نیشتیمان.

هەروها لە ئاستی عیراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتی داوا دەکەین عیراق و کۆنکاری عەرەبی بەرپرسیارانەتر لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی کار بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە لەشکرکێشی و داگیرکاری، داوا لە بەرەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەکەین ئەرکی یاسایی و مرۆڤ دۆستی خۆیان بەرامبەر تیرۆری بەردەوام ئاوا بکەن و لە ئەنجومەنی ئاسایش و لە هاوپەیمانییەتی دەولی کاری مێژووی و ئینسانی خۆیان ئەنجام بدەن، داوا لە هەردوو دەوڵەتی ئەمریکا و ڕووسیاش دەکەین ڕێگە بگرن لە بەکارهێنانی هێز و چەك دژ بە هاووڵاتیان بەتایبەتی خەڵکی سڤیل، داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئیسلامی دەکەین ڕژانی خوێن و ئەنجامدانی گۆڕینی دیمۆگرافیا بە تاوان لە قەلەم بدەن و هۆشداری یاسایی و واقیعی و عەمەلی بدەنە هەموو هێزەکان، داوا دەکەین ڕەوەندی کوردستانی وەك هەمیشە لە جیهان دا ڕۆڵی پێشەنگایەتی خۆی بگێڕێ، داوا دەکەین دەوڵەت و ڕکخراو و کەسایەتی و دۆستانی کوردستان ڕۆژئاوای کوردستان و تێکڕای هاووڵاتیانی سڤیل بپارێزن، داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین کۆنگرەی ئاشتی و چارەسەری بۆ پرسی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان لە چوارچێوەی شەرعییەتی مافی چارەنووسی گەلان ئەنجام بدەن و جێبەجێ بکەن، داوا دەکەین دەوڵەتانی مەرکەزی هرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە جیاتی چەك دیالۆگ بۆ پرس و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام بدەن تاوەکو چیتر ناوچەی دەوڵەمەند بەو سامانی سروشتی و مرۆیی یە نەبێتە جەنگەڵستانی خوێن و فرمێسك و کاوڵکاری و تیرۆر، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی نیشتیمانی و مێژوویی گەلی کوردستانە،

پشتیوانی کردن لێی ئەرکی هەموو لایەکمانە، داوا لە تەواوی هێزە کوردستانییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکەین پشتیوانی یەکتر بین و تەداخول لە کاروباری یەکتر نەکەین و خصوصیەتی هەر بەشێکی کوردستان لە چوارچێوەی یاسا ڕێگەپێدراوەکان پارێزراو بێ، هەروەها داواکارین لەم پەرلەمانە بەڕێزە دەستی حکومەت و دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان والا بکات لە هەرچی لە توانادایە بۆ هاوکاری لێقەوماوان ڕاپانبسپێرێ، داوا لە حکومەتی عیراقیش دەکەین لە بودجەی بە هاوار هاتن پشکی هەرێمی کوردستان دیاری بکات و هاوکاری حکومەتی هەرێم بێت بۆ هاوکاری مرۆیی، داوا لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و گەلی کوردستان دەکەین ئامادەکاری بکەن بۆ هاوکاری خەڵکی سقیل و لێقەوما و داوا لە دەزگاکانی ئاسایشی ئیدارەی ڕۆژئاواش دەکەین ئاسانکاری بۆ هەرێمی کوردستان بکەن تا بتوانن بە ئەرکی مرۆیی و نیشتیمانی و نەتەوەیی هەڵسن و ڕێگری لە گەیاندنی کۆمەك بۆ ڕۆژئاوا نەکەن.
سڵاو بۆ یەکێتی نەتەوەیی کوردان، سڵاو بۆ ڕوحی نیشتیمانی، نیشتیمانپەروەران، سڵاو بۆ روحی شەهیدان، هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارران دەخوازین، خودای گەورە خاك و خەڵکی کوردستان بپارێزێ.

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
١٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جمال، وتاری فراکسیۆنی یەکێتی.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەرەتا سڵاو دەنێرین بۆ خۆڕاگری و فیداکاری و گیانبازی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان.
بەداخێکی زۆر گرانەوە ئەمڕۆ گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەبەرچاوی هەموو دونیا لەسەر خاکی خۆی ڕووبەڕووی شەڕێکی نابەرامبەر وماڵوێرانکەر بۆتەوە، هەزاران لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە، گەنج و لاو شەهید و بریندار بوون، سەرەڕای خاپوور کردنی تەواوی ئەو ژێرخانەی چەندین ساڵە بە خوێن بنیات نراوە، گەلەکەمان لە خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی دا بە درێژایی مێژوو هەر بە تەنیا بووە، شاخەکان پشت و ئیرادەی گەل هێزی مانەوەمان بووە، بۆیە هیچ ڕۆژێك گەلی ئێمە چاوی لە ولات و نیشتیمانێك نەبووە لە دەرەوە نەخشەی بۆ بکێشرێت و بکرێتە دیاری بۆ گەلی کوردستان بەڵکو بە خەبات و خوێنی ڕۆڵەکانمان لەبەرەی

هەرە پێشـەوەی جەنـگ دا سـەنگەرمان گرتـووە و دلێـرانە بەرامـبەر دکتـاتۆریەت و گـروپە تیرۆریسـتیەکان جەنگـاوین، تەنها لە ڕۆژئـاوی کوردسـتان لە شـەڕی لە نـاوبردنی تیرۆریسـتانی داعش کە بە خوێنی (١١) هەزار شەهید و (٢٤) هەزار بریندار موژدەی سەرکەوتن و کۆتایی تیرۆر بە گوێی جیهاندا درا، ئەو جەنگەی کورد لە شەڕی دژە تیرۆر ئەنجامی دا بە نوێنەرایەتی هەمـوو جیهان بوو، گیانبازی و فیداکاری ژنان و کوڕانی ڕۆژئاوای کوردستان نمونەی سیمبولی ئـازایەتی و بە ڕەنگاری نەتەوەیەکی ژێر دەست و غەدر لێکراوی بێ پشت و پەنا بوو، فیداکاری و گیانبازی ئەوان بـووە مـایەی دوور خسـتنەوەی هەڕەشـەی تیـرۆر لەسـەر ئەمریکـا و ئەوروپـا و نـاوچەکە کەچی لەجیاتی پاراسـتنی گەلی کورد دەرگای جەنگێکی گەورەی نـابەرامبەری بەڕوودا کـرایەوە، پێمـانوابوو لە دوای تۆمـاری لەژمـارە نەهـاتووی سـەرکەوتنەکان لە شـەڕی تیـرۆردا بەتـایبەت ڕۆڵەکـانی ئـێمە خۆیـان دەکـردە قەڵغـان بـۆ پاراسـتنی هێزەکـانی ئەمریکـا و هاوپەیمانـان ئیتـر پێمانوابوو ئەو جارە تەواو هەر بە تەنها شاخەکان پشـت و پەنـا نـابن، بەڵکـو دۆسـت و هابەشـی ستراتیجی بە ئەمەکمـان پەیـدا کـردووە کەچـی بەداخەوە لە جیـاتی پاراسـتن و پشـتیوانی لەو دیوی دەرگا داخراوەکان بڕیـاری بەجێهێشـتنی کوردیـان دا، بەو هـۆیەوە گەلـی کـورد بە گشـتی نـیگەران و لە ناخیـادا تووڕەبـوونێکی قـوڵ پەنگـی خـواردۆتەوە، چـونکە هەرگیـز گەلـی کـورد ڕانەهاتووە کە هەقاڵ و هاوسەنگەر و هاوبەشەکانی خۆی لە مەیـدانی جەنگدا بە تەنیـا بە جـێ بهێڵی، کەچی دۆستەکانمان لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکا گەلەکەمانیـان لە ڕۆژئـاوا بە تەنهـا کـردە نێچیـری لەشـکرێکی وێـرانکەر و داگیـرکەر، بێگومـان ئەو لەشکرکێشـی یە ئەمـڕۆ سـوپای تورکیا گروپە تونـدڕەوەکانی سـوریا بـۆ سـەر ڕۆژئـاوای کوردسـتان مەرگەسـات و بـارودۆخێکی ئێجگار ئاڵۆزی بە دوای خۆیدا هێناوە، بە هۆی ئەو جەنگەوە ژیـانی هەزاران هـاووڵاتی مەدەنـی بێ دیفاع لە ژێر مەترسی مەرگ و لە ناوچووندایە، سەرەڕای ئەوەی سـەدان هەزاریـش ئـاوارە و سەرگەردانن، شار و دێهاتەکانی ڕۆژئاوا لە ژێـر بۆمـب بـاران و دۆخێـکی ئـاڵۆز و شـپرزەدایە، بە شێوەیەك ئەگەر ئەو دۆخە بەردەوام بێ بە دڵنیایی مەرگەسـاتی گەورەتـری مرۆیـی ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە و ژمارەی قوربانیانیش زۆر لەوە زیاتر دەبن.

بەڕێزان، ئێمە وەك فراکسیۆنی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان پێمـانوایە ئەو دەسـت درێـژی و داگیرکـارییە نـاڕەوایەی ئێسـتا بە هـۆی لەشکرکێشـی تورکیـا دەکـرێتە سـەر ڕۆژئـاوا هەوڵ و کۆششـی نێـودەوڵەتی بـۆ لە نـاوبردنی تیـرۆر و تیرۆریسـتان لە نـاو دەبـات زەمینـەی دووبـارە سەرهەڵدانەوەی گروپی تیرۆریست خوازی دروست دەکاتەوە کە بـۆ لە نـاو بردنیـان لە عیـراق و باشوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا هەزاران شەهیدی لە پێناو دا دراوە، بـۆ ئەوەی گەلەکەمـان پارێزراو بێ لەو نەخشە و پیلان گێڕیانە دید و بۆچوون و ڕوانگەی خۆمان لەو خـاڵانە دەخەینـە ڕوو:

١-داوای یەکڕیزی لە سەرجەم هێـز و لایەنە کوردسـتانییەکان دەکەیـن لە ئێسـتادا گەلەکەمـان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە یەکێتی و یەکڕیزی و تەبایی و هاوهەڵوێستی هەیە.

٢-داواكارین هەرچی زووترە كۆبوونەوەی لووتكەی هێزە سیاسییەكانی كوردستان ئەنجام بدرێ بۆ بەرگرتن لەو مەترسی یە گەورەی كە ئەمڕۆ لەسەر كوردستان هەیە.
٣-داوا لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی و وڵاتانی ناوچەكە دەكەین فشار بخەنە سەر دەوڵەتی توركیا بۆ وەستاندنی دەست بە جێی ئەو داگیركارییە.
٤-داوا لە حكومەتی فیدراڵی دەكەین لە بودجەی سیادی بۆ حاڵەتی ناكاو بڕێ: پارە تەرخان بكات بۆ كۆمەكی ئاوارەكانی ڕۆژئاوا.
٥-داوا لە هەر سێ سەرۆكایەتی هەرێم دەكەین هەموو هەوڵە دیبلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان بەكار بهێنن بۆ وەستاندنی ئەو جەنگە ناڕەوایە.
٦-هەروەها داوا كردنەوەی دەروازە سنوورییەكان دەكەین بە ڕووی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بە پەلە كۆمەك و خواردەمەنی و دەرمان بگەیەندرێتە لێقەوماوانی ئەو داگیركارییە.
سەركەوتوو بێ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەكەمان
نەمری بۆ شەهیدان

فراكسیۆنی سەوزی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان
٢٠١٩/١٠/١٥

سوپاس
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، بەڕێز كاك علی حەمە صالح، لە فراكسیۆنی گۆڕان، فەرموون.
**بەڕێز علی حەمە صالح:**
**بە ناوی خوای گەورە**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**
**پەرلەمانتارە بەڕێزەكان**
**جەماوەری كوردستان**
لێرەوە لەم مینبەرەوە سڵاو دەنێرین بۆ هاونیشتیمانیانمان لە ڕۆژئاوای كوردستان، سڵاو و ڕێز دەنێرین بۆ ئەو شەڕڤانانەی كە بە خوێن و ژیانی خۆیان بەرگریان لە خاكی نیشتیمان و هاونیشتیمانیانمان كرد لە ڕۆژئاوا، ڕۆحی شەهیدانی ڕۆژئاوا شاد بێت، ڕۆحی شەهیدانی كوردستان بە گشتی شاد بێ بە هیوای چاكبوونەوەی بریندارەكان.
هەرچەندە دەبوو ئەم دانیشتنە پێشتر كرابا، بەڵام ئێستاش گۆڕانكارییەكان ئەوەندە خێران دانیشتنی بەردەوامی پەرلەمان گرنگ و پێویستە، لێرەوە وەكو فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان ئیدانەی لەشكركێشی دەكەین بۆ سەر خاكی ڕۆژئاوای نیشتیمانمان، ئامانجی لەشكركێشی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئامانجی لەشكركێشی سوپای توركیا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ سەر ڕۆژئاوا لە ناوبردنی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری و دروست كردنی و گۆڕانكاری دیموگرافیا بوو، بەڵام خۆشبەختانە سەركەوتوو نەبوو، بە هۆی بڕیاری خێرای سەرۆكی ئەمریكا

و بە جێهێشتنی ڕۆژئاوا کاولکاری گەورە ڕوویدا، دەیان شەڕڤان و ژن و منداڵ بوون بە قوربانی، ئەگەری جینۆسایدێکی دیکەی میللەتەکەمان هەبوو، خۆشبەختانە سەری نەگرت، هەرچەندە لە درەنگانێکی ئەم شەوەوە گۆڕانکارییەکان خێراتر دەبن، پەیوەندی سەرۆکی ئەمریکا بە سەرکردەکانی رۆژئاوا و دواتریش سەرۆکی تورکیا ئاماژەی دڵخۆشکەرن بە ئاراستەی راگرتنی ئەو شەرە، بەڵام هێشتان هیچ گرتیەك نیە بۆ روونەدانی شەر و کارەسات، هەمووان زۆر باش ئەزانین ئەم دۆخەی رۆژئاوا پەیوەندی بە هاوکێشەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ڤل هێز هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیش ئێستا لە هەموکات زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ئامادەکاری و بریار هەیە بۆ دۆخی رۆژئاوا و هەم بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان، وەکو چۆن گەلانی تر لە راستەوە بۆ چەپ، لە دەستەڵاتەوە بۆ ئۆپۆزۆسیۆن بە یەك دەنگ بەرگری لە بریارە سەربازیەکانیان ئەکەن، هیوام وایە ئێمەش پێکەوە بەرپرسانە ئەم قۆناغە تێپەرێنین، داوا ئەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی لە توانای دا هەیە بەپێی یاسا بەرکارەکان بۆ رۆژئاوای بکات، پشتیوانی خۆبەرێوەبەری رۆژئاوا ئەکەین و پشتیوانی لەو رێکەوتنانەیان ئەکەین کە ئەنجامی ئەدەن لە پێناوی پاراستنی گەلی کورد لە رۆژئاوای نیشتیمان، پێویستە هەڵمەتی نیشتیمانی بە ماڵ و بە خوێن بۆ کۆمەکی هاونیشتیمانیانمان لە رۆژئاوا دەست پێ بکەین، سنوورەکان لە هەردوولاوە بکرێتەوە، هەم هاوکاری بکات، هەم ئەوەی برینداره یان پێویستی بە هاتنە باشوورە رێگای پێ بدرێ، دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان هەم لە ئاستی جیهانی و هەم لە کۆبوونەوە لەگەڵ کونسوڵگەریەکانی هەرێمی کوردستان هەڵمەتی فراوان دەست پێ بکرێ بۆ راگرتنی ئەو شەرە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری حکومەتی عێراق و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەموو ئامادەکاری پێویست بکات لە ئەگەری بەردەوام بوونی شەر و ئاوارە بوونی هاونیشتیمانیان لە رۆژئاوا، سەرباری ئەو راسپاردانە چەند خاڵێکی گرنگ هەیە ئەمەوێ لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەم بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و هەم لایەنەکانی تر ئاگادار بن، پەرلەمانی کوردستان لە (١٥-١-٢٠١٤) بە بریار پاڵپشتی کردووە لە ئیرادەی گەلی رۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆ بەرێوەبردن، بەپێی بریارەکەش پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی فەرمی لەگەڵ بکات، بۆیە ناکرێ و رێگە پێدراو نیە نوێنەرایەتی هیچ ولاتێك ئەزموونی رۆژئاوا بە تیرۆر ناوبنێ، ئێمە ئیدانەی هەرجۆرە لێدوانێکی لەو شێوە ئەکەین، وەك چۆن هەموو وەڵاتانی دونیا شەری سەروەری و خاکێ خاکی خۆیان ئەکەن ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا بەشێکین لە ولاتانی عێراق بەپێی دەستوور و یاسا بەرکارەکان هەم لە رێگەی حکومەتی عێراق و هەم هەرێمی کوردستان داوا لەو هێزە دەرەکیانە بکەین کە بنکەی سەربازیان لە خاکی کوردستان هەیە بگەرێنەوە بۆ ولاتی خۆیان، بە داخەوە بە ناوی پیرۆزی ئاینی ئیسلام و سورەتی (فەتح) پەلاماری ژن و منداڵ و هاوولاتیان و نیشتیمانی ولاتێکی تر ئەدرێ، لێرەوە داوا ئەکەین لە هەموو ناوەندە فەرمیە جیهانییەکانی ئاینی و بە تایبەتی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی جیهان کە قسەی جدییان هەبێ لەسەر بەکارهێنانی ناوی پیرۆزی ئیسلام بۆ سرینەوەی

میللەتەکەمان لە رۆژئاوای نیشتیمان کە ئەوە پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی ئاینی ئیسلامە، ئەو پەلاماردانە ئەنجامەکەی ئەگەر بەردەوام بێ سەرهەڵدانەوەی داعشە، بێگومان میللەتی کورد لە رۆژئاوا بێ یان لە باشوور قوربانی دەستی داعش بووە، ئێستاش هەرکاتێ داعیش سەرهەڵداتەوە ئێمە ئامانجی یەکەمی ئەو رێکخراوە تیرۆریستیەن، بۆیە پێویستە ئەم پەیامە بە روونی بگات بە هەموو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، چونکە ئەوە گومانێك دروست ئەکات ئێستا پلانێکی دەولی هەبێ بۆ دروست کردنەوە و سەرهەڵدانەوەی داعش، خودا رۆژئاوای نیشتیمان بپارێز و خودا خاکی کوردستان بپارێزێ، فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر کازم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

دیارە ئەمرۆ حەوتەم رۆژە کە بەداخەوە ئەو هێرشە نابەرامبەرە نارەوایە کراوەتە سەر خوشك و برایانمان لە بەشێکی تری کوردستان لە رۆژئاوای کوردستان، زۆر نیگەرانین لەوەی لە دوای حەوت رۆژ ئێستا پەرلەمانی کوردستان هاتۆتە دەنگ و کۆبوونەوە ئەکات، لە کاتێکدا تاکە پەرلەمان کە کورد هەیبێ ئەو پەرلەمانەی باشوورە، لە کاتێکدا کە زۆرێك لە وڵاتان لە دوور و نزیك زۆر پێش پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆیان راگەیاند، بەپێی توانای خۆیان کاریان کردووە بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێ بۆ ئەو هێرشە نارەوایەی ئەکرێتە سەر خوشك و برایان لە رۆژئاوای کوردستان، هەندێ لە وڵاتانی (فرنسا و ئەلمانیا) فرۆشتنی چەکی راگرتووە، وڵاتی بەریتانیا بە گرێبەستەکانی ئەچێتەوە، ئەنجومەنی ئاسایش دووجار کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، بەڵام دوای حەوت رۆژ پەرلەمانی کوردستا دانیشتن ئەکات، ئەوە جێی نیگەرانی و سەرنجی خەڵکی کوردستانە بە سەرجەم پارچەکانی تری کوردستانیشەوە، ئەوەی لە ئێستا روئەدات و ئەوەی لە رابردوو روویداوە و ئەوەی رەنگە لە داهاتوو رووبدات بەشێوەیەکی سەرەکی هۆکارەکەی پەرتەوازەیی کوردە، ئەو پەرتەوازەیەش لە خۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو بەهۆی رەفتاری هەندێ هێز و حیزبەوە ئەو پەرتەوازییەی میللەتی کورد لە هەرچوار پارچەی هەرێمی کوردستان دروست بووە، بەداخەوە میللەتێك کە فلانە حیزب پەلکێشی لای تورکیای ئەکات و فلانە حیزب پەلکێشی لای ئێرانی ئەکات..........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر داوا ئەکەم پابەند بی بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

.......... سەباری ئیدانە کردن و هاوکاری مرۆیی و هەر رێککارێکی تری دبلۆماسی و داوا کردنی گفتوگۆ بۆ کۆتایی هێنان بەو هێرشە، لە هەمووی گرنگتر یەك هەڵوێستی کوردە لە هەر چوار

پـارچەی کوردسـتان، زۆر گـرنگە ئەوە و رووداوەکـانیش رابـردووش ببـنە هۆکارێـك بـۆ دروسـت کردنی برایەتییەکی هاوبەش لە نێوان هەرچوار پـارچەی کوردسـتان بـۆ ئیـدارەدانی کێشـەکانی کورد، چونکە ئەمرۆ لە رۆژئاوایە و دوێنێ لە ئێمە بووە، سـبینی لە پـارچەیەکی تـری کوردسـتان ئەبێ، دوژمنانی کورد سەباری کێشەی زۆریان لە نێـوانی یەکتـر و سـەرباری نـاکۆکی و ناتەبـایی سـەدان سـاڵیان، بەڵام کـاتێ دێـتە سـەر باسـی کـورد هەمـوویـان یەك دەسـتن و یەك قسـەن بـۆ دژایەتـی کردنـی میللەتـی کـورد لە هەر چـوار پـارچەی کوردسـتان، کەوایە بـۆچی لە هەر چـوار پـارچە نەبـین بە یەك دەنـگ و یەك بگـرین بـۆ ئەوەی دژی ئەو پـلان و موئـامەرانە بوەسـتین و هاوکاری یەکتر بکەین لە کاتی تەنگانە، بۆیە لە ئێستا لە هەموو کات زیاتر کورد پێویستی بە یەك دەنگـی یەك هەڵوێسـتی هەیە، پێویسـتی بە هۆشـیاری زیـاتر هەیە، پیۆیسـتی بە کـۆمەڵێ سەرکردەی بەرپرس هەیە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ دروست کردنی سـەرکردایەتیەکی هاوبەش و چارەسەر کردنی کێشەکان کە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمیش چارەسەری کێشـەکان بکات، ئەوە زۆر باشترە لە کۆکردنەوەی خێر و پێتاك و هاوکاری و قسەی ناو فەیس بووك و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی چونکە تەنیا چەند رۆژێکن و تێئەپەرن، ئەوەی ئەمێنێتەوە..........

**بەرێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز دکتۆر کازم ئەوانەی لە ناو فەیسبووك و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان قسـە ئەکەن، ئەوە روانـگە، داخی دڵی ئەو هاوولاتییانەیە کە دەنگیان بە من و بەرێزت داوە، لەبەر ئەوە گرنگە ئەوەی لە ناو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

**بەرێز کاظم فاروق نامق:**

........ من مەبەستم لە هاوولاتیان نییە، مەبەستم لە ئەو کەسانەیە لەمەوقعی بەرپرسیارەتین.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەوڵ بدە پابەند بی بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە، پەرلەمانی کوردستان لەمرۆە ئەبێ بریارێـك بـدات، بەرپرسـیاریەتی ئەوەیە هەر سـەرۆك فراکسـیۆنێکی بەرێـز قسـە ئەکـات پابەنـد بـێ بە ناوەرۆکی نووسینی خـۆی کە هانـدانی هێزەکـانی تـرە، بەڵام لە نـاو ئەو هـۆڵە خەریکـی بریندار کردنی یەکترین، ئێمە ناتوانین هەوڵ بدەین رەفیقەکان و دۆستەکانمان لە رۆژئاوا یەکگرتوو بـن و یەك رەئی بن لە کاتێکدا یەکتری بریندار ئەکەیـن، تکـایە گرنگـی ئەو رۆژە لەبەر چـاو بگـرن، بـا بەرێزتان ئۆپۆزۆسـیۆن بـن، بـا کـاك جەمـال لە سـوڵتە بـێ، یـا کـاك ئومێـد لە سـوڵتە بـێ، ئەمـرۆ رۆژێکی زۆر تایبەتە، ئەوە پەرلەمانی کوردستانە، تەنیا تەجروبەی هەر چوار پارچەی کوردستانە، بەرێزت پێشنیار ئەکەی، راسپاردە ئەکەی ئێمە چی بکەین، لە سنووری دەستەڵاتی خـۆمـان و ئەم کیانە ئێمە چۆن ئەتوانین یارمەتی رۆژئاوا بدەین؟ قسەکانی ترمان لە مەجلیسەکانی تر ئەکەین، خەڵك چاوەروانی گەورەی لە ئێمە هەیە، پابەند بن بەوەی ئەیـڵێن، لە رووی ئەخلاقیـەوە پابەنـد بن بەوەی ئەیڵێن، یەکگرتووی خۆمان گرنگە، بریندار نەکردنی یەکتری گرنگە، دواتـر ئەپەریـنەوە لە هێزەکانی تر و پارچەکانی تری کوردستان ئەکەین کە پابەند بـن بەوەی چـۆن یەکتریـان خـۆی بویێ، فەرموو.

**بەڕێز كاظم فاروق نامق:**

.......دیـارە ئەوەی كە باسـمان كـرد لە فەیسـبووك و تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكـان مەبەسـتمان لە هاووڵاتیـان نیـیە، هاووڵاتیـان هەر ئەوەنـدە دەسـتەڵاتییان هەیە، مەبەسـتمان لەو كەسـانەیە لە مەوقیعی بەرپرسیارییەتین و توانای بڕیاریان هەیە، وەكو یەكەم داواكاری داوا ئەكەین كە كورد لە هەر چـوار پـارچەی كوردسـتان یەك دەنـگ بـێ و یەك بگـرێ بە سـەركردایەتییەكی هاوبەشـی بەرپـرس دروسـت بكـات بـۆ چارەسـەر كردنـی كێشـەی كـورد لە سـەرجەم پارچەكـان، دووەم، هاوكـاری مرۆیـی لە خـۆراك و ئـازوقە و پێداویسـتی تەندروسـتی و پزیشـكی بە زووتـرین كـات ئامـادە بكـرێ لەلایەن حكـومەتی هەرێـم بگەنـدرێتە دەسـتی خوشـك و برایـان لە رۆژئـاوای كوردستان، سێیەم، كردنەوەی سنوورەكان و پێشوازی كردن لە خوشك و برایان لە رۆژئاوا بۆ ناو بەشێكی تری خاكی خۆیـان كە ئەوان خـاوەن مـاڵ و ئـێمەش خزمەتكاریـان بـین، چـوارەم، داوا ئەكەین تیمێكـی تەندروسـتی لە كارمەنـدان و پزیشـكە بەڕێزەكـان تەرخـان بكـرێن بـۆ هاوكـاری كردنی خوشك و برایان لە هەر شوێنێك پێویست بێ، من وەكو پزیشكێك بە شانازیەوە ئامـادەم بۆ تیمار كردنی برینی دەستی منداڵێكی رۆژئاوا، كۆتا داوا لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە وڵاتـان و ئەنجـومەنە ئاسایشـەكان كە هەوڵەكـان چـڕ بـكەنەوە بـۆ كۆتـایی هێنـان بەو لەشـكر كێشـی و هێرشانە و چیتر منداڵ و ژنی كورد لە هیچ پارچەیەكی كوردستان نەبێتە قوربانی، چونكە هـیچ سزایەكی ئابووری قەرەبووی دڵۆپێك خـوێن و یەك هەناسـەی كـورد ناكـاتەوە كە رۆژانە ئەبێـتە قوربانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرۆكی فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

روئیا و بۆچوونی كۆمەڵی ئیسلامی سـەبارەت بەو دۆخە نـاهەموار و دژوارەی كە رۆژئـاوا پێـدا تێدەپەڕێ ئەوەیە، سەرەتا بە گلەییەك لە خۆمانەوە دەست پـێ ئەكەم، لە پەرلەمـانی كوردسـتان كەم كۆبـوونەوە لەو دۆخە دژوارە زۆر زەروور و پێویسـت بـوو، بەڵام بە داخەوە زۆر دواكەوت، ئێمە وەكو فراسكیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی زۆر بە روون و راشكاوی ئیدانەی لەشكر كێشی سوپای توركیا و بەزاندنی سنووری رۆژئاوای كوردستان ئەكەیـن كە ئەوە پـێچەوانەی هەمـوو عـورف و یاسا نێودەوڵەتیەكانە، زۆر بە توندی ئیدانەی كوشتنی منداڵ و ژن و خەڵكی مەدنی ئەكەین كە دیارە ئەوەش بەپێـی یاسـا و عـورفی نێـودەوڵەتی رێـگە پێـنەدراوە، بەڵام بەداخەوە خەڵكێكـی زۆری بێ تاوان كە شـەڕكەر نـین لەو شـەڕە دژوارە بـوونە قوربـانی، ئێمە لە كاتێكـدا ئەو شتانە ئەبینین بەداخەوە بە ناوی سوپای (محمد) ئەو لەشكركێشیە كراوە، ئەپرسم ئایا سوپای (محمد) ك چووبـووە هەر شـوێنێ منـداڵی كوشـتووە؟ ژنـی كوشـتووە؟ خەڵكـی بێتـاوانی كوشـتووە؟ سنووری وڵاتان و خەڵكی تری بەزاندووە؟ پێغەمبەری خودا كە سوپای بەرێ ئەكرد پێ ئەوتن ژن

مەکـوژن، منـدال مەکـوژن، ئەوانەی عیبـادەت ئەکەن غەیـری دینـی خۆشـمان کە شـەریان پـێ فرۆشـرابێ مەیـانکوژن، پیـر و پەکەوتە ئەزیەت مەدەن، هەتـا ئەیفەرمـوو دار مەبـڕن، کانیـاو کوێرمەکەنەوە، بەڵام بەداخەوە هەمیشە ئەو ناو نیشانانە بەکارهاتووە بەرامبەر گەلـی کـورد و هەر دەسـتەڵاتێکی زالمـیش لەسـەر رووی زەوی ئەگەر بەرژەوەنـدی بیخـوازی ئەو ناونیشـان و ناوانەی بەکار هێنـاوە، لەبەرامـبەریش بەداخەوە خەڵکێـك بە بـێ ئاگایی بەرامـبەر بە ئیسـلام و محمد ئەرشێتەوە، بەداخەوە، ئاگای لێ نیە محمد شتی وای نەفەرمووە.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کەس گومانی لەسەر گەورەیی (محمد) علیه سلام نییە، تکایە بڕۆ ناو بابەتەکە.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

.........بابەتە، لێگەڕێ قسەکانم بکەم، ئێمە بەداخەوە پیلانێك دژی گەلی کورد ئەنجام درا لەلایەن وڵاتانی زلهێز کە کورد پشتی پێ بەستبوون، بەڵام بەداخەوە دیسان پشـتیان لە کـورد کـرد، پـێم وایە وەکـو میللەتـی کـورد پێویسـتە پەنـد لە رابـردوو وەرگـرین، لەو شۆرشـانەی لە رابـردوو بـۆ دروست کردنی کیانی کـورد هەوڵـدراوە، بەڵام بە داخەوە پشـت بە غەیـری خۆمـان بەسـتراوە و هەمیشە بە گورگان خوارد دراوین، بۆیە ئەڵێم پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان و دروست کردنـی کیـانی راسـتەقینەی کـوردی کە وەك هەر گەلێکـی تـر مـافی ئەوەمـان هەیە کیـانی راستەقینەی خۆمان هەبێ نە ئیـدارەی سـەربەخۆ و هەرێـم بەڵکـو دەوڵەتـی راسـتەقینەن بـۆیە پێویسـتە تەنیـا پشـت بە خـوا ببەسـتین، لەسـەر پێـی خۆمـان بوەسـتین و خزمەتکـاری خەڵکـی خۆمان بین و یەکریزی و تەبایی بپارێزین و بیچەسپێنین، داوا ئەکەین لێرەوە لە وڵاتانی زلهێزی ئەمریکـا و روسـیا و رێکخـراوە نێودەوڵەتییەکـان و ئەنجـومەنی ئاسـایش کە بە هانـای گەلـی کـوردەوە بـێن و بەرپرسـیاریەتی یاسـایی و ئەخلاقـی خۆیـان جـێ بەجـێ بـکەن، ئەم شـەڕە بە زووتـرین کـات رابگیـرێ، نێوەنـدگیری ئینسـافانە بکـرێ کە گەلـی کـورد لە رۆژئـاوای کوردسـتان حەقی خـۆیەتی بە مـافی خـۆی بگـات، بە تـایبەت ئێسـتا کە بەرێـوەبردنێکی سـەربەخۆی خـۆی هەیە، داواش ئەکەیـن وڵاتـانی دونیـا بـۆ ئەوەی سـەقامگیری لەو ناوچـانە هەبـێ، سـەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و سەربازی و ئابووری داوا ئەکەین کۆنگرەیەکی گەورە ببەسترێ بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشـەی کـورد لەسـەر ئاسـتی هەمـوو پارچەکـانی کوردسـتان، دڵنیـام ئەم ناوچەیە ئیسراحەت ناکات، نە ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەش کراوە، نە گەلـی کـوردیش و نە ئەو وڵاتـانەش بەرژەوەنـدیا لەو ناوچـانە هەیە بەبـێ چارەسـەری ریشـەیی کێشـەی کـورد، لە هەمان کات داوا لە پەرلەمانی بەڕێز ئەکەم وەفدێك بۆ رۆژئاوای کوردستان بنێرێ و لە نـزیکەوە بەدوا داچوون بکات و ئاگاداری رەوشی ئەوێ بێ، دواتر راپۆرتێکی پوخت بێنێـتەوە پەرلەمـانی کوردستان بۆ ئەوەی بریاری پێویستر لە پەرلەمانی کوردسـتان بـۆ ئەو بابەتـانە بـدرێ، لە هەمـان کـات داوا ئەکەم بریـاری ژمـارە (٣٧) ی (١٢-٥-٢٠٠٥) پەرلەمـانی کوردسـتان سـەبارەت بەچـوونە دەری هەموو ئەو هێزانەی ئاشتی خـواز و بە نـاو ئاشـتی خـواز کە لە هەرێمـی کوردسـتانن جـێ بەجێ بکرێن، پێم وایە ئەوە بەشێکە لە کێشەکان، نەك هەر رۆژئاوا ئایا باشووریش و بەشەکانی

تريش هەميشە لە ژێر پەلامار و هەرەشە و تۆپباران و كوشتن نەبوونە؟ ئايا لە باشـوور زيانمـان پـێ نەگەيشـتووە؟ خەڵك نەكـووژراوە و ئـاوارە نەبـوون؟ لە كۆتـايى لە خـواى گەورە داواكـارم كووژراوەكان بە تايبەت لە رۆژئاوا بە بەهەشت شاد بكـا و شـيفاى برينـدارەكاتنيش بـدات و ئەم ميللەتەش وێراى ئەوەى يەك ريز بين، داوا كارم خـودا بە مافەكـانى خۆمـان بگەيەنـێ، بە مـافى سەرفرازى و سەربەخۆيى لە دەوڵەتى خۆمان بگەيەنێ، سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، نوقتە نيزام وەرناگرم فەرموو كاك د.شێركۆ.

**بەرێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەناوى خواى گەورە و ميهرەبان.**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەرێـزان ئەنـدامانى پەرلەمـانى كوردسـتان، جەمـاوەرى بەشـەرەفى كوردسـتان لە هەمـوو ناوچەكـانى كوردسـتانى گەورە، سـڵاو و رێـز بـۆ گيـانى پـاكى قوربانيـانى كارەسـاتى جەنـگ و رووداوە جەرگ برەكانى رۆژئـاواى كوردسـتان، ئـێمە وەكـو يەكگرتـووى ئيسـلامى كوردسـتان و وەكـو فراكسـيۆنى يەكگرتـووى ئيسـلامى كوردسـتان بە توندى ئيـدانەى شـەڕو جەنـگ و ئەو مەينەتيـانەى كە لە ئاسـەوارى چەوسـاندنەوەى سـيڤيل و مرۆڤـى سـتەم لێكـراوى رۆژئـاواى كوردستان دەكەين، نەفرەت لە بەكارهێنـانى ئايـديۆلۆجيا و برواكـان بـۆ كوشـتن و قەتـڵ و عـام كردنـى مـرۆڤە سـيڤيلەكان، نەفـرەت لە تيـرۆر و سـتەم و كاولكارى بە هيـواى سـاڕێژ كردنـى بە پەلەى برينەكـان و دووبـارە نەبـوونەوەى مەينەتييەكـان، بەرێـزان لەگەڵ ئەوەى كە دەبـوو ئەم كۆبـوونەوەى پەرلەمـان زووتـر بكـرايەن بەڵام وێنـاى واقيعـى رووداوەكـان پێمـان دەڵـێن كە ململانێـى زلهێزەكـان ڕەهەنـدى سـەربازى و سياسـى و ئەمنـى و ئابووريشـى هەيە، كە تێيـدا قۆنـاغێكى نـوێ بەسـەر نـاوچەكە دا فەرز دەكـرێ و دابەشـكارى جوگرافيـاى سياسـى و بە دەسـتهێنانى زيـاتر لە ٥٧%ى نەوتـى سـووريا كە خـۆى لە زيـاتر لە (٣١٥) مليـار بەرميـل نەوتـى يەدەگى خاكى سووريا دەگرێتەوە، دەست گرتن بەسەر زياتر لە ٥٠%ى گازى سروشتى سووريا و كـردنەوەى مەعـبەر و دەروازەى ئـابوورى نـوێ، واتـا جوگرافيـاى سياسـى و ئـابوورى نـوێ فەرز دەكرێ بەسەر ناوچەكە دا، چەنـدين ڕەهەنـدى تـر يـش بێگومـان، كە بە داخەوە سـوتەمەنى ئەم ململانێيە هاووڵاتى سيڤيل و گەلێكى ستەم لێكراوە كە بە هەموو شێوەيەك قابيلى قبـوڵ كـردن نييە، ئێمە داوا دەكەين كە چارەسەرى ئاشتيانە و پەنا بردن بۆ چارەسەرى ئاشتيانە بە باشـترين دەزانين، هەروەها پەرلەمانى كوردستان ئەوەى پێى دەكرێ لە وتارى يەكگرتووانە بـۆ پاراسـتنى يەكريزى نيشتمانى و ئاراستە كردنى هەموو تواناكان بۆ فرياكەوتنى قوربانيان و لێقەوماوانمـان لە رۆژئاواى كوردستان ئەنجامى بدات، بە هەمان شێوە سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان ئەركى سەر شانيەتى كە ئەوەى كە پێويستە بۆ ئاراستە كردنى گوتارى يەكگرتووى هەر ێمى كوردسـتان بۆ هەموو دنيا و بۆ هەموو وڵاتان و بۆ هەموو زلهێزەكان كە رۆڵى سـەرەكيان هەيە لە نەخشـەى

سیاسی و ئەمنی و عەسکەری ئەم ناوچەیە بگەیەنێت و موعاناتی ئەو میللەتە ستەم لێکراوە بگەیەنێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە هەلمەتی فریاکەوتنی ئەو ئاوارانەی کە لە دوێنێوە ژمارەیان وەکو بە فەرمی ڕاگەیەنراوە دوو سەد کەس هاتۆتە ئەم دیو سنووری هەرێمی کوردستان، بە دەیان هەزار تریش بەڕێوەیە کە بێن بەرەو هەرێمی کوردستان، پاراستنی خزمەتگوزاری پێویست و دابین کردنی جێگەی حەوانەوەی پێویست ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و داوا دەکەینی کە هەڵمەتی نیشتمانی ڕابگەیەنرێ هەموو لایەك لە خۆمانەوە لە پەرلەمانتارانەوە دەست پێ بکەین و لە هەرێمی کوردستانی دەست پێ بکەین، تا هەموو هاووڵاتیەك لەم هەرێمی کوردستانە چی پێ دەکرێ کۆی بکاتەوە و دابینی بکات و بە مەرجەعی رەسمی و فەرمی لە ڕێی ڕێکخراوەکانەوە، لە ڕێی حکومەتەوە، لە هەموو لایەکەوە کە مومکین بێ دابینی بکەین بۆ لێشاوی ئەو ئاوارانەی کە ڕوو دەکەنە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی باشترین خزمەت بکرێن، ئەوەی کە گرنگە داوا کردن لە حکومەتی فیدراڵ کە بودجەیەکی هەیە بەناوی بودجەی تەواری کە ئەمە بۆ حاڵەتە کتوپڕەکانە بۆ کارەساتەکانە، مافی هەرێمی کوردستانە کە داوای ئەو بودجەیە بکات و تەرخانی بکات بۆ فریاکەوتنی زیانەکان و ئازارەکان و مەینەتییەکان، جەخت لەسەر بڕیاری ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠١٤ی ئەم پەرلەمانی کوردستانەوە دەیکەنەوە کە پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و لە ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و مامەڵەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵیان بۆ دابین کردنی هەر هاوکاریەك کە پێویست بێ، داوا لەسەرجەم کونسوڵخانەکان دەکەین نوێنەرایەتی گەورەی دنیا دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان هەن، ڕۆڵی خۆیان ببینن بۆ ڕاگرتنی شەڕ هەرچیان پێ دەکرێ بۆ کۆتایی هێنان بەم شەڕە ئەنجامی بدەن، بەڕێزان ئەوەی کە گرنگە پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانییە و پاراستنی گوتاری یەکگرتووە، داوا دەکەین وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەگەر بۆ یەك جاریش بێ یەك گوتاری یەکگرتوومان هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کارەساتەی کە بەسەر ڕۆژئاوای کوردستان دا هاتووە بە هیوای دووبارە نەبوونەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ هەکاری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی فەرمووو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، من پێش ئەوەی قسەکانی خۆم بکەم، حەز دەکەم بڵێم دوای گوێبیستی زۆرێك لە وتار و هەڵوێستی فراکسیۆنە بەڕێزەکان حەزم کرد ئەوە بڵێم ئەوەی کە لە ڕۆژئاوا ڕوودەدات کورد و عەرەب و پێکهاتەی ئێمەش وەکو کلدانی سریانی دەگرێتەوە و شەهید و بریندارمان هەیە تا ئێستا لەم چەند ڕۆژەی شەڕەدا و تا ئێستا دوێنێ ئاوارەی ئێمەش گەیشتووتە هەرێمی کوردستان، بۆیە هیوادارم کاتی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ هەر ڕووداوێکی نەخوازراو و ترسناك ئێمە هاوپەیمانەکانی خۆمان لەبیر نەکەین.

دیدو بۆچوونی فراكسیۆنی هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوەیی لە پەرلەمانی كوردستان، تێڕوانینی ئێمە دەربارەی ئەوەی كە ئێستا چەند رۆژێكە لە ڕۆژئاوا لە ئارا دایە، تا ئێستا سەدان شەهید و بریندارى لێ كەوتووەتەوە وبۆتە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار لەخەڵكی سیڤیلی ئەو ناوچانە بەسەرجەم پێكهاتەكانیەوە، كێشەیەكی گەورەیە و كارەساتێكە ئەگەر بۆ چەند رۆژی تر بەردەوام بێ ئەوا كاریگەری خراپ و ترسناكی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر هەرێم و عیراق و ناوچەكە و خەڵكەكە بە گشتی، بۆیە پێمان وایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێكی نەخوازراو پێویستە هەموو هەوڵەكانمان بۆ چارەسەری ئەم دۆخە ترسناكە و پێشگرتن بێت لە ماڵوێرانی زیاتر و هەر هەڵوێستێكیشمان وەكو پەرلەمان كە نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵكی كوردستان دەكەین لۆژیكانە و هاوتەریب بێت لەگەڵ بەرژەوەندیە باڵاكانی هەرێم و خەڵكەكەی بە هەموو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینیەكانەوە، بۆیە ئێمە وەكو فراكسیۆنی هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوایەتی بە باشی دەزانین كە:

١-هەموو هەوڵەكان بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە و ماڵوێرانی و دەرهاوێشە ترسناكەكانی و چارەسەری ئاشتیانەی سەرجەم گرفتەكانی بێت لە پێناو كەمكردنەوەی قوربانی و ئازارەكانی خەڵك.

٢-دۆخەكە ئەوەندە مەترسیدارە و لە بەرژەوەندی ئەوەدا نییە كە موزایەدەی سیاسی بكرێت، چونكە ئێمە ڕووبەڕووی زۆرێك لەم كێشانە بووینەتەوە لە ڕابردووی نزیك و دووردا حەقە لەوە تێبگەین كە هەموو هەوڵدانێك لە پێناو كەمكردنەوەی مەترسی و خەسارەتەكان بۆ سەر هەرێم و خەڵكەكەی بێت لەم قۆناغە پڕ هەستیارەدا.

٣-داوا لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكرێت كە ڕۆڵی ئیجابی و كاریگەریان هەبێت بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە و هەموو كێشەكانی سیاسییانە و ئاشتیانە چارەسەر بكرێت و ئیدانەی كوشتنی خەڵكی سڤیل بكرێت.

٤-حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامادەیی بكات ئەوەی لە توانای دایە بۆ یارمەتیدانی ئەو ئاوارانەی كە دێنەوە هەرێمی كوردستان و داوا لە حكومەتی مەركەز و ڕێكخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەكان بكرێت یارمەتی خێرا پێشكەش بكەن.

٥-ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نیشتیمانی پەرلەمان بۆ كۆكردنەوەی كۆمەك و یارمەتی بۆ ئاوارە و دەربەدەرەكانی دۆخی ڕۆژئاوا و یارمەتیدانیان لەو میحنەتەی كە تیایدان.

فراكسیۆنی هاوپەیمانی یەكێتی نەتەوەیی لە پەرلەمانی كوردستان

١٥ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٩

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز باپیر كامەلا لە فراكسیۆنی سەردەم فەرموون.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**
**بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.**
**ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**
**جەماوەری ستەمدیدەی خەڵکی کوردستان.**

پێ ئاگادارن لەو دوواییانەدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ناوچەکە سەریان هەڵدا بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە هاوکێشەی نێودەوڵەتی ڕوویاندا، هەر لە ساڵی (٩٠)ەوە تا (٢٠٠٣) بە گۆڕانی جیاجیادا ڕۆیی تا ئەو دوا گۆڕانکارییەکانیش ئەوە بوو کە پێمان دەڵێن ئاماژەکان کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە ئاماژەکان وا دەریدەخەن کە گۆڕانکاری دەبێ لە سیاسەتیاندا، بەتایبەتی لە ڕێکخستنەوەی هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانیاندا لەو ناوچەیە، دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە بۆتە مایەی ئەوەی زنجیرە شەڕ و پێکدادانێك و گۆڕانکارییەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕوودا بەوەشەوە لە سوریا، بەڵام لەگەڵ گەیشتە سوریا هەڵوەستەی لەسەر کرا و گۆڕانکاری زلهێزیتر دەرکەوت و یەك جەمسەری بەرەو کۆتایی هات، فرە جەمسەری دروست بوو لەو فرە جەمسەریەش فرە بەرژەوەندی دروست بووە، لەسەر ئەو بنەمایەی فرە بەرژەوەندییە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان وڵاتان دێن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ناوچەیە دەکەن، بۆیە خەڵکی ناوچەکە بە تورك و عەرەب، بە فارس و بە کورد، بە ئاشووری و بە کلدانی و بە سریان، بە هەموو پێکهاتەکانی لەو ناوچەیە دەژین، بەتایبەتی ئەوانەی کە نەتەوەی سەرەکین لەو ناوچەیە پێویستیان بە گفتوگۆ و پێویستیان بە لێك حاڵی بوونی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ئۆقرەیی زیاتر هەبێ لەو ناوچەیە، پێمان دەڵێت لێرە گەلی کوردیش وەکو گەلێکی دابەشکراو پێویستی بە یەك ڕیزی و تەبایی زیاتر هەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی هەر پارچەیەك بە ویستی خۆمان نیە هەر پارچەیەکمان دابەش بووە بەسەر وڵاتێك دا، ئەو تایبەتمەندیانە پێویستی بەوەیە لەبەرچاو بگرین، بەڕێزان من دێمە سەر وتارەکەم ئەوە وەکو پێشەکیەك بوو، زیاتر بۆ سەرنجراکێشانتان.

هەروەکو پێ ئاگادارن لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ئەنجامی لەشکرکێشی و پەلاماردانی سەربازی بۆ ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و خەڵکی سڤیل و دامەزراوە مەدەنییەکانی ئەو ناوچانە کرانە ئامانج و قوربانی گیانی و ماڵی زۆری لێ کەوتەوە سەرەڕای ئاوارەبوونی دانیشتویی ئەو ناوچانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی سەردەم سەرکۆنەی بە ئامانج گرتنی هاووڵاتیانی سڤیل و دامەزراوە مەدەنییەکان دەکەین، داوا دەکەین هەرچی زووە واز لە بژاردەی سەربازی بهێنرێت و پەنا ببرێتە بەر گفتوگۆ و ڕێککەوتنی سیاسی و خۆ بەدوور گرتن لە هەموو کردەوەیەکی توندوتیژی و نامرۆیی، هەموو لایەك ڕێگەی ئاشتی و پێکەوە ژیان بگرینە بەر بۆ ئەوەی ئۆقرەیی بگەڕێتەوە ناوچەکە و بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە ئێستا لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدان، وێڕای نیگەرانی زۆرمان لە دەرئەنجام و

دەرهاویشتەکانی ئەو شەڕ و پێکدادانەی ڕوویدا لە ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بێ هەڵوێستیان و هەروەها بێ هەڵوێستی هاوپەیمانی شەڕی دژ بە داعش بەرامبەر بەو ناهەقی و زوڵمە زۆرەی دەرهەق بە هاوبەشێکی سەرەکی هاوپەیمانی شەڕی دژ بە داعش بکرێت کە گەلی کوردە، بێدەنگی و بێ هەڵوێستی تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیی لەلایەن هاوپەیمانی شەڕی دژ بە داعش نەتەوە یەکگرتووەکان نەهاوێژراوە بۆ بەربەستی کردن و کۆتایی هێنان بە شەڕ و ئەو بێ هەڵوێستییە جارێکی تر پێمان دەڵێ گەلی کورد دەبێ یەك ڕیز و پشت بەخۆ بەستوو بێت و سەرکردایەتی سیاسی کورد و کوردستانیان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان یەکگرتوو و یەکڕیز بن، خوێندنەوەی وردتر بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانە ناوچەکە بکرێت و هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن کە لە ناوچەکە گۆڕان بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەو قۆناغە لە هەموو لایەك دەخوازێ بە هۆشیاری و هەستیاری و بە ئامادەکارییەوە تواناکان یەك بخرێن و واز لە جیاوازییەکان بهێنن و ئەرکی سەرەکیمان پاراستنی گەلەکەمان و دەستکەوتەکانی بێت و بۆیە بە پێویستی دەزانم:

١-یەکڕیزی و یەکخستنی وتاری سیاسی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەبارەت بە دۆزی نەتەوەکەمان و زامنی پاراستنی گەلەکەمان.

٢-داوا دەکەین هەرچی زووە شەڕ و لەشکرکێشی کۆتایی پێ بهێنرێت و بژاردە و چارەسەری ئاشتیانە لە ڕێگەی گفتوگۆوە بژاردەی سیاسی بگرێتە بەر.

٣-پاراستنی خەڵکی سڤیل و دامەزراوە مەدەنییەکان و خۆدوورگرتن لە بە ئامانج گرتنیان.

٤-داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین بە ئەرکی خۆیان هەستن و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان پارێزگاری لە خەڵکی ئەو ناوچانە بکەن.

٥-داوا دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان ئامادەکاری بکەن بۆ حەواندنەوە و هاوکاری کردن و کۆمەك کردنی ئاوارەکانی دەرئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکان.

٦-داوا دەکەین هەرچی زووە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێ و بە ئەرکی نیشتیمانی خۆیان هەستن.

٧-داوا دەکەین لە نووسینەوەی دەستووی سوریا دەوڵەتی سوریا و لایەنە بەشداربووەکان بەتایبەتی ئەو دەوڵەت و وڵاتانەی کاریگەرییان هەیە بەشدارن ڕەچاوی مافی گەلی کورد بکەن لە سوریا و لە دەستووری نوێی مافەکانی گەلی کورد پارێزراو بن.

٨- داوا لە هێزەکانی ڕۆژئاوا دەکەین جیاوازی و کێشەکانیان وەلابنێن یەك ڕیز و یەك هەڵوێست بن تواناکانیان یەك بخەن بۆ بەدی هێنانی مافەکانی گەلی کوردستان لە ئایندەی سوریادا، لە کۆتایدا درووود بۆ شەهیدانی بەرگری و هیوای چاکبوونەوە هەرچی زووە بۆ برینداراەکان دەخوازین سڵاو لە خۆراگری گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوا سڵاو لە پشتوانی خەڵکی کوردستان لە

رۆژهەڵات و لە باکوور و لە باشووری کوردستان سڵاو لە خۆراگریان سڵاو لە ئامادەییان هەر سەرکەوتو و سەرفراز بێت گەلی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز (د.محی الدین)، فراکسیۆنی ئازادی، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەماوەری گەلی کوردستان لە دەستپێکدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کوردستان بەگشتی شەهیدانی ڕۆژئاوا دادەنوێنین وە هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین، سڵاوی خۆراگری ئاراستەی مقاوەمەی هاوخوێنەکانمان دەکەین لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڕێزان ئەو لەشکر کێشیە و داگیرکارییەی دەوڵەتی (تورکیا) بە هاوکاری چەکدارە تووندرەوە بەکرێگیراوەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەتووندی ئیدانە و مەحکوم دەکەین، ئەم لەشکرکێشییە و داگیر کارییە پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ و مافی گەلانە بە گشتی دەبێتە هۆی ئاوارە بوون و دەربەدەر بوونی سەدان هەزار هاووڵاتی ڕۆژئاوای کوردستان لە نەتەوە جیا جیاکان، لەمیانەی ئەو لەشکرکێشییەدا چەندین تاوانی وەحشیانەو دوور لە بەها مرۆییەکان دەرهەق بە هاوڵاتیانی سڤیل کراوە وە هەوڵی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەو لەشکرکێشیەیە ببێتە هۆی گۆڕینی دیمگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان کە ئەمەش دەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەو دەڤەرە کە لە کورد و عەرەب و سریان و ئاشووری و نەتەوەکانی تر پێك دێن کە بە ئاشتیانە پێکەوە دەژیان دوور لە ململانێی نەتەوەیی و پێکهاتەیی دا، دەزگا هەواڵییەکان دەیان کارەساتی جەرگ بڕوو تاوانی جینۆسایدیان نیشانی دوونیادا، دیمەنی ئاوارە بوونی سەدان هەزار هاووڵاتی پێڕاگەیاندین سەرباری شەهید بوون و بریندار بوونی سەدان هاووڵاتی دیکە کە مەترسی سەر لە نوێ سەرهەڵدانەوەی داعش تێدا دەبینێتەوە، بەڕێزان هەر لەمیانەدا نارەزای خۆمان دەردەبڕین سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی زل هێز و هاوپەیمانان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە شەرمنانەو بێ هەڵوێست دوور لە بەها ڕەوشتی مرۆڤایەتی نێودەوڵەتییەکانی مامەڵەیان لەگەڵ پەلامارادانی خەڵکی بێ دیفاعی گەلەکەمان کرد لە ڕۆژئاوادا، گەلی کوردستان چ لە باشوور و چ لە ڕۆژئاوا بۆ داکۆکی کردن لە مانەوەی خۆی و لەبری هەموو جیهان سەرسەخت ترین دووژمنی مرۆڤایەتی تێك شکاند کەچی لەجیاتی پاداشت بەبەرچاوی هەموو دونیا تۆڵەی لێدەکرێتەوە و گەلی کوردستان خوێنی بەخشی کەچی جێیان هێشت، بۆیە داواکارین ئەم کانی خوێنە هەرچی زووترە رابگیرێ، لەپێگەی بەرپرسیاریەتی مێژووییمان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان و نەتەوەکانی تری ئەو ناوچەیە وە بۆ پارێزگاری کردن لە پرانسیپە دیموکراسییەکان مافەکانی مرۆڤ و کۆتایی هێنان بەو

لەشکرکێشییە و چارەسەرکردنی ململانێی کێشەکان بە ڕێگای ئاشتیانە وە لە پێناو سەقامگیر کردنی ئاشتییەکی بەردەوام لە ناوچەکە و بۆ پارێزگاری کردن لە فرە نەتەوەیی و ئاینی لە ڕۆژئاوای کوردستان داوا لە رای گشتی جیهان و حکومەتی دەوڵەتانی دونیا دەکەین کە یەکەم: فشار بخەنە سەر دەوڵەتی تورکیا بەراگرتنی ئەو لەشکرکێشییەو داگیرکارییە و کشانەوەی هێزەکانی، دوو: چارەسەرکردنی کێشەکانی بە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتیانە، داوا لە گەلی کوردستان و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەین کە بە ڕۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان هەستن بە پێشکەش کردنی ئەوەی لە توانایانـدایە بۆ هاوکاری کردن و یارمەتی دانی ئاوارە و لێقەوماوەکان، داوا لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە ڕۆڵی خۆیان ببینن هەر ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستاندا، داوا لە وڵاتانی دونیا و هاوپەیمانان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی هەرێمایەتییەکان دەکەین کە فشاری جدی بخەنە سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ وازهێنان لەبری لەشکرکێشی داگیرکردن بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان وا دەخوازێت کە هاوپەیمانان و ڕێکخراوە نێودەوڵەت ڕۆڵی خۆیان ببینن لە سەقام گیرکردنی ئاشتی لە ناوچەکە و زەمەینە سازکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کێشەی ئەو نەتەوانەی کە لە ناوچەکەدا دووچاری سەرکوتکردن و زەوتکردنی مافەکانیان دەبنەوە لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان لە چوارچێوەی یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە بە ئاشکرا ئاماژەیان بەوە کردووە کە گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، سەرکەوێ ئیرادەی گەلەکەمان لە پارەچەکانی کوردستان، فراکسیۆنی ئازادی (١٥)ی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فرید یعقوب سەرۆکی فراکسیۆنی رافیدین فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان بەڕێزان ئەندامێت پەرلەمانا کوردستان، ب ڕێکا دیڤچۆنا مە ب روودانێت ڕۆژئاڤا بۆ مە دیار بوویە کاودانێت سەخت و گران هەنە ژ ئەگەرێ هەبوونا رێژێمێت دیکتاتۆری یێن لدیڤ ئێك هەروەسا هەبوونا گەلەك شەڕ و لێکدان ل دەڤەرێ ئەڤرۆ ل ژێر کاودانێت پەیدا بووی ژ ئەگەرێن مای تێکرنا تورکیا ل سوریا ل ڕۆژئاڤا داخازێ ژهەمی لایەنێت ناکۆك لدەڤەرێ دکەین بزڤرن بۆ دانوستاندنەکا راست و دروست بۆ خزمەتا هەمی خەلکێ دەڤەرێ ژ هەمی پێکهاتا بۆ پەیدا کرنا ژیانەکێ ئاشتی ئو ئێمنایەتی ل دەڤەرێ، گەلێ ئاشوورییەکان وەکی ئاکنجیێت رەسەن ل سوریا دگەل کورد تووشی گرفتارێن بووینە ل ژێر هەبوونا ڤان شەڕ و ناکۆکییەکان ل سەر ئاخا وان یا مێژوویی کو بووینە ئەگەرێ کێم بوونا وان ل سەر ئاخا باب و باپیران ژئەگەرێن کوشتن ئو راگوهاستانا کو دگەل وان دا هاتییە کرن ل سوریێ و عێراقێ و تورکیا هەر ل شەڕێ جیهانی یێ ئێکێ ئو هەروەسا بەردەوامییا کاودانێت

نەخۆش ئو ب تايبەت هێرشێن رێكخراوێ تێرۆريستى يێ داعش ل دەڤەرێن سەر نەينەوا و خابوور ئو بزاڤێن وان بۆ رێ و ريشالێ مە، ئەڤ چەند كارەساتە بۆ چەند نەتەوەيا ئەوێن تووشى شەڕ دبن بە وەكالەت لە سەر ئاخێ خۆ ئەم جارەكا دى دخازين ژهەمى لايەنێت ناكۆك بۆ پاراستنا كەسێن سڤيل ژ گەلێ ئاشوورى و گەلێ كورد ئو پێكهاتە جياوازەكان كو ل دەڤەرێ پێكڤە دژين كو رێز ژ ئيرادا ميللەتێ بهێت گرتن بۆ بەڕێوەبەريا ناڤبەرێت خۆ ب ئازادى ئو ب كەرامەت ئو داخازێ ژ كۆمەڵگەها نێڤدەولەتى دكەين ب ئەركێ خۆ رابن بۆ پاراستنا كەمە نەتەوەييا ب رێكا گڤاشتنا ل سەر لايەنێت ناكۆك، فراكسيۆنا رافيدەين ٢٠١٩/١٠/١٥.

**بەرێز د.ريواز فائق حسن /سەرۆكى پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، فەرمو خاتوو سارا دڵشاد لە فراكسيۆنى گەشە پێدانى توركمان فەرموون.

**بەرێز سارا دلشاد بكر:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بە نيگەرانييەوە دەڕوانينە هەڵبژاردەيەكى سەربازى كە دەبێتە هۆى زيانگەياندنى تێكچوونى رەوشى ئاسايش و سەقامگيرى ناوچەكە، بەتايبەتى ناوچە كوردنيشينەكانى سورياى رۆژئاوا كە توشى شەڕو دۆخێكى مەترسيدار بونەتەوە، ئێمە وەك فراكسيۆنى پارتى گەشەپێدانى توركمانى و وەك ئەركێكى مرۆيى وسياسيى و ئەخلاقى، پێويستە هەموو هەوڵەكان بخەينە گەر، بۆ ئەوەى كۆتاى بەم شەڕە بێت خوشك و براياتمان لە رۆژئاوا لە نەهامەتى شەڕو ستەم رزگاربكەين و راسپاردەو پێشنيارەكانمان دەخەينە روو، حكومەتى هەرێم وەك و دەسەڵاتى سياسى و كارگێرى و قەوارەى هەرێمى كوردستان، پێويستە ئامادەكارى تەواو بكات بۆ پێشوازى كردن لە ئەگەرى ئاوارەو رەخساندنى يەكە جێگاو نيشتەجێ و كاتى گونجان بۆيان حكومەتى هەرێم دەزگاى خێرخوازييەكانى هەرێمى كوردستان بە زووترين كات يارمەتى و هاوكارى مرۆى بخەنە خەڵكى سيڤيلى لێقەوماوى ناوچەكە.

وە دووەمين نوقاتيشمان سەرۆكايەتى هەرێم سەرۆكاتى پەرلەمانى كوردستان بە هۆى پەيوەندى و دۆستانە دبيلۆماسيانەى لەگەڵ وڵاتانى پەيوەنديدار وڵاتە زلهێزەكەنى ئەوروپا هەوڵى زياتر بدەن بۆ راگرتنى شەر و چارەسەركردنى هەمووكێشەكان كرفتەكان بە ديالۆك و بە رێگەى ئاشتيانە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆكى پەرلەمان:**

ختوو كلارا فراكسيۆنى ئەنجومەنى گەلى كلادانى و سريانى و ئاشورى فەرموو.

**بەرێز كلارا عوديشو يعقوب:**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان.**

شلامەتە كول ئوخون بەريز سەرۆكا پەرلەمانى بەرێزان ئەندامێن پەرلەمانى ئەوێ ئەڤرۆكە رۆژ ئاڤايا كوردستانێ روودەدات هەڤركيا ئيرادا گەل و هەڤركيا هەرێمى و دەوليە وەكى هەرجار

قوربانی وان ژۆرە هەڤرکیان گەل و خەلکی سڤیل یێبێ گوناه ئاشتی و ئارامی بژیت ئەو دەڤەر جەندین پێکهاتە پێك دیت پێکوە دژین هەمی ئێك عەردو ئێ ئامانج و ئێك مێژوو ئێك چارەنوس هەیە، ژوانا گەلێ کلدانی سریانی ئاشوری مەسیحی و لەگەل هەمی پێك هاتی دی بونە قوربان بۆ ڤی وەزعێ مەترسیدار گۆرەپانی هەڤرکێ عەردێ وان پێکڤەیە و لە ئەنجامدا بونە قوربان زارۆك و ژن و دان عمر بونە ئاوارە پشتی جهو مالێ هاتن خراپکردن و وێرانکردن داخوازیش بەرێز سەرۆکێ هەرێمی کوردستانێ دکەین هەولێ خۆ بکیەن ژ بۆ راوەستاندنا شەرو لایەنێ ئاشتیێ بۆ چارەسەریەکا سیاسی پێگیربن بە پرەنسیپی مرۆڤایەتی بۆ پاراستنا خەلکێ سڤیل پشتیوانیا حکومەتا هەرێما کوردستانیا دکەین خۆ ئامادەکرن بۆ پێشکەشکردنا هاریکاری مرۆڤایەتی بۆ پێشوازی و بۆ حەواندنەوەو لاواندنا ئاوارە و داخوازی حکومەتا عێراقێ دەکەین بوودجەکا چاوەرێ نەکری تەرخان بکاتن وەك ئەرکێکی بەرپرسیاریەتی و مرۆڤایەتی داخوازی کۆمەڵگهێ نێودەوڵەتی نەتەوەی یەگرتوو یەکیەتیا ئەوروپی و رێکخراوێ نێودەوڵەتی دکەین ئەرکێ خۆ مرۆڤایەتی و بەرپرسیاریەتی رابن ژ بۆ هەنگاوێ بۆ راوەستاندنا ئەوی بارودۆخی یا گرنگ ئەوە هەمی توشی ئەوێ بارو دۆخێ بوە ئەش هەمی پێکهاتان یەك بگرن یەك رێز بن ژ بۆ و رێکی دانوستاندن و هۆکاری سیاسی بەکاربینن ژ بۆ مراندنا ئەوی ئاگری بەرێز سەرۆکا پەرلەمانی پەرلەمانتارانی بەرێز کۆمەڵگەها نێو دەوڵەتی ئەڤە دەبیتە گەلێ مە وەك مەسیحی رۆژ ئاڤای ئەڤرۆکە هەموان مەترسیەکە فەعلی ئێدی زەحمەت خۆراگرن پەتڤیا هاریکاری دا بە هەمی هەمەهەنگبین بۆ ڤی بارودۆخی چارەسەر بکەین مە ئاشتی دەویت مە ژیان دەوێت فراکسیۆنا ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشوری (١٥-١٠-٢٠١٩) سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەربەنای ئەو کۆبوونەوەی چڕوپڕانەی کە لە دووڕۆژی رابردوا لەگەڵ بەرێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەنجامانداوە و وەك بەرهەمی ئاڵوگۆڕی بیروڕاو راوێژکردن لە نێوان هەمووولایەك گەیشتینە چەند خاڵێکی هاوبەش ئێستا لە چوارچێوەی چەند خاڵێکی وەك هەڵوێست و هاوبەش راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لەسەر رەوشی رۆژئاوا لە حزوری بەرێزتاندا دەیخەینە روو بۆ ئەوەی پێکەوە پەسەندی بکەین و، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە رای بگەیەنین و ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکەین، بە تایبەت کە ئەمڕۆ رۆژێکەی گرنگە و لە وتاری هەموو ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان سەرۆکی فراکسیۆنەکان تەئکید لەسەر خیتابی هاوبەش و تەحەمولکردنی بەرپرسیاریەتی دۆخێکی مێژوویی راگوزەر لە ژیانی میلەتەکەمان و لە ژیانی گەلەکەمان کراوەتەوە، داوا دەکەم بەرێزتان بە تەرکیز گوێ لە راسپاردەو هەڵوێستەکانی پەرلەمانی کوردستان بگرن و، بۆ ئەوەی کە فەرموتان پەسەندتانکرد بتوانن بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە رایبگەیەنین و بیگەیەنینە ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە رامانسپاردوون بۆ هەندێك ئەرك.

هەڵوێستوو راسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر رەوشی رۆژئاوای کوردستان.

١-پەرلەمانی کوردستان دژە شەرەو داوا دەکەین هەرجی زوە شەرولەشکرکێشی و ململانێی سەربازی کۆتایی پێبهێندرێت و لە بڕی ئەوە پشتیوانی بژاردەی چارەسەری ئاشتیانەین و دەخوازین لە رێگەی دیالۆکەوە کۆتایی بە ناکۆکیەکان بهێندرێت.

٢-وێرای بە توندی ئیدانەکردنی هێرش و لەشکرکێشی و بە ئامانج گرتن و سەر هاوڵاتیان داواکارین سەروماڵ و گیانی خەڵکی سڤیل و دامەزراوە مەدەنییەکان پارێزراوبێ.

٣-پەرلەمانی کوردستان لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی بەربەمنای رێکەوتنامە نێو دەوڵەتییەکە داوا لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەگرتووەکان و یەکیتی ئەوروپا و رێکخراوە هەرێمایەتییە دەوڵتەکان ئەکا هەوڵ و توانایان چڕتر بکەنەوەو گوشاری سیاسی و دیبلۆماسیەکانیتان زیاتر بکەن بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بەو شەرو لەشکرکێشیەی کە ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان هەیە.

٤-حکومەتی هەرێمی کوردستان را ئەسپێرین تاوەکو لە چوارچێوەی تواناکانی بە هاوکاری و هاو ئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان ئامادەسازی تەواو بکا بۆ پێشوازی و حەواندنەوەو بە دەمەوە چوونی ئەو پەنابەرانەی کە بە هۆی شەرو ململانێکانی ئێستای ناوچە جیاجیاکانی رۆژ ئاوای کوردستانەوە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

٥-داوا لە بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەین وێرای چڕترکردنەوەی هەوڵە دیبلۆماسییەکان و هاو ئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کاری زیاتر بکات بۆ یکخستنی هەڵوێستی تەواوی لایەنە سیاسیە بەرێزەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی پشتیوانی کردن لە بژاردەی ئاشتیانە.

٦-داوای لە حکومەتی فیدرال دەکەین هاوکاری دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ بە دابینکردنی بەشێك لە بودجەی تەواری بۆ فریاکەوتن و حەوانەوەی ئاوارەکان، چونکە هاوکاری و بە دەمەوەچونی پەنابەری نوێ و ئیدارەدانی ئاوارەو پەنابەرانی ئێستای ناو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان بارگرانیەکی دارایی گەورە دەخاتە ئەستۆی هەرێمەکەمان و لە تواناکانمان زیاترە.

٧-داوا لەسەرجەم ئەو قونسولخانەو نوێنەرایەتییە دیبلۆماسیەی وڵاتان ئەکەین کە لە هەرێمی کوردستانن حکومەتەکانیان لەو دۆخەی ئێستای رۆژئاوای کوردستان بە ووردەکاری روداوەکانی و لێکەوتە نێوخۆی و هەرێمایەتی و جیهانییەکانی ئاگاداربکەنەوەو هەوڵ و تواناو گوشارە دیبلۆماسییەکانیان بۆ راگرتنی شەرو ململانێی سەربازی و ماڵ وێرانی خەڵکی سڤیل و ئاوارە بوونیان زیاتر بکەن و هەموو لایەنە ناکۆکەکان بۆ گفتوگۆو چارەسەری ئاشتیانە هان بدەن هاوکات داوایان لێ ئەکەین کە هاوکاری دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن بۆ دەمەوە چوونی ئاوارەو پەنابەران.

٨-پەرلەمانی کوردستان هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و شتومەکی نیشتیمانی و بەدەمەوە چوونی ئاوارەو لێقەوماوانی رۆژ ئاوای کوردستان رادەگەیەنێت و لە روانگەی ئەرکی نیشتیمانی و مرۆی و نەریتی کوردستانییانەوە داخوازیمان ئەوەیە خەلکی کوردستان وەك نەریتێکی مرۆڤ دەستانەی کوردستانیانە ئەوەی لە توانایدایە لە رێگەی رێکخراوە نێوخۆی و نێودوڵەتیەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمەوە بەدەم ئاوەرەو پەنابەران و بچن پەرلەمانتارانی کوردستانیش بەژدار دەبن لەم هەڵمەتە نیشتیمانیە.
٩-پەرلەمانی کوردستان نیگەرانییەکی قوڵی هەیە لەوەی ئاراستەی روداوەکان و کاری هێزە چەکدارە توندرەووەکان بە جۆرێك بن کە دۆخی نەخوازراو ناهەمواری عەفرین و پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤ و کارە دژە مرۆڤایەتییەکانیان و بە تالان بردنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان و گۆرینی دیمۆگرافیا لە ناوچەکانی دیکەی رۆژ ئاوای کوردستان دووبارە بکەنەوە، پێویستە هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستەیەبن کە رێ لەم هێزە چەکدارانە بگیرێ تا دۆخی سەری کانێ و گرێ سپی و کۆبانێ و ناوچەکانی دیکە وەك عەفرین لێ نەکەن.
١٠-گەلی کوردوو گەلانی دیکەی سوریا مافێکی سروشتی و یاسایی و دیموکراسیانەی خۆیانە لە چوارچێوەی هەوڵە دیبلۆماسیەکانی چارەسەری دۆخی گشتی سوریا بە ئاراستەی جنێف و بە ئاراستەی ئاستانەو بریارەکانی نەتەوەیەگرتوەکانی تایبەت بە سوریا لە هەر رێکەوتنێك بۆ دۆخی سوریای دوای شەر مافی نەتەوەی و هاوڵاتی بوون و یەکسانی و دادپەروەری لە ئەرکو مافیان لە دەستووری نوێی سوریا و شێوەی حوکمرانی لە چوارچێوەی سوریادا بچەسپێت.
١١-پەرلەمانی کوردستان داوا لەسەرجەم هێزەکانی کوردستان رۆژ ئاوای کوردستان دەکا ململانێی حزبی و ئایدۆلۆژی تەسك بەلاوە بنێن و قۆناغێکی نوێی کاری پێکەوەی و خەباتێکی بەرەیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان لە رۆژئاوای کوردستان دەست پێ بکەن و لەسەر بنەمای ئاشتی و دیموکراسی و دیالۆك و پێکەوە ژیان و وەستانەوە دژی تیرۆر خەباتی گەلی کوردستان لە رۆژئاوای کوردسان زیاتر پێشبخەن و لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە.
١٢-پەرلەمانی کوردستان سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەو راستییە رادەکێشێت کە رووداوەکانی ئەم دوایی رۆژئاوای کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەو لەشکرکێشیەی نا سەقامگیریەی کە لە چەند ناوچەیەکی رۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئارا هەموو دەسکەوتەکانی شەری تیرۆروو شکاندنی ئەفسانەی داعش لەناو دەبات و زەمینەی سەر هەڵدانەوەی داعش و تیرۆرستانی دیکەی زیاتر دەکاو بەوەش جارێکی دیکە ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمایەتی و جیهانی دەکەوێتە بەر مەترسی پەرلەمانی کوردستان (١٥-١٠-٢٠١٩).
بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەمەی کە بۆ بەرێزتانم خوێندەوە، ئەگەر پەسەندی بکەن بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە رای دەگەیەنین ئێستاش هەر پەرلەمانتارێکی بەرێز لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم هەڵوێست و راسپاردەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەلێ زۆر سوپاس

هەڵوێست و راسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر رەوشی رۆژئاوای کوردستان بە دەنگی (٩٦) ئەندامی پەرلەمان لە کۆی (٩٧) ئەندامی ئامادەبوو پەسەندکرا، زۆر زۆر سوپاس، بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فايق حسن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی
چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٩\١٠\٢٣
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥)
## چوارشەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فایق حسن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوەچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٣) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: پێكهێنانی لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی وەرزی دووەم ساڵی یەكەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین ئێستاش داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم بەرنامەی كاری ئەم كۆبونەوەیە پوختەی كۆنووسی كۆبونەوەی پێشوو ناوی ئامادە نەبوانی دانیشتنی پەرلەمان و كۆبونەوەی لیژنەكان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی / سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار : بە پێی حوكمە بڕگەی (١)و(٢)م لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣)م لە ماددەی (١٨) بڕگەی یەكەم و دووەم و سێیەم چوارەم و پێنجەم ماددەی (٢٠)ماددەكانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (٥)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كات (١١) پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی (٢٣-١٠-٢٠١٩) بەم شێوەیە بێت .

یەكەم : خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پێشنیازە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوكمە ماددەكانی (٧٩ و ٨٠ و ٨٢ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

١-پێشنیازی یاسای دەزگای كۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی كوردستان –عیراق.

٢-پێشنیازی گەشە پێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان –عێراق.
٣-پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان –عێراق.
٤-پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان –عێراق.
٥-پێشنیازی هەمواری یاسای ئیمتیازات و کەم ئەندام و خاوەن و پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
٦-پێشنیازی بڕیاری پاراستنی مامۆستایان و رێبەرە پەروەردەییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
دووەم : خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زیادەرەۆیان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان –عێراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی رۆژی سێشەمە رێکەوتی (١٥-١٠-٢٠١٩) بەم شێوەییەی خوارەوە بوو.
١-دەست پێکردنی دانیشتن لە لایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوو ئامادە نەبووانی ئاندامانی دانیشتنی پێشووی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمان.
٣-دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٤-خستنە رووی دیدو روانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژ ئاوای کوردستان.
٥-کۆتای هاتنی دانیشتن لە لایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پایزەی لە بەرواری (١٥-١٠-٢٠١٩) بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هەموویان مۆڵەتیان پێ دراون (ئازاد اکرم بهرام، زانا خالد سمایل، سەروان محمد علی، فاهیك كمال صوغومون، محمد سعداالدين، هيمداد صباح بيلال) ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادە نەبوون، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوانیش هەمویان مۆڵەت پێدراون.
١-لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و ماف بەکاربەر لە (١٦-١٠-٢٠١٩) (شنۆ ئەشقی عبدالله، لوقمان حمد حاجی ).
٢-لێژنەی دارایی و کاروباری ئابوری لە (١٦-١٠-٢٠١٩) (سۆران عمر سعيد، شیرکۆ جودت، علی حمە صالح، ارشد حسین محمد ).
٣-لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (٢١-١٠-٢٠١٩) (زێدان رشید خان اودل، راهی راهبر ابراهیم، شادیە نوزاد وهاب).
٤-لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە (٢١-١٠-٢٠١٩) (جیهاد حسن ابراهیم، هێرش حسن حمد).

٥-ليژنەی رۆشنبیری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە (٢٢-١٠-٢٠١٩) (سعيد مصطفى تەتەر خان، فيصل عباس عولا) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستە دەست بە بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار دەكەین كە بریتیە :لە خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پێشنیازە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوكمی ماددەكانی (٧٩و٨٠و ٨٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی كاروباری لیژنەی یاسایی دەكەین بێتە سەر منەسەكە فەرموون، بەڵێ كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵێكی پەیڕەویم هەیە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ماددەی (٦٦) ژمارەی یاساییی ئەندامانی پەرلەمان كە (١٢)ئەندامین لە (٧-١٠-٢٠١٩)داواياكمان پێشكەش بە بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە بۆ بانگێشتی خستنەرووی بابەتێك لەسەر هەناردەی نەوت و مووچە و ئەو دۆخەی لەگەڵ بەغدا هەیە، بە پێی ماددەی (٦٦) بڕگەی سێیەم سەرۆكایەتی پەرلەمان دەبێ لەماوەیەك كە لە (١٤)ڕۆژدا تێپەڕ نەكات، وادەی دانیشتنەكە دیاری بكات و بە پێی ماددەی (٦٧)بڕگەی (٢)م، ئەگەر سەرۆكایەتی لە خستنەروی بابەتە گشتییەكە بۆ گفتووگۆ رازی نەبوو ئەوانەی واژۆمانكردوە دەتوانین داوا بكەین بخرێتە بەردەم كۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڵام هیچ لەم رێكارانە لەوادەكەش تێپەڕیوە بەڕێزتان جێبەجێتان نەكردووە داوای وەڵام دەكەم سوپاس.

**بەڕێز د.ریواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵە پەیرەویەكەت دروستە، ئێمە پیاچوونەوە بە مۆقیفی خۆماندا دەكەین، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٧٨) نوقتەیەكی نیزامیم هەیە، ماددەی (٧٨) بڕگەی دووەم پێشنیازە یاسا دەبێ لانی كەم لەلایەن (١٠) ئەندام پێشكەش بكرێ، بۆیە داوا ئەكەم ئەم پێشنیازە یاسایەی كە ئەمڕۆ خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەكرێ بە پێی بەرنامەكە هاتووە ناوی ئەندامانمان لە بەردەستایە (٨) ئەندام ئیمزای كردوە ئەوەی كە لە ناو بۆكسەكەماندایە ئەو پرۆژە یاسای كە لە بەردەستی من دایە، ئەندامانی لیژنەی شارەوانی كە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە مەبەستت ئیمزای ئەندامانە بۆ ئەوەی كە راپۆرتەكە پەسەند بكەن؟ ئەوە جیاوازە لەو ئیمزایانەی دەكرێ بۆ پرۆژەیاسا، بورن پێشنیازە یاسایەك پێشكەشی پەرلەمانی كوردستان بكرێ (٦) ئەندامیش ئیمزای بكردبایە هەر دەبوو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەڵام ئیمزای ئەندامانی لیژنەكەی وەكو پرۆژە یاساكانی كەی لەگەڵدا نییە، مەبەستم لەوەیە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاسایە چ شێوازێك ئەگرنەبەر، ئایا عەشوای ئەیكەن؟ یا لەناو لیستێكا ئەوەی كە لەسەر ڕاپۆرتەكەیە؟ ئەوە ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنەی شارەوانی لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی ئێستا لەبەر دەستاندایە جیاوازە لەوەی كە لە مادەی (٧٨)دا هەیە تایبەت بە پێشكەشكردنی پێشنیازی یاسایی، بەڵێ فەرموون سەرۆكی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای یەكەم، پێشنیازی دەزگای كۆنترۆڵی جۆری دڵنیایە لە هەرێمی كوردستان – عێراق كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (١١) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی كە واژوویان كردووە ئەمانەن (عبدالستار مجید، ئاشنا عبدالله قادر، گولستان سعید محمد، عثمان علی اسماعیل، مسلم عبدالله رسول، كاوە عبدالقادر حسن، سۆران عمر، ڕوپاك احمد رحمان، شاخەوان رئوف، ابوبكر عمر عبدالله، بدریە اسماعیل، هلز احمد محمد، شایان كاكە صالح، سەرچنار احمد محمود )، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە وەكو لیژنەی كاروباری یاسایی، داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، پێش ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكان و ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان بكەین، هەموومان دەبێ سەرنج بخەینە سەر بڕگەی (٤)م لە ماددەی (١١٠)ی دەستوری عێراقی كە بەوازحی باس لەوە دەكات كە (تنقیم أمور المقایس والمكائن وألاوزان)لە سلاحیەتە دابڕەكانی دەسەڵاتی ناوەندیە، لەبەر ئەوە داوا لە لیژنەكانی پەرلەمان كە ئیستا ئاراستەیان دەكەین، داوا دەكەم بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆكی ئەم پێشنیازە یاسایە بكەن، بە جۆرێك بیگونجێنن كە دژ نەبێ لەگەڵ ئەم بڕگەیەی كە لەناو ماددەیەی (١١٠) داهاتوە، ئێستاش پێشنیازە یاسەكە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەكان و پیشەسازی و بازرگانی سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەكرێت فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسایی دووەم، پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستاندا – عێراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (١٤) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن (عبدالستار مجید، کاوە عبدالقادر حسن، گولستان سعید محمد، شایان کاکە صالح، عثمان علی اسماعیل، جلال محمد امین، روپاك احمد رحمان، سۆران عمر، ابوبکر عمر عبدالله، بدریە اسماعیل، مسلم عبدالله رسول، هلز احمد محمد، سرچنار احمد محمود) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی کاروباری یاسایی داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازە یاسای پێشوو لەبەر ئەوەی باسی کۆنترۆلی خۆراکیش دەکات ئاراستەی لیژنەی تەندروستیش دەکرێ، واتا دەبن بە (٤) لیژنە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازە یاسای گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ بەلێ کاك زانا نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیازە یاساییەی پێشوو کە ئێستا جەنابتان عەرزتانکرد کە ئاراستەی لیژنەی تەندروستی ومافی بەکاربەرو ژینگە دەکرێت، ئەم پێشنیازی یاسایە کردنەوەی وزیاد کردنی موئەسەسەیەکە، دەزگای کۆنترۆڵی جۆری مووئەسەسە خۆی دەبێت بە پڕۆژەیاسا لە حکومەتەوە بێت، ئێمە ناتوانین موئەسەسەیەك بۆ حکومەت زیاد بکەین حکومەت خۆی بڕیار نەدات، ئێمە پەرلەمانین دەبێ یاسایەکە بۆ جیهاتی تەنفیز بنێرین، یاسایەك بێت کە موئەسەسەکە خۆی هەبێ تەنفیزی بکات، ئێستا دەزگای کۆنترۆڵی جۆری سەر بەوەزارەتی پلاندانان هەیە بۆ کەلوپەلەکان و، دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دەرمان هەیە سەر بەوەزارەتی تەندروستی، یاعنی کەواتە خۆی لەخۆیدا موئەسەسەکە هەیە، ئەو موئەسەسەیە چییە ئیزافیەیەی کە دروستی دەکەین بۆ حکومەت، بۆیە بەرای من ئەم پێشنیازی یاسایە دەبێت حکومەت خۆی بە پڕۆژە یاسا، جونکە زیادکردنی موئەسەسەیەکی تر بۆ حکومەت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك زانا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەوەی کە ئیمزا کۆ بکەنەوە وە پێشنیازە یاسایەك پێشکەش بکەن، بەڕێزتان لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە ئەم پڕۆژەتان ئاراستە دەکرێ، بۆ ئەوەی ئێوە روانگەی یاسایی خۆتان لەم بوارەوە بڵێن، بەڵێ

زیـادکردنی دامەزراوەیەك بـۆ هەیكەلـی تەنزیمـی هەیـكەلەو پێكهـاتەی حكـومەتی هەرێمـی كوردستان، بە بێ رەزامەندی حكومەتی هەرێمی كوردستان نابێ وە دروسـت نـاكرێ، لەبەر ئەوە ئاساییە لیژنە تایبەتمەندەكانی پەرلەمانی كوردستان لەم روانـگەیەوە میكانزمێـك بـۆ وەرگرتنـی رەزامەندی حكومەتی هەرێمـی كوردسـتان، چ بە شـێوازی نـاردنی پێشـنیازەكە یـان بە شـێوازی بانگكردنی بەرێزان لە ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ كۆبـونەوەی لیـژنە تایبەتمەنـدەكان، بۆچوونیـان وەربگـرن و رەزامەنـدیان وەربگـرن، تەنیـا حـاڵەت ئـێمەو مەمانـان حەقمـان هەیە لە دەسـتەی سەرۆكایەتی و لیژنەی یاسایی پـڕۆژە یاسـایەك راسـتەوخۆ پێشـخوێنەوە ئاراسـتەی حكـومەتی بكەین، ئەو حاڵەتەی بارگرانی دارایی دروست دەكـات، لە هـیچ شـوێنێكی پەیـرەوەكە نەهـاتووە بڵێ ئەگەر پێكهاتەیەكی دروستكرد، دەبێ ئاراستەی بكەی، لەو روانگەوە ئێمە ئیحترامی ئیمـزای بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانمان گرتووە و ئیحترامی بڕیاری لیژنەكانی پەرلەمانیش دەگرین بەڵێ فەرموون.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ریزبەندی كارنامەی دانیشتنی ئەمرۆ پێشنیازی یاسایی سێیەم و چوارەم لەلایەن جێگری سـەرۆكی لیـژنەی یاسـایی دەخوێنـدرێتەوە پێـنجەم و شەشـەمیش لە لایەن بڕیـاردەری لیـژنە دەخوێندرێتەوە زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عباس.

**بەرێز عباس فەتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسایەك پێشكەشكراوە لەلایەن ئەندامانی بەرێـز، پێشـنیازە یاسـا داواكاری گشـتی لە هەرێمی كوردستان –عێراق كە پێك هـاتووە لە (٤٤) مـاددەو هۆیەكـانی، هـۆیە پێویسـتكارەكان لەلایەن ئەم ئەنـدامە بەرێـزانەوە (شـێركۆ جەودەت مصـطفى، د.اسـماعیل علـی، ابـو بكـر عمـر عبدالله، سەرچنار احمد محمود، هلـز احمـد محمـد، كـاوە عبـدالقادر، د.كـازم فـاروق نـامق، مـژدە محمود محمد، سیپان سالح ئامیدی، سەوسەن محمد میرخان، گۆران عمر علی، گولسـتان سـعید محمد، رووپـاك احمد رحمـان، بـدریە اسـماعیل محمـد) داوا لە بەرێزتـان دەكەیـن وەكـو لیـژنەی یاسایی ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندییەكانی بكەن، سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ زۆر سـوپاس، ئەو پێشـنیازە یاسـایە ئاراسـتەی لیـژنەی كاروبـاری یاسـایی و سـەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ، فەرموون دوای ئەوە.

**بەرێز عباس فەتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای (٤)م بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، پێشنیازە یاسایەك پێشكەش كراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پرۆژە یاسای داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستان –عێراق كە پێك هاتووە لە (٤١)ماددەو هۆیەكانی پێویستی لەلایەن ئەو ئەندامە بەرێزانەوە پێشكەش كراوە (د.ڕێواز فائق حسین، ڕۆژان محمد كریم، بێگەرد دلشان، فیصل عباس عولا، شەمۆڵ اشین صابر، عباس فتاح صالح، هاورێ ملا ستار، لوقمان وردی، كاروان گەزنەیی، عبدالناصر احمد علی، سەركۆ ئازاد حسین، باڵانبۆ محمد علی، عوسمان كریم سوارە، زیاد جبار محمد، جمال حویز، سلما فاتیح، راهی راهبر ابراهیم، هەژان حسن كویستانی، هێرش حسن محمد، شنۆ ئەشقی عبدالله، زكری زێباری)، وەكو لیژنەی یاسایی داوا لە بەرێزتان دەكەین ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكان بكەن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، فەرموو كاك د. ڕێبوار نوقتەی نیزامیتان هەبوو.

**بەرێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئاشكرایە كە بە پێی ماددەی (٨١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ئاماژە بەوە كە هەچ كاتێك دوو پێشنیازی یاسایەك، دوو پرۆژە یاسا لە رووی ناوەرۆكەوە لێكچوو بوو، ئەوە وەرناگیرێ، من پێشنیار ئەكەم لەبەر ئەوەی كە من هەردووك پرۆژە یاسایەكەم خوێندۆتەوە لە رووی محتەواو لە نێوەرۆكی برگەكانەوە جۆرێك لە یەكچوو هەیە، بۆیە پێشنیاز ئەكەم یان بە ئەسبەقیەی یەكێكیان وەربگیرێت، ئەویتریان رەتبكرێتەوە، یانیش بە تەوافقی هەردووك فراكسیۆن با لەسەری رێكبكەون، هەردووكی بكرێتە یەك، ئینجا بكرێتە بەرنامەی كاری پەرلەمان.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، هیچ پێشنیازە یاسایەك بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ بە ناوی فراكسیۆن پێشكەش ناكرێ، واتا لە رووی یاسای و پەیڕەوییەوە هیچ شتێك نییە ناوی پێشنیازە یاسای فلان فراكسیۆن بێ، وە یەكێك لە پێشنیازەكان تێكەڵ لەفراكسیۆنە جیاوازەكانی پەرلەمانی كوردستان، ئێمە وەكو پێشنیازی یاسای پێشكەشكراو لەلایەن ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانەوە وەریدەگرین و، وك گوتم دووبارەی دەكەینەوە رێز لە واژووی ئەندامانی پەرلەمان دەگرین، راستە یەكێكیان لە وەرزی پێش و پێشكەشكراوە، یەكێكیان لەم وەرزە پێشكەشكراوە، بەڵام لە ماددەی (٨١) بەرێزتان سەرنجان رادەكێشم، دەڵێ هیچ پرۆژە پێشنیازێك وەرناگیرێ ئەگەر هەمان ناوەرۆكی هەبێ، لەگەڵ پرۆژە پێشنیازێكیتر كە لەژێر دەستی لیژنەی تایبەتمەندایە بۆ

راپۆرت نوسین، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین یەکێکیان ڕەت بکەینەوە دەبێ ئەوی تریان لەبەر دەستی لیژنەبێ بۆ راپۆرت نوسین، بەڕێزیشتان ئەزانن ئەوەی کە وەرزی پێشوو پێشکەشکراوە، ئێستا لەبەر دەستی لیژنە نییە بۆ راپۆرت نوسین و، هەر بەڕێزیشتان دەزانن دڵنیام هەموتان ناوەرۆکی پرۆژە پێشنیازە یاساکەتان خوێندۆتەوە، باس کردنە لە لێك جیاکردنەوەی دامەزراوەی داواکاری گشتی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پێکەوە لکاندنییەتی بە دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، کە ئەمە دەستکاری کردنی پێکهاتەی دوو دەسەڵاتە کە پێویستی بە کاتێکی زۆر، بە راوێژێکی زۆری هەیە، هەم لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و، هەم لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری، بۆیە ئێمە لە روانگەی رێزگرتن لە هەردوو پرۆژەکە هەردووکیمان خستۆتە بەردەستان، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، هەرچەندە دڵنیابن خۆمان ناوەرۆکی هەردووکمان خوێندۆتەوە و دەزانین بە تەواوەتی دەتوانین لە (٩٨%) لە یەکتری دەچن، سوپاس بەردەوام بن بفەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی پێنجەم، پێشنیازی هەمواری یاسای مافوئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان –عێراق، کە پێك هاتوە لە (٨) ماددەو هۆیەکانی دەرچوواندنی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئێستا ناوی ئەو ئەندامە بەرێزانە دەخوێنینەوە (عبدالستار مجید قادر، کاوە عبدالقادر حسن، روپاك احمد عبدالرحمان، گوڵستان سعید محمد، مسلیم عبداللە رسول، شاخەوان رئوف، شایان کاکە صالح، بدریە اسماعیل محمود، بەلێن اسماعیل حاجی، سۆران عمر سعید، ئاشنا عبداللە قادر، عوسمان علی سمایل، جلال محمد امین، سەرجنار احمد محمد، ابو بکر عمر عبداللە، هلز احمد محمد، د.اسماعیل علی)، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم پێشنیازە یاسایە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی ئاراستەی بەرێزتان دەکرێت، بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە بڕیاری شەشەم، پێشنیازە بڕیاری پاراستنی مامۆستایان و ڕێبەریە پەروەردەییەکان لە هەرێمی کوردستانی –عێراق، کە پێك هاتوە لە (٨)ماددەو هۆیەکانی دەرچوواندنی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، کە ئێستا ناوی ئەو بەرێزانەی خوارەوە دەخوێنمەوە (عبدالستار مجید قادر، ئاشنا عبداللە قادر، گوڵستان سعید محمد، کاوە عبدالقادر حسن، عوسمان علی سماسل، شاخەوان رئوف، بدریە اسماعیل محمود، مسلیم عبداللە رسول،

رووپاك احمد رحمان، سۆران عمر سعيد، ابوبكر عمر عبدالله، هلز احمد محمد، شایان كاكە صالح)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە وەكو لیژنەی كاروباری یاسایی ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی بەڕێزتان دەكەین، تاوەكو ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای كاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ، فەرموو كاك زانا خاڵی پەیڕەوی.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی پەیڕەوی یەكەمی پێشنیازی یاسایی پێشتر بوو، بەڵام دیاربوو نەتانبینی كە دەستم بەرزكردبۆوە، بە داوای لێبوردنەوە، ئێمە لە هەرێمی كوردستان یاسای خاوەن پێداویستی تایبەتمەندمان هەیە، بۆیە پێشنیازە یاساكەش بەو سیاغەیە تەقدیم كراوە كە ئێمە یاسامان هەبێت لە هەرێمی كوردستان، ئەگەر چاكبكرێت، ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە تەعدیلی بكەن، بەڵام بیكەنە هەمواری یاسای خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی كوردستان، چونكە ئێمە لە بنەڕەتدا یاساكەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ خۆی ئەوا نوسیویانە هەموار، ئێمە لە بەرنامەی كار ووشەی هەموارمان دانەناوە و، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان لە خوێندنەوەیا، خوێندیەوە ئەوە هەموارە وادەكەن سیاغەكەی وەكو هەمواری لێ بێ، بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز لیژنەی یاسایی سوپاستان دەكەین بمێننەوە لە شوێنی خۆتان بمێننەوە، كاك جلال بڕگەی دووەمیش هەر پەیوەندی جێ دەگۆرن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە بڕگەی دووەمی بەرنامەی كاری كۆبوونەوەكەمان دەكەین كە بریتیە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای بە خاوەنكردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕەویان لەسەركراوە لە سنوری شارەوانییەكان لە هەرێمی كوردستان عیراق، بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩ )لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ئێستا داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی شارەوانی دەكەین، با بێتە سەر منەسەكە فەرموون یەك كەسی تر لە لیژنەی شارەوانی بابێتە سەر منەسەكە، كاك بژار دەلێ با ئافرەت بێ.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستاش دەست بە بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار دەكەین، فەرموو بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی و لیژنەی كاروباری یاسایی، سەرەتا پرۆژە یاساكە وەك خۆی كە ئەندامانی پەرلەمان واژوویان لەسەركردووە بۆ بەڕێزان ئەندامان دەخوێندرێتەوە، دواتر راپۆرتی هاوبەشی هەردووك لیژنە دەخوێندرێتەوە، ئینجا ئەندامانی پەرلەمان بڕیار دەدەن كامیان بكرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومـان ئەو پـرۆژەی کە ئێستا گفتووگـۆی لەسـەر دەکەیـن. پەیوەنـدە بە چەنـد وەزارەتێکـی پەیوەندیدار لە وەزارەتی دارایی، لەوەزارەتی زراعە، وەزارەتی داد، وەزیری کاروبار، وەزارەتـی شارەوانی، بۆیە من بەپەسەندی دەزانم کە بە ئامادەبووانی وان گفتووگـۆیەکە بکەیـن، ئەگەر نـا کەمووکوری تێدا دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك باپیر، ئێمە ئەو پرۆژەیە دوای ئەوەی کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پێشکەشیان کرد، خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ کـرا، ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیرانمـانکرد، وەڵامـی ئەنجـومەنی وەزیرانمان بۆ هاتەوە، دواتر پێویستمان بەوەبوو هەندێك موناقەشـە بکەیـن، ڕوبەڕوو هەنـدێك ڕوونکردنەوە بکەین، هەندێك خاڵ بەیەکەوە ڕێککەوین لەسەری، بە فەرمی داوامان لە بەڕێـزان وەزیــری شــارەوانی، وەزیــری کشــتووکاڵ کــرد، بەڕێزیــان نوێنەرەکــانی خۆیانیــان نــارد بــۆ کۆبـوونەوەی لیـژنەی یاسایی وە بەرەزامەنـدی ئەوان ئەو ڕاپـۆرتە سـیاغە کـراوە، ئـێمە پێمـان خـۆش بـوو و جەنابیـان لێـرە ئامـادەبن، بەڵام ئـێمە بەرواری کۆبـوونەوە، ڕۆژی کۆبوونەوەمـان دانابوو، لە هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لەبەر ئەوە ئەوان نەیانتوانیوە ئامادە بن، هێشتا دەرفەتێکمان لەبەردەم ماوە کە خوێندنەوەی سێیەمە و ئێمە بەردەوام دەبین لە گفتووگۆکانمان، فەرموون خوێندنەوەی ئەسلی یاساکە بکەن

**بەڕێز هاوڕێ بناء  محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە پێشنیازەکە بە بێ دەسکاری کە یەکەمجار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و نێردراوە بۆ لیژنەکەی ئێمە بەو شێوە یە دەیخوێنینەوە، ئێستا بەم شێوەیە دەست پـێ دەکـات، پێشـنیازی یاسای بە خـاوەنکردنی ئەو زەوییـانەی زیادەڕۆیـان لەسـەر کـراوە لە سـنوری شـارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان –عیراق.

مـاددەی یەکەم: بـڕگەی یەکەم کەسـی زیادەڕۆکـار بـۆ مەبەسـتەکانی ئەم یاسـایە، بـریتیە لەو کەسەی بە کردارەکی فعلی نیشتەجێی ئەو خـانووبەرەیە کە دروسـتکراوە لەسـەر ئەو زەوییـەی زێـدەڕۆ، زێـدەڕۆی لەسـەر کـراوە یـان میراتگـرە شـەرعییەکانی یـان ئەوانەی ڕاسـپێردراوە بە بەخێوکردنیان.

بڕگەی دووەم: شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو کەسانەی خانووی نیشتەجێیان پـێش ڕێکەوتنـی (١٣-٣-٢٠١٨) بە زێـدەڕۆیی دروسـتکردووە لەسـەر ئەو زەوییـانەی مـوڵکی دەوڵەتـن، یـان مـافی ڕەفتارکردنیان لەسەرە یان موڵکی تەواوی کەسانی دیکەن و دەکەونە ناو سنوری شارەوانییەکان شارەوانییەکان ولە ناوچەکانی نیشـتەجێ بـوونن، بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە بە خـاوەنی بکەن.

ماددەی دووەم: مەرجەکانی بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆیان لەسەر کراوە.
بڕگەی یەکەم: خانوە زێدەڕۆکان بکەوێتە ئەو ناوچانەی بۆ نیشتەجێ بوون تەرخانکراون لە ناو سنووری شارەوانییەکان بە پێی ماستەر پلانی شارەکان.
بڕگەی دووەم: خانووەکە بەو کەرستانە دروستکرابێت کە ڕێگە پێدراون بە پێی ئەو ڕێنمایانەی وەزیری شارەوانی و گەشتووگوزار بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات.
بڕگەی سێیەم: پێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن ئەو کەسەی بەکردارەکی فعلی نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە بە زێدەڕۆی دروستکراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی راسپێردراوە بە بەخێوکردنیان بە پێی ئەو ڕێکارانەی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای ڕێگری لە زیادەڕۆیی لابردنی لەسەر زەوی و زەوی زاروو موڵکی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان –عێراق دەقیان لەسەر کراوە.
بڕگەی چوارەم: پێشکەشکردنی داواکاری بۆ سەرۆکی یەکەی کارگێری بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك لە (٩٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨) تێپەر نەکات و سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامە سەلمێندراو داواکارییەکان لەخۆ بگرێت.
ماددەی سێیەم:
بڕگەی یەکەم: لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان پێك دەهێندرێت بە مەبەستی دیراسەتکردنی داواکارییەکان و دڵنیا بوون لە هاتنەدی مەرجەکانی پێویست بۆ بەخاوەن کردن و بۆی هەیە لیژنەی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندیدارەکان پێك بهێندرێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە تەکنیکییە پێویستییەکان.
بڕگەی دووەم: بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕۆیان لەسەر کراوە بە خانووبەرەی نیشتەجێبوون لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەکانەوە مەزەندە دەکرێت بە پێی یاسا بەرکارەکان و بەم شێوەیەی خوارەوە.
١-بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت زەوی مەزەندە دەکرێت بە نرخی (٦٠) هەزار دینار بۆ یەك مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگاکان و (٤٠) هەزاردینار بۆ یەك مەتر دووجا لە قەزاکان و (٣٠) هەزار دینار بۆ یەك مەتر دووجا لە ناحیەکان.
٢-بۆ ئەو کەسانەی سوودمەندبوون لە دەوڵەت زەوی بە نرخی ڕاستەقینە مەزەندە دەکرێت.
بڕگەی سێیەم: لە حاڵەتی ڕوودانی زیادەڕۆیی لە سەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن و مافی ڕەفتارکردنیان ڕەفتارکردنی کەسی دیکەیان لە سەرە یان موڵکی تەواون بە پێچەوانە حوکمی یاسای بەرکار یاسا بەرکارەکان ئەو کاتە ئەو زەوییانەی شی دەکرێنەوەو حل بە ناوی شارەوانییەکان تۆمار دەکرێن بە پێی یااسای بە خاوەنکردنی زەوییە میرییەکانی ناو سنووری شارەوانییەکان ژمارە (٨٠)ی ساڵی (١٩٧٠)ی بەرکار لە هەرێم، بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕۆیی لەسەر بەشێکی ئەم زەوییانەی ...

**بەرێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هاورێ یەك لەحزە، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان تەسەور دەكەم بەشێكی ئەو قسەكردنە لە شوێنی خۆتانەوە، پەیوەندی بەووەوە هەیە ئەوەتان لە بەردەستاندا نییە، ئازیزان هەموو جارێك ئا وەك بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار كە پێشنیازە یاسایەك خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكرێ كە دەڵێین ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ (١١١) نوسخە بۆ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان كۆپی دەكرێ و دەخرێتە ناو سندوقەكانتان لاتانە، ئێمە ناتوانین كە جارێكی تر كۆبوونەوەی پەرلەمان هەبوو جگە لە ڕاپۆرتەكە (١١١) نوسخە كۆپی دەكرێ، جارێكی تر (١١١) نوسخەی تر كۆپی بكەینەوە بیخەینە ناو سندوقەكانتان، لەبەر دوو هۆكار یەكێكیان پەیوەندی بە كاتەوە هەیە، یەكێكیشیان پەیوەندی بە خەرجی و بە سەرف كردنی تواناكان هەیە، یاعنی ناكرێ بۆ یەك پرۆژە یاسا، بۆ یەك بابەت دوو جار كۆپی بكرێ و بخرێتە سندوقەكانتانەوە، لەبەر ئەوە بۆ ئایندە تكامان ئەوەیە كە پرۆژە یاسایەك خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكرێ، ئێستا لە هەفتەی داهاتوو، سەرەتای هەفتەی داهاتوو، ئەم شەشەی ئێستا خوێندنەوەی یەكەممان بۆ كرد، كۆپییەكەی لەناو سندوقەكانتان دەبێ، ئەو كاتەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەكەین ئەسڵ ئەوەیە ئەو كۆپییە لەلای جەنابتان مابێ، ئێمە جارێكی تر بۆتان كۆپی ناكەینەوە، .فەرموون بەردەوامبن.

**بەرێز هاورێ بناء محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارین خوێندنەوەكەمان تەعویزی ئەوە بكات كە لەلاتان نیی، زیادەڕۆیی لەسەر بەشێكی ئەو زەوییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێكراوە، ئەو بەشەی بە بیانكردنی زیادەڕۆیی لەسەر كراوە ئیفراز دەكرێت بە مەبەستی بە خاوەنكردنی بەكەسانی زێدەڕۆكار ئەویش لە دوای تۆماركردنی ئەم بەشە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار بە پێی ئەو بەشە یاساییەی ئاماژەی پێكراوە.

بڕگەی چوارەم: شارەوانی بۆی هەیە داواكاری لە خاوەنكردن ڕەتكاتەوە، ئەگەر پێگەی خانووبەرەكە سەرپێچی بێت، ماستەر پلان یان نەخشە وردەكارییەكان یان بە هۆی نەبوونی مەرجی داواكراو لە كەسی زیادەڕۆكار و زێدەڕۆكە لەسەر تێچوونی خۆی لادەبرێت و مافی هەیە ڕەفتار بە پاشماوەكانی بكات.

ماددەی چوارەم: ئەگەر كەسی زێدەڕۆكار داواكاری بەخاوەن كردنی پێشكەش نەكات لەو ماوەیەی لە بڕگەی چوارەم، چوارەمی ماددەی دووەمی ئەو یاسایە دیاری كراوە یان بەرانبەری بە خاوەنكردنی مەزەندەكراو لەلایەن لیژنەوە نەدات، ئەوە مافی بە خاوەنكردنی دەفەوتێت و خانووبەرەكە بە زەوی و بینایەوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەكرێت و شارەوانی مافی ڕەفتاركردنی هەیەو بەم خانووبەرەیە بە پێی یاسای فرۆشتن و بە كرێدانی مایەكانی دەوڵەت یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦)ی هەمواركراو و لە بەرامبەری فرۆشتنەكەی بەهای دروستكراوەكان بەشێوەی شایستەبوونی بە لێكراوەیی دەدرێتە خاوەنەكەی.

ماددەی پێنجەم: نابێت زیاتر لە یەك پارچە زەوی بە خاوەن بكرێت بۆ كەسی زێدەڕۆكار زیادەڕۆكاری داواكاری بە خاوەنكردن بەو مەرجە رووبەرەكەی زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)متر دووجا لە ناوەندی پارێزگاو (٢٥٠)مەتر دووجار لە ناوەندی قەزاو (٣٠٠)مەتر دووجار لە ناوەندی ناحیەو رووبەرە زیادەكان بە نرخی راستەقینەی باو مەزەندە دەكرێن بەو مەرجەی رووبەری پارچە زەوییەكە لە هەموو حاڵەتێكدا زیاتر نەبێت لە (٥٠٠)مەتر دووجا، ئەو كەسەی حوكمەكانی ئەو یاسایە دەیگرێتەوە كە بە كەسی سوودمەند لە دەوڵەت دا دەنرێت.
ماددەی شەشەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار نەخشەو دیزاین و پێداویستی تەكنیكی پێویست بۆ ئەو ناوچانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئامادەبكات لە ماوەیەك لە شەش مانگ لە رێكەوتی بەركاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەكات.
ماددەی حەوتەم: كەسی زێدەرۆكار سەرپێچی كار بۆ حوكمەكانی ئەم یاسایە بو سزایانەی لە مادەكانی (١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤ ١٥ و ١٦ )یاسای رێگری لە زێدەرۆیی لابردنی لەسەر زەویوزار و مولكی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستاندا –عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨) دا هاتوون سزا دەدرێن.
ماددەی هەشتەم: دەست دەكرێت بە لابردنی زیادەرۆیی ئەو رێكارانەی لە یاسای ژمارە (٣)ی سالی (٢٠١٨)دا دەقیان لەسەر كراوە.
ماددەی نۆیەم: پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزار رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رێكەوتی بەركاربوونی دەربكات و بەو مەرجەی رەچاوی ئەو بریارو فەرمانانە بكات كە پێشتر لەلایەنی تایبەتمەندەوە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان پێش بەركاربوونی ئەم یاسایە دەركراون و كاریان پێ دەكرێت و مەگەر لەلایەنەی دەری كردووە هەڵبوەشێندرێتەوە.
ماددەی ددەیەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبە جێ بكەن.
ماددەی یانزەهەم: ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت لە رێكەوتی دەرچوونی رێنمایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتووگوزاری تایبەت بە ئاسان جێبەجێكردنی حوكمەكانی یاسای رێگری لە زێدەرۆیی و لابردنی لەسەر زەوییەكانی دەوڵەت ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٨).
ماددەی دوانزەهەم: ئەم یاسایە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رێكەوتی بەركاربوونی كاری پێ دەكرێت.
هۆیەكانی دەرچوواندن: لە پێناو پارێزگاری كردن لە نیشانەكانی شارستانییەكانی شارەكانی هەرێمی كوردستان – عێراق و چارەسەركردنی حاڵەتەكانی زیادەرۆیی لەسەر ئەو زەوییانەی مووڵكی دەوڵەتن یان مولكی شارەوانییەكانن و بۆ مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان لە دوای ئەوەی بونەتە واقع حاڵ و بۆ رێگە نەدان بە بەردەوامبونییان و دانانی سنوورێك بۆیان و بە مەبەستی جێبەجێكردنی ماستەر پلانی شارەكان لەلایەن شارەوانییەكانەوە ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەخوێنێتەوە، ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە، پێشنیازە یاساکەیە کۆی پەرلەمانتاران واژوویان کردبوو، ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەیخوێنێتەوە لە دوای گەڕانەوەی وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی وەزارەتەکانی شارەوانی و کشتوکاڵ و کۆبوونەوەی هاوبەش و هەردووك لیژنەیە و ئەو ڕاپۆرتەی لێ بەرهەم هاتووە فەرموون بیخوێنەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەمانە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بابەت ڕاپۆرتی هاوبەش.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێش ئەوەی بیخوێنمەوە حەزدەکەم تەوزیح بدەم، هەندێك غەڵەتی مەتبەعی لە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەمان دابوو، دوێنێ ئەوەی پێش جەلسە لە پێش هەموو ئەندامانی پەرلەمانمان داناوە ئەوە نوسخەی دروستە.

بۆ سەرۆکاتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت ڕاپۆرتی هاوبەش، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتووگوزار ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی (٢١-١٠-٢٠١٩) کاتژمێر (١١) کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بەمەبەستی نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تایبەت بە پێشنیازی یاسای خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆیان لەسەر کراوە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەم لە دانیشتنی ژمارە (١٠) لە ڕۆژی شەممە بەرواری (٦-٧-٢٠١٩) ڕەوانەی لیژنەکانمان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆیان لەسەر کراوە:

ماددەی یەکەم:

1 - زێدەڕۆکار بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بریتییە لەو کەسەی بە کردارەکی فعلی نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە بە زێدەڕۆیی دروست کراوە یان بە میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی زێدەڕۆکار بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان ڕاسپێردراوە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە خانووەکەدا نیشتەجێن.

2 - شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو کەسانەی خانووی نیشتەجێبوونیان پێش ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣ بە زێدەڕۆیی دروستکردووە بکەنە خاوەنی ئەو زەوییانەی خانووەکەی لە سەرە و موڵکی دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی یان شارەوانی جا چ موڵکی تەواو بن یان مافی

ڕەفتارکردنیان لە سەر بێت و بکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان و لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون بە پێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی دووەم: مەرجەکانی بەخاوەن کردن:

1 - خانووە زێدەڕۆیەکە بکەوێتە سنووری شارەوانییەکان و لەو ناوچانە بێت کە بەپێی ماستەر پلانی شارەکان بۆ نیستەجێبوون تەرخان کراون.

2 - ئەو بینایەی لە سەر زەوییەکە درووستکراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار بهێنرێت.

3 - ئەو کەسەی بەکردارەکی نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە بە زێدەڕۆیی دروستکراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان راسپێردراوە، داوایەکی نووسراو پێشکەش بکەن.

4 - داواکاریەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کە لە (١٢٠) رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات، ئاڕاستەی سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت بەجۆرێك سەجەم زانیاری و بەڵگەنامەی پشتراستکردنەوەی خاوەندارێتی لە خۆ بگرێت.

5 - نابێت زیاتر لە یەك پارچە زەوی بە خاوەن بکرێ بۆ کەسی داواکاری بە خاوەن کردن.

6 - مەرجە رووبەرووی زەوی بە خاوەنکراو زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)مەتری دووجا لە ناوەندی پارێزگا، (٢٥٠)مەتری دووجا لە ناوەندی قەزا، (٣٠٠) مەتری دووجا لە ناوەندی ناحیە.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: لیژنەیەك بە سەرۆرکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و ئەندامێتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ و داد پێك دەهێنرێت بە مەبەستی دیراسەکردنی داواکارییەکان و دڵنیابوون لە هاتە دی مەرجەکانی پێویست بۆ بەخاوەن کردن و لیژنە بۆی هەیە لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنرێ بۆ ئەنجامدانی کارە تەکنیکە پێویستەکان.

دووەم: بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەرکراوە خانووەکانی نیشتەجێبوون نرخەکانیان بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

1 - بۆ ئەوکەسانەی سوود مەند نەبوون لە دەوڵەت بەنرخێك لە نێوان (١٥٠٠٠-٣٠٠٠٠) پازدە هەزار دینار بۆ سی هەزار دینار بۆیەك مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگاکان، و (١٠٠٠٠-٢٠٠٠٠) دە هەزار دینار بۆ بیست هەزار دینار بۆ یەك مەتری دووجا لەقەزاکان، و (٥٠٠٠ - ١٠٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ دە هەزار دینار بۆ یەك مەتری دووجا لە ناحییەکان، دەخەملێنرێت.

2 - بۆ ئەو کەسانەی سوود مەندبوون لە دەوڵەت، لە لایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ٥٠% ی بەهای راستەقینەی زەوی یەکە لە سەر بنەمای خواست و خستنەڕوو، دەخەملێنرێت.

<u>سێیەم:</u>لە حالەتی رووداني زێدەرۆیی لە سەر ئەو زەوییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، سەرەتا زەویەکان موڵکایەتیان هەڵدەوەشێتەوە (حل) و دواتر بە پێی ( یاسای بە خاوەنکردنی زەوییە میرییەکانی ناو سنووری شارەوانیەکان ژمارە(٨٠ی ساڵی ١٩٧٠)ی بەرکار لە هەرێم بەناوی شارەوانیەکان تۆمار دەکرێن، بەڵام لە حاڵەتی رووداني زێدەرۆیی لەسەر بەشێکی

ئەم زەوییانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ئەوا ئەو بەشەی بە خانوو زێدەڕۆیی لە سەر کراوە ئیفراز دەکرێت بە مەبەستی بە خاوەنکردنی بۆ زێدەڕۆکار لە دوای تۆمارکردنی بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار لەچوارچێوەی هەمان رێکار و بە پێی ئەو یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

چوارەم/ شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بە خاوەنکردن رەتبکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووبەرەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی و ووردەکارییەکان، و زێدەرۆییەکە لە سەر تێچووی زێدەڕۆکار لادەبرێت، و مافی هەیە رەفتار بە پاشماوەکان بکات، و شارەوانی لە شوێنێکی نیشتە جێ بە پارچە زەویەك رووبەری لە (٢٠٠م)٢ دووسەد مەتر دووجا زیاتر نەبێت، بە بێ بەرامبەر قەرەبووی زیادەرۆکار دەکات، و ئەگەر زیادەرۆکار پێشتر سوودمەند بووبێت ئەوا بەنرخەکانی دیاریکراو لە ماددەی سێیەم بڕگەی دوو لەم یاسایە قەرەبوو دەکرێت.

ماددەی (٤):

ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار، داواکاری بە خاوەنکردن، لەو ماوەیەی لە بڕگەی (چوارەم) ی ماددەی (٢) ئەم یاسایە دیاری کراوە پێشکەش نەکات، یان بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەمڵێنراوی هاتوو لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣) پابەند نەبێت، ئەوا مافی بەخاوەنکردنی دەفەوتێت و خانووبەرەکە بەزەوی و بینایەوە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت، و بە پێ ی یاسای فرۆشتن و بە کردانی موڵکەکانی دەوڵەت، بەرکار لە هەرێم دەفرۆشرێت، لە بەرامبەر فرۆشتنەکەی بەهای درووست کراوەکان بە شێوەی شایستە بوونی بە تێکدراوی (مستحق القلع) دەدرێت بە خاوەنەکەی.

ماددەی (٥):

یەکەم/ رووبەرە زێدەکان لە رووبەری ئاماژەپێکراو لە بڕگەی (شەشەم) لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە بە نرخی راستەقینەی باو دەخەملێنرێت لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو، بەو مەرجەی رووبەری زەوییەکە لە هەموو حالەتێکدا لە پارێزگاکان لە (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا و لە قەزاکان لە (٣٥٠)م٢ لە سێ سەدو پەنجا مەتر دووجا و لە ناحییەکان لە (٤٠٠) چوارسەد مەتر دووجا زیاتر نەبێت.

دووەم/ ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێت.

ماددەی (٦):

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و نەخشە و دیزایینی ئامادەکراویان نی یە، لە ماوەیەك کە لە ساڵێك لە رێکەوتی بەرکابوونی ئەم یاسایە تێپەرنەکات، نەخشە و دیزاین و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

ماددەی (٧):

داهاتە بەدەستهاتووەکان بە پێی ئەم یاسایە، بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت:

یەکەم/ ڕێژەی ( ٤٠ %) ی بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بۆ پێویستیەکانی نەخشە و دیزایینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە تەرخان دەکرێت.
دووەم/ ( ٤٠%) ی بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان تەرخان دەکرێت.
سێیەم/(٢٠ %)داهاتی بەدەستهاتوودەگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.
ماددەی (٨):
ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.
ماددەی (٩):
ئەم یاسایە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن
لە پێناو پارێزگاریکردن لە نیشانە شارستانییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق و چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی زێدەرۆیی لە سەر ئەو زەوییانەی موڵکی دەوڵەتن و بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان لە دوای ئەوەی بوونەتە واقیع حاڵ وە بۆ ڕێگەنەدان بە بەردەوام بوونیان و دانانی سنورێك بۆیان و بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماستەر پلانی شارەکان لەلایەن شارەوانیەکانەوە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستان خۆش ماندوونەبن، بەڕێزان ئێستا دەست بە گفتووگۆ لە سەر پێشنیازە یاساکە دەکەین، بەڵام پێش ئەوە دەبێ بڕیار بدەین، ئاخۆ ئەو پێشنیازە یاسایەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە دەکەینە بنەمای گفتووگۆ یان ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئێستا ئێمە دەبێ یەکێکیان بکەین بە بنەما بۆ گفتووگۆ هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە پێشنیازە یاساکە وەك ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە بکرێتە بنەمای گفتووگۆ با دەست بەرزکاتەوە؟ هیچ دەنگی نەهێنا، ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵ ئەوەن کە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێ بە بنەمای گفتووگۆ با دەست بەرزکاتەوە؟ سوپاس، ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەین بە بنەمای گفتووگۆ فەرموو لە ناونیشانەوە دەست پێ بکە،

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشان بەم شێوەیە: پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لە سەر کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێ لە بارەی ناونیشانەوە دەست پێ بکا، فەرموو

بەڕێزان ( هیڤیدار، د. شێرکۆ، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك بهجت، کاك پێشەوا، کاك حیکمت، د. اسماعیل، کاك بالأنبۆ)داوا لە هەردوو تایبەتمەند دەکەم لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی بەتەرکیز پێشنیازی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ برگە و ماددەکان بنووسنەوە، و داواش لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەم ئەگەر هاوڕێکتان شتێکی پێشنیار کرد ئێوە جارێکی تر مەیلێنەوە تەنها ناوی ئەو هاوڕێیەتان بڵێین بۆ ئەوەی ئەرکەکە بۆ بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەکا ئاسان بێ، فەرموو کاك هیڤیدار،

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ناونیشانی پێشنیارەکە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان شوێنێکی یاسایی و بەرگری لە یاسا و یاسا دەردەکەین ئینجا پێم باشە پێشنیازی یاساکە وشەی تەجاوزی تێدا نەبێ، چونکە ئەمە ناکرێ شتێکی نا یاساییە بڵێین تەجاوزی دەکەینە یاسایی، بەم شێوەی لێ بکرێتن، پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان کە سەنەدی یاساییان نییە، تاپۆیان نییە، یەعنی ئەو ناونیشانە ئەمە بۆ هەموو ماددە و بڕگەکانی ناو یاساکەش ڕاست بکرێتەوە وشەی تەجاوزەکە یاخود زێدەڕۆیەکە لا ببرێ ببێتە قانونیەکە، و هەر بۆ پاڵپشتی جەنابت ئەمەی کە دووبارە ئیمزات کردووە ئێستا حیسابم کرد ئەمە تەنها (٩) لاپەڕەیە (١٠٠)هەزار دینار لە سەر پەرلەمان کەوتووە هەر دانەیەکی لێ کۆپی بکرێ،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانەکەی بێگومان دەبێ تەحدیدی مەوقیعی ئەم یاسایە بکرێ کە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقە کە ئەمە تیای نییە لە ناونیشانەکەیە، دووەم: مەسەلەی زێدەڕۆیی لە سەر کراوە، لەبەرئەوەی لە دواوە بێ بێتە پێشەوە، چونکە هۆکاری دەرچواندنی ئەم یاسایە لە کۆتاییدا باس لەمە کراوە کە ئەم یاسایە بۆ موعالەجەی تەجاوزاتی سەر زەوییەکانە بۆ نیشتەجێبوون بە ناچاری یەعنی کەسێك بە ناچاری تەجاوزی کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، بۆیە ناونیشانەکە بەم شێوەیەی لێ بێ نووسیویشمە دەیدەم بە لیژنەی پەیوەندیدار پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەویانەی زیادەڕۆییان لە سەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بهجت،

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر سەبارەت ب ناو نیشانێت ئەوێ پرۆژە یاسایی پێم باشە وشە زێدەڕەوێ ل سەر نەمینیتن ببیتە سەندیت قانونی پێنەبن، هەروسا پشتگیریا راو بۆچوونا کاك هیڤیدارێت د کەم، سواس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بالأنبۆ.

**بەڕێز بالأنبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیاری یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لە سەر کراوە، ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ ناونیشانەکەی ئەو زەوییانەی کە زیادڕۆییان لە سەر کراوە تەنها بەمەبەستی نیشتەجێبوون نین، ئێمە زەویمان هەیە لە سنووری شارەوانییەکان زیادڕۆییان لە سەر کراوە بەمەبەستی بازرگانی پێویستە ئەمەش جێگا بکرێتەوە ئایا ئەو زەوییە بازرگانیانە ئێمە چ بڕیارێکی لە سەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە وشەی زێدەڕۆیی لە ناو ئەو رستەیدا نەشازە پاڵپشتی لە برای بەڕێزم هیڤیدار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز د. شێرکۆ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ناونیشانەکەدا تێبینی زمانەوانیم لە سەر دوو وشە هەیە بە خاوەنکردن تەواو نییە، و زێدەڕۆیی مەعنای موبالەغەیە، زێدەڕۆ تەجاوزە، بۆیە پێشنیازی من ئەوەیە بۆ هاوڕێیانم لە لیژنەی یاسایی بەم شێوەیەی لێ بکرێتەوە دارشتنەکە، بە خاوەنداریێتی کردنی زەوییە زێدەڕۆکانی سنووری شارەوانییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حکمت.

**بەڕێز حکمت محمد عبۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژی هاوڕامە د گەل کاك هیڤیدار و تەواو پشتگیری قسەکانی دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. اسماعیل،

**بەڕێز د. اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا د. شێرکۆ د کەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. شێرکۆ، کاك هیڤیدار، کاك مەم پێشنیازەکانتان بە نووسرا بگەیەنن بێ زەحمت، فەرموون ماددەی یەکەم، کاك بژار، دڵت خۆش کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ خوا ماددەی یەکەم ئەوەندە لە خزمەت دایە هەموومان شەرمانە لە سەر ئەوەی کاممان بیلێین ئەوە مەوزووعەکەیە،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

الحمدلله، فەرموون ماددەی یەکەم، کاك بژار

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

1 -زێدەڕۆکار بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بریتییە لەو کەسەی بە کردارەکی فعلی نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە بە زێدەڕۆیی دروست کراوە یان بە میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەاوانەی زێدەڕۆکار بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان راسپێردراوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە خانووەکەدا نیشتەجێن.

2 -شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو کەسانەی خانووی نیشتەجێبوونیان پێش ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣ بە زێدەڕۆیی دروستکردووە بکەنە خاوەنی ئەو زەویانەی خانووەکەی لە سەرە و موڵکی دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی یان شارەوانی جا چ موڵکی تەواو بن یان مافی ڕەفتارکردنیان لە سەر بێت و بکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان و لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون بە پێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ناوەکـان دەخـوێنینەوە ئەگەر ناوەکمـان بیرچووبـوو، بەڵام بەم تەسەلسـولە نـابێ بە عەدالەت دەبێ، دانەیك لێرە، دوو لێرە، دوو لێرە، دانەیەك لێرە، ئینجا دێینەوە دانەیك لێـرە، دوو لێرە، دوو لێرە، دانەیەك لێرە یەعنی ئەم تەسەلسولەیەی دەیخـوێنینەوە مەرج نیـیە وەکـو خـۆی بێ (کاك عبدالسلام، کاك کاروان، کاك فیصل، کاك سەروان، د. ڕێبوار، د. محی الدین، کاك بڵـێن، د. اسماعیل، کاك لقمان، سوسن خان، کاك پێشەوا، کاك بهمن، کـاك ڕۆمیـۆ، د. صباح، سـەرچنارخان، کاك مەم، هدیە خان، کاك فرید، کاك شوان، لنجە خان، کاك جنـان، کـاك عثمـان، کـاك زانـا، حسـیبە خان، کاك سەرکۆ) کەس نەڵێ پشتگیری لە ڕاپۆرتەکە دەکەم خۆی ڕاپۆرتەکە هەر ئەصلە، توخـوا وا نەڵێن با وەختمان لێ نەڕوا هەر بەجدییمە وا نەڵێن، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، سـەرباری هەبـوونی بـڕگەی یەکەم و دووەم لە مـاددەی یەکەم پێشـنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لە سـەر کـراوە، لە سەر بنەمای شەهیدان لە پیرۆزیبە باڵاکـانی کوردسـتانن و ئەو قوربانیـانە مەزنـانەی کە داویـانە دەبێت بەردەوام لەبەرچاو بگیری و هەرچی بۆ کەس و کاری سەربەرزەکانیان بکرێت هێشتا هەر کەمە، بۆیە پێشنیار دەکەم کەوا بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت کە وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەخشرێن لە هەر ئیلتیزامێکی ماددی کە لە دەرئەنجـامی پەسـەندکردنی ئەو پێشـنیازە یاسـایە دەکەویتە ئەسـتۆیان ئەمەش بە پشـت بەسـتن بێـت بە پێناسـەی کەس و کـار بە واتـای وارسـی شەهید لە یاسای ژمارە ٩ی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق و هەموارەکانی، سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، پێشـنیازەکە وەکـو خـۆی بە نووسـراوی کـاك عبدالسـلام حـازری بکـا، چـونکە دەزانـم پشتیوانت دەبن فەرموو کاك کاروان،

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە مهرەبان، هەڵبەت من پێم وایە کە ماددەی یەکەم وەکو خۆی بەم شـێوەیە ڕەنگە کێشەمان بۆ دروسـت بکـات بەو پێـیەی کە ئـێمە تەنها بـاس لەو خـانووانە دەکەیـن کە لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕۆییان لە سەر کـراوە، ئەگەر ئەم مـاددەیە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە بـڕگەی تـری بـۆ زیـاد نەکەیـن ڕەنـگە دووچـاری کێشـەی ترمـان بکـات، چـونکە ئـێمە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان زێدەڕۆیی لە سنووری شارەوانییەکان کراوە، بەڵام بەشێك لە زەوییەکـان نەکراون بە خانوو و من پێشنیاز دەکەم لە ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم بۆ دووەم بڕگەی تری بـۆ زیاد بکرێت، بەو شێوەی لـێ بکرێـت، ئەگەر زەویـیەك بەهەمـان ڕووبەری خەملێنـراو کەوتە نـاو

دوو خانوو یان زیاتر پێویستە هەمان ڕێکاری بۆ خاوەن تری بگرێتە بەر کە لەم یاسایەدا هاتووە، چونکە ئەگەر وانەکەین ڕەنگە دوو خانوو کرابێت لە نێوانیدا زەوییەك هەیە هەڵبەت دوای شارەوانی دووچاری کێشەیەك دەبێتەوە کە ئەم زەوییە چارەسەر ناکرێت، و وا پێشنیاز دەکەم کە ئەم بڕگەیە بۆی ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی دووچاری ئەم کێشەیە نەبێتەوە لە داهاتوودا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان،

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە مهرەبان، من پێم خۆشە لە ماددەی یەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێ دروست لەگەڵ لەگەڵ قسەکانی کاك عبدالسلامم بۆ ناوی خانەوادەی پیرۆزی شەهیدان، چونکە داهێنەری پیرۆزی و سەروەرییەکان ئەوان بوون و بە خوێنی ئەوان ئەو پەرلەمانە هەیە، بۆیە لەگەڵ بەخشینی کەس و کاری خانەوادەی پیرۆزی شەهیدان، پێشمەرگە کە سیمبول و بەدیهێنەری خەون و حەزەکانە پارێزەری دەسکەوت و پیرۆزییەکانە وشەی پێشمەرگە کە پیرۆزییە ئەویش ئیزافە بکرێ لەگەڵ پەککەوتەی سەنگەر، چونکە هیچ کاتێك نابێ ئێمە ناوی پیرۆزی و سەروەری پێشمەرگە لە بیر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فیصل،

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیازەکەی کاك کاروان دەکەم،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. محی الدین،

**بەڕێز د. محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی یاخود لیژنەی هاوبەشەکە ئەوەیە کە بەشێك لەو زەوییانە کەسانێك دەستیان بەسەر داگرتووە فرۆشتوویانەوە کەواتە کەسی زێدەڕۆکار جارێك پارەی دایتە ئەو کەسەی زەوییەکەی لێ کڕیوە ئێستاش حکومەتیش جارێکی دیکە پارەی لێ وەردەگرێ، ئایا چارەنووسی ئەو زەوییانە چۆن دەبێ؟ لە بڕگەی دووەمیان باسی شارەوانییەکان دەکات تا دەگاتە وشەی هەر دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی، ئێمە بەشێك لەو کەرتە گشتییانە بەتایبەتی هەندێك موئەسەساتی حکومەت هەنە حکومەت چۆلی کردووە یاخود لە دوای ڕاپەڕین بەشێکی وێران بووە کەسانێك ئێستا نیشتەجێینە دیزاینیان گۆڕیوە، من

پێم وایە ئەم دامەزراوەیە گشتییانە بەدەر بن لە تاپۆکردن لە سەر ئەو کەسانەی کە زێدەڕۆییان لە سەر ئەو دامەزراوەیە گشتییانە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هدیە خان.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا کاك عبدالسلام و کاك سروان د کەم سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سلمە خان.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك کاروان هەروەها پشتگیری کاك عبدالسلام و کاك سروان دەکەم سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی پشتگیری لە برای بەڕێزمان کاك عبدالسلام و کاك سروان دەکەم لەگەڵ ئەوەدام کە بەراستی شەهیدان پەککەوتەی سەنگەر و پێشمەرگە لەو ئیلتیزامە ماددیەی کە دەکەوێتە سەرییان ببەخشرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لە سیاغەی ئەم پێشنیاری پرۆژە یاسایە تێك جیران نەبێ کە لە شوێنێك دەڵی ئەو کەسەی کەوا بە خاوەنکردنی بۆ دەکرێ موستەفید نەبووبێ وەهەروەها لێرە دەڵێ بە فیعلی دانیشتووی ئەم شوێنە بێ ئەوە پێم وایە تێك جیرانێك روودەدات من وام پێ باشە ئەو خەڵکەی کە بە هۆیەك لە هۆیەکانەوە نەیتوانێ لەو خانووە تەجاوزە دابنیشێ ئایا بێ کەلك بووە؟ ئایا نەخۆشەکی هەبووە؟ ئایا عوزرێکی تری هەبووە؟ ئەوە پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێ لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك کاروان و کاك سروان دەکەم وە هەروەها هەندێك ماستەر پلان هەیە هەتا ئێستا بە تەواوەتی نەخراوەتەوە یاخود بەتەواوتی ئەوە نەکراوە پێم باشە ئەوە وا بکرێت ئەو ماستەر پلانانە تا ئێستا بەتەواوەتی تەواو نەبوون تێبینیەك لە سەر ئەوە بنووسرێ کە ئەوانیش بگرێتەوە لەبەرئەوەی هەندێك لادێکانیش دەگرنەوە هەندێك لادێ کەوتۆتە سنووری ماستەر پلانەوە، بەڵام ماستەر پلانەکە تا ئێستا تەواو نەبووە، بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەش بگرێتەوە باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای موداخەلەی هاوڕێیانم هۆکاری دڵ خۆشییەکەت بۆ دەرکەوت لە ناو ئێمە کێبرکێ بوو کە بتوانین ئەم هەواڵەی کە پاڵپشتی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکات پاڵپشتی لە بریندارن دەکات، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات شەرەفەکەی بەر یەکەم کەس بکەوێت کە پێشنیارەکە دەکات ئەمە حەقێکی زۆر کەمی ئەوانە کە لەم خولەی پەرلەمانە مایەی دڵ خۆشیە بۆ ئێمە کە بتوانین شەڕ لە سەر مافەکانی ئەوان بکەین لەبەرئەوەی کە بارگرانی قورس لە سەر شانیان هەبووە مووچەیان کەم بووە زەغتێك لە سەریان بووە کە لەوانەیە نەتوانن بکەونە ژێر باری پارەیەکەوە کە لەوانەیە لە ڕوانگەی هەندێك کەسەوە پارەکە کەم بێ، بەڵام بۆ ئەوان پارەیەکی زۆرە شوێنی خۆی دەگرێت، بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە پاڵپشتی لە برایانی بەڕێزم کاك عبدالسلام و کاك سروان دەکەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان بریندارانی شەڕ بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ ئەوەی کە هیچ ئەم لاو ئەولا نەکرێت لە ناو بابەتەکەدا وەهەروەها هێزی پێشمەرگەش کە هەندێك وردەکاریان بۆ بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی مافەکانیان لەلایەن خەڵکی دیکەوە نەخورێت، چونکە ڕێی تێ دەچێت دەکرێت بەرپرسێکی ئەوان یان کەسێکی ئەوان دەست بەسەر ئەو موڵکەی ئەوان بگرێت یان زەغتێکی لەوان بکات لە ژێر باری بێنە دەرەوە دەبێ ڕێکاری ئەمەش ڕەچاو بکرێت پاڵپشتی هاوڕیان دەکەم هەرسێکی توێژەکە مافی ئەوەیان هەیە کە بەخشرێن لە هەموو جۆرە ڕسوماتێکی ئەم پرۆژەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك فاهیك.

**بەڕێز فاهیك كمال صوغومون:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو پێكهاتەكان پێشنیارێك بەردەستی كاك ڕۆمیۆ دەخوێنێت، ئێمە پشتیوانی دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرنجێكی یاساییم هەیە لە سەر ئەو ماددەیە یەك بڕگەی یەكەم، زێدەڕۆكار بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە ئەو دوو ووشەیە لابرێ بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە، چونكە ئەمە تەحسیل حاسلە، پێویست ناكات لە كاتی تەشریعدا زۆر ووشە دووبارە ببێتەوە، بە كەمترین وشە مانا ببەخشێ باشترە، بریتییە لەو كەسەی بە كردارەكی نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە وشەی خانووبەرە لە قانووندا خۆمان دەزانین ماددەی (٦٢) بڕگە یەك لە قانونی مەدەنی، پێناسەی كردووە خانووبەرە بە مانای عەقار دێت عەقارات، بەڵام خانوو بە مەعنای (دار) دێت، ئێمەش یەعنی ئەم یاسایە بۆ خانووە نەك بۆ خانووبەرە، چونكە خانووبەرە شاملترە جگە لە خانوو مەناجم دەگرێتەوە جسور دەگرێتەوە، ئەمە لەبەرئەوە ئەو ووشە خانووبەرە عەقاراتە بكرێتە خانوو، یەعنی بە (دار) هەروەكو ماددەی (٦٢) بڕگە یەكی مەدەنی بۆ لیژنەی یاسایی، ئەگەر ووردەكاری تێدا بكەن كە پێناسەی خانووبەرەی عەقاری كردووە بەو شێوازەی ئێستا لەگەڵ ئەم یاسایە ناگونجێ بكرێ بە خانوو و هەر ووشەیەكی خانووبەرەشە، یەعنی پێشنیاری ئەوە دەكەم لەم یاسایە بكرێتەوە بە خانوو، واتە بە (دار) كە بە زیادەڕۆیی دروست كراوە، ووشەی دروست كراوە، یەعنی كێ دروستی كردووە تۆ حەقێكی پێ دەدەی ئەو كەسەی دروستی كردووە (مبنی للمجهول)ە، یەعنی دیار نییە كێ دروستی كردووە، بەس ئەگەر بڵێ دروستی كردووە، یەعنی ئەو كەسەی كە لە ناو خانووەكەدایە دروستی كردووە، یەعنی ئەگەر خۆی بێ، خۆشی نەما منداڵی بێ یان ئەوانەی كە بە حوكمی یاسا لێرە باسی كراوە بە حوكمی یاسا بۆ بەخێوكردنیان راسپێردراوە ئەو كاتە بەو شێوازە یەعنی دروستكراوە بڵێ دروستی كردووە ئەو شەخسە خۆی، ئینجا ووشەی دروستی كردووە لە سەر زەوی شارەوانی كە دیاری نەكراوە لە سەر كۆێ دروستی كردووە ئەم ئیزافەیەش زەروورە بۆ ئەم بڕگەیەش بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەوەی ئەخیرەوە مەرج نییە زەوییەكە بەتەنها هی شارەوانی بێ، یەعنی لەوانەیە زەوییەكە هی وەزارەتی مالیە بێ، لەوانەیە زەویەكە (مملوكە للدولە)بێ هێشتا نەدرابێ بە وەزارەتێك

ئامانجی ئەم یاسایەش گەورەترە لەوەی کە بەتەنها ئەو زەوییانە تاپۆ بکرێ کە لە سەر شارەوانی دروستکراوە، ئەوانی تر سەرنجی دروستن، سوپاس. فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم یاسایە بۆ خانوو زێدەڕۆیی دانراوە، بەڵام کە سەیری ناوەڕۆکەکەی دەکەی نا دادییەکی گەورە بەرامبەر بە خەڵکی بێ دەسەڵات و کەم دەرامەت کراوە ئەو هاوڵاتیانەی کە کێشەی نیشتەجێبوونیان هەبووە بە ناچاری خانوویان دروستکردووە، بەڵام روخێنراون تەنها یەك جار تونیویانە ئەو خانووە دروست بکەن روخێنراوە بەهەر هۆکارێك بێ جارێکی تر نەیانتوانیوە دروستی بکەنەوە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە پێشمەرگەبوون، ئەوانەی ئێمە لە جەبهەکان بوون زیاتر خەڵك هێزی پێشمەرگە و هێزە ناوخۆییەکان لە جەبهەکاندا بوون زیادە رۆییەکان لەکاتانەدا دەکرا و پێشمەرگە تەنها جارێك ئەگەر سەیارەیەکی هەبوایە، ئەگەر پارەیەکی کەمی هەبوایە لەم زیادەرۆیانە دروستی دەکرد و بێ ئەوەی هاوکاری بکرێت یان رێگەی پێ بدرێت، رێگە دەدرا بە دراوسێکەی یان بە کەسێکی دیکە، بەڵام هی ئەوان دەروخێنرا، بۆیە پێشنیاز دەکەم بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگانە و خەڵکی کەم دەرامەت کە هیچ واستە و هیچ کەسێك نەبووە هاوکاریان بکا وەکو خەڵکانێکی دیکە لە نێوان دوو خانوودا زەویەك جێی ماوە یان خانووەکەی روخێنراوە و بەتایبەتی ئەو کەسەی کە خانووەکەیان رووخێنراوە داواکارم لە ماددەی کە رێکەوتی ٢٠١٨/٣/١٣ بە فەرمانی شارەوانی یان یەکە ئیدارییەکان روخێندراوە ئەو زەوییانەیان بۆ تاپۆ بکرێت، چونکە پێشووتر کراوە رووخێنراوە، بەڵام خانووی تەنیشتی نەرووخێنراوە ئێستا تێدا نیشتەجێن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیازەکانتان کاك عبدالسلام، کاك سەروان، کاك سەرکۆ، سەرچنارخان، کاك کاروان، هەر پێنچتان بەنووسین بۆ ئەوەی بگاتە لای بەڕێزان لە لیژنەکە بتوانن ئەگەر (٣) کەس پشتیوانی کردن بە ئاسانی بیکەنە ناو راپۆرتەکەوە، فەرموو کاك بهمن.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای پشتیوانی کردنم لە هەردوو برای بەڕێزم کاك عبدالسلام و کاك سروان بۆ پێشنیارەکانیان، بەڵام من لێرە شتێکی تر دەڵێم ئێمە خەریکین یاسایەك دەردەکەین بۆ ئەو زەوییانەی کە زیادەرۆییان لەسەر کراوە لە کاتێکدا بە حوکمی ئەوەی من گەرمیانیم و خەڵکی کەلارم ئەو برادەرانەی لە کەلارن دەزانن گەرەکێك لە کەلار هەیە پێی دەوترێت گەرەکی گۆران، ئەم گەرەکە کاتی خۆی لەبەر چالاکی پێشمەرگە رووخا لەلایەن حزبی بەعسەوە و خەڵکەکەی غەدری لێ کرا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە لە دوای ١٩٩٢ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو سێ جار وەعدی بەو خەڵکە دا کە تەعویزیان بکا بۆیان ئاوەدان بکاتەوە، لە کاتێکدا

دەکەوێتە مەوقعێك کە تەجاوز نییە لە نێوان دوو گەڕەکی کەلارە، ئەمانە تەعویز نەکران و بۆیانیش دروست نەکرایەوە، چەند ساڵی رابوردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکەکەی ئازاد کرد و بۆ خۆی بچێ ئاوەدانی بکاتەوە، ئەوەی توانیویەتی ئاوەدانی کردەوە بۆ خۆی کردووی بە خانوو ئەوەشی نەیتوانیووە یان پێویستی پێ نەبووە لەوکاتەدا بەجێی هێشتووە نزیکەی (٣٥ بۆ ٤٠) پارچە زەوی ماوەتەوە لە نێوان ئەو خانووانە، ئەمە هی خەڵکەکە خۆیەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە سەردەمی حکومەتی بەعس هبووە، بەڵام شارەوانی کەلار هاتووە غەدرێکی لێ کردوونە ئەمانەی کردووە بە ناوی شارەوانییەوە، وابزانم هاتنە لای جەنابت، هاتنە لای منیش وەکو نوێنەری گەرمیان و هاتنە لای لیژنەی تایبەتمەندیش، چوونە وەزارەتی شارەوانیش ئەم قەزیەیە تا ئێستا حەل نەکراوە و ئەو خەڵکەش لە چاوەڕوانین و خەڵکی فەقیرن و کاتی خۆی حکومەتی عێراقی غەدری لێکردوون و ناکرێ حکومەتی هەرێمیش غەدری لێ بکاتەوە، ئەگەر لەم یاسایە جێگەی ببێتەوە داواکارم لە لیژنەی تایبەتمەند کە بە خاڵێك جێگەی بکەنەوە، چونکە هەست دەکەم هەندێك شاری تریش ئەمە کراوە بۆ ئەوەی هەموویان موستەفید بن یا ئەوەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە رەسمی داوا لە وەزیری شارەوانی بکات بە بڕیارێك ئەو زەویانە بۆ خاوەنەکەیانەوە بگەڕێتەوە، چونکە بەراستی ئێمە غەدرەکەیان دوو قات دەکەینەوە لە جیاتی ئەوەی کە تەعویزیان بکەین لە سەردەمی بەعس خانوویان رووخاوە هاتووین لێشیان داگیر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو پێشنیازەی کاك بهمن دەیکا، ئێمە نوێنەراکانیانمان بینی و نوێنەرەکانمان نارد بۆ لیژنەی شارەوانی و تەنانەت فراکسیۆنەکانیش، بەراستی ئەو دۆخەی ئەوان دۆخێکی زۆر زۆر تایبەتە لە لیژنە تایبەتمەندەکانیش قسەیان لەبارەوە کرا، دۆخەکە ئەوەیە کە کاتی خۆی لەبەر چالاکی پێشمەرگە رووخێنراوە ئەوانەی کە توانیویانە خانووەکانیان دروست بکەنەوە، دەسەڵاتدار بوون، پارەدار بوون، خانووەکانیان دروستکردۆتەوە، ئەوانیتر نەیانتوانیووە خەریتەیان بۆ ئێمە هێنا بوو، بۆ نموونە لە موقاتەعەیەکی (١٥٠) ماڵی (٦) ماڵ نەیتوانیووە خانووەکەی دروست بکاتەوە ئەوانەی کە دروستیان کردۆتەوە (١٤٦) کە بە نموونە بە بڕیارێکی ئوەنجومەنی وەزیران مەتری بە (٣٥٠٠) دینار دەتوانن ئێستا خانووەکانیان تاپۆ بکەن و بەشێکیان تاپۆیان کردووە ئەوانەی کە نەیانتوانیووە خانووە رووخێنراوەکان لەبەر چالاکیەکانی پێشمەرگە دروست بکەنەوە ئێستا بە قانون رێگایان پێ نادرێت، چونکە تەجاوزە شارەوانی کەلار و هەر شارەوانییەکی تر پابەندی یاسایە، بۆیە رێگە نادات تەجاوز بکرێت، بەڵام شێوازی دۆخی ئەمان لە هەر شارێك هەبێ داواکارم لە لیژنە تایبەتمەندەکان ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن پێشنیازەکەت پێشنیازێکی رەنگە لە رووی یاساییەوە جەدەلی لە سەر بێ، بەڵام خودی ئەم پێشنیازی یاسایە کە هێناومانە تەعامول کردنە لەگەڵ ئەمری واقع، لەگەڵ درخێك کە وجودی هەیە و ئەوەش دۆخێکە کە وجودی هەیە و ئێمە مولزەمین بە چارەسەرکردنی لە

پەرلەمـانی کوردسـتان و لە دامەزراوە فەرمییەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، فەرمـوو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا هەمووومان دەزانین کە ئەو دەسکەوتانەی کە ئەمە هەمـانە ئێسـتا هەمـوو بەرهەمـی خوێنی شەهیدانە و، خوێنی شەهیدیش بە هیچ شتێك قەرەبوو ناکرێتەوە، بۆیە پێم وایە وەکو کـچە شــەهیدەك ئەوەی ئێســتا بەخشــینی خــانەوادەی ســەربەرزی شــەهیدان و پێشــمەرگە قارەمانەکان و هەروەها برینداری سەنگەر لە ئیلتیزاماتی ماددی بەپێی ئەو یاسایە کەمترین شتە کە دەتـوانین بۆیـان بکەیـن، بـۆیە بەئەرکـی خـۆم دەزانـم کە پشـتگیری لە برایـانم بـکەم کـاك عبدالسلام و کاك سروان وەهەروەها پشتگیری لە بەڕێز کاك بهمن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رۆمیۆ،

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەناوی هەرسێ فراکسـیۆنی کلـد و ئاشـورییەکان و فراکسـیۆنی ئەرمەن ئەم قسـانە دەکەم، ئێمە پێشـنیارێك و چەنـد تێبینییەکـان هەیە لەسـەر ئەو یاسـایە بـۆ ئەوەی بتـوانین لە کۆتـایی یاسەکە هەمووی وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر پەیوەندی بە مـاددەی یەکە ئێسـتا بیلـی، ئەگەر پەیوەنـدی بە ئەحکـامی خیتـامی هەیە لە کۆتایی بیلێ باشترە، فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر پێشنیاری تێدایە بۆ زیاد کردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتەوێ لە ناو ماددەی یەك زیاد بکرێ؟ فەرموون.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، نا ماددەیەکی سەربەخۆ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دە لێی گەڕێ مادام بۆ ئەو کاتە دەرفەتت دەدەمێ.فەرموو کاك رۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەمانە هی سەرجەم پێکهاتەکان بۆ ئەوەیە تەنها بۆ پشتگیری بێ قسەیان نەبێ تەنها پشتگیری بکات، ئێمە داوای زیادکردنی ماددەیەك بە دوو بڕگەوە دەکەین بۆ ئەم یاسایە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: بەناو کردن یاخود تاپۆ کردن یاخود بە خاوەن کردنی ئەو زێدەڕۆیانەی نەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی کوردستان.

دووەم: ئیستیسنا کردنی بەخاوەن کردنی زێدەڕۆیەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە خصوصیەتی نەتەوەیی و ئایینی تایبەتی خۆیان هەیە، چونکە ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەم یاسایە بەو شێوەیەی کە ئێستا هاتووە بە هەموو ماددە و بڕگەکانی جێبەجێ بکرێت و بکرێتە بواری کارکردنەوە زوڵمێکی زۆر لە هەندێك لە پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دەکات، چونکە بەشێکی زۆری زێدەڕۆکان لە پێش ئەو بەروارەی کە دیاریکراوە ٢٠١٨/٣/١٣ ەوە بەسەریان هاتووە، بۆیە ئێمە پێمان وایە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە بەو شێوەیەی کە هاتووە دەبێتە هۆی:

یەکەم: زێدەڕۆیی کردن لەسەر بەشی هەرەزۆری موڵك و زەوی و زاری پێکهاتەی ئێمە وەکو کلد و ئاشوورییەکان.

دووەم: دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکی ئێمە بۆ بەجێهێشتنی وڵات.

سێیەم: تێکدانی پێکەوە ژیانی برایانە لە کوردستان کە سەدان ساڵە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان پێکەوە دەژین.

چوارەم: نەمانی متمانە لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان.

پێنجەم: ئەگەر ئێمە وەکو پەرلەمانتاری ئەم فراکسیۆنانەی کە ناوم هێنان، لەوانەیە ئێمە نەتوانین، نەك لەوانەیە بەتەئکید ئێمە ناتوانین هەموو ئەو بەرنامەیەی کە کاتی خۆی بە خەڵکی خۆمان داوە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ناتوانین جێبەجێی بکەین، ناتوانین پشتگیری لە داواکاری و ماف و داخوازییەکانی ئەوان بکەین، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئێمە نەتوانین پشتگیری لە خەڵکی خۆمان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بکەین، من پێم وایە مانەوەمان لەم هۆڵە مانایەکی ئەوەندە گەورە ناگەیەنێ، تێبینیەکی تریشم هەیە تێکەڵ نەکردنی ئەو زێدەڕۆییانەی کە هەندێك زێدەڕۆیی بۆ سەر ناوچەکانی ئێمە بۆ سەر گوندەکانی کەلد و ئاشوورییەکان و هەندێ بڕیاری دادگاش پێیان دەرچووە، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی ئەصڵی خۆیان، تکایە ئەمەش تێکەڵ بەمانە نەکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، ئێمە بەتەواوی پشتیوان لەوە دەکەین کە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارگرانییەی کە ئەکەوێتە سەرشانیان بەهۆی دەرچوواندنی ئەم یاسایەوە ببەخشرێن، دووەم: بێگومان دەبێ ماددەی یەکەم لەگەڵ ناونیشانی یاساکە دەقیقتر بێ، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە لە بەڕێز کاك کاروان گەزنەیی کردی کە هەم زەوی و هەم خانوو، یانی لەناونیشانی یاساکە بەس باسی زەویەکە هاتووە، لەماددەی یەکەم بەس ئەڵێ کە بە فیعلی تێدا نیشتەجێ بووبێ، یانی کرابێ بە خانوو، روون نییە کە ئەگەر عەرزێك بەتەنیا لەنێوان دوو خانوودا مابۆوە چۆن، چۆنی چارەسەر دەکرێ، لەبەر ئەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم و پشتیوانی پێشنیازەکەی کاك کاروان دەکەم، سێ داوای روونکردنەوەیەك دەکەم، هۆکاری ئەو رێککەوتنەی ٢٠١٨/٣/١٣ لە کوێوە هاتووە؟ بەرچاورونیەکمان بدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك بەڵێن، کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە رای خوشکە سەرچنار دەکەم، کە لە ماددەی یەکدا، یەکەم بە مەبەستەکانی ئەم یاسایە لابرێ، هەروەها لە ووشەی یەکەمدا خانووبەرە بکرێ بە خانوو، هەروەها دروستکراوە بکرێ بە دروستی کردووە لەسەر زەوی حکومی، بۆ ئەوەی کە شارەوانییەکە حەل بێ، زەوی حکومی و هەروەها پشتیوانی لە تەخصیص کردنی ئیمتیازاتی تایبەت لەم یاسایەدا بۆ هێزی پێشمەرگە و بۆ زیندانیانی سیاسی و بۆ قوربانیانی جینۆساید، کە ئەوە مافی خۆیانە، جێی خۆیەتی لێرە جێی بکرێتەوە، پشتیوانی لە بۆچوونی کاك پێشەواو کاك کاروان و کاك بەڵێن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەست خۆشیمان بۆ هەوڵەکانی هەردوو لیژنەی شارەوانی و گەشت وگوزار و لیژنەی یاسایی، پێشنیاز دەکەم کە لە ماددەی یەکەم، فەقەرەیەك زیاد بکرێت، ئاشکرایە کە لەهەرێمی کوردستان لە سالآنی سەردەمی دەسەڵاتی رژێمی رابردوو ژمارەیەك قەزاو ناحیە خاپوور و وێران کران، لەسنووری پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك، خاوەن خانووەکان بەهەر هۆیەك بێ لە هۆیەکان نەیانتوانیوە خانووەکانی خۆیان دروست بکەنەوە، لەناوچەی گەرمیان بە حوکمی

ئەنفالەکان، بۆیە پێشنیاز دەکەم فەقەرەیەك زیـاد بکرێـت (ئەو خـانووانەی لەسـەردەمی رژێمـی رابردوو) واتە پێش ساڵی (٩١) خانوو بوون، ئێستا زەوین و خانووەکان رووخاون، بەهەر هۆیەك لە هۆیەکان خاوەنەکانیان نەیانتوانیوە زەوییەکانیان جارێکی دی بکەنەوە خـانوو، حکومەکـانی ئەم یاسایەیان لەسـەر جێبەجـێ بکـرێ، بـۆ ئەوەی خەڵکـی ئەو قەزاو ناحیـانەی کەلەسـەردەمی رژێمی رابردوو خاپوور و وێران کران، خاوەن خانووەکـان ئێسـتا زەویـنە و بـێ بەش نەبن، دوو لەژێر ئەو بنەمایەی کە هەموومان دەزانـین ئـازادی ئەمـڕۆ بەرهەمـی خـوێنی شـەهیدانە، و کەم ئەندامانی سەنگەرە و پاراستنی خاکی کوردستان ئەرکی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە، بـۆیە پشـتیوانی لەو بۆچـوونە ئەکەیـن، و داواکـارین کە کەسـوکاری شـەهیدان، کەمئەنـدامانی سەنگەر، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ ببەخشـرێن لەو ئیلتیـزامە داراییەی کە ئەکەوێتە سەرشانیان، هەروەها پشتیوانی لە پێشنیازەکەی کاك کاروان، کاك سەرکۆ و کاك عوسمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆکی لیژنەی یاسایی هیچ قسەیەکتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بژارخالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو ڕایـانە هەمـووی دەکەم، کەس لە دژی ئەو پێشـنیارانە نیـیە، هەمووەمـان لە خزمەتی شـەهید و پێشـمەرگەداین، بەڵام لە مـاددەی یەك جێـی ئەو پێشـنیارانە نـابێتەوە، یـانی ئەگەر چەند پێشنیاریش بکرێ، بەراستی دەبێـت لە مـاددەی دووەم و بـڕگەی دووەم لەوێ جێـی ئەو پێشنیارانە بکەین و ئیشی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو هەموارەی تازە کردوومانە، بەڕێزتان لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی دەسـەڵاتتان هەیە لە کۆبەنـدی ئەو قسـانەی کە بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان دەیـکەن، دارشـتەیەك ئامـادە بـکەن، هەر ئەو مـاددەیەش دەسـەڵاتی ئەوەتـان دەداتـێ خۆتـان شـوێنی گونجـاو لەرووی مەنهەجیەتی قانوونییەوە بۆ ئەو پێشنیازە بدۆزنەوە، ئەگەر پەسەند کـرا، کـاك دکتـۆر اسـماعیل فەرموو. کاك لقمان ئەو پێشنیازە بە نووسین پێشکەش بکە.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا و پشـتگیریا دکتـۆر شـێرکۆ دکەم و خوشـکە سـەرچنار دکەم، ئیـزافەتەن نـوقتەی دووەم ئەڵێ لەسەر موڵکی دەوڵەت یان هەر دامەزراوێکـی کەرتـی گشـتی یـان شـارەوانی، لێـرە حەز دەکەم ئیـزافەیەك ببـێ جـگە لە وەقـف، ئێسـتا عەردی وەقـف هەیە لە زۆر لە شـارەکان کە تەجاوزی لەسەر کراوە قانونەن، نابێ وەقف تەجاوز لەسەر بکرێت، چونکە وەقف حوکمی حبسە (الی یوم القیامە)، ئینجا ئەو ئیستیسنائە بێتە کردن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دکتۆر صباح فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمود محمد زێباری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیاری کاك عبدالسلام و کاك سەروان دەکەم، و قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەڤاڵانم کاك عبدالسلام و کاك سەروان دەکەم، قسەکانیشم کران، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا وەك واجب و وەفایەك بۆ کەسوکارو وارسی سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە قارەمانەکانمان و کەمئەندامانی سەنگەر، پشتگیری لە پێشنیاری هەردوو بەڕێزان کاك عبدالسلام و کاك سەروان دەکەم، هەروەها لەبەر ئەوە ئەو یاسایە لەبەرژوەندی ئەو کەسانە پێشنیار کراوە، کە بەهۆی کەمدەرامەتی و بەناچاری لەسەر زەوییەکی زێدەڕۆ خانوویان دروست کردیە، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە تەرکیز بکەینە سەر ئەوانەی کەوا کەم دەرامەت و بەناچاری لەسەر زەوی زێدەڕۆ ئەو خانووانەیان دروست کردیە، لە ماددەی یەك و بڕگەی یەکەم لەبەشی ئەخیری کە دەڵێ بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان راسپێردراوە، بەمەرجێك لەسەرەتای زێدەڕۆیەکە تا جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە خانووەکەدا نیشتەجێ بن، پێشنیار دەکەم ئەو پارچەیە زیاد بکرێ، چونکە ئێمە مەبەستمان خەڵکە کەمدەرامەتەکەیە، هەروەها پشتگیری لە بەڕێز کاك بەهمەن دەکەم لە پێشنیارەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك جینان فەرموون.

**بەڕێز جینان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك ڕومیۆ دەکەم، ئەم یاسایە نەبێتە هۆی ئەوەی ناوچەکانی ئێمە، گەلی ئێمە کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها داواشم هەیە لە گشت فراکسیۆنە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە داواکەی ئێمە بکەن، بۆ پاراستنی ئەو پێکەوە ژیانەی کە

سەدان ساڵە ئێمە پێکەوە دەژین، پێویستە ئێمە هەموومان بەو وەزعەی ئێستا یەك بگرین و یەك ریز بین بۆ پاراستنی مافەکانی هەموومان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـرای ئەوەی کە ئـێمە زوو دەسـتمان بەرزکـردەوە بـۆ ئەوەی کە هەوڵ بـدەین، زەردەخەنەیەك بخەینە سەر لێوی سێ شەریحەی گرنـگ، کەس وکـار و وارسـی شـەهیدان، هێـزی مێرخاسـان و عەگیـدانی کوردسـتان کە هێـزی پێشـمەرگەیە، هەروەهـا هێـزی شـەهیدانی زینـدوو کە هێـزی یەکگرتـووانی سـەنگەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئـێمە هەڤاڵانمـان لە فراکسـیۆنی پـارتی ئەو پێشنیارەیان کرد، وێڕای کە من پشتگیری لە پێشنیاری هەردوو بـرای بەڕێـز کـاك سـەروان و کـاك عبدالسـلام دەکەم، لەگەڵ ئەوەشـدا جەخـت دەکەمەوە کە هیـوا خـوازین و هەمـوو نـوێنەرانی هەرێمی کوردستان کە هەوڵ بدەین ئەو پێشنیارانە جێی بۆ بکەیـنەوە و پەسـەندی بکەیـن وبـۆ ئەوەی بەلانـی کەم ئەم زەردەخەنەیە دروسـت بکەیـن لەسـەر لێـوی ئەم سـێ شـەریحە گـرنگە، لەگەڵ ئەوەشـدا پشـتیوانی و پشـتگیری پێشـنیاری کـاك کـاروان دەکەم و هەروەهـا کـاك ڕۆمیـۆ دەکەم، ئەمانیش پێشنیاری لەجێی خۆیانن، هیوادارم کە جێیان بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی وایە، جەنابت چوارەم ناو بـووی، بەڵام نـازانم ئەهـا لە تـێکەڵ بـوون و ئەوانە، ئەمەوێ دانەیەك لەوێ بێ و دانەیەك لەوێ، بەراستی دیقەتـی تێـدایە، و ئـیش لە پەرلەمـانی کوردسـتان، ئیش بە کۆمەڵە، کاتێ هاوڕێیەکت قسە دەکات کە بەدڵتە وەکو ئەوە وایە وەك تۆ قسەت کردبێ و هیچ جیاوازییەکی نییە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا مەلا خالید سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێنـاو پاراسـتنی ئەو پـێکەوە ژیـانەی کە لەهەرێمـی کوردسـتاندا هەیە، بـۆ نەسـڕینەوەی دیموگرافیای ناوچەکانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان، ئێستیسنا بکرێن لەو ناوچانەی کە کـاك رومیۆ پێشنیاری کرد، کە ئەو موڵکانەی کە لەوێدا تەجاوزاتیان لەسەر کراوە بە خـاوەن نەکـرێن، ئێمە بتوانین بە هەموو لایەکمان پشتیوانی بکەین، بۆ ئەو مەبەستە پشـتیوانی لە پێشـنیارەکەی کـاك ڕۆمیـۆ دەکەم، و پشـتیوانی لە پێشـنیارەکەی کـاك سـەرکۆ دەکەم بێگومـان بەشـێك لەو زەوییانەی کە خەڵکانێك هەبوون کەمدەرامەت بوون ویستویانە تەجاوز بکەن وەکو ئەوانەی کە ئێستا ئێمە یاسایان بـۆ دەردەکەیـن، بەڵام بەداخەوە ڕەنگە پشـتگیریان نەبـووبێ، یـان ڕوونتـر بڵێین واسـیتەیان نەبـووە بـۆ ئەوەی بۆیـان بچێـتە سـەر وەکـو ئەوانەی نەرووخێنـدراون، بـۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەو پێشنیارە کاك سەرکۆ لە جێی خۆیدا جێگای بۆ بکـرێتەوە، و پشـتگیری لە

پێشـنیارەکەی کـاك عبدالسـلام و کـاك سـەروان دەکەم کە خـانەوادەی سـەربەرزی شـەهیدان و ئەنفالکراوان و هێزەکانی پێشـمەرگە و پەکەوتەی سـەنگەر ببەخشـرێن لەو رسـوماتە مـالیەی کە دەکەوێتە سەریان، و پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك بەهمەن دەکەم بـۆ سـنورێکی دیـاریکراو لە جێگـای خـۆیەتی لەم پێشـنیازی یاسـایە جێگـای بـۆ بکـرێتەوە، و پشـتیوانی لە برگەیەکـی پێشـنیارەکەی سـەرچنار خـان دەکەم کە ووشـەی خـانووبەرە بگـۆڕدرێ بـۆ خـانوو ئەم لەرووی زمانەوانیەوە لەجێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فاهیك فەرموو.

**بەڕێز فاهیك کمال صوغومون:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری پێشـنارەکەی کـاك رومیـۆ هەکـاری دەکەم و هەروەصـا پشـتگیری لە پێشـنیاری کـاك عبدالسلام دۆڵەمەری و کاك سەروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارم هەیە بۆ هاورێیان، وێرای دەستخۆشیم بۆ هاورێیـان لە لیـژنەی یاسـایی و لیـژنەی شارەوانی، پێشنیاز دەکەم ماددەی یەکەم، هەندێ چەمك لەناو ئەو یاسایە بەکارهێنراون، هەندێ دەستەواژەو زاراوە، پێویستە لە ماددەی یەکەمدا جێگایان بۆ بکـرێتەوە و بناسـرێن، بـۆ نمـوونە چەمکەکـانی زیادەڕۆکـان بەکـارهێنراون و ناسـێنراون، بەڵام مـن تێبینـیم هەیە لە صـیاغەکەی ئاماژەی پێ دەکەم، زیادەڕۆکار کە هـاتووە زیـاتر پێویسـت دەکـات لە بـڕگەی دووەم و سـێیەم و چوارەم و پێنجەم لەمانەش ئیزافە بکـرێن، زێـدەڕۆ بەکاربهێنرێـت و پێناسـە بکرێـت کە زێـدەڕۆ کێـیە، ئەوەی موتەجـاوز، و خاوەنـداریەتی پێویسـت دەکـات بناسـرێت و لیـژنە بناسـرێت و ئەو لیژنەیەی کە لەلایەن سەرۆکی وەحدەی ئیداری پارێزگا لە ماددەی دواتردا کە صیاغەکەی ئێستا لە ژێر دەستمدایە و داواکـار بناسـرێت ئەوەی کە یاداشـتێك پێشـکەش دەکـات، واتە ئەم چەنـد زاراوە پێویسـت دەکـات لە مـاددەی یەکەمـدا جێگـای بکـرێتەوە، ئەمە یەك، دوو زێـدەڕۆکار کە برگەی یەکەمە کە دارشتنەکەی بەم شێوەی لێ بکـرێ، هەڵـبەتە وەکـو خـاتوو سـەرچنار ئامـاژەی پێکـرد مەبەسـتەکانی ئەو یاسـایە بـریتیە لەو کەسـەی پێویسـت ناکـات ئەوە هەبێـت، هەر زێدەڕۆکار ناساندنی بەم شێوەیە بێت، زێدەڕۆکار ئەو کەسەیە بەکردارەکەی فعلـی نیشـتەجێی ئەو خانوەیە کە بە زێدەڕۆ دروست کراوە یان میراتگرە شەرعیەکانی، یاخود ئەوانەی زێدەڕۆکار و ناساندنەی لێرە لابرێ پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ناسـێندراوە کە کێـیە، یـاخود ئەوانەی بە حـوکمی یاسا بـۆ بەخێـوکردنی راسـپێردراون لەکـاتی جێبەجـێ کردنـی ئەم یاسـایەدا لە رووی

زمانەوانیــدا (دا) دەبــێ وەرگیــری لەبەرئەوەی ئەمــی لەگەڵــدایە لەخــانووەکەدا نیشــتەجێن، ئەمێنێتەوە کە ئەم چەمکانە ناسێندران، واتە ئەم پێنج دەستەواژانە ناسێندران، مـاددەی دووەم ســەرۆبەخۆیە، لەبەر ئەوەی ئەم چەمکــانە ناســێندراون، بــۆیە ســەربەخۆیە مــاددەی دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەنووسین کاك مەم بنێرە، کاك حکمەت فەرموو.

**بەڕێز حکمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیا ئەڤرۆ بەحسەکی وەصا لە پەرلەمانیا هـاتیە کرنـێ ئەم هەمـی پـێ سـەربەرزین، دەستە خۆشــی لە هەڤـالا دکەم و هەڤـالات مە کـاك ســەروەر و کـاك عبدالسـلام و پشــتگیریان دکەم، هەروەها پشتگیریا لە کاك سەرکۆ دکەم کە تشتەکی گەلەکا جوان ئەوژی باحس کرد، و پشتگیریا کاك بەرهەم دکەم ل حەقیقەت لزاخۆ ژی هەمان شێوە مە هەی، تەقـریبەن (١٢، ١٣) حـالات هەی کو خانێت پێشمەرگە و کو لسەردەما شۆرشێ گولانێ هـاتینە ڕوخانـدن و هەتـا نـوکە چ نەهـاتیە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شەمۆڵ فەرموو.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك سەرکۆ و کاك لقمان و کاك دکتـۆر عبدالسـلام و کـاك سـەروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبـو ئەو یاسـایە شـاملتر بـوایە، یـانی زۆر فراوانتـر بـوایە، چـونکە ئەمە جـوزئێکی بچـوکی تەجاوزات چارەسەر دەکات، لەهەمان کاتدا داگیرکاری لەسـەر مـوڵکی تەواوی وەزارەتەکـانی تـر هەیە، نەوەك هەر موڵکەکان هەیە، و زیادەڕۆیی لە سنوری شارەوانی لە شـوێنی بازرگـانی و لەو مەساحەیەی کە دیاریکراوە و لە دوو سەد، سێ سـەد مەتـر لەوەشـدا هەیە، هەروەهـا زیـادەڕۆی لەدەرەوەی ســنووری شــارەوانی هەیە، لە زۆر شــوێنی گەشــتیاری و ئەوانە، یــانی یەکێــك لە تێبینیەکان ئەبوایە یاسایەکی شامل بوایە گشتگیر بوایە، چونکە بۆ هەر یەکێك لەمانە ناکرێ، بۆ نموونە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربکەی، تێبینـیەکم لەسـەر مـاددەی یەك خـاڵی دووەم هەیە، ئەو بەروارەی دیـاری کـردووە ٢٠١٨/٣/١٣ پـێش ئەو بەروارە ئەمـانە تـاپۆ دەکـرێن، بـۆ نمـوونە مـافی

خاوەن، بەڵام لەوێدا دیاری نەکراون لەدوای ئەم بەرواره چی؟ چونکە ئەگەر دیاری نەکرێ لەوێدا، بۆ نموونە چۆن دەڵێی موعالەجەیەکی ئەوەش نەکرێ کە چارە بکرێ و لەدواییدا تەجاوزی زیاتر، بەتایبەتی ئەم یاسایەی کەهاتووە کە بۆ ماوەی سێ ساڵە، رەنگە کەسێك عەرزێکی هەبێ یان بیەوێ عەرزەك داگیر بکات، ئیتر دڵ بەوە خۆش بکات دیسانەوە دوای ئەو سێ ساڵە بینای دروست بکا و خانوی تیا دروست بکات، لەبەر ئەوەی جارێکی تر پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی لەم شێوە دەربکات یان یاسایەکی بەو شێوەیە بۆ دەربکات، بۆیە پێویستە لەدوای ٢٠١٨/٣/١٣ روون بکرێتەوە، ئەوەی کە تەجاوز دەکات، ئەوەی کە رێگریەکی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی ری بگرێت لەوەی کە تەجاوزی نەکات، تەواو پشتگیری ئەو رایەش دەکەین کە بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشمەرگەکان ئەوانە ببەخشرێن، نەك تەنیا لەم یاسایە، چونکە ئەمە شتێکی زۆر زۆر بچوکە، داوا دەکەم لە هەموو ئەو یاسایانەی دێتە پەرلەمانی کوردستان و رەهەندی داراییان هەیە ئەم سێ بەشە هەم کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشمەرگە ببەخشرێن لەو بارە داراییانە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (٥٤) لە بڕگەی (٤) لە خاڵی سێیەم، ئێمە یەك ماددەمان خستۆتە روو، ماددەکە دوو بڕگەیە، دوو بڕگەکە زۆر روونە، دەکرێ لە چوارچێوەی ئەم دوو بڕگەیە گفتوگۆ بکەین، هەندێ پێشنیار هەیە من دەزانم لە ماددەی (٣) جارێکی تر هەمووتان پێویستتان بەوە دەبێ ئەم بابەتە دووبارە بکەنەوە، تکایە بەپێی پەیڕەو دەڵێ ئەو بابەتەی کەدەخرێتە رووی ئەندامانی بەڕێز گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە و ئەم خاڵە کە روونکراوەتەوە، هەست دەکەم زۆربەی ئەو پێشنیارانەی کەدەکرێ لەسەر کۆی پرۆژە یاساکە دەکرێت کە بەراستی لەبەردەستانداییە، ئێمە ئێستا گفتوگۆ لەسەر یەك ماددە دەکەین تکایە لەسەر ئەو ماددەیە چ گۆرانکارییەك لەسەر ئەو ماددەیە بکەین، نەك لەسەر کۆی پرۆژە یاساکە، بۆ ئەوەی سبەینێ ئێمەش تووشی ئەشکال نەبین لەسەر پرۆژەکان، یان تۆ پێشنیارت لەماددەیەك کردووە من ناتوانم لەو ماددەیە جێی بکەینەوە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم ئەمە خاڵێکی پەیڕەوی بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابتان بیبەنە ئەو شوێنەی کە پێویستن، ئەندامانی پەرلەمان حەزیان کرد، پەلەیان بوو، زوو ئەو پێشنیارانە بکەن، بۆ خەڵکە، ئەم پەرلەمانە وا ئێمە لە ١١/٦ نزیك دەبینەوە، ئەگەر بتوانین ئەم یاسایە لە کاتێکی نزیکدا پەسەند بکەین، ئەتوانین تەنها یەك یاسا کە لەرووی ژمارەوە یەك یاسایە، بەڵام زیاتر لە دوو سەد هەزار بۆ سێ سەد هەزار خێزان دڵخۆش بکەین، لەبەر ئەوە دەبێ هەموومان دڵمان گەورە بێ و دادەنیشین و هەشت نۆ سەعات موناقەشە

دەکەین، جەنابیشت زۆر زۆر دڵت گەورەیە، جەنابتان دەتوانن بەپێی پەیڕەو دەسەڵاتتان هەیە بیبەنە ئەو شوێنەی کە دەبێ بیبەن، کاك موسلیم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە رەچاوکردنی رەنج و خەبات و قوربانیدانی شەهیدان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پەککەوتەکانی سەنگەر، داوا دەکەم ئەو ئیلتیزامە ماددیە لابدرێ لەسەر خانەوادە و کەسوکاری شەهیدان و ببەخشرێن، وەکو وەفایەك و کەمترین خزمەتێك کە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستان، وەکو شانازییەك ئێمە ئەنجامی بدەین، سەبارەت بە ماددەی دووەمیش بەراستی من چەند تێبینیەکم هەبوو لەسەر چەند چەمك و زاراوەیەك بۆ ئەوەی کە کات نەگرم و دووبارەی نەکەمەوە، بۆیە هاوڕاو پشتگیری لە قسەکانی سەرچنار خان دەکەم، لەگەڵ برایانی بەڕێز کاك رومیۆ و کاك لقمان و کاك عبدالسلام، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە زۆر بەڕێزان کاك عبدالسلام و کاك سەروان، لە هەمان کاتدا بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە پشتیوانی لە بەڕێز کاك رومیۆ دەکەم، و تێبینیەکانی بەرچاو بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رومیۆ لەبەر ئەوەی پێشنیارەکەتان لە سێ کەس تێپەری کە پشتگیری دەکات، بەنووسراو ئەو پێشنیارەی کە کردووتانە بیدەنە لیژنەی یاسایی، و داوای ئیستیسنا کردنی ئەو ناوچانە بکەن کە دەتانەوێ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدڵنیاییەوە ئێمە پشتگیری لە راپۆرتی خۆمان دەکەین، وەك لیژنەی شارەوانی و گەشت وگوزار لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەڵام ئەوەی تێبینی بوو لە کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشیش پێشنیاری ئەو خاڵەمان کرد کە برای بەڕێزم کاك عبدالسلام و کاك سەروان باسیان کرد، بۆیە من پێم باشە ووشەیەك زیاد بکەین، ووشەی (بنەماڵەی ئەنفالەکان) من لەسنووری شاری هەریم بەچاوی خۆم بینیومە کە ساڵانی هەشتاکان کە ئەنفال دەستی پێکرد، ئەو حوکمانەی یەك لەدوای یەکی حکومەتی عێراق کە پرۆسەی ئەنفالی دەست پێکرد و گوندەکانی وێرانکرد، ئەو خەڵکە کە هاتە ئۆردوگا زۆە ملێکان، هەریر بە نموونە دێنمەوە لە ساڵی ١٩٢٢ ەوە هەریر ناحیەیە تاکو ئێستا ئەو خانوەی بنەماڵەی ئەنفالەکانی تێدایە، تاپۆ نییە لەسەریان، بۆیە پێشنیار دەکەم ناوی ئەنفالیش

بخرێتە ناو ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیانەی کە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس بەزۆرە ملێ خەڵکی لێ داناوە، ئەوانیش بخرێنە ناو ئەو خاڵە، وپشتگیری برادەرانیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دابانیش وای وتبوو، ئەوە دەبێتە دوو، بەڵام کە تەعریفی شەهیدان کراوە لە یاسای ئیمتیازاتی شەهیدان، ئەگەر نەشمانتوانی یانی بەناوی ئەوەی پێشنیارە بیکەینە ناو ڕاپۆرتەکە و دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ تەعریفی شەهید لەناو ئەو یاسایە و حقوق و ئیمتیازاتی شەهیدان، ئاشنا خان قسە هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە ڕێواز فیئەیەکی زۆری گرتەوە، بەس هەست دەکەم ئەمە زوڵمە لە زیندانیانی سیاسی بەراستی، یانی ئەگەر زیندانیانی سیاسی ئیزافە بکرێ، چونکە من پێشتر ناوم نەنوسیبوو، بۆیە نەمویست قسە بکەم، بەڵام ئەگەر ئیزافەی بکەن ئەوە شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کاك جلال ئاخر کەسە، ببورە کاك فرید ئەوجا کاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز فرید یعقوب ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن پشتگیری دەکەم لە ئەو وەرەقەی کە کاك رومیۆ خوێندیەوە بەناوی ئەو چوار فراکسیۆنەی کلد و ئاشووریی و ئەرمەن، داخازێ دکەین کو ئەم ماددەیە بێتە ئیزافە کرن دا ئەم یاسایە نەبێتە ئەرکێکی تەصحیح کرنێ و تەغییرێ دیموغرافیێ ل گوندەکان تایبەت، تا ئێستا ئەو مەوزوعەی زێدەکافی چارەسەر کری، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری کاك عبدالسلام دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، هەروەها کەسوکاری ئەو جینۆسایدانە، هەموو ئەمانە مافیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها پەرلەمانی کوردستان هەیە، کە ئێمە ئەمرۆ بە خۆشحاڵیەوە بتوانین پشتیوانییەکی کەمیان بکەین بە پرۆژە یاسایەك بە بریارێك کە بتوانین هاوکارییەکی ماددی کەمیان بکەین، ئەمە شتێکی گرنگە و پێم وایە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بەم کارە دڵخۆشین، هاوکات فیئەیەکی تری گرنگ هەیە کە لە بیرمان کردووە و پاراستنی ئەمنیەتی ژیانی سەرجەم ئێمە و هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی ئەو فیئە گرنگەیە کە هێزەکانی پۆلیس و

ئاسایشی ناوخۆ، کە دیارە ئەم فیئەیە بۆ خۆتان دەزانن شەو ورۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆ پاراستن و گیان و ژیانی ئێمە، بۆیە داوا دەکەم هاوکات لەگەڵ ئەوانە فیئەی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایش داخل بکرێت بۆ ئەوەی کە ئیعفا بکرێن لەو پارەیە یان لەو رسوماتەی کە لێیان وەردەگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کۆتاییمان لە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم ماددەیە هێنا بەڕێزان، تەنها لەبەر ئەوەی ناتوانین لە کۆبوونەوەی داهاتوو هیچ موناقەشەیەك بکەین، هەندێك بابەت هەیە کە زۆر گرنگە قسەی لەسەر بکرێ:

یەکەم: ئەم یاسایە یاسای تەواو کاریە بۆ یاسای نەهێشتنی زێدەڕۆیی کە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، و دیاریکردنی بەرواری ٢٠١٨/٣/١٣ لە خۆرا نییە، ئەو یاسایە لە ٢٠١٨/٢/١٣ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەصڵ ئەوەیە کە بە گوێرەی نەص و دەقەکانی ئەو یاسایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە تایبەتمەندەکان، حەصری تەجاوزاتیان کردبێ، و تەحدید کرابێ لەو رۆژەدا، یان بابڵێین دوا وادەی کە دیاری کراوە کە ٢٠١٨/٣/١٣ کێ خاوەنی خانووە ئەم پرۆژە یاسایە، دوای پەسەند کردنی ئەو بەڕێزانە ناگرێتەوە کە دوای ئەو بەروارە خانوویان دروست کردووە.

دوو: ئەم پێشنیازە یاسایە ئامانجێکی سەرەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە تاپۆ کردنی خانووی زێدەرۆیە بۆ ئەو کەسانەی خەڵکی فەقیر و هەژارن، واتە بازرگانان ناگرێتەوە، باغەکان ناگرێتەوە، ئەوانەش ناگرێتەوە کە خانووی دەوڵەتیان، یان زیادەرۆییان کردۆتە سەر خانوو وموڵك و ماڵی دەوڵەت، بەدیاریکراوی دیاریکراوە لە ماددەی یەکدا ئەڵێ ئەو زەویانەی کە موڵکی دەوڵەتن، یان کەرتی گشتی، یان شارەوانین، شتێك نییە ناوی زەوی حکومی بێت، بۆ خۆتان دەزانن بەگوێرەی چەند یاسایەك ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەرکارە و ئیشی پێ دەکرێ، هەندێکیان یاسا گەلێکن کە لە کاتی رژێمی پێشوودا دەرچوون و هەیانە تاریخی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥، لە نەتیجەی دراسە کردنی دەرکەوتووە، تەنها لەنێوان ساڵی ١٩٢٥ بۆ ساڵی ١٩٨٧ تەنها لە عێراقدا (٢٦٣) یاسا و نیزام و رێنمایی تایبەت بە بابەتی زەوی دەرچووە، ئێمە یاسایەکی ئەساسیمان کە تەوحیدی صنفەکانی یان رەگەزەکانی زەوی دەکات لە عێراق، ئەم تەصنیفە تەصنیفێکە لەهەرێمی کوردستان ئیشی پێ دەکرێت، موڵکی دەوڵەت هەیە، موڵکی دەوڵەتیش یا موڵکی صرفە یان بارگرانی حەقی تەسەروفی لەسەرە، ئەمە جۆرێکیانە، جۆرێکی تریان موڵکی تایبەتە ئێمە ناتوانین هەر کەسێك تەجاوزی کردبێتە سەر موڵکی تایبەت بە گوێرەی ئەم یاسایە هیچ حەقێکی بدەینێ، و لەناو ئەوانەی کە موڵکی دەوڵەتن هەندێك هەیە چۆتە سەر وەزارەتی مالییە، هەندێك هەیە چۆتە سەر وەزارەتی شارەوانی، هەندێك موڵکی وەزارەتی زراعەیە، هەندێك وەقفەکانە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە بەشێوەیەك هاتووە کە جۆرێك لە حەصر، جۆرێك لەسنورداری تێدایە، ئەگەر فراوانتری بکەین ئەو باخانە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتدارەکان و سوپاس بۆ خوا دەوڵەمەندەکان دروستیان کردوون، ئامانجی ئەم پەرلەمانە

تاپۆ کردنی خانووی فەقیرەکان و هەژارەکانە، مەسەلەی باخەکان بابەتێکی ترە، و دەکرێ بەشێوەیەکی تر چارەسەر بکرێن، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی خاوەن باخەکان، بازرگانەکان ئەوانەی کە تەجاوزیان کردۆتە سەر ماڵ و موڵکی دەوڵەت لە دەسەڵاتەوە جیاوازە لەوانەی کە تەجاوزیان کردۆتە سەر موڵکی دەوڵەت لە بێ دەسەڵاتی و لە بێ ناچاری، ئامانجە سەرەکیەکە و ئامانجی پەرلەمانی کوردستان ئەو هەژارانەیە، بەڵێ ماددەی دووەم فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

مەرجەکانی بەخاوەن کردن

یەکەم: خانووە زێدەڕۆییەکە بکەوێتە سنووری شارەوانیەکان، و لەو ناوچانەدابێت کە پێی ماستەریلانی شارەکان بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکراون.

دووەم: ئەو بینایەی لەسەر زەویەکە دروست کراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێت.

سێیەم: ئەو کەسەی بە کردارەکی نیشتەجێی ئەو خانووبەرەیە کە بە زێدەڕۆیی دروستکراوە، یان میراتگرە شەرعیەکانی، یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بە بەخێو کردنیان راسپێردراوە، داواییەکی نووسراو پێشکەش بکەن.

چوارەم: داواکاریەکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کە لە (١٢٠) سەدو بیست رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات، ئاراستەی سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت، بەجۆرێك سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامەی پشتراستکردنەوەی خاوەندارێتی لەخۆ بگرێت.

پێنجەم: نابێت زیاتر ل یەك پارچە زەوی بەخاوەن بکرێت بۆ کەسی داواکری بەخاوەنکردن.

شەشەم: مەرجە رووبەری زەوی بەخاوەنکراو زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)م٢ دووسەد مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگا و (٢٥٠)م٢ دووسەد و پەنجا مەتر دووجا لە ناوەندی قەزاو (٣٠٠)م٢ سێ سەد مەتر دووجا لە ناوەندی ناحیە.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم ماددەیە تا سەعات دوو بەردەوام دەبێ، سەعات دوو پشویەکتان دەدەینێ، سەعات سێ دانیشتنەکە دەست پێ دەکەینەوە، بەڕێزان ناو بەهیچ شێوەیەك ئیزافە ناکرێ، بۆ ئەوەی زوو تەواوی بکەین، هەلەز خان، سەرچنار خان، کاك مەم، دکتۆر اسماعیل، دکتۆر شێرکۆ،کاك سیروان، کاك دیاری، کاك سەروان، دکتۆر رێبوار، کاك چیا، کاك زانا، کاك حیکمەت، کاك جلال، خەدیجە خان، کاك حاجی سەفین، کاك سعید، ئینجا قسە کردنیش وابکەن لە دەقەیەکدا تەواو بێت، کاك موسلیم، کاك بەلێین، کاك سەرکۆ، کاك لقمان، کاك کاروان، کاك عوسمان، کاك مەلا ناصر، کاك شاخەوان، شیرین خان، کاك رزگار، سەلما خان، شنۆ خان، کاك جلال، گوڵستان خان، کاك هێرش، گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن تێبینـیەكم هەبـوو لەسـەر ئەو خـاڵەی یەكەمـی مـاددەكە، ئەو خـانووە زیادەڕۆییـانەی كە دروسـت كـراوە لەسـەر زەوی شـارەوانی، یـانی تەنیـا زەوی سـنوری شـارەوانییەكان بەهەنـد وەرگیـراوە كە ئەمە ئەشـێ لە هەنـدێك شـوێندا لەدەرەوەی شـارەوانییەكانیش بەتـایبەتی ئەو دێهاتانەی كە ئیستا تـێكەڵ بە شـارەكان بـوونەتە گەرەكێـك لە شـارەكان، یـانی ئەمـانەش ئەگەر ئیزافەیەك بكرێ، بەتایبەتی ئێمە ئێستا لە سنووری سلێمانی كە دێهاتی نزیك دەبینین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە بۆ ماددەی یەكە؟

**بەڕێز گوڵستان سعید محمد:**

نەخێر ماددەی دوو، بڕگەی یەكەمی یانی ئەگەر بكرێ لە سنووری شارەوانییەكان ئیـزافەی ئەو دێهات و گوندە نزیكەكـانی نـاو شـارەكانیش بكـرێ كە ئێسـتا وەك گەرەكێكـی شـاریان لێهـاتووە، بەڵام ئیزافەی ناو شارەوانی شارە گەورەكان نەكراون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دوو، مەرجـی دووەم وشـەی (بینـا) لابەیـن بـیكەین بە خـانووبەرە، لەبەر ئەوەی بینا ڕەنـگە تەلاریش بگـرێتەوە، مـن دوو مەرجـی دیـكەش ئیـزافە دەكەم، مەرجێكـی تـر بیكەینە مەرجی حەوتەم، پێشنیار دەكەم ئەو كەسەی كە زێدەڕۆكارە هیچ موڵكێكی بەناو نەبـێ ئەو موڵكە نە زەوی بێ نە خانوو بێ، و مەرجی هەشتەمیش كە پێشنیار دەكەم، زێدەڕۆكار نـابێ لە زەوی كشـتوكاڵی و بازرگانیەكـان زێـدەڕۆیی كردبـێ، ئەو دوو مەرجەش وەكـو پێشـنیار دەیخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی بەو هیوایەی كە پشتیوانی لێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام ئێمە قانوونێكمان هەیە لە هەرێمی كوردستان كە ئیتیفا كردنی زەوییە زراعییەكـان دا بـۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون، یانی ئێمە ئەگەر مەرجێكی لەو شـێوەیە دابنێـین، دڵنیـا بە لەوەی كە لە ٧٠٪ ئەو خانووانەی كە تاپۆ كراون هێشتا صنفی زەوییەكانیـان، زەوی زراعیـیە و حكومەت لێی سوودمەند نابێ، بەڵام دواجار ئەوە پێشنیاری بەڕێزتانە، كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەمدا ئەوەی كە گرنگە ئەو خانووانەی كە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە و لەسـالی (٨٩ و ٨٧) و پێشـووتردا، لە زۆربەی شـارو شـارۆچكەكان ڕوخێنـراوە بەزەوی مـاوەتەوە، داواكـارین ئەوانە تاپۆ بكرێن و ڕێگە بدرێ بكرێت بە خانوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە چ پەیوەندی بە مەرجەکانەوە هەیە کاك سەرکۆ، هەلەز خان فەرموو.

**بەڕێز هەلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو مداخەلە دەکەین سەر ماددەی دوو، یەکیش وانە برگا دوو بێتە گۆڕانکاری تێدا بێتە کرنێ ڤی شکلێ هەیە ئەو بینایەی لەسەر زەویکە دروستکراوە تەنها بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێت، نەك بۆ مەبەستی پیشەسازی و کشتوکاڵ بازرگانی خاڵێکی تر برگەی حەوتەم زیاد بێتن نابیت کەسی زیادەروکار پێشتر سودمەند بێت لە حکومەت و هیچ موڵکێکی نیشتەجێبونی بەناوی نەبێت دەست خۆش.

**بەڕێز د. ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلەی سودمەند بوون لە برگەیەکی تری پێشنیازەکەدا هەیە.

**بەڕێز هەلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو دکتۆرە بێتە سەر ئەو برگە پیشنیارمان هەیە ئەوە لابدرێتن.

**بەڕێز د. ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان فەرموون.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئەو بینایەی لەسەر زەوییەکە دروست کراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار دەهێنرێت، ئیزافەیەکی بۆ بکرێت یا ئەو کەلاوە کۆنانەی سەردەمانی رژێم ئیزافەیەکی ئەوشی بۆ بکرێ وەکو، هەروەها لە برگەی چوارەمیشدا (١٢٠) رۆژە کە دەکاتە چوار مانگ زۆر کەمە، پێشنیار دەکەین بکرێت بە (١٨٠) رۆژ، واتە شەشە مانگ لەبەر ئەوەی ئەزمەیەکی زۆر یا قەلەبالغێکی زۆر دروست دەبێ لەو حاڵەتانەدا لەوانەیە خەڵك نەتوانێت مامەڵەکانیان پێشکەش بکەن، وە هەروەها برگەی شەشەمیش (٢٥٠) مەتر بۆ ناوەندی قەزاکان من بەکەم دەزانم بکرێت بە (٣٠٠) وە بۆ ناحیەکانیش بکرێت بە (٤٠٠) مەتر، لەبەر ئەوە لە ئێستادا ناحیەکان لەوانەیە لە مەساحەیەکی باش بینایەیان دروست کردبێ و بگرە (١٠٠٠) مەتریش ببێت، بەڵام لایەنی کەمی بکرێت (٤٠٠) مەتریان بۆ تابۆ بکرێت ئەمە کارێکی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخەوان فەرموون.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە پێشوتر هاورێیان باسی ئەوەیان کرد کە لەسەر مەسەلەی کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ، من بە تایبەتی لەسەر مەوزوعی کەسوکاری شەهیدان لەراستی و لەسەر مەوزوعی پێشمەرگە، چونکە هەندێك لە کەسوکاری شەهیدان ئێستا لەو زیادەڕەوە تەقریبەن هەندێکی بابڵێین هەندێك لەوانەی کە کەمدەرامەت،ئەوانە بوون لە ڕابردوو موستەفید بوون لە وەرگرتنی پارچەیەك زەوی.

**بەرێز د. ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخەوان ئەوە پەیوەندی بە مەرجەکانەوە نییە، ماددەی دوای ئەوە باسی سودمەندبووەکان دەکەین، زۆر سوپاس دەرفەتت دەدەم دڵنیابە.

**بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

ببورە سەرۆکی پەرلەمان خاڵەکی کە لەسەر مەسەلەی دیاردەی تەجاوزات، بەراستی ئەمەی کە ئێستا ئەم بابەتەی کە ئێستا هەیە ئەم حالەتەی ئێستا تەنها بۆ سنوری ناحیەکان و قەزاکان و پارێزگاکانە، بەڵام دیاردە گەورەکە، تەجاوزە گەورەکە، بەراستی لەدەرەوەی سنوری ناحییەکانە، یەعنی من تەجاوزی زۆر گەورە ئەزانم کە کراوە لەسەر موڵکی وەزارەتەکان و کراوە لەسەر موڵکی گشتی، یەعنی (١٠٠) مەتر (٢٠٠) مەتر لە سنوری شارەوانییەوە دوورە، باشە لەسنووری شارەوانییەکەوە دوورە، بەڵام تەجاوزێکی زۆر گەورەو عیملاق و ئەوانەیە کە موڵکی گشتییە پێویست ناکا بەراستی ئەمە ڕێگە بدرێ ئەم تەجاوزە گەورە لە سنووری تەقریبە ئەمە ئەوەی ئەمن باسی دەکەم (٢٠٠) مەتر زیاتر نیە تەجاوزی زۆر گەورە کراوە، ئەم بابەتەی ئێمە راستە تەنها بۆ سنووری شارەوانی، بابڵێین ناحییەکان و قەزاکان و مەرکەزی پارێزگاکانە، بەڵام تەجاوزە گەورەکە، دیاردە گەورەکە، ئەوەیە کە لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان کە کراوە، حەقە بەراستی ئەم پەرلەمانەی ئێمە بیر لەوە بکاتەوە، چۆن معالەجەی ئەم حاڵەتە ئەکەین؟ چۆن ئەم تەجاوزە گەورەی کە کراوە لەسەر موڵکی گشتی، بۆ نموونە ئەگەر زەوییەکە بۆ نموونە مەرعە بێ، ئەگەر زەوییەکە بۆ نموونە هەر صنفێکی دیکە بێت، توانا تەجاوزێکی زۆر گەورەی لەسەر کراوە، ئەم تەجاوزانە وای لێهاتووە ئێستا بە نموونە مەدخەلی شاری وا هەیە، مەدخەلی یەعنی سنووری قەزاو مەدخەلی ناحیە و شارەکان هەیە لەبری ئەوەی ئەو مەدخەلە بکرێ بە زانکۆیەکی گەورە، زەوییەکە تەرخان بکرێ بۆ دروست کردنی بینایەك، بۆ نموونە لە سنووری ئەو ناحیە و قەزا، بەتایبەتی ئێستا هاتوون مەدخەلی شارەکە بە شتی نا مەنتیق و نا مەعقول و ئەوانە لەراستیدا کراوە، من نموونەیەکتان بۆ ئەهێنمەوە لە شارەزور بمبورە دکتۆرە ... .

**بەرێز د. ریواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخەوان دەستت خۆشبێ ئێمە پێشنیازەیاسایەکی ترمان هەیە تایبەتە بە چارەسەرکردنی ئەو تەجاوزاتانەی تر، بەڵام بە تەملیك نا بۆیان تەملیك ناکرێ، ئسلوبێکی تر هەیە کاتی نەهاتووە

كە كاتی هات ئەو كاتە جارەسەری ئەویش دەكەین، چونكە ئەمە سلسلەیەكە یەكەم جار ئەبێ مەنعی تجاوز بكەی دوای ئەوەی موستەحە بۆی تەملیك دەكەی دوای ئەوەی موستەحەق نییە ئەبێ ئەوانیش موعالەجە بكەین، چونكە ئەم یاسایە هەموو معالجە ناكا دەستەكانت خۆشبێ زۆر زۆر سوپاس، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوودا لە مەرجەكانی بەخاوەنكردن پێموایە زمانەوانی هەڵەیە بە خاوەندارییەتی كردن لەدوای ئەو دیسانەوە هاوڕێم كاك مەم ئیشارەتی پێیدا، هیوادارم لە هەموو شوێنەكان خانووە زێدەڕۆییەكان نییە، خانووە زێدەڕۆوەكانە، دیسانەوە لە شێنێكی كە لە دووەمدا نیشتەجێ بوو بەكارهێنەكان كە ئەڵێ ئەو بینایەی لەسەر زەوییەكە دروستكراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەكرابێنن ئەویش زێدەرۆییەكانی بۆ چاكەن، ئاخیر شت پشتگیری لە رای بەرێز كاك عوسمان ئەكەم كە (١٢٠) رۆژ بۆ ئەو رێكارانەی كە بەكارێت بۆ تەملیك كردن و هاتوچۆ زۆر زۆر كەمە، ئینجا لە نێوان (١٦٠) رۆژ هەتا (١٨٠) رۆژ كاری باشە ئەگەر پشتگیری لێ بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم باسی ناحیە و بڵێین قەزا و پارێزگا كراوە خۆی ئەوەی پەیوەستە بەو یاسایەوە ئەوەیە كە شوێنی شارەوانی لێ بێت، كەواتە ناوی كۆمەڵگا گەرەكە ئیزافە بكرێ، چونكە كۆمەڵگای ئێمە ئێستا خۆم لە كۆمەڵگای بەستۆرەم، بەڵام ئەوەی شارەوانی لێیە گەرەكە ئەو ناوەش ئیزافە بكرێ، چونكی تەنها لە ناحیە و قەزا و پارێزگاكان شارەوانی نییە، ئیزافەی ناوی كۆمەڵگەو ئەو شتانە بكرێ وەكو پێشنیاریش پشتیوانی د. رێبوار دەكەم و پشتیوانی پێشنیارەكەی مام عوسمان دەكەم بەراستی (١٨٠) رۆژ گونجاوە بۆ ئەوە پێشنیاری برای بەرێزم كاك سیروان پشتگیری ئەویش دەكەم، چونكە خاوەنداریەتی بێت جوانتر دەبێت لە خاوەن سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان**

زۆر سوپاس، كاك چیا فەرمون.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بابەتیا ڤیا بەحس كرن هاتە بەحسن تەنها پشتەوانیا كاك عوسمانی و كاك سەروانی و د. رێبوار ئەكەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر زۆر سوپاس، كاك كاروان فەرموون.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم لە بڕگەی یەكەم، كاتێك ئەمە باس لەوە دەكەین لەو ناوچانە دابێت كە پێ ماستەر پلانی شارەكان بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان كراون، ئەمە دووبارە ڕەنگە توشی گرفتمان بۆ بكات، بەشێك لە شارەكان تا ئێستاش ماستەر پلانێكی تۆكمە و كۆتاییان نییە وە ئەو خانووانەی كە دروست كراون بەداخەوە لە دەرەوەی ماستەر پلانن، ئایا شارەوانییەكان چۆن ماستەر پلانیان تازە دادەڕێژن وە چۆنیەتی ئەو ماستەرپلانە بەشێوەیەك وەكو جەنابت فەرموویت لە بەرژەوەندی خەڵكی هەژار دابێت كە خانوەكانیان دروست كردووە، ناچار بكرێن بە تێكدانی، ئەمە یەكەم، دووەم بڕگەی دووەم ئەو بینایانەی لەسەر زەوییەكە دروست كراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون بەكاربهێنرێ، من پێمولیە ئەمە بەراستی قەتیس كردنە، چونكە بەشێك لە زەوییەكان نەكراون بە بینا، بەڵكو كراون بە شتی تر، دەكرێ ئەمە دابڕێژرێت، پێشنیاز دەكەم بەم شێوەیەی لێ بكرێت، ئەو بینایەی لەسەر زەوییەكە دروستكراوە دەكرێ بۆ مەبەستی جیاواز بەكاربهێنرێ بە مەرجێك لە چوارچێوەی ڕێكارەكانی بەخاوەنكردنی مادەكانی ئەم یاسایە هاتبێت، ئەمە فەقەرەی دووەم، و لە برگەی سێیەم دووبارە توشی كێشەیەكی تر دەبین و وەكو ئەوەی لە ماددەی یەكەم بۆ زەوییەكان ئاماژەم پێ كرد، بەشێك لە زەوییەكان نەكراون بە خانوو، بەڵكو كراون بە هەیكەل، تەنها هەیكەلی خانووەكە تەواو بووە، لێرەدا باس لەوە دەكا ئەو كەسەی بە كردارەكی نیشتەجێ ئەو خانووبەرەیە هەموویان نیشتەجێ خانوبەرەكە نین، هەمانە تەنها هەیكەلی دروست كردووە، پێش ئەو بەروارەی ئاماژەشی پێكراوە، بۆیە وا پێویست دەكا باس لەوە بكەین ئەم هەیكەلانە چیان بەسەر دێ، ئەو كاتە دووبارە ئەگەر ئەمە لە یاساكەدا معالەجە نەكرێ ڕەنگە كێشەمان بۆ دروست بكا، لە لایەنی قانوونییەوە بۆ هەیئەتی شارەوانی و كارگێری پارێزگاكانیش كە دەیانەوێت خانووەكان تاپۆ بكەن، ئەگەر بەراستی مەبەستمانە كە لە مەصالحی خەڵكی هەژار و فەقیر ئەم وڵاتە بێ دەبێت بیر لەوە بكرێتەوە كە هەیكەلەكانیش لە یاسایەكەدا ئاماژەیان پێ بكرێت و جێگایان بكرێتەوە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی كاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو خاڵی یەكەم، خانووە زێدەرۆییەكان بكرێتە زێدەڕۆ، وەكو پێشتریش كاك مەم ئیشارەتی پێدا ئەمە ڕاست بكرێتەوە، لە برگەی دووەم بینا عادەتەن بۆ كاری بازرگانی و شتی وا بەكاردێ، بۆیە بینا بگۆڕێ بۆ خانوو و، پشتیوانی بۆچوونەكەی كاك عوسمان دەكەم كە داوای

کرد بکرێته (١٨٠) رۆژ، فعلەن (١٢٠) رۆژ مـودەیەکی کەمە وە هەروەهـا بـۆ لە بـڕگەی شەشـەم بـۆ ناوەندی پارێزگاکان (٢٠٠) مەتـر کـافیە، بەڵام بـۆ قەزا و ناحییەکـان ئەم ڕێـژەیە لە سـێ سـەد بـۆ چوار سەد زیاتر بکرێ تا سێ سەد، بەڵام ناحییەکان بکرێتە چوارسەد و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتێك کاتت داینی، یعنی زۆربەی ئەو سەرنج و تێبینیانە گوترا، ناشمەوێ هەندێکیان دووبـارە بکەمەوە، بەڵام لە برگەی یەکەم دا خانووە زێدەرۆییەکە بکەوێتەوە سـنووری شـارەوانییەکان و لەو ناوچانەدا بەپێی ماستەر پلانی شارەکان بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کراون، ئەوە هەندێك لەو ناوچانە بۆ نمونە دەرەوەی سـنوری شـارەوانیەکانیش، بـۆ نمـونە ئـێمە لە شـاری سـلێمانی و مەلا داودەو هەنـدێ شـوێنی دیکەمـان هەیە کە خـۆی بەشـێکی زۆری زێـدەڕۆییەکان لەو ناوچـانەدا کـراون، بـۆیە پێویسـت دەکـات دەرەوەی سـنوری شـارەوانییەکانیش، خـاڵی دووەم ئەوەی مـن بەلامەوە سـەیرە بـۆ نمـوونە ئەو بینـایەی لەسـەر زەویـیە دروسـت کـراوە بە مەبەسـتی نیشتەجێبوون بەکار بهێنرێ، بەڵام شوێنێکی زۆر هەیە بۆ نمونە هەر لەسەردەمی ڕژێمی پێشوە، ئەمانە گەرەکن ئەم گەرەکانە بۆ نموونە دوکـانی تێـدایە وە ئەمـانە ئـامرازن بـۆ ژیـانکردن، یعنـی دەکرێت بۆ نمونە ئەگەر لەو شوێنانەیا چەند دوکانێك، ئەگەر ئەم دوکانانە مەسیرەکەیان چی لێ دێ وە چـۆن تـاپۆ دەکرێـت، ئەکرێـت بـۆ نمـوونە ئەم شـوێنانە دوکـان و ئەو شـێونانەی کە پێداویستی ڕۆژانەی ئەو هاوڵاتیانەی ئەو ناوچانەی تیایان نەبێـت؟ ئەوە ببـورە بـرگەی چـوارەم داواکاریەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە کە لە ماوەی (١٢٠) بەهەمان شێوە من پشتیوانی ئەو هاورێیانەی پـێش خـۆم دەکەم کە (١٢٠) رۆژ کەمە و داوادەکەم یعنـی هەنـدێك جـار بـۆ نمـوونە بەهۆی قەیرانی دارایـی یـان ئەو خەڵکـانە خەڵکـی کەمـدەرامەت و هەژارن، رەنـگە نەتـوانن لەو ماوەیەدا ئەو پارەیە یان ئەو رێکارە یاساییانە بگرنەبەر بۆ نمونە با لەماوەی ساڵیکا بێت، سـالێك مۆڵەتیان بدرێتێ هەم بۆ کارئاسانیش، بۆ نمونە بۆ لۆد دروست نەبێ لەسەر دامودەزگاکان و ئەو شـوێنە پەیوەندیـدارانەی کە مـامەڵەی هاوڵاتیـان و ئەو رێکـارە یاسـاییانە تێئەپەرێنـێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموون.

**بەڕێزجلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

زۆر سـوپاس ولله مـن تێبینـیەکم لەسـەر بـڕگەی دووەم هەیە، نووسـراوە ئەو بینـایەی لەسـەر زەوییەکە دروستکراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێبون برادەران زۆر باسیان لـێ کـرد، بەڵام ئێسـتا لە

گەرەكانی بۆ نمونە لە شاری هەولێر ئۆتۆماتیكیەن شەقامەكە بوویتە بازرگانی، بـوویتە تجـاری، ئێ باشە ئەو چ بكا مەسەلەن بۆ نمونە ئێستا ئەمن دەزانم دوێنێ ئێـواری خـۆم لەگەڵیـان قسـەم كرد پێش ئەوەی دەیانزانی ئەورۆ نیقاش دەكرێ شەقامەكە ماستەر پلانی نوێ بـۆیتە بازرگـانی، ئێ بیناش بووە، ئێستا شەقامە ئۆتۆماتیكیەن بازرگانییە ئەدی چ بكات ئەوە بـا بلێـین بـۆ نمـونە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ریێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، كاك حاجی سەفین فەرموو.

**بەرێزحاجی سەفین اغا عمر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بـڕگەی شەشـەم هـاتووە كە لە ناوەنـدی پارێزگا و ناوەنـدی قەزا و ناوەنـدی ناحییەكـان دیـار كـراوە، ئەمەش تەنهـا نـاو ئیـدارەكان دەگـرێتەوە، كەواتە گونـد و كۆمەڵگا دیـار نەكـراوە، بـۆیە پێشنیار دەكەم لە جیاتی ناوەندی نـاحیە، بكـرێتە ناوەنـدی نـاحیە و گونـد و گۆمەڵگایەكـان و لە سنوری شارەوانییەكان.

**بەرێز د. ریێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموون.

**بەرێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ برگەی دووەم لە ماددەی دووەم، بە حوكمی ئەوەی لەم پێشنیازی یاسایەدا زەوی بازرگانی لێ بەدەر كـراوە، بـۆیە پێشـنیاز دەكەم ئەو خـانووە لەسـەر زەویـیەكە دروسـت كـراوە، تەنهـا بە مەبەستی نیشـتەجێبوون بەكاربێهێنرێـت، لە بـرگەی چـوارەم پشـتگیری لەو بەرێـزانە دەكەم كە پێشنیازیان كردووە ماوەكە درێژ بكرێتەوە بۆ ماوەی (١٨٠) رۆژ.

**بەرێز د. ریێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس كاك مەلا ناصر.

**بەرێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن لە ماددەی دوو برگەی یەك، زیادەڕۆوی بكەوێتە سنووری شـارەوانییەكان لەو ناوچـانەی كەوا بەپێی دەسەڵاتی شارەوانییەكان خانوویان بۆ تەرخان كراوە، تەبعەن خـاڵێكی گرنـگ هەیە باس نەكراوە ئەویش ئەوەیە زۆر پێشمەرگە و كەمئەندام و كەسوكاری شـەهیدان لە یەك زەوی، لە دوو زەوی زیاتریـان وەرگرتـوە، بەڵام كە فرۆشـراوە ئەم زەوییـانە كـراوە بە خـانوو، مـاوەی چەنـدین سـاڵە ئێسـتا ئەوانەش تـاپۆ نـاكرێ، بەراسـتی ئەبـێ رێـگە چـارەیەكیش بـۆ ئەوانە بـدۆزرێتەوە، كەوا ئەو كەسانەش، كەوا زەوییەكانیـان بـۆ تـاپۆ بكـرێ یـان بە نرخێكـی گونجـاو

بۆیان دابنرێ هەتاکو زەوییەکانیان تاپۆ بکەن و بتوانن مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم تێبینی من ئەوەیە، کە خانووە زیادەڕۆییەکە بکەوێتە سنووری شارەوانییەکان و لەو ناوچانە دەبێ بەپێی ماستەر پلانی شارەکان بۆ نیشتەجێ بوون تەرخان کراون، ئیزافەیەکی بۆ بکرێ ماستەر پلانی راستێنراوی شارەکان، چونکە ئەگەر ماستەر پلانیشیان هەبێ، ئەگەر موصەدەق نەبێ لە وەزارەتەوە، ئەوە ئەو ماستەر پلانە قابیلی ئەوەیە کە گۆڕانکاری تیا بکات، ئەصل وایە ماستەر پلانەکە راستێنرابێت، ئەمە خاڵێك خاڵێکی دیش ئەوەی بۆ زیاد بکرێ کە هەنێ پارێزگا، بۆ نمونە پارێزگای هەڵەبجە تا ئێستا ماستەر پلانی نییە، یەعنی معقول نییە ئێمە ئەمڕۆ یاسایەك دەرکەین پارێزگایەك لە پارێزگاکانی کوردستان کە پارێزگای هەڵەبجەیە بێبەش بێ لەم یاسایە لە سودمەند بوون لەم یاسایە، لەبەر ئەوە بۆ چارەسەر کردنی کاتی ئەمە ئەتوانین بڵێین ماستەر پلانی راستێنراو یان نەخشەی وردەکاری شارەکان، چونکە وەکو ماستەر پلانی نییە هەڵەبجە نەخشەی وردەکای هەیە بۆ ئەوەی سودمەند بێ ئەویش یەعنی بێ بەش نەبێ لەمە دەتوانیرێ ئەو ئیزافیەی بۆ بکرێ، خاڵی دووەم لە ئەوبینایە بکرێ بە خانو ئەگەر نەشکرێ بە خانو ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێت ئەو بینایەی لەسەر زەویەکە دروستکراوە تەنها بۆ مەبەستی نیشتەجێبون بەکار بێ، نەك بۆ کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی بۆ ئەوەی تایبەت بێ بە نیشتەجێبوونەوە، خاڵی سێیەمئەو وشەیەی خانوبەرە پێشتر باسم کرد وتم بکرێتەوە بە خانوو، خاڵی چوارەم داواکاریەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە حوکمەکانی ئەم یاسایە زۆر دووبارە ئەبێتەوە تەحصیل حاصلە و لابرێت باشترە، خاڵی پێنجەم هیچ ئیزافەیەکم نییە، خاڵی شەشەم بەهەمان شێوە، خاڵێکی تر زیاد بکرێت نابێت کەسی زیادەڕۆکەر پێشتر سودمەند بێت لە دەوڵەت یان وە هیچ مولْکێکی نیشتەجێ بوون بەناویەوە نەبێ، چونکە ئەم یاسایە بۆ چارەسەری ئەو کەسانە دانراوە کە خانویەکیان هەیە بە زیادە ئەگەر پێشتر ئەو مولْکێکی هەبێت یان سودمەند بووبێت هیچ پێویست ناکات بەڵکو ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی قسە بکەم کاك مەم باسی کرد وتی کە چومە دەرێ و هاتنە دەرێی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی مەزرەعەکان کردووە، ئەمە لێرە بڵێین بۆ عەدالەتی و جیاوازی نێوان

دادپەروەری و نا دادپەروەری، وابزانم هەموو برادەران لەگەڵ من لەگەڵ جەنابت هاوڕاین لەسەر ئەمە، مەعقول نیە تۆ ئێمە پێی ئەڵێین مەزرەعەکان چەند خەڵك هەن بە چەند دۆنم خانوی تێدا دروست کردوە کابرایەکی فەقیر بانگی بکە بۆ خانوەکەت تاپۆ بکەی ئەوەی کە مەزرەعەی دروستکردوە بەچەند دۆنم خانوی هەیە کارەبای بردوە مەزرەعە هەیە یەك دەبڵی کامل لەناو مەزرەعەکەی خۆی داناوە پارەی کارەباش نادا، یەعنی پارەی کارەبا نادات ئی ئاویش نادات خانوەکەشی هەیە .... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم باسە پەیوەندی بە مەرجەکانەوە چییە؟.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی دووەم برگەی شەشەم، داوا دەکەم جگە لەمانەی کە ئەوەندە مەترانە زیاد بکرێتن ئەوانیش داخل بکرێتن، ئەوانیش پارە بدەن ئەمەش داهاتە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە وە ئەوانەش دەبێتە یاسا وە ئەو کارەبای کە بە قاچاغ بردویانەتەوە بۆخۆیان ئەویش دەبێتە داهات بۆ حکومەت ئاوەکەش ئەبێتە داهات بۆ حکومەت ئەوش وەکو خەڵکی تر وەکو دادپەروەری با پارەکەی خۆی بداتن بۆ کابرایەك تەنیا خانویەك هەیە لەسەد دووسەد مەتری پارەی بدات ئەوی بە دۆنم مەزرەعەی دروستکردوە بۆ خۆشی ئەو پارە نەداتن هەر پارەکەش بۆ بمێنێتەوە و هەم کارەباکەشی بڕواتن بە بەلاش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو زەویانە کە باخی لەسەر کراوە ئەم پێشنیازە یاسایە بە هیچ شێوەیەك نایگرێتەوە، خۆ ئەگەر بڕیار بدەین چارەسەری باخەکان بکەین ڕەنگە تەملیك نەبێ، ڕەنگە ئیجار بێ و بەپارەیەکی زۆر زیاتر بێ، لەبەر ئەوەی ئەم پارە کەمەی کە ئێستا لێرە داماناوە بۆ خەڵکی فەقیر و هەژار معیارێك نییە بتوانێ بەسەر باخەکاندا جێبەجێی بکەین، چونکە بەس خاوەن پارەکان دەتوانن باخ بکەن، ئەتوانن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە خولی پێشوی پەرلەمانی کوردستان، خولی چوار پێشنیازە یاسایەك هەبوو ئەو پێشنیازە یاسایە جارێکی تر دارێرێژنەوە وە جارێکی تر پێشەکەشی بکەنەوە وە بە ڕەزامەن و بە ڕاوێژ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کورستان چارەسەری باخەکان دەکرێ، بەڵام نەك بەم پارە ڕەمزیەی کە ئێستا بۆ ئەم پرۆژەیە دانراوە، کاك حکمت فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا کاك سەرکەوت دکەم، و ئیزافەیەکەیش من هەی بەڕاستی، سەر پشنیاریا کاك سەرکەوت زێدە بکەم، ئەو ژێ ئەوە، ئەو خانوویە کو ژ لایێ حوکمەتا بەعسیا هاتنە رووخاندن، هەندەك خانیەت هەی هاتینە رووخاندن و پشتی هەنگی حکومەتی جیها واخانیەتە کرینە وەکی

حەدیقە ئـان جـیهەت عـام، ژ بەر هەنـدێ پێشـنیار دکەم کـو خـانیەت هـاتیە رووخانـدن وەکـو حوکمەتێ بۆ مەبەستەکا ترێ یەعنی عنوانی وە هاتیە گۆهـۆردن، بێـنە قەرەبـوو کـرن زەویەکـی بدەنی چونکو... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حکمت ئەوە لەناو مەرجەکان نییە، دواتر لە شوێنێکی تر جەنابت دەتوانی پێشـنیاری بـکەی، هیچ پەیوەندی بە مەرجەکانەوە نییە، دروستە بەڵام بۆ ئێرە نابێت، سوپاس، کاك سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن جیـا لەوەی کە پشـتگیری لە پێشـیارەکەی کـاك سـفین دەکەم، لە بـرگەی شەشـەم، بەپێـی مەفهـومی بـرگەی شەشـەم، کە دەڵـێ ناوەنـدی ناحییەکـان کەواتە بەس مەرکـزی ناحییەکـان دەگـرێتەوە، گونـد و کۆمەڵگـاکە نـاگرێتەوە، لە بـرگەی دووەم باسـی لەوە دەکرێـت کە بەپێـی ماستەر پلان بێت، ئەگەرە بەپێی ماستەر پـلان بێـت کۆمەڵێـك گونـد و کۆمەڵگا کەتـوونەتە نـاو ماستەر پلان، بۆیە حەقە ناوی گوند و کۆمەڵگاکانیش تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بەڵام کۆمەڵگاکـان زۆربەیـان نـاحیەن، و لەنـاو ماسـتەر پلانیشـن، بەس قـابیلە بۆئەوەی مناقشە بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ نمونە کۆمەڵگایەك وەك پیرزین، کۆمەڵێك گوندی لە چاردەورە وەك کەرك و زازا و کەلەکـین و ئەوانە گوندن، کەتینە ناو ماستەر پلانیشە و تجاوزی زۆری تیدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەلمی خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی لە قسـەکانی کـاك کـاروان و کـاك لقمـان و هەروەهـا سـەرچنار خـان دەکەم، و پێشنیارەکانی کاك عوسمانیش بکرێتە (١٨٠) ڕۆژ وە من پێشنیاردەکەم لە کۆتایی خـاڵی چـوارەم ماددەی دووەم کۆتـایی ئەوەی دەڵـی دوای (١٢٠) ڕۆژەکە، ئەگەر بکـرێتە (١٨٠) ڕۆژ لەکۆتـاییەکە بنووسرێت دوای ئەو وادەیە کار بە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٨ دەکرێـت، چـونکە ئەم یاسـایە بۆ ڕێگری کردنە لە زیادە ڕۆیی، پێم باشە لێرە بە ڕوونی بخرێتە ئێرە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەك هەبێت بۆ ئەو کەسانەش کە لە دوای ئەو وادەیە زیادەڕۆییەکان راگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) برگەی شەش کە دەڵێ بۆ پارێزگا دوو سەد مەتر زیاتر نەبێت بۆ قەزا (٢٥٠)م و بۆ ناحیەش (٣٠٠)م بێت، لە راستیدا هەندێك ناحییە هەیە ئێستا ژیانیان لەسەر کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، بە نمونە باسی ناحییەی سەر قەڵا بکەین ئەوان ئیشیان هەموو ئاژەلداری و زراعەتە ڕەنگە لە (٢٠٠)م ئەوانە نەتوانن ئەو کارە ئەیکەن ئێستا بکرێ، بە نمونە قەزای قەرەداغ ئەوان سەرقالی ئیشی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین، هەر لە ماددەی (٢) برگەی (٥) زیاتر نەبێ لەیەك پارچە زەوی، من وابزانم بۆ هەندێك ناحییە پارچە زەوی کەمە، یەعنی ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە هەندێك ناحییە ئێستا، بەڵی ناحییە، بەلام ئیشی زراعەت و کشتوکاڵی تێدا دەکرێ، من پێشنیار دەکەم بۆ قەزا (٣٥٠) م و بۆ ناحییەش بکرێتە (٥٠٠)م، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د. اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز د. اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینێکم هەنە، یەك/ ماددەی (٢) ( یەکەم) منیش لەگەل ئەوەم ئەو زیادە بکرێت کە خوشکا سەرچنار گۆتی یان نەخشەی وردەکاری شارەکە، چونکە زۆر جیگا هەنە ناکەونە ناو ماستەرپلانَدا، دوو/ ئەو بینایە بویتە خانی لەسەر زەویەکە دروستکراوە تەنها بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکاربهێت نە بەمەبەستی کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی، ئەمە روحی ئەو شتە تحقیق دەکا جەنابت وتی، ئەمە بۆ هاریکاری کردنە بۆ هەژاران، با کەس بەناوی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئەو شتانە بۆ نەکرێتن، ماددەی (٧) حەز دەکەم زیاد ببیت، بەم شێوەیە نابێت، کەسی زیادەرۆکار پێشتر لە دەولەت سوودمەند ببێت، هیچ مولکێکی تریشی نیشتەجێبوون بە ناوی نەبێتن، تا ئەوەش بێتە رێگا گرتن، چونکە مولکی هەیە و دەچی تجاوزیش دەکا سوودمەندە و تجاوزیش دەکان، واتە نە سوودمەند نە ئەوی مولکی هەیە، سوودمەند بن لەم قانوونە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس لەرووی شکلیەوە تێبینیەکم هەبوو، کاتی خۆشی ئاماژەم پێدابوو ئەو دوو مەرجەی ئاخیری پێنجەم و شەشەم، بکرێتە سێیەم و چوارەم، ئەوانی تریش ئۆتوماتیکیەن سێیەم و چوارەم دەبنە پێنجەم و شەشەم، پێموایە بەم شێوازە زیاتر دەگونجێت دارشتنەکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا مەلا خالد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی یەکەم لە ماددەی دووەم، پشتگیری پێشنیارەکەی گولستان خان و کاك حاجی سفین دەکەم کە گوندەکان زیاد بکرێن، چونکە ئەوانیش شوێنی نیشتەجێبوونن، ئەگەر ئێمە وانەکەین رەنگە تەئسیر بکاتە سەر ئاوەدانکردنەوە و ئاوەدانی گوندەکانمان، ئەمە کارێکی باش نابێت، لە برگەی دووەمدا پشتگیری رایەکەی کاك د. رێبوار دەکەم، هەم بینایانە بکرێتە خانوو لەڕووی زمانەوانییەوە، لە برگەی سێیەم ئێمە لە ماددەی پێشوتریشدا پشتگیری پێشنیارێکی کاك سەرکۆمان کرد، کە ئەوانەی واستەیان نەبووە خانووەکەیان لێ رووخێندراوە، لەکێدا جێی دەکەنەوە؟ لەو برگانەدا، لەم ماددەیەشدا کاك کاروان پێشنیاری کرد هەندێکیان رەنگە بە هەیکل بەجێماوە و هەندێکیان رووخێندراون لەمەدا شوێنی بکرێتەوە، چونکە رەنگە لەم برگەیەدا بتوانین شوێنی بکەینەوە، و ئەوانیش تێیدا سوودمەند ببن، سەبارەت بە ماوەکە ئێمە دەبێ حسابی ئەوە بکەین لۆدێکی زۆر دەخینە سەر یەکە کارگێرییەکان و شارەوانییەکانی پەیوەندیدار لەپاش دەرچوونی ئەم یاسایە، بۆیە (١٢٠) رۆژ یەکجار کەمە، بەرای من دەبێ ماوەکە زیاد بکرێت بۆ ئەم مەبەستە و پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك عوسمان دەکەم کە بکرێتە (١٨٠) رۆژ، لەهەمان برگەدا ئاماژە کراوە بەوەی لە دێری کۆتایی دەڵی برگەچوارەم، بەجۆرێك سەرجەم زانیاری و بەرنامەی پشت راستکردنەوەی خاوەندارییەتی لەخۆ بگرێت، ئایا خاوەندارییەتی مەبەستی لە چییە؟ خۆی ئەمە ئەم یاسایە دەردەکەین چونکە تەجاوزە و لە ئەصڵدا تەجاوزە کەواتە خاوەنی نییە، ئەگەر ئەم وشەییەی تێدابێت بەرای من دەبێت کە بگەڕێینەوە ئەوەی رەنگە کەسێك زەوی کشتوکاڵی هەبێت بە هەزار دۆنم، بە (١٠٠) دۆنم پارچە پارچەی کردبێت، تەنها ئەو ئەو بەلگەی لەلا بێت کە ئەو خاوەنیەتی، ئەو خەڵکە هەژارەی کە چووە زەویەکەی بەپارە کڕییوە، ئێستا خانووی لەسەر دروستکردووە لەو کاتەدا ئەو نابێتە بەڵگەیەکی خاوەندارییەتی، بۆیە پێم وایە ئەو وشەیە زیادە چونکە خۆی لە ئەصڵدا تەجاوزە، لە برگەی شەشەمدا باس لە رووبەرەکان دەکەین، (٢٠٠م، ٢٥٠م، ٣٠٠)م، من پێشنیار دەکەم لەم برگەیەدا بگەڕێینەوە ئەصڵی پێشنیازی یاساکەی پێشوو، کە باس لەوە دەکات تاوەکو (٥٠٠)م تاپۆ دەکرێت بەڵام باقییەکەی ئەگەر لە سەنتەری پارێزگاکان بوو(٢٠٠)م تاپۆ دەکرێت و ئەو باقییەی کە دەمینێتەوە تاوەکو (٥٠٠م، ٣٠٠)م بە سعری ئەو رۆژە بێت کە لە ناوچەکەدا هەیە، چونکە ناکرێت ئەگەر کەسێك ئێستا لە قەزایەکدا (٤٠٠)م ی تەجاوز کردبێت، (١٠٠)م چی لێ دەکەیت، بۆ ئەوەی ببێت بە داهاتی حکومەت، (٣٠٠)م بەو نرخەی دەستنیشانی دەکەین و (١٠٠)م بەو نرخە باقییە بێت کە نرخی رۆژەکەیە و نرخی خەملاندنەکەیە لە سنوورەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە بەداخەوە لە لیژنەكان هەندێك هەڵەی زمانەوانی زۆر دەبینرێ، ئەوەش لەسەر ئەساسی ئەوەیە كە تایبەتمەندی نەبووە، یان ئەو راویژكارە بەڕێزانە نەیانتوانییوە هەستن بە ئەدای كارەكانیان ئەوەیەك، دوو/ ....

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نابێت ئێمە قسە لەسەر یەكێك بكەین كە خۆی لەناو هۆڵەكە حزوری نییەو ناتوانیت دیفاع لە خۆی بكا، بەڕێزان راوێژكاران بەس ئێمە ماندوویان دەكەین ئیشیان پێ دەكەین، قسە لەسەر ماددەكە بكە بە دیاریكراوی.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باوەر بكە سەدان كەس تەشهیری پێ كردووین بەس لەسەر بەروار و مێژوو، یەعنی هەندێ شت هەیە با ئێمە راستیان بكەینەوە، ماددەی (٢) فەقەرەی دووەم كە باس دەكا عەفوو بەشی دووەمی كە دەفەرموو بە نیشتەجێبوون، وەك كاك جەلال باسی كرد ئەگەر هاتوو دووكانێكی هەژاری بوو، یان ماركێتێكی بچووك خۆی دروستی كردبوو، یان ئەو گوندانەی كەوا لە نزیك شارن تەجاوز نییە، بۆ ئێمە پارەییان لێ وەرگرین و بەناوییان بكەین، بۆ نمونە معەسكەری ئیرە مقفر رەشكین هەیە لەناو شارە، ئەگەر بەیانی كورێك لەگەل بابی خانوویەكی كردووە بۆ حسابی تەجاوزی بۆ بكرێ و پارەی لێ بستێندرێ و بەناوی بكرێ، ئەگەر وشەی تەجاوز بكرێت بە بەكارهێنانی زەوییەكە پێموایە گونجاو تر دەبێ و، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز شارەوانی و گەشتوگوزار كاك ساسان دەكەین، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز د. ڤالا وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەكانی كاك عوسمان و كاك كاروان و كاك لوقمان و خاتوو سلمی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جەودەت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستییدا پێشنیار و داواکاری جوان کران، پشتگیری لە زۆربەییان دەکەم، بەڵام هەوڵ ئەدەم پشتگیری لەوانە بکەم کە دووانن، بۆ ئەوەی ببەن بە (٣) دەرئەنجام جێگیر بکرێن لە راپۆرتی داهاتوو و بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، سەبارەت بە ماددەی (٢) برگەی یەکەم کە باس لە ماستەر پلان دەکا، ئەو ئیزافەیە کە داواکرا تەبعەن داخوازییەکان بەتایبەت هی مامۆستا هلز و سەرچنار خان و د. ڕێبوار لەگەڵ د. ئیسماعیل پشتگیری دەکەم، بەو شێوەیەی کە باسیان کرد، مەسەلەی ماستەر پلان ئەگەر نەبێت بەدیلەکەی نەخشەی وردەکاری، بەڵام نەخشەی وردەکاری کە واقع حالی ئەو شوێنەیە ئێستا بۆ نمونە هەلەبجە ماستەر پلانی نییە، ئاکرێ ماستەر پلانی نییە، ئیستناد دەکرێبۆ نەخشەی وردەکاری، نەخشی وردەکاری باسی موستقبەلی تییا نییە، یەعنی پلان نییە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوەی بۆ زیاد بکەین کە بڵێین یەعنی برگەی یەکەم ئەگەر شوێنێك ماستەر پلانی نەبوو ئەوا نەخشەی وردەکاری بۆ بەکاردێت تا ماستەر پلانەکەی تەواو دەبێت، یەعنی هەر دەبێ ئیلزامی بکەین بەوەی کە ماستەر پلانی تەواو بێت لە کاتی خۆی، سەبارەت بەم یاسایە من تەئییدی قسەکەی جەنابت دەکەم، ئەگەر وریا نەبین ئەم یاسایە ڕێك مەقصدی پێچەوانە دروست دەکا و پشتگیری ئەوانە دەکا کە زێدەڕۆییان کردووە و بە باخ و ئەرزی زۆرییان داگیر کردووە، ئێستا بەم یاساییە ئەگەر وریا نەبین بکرێ بەناوییانەوە بەو مەساحاتانەی کە باس کراوە، بۆیە لە برگەی دووەم با وای لێبێت کە ئەو خانووەی لەسەر زەوییەك دروستکراوە تەنها بەمەبەستی نیشتەجێبوون حەصری بکەین بە نیشتەجێبوون، نەك کشتوکاڵی و پیشەسازی و بازرگانی بەکاربهێنەدرێت، یەعنی ئەمە ئیتر ڕێگری دەکا کە ئەم یاساییە کە مەقصدەکەی روحەکەی بۆ چارەسەری ناچاری زیدەرۆیی بۆ نیشتەجێبوونە ئەوە ئەهێنێتە دی، وە بۆ ئەوەی ئەم یاسایەش نەبێتە مایەی زیادە مولکی هەندێك کەس کە دەوڵەمەند ئەبن پێی، لەبری ئەوەی کە ئێمە کێشەی نیشتەجێبوون و ناچاری بۆ زێدەڕۆیی چارەسەر بکەین، پێویستە ئەوە بکەینە برگەی حەوتەم کە ئیزافە بکەین بەبڕوای من، کە بڵێین نابێت کەسی زێدەڕۆکار پێشتر سوودمەند بووبێت لە دەوڵەت، وە هیچ موڵکێکی تری نیشتەجێبوونی بەناو نەبێت، چونکە ئەگەر ئەمە بکەین، ئەو کاتە زەمانەتی ئەوە دەکەین کە ئەمە بۆ دەوڵەمەندبوون بەکار نایەت، بەڵام ئەگەر ئەمە نەکەین ئەوکات تەبیعی دەبێ کە کەسێك بڕوات زەویەکی زێدەڕۆ داگیر بکات وە دەرئەنجام ئیزافەی بکات بۆ موڵکەکانی خۆی بەپێچەوانەی روحی ئەم یاساییە بۆ زێدەڕۆیی ناچاری بۆ هەژار و کەم دەستەکانە دەمانەوی بەکاری بیهنین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانی من کرا، بۆیە پشتیوانی لە پێشنیاری کاك عوسمان و کاك کاروان و کاك لوقمان و کاك مەلا ناسر وسەلما خان دەکەم بە نسبەت ئەو ڕایەی کە بەسەبارەت بە ماستەرپلانی شارەکان من پێشنیار دەکەم کەمەرجی ماستەرپلان لابرێ لە زیادەڕۆیەکان لەبەر ئەوەی زۆربەی زیادەڕۆیەکان لە کاتێکدا کراون کە شارەکان ماستەر پلانیان نەبوە یاخود تا ئێستاش نیانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك موسلیم، لێرە نییە، بەڵێ کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ئەو بابەتەی کە ویستم باس کرا و پشتیوانیشی هەیە بۆیە سوپاستان دەکەم تەنها دەمەوێ یەك ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەسەر وەکو لیژنەی یاسای لەسەر ئەو ماوەی کە هەندێك لە برا بابلێن ئەندام بەڕێزەکان پێییان کەم بوو سەد و بیست ڕۆژ دەمەوێ تەنیا ئەوا ئاگاداربن ئەو سەدو بیست ڕۆژە تەنها بۆ تەقدیم کردنی تەلەبە، واتا داواکارەکە پێشکەش ئەکەی لەماددەی نۆیی ئەم یاسایە ئاماژەی پێدراوە کە تا ماوەی سێ (٣) ساڵ دەتوانیت یەعنی کە تەلەبەکەت تەقدیم کرد تا ماوەی سێ (٣) ساڵ دەتوانیت کە بۆت گونجا پارەکە واصل بکەی و ئەو پارەیەی کە دەکەوێتە سەرت، بۆیە ئەگەر ئامانج لە درێژکردنەوەی سەد و بیست ڕۆژەکە ئەوەیە لۆدی یا بارگرانی دارایی نەکەوێتە سەر ئەو کەسانەی ئەم زیادەڕۆیانەی کردوە ئەوا چارەسەری کردووە ماددەی نۆ، بۆیە تکا دەکەین تۆزێك بە دیقەتر لەگەل ڕێزم بخوێنێرێتەوە شتێك نەوترێت کە لەماددەکانی دواتر ئاماژەی پێدراوە و هەروەها لە ماددەی پێنجیش ئەو بابەتە معالەجە کراوە کە برای بەڕێزم کاك زانا باسی کرد سەد مەتر ئیزافە بکرێت سەد مەتر ئیزافە کرا بە سعری ڕۆژ پێیان دەفرۆشێ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مم فەرموون، بەس نەڵێی بۆچی ئاخیر کەسم، چونکە هەموو ماددەکان دەرفەتت دەدەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی پێش ئەوە تەوزیحێك ئەدەم هیوادارم جوێم لێ بگرن، یەعنی دوای جوابم دەیتەوە، یەکەمییان هیچ ئەندامێکی پەرلەمان وبەدەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆی نییە پەیرەو پێشێل بکات، ماددەی پەیڕەوی هەیە، نوقتەی پەیرەویمان هەیە، یەعنی لە ماددەی پەنجاو چوار خاڵی سێیەم تەکید لە ئەوە کراو بەپێی ڕیزبەند پەرلەمانتار قسە بکات، هیچ ئەگەر

ئەم مـاددەیە ڕێـزی نـاگیری بـا ئەمە هەمـوار بکـرێتەوە و لابرێـت و حـیکمەت لەم مـاددەیە لە چییایە لەم بڕگەیە لەوەی کە پەرلەمانتارێك پێشنیازێك ئەخاتە روو رێکەوتنێك لەگەڵ کۆمەلێك پەرلەمانتـار ئەکـات بـۆ پشـتیوانی لە پێشـنیازەکەی بکرێـت و دواتـر خزمەتـی پـرۆژە یاسـایەکە بکرێت و، کاتێك من دەست هەڵئەگرم و بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئیشارەتی بـۆ ئەکەمەوە بەڵـێ زیاد لە بیست پەرلەمانتار لە پـێش مـنەوە قسـە ئەکـات، ئەمە رێـز نەگرتنـی پەیـڕەوی نـاوخۆیە، هیوادارم دووبارە نەبێتەوە وجەنابت سـەرۆکی پەرلەمانیـت ئەبێـت پاسـەوانی پەیـڕەو بیـت لە پـێش ئـێمە ئەوە یەك، دوو هەر لەنـاو پەیـرەوا تەئکیـد لەوە کـراوە پەرلەمانتـار چـۆن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان قسە بکا، یەعنی پێم سەیرە هەنـدێك ئەڵێن دکتـۆرە، یەعنـی لەنـاو پەیـرەوا بزانە وازحە کە چۆن لەگەڵ سەرۆکی پەلەمان قسە ئەکرێ و، یەکێك ئەلـێ سـەرۆکی پەرلەمـان، یەکێك هەر ناوت ناهێنێ، یەکێك ئەڵێت خوشکی بەرێز، ئەم مەسەلانە بۆ نـاو موئەسەسـەیەکی گەورەی پەرلەمانی پێویست ئەکات بە هەنـد وەربگیرێـت ئەوە تەوزیحێکـی مـنە، ومـن بـا بـێمە سەر ئەوەی کە پەیوەندیـدارە بەم مـاددەیەی ئەم یاسـاییە تکایە ئەم مـاددەیەی ئەم یاسـایە کە پەیوەندارە بە ماددەی دووەمیـان مـن پێشـنیازی زۆرم هەیە بـۆ هاورێیـانم لە لیـژنەی کاروبـاری یاسایی و هاورێیان لە لیژنەی شارەوانی، تکایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان هێمنی هۆلەکەی بـێ بۆ ئەوەی بگات مەفهومەکە، مەسەلەیەك هەیە هەندێك هاورێ باسیان کـرد مـن پشـتیوانی لەوە ئەکەم مەسەلەی خاوەن بە خاوەن کردنی لەگەڵ خاوەنـداریەتی زۆر فەرقـی هەیە مولکـایەیتیە تەملیکە، یەعنی ئەوە مەسەلەی خاوەندارییەتیەکە هاورێیانەم ئەم مەسەلەیە هیوادارم تەبعەن لەمەرجەکانی بە خاوەنـدارییەتی کـردن ئەوە بەو شـێوەیە ئەگەر پێشـنیازەکەم جێگیـر بکرێـت، دیسانەوە لەناو ئەم برگانەیەکەشە زیادەرۆی هاتووە لە کاتێکدا زێدەرۆیی تەئکیدی لێدەکەمەوە موبالەغەیە، زێدەڕۆییە مەسەلەی تەجاوز بـرگەی یەکەمییـان پێشـنیازم هەیە بـۆ هاورێیـان بەم شـێوەیەی لێبکرێـت خـانوو: خـانووە زێـدەرۆکە نەك زێـدەرۆییەکە خـانوو زێـدەرۆکە بگـرێتە سنووری شارەوانییەکان ولەو ناوچانە بێت کە بە پێـی ماسـتەرپلان بـۆ نیشـتەجێبوون تەرخـان کراون پێویست بە شارەکان ناکا ماستەرپلانی نـاوچە وقەزا هەر ماسـتەرپلان، یەعنـی شـارەکان لابرێـت کـافییە، دووەمیـان پێشـنیازەکەم بەم شـێوەیە لێبکرێـت ئەو بینـاییەی لسـەر زەویەکە دروستکراوە و بۆ مەبەسـتی نیشـتەجێبوون بەکـار بهێنـدرێت نـا بـۆ مەبەسـتی نیشـتەجێبوونی زێدەرۆکار بەکار بهێندرێت، وەکو باسمان کرد پێویست ئەکا لە ماددەی یەکمدا روون ئەکـرێتەوە کە زێـدەرۆکان کـێن کە ئەیڵـێ بـۆ مەبەسـتی نیشـتەجێبوون یەعنـی ئەو کەسـەی کە تجـاوزی کردووە بە کاربهێنرێت، سێیەمیان: ئەو کەسەی بە کردارەکـی نیشـتەجێ و خـانووبەرەوەیە و بە زێدەڕۆی دروستکراوە هەموو ئەمانە زیادە پێویسـتە ناکـات لەبەرئەوەی وەکـو وتمـان لە بـرگەی یەکەمـدا پێناسـەی زێـدەڕۆکار ئەکرێـت، بـۆیە بوترێـت سـێیەم زێـدەرۆکار یـان میراتگـرە شەرعییەکان یان ئەوانەی بە حوکمی یاسـا بە بەخێوکردنیـان راسـپێردراوە داوایەکـی نووسـراو پێشکەش بکەن بۆ خاوەنـداریەتی کـردن پێشـکەش بـکەن خاوەنـداریەتی کـردن ئـزافە بکرێـت، چوارەم داواکـارییەکە بە پێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـاییە لە مـاوەیەك ئەوە سـەدو بیسـت رۆژ لە

ڕێکەوتی بە کاربوونی ئەم یاسایيە تێپەر نەکات ئاراستەی سەرۆکی کارگێری ئەکرێت بە جۆرێك بە جۆرێك مەفهوم نییە ئەمە ووشەیەکی هەلەیە هاتووەتە ناو زمانی کوردی بە جۆرێك یەعنی چی؟ بە جۆرێك سەرجەم زانیارییەکان کەواتا باسی ژن و ژن خوازی زۆر زانیاری هەیە پێویست ناکات، بۆیە بوترێت کارگێری بکرێت زانیاری و بەڵگەنامەی ووشەیەك هاتووە ناو فەرهەنگی کوردییەوە پشت راستدەکاتەوە لە ناو رۆژنامەگەری هاتووە ئەمە وشەییەکی راست نییە بۆیە ئەبێت بوترێت زانیاری و بەڵگەنامەی سەلمێنراو (مصدق) سەلمێنراوی خاوەنداریەتی لە خۆوەو بگرێت پێنجەمیان: نابێت خاوەنداریەتی ئـزافە بکرێت نابێت خاوەنداریێتی زیاد لەیەك پارچە زەوی بکرێت بە خاوەنەکە لا ئەبرێت خاوەنداریەتی بێتە پێشەوە بۆ کەسی داواکار یان بۆ کەسی زیادەرۆ کە لە پێناسەی یەکەمی بۆ کراوە لە ماددەی یەکەمدا،شەشەم: مەرجە ڕووبەری زەوی بۆ خاوەندارییەتی نەك خاوەنکراو زیاتر نەبێت لە دووسەد مەتر دوجا و بەم شێوەییە بمینێتەوە و زۆر سوپاس..

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس ئێستا دەرفەتتان دەدەم بەرێز کاك مەم سی و حەوت ئەندامی پەرلەمان (٣٧) دەستی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەوەی لەسەر یەك ماددە قسە بکات هەر سی و حەوتەکەشی خۆ من لەناو دلتانا نییم رەنگە پێشنیاری زۆر زۆر باشییان هەبێت سەبارەت بە ماددەکە عەرزی بکەن هیچ ئالیەتێکیش نییە بۆ ئەوەی هەر سی و حەوتەکە دەرفەتی بدرێتێ یەکەم کەس قسە بکات ئەندامی بەرێزی پەرلەمان هەیە خەڵکی یەعنی نەشیتە اهتمامی پێداوا مەجالی ئیختصیصاتی زیاتر لە ئەندامێکی تر داوای دەرفەت ئەکات، ئەندامی پەرلەمان هەیە دەیەوێ لە یەك ماددە قسە بکات ئەو بەرێزانەی کە لە هەموو ماددەکان دەیانەوێ قسە بکەن هەندێك جار لە رووی نازەوە ئەخەمە ئەخیر تەسەور ئەکەم لێمی قبول بکەن بە گەورەیی خۆتان لەبەر ئەوەی رەفیقێکی ترتان دەرفەت وەربگرێت کە یەکەم جاریەتی لەسەر پرۆژەکە بەگشتی قسە بکا، خۆزگە بمتوانایە هەر سی و حەوتەکەتان دەرفەتم بدانایە یەکەم کەس بونایە، بەلاّم ئەمە مەسەلەیەکی رەقەمییە نە بەدەست منە نە بە دەست هیچ کەسێکی ترە، ئەو قسانەی جەنابت دەیکەی زۆربەیان لەرووی زمانەوانییەوە دروستە رەنگە اصلا پێویست نەبێت سێ کەس پشتیوانیت بکات دەتوانی بینێری بۆ لیژنە ئەوان دەسەلاّتێکیان هەیە لەوەی لە ئیعادەکردنی صیاغەیە لە جیاتی خانووبەرە بنووسن خانوو لە جیاتی زێدەرۆکار بنوسن زێدەرۆ ئەگەر هیچ کەسێکیش پشتگیریت نەکردبێت و ئەگەر سەلمێندرا لەرووی زمانەوانییەوە قسەکانی جەنابتان دروستە، ئێستا دەرفەت دەدەین بە لیژنە تایبەتمەندیەکان سەبارەت بە قسەکانی جەنابتان لە ماددەی دووەم قسەی خۆیان بکەن، دوای ئەوە پشووەکەمان وەردەگرین هەتاوەکو سەعات سێ (٣) فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەئکید لەسەر قسەکانی کاك مەم بۆ دڵنیا بوون بۆ ئەندام پەرلەمانەی کە ڕێزبەندی دەکەوێتە کۆتایی دواتر ئەندام پەرلەمان لە دوای ئەو قسەی ناکات تا پشتگیری لە قسەکانی ئەو بکات ماددەی نۆوەت و یەك (٩١) برگەی سێییەم بە وازحی دەڵێت ئەو حەقەی ئەندام پەرلەمانی کۆتایی قسە دەکات حەقی پارێزراوە دەڵێت لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێوسیتە ئەو رایەی دەخرێتە دەنگدان بە لایەنی کەم سێ ئەندام پشگیری رایەکە بکات جگە لەو دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ڕێزبەندی کۆتایی یەعنی دڵنیابن هەر ئەندامێك کە بکەوێتە کۆتایی بە هەند وەردەگرین بە پێی پەیرەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس لیژنەی شارەوانی قسەیەکتان نییە؟.

**بەڕێز هاوری بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس هەموو ئەو پێشنیارانەی کە کراوە پشتیوانی کراون، ئێمە لە لیژنەکەمان هەوڵ ئەدەین جێگای بکەین لە پرۆژە یاساکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا پشوویەك وەردەگرین بۆ ماوەی یەك کاتژمێر هەتا سەعات سێ لێرە دەبین.

دوای پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی، بفەرموون بە خوێندنەوەی ماددەی (٣) یەمی پێشنیازەکە فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم/ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ئەندامێتی لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ و داد پێك دەهێنرێ، بەمەبەستی دیراسەت کردنی داواکاریەکان و دڵنیا بوون لە هاتنەدی مەرجەکانی پێویست بۆ بە خاوەن کردن، لیژنە بۆی هەیە لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندارەکان پێك بهێنێ و بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە تەکنیکیە پێویستیەکان.

دووەم/ بەهای ئەو زەویانەی زێدەڕەویان لەسەر کراوە بە خانووبەرەی نیشتەجێ بوون نرخەکانیان بەم شێوەیە دیاری دەکرێن:

١/ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت بە نرخێك لە نێوان (١٥ هەزار دینار بۆ ٣٠ هەزار دینار) بۆ یەك مەتری دووجا لە ناوەندی پارێزگاکان، (١٠ هەزار بۆ ٢٠ هەزار دینار) بۆ یەك مەتری دووجا لە قەزاکان و (٥ هەزار بۆ ١٠ هەزار دینار) بۆ یەك مەتری دووجا لە ناحیەکان دەخەملێنرێت.

٢/بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ٥٠%ی بەهای راستەقینەی زەویەکە لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەملێنرێت.

٣/لەحاڵەتی ڕوودانی زێدەڕەوی لەسەر ئەو زەویانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیانگرێتەوە، سەرەتا زەویەکان و موڵکایەتیان هەڵدەوەشێتەوە حەل، دواتر بە پێ ی یاسای بەخاوەنکردنی زەویە میریەکانی ناو سنووری شارەوانیەکان ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٧٠ ی بەکار لە هەرێم بەناوی شارەوانیەکان تۆمار دەکرێن، بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕەوی لەسەر بەشێکی ئەم زەویانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە ئەوا ئەو بەشەی بە قانون زێدەرۆیی لە سەر کراوە ئیفراز دەکرێن بە مەبەستی بە خاوەن کردنی بۆ زێدەڕۆکار لەدوای تۆمارکردنی بەناوی شارەوانی پەیوەندار لە چوارچێوەی هەمان رێکار لەسەر ئەوە ئاماژەی پێکراوە.

٤/شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بەخاوەن کردن رەد بکاتەوە و ئەگەر شوێنی خانووبەرە سەرپێچی بێ بۆ مماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی و وردەکاریەکانی زێدەڕەویەکە لەسەر تێچووی زێدەڕۆیی بەرکار لادەبرێت، مافی هەیە رەفتار بە پاشماوەکان بکات شارەوانی لە شوێنێکی نیشتەجێ بە پارچە زەویەك ڕووبەری لە ٢٠٠ مەتر دووجا زیاتر نەبێ، بە بێ بەرامبەر قەرەبووی زیادەرۆکار دەکات، ئەگەر زیادەرۆکار پێشتر سوودمەند بووبێ ئەوا بە نرخەکانی دیاری کراو لە ماددەی سێیەم برگەی دووەم/٢ لەم یاسایە قەرەبوو دەکرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون، بەڕێزان، کاك هاوڕێ، د.محی الدین، د.شێرکۆ، د.کاقم، د.اسماعیل، کاك سیپان، کاك دیاری، کاك کاوە، موژدە خان، سەرچنار خان، کاك مەم، کاك بەڵێن کاك جمال، ئاشنا خان، کاك بالأنبۆ، سلمی خان، کاك مەلا عوسمان، کاك زیاد، کاك لوقمان، کاك عوسمان سێدەری، کاك شاخەوان، کاك گۆران، د. شایان، شیرین خان، گولستان خان، کاك هێرش، کاك کاروان و کاك سەرکۆ، کاك سەروان، کاك بهجت، د.ڕێبوار، کاك حکمت، کاك شوان، کاك بەختیار، کاك عزیز سفین، د.گەلاوێژ، گولیزار خان، کاك مەم، کاك مەلا ئیحسان، کاك هێڤیدار، کاك زانا، مەلا وەیسی، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم لە برگەی یەکەم، بەم شێوازەی ئێستا ئەوەی کە ئێمە دامانڕشتووتەوە، ..... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت وەکو سەرۆکی لیژنە قسە دەکەی یان وەکو ئەندام؟ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەندام پێشنیارم دەبێ، لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگا یان سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ئەندامێتی لایەن پەیوەندارەکان لە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەت دارایی و کشتوکاڵ و داد پێك دەهێنرێ، ئەوەی کە من مەبەستمە تا ئێرە دەیخوێنمەوە، ئێمە ئەبێ لێرە دیاری بکەین ئایا بە نموونە ئەگەر قەزایەك وە ربگرین کە لایەنی سەرەوەی (٢٠) هەزارەو خوارەوەی بلێین دە هەزارە ئایا ئەم لیژنە کامیان لەم کەسانەی کە لە لیژنەکانن دەسەڵاتیان دەبێ نرخەکە دیاری بکەن، بە نموونە لە گەڕەکێك وا ئەخوازێ کە مەترێکی بە (٢٠) هەزار بدرێ، ئەگەر لە قەزایەك باس بکەین لە گەڕەکێکی تر ڕەنگە وا بخوازێ (١٢) هەزار مەترێکی پێ بدرێ، ئایا کێ ئەم دەسەڵاتەی دەبێ، من پێشنیار دەکەم کە ئێستا هەوڵ بدەین لایەنێك دیاری بکرێ، یەعنی دەسەڵاتەکە بە لایەنێك بدەین، بە نموونە دەتوانین ئەو دەسەڵاتە لە شارەوانی بدەین، کە کەسی مەعنی تیایە بەو پرۆسەیە، لە دوای لە بڕگەی دووەم کە زۆر لە خوشك و برایان ئیشارەیان بەوەدا کە ئێمە لە نرخەکان دا لە کەسوکاری شەهیدی سەربەرز و ئەنفالکراو و پێشمەرگە و ئەوانە، ئێمە بتوانین هیچ پارەیەکیان لێ وەرنەگرین، بۆیە ئێستا ئەگەر هەر پێشنیارێك کرابێ، ئێستا دەتوانین پێشنیارەکان جێ بکەینەوە لە بڕگەیەك لە ماددەی سێیەم دا تەبعەن، بەهەمان شێوە پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ماددەی (٣) کە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ببەخشرێن لەو پارەیەی کە لەم یاسایە دەیانگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من پێشنیار دەکەم لە خاڵی یەکەم بڕگەی دووەم ماددەی سێیەم گۆڕانکاری تێدا بکرێ، لە جیاتی دیاری کردنی بڕی (٥) هەزار دینار و (١٠) هەزار دینار بکرێتە ڕێژەی (%)٥ زیاتر نەبێ لە ٢٠% ی نرخی ڕاستەقینەی شوێنەکە، بۆ ئەوەی زیاتر دادپەروەری تێدا جێ بەجێ بکرێت و بۆ نموونە ناکرێ هەمان مامەڵە لەگەڵ قەزای سۆران و قەزای چۆمان بکرێت، چونکە جیاوازییەکی یەکجار زۆر لەنێوان نرخی ڕاستەقینەی شوێنەکان هەیە، نموونەی زیاتریش هەن ئەگەر باسی بکەین، بۆ نموونە نرخی پارچە زەویەك لە کەسنەزان کە ناحیەیە زیاتر لە (٤٠) هەزار دۆلار دەکات و لە ناحیەی دێگەڵە کە بە ناحیەی شۆرش ناسراوە (٢) هەزار دۆلار دەکات، چۆن دەکرێت هەمان بڕە پارە لە هەردووکیان وەرگیرێ من پێمواية ئەگەر نسبەکە نەکرێتە ڕێژەی (%) لەوانەیە ئێمە لەڕووی جێ بەجێ کردنەوە تووشی کێشە ببین و خەڵك بە پیر یاساکەوە نەیەتن و ببێتە ئەوەی کە ئەوەی سوودمەندە زوو بێت بەشداری دەکات و ئەوەی سوودمەند

نەبێ، ئەگەر نرخەکەی ئەگەر وەك خۆی بێ لەوانەیە بە پیر یاسایەکەوە نەیەن، ئەوەش دەبێتە هەمان کێشەی کە ئێستا وەکو واقع حال هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو ئەوەی ئاماژەمان پێیدا ئەم یاسایە بۆ سووك کردنی شانی خەڵکی فەقیر و کەم دەرامەتە، لەبەرئەوە ئێمە پێشنیاز دەکەین ئەو نرخانەی کە لێرە دانراون کە زێدەرۆکار بسەندرێ، بێگومان لەوەی کە عەدالەتی تیا نییە لە بەینی شوێنێك بۆ شوێنێك پێویست دەکا بە نیسبە دیاری بکرێ کە ڕێژەی لەسەردا چەندە خاوەنی ئەوەی زێدەرۆییەکەی کردووە وەردەگیرێ، بۆ ئەوەی کە بە پێی کاری ڕۆژ لەهەموو مەنتیقەیەك دا بە پێی ئەو نرخەی کە لەسەر پارچە زەویەکە یان لەسەر خانووەکە هەیە دیاری بکرێ، ئێمە خۆشمان دەزانین لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا خەڵکی هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی دارایی سەخت دا تێپەڕیوە ئەوانە چینێکی فەقیر و هەژارن، بۆیە پێشنیاز دەکەم بە ڕێژەی (١٥%) بۆ هەموو وەرگرتنەوەی پارە لێیان، ئەوە یەك، دوو/ لەڕاستی دا لە نیسبەکەش پێویست دەکا کە لیژنەی ئیختساسی ئەوەی کە دادەنرێ لە وەزارەتەکان دا دەسەڵاتیان هەبێ کە تایبەتمەندێتی شوێنەکان لەبەرچاو بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پێشنیارەك مە هەنە لسەر ماددێ (٣) بڕگا (٢)، بێژیتن بەهای ئەو زەویانەی زێدەرۆییان لەسەر کراوە بە خانووبەرەی نیشتەجێ بوونەکانیان بە شێوەیەك دیاری دەکرێ، یەعنی لە (٣٠ هەزار و ١٥ هەزارە) لە سەنتەری پارێزگەها، (٢٠هەزار بۆ ١٠ هەزارە) لە قەزا (١٠ هەزار بۆ ٥ هەزار) لە ناحیا، ئەز پێشنیار دکەم ژ بەر هەندێ کو پتر عەدالەت و دادپەروەری تێدا هەبیتن، نرخی ڕاستەقینەی هەر مەترەکا دووجا ل کێرێ بیتن، مەسەلەن ناڤ سەنتەرێ باژێردا ناڤ سەنتەرێ پارێزگادا، گەرەك ژی گەرەکی فەرقیا هەی، جهەکێ هەی میترا دووجایا عەرد هەرزانە وجهەکی هەی گرانە، بۆ هەندێ کو ئەوێ گرانە پارەیێ خۆی گران بدا، بۆ هەندێ کویا هەرزان بیت بشێ پارێ خۆ هەرزان بدات، عەدالەت تێدا هەبیتن، پێشنیار دکەین کو ڕێژا (١٥%) ژ نرخێ ڕاستەقینەیا میترا دووجا ل پارێزگەها و قەزا و ناحیا یەعنی ئەڤ ئەسعارێت هاتینە دانان د خالا دووهێ و ئێك و دوویدا هەمی بینە لادان و ببیتە ڕێژەیی کو (١٥%) بیت هەروەکی کاك شوان ژی بەحس کری، پێشنیاری دکەم ماددا یەکێ وەکی خۆی بمینێ ژ بەر هەندێ کو بشن ڤی

میکانیزما ئالیەتی ئەڤ لیژنەیێ هاتیە دانـان بمینـن دا بشـینە ڤـێ ریـژا راسـتەقینە یـا سـعریێ لە هەمی پارێزگا و قەزا و ناحیا جێ بەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خـاڵی دووەمـی مـاددەکە دا ئەو کەسـانەی کە سـوودمەند بـوون لە دەوڵەت لەلایەن لیـژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی سەدا پەنجای بەهای راستەقینە من پێشنیار دەکەم لێرەدا بڕگەیەك جێ بهێڵدرێ کە بکرێتەوە کە تایبەت بێ بەو خانووانەی کە زەویەکانیان بازرگانییە، چـونکە لەوانەیە هەر لە ناوچەیەك لە ناوچەکان سەیر بکەی خانوویەك لەسەر جادەیەکی دوو ساید و زەوییەکـی تیجاری بێ تاوانە، ئەگەر وەکو کەسێك سـەیری بکەیـن کە بەشـی پشـتەوەی گەرەکەکە دابـێ و یەك نرخ و یەك پارە بدا، لەهەمـان کاتـدا جگە لەوەی کە نیشـتەجێ ی نـاو خـانووەکەیە دەبێـتە سەرچاوەی داهات بۆی، پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بەو جۆرە بێ، یاخود لەهەر جێگەیەکـی تـر جـێگەی بکـرێتەوە، بـۆ ئەو کەسـانەی کە سـوودمەند بـوون لە دەوڵەت یـان ئەو خـانووانەی کە زەویەکانیـان بازرگـانین لەلایەن لیـژنەی تایبەتمەنـدەوە بە نرخـی ٥٠% ی بەهـای راسـتەقینەی زەویەکەی لەسەر بێ لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەملێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سـوپاس، قسـەکانم کـرا بـۆ پشـتگیری تەواوی کـاك بەڵـێن دەکەم، بەڵام لە مـاددەی ٣ خـاڵی یەکەم دا ئەو لیژنەیەی کە تەشکیل دەکرێ مـن پـێم باشـە خەبیرێکـی ئەهلیشـی بـۆ زیـاد بکـرێ، خەبیرە ئەهلیەکان زیاتر ئەوانەی کە لە نووسینگەکان و ئەوانە ئیش دەکەن لەوە دەچـێ دەقیـق تر بن و وردتر بن لە دیاری کردنی نرخەکان دا زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم، پێشنیار دەکەم کە بەو شێوەیە بـێ، ئەو کەسـانەی کە سـوودمەند نەبـوونە لە دەوڵەت بە نرخـێ لە نێـوان (١٥ هەزار بـۆ ٢٠ هەزار دینـار) ی عێراقـی بـۆ یەك مەتـر دووجا لە ناوەنـدی پارێزگـا، (١٠ هەزار بـۆ ١٥ هەزار) دینـاری عێراقـی بـۆ یەك مەتـر دووجـا بـۆ قەزاکان، (٥ هەزار بۆ ١٠ هەزار) دیناری عێراقی بۆ یەك مەتری دووجا لە ناحیەکان دەخەملێندرێ،

دووەم/ بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ٣٠% بەهای راستەقینەی زەویەکە لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەملێنرێت، هەروەها برگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێ بەم شێوەیە، هەموو ئەو برە پارەیەی لە خاڵەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی سێیەم برگەی دووەم باسکراوە پێویستە زیادەرۆکار بە شێوەی قستی مانگانە لە ماوەی (١٢) مانگ بیدات بە حکومەت، دووەم/ ئەگەر کەسی زیادەرۆکار فەرمانبەر بوو لە یەکێ لە دامودەزگاکانی حکومەت دەتوانێ ئەو برە پارەیە لە برگەی دووەمی ئەم ماددەیە دیاری کراوە لە پاشەکەوتی مووچەکەی ببڕێ، سێیەم/ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و پێشمەرگە قارەمانەکان و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەموو ئەو برە پارەیە دەبەخشرێ کە لە برگەی دووەمی ئەم ماددەیە دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو تێبینیەم هەبوو لە ماددەی سێیەم خاڵی یەکەم باسی ئەو برە پارەیە دەکات وەکو (١٥ بۆ ٣٠ و ٥ بۆ ١٠ هەزار) من پێموایە ناعەدالەتیەك ڕوودەدا ئەگەر ئەو پارەیە دەست نیشان بکرێ، هەروەك برادەران ئاماژەیان بەوە کرد کە لە هەمان شوێن نرخەکانی زەوی جیاوازە مەسەلەن لە گەڕەکێك بۆ گەڕەکێکی تر جیاوازە، بۆیە بە بۆچوونی من دەبێ ئەم ڕێژەیە بە پێی نرخی شوێنەکە بێت و پشتگیری لە پێشنیاری کاك بهجت و کاك شوان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز بەختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسا من کرا من دگەل پێشنیاز و ئیقتراحێ کاك بهجت و کاك شوانم، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سەفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ خاڵی دووەم، یەکەم، بە نیسبەت نرخەکان و نرخی زەویەکان شوێن بۆ شوێن فەرقی زۆرە، من پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی موختەس پێك بێت بۆ تەخمینی زەوییەکە بە گوێرەی شوێن نرخی بۆ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری وتەکانی بەڕێز کاك بەڵێن دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم برگەی یەکەم بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت بە نرخێك لە نێوان (١٥ هەزار بۆ ٣٠ هەزار) دینار ئێمە پێشنیاز دەکەین بکرێت بە (١٠ هەزار بۆ ٢٠ هەزار) دینار لەبەرئەوە بە بۆچوونی من ناو سەنتەرەکان کەمترە تەجاوزاتی تیا نەماوە، بەڵام تۆ حسابی سلێمانی بکە دۆڵەڕوو بکە و حسابی هەولێریش دەوروبەرەکەی بکە هەمووی خەڵکی هەژارنشینن بۆ ئەوەی ئەوانەی سوودی زیاتری لێ وەربگرن، هەروەها بڕیارە کۆنەکانیش ئەو بڕیارانەی کەوا پێشتر خانووبەرەی پێ تەملیك کراوە، بڕیاری (٢٤١ بە ٢٧٥٠) دینار بابڵێین بۆ هەر مەتر دووجایەك دانراوە تا (٢٥٠) مەتر، هەروەها ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانیش کە بەڕێز کاك قوباد کاتی خۆی دەری کردووە (٣٥٠٠ مەتر بۆ ٧٠٠٠ دینارە) کە ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری (٢٧١١) دەری کردووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ قەزاکان بکرێ بە (٥ هەزار بۆ ١٠ هەزار) دینار و بۆ ناحیەکانیش (٢٥٠٠ بۆ ٥ هەزار دینار)، بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەڵکی ئێمە خەڵکێکی ڕەش و ڕووتە، هەروەها ئەوەی باسمان کرد بۆ تێکۆشەرە دێرینەکان و پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و کەسوکاری ئەنفال و هەموو ئەوانەش بە هەمان شێوە کە کەم ئەندامانی سەنگەریش بەو شێوەیە بێ کە برادەران پێشکەشیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر لەبەر گەڕانەوەی کات، پێشنیارەکانتان هەست دەکەم هەمووی علاقەی بەرەقەمەوە هەیە زیاتر، بە بێ هێنانی پاساو بۆچی ئەوە، یەعنی وازحە هەموومان دەڵێین ئەوان فەقیرن هەمووی ئەمە پاساوەکەیە، لەبەرئەوە لەبەر گەڕانەوەی کات ئەگەر پەیوەندی بە ڕەقەمەکانەوە هەبوو بەبێ پاساویش هەر دەتوانین عەرزی بکەین، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە تەواوی قسەکانی کاك سیپان ئامێدی دەکەم، باسی ڕەقەمەکان ناکەم، بەڵام ئەوەی کەوا پەیوەندی بە ماددەی سێیەم خاڵی دووەم هەیە، لە بەهای ئەو زەویانە یەعنی لەسەر پێدانی پارەکە ئێمەش پێشنیار دەکەین کە ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ نەدرێت بەڵکو بکرێت بە قست بۆ ماوەی ١٢ مانگ و لە ماوەی ١٢ مانگ ئەو کەسەبتوانێ قستەکەی بدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە وتەکانی کاك بەڵێن و ئاشنا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك عوسمان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاری کردن و دەست نیشان کردنی نرخەکان، ئەوەی کە من تێبینیم کردبێ و دیقەتم دابێ کە دیاری کردنی نرخەکان لەسەر بنەمای تەوزیعی مەراکزی جوگرافی بووە، نەك لەسەر بنەمای خەملاندنی زەوییەکە لەڕووی مەرغوبی زەوییەکەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم خەملاندنەکە بە دیاری کردنی زەوییەکە لەسەر بنەمای خەملاندنی خودی زەوییەکە بێ کە ئایا تا چەند ئەم زەوییەم مەرغوبە و لە خستنەڕووی بۆ بازاڕکردن تا چ ڕادەیەك پارەی باش دەکات یان پارەی کەمتر دەکا، ئەوە پێشنیاری یەکەم، سەبارەت بەو خاڵەی کە ئاماژە بەوە دەکا ئەوانەی کە سوودمەندبوون لە دەوڵەت دیارە جێی بۆ کراوەتەوە لەو یاسایە، من پێموایە ئەو کەسەی کە پەنای بۆ زێدەڕۆیی بردووە زەوییەکی دەست خستووە، بۆ ئەوەی کە خانووبەرەیەکی لەسەر ئاوا بکا، ئەو کەسە لە ناچاری ئەوەی کردووە، واتا بە دیویێکی تر سوودمەندی نەبووە لە دەوڵەت، بۆیە ئەوەی کردووە، بە بۆچوونی من ئەوەی کە سوودمەند بووە حەق نییە لەو یاسایە جێی بکرێتەوە، تەنها ڕێگە بەو کەسانە بدرێ کە لەبەر کەم دەرامەتی بەناچاری ملیان داوەتە ئەوەی کە زەوییەکیان دەست خستووە، بۆ ئەوەی کە خانووبەرەیەکی لەسەر ئاوا بکەن، سەبارەت بە خاڵی چوارەم پێموایە خاڵی چوارەم بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندی هەیە لەڕووی مەبەستی ناوەڕۆکەکەوە بە ماددەی (٢) واتا پەیوەست بە مەرجەکانی ئەم پێشنیازە یاسایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم خاڵی چوارەم یان ئیزافە بکرێ بۆ ماددەی (٢) بکرێتە مەرجی حەوتەم لەبەرئەوەی بۆ خۆشی مەرجێکە ئەڵێ شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بەخاوەن کردنی ڕەد بکاتەوە، ئەگەر خانووبەرەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەر پلان، لەبەرئەوە خۆی لە خۆیدا

مەرجێکە ئەو مەرجە لە بڕی ئەو خاڵە لابرێ ئیزافە بکرێ بۆ ماددەی دوو خاڵی حەوتەم وەکو مەرجێك ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری قسەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر تەخمین و لەسەر نرخی ئەو زەویانەیە، ئەگەر بکرێت پێشتر و پێش ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن جەنابتان لەو بارەیەوە قسەیەك بکەن، ڕەنگە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو کاتە ڕوونکردنەوەیەکیان دەست بکەوێ، بەڵام دواتر دوای قسەکانی جەنابت دەرفەت دەدەین بە ئەوانەی کە قسەیان نەکردووە و ناومان نووسیون، فەرموو.

**بەڕێز ساسان عونی/وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، دڵنیام هەموو گفتوگۆیەکە لە حرس و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی زۆربەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام پێم خۆشە لە ئەو سەرنجە ئیشارەت پێ بدەم کە عیبرەت لە دەرچوونی ئەو یاسایە دواتر لە جێ بەجێ کردنیەتی، نەك بە شێوەیەك ئەوەندە تەفاسیلی بێتە ناوی کە دواتر دەزگا پەیوەندارەکان بتوانن جێ بەجێ ی بکەن وەکو خۆی یاخود دەرچوونی ئەو یاسایەش کێشەکانی کە پێشتر شارەکان و مجەمەعەکان و شارۆچکەکان بە دەستیانەوە ناڵاندووە لە بابەتی زێدەڕۆیی هەروەکو خۆی بمێنێتەوە و ئەو یاسایەش موعالەجەی نەکا، سەبارەت بە ئەو بەڕێزانەی لە لیجانی تەقدیر خەڵکی ئەهلی بێتە ناوی عادەتەن لیجانی تەقدیری سعر نوێنەری تاپۆیە، نوێنەری مالیە و نوێنەری بەلەدیەیە هەروا تەبەع بووە ئەوان ئەسعار دادەنێن و شارەزاییان هەیە و خەمڵینیان هەیە و ئاگاداریشن لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و لەهەر ناوچەیەك بە جودا لە هەر شوێنێك سعرەکان دیارە، ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پێداگیری دەکەین لەسەر ئەو بابەتانە و لەسەر ئەو تەعدیلانەی کە ناردبوومان و ئاگاداری بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانمان لێ کردبۆوە هەم لە بابەتی سعرەکان کە پێمان وایە ئەگەر ڕێژە دابندرێ یاخود حەدی کەم و حەدی زۆر دابنرێ دواتر لە جێ بەجێ کردنی لە تەفاسیلی کێشەی گەورە دروست دەکا، بۆیە پێمان وایە ئەگەر سعرەکە سابت بێ و تەقریبەن لە هەموو شوێنەکانیش لەوانەیە دیار بی ئەوا دەتوانین بە یەکجاری بەوەی دەست خستن و هەندێك بابەتی تری لاوەکی بکەویتە ئەوێ مەجموعە خەڵکەك تیایدا سوودمەند بن مەجموعە خەڵکێکیش تێیدا زەرەرمەند بن ئەوە ئەگەر سابت بێ ئەو یاسایە بە ئاسانتر و بە سەر یع تر جێ بەجێ دەبێ، سەبارەت بە ئەو کەسانەی کە پێشتر سوودمەند بوونە لە دەوڵەت و جارێکی تر زێدەڕۆییان کردیتەوە بە هەمان شێوە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەگەر کەسەك سوودمەند بووبێ و زێدەڕۆیی جارێکی تر کردبێتەوە لەسەر موڵکی دەوڵەت ئەوا بە نرخی ڕاستەقینەی خۆی بۆی حساب بکرێ نەك وەکو ئەوەی

هاتووە ٥%  یە یاخود جارێکی تر چاوپۆشی لێ بکرێتەوە، زۆر سوپاس ئەوە ڕوونکردنەوەکانی من بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بێت، لیژنەیەك لە سەرۆکایەتی پارێزگاکان یان سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان بە ئەندامێتی لایەنی پەیوەندارەکان لە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ و دادگا پێك بهێندرێ بە مەبەستی دیراسە کردنی داواکاریەکان و دڵنیا بوون لە هەبوونی بەڵگەی سەلمێنەر و پێویست بۆ بەخاوەن کردن و کۆتاییەکەشی وەکو خۆی، بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بێت، بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت و خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی دیکە نین، بە نرخێك لە نێوان (١٥بۆ٣٠هەزار) کۆتاییەکەشی وەکو خۆی، ئەم نرخەش لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە بخەملێنرێت بە پێی وەزعی شاروشارۆچکەکان، خاڵی دووەم بە هەمان شێوە پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێ بێت، بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت خاوەنی هیچ یەکەیەکی نیشتەجێ بوونی کە نین، لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ڕۆژ بخەملێنرێن ئەوانەی کەسوودمەند بوون، ببورە پێشنیار دەکەم دوو خاڵیش بۆ ئەمە زیاد بکرێ، ئێمە لە هەندێك بڵێین ناوچە ئەوەمان هەیە کە لە زەوی شارەوانی دا هەیە، یان لە نەخشەی شارەکان هەیە، ئەم زەویانە بۆ نیشتەجێ بوون بەکارهێنراون کراون بە شوێنی بازرگانی تکایە لەم یاسایەدا با جێگەی ئەوەش بکرێتەوە، ئێمە ناکرێ مەبەستمان بەرژەوەندی خەڵکی فەقیر وە هەژارە بۆ سەد مەتر پارە لەخەڵك بسەنین، بەس زەوییەکی زۆر کراوە بە شوێنی بازرگانی دووکان و بینایەی لەسەر کراوەتەوە ئەمانە هەروا بمێنێتەوە و هیچ حسابێکی لەسەر نەکرێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان ڕؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) خاڵی دوو، بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ٥٠%ی بەهای ڕاستەقینەکەی زەوییەکە لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەملێنرێت، پێشنیار دەکەم کەسوکاری سەربەزی شەهیدان و پێشمەرگە بەسوودمەند حساب نەکرێن، لەبەرئەوە لەڕابردوو کەسوکاری شەهید و پێشمەرگە ئەگەر بە پارچەیەك زەوی بابڵێین قەرەبوو کراونەتەوە یان وەریان گرتووە، لەڕابردوو پارەیەکی زۆر کە

فرۆشتوویانە، یەعنی پێداویست ماڵ و منالیان پێ ئەوە کردووە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم کە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە بە سوودمەند لەم پرۆژە یاسای کە دەردەچێ لەم یاسایەی کە دەردەچێ و بەو جۆرە ئەوە بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم سەبارەت بە ماددەی (٣) بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم، بەو کەسانەی کە سوودمەندی نەبوون لە دەوڵەت بەنرخێك لە نێوان ئەوەی کە نووسراوە (١٥هەزار بۆ٣٠هەزار) پێشنیاز دەکەم بکرێت بە (٥هەزار بۆ١٠هەزار) بۆ ئەوەی دیاری کردنی نرخەکان، پێویستە لەم خاڵەدا لەم یاسایەدا ئاماژەی پێ بکرێ، ئەم ڕێژەیەی کە دانراوە تەقدیریە (٥ هەزار بۆ ١٠هەزار) کەم بکرێتەوە، ئاماژەی پێ بکرێ بۆ کام زەوییانە بە پێنج هەزارە کوێ بە (٥) هەزارە و کوێ بە (٩) هەزارە بۆکوێ بە (١٠) هەزارە، بۆیە بەر مەبنای ئەو سەرنج و پێشنیازانەی هاوڕێیان دایان لە( ٥هەزار بۆ ١٠هەزار) بێ، بۆ نموونە ئەو شوێنانەی کە بازرگانی و تجارین بە ١٠ هەزار بێ کە بۆ نموونە روکن و جادەی دیکەیە ئەوانە بە ٨ هەزار یان ٧ هەزار بێت و شوێنە ئاساییەکان بە ٥ هەزار بێ، سەبارەت بەبڕگەی دووەم بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ٥٠% ی ڕاستەقینە، لەڕاستی دا ڕیژەی ٥٠% ڕێژەیەکی زۆرە، بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەم ڕیژەیە بکرێ بە ڕێژەی ٢٥%، خاڵی چوارەم دەڵێت شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بە خاوەن کردن ڕەت بکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووبەرەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی بەکارهێنانەکان و زێدەڕۆییەکان لەسەر تێچووی زێدەڕۆکار لابرێ، لەڕاستی دا بۆ نموونە ئەوە ئەگەر زیادەڕۆیشی کردبێ و شوێنەکەی کەوت بێتە بەر ماستەر پلان، یەعنی بۆ دەبێت پارەی روخاندنەکەی لەسەر ئەو کەسە بێ، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە تێچووی زێدەڕۆییەکە روخاندنەکەی بۆ نموونە لەسەر شارەوانی خۆی بێت، لەهەمان خاڵدا دەڵێ مافی هەیە رەفتار و پاشماوەکان بکا، شارەوانی لە شوێنێکی نیشتەجێ بوون بە پارچەیەك زەوی ڕووبەرەکەی لە دوو سەد مەتر دووجا زیاتر نەبێ، واتا قەرەبووی دەکاتەوە، بەڵام ئەم قەرەبوو کردنەوە پێشنیاز دەکەم ڕووبەری لە (٢٠٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ و ئەو زەوییەی کە پێی دەدرێ وەك ئەوەی خۆی بێ لە ڕووی نرخ و چۆنییەتی و چەندایەتییەوە، بۆ نموونە ناکرێ ئەگەر لە شوێنێکی باشدا زەوییەکەی هەبووبێ یان پێشتر زەوییەکەی بایی چەند هەزار دۆلارێك بووبێ و کاتێك کە لەبەرئەوەی شوێنەکەی زێدەڕۆییە و بەر ماستەر پلان کەوتووە لە شوێنێکی خراپ زەوی بدەنێ یان لە شوێنێکی دووردا یان هاوشێوەی نەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) خاڵی (٢) بڕگەیەك لە دانانی بەها بۆ زەوییەكان من پێم باشە (١٥ بۆ ٣٠) نەبێ، تەوحید بكرێن بۆ ئەو لیژنەیەش كە بە مەسحەكە هەڵدەستی ئەوە كار ئاسانی زیاترە، هەروەها ئەو (١٥ بۆ ٣٠ هەزارە) زۆرە، چونكە لە مەركەزی محافەزەكان ئەو زەویە نەماون پیاوەك بچی تا داگیری كردبێ، هەر لە پەراوێزی گەڕەكەكانن، پێم باشە سعرەكەی كەم بكرێتەوە و تەوحیدیش بكرێ دیاری بكرێ كە سعرەكەی بۆ مەترێك ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاويژ عبيد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم خاڵی دووەم خانووبەرە بكرێ بە خانووی نیشتەجێ بوون، بۆ نرخەكەش من پێم باشە ڕێژەی سەدی یەك نرخ دابنرێ، بەڵام نرخی راستەقینەی ئەو زەوییە لەبازاردا، ئەوە كێشەكە حەل دەكات بۆ هەموو كەسیش وەكو یەك دەبێ بە پێی باشی زەوییەكە، یاخود روكنە یان تیجاریە، نرخی راستەقینەی ئەو زەوییە دیاری كرا ڕێژەیەكی زیاتر لەسەدی بوو بۆ هەموو كەسەكان وەكو یەك دەبێ زەرەرمەند نابێت، لێرەش لە كۆتایی دەڵێت دەخەملێنرێت جگە لە كەسوكاری شەهیدان و پێشمەرگە و پەككەوتەكانی سەنگەر كە دەبوورێن لەم نرخە، بەو كەسانەی كە سوودمەند بوون لە دەوڵەت نرخی راستەقینە وەكو كاك ساسان گوتی ڕێژەكەیان لێ وەردەگیرێ، من بەس پرسیارێكم هەیە دەبێ دووجار سوودمەند بوون لە دەوڵەت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گليزار رشيد حاجى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێ بینیەكم هەبوو لە ماددەی (٣) دووەم و فەقەرەی (٢) بەس بە خۆشحاڵییەوە وەزیری شارەوانی وەڵامی دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك مەلا وەیسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من کاك بهجت و کاك شوان کردی کە هاوڕان لەگەڵ ئەوان، من پێم باشە لە ماددەی (٣) لە بڕگەی یەکەم لەو نوێنەرانەی کە دەست نیشان کراون لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ و داد ئەوقافیش زیاد بکرێ، چونکە لەزۆر شوێن موڵکی ئەوقافیش هەیە کە بەتەجاوز خانووی لەسەر دروست کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك بهجت و کاك شوان دەکەم، لە خاڵی (١) لە ماددەی (٣) لە بڕگەی دووەم خاڵی (١) باس لە ناوەندی پارێزگاکان دەکات کە هەمیشە لە تەك پارێزگاکان ئیدارە سەربەخۆکان زیاد بکرێ کە ئاماژەی پێ نەکراوە، بڕگەی (٢) پشتیوانی لە پێشنیارەکەی د.گەلاوێژ دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون لە دەوڵەت، لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی بەهای راستەقینەی زەویەکە لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەمڵێنرێت ئەمە ٥٠% یەکە لاببرێ، چونکە ئەوانە سوودمەند بوونە لەبنەڕەتدا نرخی راستەقینەی شوێنەکە پارەیان لێ وەربگیردرێت، لە بڕگەی (٤) پشتیوانی لە بەشێکی پێشنیارەکەی کاك دیاری دەکەم کە زێدەڕەویەکە لە سەر تێچووی زێدەڕۆکار لاببرێ ئەمەیان لابدرێ، شارەوانی خۆی زێدەڕۆییەکە هەڵبگرێت و بێ بەرامبەر قەرەبووی زێدەڕۆکار دەکرێتەوە و بە پێدانی پارچە زەوییەك بە ڕووبەری (٢٠٠) مەتر دووجا زیاتر نەبێ ئەمە حیکمەتەکەی لەچی دایە کە هیچ پارەی لێ وەرنەگیرێ، چونکە خۆی سەرپێچی کردووە، کەواتە تەجاوزی کردووە، لە بڕگەکانی دیکەش ئەوانەی هەر تەجاوزیان کردووە، ئێمە بە پێی بڕگەی یەکەم لە هەمان ماددەدا پارەیان لێ وەردەگیرێ، حکومەت پارەی لێ وەردەگرێ کە قەرەبووی دەکەیەوە دوو سەد مەتر دووجا زیاتر نەبێ بۆ بەبێ بەرامبەر پێی دەدرێ ئەم بڕگەیە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلای منەوە خراپترین حاڵەت ئەوەیە کە هاووڵاتیان نەیەن بە دەم قانوونەکەوە، لەراستی دا ئەم زەویانە ئەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ ئەم زەویانەی کە ئێستا زیادەڕۆیی لەسەر کراوە، کراون بەپارە کراون، هاووڵاتیان بە پارە کڕیوویانە، دووەم/ پێشتر ئێمە تەجروبەی پێشترمان هەیە کە چەند بڕیارێکی حکومەت هەبووە پارەکەی لەمە کەمتریش بووە، بەڵام خەڵك کەمتر چووە بە

دەمیەوە، سێیەم/ کۆمەڵێك شوێن هەیە کە ئەگەر پیایدا بڕۆین ناحیەکان ئەو پارەی کە بۆی دائەنرێ زەوی ئەو پارەیە ناکات کە ئێستا لە ناحیەکانی شێخ تەوی، باوە خۆشی و سێوسێنان و سیوەیل و کەنار،زەلان، سورداش، گاپڕۆن ئەمانە ئەو پارەیە ناکەن کە ئێستا ئێمە لێرە دامان ناوە کە بچی زەویش بکڕی، بە کڕینیش بیکڕی، لەبەرئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم پارانە کەم بکرێتەوە، ئەوەی کە بەڕێز وەزیر باسی کرد پارەکان بەم شێوەیە بخەملێنرێ ئەوە دانەنرێ لەچەندەوە بۆ چەند، بەڕای من ناحیەکان (٥) هەزار دینار دابندرێ بۆ قەزاکان (١٠) هەزار دینار دابندرێ بۆ شارەکان و بۆ پارێزگاکان ئەوەی لە پارێزگاکان دایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە دەرەوەی شارەکانن هیچ زیادەڕۆییەك لەناوشاردا نییە، تۆ حسابات لەسەر پارێزگا بکەی، یەعنی ئێستا لەسنووری پارێزگای سلێمانی ئەوەی کە زیادەڕۆیی لەسەر کراوە لە گوندەکانی دەوروبەر لە قەزایەك و لە ناحیەیەك باشتر بێ لەوێ، ئەوەی کاك دیاری باسی کرد لە دۆڵەڕووت دا زیاتر کراوە ئێستا کەدێتە سەر ئەو پارەیەی کە پێیان داوە لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە دایدەنێین ئەو پارەیە ناکاتەوە ئەگەر بە تاپۆش هەبێ لەوێ، لەبەرئەوە تەمەنا دەکەم بەم شێوەیەی لێ بێ، دووەم پێشنیاری دووەمم لە ڕاستی دا ئەم ماددەیە شوێنی ئەوەیە کە پێشنیار بکەین هەم بۆ کەسوکاری شەهیدان و هەم بۆ پێشمەرگە و هەم بۆ کەم ئەندامانی سەنگەر لێرەوە بکەین کە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە بۆ ئەوان بە بەخشین بیاندرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی من بۆ بڕگەی دووەم لە ماددەی سێیەم پێشنیاز دەکەم بۆ هەریەك لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و قەزای چەمچەماڵ لەو نرخەیەی کە لەم پێشنیازە یاسایە دا تەسبیت دەکرێ ببەخشرێن، چونکە ئەم ناوچانە زۆرترین قوربانیان داوە، وەکو ڕێزێك لەبەرامبەر قوربانی دانیان، سەبارەت بە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکەم پێویستە ڕەچاوی دۆخی ماددی و دەخلی ئەو خێزانانە لەبەرچاو بگیرێ کە ڕەنگە بەشێکیان لەژێر هێڵی هەژاریەوە بژین، بۆیە ئەو نرخەی کە لەم پێشنیازی یاسایەدا هاتووە ڕەنگە بارودۆخی گرانیەکی قورسی ماددی لەسەر شانی ئەو خێزانانە دروست بکات، بۆیە پێشنیاز دەکەم نرخەکان کەم بکرێتەوە بۆ هەر یەك مەتر دووجا بکرێتەوە بۆ دە هەزار دینار بۆ ناوەندی پارێزگاکان پێنج هەزار دینار بۆ ناوەندی قەزاکان، سێ هەزار دینار بۆ ناوەندی ناحییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) خاڵی یەکەم، پێشنیار دەکەم هەر دوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین ئیزافە بکرێ بۆ ئەو سەرۆکایەتییانەی کە ئەنجام دەدەرێ کە لێرە تەنیا ئاماژە دراوە بە پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، بۆ خاڵی دووەمیان پشتگیری لە ڕای بەڕێز کاك بەڵێن دەکەم کە ڕێژەی ١٥% بۆ هەموو شوێنەکان لە نرخی راستەقینە دیاری بکرێت، بۆ خاڵێکی تر یان کە بەڕێزان ئاماژەیان دا لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و شەهیدان و کەم ئەندامان من پێم باشە بەڕاستی کەم ئەندامانی سروشتی ئەوەی کە لە سروشتەوە بۆخۆیان کەم ئەندامن و خاوەن پێداویستی تایبەتن، یەعنی ئەوانە هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی و داهاتیان نییە هاوکاریەك بکرێن ئەو خێزانانەش شمول بکەن بەوەی کە بەڕاستی لەمەدا ئەگەر چاوپۆشیەکیان لێ بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هاوکار و یارمەتی دەری ئەو خێزانانەش بین کە زۆرترینیان لە خێزانە کەم دەرامەتەکان کەم ئەندامن لەپاڵ ئەوەدا داواکارم بەڕاستی ئەو گوژمەیەی کە دەکەوێتە سەریان بە ماوەی ساڵێك لێیان وەربگیرێتەوە ئەقساتەکان و لەسەر پاشەکەوتی مووچە بە نیسبەت ئەوانەی کە خاوەن مووچەی دائیمین لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتدا ئەو پارە و نرخەیان لێ وەربگیرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێیەم بڕگەی (٢) من پێم باشە خاڵی یەکەمی بەو جۆرە بێ، ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت بە نرخێك لە نێوان (١٥هەزار بۆ ٢٠هەزار) دابێ بۆ یەك مەتر دووجا لە ناوەندی پارێزگا بۆ قەزاکان (١٠هەزار دینار بۆ ١٥هەزار) دینار بێت، بۆ ناحیە (٥ هەزار بۆ١٠هەزار) دینار بێ، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵێکی ترم پێشنیاز دەکەم ئەو پێشنیازە یاساییانەی کە ڕەهەندی داراییان هەیە و دێتە پەرلەمانەوە وارسی شەهیدە سەربەرزەکان، هەروەها ئەنفالکراوان و زائیدەن خاوەن پێداویستی تایبەت کە بەش مەینەت ترین چینی ئەم کۆمەڵگایەن زۆربەی هەرە زۆریان لە هێڵی هەژاری دان، پێویستە یاسایەك دەربچێ لەم پەرلەمانە کە ئەمانە لەو بارگرانییە داراییەی کە دەکەوێتە سەریان لەو ئەرکە داراییانە ببەخشرێن، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاك سیپان و کاك کاوە دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕێژەییەی کە وەك بەهای ئەو زەوییانە دیاری کراوە، دەپرسم ئایا کێ یە دەتوانێ بیزەبت ئەو ڕێژەیە دیاری بکات؟ دیارە ئەو لیژنەیە لیژنەیەکی موشتەرەکی نێوان وەزارەتەکانە وەك ئاماژەی پێکراوە، چونکە وەك ڕوونە لە نرخی زەوی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ، جیاوازە، بەتایبەت ئەگەر هاتو شوێنی زەوییەکە تیجاری بێ، بۆیە پێموایە دەبێ نرخەکە پێویستی بە گوێرەی شوێنی بەها و نرخی ئەو شوێنەیە، خەملاندن و نرخاندنی زەوییەکە بە پێی جوگرافیای شوێنەکان داندراوە، بۆیە بەپێی نرخی شوێنەکە بێت باشترە، ئەگەر ڕەچاوی ئەو حاڵەتە بکرێت، پشتگیری لە برای بەڕێزیشم مامۆستا وەیسی دەکەم، چونکە بەشێکی زۆری ئەو زەوییانەی کە هەن لەسەر مولکداری وەزارەتی ئەوقافن، بۆیە من پێموایە باشترە ئەگەر لەو لیژنە موشتەرەکە ئەوقافیشی تیابێ، دووبارە سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لەسەر ماددەی سێیەم برگەی چوارەم قسە دەکەم، کە شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بە خاوەن کردنی ڕەتبکاتەوە، ئەگەر شوێنی خانووبەرەکە سەرپێچی بێت بۆ ماستەر پلان یان نەخشەی کەرتی وردەکارییەکان و زێدەڕۆییەکە لەسەر تێچووی زێدەڕۆکار لادەبرێت مافی هەیە ڕەفتار بەپاشماوەکان بکات ئەوەی قسە دەکەم لێرەیە، شارەوانی لە شوێنی نیشتەجێبوون بە پارچە زەوییەك لە ڕووبەری دوو سەد مەتر بێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری شارەوانی کە لێرەی جەنابت، دەبێ ئەو زەوییەی کە دەدرێتە ئەو هاووڵاتیەی کە زەوییەکەی لێ دەرووخێت، شوێنێك بێت خزمەتگوزاری هەبێ، ئاو هەبێ، کارەبا هەبێت، قوتابخانە هەبێت، من پێشنیار دەکەم ئەگەر لە حالەتێك زیاتر بێت یان لە چەند حاڵەتێك بێت هەموو لەو شارەی، لەو شوێنەی کە دەدرێ کە ئەو سەرپێچییانە هەیە لە شوێنێك بێت بۆ ئەوان، بۆ نمونە نەکو بە یەکێك بدرێ لە شوێنێك بێت راقی بێت، لە شوێنێکی تر بێ گەرەکێکی فەقیر بێت، پێم ناخۆشە ئەو دەستەواژە بەکاربینم، واستە و واستەکاری لێرەدا نەبێت، شوێنەکە دیاریکراو بێ، چونکە بە گوێرەی نامەی ماستەرپلان یەعنی ماستەری قوتابییەك لە دهۆك لەسەر خانووی تەجاوز کراوە، ٦٨% بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ٦٨% ئەوانەی لە ناو خانووی تەجاوزەکاندان کرێچین، واتا خەڵکی تر خاوەنیان هەیە، هەیە پێنج تا حەوت خانووی هەیە بە ناوییەوە، ئەوە کابرای کرێچی تێدایە، بۆیە مەبەست لەو قانونە ئەوەیە وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد کە زۆربەی خەڵك سوودمەند بێت کە لە ناو ئەو خانووانەدایە، بۆیە من پێم خۆشە ئەگەر جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوە بدات ئەو دوو سەد مەترە لە کێ دەدەن بەو خەڵکەدا،

لەشوێنێکە، لە دەشتاییەکە هیچی بۆ نەڕۆیشتووە، چونکە کابرا لە شوێنێکە خزمەتگوزاریی بۆ هەیە، منداڵی هەیە دەچێتە مەکتەب، ئایا ئەو زەوییەی کە پێیان دەدرێت لە کوێی شارەکە دەدرێت؟ هەموو لە یەک شوێن دەدرێت؟ یان یەکێك لە شوێنی باش و یەکێك لە شوێنی خراپ؟ زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لوقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم لەسەر خاڵی یەك لە ماددەی (٣) هەروەکو کاك شوان و کاك د.ڕێبواریش ئاماژەیان پێدا، بێگومان نرخی خانوو لە گەڕەکێك بۆ گەڕەکێك لە قەزایەك بۆ قەزایەك، لە ناحیەیەك بۆ ناحیەیەك جیاوازە، بە تایبەت ئەو قەزا و ناحیانەی کە دەکەونە سەر سنوورەکان، ئەگەر بە نموونە وەربگرین قەزای چۆمان لەگەڵ سۆران، قەزای پێنجوین لەگەڵ کەلار، شوێنەکانی تریش وەربگرین جیاوازی گەلە گەلەك زۆرە، بۆیە دیاریکردنی ڕێژەی (١٥) هەزار بۆ (٣٠) هەزار من پێموایە ئەوە دادپەروەری لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەدا دەستەبەر ناکات، باشتر وایە نرخی خانووەکە چەندە ڕێژەیەك دیاری بکرێ بە ڕێژەی سەدی، من پێشنیاز دەکەم (١٠%)ی نرخی خانووەکە لە هەرشوێنێك ڕەنگە لە ناحیەیەك، قەزایەك هەبێ خانوو بەشی یەك دەفتەر بێ، یان دوو دەفتەر دۆلار بێ، لە شوێنێکی تر بەشی (١٠) دەفتەر دۆلار بێ، بۆیە ئەوە نادادپەروەری لە جێبەجێکردنەکەی دروست دەکات، بۆیە نرخی خەملێندراوی خانووەکە بە ڕێژەی (١٠%) دیاری بکرێ بۆ ئەوەی خانووەکانیان لەسەر تاپۆ بکرێ، هەروەها پشتیوانی لە ڕەئی سەلما خان و د.ڕێبوار و کاك عوسمان و کاك موسلیم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام ڕێژەی سەدی بەهای ڕاستەقینەی یەك مەتر دووجای هەر شوێنێك دیاری بکرێ، ئیدی ئەو شوێنە نرخی کەمە، زۆرە بە پێی بەهاکە لە ١٠% دابنرێ بۆ هەر مەتر دووجایەك، بەڵام ماددەی (٣) برگەی دووەم ئیشکالێکمان هەیە بەڕێز کاك باڵانبو باسی کرد من پشتگیری دەکەم، تۆ گەڕەکێك زێدەڕەوی کراوەتە سەر زەوی مولکی گشتی تەنها یەکە نیشتەجێبوونەکان ئیشکالەکەی حەل دەکەی، لە کاتێکدا لەبەردەمی ئەو یەکەی نیشتەجێبوونەدا بازاڕ دروست بووە، دوکان دروست بووە، شوێنی کار و پیشە دروست بووە، ئایا ئەوانە دەرووخێنی؟ تەنها دوو سەد مەترییەکان دەهێڵیتەوە؟ یان سێ سەد مەترییەکان دەهێڵیتەوە هی نیشتەجێبوونە؟ یان جارێکی تر یاسایەك تەنها بۆ هەمان ئەو شوێنانە کە دوکان و شوێنی کارن دەربکەین؟ ئەوە

ئیشكالێكی گەورەیە، بۆیە دەبێ چۆن دەڵێین بەهای ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر كراوە بە خانووبەرەی نیشتەجێبوون یان دوكان و شوێنی كار و بازرگانی موعالەجەی بكەین، ناكرێ تۆ گەرەكەكە تاپۆ بكەی ڕیزی پێشەوەی، هەمان ئەو شوێنەی تەجاوزە دوكانێكیشی دروست كردووە دوكانەكەی بڕوخێنی، یان چی لێ دەكەی؟ دەڵێی نەخێر با ئەوە هەر تەجاوز بێ تاپۆی دەكەم لەسەر یەك ئەرز، هیوادارم لیژنە پەیوەندیدارەكان بزانین ئایا ئەوە چی لێ كراوە؟ سەبارەت بە خاڵی دووەم لە بڕگەی دووەم بۆ ئەو كەسانەی سوودمەند بوون یەعنی من سوودمەند بووم چووشم تەجاوزم كردۆتە سەر زەوییەكی موڵكی گشتی لەوێ تاپۆی بكەن لەسەرم بە ٥٠%ی لە نرخ؟ ئەوە بەڕاستی دادگەری تیا نییە، ئەوەی تەجاوزی كردووە و سوودمەند بووە دەبێ بە نرخی ڕاستەقینەی ئەو شوێنە پێی بدرێ، یان هەر پێی نەدرێ بۆ پێی دەدەی؟ سوودمەند بووە و تەواو، خەڵك هەیە لەم هەرێمی كوردستانە نە دەسەڵاتی تەجاوزی هەبووە و نەسوودمەند بووە، ئەمیش سوودمەند بووە و دەسەڵاتی تەجاوزیشی هەبووە بە نیوەی نرخ دەیدەیتێ بەیانی بە قیمەتی حەقیقی دەیفرۆشێتەوە، دادگەری جێبەجێ ناكات لەوێدا، بڕگەی چوارەم نەفسی شت دووبارە بۆتەوە كە ئەگەر كەسێك ئیشكالی بۆ ماستەرپلان دروست كردبێ دیارە شوێنەكەی گرنگە بۆیە ئیشكالی دروست كردووە بۆ ماستەرپلان، تۆ دێیت لە شوێنێكی تر دوو سەد مەتری دەدەیتێ بەبێ موقابیل و ئەگەر سوودمەند بووبێ بە نیوەی نرخ دەیدەیتێ، نەخێر ئەگەر شوێنەكەی تێكدانی ماستەر پلان بێ یان دەبێ لە هەمان شوێنی زیادەڕۆی لەسەركراو قەرەبوو بكرێتەوە بەو ڕێژە و نرخانەی كە لە بڕگەكانی پێشوو دیاری دەكرێ، یان ناكرێ من تەجاوزم لە شوێنی خراپ كردووە بە بێ موقابیل دوو سەد مەترم لە شوێنی باش بدەنێ، وەك كاك هێڤیدار گوتی، هاوڕام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وتەكانی من كران، پشتگیری كاك شوان و كاك سۆران دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێركۆ، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو بڕگەی یەك كە باس لە پارە دەكات، دوو مەترسی تیایە، یەكەمیان بۆ ئەمڕۆ (١٥) بۆ (٣٠) هەزار ئەی بۆ سێ ساڵی تر؟ ئەو نرخە چی لێ دێت؟ كەوابێ ئەوە دەبێ تەوزیحێ بكەین وەكو جەنابی وەزیر ڕوونی كردەوە، كە ئەوە خەمڵاندن نییە، ئەمە بەدەلە، بەدەلی ئەو شتەیە، بۆیە كاتێك كە دەووترێ خەمڵاندن بە مەعنای ئەوەیە ئیتر دەبێ تەقدیرات و حیساباتی تری زۆر

تێ بکەوێ و ئەمانبا بە ئاقارێکی مەترسیدار دا خەملاندن، ئەوە بەدەلە، بەدەلە بۆ ئەوانەی کە بە ناچاری تەجاوزیان کردووە بۆ نیشتەجێبوون، ئەوە یەك، دوو یان بلێین برگەی دووهەم بەم شێوەی بۆ زیاد بکرێ، کاتێ کە دەڵێ بەهای ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە بە خانووبەری نیشتەجێبوون نرخەکانیان بەم شێوەیە دیاری دەکرێت، ئەم دێرەشی بۆ زیاد بکرێت بۆ حەل کردنی ئەو سەقفە زەمەنییەی کە کەی پارەکە بدات؟ چونکە ناکرێ ئەوە باسی لێ نەکراوە، کەی پارەکە بدات؟ بۆیە ئەم دێڕەی بۆ زیاد بکرێ کە (دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەناوکردنی کۆتایی ئەو پارەیە بدرێت)، چونکە ئەوە نەبێ بە مەفتوحی دەڕوات و پارەکە یەعنی سەقفێکی زەمەنی نابێت، هەروەها لە برگەی دووهەمدا ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لەوانەیە لە حاڵەتێك دا خەملاندنی ئەو زەوییە کەمتر بێ لەم سەقفەی کە دانراوە، کەمتر بێ، لەو حاڵەتەدا بەمەی کە دانراوە ئەگەر بەرزتر بێ لە خەملاندنەکە بۆی حیساب بکرێ یان بەو کەمترە کە واقیعی حاڵە و کەمترە، بۆیە ئەو دێرە ڕاستەقینە کەمتر بوو لەم بڕانە ئەوا نرخی ڕاستەقینەی لێ وەردەگیرێ، ئەگەر نرخەکە کەمتر بوو خەملاندنەکە کەمتر بوو چونکە ئەوە لە صالحی ئەو دەبێ، ئەو برگەی دووهەمە کە باس لە مەسەلەی لە ٥٠% و ئەوانە دەکات، جارێ یەکەم جەنابتان باش دەزانن کە سوودمەندبوون بۆ دووجار یان لە جارێك زیاتر لە دەوڵەت یەکێکە وائەزانم یان مەبدەئە یان قانونە وابزانم بڕیارێکی کۆنی هەر (مجلس قیادە پورە)ی عیراقی ئەوسایە کە لەسەری هاتووە تا ئێستا کە هاووڵاتییەك نابێ دووجار سوودمەند بێ لە مولکی گشتی، لەبەر ئەوە لێرەدا کەباس لەوەی کە دەڵێ لە ٥٠% یان لە ١٠٠% یەعنی ئەوە ڕێك تەعارووزە لەگەڵ ئەوەدا، چونکە جارێك سوودمەندبووە، ئەمجارەش بەجۆرێك لە جۆرەکان سوودمەند دەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو دووە هەر لابرێت، باسی بە چەند بۆی تەخمین دەکرێ و ئەوانە هەر لابرێ، بۆ ئەوەی کە ئیتر واقیعی حاڵ چۆنە، تەخمینات چۆنە ئاوا بۆی حیساب بکرێ و باسی سوودمەندبوون بۆ دووجار یەعنی ڕێی پێ نەدرێ، لەبەر ئەوەی تەعارووز دەکات لەگەڵ ئەصڵی یاساکە، خاڵی چوارەم کە دەڵێ لەبەر ئەوەی ئەوە لادەبەین ئەو کاتە خاڵی چوارەم کە دەڵێ ئەگەر زیادەڕۆکە پێشتر سوودمەند بووبێ ئاوا بە نرخەکانی دیاریکراو لە ماددەی (٣) برگەی (٢) خاڵی (٢) لەم یاسایە قەرەبوو دەکرێتەوە، ئەو کاتەدا ئەوەش یەعنی خاڵی چوارەمیش تەحصیل حاصلە کە مولحەقە بە برگەی (٢) ئەویش هەر دەبێ لابرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك حکمت، فەرموو.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێراتنەکا گەرم لە هەردوو وەزیرێن بەڕێز دکەم پێشەکی، پشتگیریا کاك بهجت و کاك شوان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٣) بڕگەی (٢) پشتگیری لە وتەکانی کاك عوسمان سێدەری و مامۆستا زیاد و کاك لقمان دەکەم، خاڵێکی ترم هەیە لێرە من داوا دەکەم بۆ پێشمەرگە دێرینەکان بەڕاستی ڕاستە پێشمەرگە دێرینەکان هەموویان سوودمەند بوونە، بەڵام لە ساڵی نەوەتەکان دا هەموویان ئەو زەوییانەیان فرۆشتووە بە دوو هەزار دینار، سێ هەزار دیناری سویسری ئەو کاتە هەمووی بۆ مەعیشەت و ماڵ و مناڵ بووە، بۆیە هیچ شتێکیان نەماوەتەوە، لەوانەیە زیادەڕۆییان کردبێ، ببەخشرێن لەو زیادەڕۆییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لێرە کۆك بووین ئیتر ئەم یاسایە کە بۆ دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران نیە بەڵکو بۆ هەژاران و کەسانی بێ لانە و کەم دەرامەتە، بۆیە پشتگیری هەر بۆچوونی ئەو برادەرانە دەکەم کە داوای کەم کردنەوەی نرخیان کردووە لە شار و شارۆچکە و ناحیەکان، بەتایبەت بەڕێز کاك دیار، کاك لقمان، کاك عوسمان سێدەری، هاوڕا و پشتیوانی تەواوی قسەکانی کاك سۆران عمر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی د.شێرکۆ دەکەم، بەڵام ئیزافەیەکیشم هەیە لەسەر ئەو مەوزووعە، لە بڕگەی دووەمدا کاتێ کە دەڵێ ئەو نرخانە وەردەگیرێ و ئەو بەهانە وەردەگیرێ، دەبێ کاتێکی بۆ دیاری بکەی، چ کاتێك لەو زیادەڕۆکارە وەردەگیرێ، چونکە ئەوە نەقسێکە لە ناو قانونەکە و دەبێ جێگەی بکرێتەوە، خاڵی دووەمیشم ئەو مەتاتیە نەمێنێ لە بەینی (٣٠) هەزار بۆ (١٥) هەزار، بۆ نمونە لە پارێزگاوە (٢٠) هەزار بۆ (١٠) هەزار، یان (١٠) هەزار بۆ (٥) هەزار وەکو حەددی ئەدنای وەبگرێ، یەعنی (٣٠) یەکە بۆ (١٥) ەکە بەس تەنها بکرێ بە (١٥) بۆ پارێزگا، بۆ قەزاکەش بکرێ بە (١٠)، ناحیەکەش بکرێ بە (٥)، چونکە هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئیزافەیەك بکرێ لەبەر ئەوەی ئەو زەوی یە پارێزگاکانیش لە ناو خۆیان دا جیاوازیان هەیە لە نرخدا، بۆ نمونە ئەگەر زەوییەکی زیادەڕۆ لە پارێزگای هەولێر دا نرخی زۆر جیاوازترە لە زەوییەکی زیادەڕۆ لە

پارێزگای هەڵەبجە، لەبەر ئەوە یەعنی ئەوە ناعەدالەتییەك دروست دەكات لە جێبەجێ كردن دا، دەكرێ ئیزافەیەك دوای ئەوەی كە سیعرەكەمان تەحدید كرد بە (١٥) و بە (١٠) و بە (٥) لە كۆتاییش دا ئەو دێڕەی بۆ زیاد بكرێت، ئەگەر نرخی ڕاستەقینەش لە حاڵەتێك دا كەمتر بوو لەم بڕانە، ئەوان نرخی ڕاستەقینەی لێ وەربگرن چونكە ئیحتیمالە ئەو (١٥) هەزارە بۆ پارێزگای هەڵەبجە زۆر زۆر بێ، نرخی ڕاستەقینەكە زۆر لەوە كەمتر بێ، حیسابی ئەوە بكرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو مافە بێ بەش نەبن و هەندێ شوێنی تری كوردستانیش بە هەمان شێوە، ئەو لە ٥٠% لە خاڵی دووەم دا ئەوە لە سوودمەنددا منیش لەگەڵ ئەوەدام كە پێشتریش لە موداخەلەكەم دا وتم ئەوەی كە سوودمەند بێت ئەصڵ وایە جارێكی تر سوودمەند نەبێ لەم قانونە، لەبەر ئەوەی یەكجار دەبێ هاووڵاتی موستەفید بێت، ئەوە هەر لابرێ، ئەگەر لە حاڵەتێكیش دا دەنگی نەهێنا و لانەبرا ئەو لە ٥٠% بكرێتە لە ١٠٠% یەعنی نرخی حەقیقی خۆی لێ وەربگیرێ بۆ لە ٥٠%ی لێ وەربگیرێ؟ لە بڕگەی چوارەمیش یەعنی من بەلامەوە سەیرە كاتێك بە پێی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە ئەو داواكارییە ئاراستەی ئەو لیژنەیە دەكرێ كە بە سەرۆكایەتی پارێزگار و ئەو كەسە مەعنییانە كە دانراوە، لیژنەیەك دروست دەكرێ داواكارییەكە ئەوان وەریدەگرن و ئەوان تاوتوێی ئەو مەوزووعە دەكەن، بەڵام كێ ڕەتی دەكاتەوە؟ شارەوانی ڕەتی دەكاتەوە، داواكاری پێشكەشی لیژنەیەك بكەم ئەو صەلاحییەتی نەبێت، لە هەمان كات دا ئەو دیراسەیشی دەكات، بەڵام شارەوانی صەلاحییەتی ئەوەی هەبێ ڕەتی بكاتەوە، ئەوەش دەبێت یەكلایی بكرێتەوە كە داواكاری ئاراستەی كوێ كرا ئەو بۆی هەبێ ڕەتی بكاتەوە، هەرچەندە ئەوە جیاوازە لەوەی كە شارەوانی خۆی بە خاوەنی دەكات بەس بۆ ڕەت كردنەوەكە دەبێ بدرێتەوە دەستی ئەو لیژنەیەی كە داواكارییەكەی ئاراستە دەكرێ، دەستتان خۆش بێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك كاروان، فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسیبەت ماددەی سێیەم لە بڕگەی یەكەم كاتێك كە باس لەوە دەكرێ لیژنەیەك بە سەرۆكایەتی پارێزگار یان سەرۆكی یەك كارگێڕەكان پێك بهێنرێ، من پێموایە ئەوە (تناقچ)ێكی ئیداریمان بۆ دروست دەكات، وا باشترە خۆی ئەو لیژنەیە نەك شارەوانی تێیدا ئەندام بێت، بەڵكو خۆیان سەرپەرشتی لیژنەكە بكەن، وەزارەتی شارەوانی ڕاستەوخۆ بەو پێیەی كە بابەتەكە مەعنی یە بە وەزارەتەكە خۆیان جیهەتی سەرەكی بن لە بڕیار دان و یەكلایی كردنەوەی كێشەكان، بە نیسبەت بڕگەی دووەم لە خاڵی یەكەمی تەواو پشتیوانی قسەكانی كاك شوان و كاك د.ڕێبوار و كاك لقمان و كاك زیاد و هەڤاڵانی ترم، ئەوە ڕەنگە كێشەیەكی گەورەمان بۆ دروست بكات، بەنسیبەت ئەو زەوییانەی كە هەن ڕەنگە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر سیعرەكانیان یەكجار جیاواز بێ وەكو كاك زیاد ئاماژەی پێ كرد بە جۆرێك كە ڕەنگە لە زۆر شوێن تەنانەت پارەی

خەملاندنی هێنەکەش نەکرێت، بۆیە وا باشە کە یان تەوحیدی ئەسعار بکرێ، یاخود خەملاندنێکی کامل بکرێ بۆ هەموو زەوییەکان و یەك شت بێت، بە نیسبەت بڕگەی دووەم خاڵی دووەمی تەواو پشتیوانی قسەکانی کاك سۆرانم، ناکرێ کەسێك سوودمەند بووبێ لە پەرلەمانی کوردستان کە خۆمان یاسا دەردەکەین پێچەوانەی یاساکە هەنگاو بنێین و ئەم خاڵە بکەین، بۆ خاڵی چوارەمیش لە هەمان ماددەدا کاتێك کە باس لەوە دەکەین کە شوێنی خانوو و بەرە سەرپێچی بێ بۆ ماستەر پلان، پێموایە بەشێکی زۆریان سەرپێچی یە زێدەڕۆیی کراوە لەو زەوییانە، ئەگەر ماستە پلانەکە لە ڕووی زمانەوانییەوە کێشەیەکی تێدایە، ئەگەر شوێنی خانووبەرەکە سەرپێچی بێ بۆ ماستەر پلان، ئایا ئەو ماستە پلانەی کە ئێستا هەیە لە ڕووی شارەکانەوە یان ئەو ماستەر پلانەی کە لە داهاتوودا دادەنرێ؟ ڕەئیم وایە ئەگەر سەرپێچی بێ بۆ ئەو شوێنە حەساسانەی کە لە ماستەر پلان دا هەن وەکو خەستەخانە وەکو شوێنە گشتییەکان، هەڵبەت دەبێ تێکرا قەرەبوو بکرێنەوە دواتر بەڵام ئەگەر شوێنێك لە چوارچێوەی ماستەر پلانی تازە دا بێت و خانوویەك بێت کە زێدەڕۆیی تێدا کرابێت حەق نیە بچێتە ئەو چوارچێوە، بۆیە پێموایە کە ئەو خاڵە دەبێ دەستکاری بکرێت، پشتیوانی قسەکانی کاك بالانبۆ دەکەم لەوەی کە فیعلەن حەقی خۆیەتی وەکو شارەوانی بڕگەیەك بۆ ئەوە زیاد بکرێت، ئەو شوێنانەی بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارهێندراون، کە حەقی خۆیەتی تێکیان بدەن، کە تۆ چارەسەری کێشەکانتان کرد بۆ ئەوەی کە زەوییەکان تاپۆ دەکەی، خانووبەرە تاپۆ دەکەی بەڵام بە نەتیجە بینایەك دروست دەکەی بینای بازرگانی ئەو هەموو خانووە چ لێ دەکەی، تاپۆی دەکەی یان دەیرووخێنێ جا چی بە برگەیەك یان بە ماددەیەك یاخود صەلاحییەتی بڕیاری پێ بدرێت کە وەزارەتی شارەوانی بتوانێ ئەوە بکات و موعالجەی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ملا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەعلومە کە ئەو بەناوکردن و تاپۆکۆدنە لە پێناو تەجاوزکردن نییە، کەواتە هەر کەسێك تەجاوز بکات تاپۆیەکی بۆ بکەی، زۆر کەسی وا هەیە لەو چوارچێوە مولکی باب و باپیرانێتی، بەڵام سەنەدی نییە، واتا لە گوندێك دانیشتووە، ئەو گوندە کاتی خۆی چۆلەوانی بووە، ئێستا بۆتە شار سوپاس بۆ خوا، دەکرێ ئەو دوو کەسە بە یەك چاو سەیر بکرێن، هەم بە ناوی تەجاوزکار ناوی دەهێنرێ، هەم پارەی لێ بستێندرێ، بۆیە بەڕاستی من لە دانانی نرخەکان تێبینیم هەیە، تووشی کێشە و گرفتمان دەکات، پاڵپشتی وتەکانی هاوکارانم کاك هێڤیدار أحمد و کاك سۆران عمر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٣) بڕگەی یەکەمیان من وەکو چۆن پێشتر ئاماژەم پێ کرد کە دەبێ پێناسەکان لە ناو ماددەی یەکەم دا جێگەی بکرێتەوە، بۆیە لێرەدا پێویستمان بە، یان بەوەیە پێناسەی لیژنە بکەینەوە، بۆیە پێویست بەم دوو دێڕە زیادە ناکات، ئەوەی کە دەڵێ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان یەکێك لە کارگێڕەکان، ئەوە بەو شێوەی لێ بکرێ کەت بکرێ و بگوێزرێتەوە بۆ یەکەم ناوی بنێی لیژنەیەك لە چەند کەسێك پێك دێت بە سەرۆکایەتی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان و ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵ و ئەندامێتی ئەوانەی تێدا بێت، بۆ چ شتێك ئەوە دەیگوێزینەوە ماددەی یەکەم لێرەدا کە دوای ئەوەی دەڵی بۆ مەبەستی دەبێ بە بڕگەی یەکەم، بڕگەی یەکەم بڵێین لیژنەیەك بۆ دیراسەتی بۆ هەڵسەنگاندنی داواکارییەکان و دڵنیایی بوون کە وتمان لیژنەیەك بۆ ئەوە پێك دێت ئەو لیژنەیەیە کە لە ماددەی یەکەم دا هەڵسەنگاندوومانە لیژنە بۆ ئەو شت و ئەو شتەیە ئەوەی کە سەرۆکی پارێزگار یان سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان سەرپەرشتی دەکات، لیژنەیەك بۆ ئەوە پێك دێت بۆ دیراسەکردن و بۆ خاوەندارێتی کردن هەتا دوایی، بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، واتا پێناسەی لیژنەمان دەبێ بۆ یەکەم کە مەبەست لە چییە، بە نیسبەت برگەی دووەمیان و ئەوانەی کە جێگیر کراوە، ئەوانەی کە لە خاڵی یەکەم و لە خاڵی دووەم دا ئاماژەی پێ کراوە لە بڕگەی دوودا من پێشنیازی ئەوەم هەیە زەروورەتی ئەوە بۆ شتێکە کە ئێستا دەستنیشانیان کردووە لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەدا (١٥) هەزار دینار بۆ (٣٠) هەزار دینار، حیکمەتەکە لەوەدایە کە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بۆ؟ بۆ نموونە لە ناحیەی کەسنەزان نرخی زەوی زۆر جیاوازە لە ناحیەی ڕزگاری، لە قەزای پێنجوێن نرخ جیاوازە لە قەزای دوکان، بۆیە ئەم نرخانە یان لە ناو مەرکەزی شاری هەولێردا نرخ جیاوازە لەگەڵ مەرکەزی ناو شاری هەڵەبجە، مەسەلەی ئەم نرخانە، بۆیە لە (١٥) تاوەکو (٣٠) ئەو کاتە تۆ دەتوانی بۆ ناو مەرکەزی مەدینە (٣٠) هەزارەکە لە هەولێر حیساب بکەی، بۆ ناو هەڵەبجە بۆ نموونە (١٥) حیساب بکەی، کێیە حیسابی دەکات؟ دەبێت بووترێت لیژنەیە ئەوە دەستنیشان دەکات بۆیە صیاغەکەی من بەم شێوەیەیە کە بۆ ئەوەی زیاتر هاوکار بن بۆ هاوڕێیانم لە لیژنەی هاوبەش و بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز، خاڵی یەکەم بەم شێوەیەیە (ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت بە نرخێك لە نێوان وەکو خۆی (١٥) هەزار دینار وەکو خۆی دەخەملێندرێت و نرخی هەر مەتر دووجایەکیش لەسەر ئاستی ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان دیاریکراو دەبێت کە پێشتر بە بڕیاری لیژنە دیاری دەکرێ کە موحافەزە دیاری بکات، ئەوان لیژنەکە دەستنیشانی دەکات لە قەزای دوکان نرخی زەوییەکی تەجاوز بە (٢٠) هەزار دینارە، بەڵام لە قەزای پێنجوێن بە (١٠) هەزارە بۆ نموونە، بڕگەی دووەمیان هەڵبەتە ئەوە ناکۆکە ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەوەی کە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم کە ئەوانە وەکو مەحسوب حیساب دەکرێ سوودمەند بوون لە دەوڵەت هەڵبەتە جەنابتان دەزانن و پەرلەمانتارانیش دەزانن بە پێی قانون نابێ دووجار

سـوودمەند بـی، بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەی مـامەڵە لەگەڵ واقیعـی حـاڵ دەکـات ئیستیسـنایەکی دروست کردووە بۆیە من پێشنیاز دەکەم وەکو یەکێك لە هۆکارەکـانی دەرچووانـدنی ئاماژەیـان پێکراوە، پێویست دەکات بڕگەی دووەم مادام مـامەڵەیە لەگەڵ واقیعـی حـاڵ دا، مـن لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە دەڵـێ پارێزگـار بکـرێ لەبەر ئەوەی سـوودمەندبوون و تەجـاوزیش کـراوە، ئەوە نامەوێ وا لێك بدرێتەوە بڵێم کەم بکرێ، خۆ دەتـوانم بڵـێم کەم بکـرێ بـۆ ئەوەی موتەجاویزێـك زیاتر موستەفید بێ، ئەوە ڕەنگە وەکو پروپاگەندەیەکی سیاسی لە خزمەتـی ئەو کەسـانەدا بـێ، بەڵام ئەوەی کە مەنتیقی قانونی یە من دەڵێم بۆ ئەوەی کە داهات زیاد بکرێ پێشنیاز دەکەم ئەو ٥٠% یی بکرێتە ٧٥%، بە نیسبەت بڕگەی سێیەم من مولاحەزەیەکم نیە، بەڵام بڕگەی چوارەمیان کاتێ دەڵێ شارەوانی هەیە پێویست دەکات لە ماددەی یەکەم دا بزانی شارەوانی مەبەستمان لە کوێیە؟ مەبەستمان لە سەرۆکی شارەوانییە؟ مەبەستمان لە وەزارەتی شـارەوانی یە؟ دەبـێ ئەو مەسەلانە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وازحە مەبەستت چییە، شارەوانی پەیوەندیدار، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا لە بڕگەی چوارەم دا ئەگەر جەنابت دیقەت بـدەی شـارەوانی بـۆی هەیە، نەیوتـووە شـارەوانی پەیوەندیدار، جا شارەوانی بۆی هەیە، من پێمـوایە ئەم دەسـەڵاتە بـدرێتە وەزارەتـی شـارەوانی، لەبەر ئەوەی دەست نەدرێتە سەرۆکایەتی شارەوانی ناحیەیەك ئەو نرخانە دیاری بکـات، یەعنـی وەزارەتی شارەوانی لە بڕگەی یەکەم دا لە ماددەی یەکەم ئەگەر ئاماژەی پێکرابێ شارەوانی بۆی دەبێت ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتێکی زۆرت برد، سوپاس، ئەوەی هەتە بە نووسین بیگەیەنە ئیدارەکان.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێ، کاك أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك د.ڕێبوار و د.شێرکۆ جودت و کاك زیاد و کـاك سـۆران عمـر دەکەم کە لەسـەر بنەمـای جـوگرافی نەبـێ بە نیسـبەت ڕێژەکـان، نـامەوێ قسـەکان دووبـارە بـکەمەوە، دووەم/ ئێمە دەڵێین ئەوە بۆ زۆربەی توێژی کەم دەرامەت و ئەوانەیە کە ئیستیفادە بکەن، بەڵام حکـومەتیش ئیسـتیفادە دەکـات، بـۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بە فیعلـی ئیسـتیفادە بکـات، کـاتی ئەوە

هاتووە کە قسەیەکی ڕوون لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین کە پێی دەووترێ پاشەکەوتی مووچە، بۆ ئەوەی ئەو تویژە کەم دەرامەت و هەژارانە ئێمە با لەم یاسایەدا بەشێك لەو نرخەی کە دەیدەن ڕێژەیەك من نالێم هەمووی عەرەب وتەنی (ما لایدرك کلە لا یدرك جلە) با ڕێژەیەك بۆ نمونە لە ١٠٪ یان لە ٢٠٪ ئەو خەڵکە کە دەیدات با لە پاشەکەوتی مووچەکەی بیدات، ئەوە متمانەی خەڵك بگەڕێتەوە کە ئەو پاشەکەوتە نافەوتێ، چونکە ئەوە چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە، لەبەر ئەوە کاتی ئەوە هاتووە لای ئێمە ئەگەر بە جوزئیش بێ ئەگەر ئەم مافە بگێڕینەوە بۆ مووچەخۆران و بۆ هاووڵاتیانی هەرێم، بەوەش جیاوازییەکانی نێوان چین و تویژەکان کەم دەکەینەوە، ئەم یاسایە لە هەموو ماددەکانیدا باس لە ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیە دەکات، بەڵام هەندێ شوێنی ترمان هەن شارۆچکەن، کۆمەڵگان یان شارەدێن، هەندێکیان شارەوانیان هەیە هەندێکیان نیانە، بۆیە دەبێ ئەوەش موعالەجە بکەین لە کاتی داڕشتنەوەی یاساکەدا لە کاتی صیاغەکردن دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی هێژا.**

دەسپێکا من بەخێرهاتنا وەزیری پەیوەندیدار دکەین بەخێر بێ سەرچاڤا، دوو/ ئەز پشتەڤانی پشتگیریا د.شێرکۆ و خوشکا سەرچنار دکەم، ئیزافەتەن ئەز پشتەڤانیا وان برایان دکەم هەڤالان دکەم ئەو گوتی خاوەن پێداویستی تایبەتی ژی بێنە عەفوو کردن نرخی عەردی وان تەجاوز کری، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا خۆزگەم دەخواست یەکەم کەس بام، چونکە پشتگیری بە دەست نایەنم تازە ئەگەر پێشنیاری من پەسەندیش بێ، چونکە دەبێ سێ کەس پشتگیریت بکات، بەڕای من پێشنیاری من وەکو سروان ئەوەیە ئەو زێدەڕۆییە کە کرایە خۆ پەرلەمان هەبووە، حکومەت هەبووە، شارەوانی هەبووە، وەزارەتی شارەوانی هەبووە، هەموو بەڕێوەبەرایەتی یە شارەوانییەکانیش هەبووە، کەواتە ئەوەی زەوی بەو جۆرە پێیان بدرێت بەڕاستی ئەوە دەچێتە قاڵبی فرۆشتنەوە، بەڕای من وەکو پێشنیار من پێشنیار دەکەم پارە لە هیچ کەسێك وەرنەگیرێ، بەڵام ڕێگری بکرێت لەمڕۆ بەدواوە کە زێدەڕۆیی نەکرێت، لەبەر ئەوەی پێشنیاری من ئەوەیە کە پارە لە هیچ کەس وەرنەگیرێت بەڕاستی، ئەوە موجامەلەش نیە، بۆ خۆجەرخستنیش نیە بۆ ئەوەی موحیبەتی دوو کەس بەدەست بێنم، چونکە باجەکە دەبێ حکومەت بیدا، چونکە حکومەت

هەبووە کە ئەو شتە کرایە، خۆ پۆلیس هەبوو، پێشمەرگە هەبووە، ئاسایش هەبووە، هەموو هەبووینە و زێدەڕۆییش کرایە، بۆ هەزارێك پارە بدات ئەورۆ؟ ئەوە ئەو، ئەوەی تریش بۆ پشتگیری پێشنیارەکانیش ئەگەر نەشبەخشرێن ئەو هاووڵاتیانە بەڵام کەمترین پارەیان لێ وەربگیرێت، ئەوەی پێشنیاری کێ لە هەمووان کەمتر بوو ئەو پێشنیار دەکەم، پشتگیری پێشنیاری د.گەلاوێژ و کاك سۆران عمر دەکەم، د.ڕێبوار، کاك دیاری، پێشنیاری ئەوانەی کە لای من پەسند بووینە ناوی هەمووان دەخوێنمەوە لەبەر ئەوەی نامەوێ بچمە ناو تەفاصیلی ئەوانەی ئەوان وتوویانە، کاك شوان، مام بهجت، کاك سیپان، گولستان خان کە بۆ کەم ئەندامانی سروشتی، ئەوانەی نەك هەر کەم ئەندامی سەنگەر چونکە ئەوە بۆ پێشمەرگە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە بڵێین پەك کەوتووانی سەنگەر و ئاسایش و ئەوانە لە ماددەی یەکەم باسمان کردن، ئیدی لە هەموو ماددەکان ئەوانە پێویست ناکات بچینەوە ناوی، چونکە داوای بەخشینی ئەوانمان کردووە، ئەوەی تریش بە نیسبەت سوودمەندبوون لە بڕگەی چوارەم، من ئەگەر پێشمەرگە بم سوودمەند بووبم پارچە زەوییەکم لە حکومەت وەرگرتبێ نەمتوانیوە بیکەمە خانوو، یان هەر کارمەندێکی تر بم، نەمتوانیوە بیکەمە خانوو لەبەر ئەوەی وەزعی ماددی من خراپ بووە، ئینجا چیم کردووە فرۆشتوومە چوومە لە کۆمەڵگایەك پارچە زەوییەکی تەجاوزم پێ کڕیوە بۆ ئەوەی هەم بتوانم خانووەکە دروست بکەم بەو پارەی ئەو پارچە زەوییەی کە من وەرمگرتووە خانووێك بۆ خۆم دروست بکەم، چونکە ئەگەر حکومەت هاوکاری ماددی من نەکات ناتوانم بیکەم بە خانوو بۆیە ئەوانە سوودمەند هەژمار نەکرێن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، د. کاظم تۆ خۆت وتت با کاك سیپان قسە بکات، ڕێگە دەدەین بە کاك ڕزگار دوایی بە جەنابت، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) بڕگەی (٢) دیارە باس لەوانە کە ئەو ڕێژەی کە دادەنرێ بۆ پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان بەڕاستی بەزۆری دەزانین من پێشنیار دەکەم بکرێتە نیسبە وەکو هاوڕێم کاك شوانیش باسی کرد، لەبەر ئەوەی ئێستاکە دەبێ ڕەچاوی باری دارایی خەڵك بکرێت، خەڵك ئێستا زۆر بێکارە، ئەوانەیشی کە تەجاوزیان کردووە دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆریان خەڵکی کەم دەرامەتن، من لێرەدا دەڵێم باشە بۆچی ئێستا ئەم سیعریە لەسەر هاووڵاتی دابنرێ، لە کاتێك دا وەختێك زەوییەکی کشتوکاڵی کەوا یەك سەدە بە دەست فەلاحێکەوە بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان یان بڵێین وەزارەتی شارەوانی پرۆژەیەکی لەسەرە لە ٣%ی قەرەبووی ئەو هاووڵاتییە دەکاتەوە، زەوییەکی بڵێین تاپۆیەکی کشتوکاڵی لە ١٢% قەرەبووی ئەو هاووڵاتیە دەکاتەوە، بەڕاستی ئەوە لێرە دەبینین ئەوەی کە ئێستا ئەم یاسایە بەو نەعەوە بێ من تەصەوری دەکەم لە جیاتی ئەوەی ئەو خانووە تەجاوزانە تاپۆ بکرێت، دەبینرێن کە ئەوە چۆڵ بکرێن، من پێشنیار دەکەم ئەو کەسانەی کە سوودمەند نەبوونە لە ١٥% بە نیسبە لێیان

وەرگیرێ، لەبەر ئەوەی هەر باسی یەك شار بکەین، لە شارێك دا جیاوازی لە نێوان تەجاوزەکان دا هەیە، تەجاوز هەیە لە ساڵی نەوەتەکان ئەو کاتە کە کردوویێتی، ئێستا شەقامێکی گشتی بە تەنیشتی دا تێدەپەڕێت بۆتە شوێنێکی تیجاری و زەوییەکەی بەهایەکی باشی هەیە، زەوییەکی تریش هەر لە عەینی شاردا بۆ نمونە من باسی کەلار بکەم باسی کولەجۆیەکان بکەم، خەڵك یەعنی لە ناو قوڕ و زەلکاودا دەژی، لە شوێنێکی تریش بابڵێین باسی لای لیواکە بکەین، لەوێ تەجاوز هەیە ئێستا زەوییەکەی ڕەنگە بیست دەفتەر دۆلار بکات، بەڵام لە ناو کولەجۆیەکان دا ڕەنگە دوو دەفتەر، سێ دەفتەر دۆلار بکات، ئەگەر بە مەترە بێ ئەوە بە یەك شێوە پارەیان لێ وەردەگیرێت، ئەگەر بە نیسبە بێ ئەوە ئەو کاتە لەسەر بەهای زەوییەکەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم بە نیسبە بێ و نیسبەکە لە ١٥% بێ، بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەند نەبوونە و بۆ ئەو کەسانەش کە سوودمەند بوونە لە ٢٠% بێت، لەبەر ئەوەی ئەوانەیش کە سوودمەند بوونە من ئێستا هاوڕێم هەیە پێشمەرگەیە نقیبە ئەو کاتە لە ساڵی ٢٠٠٠ زەوییەکی وەرگرتووە داویەتی بە ١٠٠٠ دیناری سویسری، یەعنی ئێستاکە چۆتە تەجاوزەوە، ئەوە کەس و کاری شەهید شارەزام لە ....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕزگار قانون بۆ عام دادەنرێت، بۆ گشتی دادەنرێت.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

بۆ گشتی، من ئاخیر شتم ئەوەیە کە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك بەڵێن و کاك شاخەوان و شیرین خان دەکەم بۆ ئەوەی کەس و کاری شەهیدان و قوربانی ئەم وڵاتە ببەخشرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك د.کاظم ئاخیر کەسی، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من تەنها ئەوەیە کە پشتگیری لە پێشنیازەکانی برای بەڕێزم کاك سیپان دەکەم لە لیژنەی تایبەتمەند، تەنها دوو ئیزافەم هەیە سەبارەت بە یەکێك لە پێشنیازەکان ئەوەی کە سەرجەم ئەو پارەیەی کە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لە ماددەی سێیەم دا باس دەکرێت، ئەگەر نموونەی یەك پارچە زەوی وەرگرین کەو کەمترینیان باس کراوە (٢٠٠) مەترە، بە یەکێك لە نرخەکان ئەگەر (٣٠) هەزار دینار بێ هەر مەترێك کۆی گشتی دەکاتە شەش ملیۆن دینار، کە من پێموایە باسی خەڵکی فەقیر و هەژار دەکەین مومکین نییە فەقیر و هەژار بتوانێ بە یەك جار شەش ملیۆن دینار دەفع بکات، بۆیە پێشنیازی ئەوەمان کرد کە بکرێ بە قیستی مانگانە بۆ ماوەی (١٢) مانگ، ئەوە بەدەل لەوەی کە ئەو فیئانەی باس کراوە بەتایبەت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پێشمەرگە، بەتایبەت ئەوانەی کە بۆ نمونە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئێستا هاوکارییەکی (١٢٠) هەزار دیناری وەردەگرن، لەبەر ئەوە نەك (١٢) مانگ، (١٢) ساڵیشیان بدەیتێ ئەوان ناتوانن ئەو شەش ملیۆن دینارە بۆ

نمونه دەفع بکەن، لەبەر ئەوە پێشنیازمان کردووە کە ئەم چینانە لەو بڕە پارەی کە لە برگەی دووەمی ماددەی سێیەمدا باس کرواە ببەخشرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنە تایبەتمەندەکان پێش ئەوەی ئێوە جەواب بدەنەوە با دەرفەت بدەین بە وەزیری تایبەتمەند، بەڕێز وەزیری شارەوانی چەند پرسیارێك زۆر ئەساسی یە کە ڕووبەڕووی ئێمە کرایەوە، لە ڕێگای ئێمەوە لەگەڵ جەنابتان دەمانەوێ وەڵامەکە وەرگرین، سەبارەت بە لێخۆشبوون لە کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کەمئەندامان و پێشمەرگە دێرینەکان، ئەوە پرسیارێکی ئەساسی یە، دوو/ ئایا پێویستە ئێمە برگەیەك دابنێین سەبارەت بە شێوازی دروست کردنی لیژنەی خەملاندن، یان ئەو لیژنانەی لە شارەوانییەکان هەن بەم ئەرکە هەڵدەستن؟ سێ/ کە ئەوەش مەسەلەیەکی ئەساسی یە ئایا ژمارە یان بڵێین ڕەقەم دابنێین بۆ نرخەکان یان نیسبە دابنێین؟ چوار/ ئایا بۆ خوێندکارەکان پێشنیازی جەنابتان چیە؟ پێنج/ ئەو لیژنەیەی لە ماددەی (٣) پێکهاتووە، ئایا ڕاسپاردە دەکرا بۆ شارەوانی دوای ئەوەی لە مەرجەکان دەکۆڵێتەوە ڕاسپاردە دەکات شارەوانی حەقی ڕەفز و حەقی قبوڵی هەیە یان ئەم لیژنەیە خۆی یەکلایی دەکاتەوە داواکارییەکە قبوڵە یان قبوڵ نیە؟ هەر تێبینییەکی تریش کە بەڕێزتان هەتانە و پرسیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە داوا دەکەین ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، شوێنکار کاك ساسان بەڕێز وەزیری شارەوانی، شوێکار مەسەلەن لە گەرەکێك دا هەمووی تەجاوزە بەڵام چەند دوکانێکیشی تێدایە، چەند دوکانیش هەر بە تەجاوز دروست کراون و هەر پرسیارێکی تریش کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە و لای جەنابتان تەسجیل بووە و وەڵام بدەنەوە، سوپاستان دەکەین، دواتریش دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری هەرێم، چونکە بەڕێزیان داوای کردووە ئەویش دەیەوێ قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز ساسان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارانە پێش ئەوەی جوابی پرسیارەکان بدەمەوە وەکو هەندێك بەڕێز کە پرسیارەکانیان دەکرد، جارێ هەر خۆی تەجاوز یان زیادەڕۆیی ئەوە دژی یاسایە و دژی ماستەر پلان و نەخشەی بنەڕەتی شارەکانە و تێکدانی ئەو نەخشە بنەڕەتییانەیە کە داندراوە، بۆیە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەوە بهێنرێتەوە ناو ماستەر پلان و بگونجێنرێتەوە لەگەڵ نەخشەی بنەڕەتی پێویستی بە ڕێکاری ئەندازیاری و پێویستی بە ڕێکاری تر هەیە، هەندێك شت لەو بابەتە دەبنە ڕێگر کە لە تەفاصیلەکان باسی دەکەین، ئەو شوێنانە پێموابی کە ئێمە پێشنیازەکانمان لەسەر پرۆژەکەی پەرلەمان داوەتەوە و مەبەستمان لە بەخاوەنکردنی ئەو شوێنانەنە کە بۆ نیشتەجێ دەگونجێن، نەوەك شوێنی تیجاری یاخود شوێنی صناعی، تەنها ئەو شوێنانەی کە دەبنە شوێنی نیشتەجێ کردن، سەبارەت بە لێخۆشبوون لە شەهیدان و ئەندامان و پێشمەرگە و هەموو ئەو

چین و توێژانەی کە ئێوەی بەڕێز ناوتان هێنان، پێموایە ئەرکەکە زیاتر لەسەر شانی ئێوەیە تەخمینی ئەو بابەتە بکەن، بەڵام پێموایە بابەتی ئەوە ڕەئی شەخصی خۆمە، پێموایە موقەدەسترین شتەکانی کوردستان کە شەهیدان و بنەماڵەی شەهیدانن لەگەڵ پێشمەرگە کە سیمبولی بەرگری کردنە لە کوردستان نەیهێنینە ناو پرۆژە یاسایەك کە باس لە تەجاوز دەکات، ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ تەجروبەی هەرێمی کوردستان و بۆ داهاتووی ئەو تەجروبەیە پێموایە دەبێتە کەم و کورتییەك کە مێژوو لەسەری موحاسەبەمان دەکات بڕیاریش بۆ خۆتانە، بەڵام ئەوە ڕەئی منە و دەکرێ هەروەکو هەتا ئێستاکە کرایە کە بنەماڵەی شەهیدان خزمەتگوزاری زۆر باشیان پێشکەش کرایە لە دابینکردنی زەوی، خانوویان بۆ دروست کرایە گەرەکیان بۆ دروست کرایە، منداڵەکانیان بەخشراون لەخوێندن، ئەو شەهیدانەی کە هەتاکو ئێستا ئەو خزمەتانەشیان پێ نەگەیشتووە، من دڵنیام لە دڵسۆزی پەرلەمانی کوردستان، دڵنیام دڵسۆزیەت و جیدییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خزمەتکردنی بنەماڵەی شەهیدان و دڵنیام لە دڵسۆزی هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە لێ ناگەڕێن بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە بارودۆخێکدا بمینێن کە شایەنی ئەوان نەبێ، بە هەمان شێوەی بە نیسبەت پێشمەرگە و هەموو چین و توێژەکانی تریش دوا بڕیاریش لای خۆتانە، سەبارەت بەو لیژنانەی کە هەن بۆ خەمڵاندن ئێمە تەئکید لەوە دەکەینەوە ئەو لیژنانە هەن و هەتاکو ئێستا کارەکانیان بە یاسایی کردووە و شارەزانە و خەڵکی موخەمینی وان کە دەتوانن نرخەکان دیاری بکەن و هەتا ئێستاش کردیتیان و سەرکەوتوو بوونە لەو کارانەیان و بەدرێژایی چەندین ساڵ ئەوە کارەکانیان بووە، سەبارەت بە دانانی نیسبە یاخود تەسبیت کردنی ڕەقەم من تەئکید دەکەمەوە لەگەڵ تەسبیت کردنی ڕەقەمین، عیبرەت لەو یاسایە جێبەجێکردنی یاسایەکەیەو نەمانخاتەوە ناو هەندێك مەتاهاتی تر دواتر لێی دەرنەچینەوە، بەڕێزان نرخەکان با لەبەرچاومان بێ ئەگەر بەرزترین ئاست وەربگیرێ، ئەگەر لە سەنتەری پارێزگاکان کە (٣٠) هەزار دانرایە یەعنی بۆ دوو سەد مەتر زەوی دەکاتە شەش ملیۆن دینار، یەعنی لە سەنتەری پارێزگایەك بە (٥٠) وەرەقە بە (٥) هەزار دۆلار بە شەش ملیۆن کەسێك بکەیە ساحێبی مولکەك کە سەنەدی هەبێ و بتوانی بیفرۆشێتەوە لەوانەیە بەلای کەمی سبەینێ شەش دەفتەر، حەفت دەفتەر دۆلاری بۆ دەکاتەوە، یەعنی ئەو سوودمەندە، لە قەزایەك بە چوار ملیۆن دینار دەیکەیە خاوەنی مولکێك کە سەنەدی هەیە، لە ناحیەك بە دوو ملیۆن دینار دەیکەیە خاوەن مولکەك کە سەنەدی هەیە، تکایە ئەوەتان لەبەرچاو بێ، ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێ باشە بۆ ئەوەی لە داهاتوو ڕێگری بکات لەبەردەم تەجاوزاتی زیاتر، سەبارەت بە ئەو پرسیاری چوارەم، شوێنی کارەکان و دوکانەکان بە قەتعی ئەو شوێنانە شوێنی سەکەنین و ئەگەر دوکانەك دروست کرابی یاخود شوێنێکی تر ئەوا ئەو شوێنانە نەخشەی کەرتی بۆ دادەنرێ، دەکرێنە بلۆك جاددەی بۆ دادەنرێ و دەبی حیسابی خزمەتگوزاری گشتی و قوتابخانە و مزگەوت و دایەنگە و هەموو ئەو بابەتانەی بۆ بکرێ، لەوانەیە ئێستا زووبی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێ بەڵام یاسایەکە بۆ شوێنەکانی نیشتەجێبوونە، یەکێك بەردەمی کۆڵانەکەی خۆی کەپرەکی لێ کردییە ئەوە بە تەصەوری ئێمە

ئەوە بە دوكان یان بە شوێنێكی تیجاری حیساب ناكرێ، سەبارەت بەو بابەتەی شارەوانی بۆی هەیە لیژنەكان كە دەگوترێ شارەوانی مەعلومە شارەوانی ئەو شوێنەیە، شارەوانی كەسێك نیە تەنها مودیری شارەوانییەكە بێ بە میزاج ئەو ئیش بكاتن، لیژنەی كە باس كرایە ئەو لیژنەیە كارەكان دەكەن، شارەوانی و مەسئولی بەشی هونەری تێدایە، مەسئولی بەشی ئەملاكی تێدایە، لیژانی زۆری تێدایە، كەسێك ناتوانی ببیتە ڕێگر لەبەردەم بە خاوەن كردنی زەوییەك بۆ كەسەك، سەبارەت بە پرسیاری تر كە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان كردیان، ئەوەی كە دەروخێنرێ خۆی نەیڕوخێنی شارەوانی بیرۆخێنی، خۆی بیرۆخێنی باشترە، چونكە دەتوانی مەوادەكە بەكار بهێنێتەوە، سەقفەكە تێك دەدا شیشەكان دەردێنی، بلۆكەكان بەشێوەیەك دەردێنی لێك دەداتەوە كە دەتوانێ لە شوێنێكی تر بەكاری بینیتەوە، شارەوانی تێك بدا شۆفەڵەكی دەبا دەمی شۆفەلەكەی لێدەدا و ئەنقازەكەی فڕێ دەدا، بۆیە ئەوە لە مەسەڵەحەتی ساحێبەكەیە كە گوتیتمان شارەوانی تێكی نەدا خۆیان تێكی بدەن، ئەوەی كە كاك (هێڤیدار) گوتی شوێن لە شوێنیكی تر لە بۆی دەستنیشان بكرێت، بە تەئكید دەبێ شوێنێك بی كە دەبی خزمەتگوزاری سەرەكی تێدابی، ئاوی تێدابی كارەبای تێدابی شەقامی تێدابی وە نزیك بی لەو شوێنانەی كە بتوانی منداڵەكانی بباتە مەكتەب و ئەوانە، زێدەرۆییەكان راستە بەشێكی لە قەزاكانن، بەڵام بەشێكی قەزاكان كە لە دەوروبەری سەنتەری شارە گەورەكانن نرخەكانیان هیچی جیاواز نییە لەگەڵ سەنتەری شارەكان وە مودەی تەنفیزی ئەو یاسایە (الی ابدل أبدین) نییە وەكو لە پرۆژەكە نوسرایە بۆ دوو ساڵە، یەعنی لە ماوەی سێ ساڵ ئەو بابەتە كۆتایی پێ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێرای پشتگیری كردنم بۆ هەموو قسەكانی بەرێز وەزیری تایبەتمەند ئەو ڕوونكردنەوانەی ئەمن دەیدەم تەنها لەسەر دوو خاڵەو تەنها لە ڕووی یاساییەوەیە ناچینە ناو دقەی ئە بابەتانەی پەیوەندی بە وەزیری تایبەتمەند هەیە لەبەر ئەوەی جەنابیان قسەی خۆی كرد.

یەكەم: ئەوەی كە باس لە نسبە كرا لەگەڵ نرخەكان ئێمە پێمان وایە لە ڕووی یاساییەوە تەحدید كردنی نرخ دەقیق ترە خاڵی یەكەم.

دووەم: دائیمەن نسبە هەبێ لە بەینی ئەعلا و وە ئەدنا باشترە لەبەر ئەوەی ئەو لیژنە تایبەتمەندەی كە دای دەنێی موخەیەری دەكەی خۆی تەقیم بكا لە بەینی جیاوازی كردن لە بەینی ئەو ناوچانەی كە سعریان زۆرە و ئەو ناوچانەی كە سعریان كەمترە، بۆیە ئەوە تەقیقەن لە بۆ حاڵەت عادەتەن لە یاساكان پەیرەو دەكرێ ئەوەلەن تەحدیدی سعردەكرێ وە دووەمیان تەخمین دەدرێ حەقی تەقدیر دەدرێ بەو لیژنەیەی كە تایبەتمەندە بۆ ئەوەی جیاوازی بكەن بۆ نمونە لە بەینی هەولێر و لە بەینی سلێمانی لە بەینی پارێزگایەك بۆ ئیدارەیەكی سەربەخۆ لە

بەینی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆناحیەیێك و قەزایەك، ئەوەی لە راپۆرتەکە دا هاتووە دەقیقە وە هیوادارم وەکو خۆی پەسند بکرێت، زۆر باسی موستەفید بوون کرا ئەوەی کە موستەفیدە فیعلەن بە هیچ شێوەیەك نابێ جارێکی کە ئیستفادە بکاتەوە، ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی یاسایدا هاتووە دووبارە موستەفیدی کردۆتەوە بۆ موستەفید چونکە ئەتۆ کە لە (٥٠%) لێ خۆش دەبی یەعنی جاررێکی دیکە حەقی پێ دەدەیەوە، بۆیە پێمان وایە دەبێ بە نرخی راستەقینەی خۆی پێی بفرۆشرێتن چونکە بە نرخی راستەقینەی خۆی پێی فرۆشرا وەکو کریارو فرۆشیارە ئەتۆ تەعامولی لەگەڵ دەکەی، ئەو عەرزەکەی کڕیوە بەڵام ئەو رایەش هەبوو کە هەر موستەفید دەربهێنرێ لەناو یاساکە، ئێمە پێمان باشە موستەفید بمینێ لە ناوە یاساکە مادەم تەجاوزی کردووە، بەڵام بە نرخی راستەقینە تەعامولی لەگەڵ بکرێتن لەبەر ئەوەی ئەگەر نەمینێ لەناو یاساکە دەبێ ئەو خانووەی دروست کردووە بروخێنرێتەوە، روخاندنەوەی خانووەکە و لابردنی پاشماوەکانی رەنگە زۆر ئەسعار و ئەتعاب زیاد بکا لەسەر حوکمەت و لەسەر وەزارەتی شارەوانی، بۆیە بۆ ئەوەی تەناقوز نەکا لەگەڵ یاسا پێویستە وەکو کریار تەعامولی لەگەڵ بکرێت، نرخی راستەقینەی خۆی چەندە لە بازار بەم شێوەیە تەعامولی لەگەڵ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریَواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی ئێستا ئەوەی ئێمە تێگەیشتین بەڕێزتان لەسەر ئەوەن کە یەك نرخ هەبێ وە بەڕێز وەزیری هەرێم لەگەڵ ئەوەیە کە ئەدنا و ئەقصا هەبێ، قسەی ئەخیرمان بدەنێ، یەعنی ئایا لیژنەکان توانای تەخمینیان هەبێ بەڕێز وەزیری هەرێم وا دەڵێ وە جەنابیشتان دەلێن یەك سعری سابت هەبێ، رەئیەکمان بدەنێ تەوحیدی کەن هەتا لیژنەی قانوونی خۆیان رێك دەخەن، خۆتان رێك خەنەوە لەسەر رەئیەك هەتا لیژنەی قانوونی وەڵام دەدەنەوە، لیژنەی قانوونی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس تەنیا جوابی کاك (د.شێرکۆ) دەدەمەوە پرسیار لەوە کرد کەوا قەرارێك هەبووە لە پێش، قەراری رەقم (١٤٧٤) بوو قرار مجلس قیادە پورە بوو لە (١٩٨٣/١٢/٣١) دەرکەوتووە، برگەی دووەم خاڵی یەکەم (ب) باسی ئەو حاڵەتەی دەکا کە نابێ دوو جار موستەفید بێ لە وائعی عیراقیدا عدد (٢٩٧٧) بڵاو بووە لە (١٩٨٤/١/٢٣) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریَواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك (عباس) فەرموو.

**بەڕێزعباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکیان پێویستی بەوە بوو کە قسەی بکەن و ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەن لەسەر ئەوەی کە دەکرێ دوو جار سوودمەند بێ ئێمە نەمان وتووە سوودمەند بێ ئێمە دەڵێین ئەوانەی کە سوودمەند بوون پارەیان لێ وەردەگرێ لەبەر ئەوەی جارێ سوودمەند بوون، بەڵام بۆ کراوە (٥٠%) لەبەر ئەوەی هەموو لایەکمان باش دەزانین یەك لە پێشنیارەکانی ئەندامانی بەرێز ئەمە بوو بە تایبەتی پێشمەرگە دێرینەکان و کەس و کاری شەهیدان لە (٩٤،٩٥،٩٦،٩٧) زەویان وەرگرت ئەم کاتە بەراستی گرانی بوو لە هەرێمی کوردستان هەمووی دەستبەجێ فرۆشتویەتی توانیویەتی خانوویەك بکا کە خانووی کردووە، بەراستی لە زۆر شارەکانیش لەسەر زەوی زێدەڕۆیی بووە ئەم (٥٠%)، بۆیە دابەزێندراوە، یەعنی خۆی بە کۆی نرخەکەیەتی، بەڵام کراوە لە (٥٠%) فەرقی هەیە لەوەی کە زێدە ڕۆیی کردووە کە (٢٠%، ٣٠%) دانراوە، ئەمە دووجار سوود مەند بوون نییە، چونکە پارەکەی لێوەردەگیرێ، بەڵام ئەو هاوکاری کراوە، لەسەر لادانی زێدەڕۆیی ئەمە جەنابی وەزیر بەراستی وەڵامی دایەوە، یەعنی بۆخۆیەتی، لەبەر ئەوەی کەل و پەلەکەی دەتوانێ بەکار بێنێتەوە لە چ شوێنێك ئەوەی دەدرێ، من لەسەر مەسەلەی ئەوەی من ڕێژەم پێ عەدالەت ترە لەگەڵ ئەوەمە لە لیژنە کاتی خۆی مناقەشە کرا لە لیژنەی هاوبەشیش کرا ڕێژە دەتوانێ هەر زەوییەك بۆ زەوییەك بەراستی جیاوازی لە نرخەکەی بکا، بەڵام بۆ دیاری کردنی پارەکەی دەکرێ تەخمینێك دیاری بکرێ لەگەڵ ئەو پارەیەی زیارتر بێت، بەڵام عەدالەت زیاتر دیاری دەکا، لە مەسەلەی بازرگانی و تجاری ئێمە لە هەرێمی کوردستان و زۆربەمان لە شارەکانیش دەژین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز تان وەکو ئەندام پەرلەمان قسە دەکەن، یان ئەوە قسەی لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر لێرەیە بەراستی هەندێك ڕەئی وان وەرگرین چونکە جەنابی وەکیلی وەزیر لێرەیە قسەمان لەگەڵ کردووە هەندێکی لەسەر ئەم نرخانە ڕێك کەوتووین کە ئەدنا و ئەعلا هەبێ بەڵام ئێستا ڕەئی جیاواز پەیدا بووە، ئێمەش پێویستە ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە بدەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا جێگری وەزیری شارەوانی وتی ئەوە صەلاحیەتی خۆتانە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ مەسەلەی بازرگانی مەسەلە ئەوە نییە شوێنی بازرگانییە بەڵام گەرەکێك کە بە تەواوی بۆتە تەجاوز ئێ خۆ سەر جادە رەئیسییەکە هەمووی دوکانی لێ دروست کراوە، ئێ بە راستی دەبێ ماددەیەك بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە لەسەر رەئی ئەمە بۆیە من پێشنیارەکە دەکەم جەنابی وەزیر لێرەیە بۆ ئەو مەوزوعە، بۆ ئەو زەوییە (٢٠٠م) دوو سەد مەتر یانەکە داندراوە ئەو (٤٠%) بۆ وەزراەتی شارەوانی دیاری کراوە بۆ گەیاندنی خەدەمات ئەو دووسەد مەتریەی تەعویز دەداتەوە دەبێ لە کۆی ئەو پارەیەی وەردەگیرێ لەو (٤٠%) هەموو خەدەماتە پێویستەکان بگەێنێتە ئەو شوێنە لە پرۆژەکە و لە موناقەشە کردنی ئێمە وامان قسە لەسەر کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی، فەرموو.

**بەڕێز ساسان عونی(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە ئەدنا و ئەعلا کە هەبێت وەکو تەسبیت کرایە پاش راوێژکردنە لەگەڵ بەڕێز وەزیری کاروباری پەرلەمان پێمان باشە ئەدنا و ئەعلایەکە هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامییە کاك (زانا) ئەگەر نوقتەی نیزامی نییە نابێ، کاك (هێڤیدار) فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری شارەوانی کە لێرەن وە ئەم بابەتەی سعرەکان، ئەگەر پێتان باش بوو پێشنیارێکم هەیە وەکو ئینقاز لە بەینی نە ئەوەی پەرلەمان و نە ئەوەی وەزارەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کەی نوقتەی نیزامییە بیدە لیژنە تایبەتمەندەکان.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە ئەگەر پێتان باش بێت روونکردنەوەی دەدەم بەشکەم رازی بوون لەسەری هەردوو لابگەنە رێککەوتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیدە لیژنە تایبەتمەند، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەرفەت دەدەین بە لیژنە تایبەتمەندەکان لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند ماددەی چوارەم بۆ گفتوگۆ بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار داواکاری بە خاوەن کردن لەو ماوەیەی لە بڕگەی (٤) ماددەی دووەمی ئەو یاسایە دیاری کراوە، پێشکەش نەکات یان بە پێدانی نرخی دیاری کراو یان خەملێنراوی هاتووە لە بڕگەی دووەم لە ماددەی سێیەم پابەند نەبێت ئەوا مافی بە خاوەنکردنی دەفەوتێت خانووبەرەکە بە زەوی و بینایە و بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت، بە پێی یاسای فرۆشتن و بەکرێ دانی موڵکەکانی دەوڵەتی بەرکار لە هەرێم دەفرۆشرێ لە بەرامبەر فرۆشتنەکەی بە های دروستکراوەکان بە شێوەیەکی شایستە بوونی تێکدراوی دەدرێت بە خاوەنەکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ بکا لەسەر ماددەی (٤) فەرموون، بەڕێزان سێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان دەیانەوێت قسە بکەن، (بدریە) خان، بەڕێز (د.اسماعیل)، (لەنجە) خان، (بدریە) خان، فەرموون.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پێشەکی بەخێر هاتنی هەردوو جەنابی وەزیر دەکەم، بە نیسبەت ماددەی (٤) ئەگەر کەسی زێدەڕۆکار داواکاری بە خاوەن کردن لە ماوەی لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٢) ئەم یاسایە دیاری کراوە پێشکەش نەکا یان پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراو هاتوو لە بڕگەی دوو لە ماددەی (٣) پابەند نەبێ ئەوا مافی بە خاوەنکردنی دەفەوتێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە بێگومان لە ماددەی (٢) بڕگەی چوار زۆربەی هاوڕێیانم داواکاری ئەوەیان تەلەب کرد ئەو سەد و بیست ڕۆژە کە چوار مانگ دەکا دیار بکرێ بکرێ بە ماوەی (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ بۆ ئەوەی هاوڵاتیان زۆربەی ئاگاداری ئەو یاسایە بن کە دەردەچێت زۆربەی هاوڵاتیان جاری وا هەیە ئاگایان لە دەرچوونی یاساکە نییە یاخوود ئاگایان لە وقایعی کوردستان نییە، بۆ دەبێ هاوڵاتیان مەحروم بن لەو مافەی خۆیان داوا دەکەم تەئکید دەکەمەوە دووبارە وە هاوڕێیانیشمان زۆر حەریس بوون لەسەر ئەوە کە بۆ ئەوەی مافی هاوڵاتیان نەفەوتێ ئەو (١٢٠) سەد و بیست ڕۆژە بکرێت بە (١٨٠) سەد و هەشتا ڕۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.اسماعیل) فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لڤێرێ دڤێت مودەیەك بێتە تەعین کرن بێتە دەستنیشـان کـرن ڕێـزا سـێت بێـژیتن خەملێنـراوی هاتوو لە برگەی دووەم لە ماددەی (٣) پابەند نەبێت بوو چەند مودە پابەند نەبـێ؟ لەوێ بیـژیتن لە کاتی تۆمار کردندا مودەیەك تەعین بکرێ لە مودەی مانگێك لە مودەی سـێ مانـگ، مـوددەیەك تەحدید بکرێ، چونکە شەرت نییە نەفسی لەحزە پابەند نەبی، مومکینە پێویست بی بۆ (١٥) ڕۆژ (١٠) ڕۆژ (٢٠) ڕۆژ دەبینم لێرە پێتڤیا مووددەیەك بێتە دانان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لەنجە) خان، فەرموون.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٤) ئاماژە بە بڕگەی چوارەم لە ماددەی دووەم کراوە کە بە ڕوونی باس لە تەنها (١٢٠) ڕۆژ بـێ پێشـکەش کردنـی داواکـاری بەڵگەکـان، پێشـنیار دەکەم مـاوە و شـێوازی وەرگرتنـی موستەحەقاتی دارایی کە لە دوای پەسـەندکردنی ئەم یاسـایە دەکەوێتـەوە لە ئەسـتۆی لایەنـی جێبەجـێ کـرا بێـت ئەمەش بەمەبەسـتی هاوکـاری کـردن و بـارودۆخی خەڵکـی هەژار و کەم دەرامەت، بۆیە ئەوەی باس دەکەین چونکە زۆر باس لە (١٢٠) ڕۆژەکە دەکرێ جەنابی وەزیـریش باسی لە (٣٠٠) ڕۆژ کرد لایەنی جێبەجێ کار ئەو پانتاییەی هەبێ کە بتوانێ هاوکاری خەڵکی کەم دەرامەت بکا، دواتـر لەمـاوە چـوارەم کە دەڵـێ دەفەوتـێ و خـانوو بەرەکە بە زەوی و بینـایەوە بنوسین خانووەکە بە زەوییەوە، چونکە ئەمە باس لە بینایات ناکەین باس لە خانوو دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەگەر قسەیێکتان هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز ساسان عونی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو خاڵە هیچ ڕوونکردنەوەیەکمان نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی فەرموون ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

بڕگەی یەکەم: ڕووبەرە زیادەکان لە ڕووبەری ئاماژە پێکراو لە بڕگەی شەشەم لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە بە نرخی ڕاستەقینەی باو دەخەملێنرێت لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو بەو مەرجەی ڕووبەری زەوییەکە لە هەموو حاڵەتێکدا لە پارێزگاکان لە (٣٠٠ م٢) لە قەزاکان لە (٣٥٠ م٢) و لە ناحییەکان (٢٠٠ م٢) زیاتر نەبێت.

بڕگەی دووەم: ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەندی لە دەوڵەت دادەنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك دەیەوێت سەبارەت بەو ماددەیە قسە بکا، بەڕێز (د.محی الدین)، کاك (سەروان)، (د.ڕێبوار)، (سوسن) خان، کاك (زانا)، (د. زێدان)، (ژیان) خان، (د.گەلاویژ)، کاك (جەلال)، کاك (بەڵێن)، (شایەن) خان، (گوڵستان) خان، کاك (کاروان)، کاك (لوقمان)، کاك (د. عثمان)، کاك (باڵانبۆ)، کاك (بەڵێن) فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجە کە جارێکی تر ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی دوو لە بڕگەی دوو لە ماددەی (٣)ی یاساکە، ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە سوود مەندبوونەوە دیارە ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە سوودمەند بوون لە دەوڵەت هەژمار دەکرێن، کەواتە ئۆتۆماتیکیەن دەبێ ئەوەش باسی سوودمەند بوون ئەکا لە خاڵی دوو لە بڕگەی دووی ماددەی (٣) بە بەخشین یا بە وەرگرتنەوەی بە ڕێژەی (٥٠%) پێویست دەکا لابرێ و، ئەوە بۆ پشتوانی هاوڕێکانیشم کە پێشتر جەنابی وەزیری پەرلەمانیش باسی کرد کە بە لە سەدا سەد دەبێ لییان وەرگیرێتەوە، بۆ ئەوە دژ یەك نەوەستێ لەگەڵ ئەم بڕگەیە، هەروەها ئەوەی کە پێشتریش بە ڕێز کاك (د.ڕێبوار)، کاك (د.شێرکۆ)، (هەڵەس) خان، (سەرچنار) خان، برادەران باسیان کرد ئەوەی کە هەر کەسێك خاوەنی یەکەی نیشتەجێ بوون بووبێ وە تەجاوزی کردبێتە سەر موڵکی دەوڵەت پێویست دەکا ئەم یاسایەی بەسەردا تەتبیق نەبێ وە بە نرخی ڕۆژ لێی وەربگیرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سروان) فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی پێنجەم برگەی یەکەم هیچ روونکردنەوەم لەسەر نییە، بەڵام لە برگەی دووەم ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێ، یەعنی دیسان سوودمەند بوون ئەمن ئەگەر تەجاوز کردبێ، بۆ نمونە کە خۆم دەڵێم من ئەو کەسە نیم کە تەجاوز کردووە، بەڵام خۆم خۆم دەکەمە ئەو کەسەی کە تەجاوز کارا، ئەگەر من تەجاوزم کرد حوکمەت هات پارەی لێوەرگرتم بۆ بە سوودمەند هەژمار بکرێم؟ بەراستی ئەوە بە سوودمەند هەژمار نەکرێ باشترە، چونکە پێشتر کە پارچە زەوی بە خەڵك دەدرا ئەو بڕە پارەیە لە خەڵك وەرنەدەگیرا زەوی تاپۆ وەردەگیرا، پێنج تا شەش وەرەقە وەردەگرا، ئێستا (٦) شەش ملیۆن وەردەگیرێ، ئاخر بۆ بە سوودمەند هەژمار بکرێ مادەم حکومەت شەشە ملیۆنم لێ وەردەگرێ، ئەمن هەست دەکەم ئەوەی تەجاوز دەکا ئێستا کریارە نەك تەجاوز کار بۆیە بە سوودمەند هەژمار نەکرێ بەرای من وەکو پێشنیار ئەگەر پەسند بکرێ لای هاوڕێیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.شایان) فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لە وەی کە پشتگیری قسەکانی کاك (بەڵێن) دەکەم، تێبینیەکەم هەیە لەسەر ماددەی (٥) خاڵی یەکەم لە خەملاندنی رووبەری زەوییەکان لە پارێزگاکان با وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لە قەزاکان بکرێت بە (٤٠٠ م٢) وە لە ناحییەکان بکرێ بە (٥٠٠ م٢)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (گلاویژ) خان فەرموون.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم، یەکەم رووبەرە زێدەکان لە رووبەری ئاماژە پێکراو، پێم باشە لێرە وشەی (جگە) زیاد بکرێ تا روونتر بێت، رووبەرە زێدەکان جگە لە رووبەری ئاماژە پێکراو لە برگەی سێیەم روونتر دەبێتەوە ئەو رووبەری زیاترە لەوی بەو پارەیە دەخەملێنرێت، دووەم ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسێکی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێ، جگە لە کەسوکاری سەر بەرزی شەهیدان و پێشمەرگە و پەککەوتەکانی سەنگەر کە بەسوودمەند هەژمار نەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (لقمان) فەرموون.

**بەرێز لقمان حمه حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) لە بڕگەی یەکەم لە زۆرینەی قەزا و ناحیەکان کاتێك کە زێدەرۆیی کراوە رووبەرێکی بەرفراوان کراوەتێ، خەڵك هەیە باخچەی هەیە، بۆیە ئەگەر قەتیسی کەی لە (٣٥٠ م٢) بە رەئی من ناچار دەبێ رەنگە ئەمە جارێکی تر خانووێکی لەسەر دروست بکرێ لەسەر کەسێکی تر ئەوە بکرێ، بۆیە بۆ پاراستنی سەوزایی و ریعایەت کردنی سەوزایش بە رەئی من پارێزگاکان بە (٣٠٠م٢) بمێنێتەوە، بەڵام قەزاکان بکرێتە (٤٥٠م٢) وە ناحیەکان بکرێتە (٥٠٠م٢)، سەبارەت بە بڕگەی دووەم پشتوانی لە رەئی کاك (سەروان) ئەکەم کەسێك کە زیادەرۆییەکە کراوە، رەنگە کەسەکە کرێبیشی خۆی دروستی نەکرد بێ، بەڵام کاتێ تۆ پارەی لێ وەردەگری بە سوودمەند حیسابی کەی، بە رەئی من ئەمە جۆرێك ناعەدالەتی تێدایە وە رەنگە پیریەوەنێ لەم حاڵەتەی کەمتر ئامادە بێت کە ئەم یاسایە جێبەجێ بکا خانووەکانیان تاپۆ بکا، بۆیە لەگەڵ ئەوەمە ئەو بڕگەیە لابرێ، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (زانا) فەرموون.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لە ماددەی (٢) لە بڕگەی شەش ئەو پێشنیارەمان کرد، بەڵام لێرە هاتۆتەوە کە لیژنەی یاسایی وەڵامیان داینەوە، بەڵام پێشنیارەکەی ئێمە ئەوەیە کە بگەڕێینە سەر پێشنیازی یاساکە کە سەقفێکی دیاری کردبوو لە خوێندنەوەی یەکەمدا کە پێشکەش کرا، سەقفەکە بریتی بوو لە (٥٠٠ م٢)، پێم وایە ئەگەر (٥٠م٢) دابنرێتەوە ئەو کێشانەمان معالەجە دەکا، چونکە رەنگە لە سەنتەری پارێزگاکانیش ئەو حاڵەتە هەبن، ئەگەر کەسێك (٥٠٠م٢) تەجاوز کردبوو (٣٠٠م٢) لەسەر تاپۆ دەکرێت (٢٠٠م٢) بەو نرخەی کە لێرە بریاری لێدەدرێ (١٠٠م٢) تر بە نرخی رۆژ بە نرخی ناوچەکەی خۆی دەخەملێنرێ (٢٠٠م٢) تر چی لێدەکرێ رەنگە هەندێك جار لە گەراجی خانووەکەدابێ حکومەت چۆن مامەڵە لەگەڵ زەوییە دەکات، ئایا ئەو (٢٠٠م٢) لێ وەردەگرێتەوە ئەوە دەبێ لەو بڕگەیەدا جێگای بگرێتەو کە باقی زەوی ماوە چەندە چۆن دەزگای پەیوەندیدار مامەڵە لەگەڵ زەوییە ماوەکە دەکات وە (٥٠٠م٢) سەقفەکەی بێت بگەڕێینەوە سەر ئەصلی پێشنیازی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (گلستان)خان، فەرموون.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) بڕگەی یەكەمی منیش پێشنیارم وایە كە ئەوەی ناحیەكان بكرێتە (٥٠٠م٢) وە ئەوەی قەزاكان بكرێتە (٤٠٠م٢) پشتوانی لە قسەكانی (د. شایان) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریْواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (د. زیدان) فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەكانی (د.زانا) و (د.گلاویژ) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ریْواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (عثمان)، فەرموون.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم ئێمە پێویستە حیسابی ژینگەیی بكەین لە رووی سەوزایی لە ناحییەكان بە تایبەتی خەڵكانێكی زۆر سەوزاییان كردووە، ئەو سەوزاییە لەوانەیە ئەگەر وەزیری شارەوانی خۆشی بچێ لە حاڵەتە یا دەستی نەچێتە ئەوەی كە ئەو سەوزاییە جوانانە دروست كراوە تێك بدرێن، بۆیە رێگایەك بۆ ئەوە بدۆزینەوە ئەو وڵاتەی ئێمە پێویستی بە سەوزایی زیاتر هەیە، وە هەروەها بڕگەی دووەمیش بۆ ئەو كەسانەی كە وا بابڵێین سوودمەندن لە رابردوودا یاخود ببەخشرێن یا ئەوەتا حەلێك بۆ ئەم بابەتی بكرێ لەوانەیە چەند خاڵێكی هەبێت زەوییەك وەربگرێ لەناو سەنتەری شارەكاندا بای (٥) دەفتەر بێ بای (١٠) دەفتەر بێ بەڵام لێرە لەوانەیە زەویەكە بای (٢) دەفتەر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ریْواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د. محی الدین) فەرموون.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو رووبەرەی دانراوە ستاندەرە عادەتەن لە (٢٠٠م٢) خانوو دروست دەكرێ، لەبەر ئەوەی كە زیادەرۆییە لەگەڵ ئەوەم كە ئەوەی لە دەقە كە دا هاتووە، بەڵام جاری وا هەیە هەندێك رووبەری زەوی دەمینێتەوە لە بەینی نێوان دوو خانوو رەنگە سوودی نەبێتن وە رەنگە ئەگەر هاتوو شارەوانی بیفرۆشێتەوە، رەنگە لە هەندێك ناوچە كێشەی كۆمەڵایەتی لێ رووبدات، بۆیە پێم وایە دەبێ دەسەڵاتێك بدرێت بە شارەوانییەكان بۆ چارەسەر كردنی ئەو جۆرە كێشانە وە هەندێك زەوی دەكەوێتە نێوان خانووەكان رووبەرەكەی رەنگە (٥٠م٢) یا (١٠٠م٢) زیاتر بێت لە

نێـوان دوو خانووەکـان، بـۆیە پێشـنیاری ئەوە دەکەم کە شـارەوانییەکان دەسـەڵاتی ئەوەیـان پێبدرێ بۆ رەفتار کردن سەبارەت بەو بابەتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (جەلال) فەرموون.

**بەڕێزجلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم پشتیوانی لە قسەکانی بەرێز (د.شایان) وە (گلستان) خان ئەکەم وە هەروەها لە بـڕگەی دووەم، بـۆ ئەوەی ئەم کەسـانە بەسـوودمەند ئەژمـار نەکـرێن پشـتیوانی لە قسەکانی کاك (سەروان) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەسـتت ئەوەیە بە سـوودمەند ئەژمـار نەبـن، بـڕگەکە لابـبرێـت، زۆر سـوپاس، (ژیـان) خـان، فەرموون.

**بەڕێز ژیان طاهر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە هەرچی بۆ کەسوکاری شەهیدان بکرێـت ناکـات دلۆپێـك خـوێنی ئازیزانیـان کە لە پێناو رزگارکردنی گەلی کوردستان داویانە، هەروەها ئەو شەونخونی و ئەو مانـدوو بـوونەی بـرا پیشمەرگەکانمان لە سەنگەرەکانی بەرگری لە شـەرەف و کەرامەتـی گەلـی کوردسـتان بینیویـانە بەراود ناکرێ بە هەموو موڵك و مـاڵی دونیـا، بـۆیە پشـتگیری لە پێشـنیازی (د.گلاویـژ) دەکەم و پێشنیار دەکەم خانەوادەی سەر بەرزی شەهیدان پەککەوتەکانی شەر بە سوودمەند بوو هەژمـار نەکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سوسن)خان فەرموون.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی دووەم لە بـڕگەی دووەم تێبینـیم هەیە، بەراسـتی ئەوەی راسـتییە یەعنـی تـا ئێسـتاش هەنـدێك لە ماڵبـات و کەسـوکاری شــەهیدان هەیە کە نە خــانووی وەرگرتــووە نە زەویشــی وەرگرتـووە، ئەگەر روویـان لە دروسـتکردنی خـانووی تەجـاوز کـردووە لە ناچـاری بـووە لە کەم دەرامەتی بووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بە راسـتی ئەم فەقەرەیە زیـاد بکرێـت بـۆ ئەم خـاڵە کە جگە لە خانەوادەی سەر بەرزی شـەهیدان و پەککەوتەکـانی شـەر بە سـوودمەند هەژمـار نەکـرێ پشتوانی لە (د.گلاویژ) و (ژیان) خان دەکەم بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بالانبو) فەرموون.

**بەڕێز بالأنبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی من بێمە سەر ماددەی پێنجەم دەمەوێت دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، ئێمە تەنها نابێ پێداگری لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوون بکەینەوە، ئێمە زەوییەکی زۆری شارەوانیمان هەیە کە بۆ بەنزینخانە کە بۆ ریزە دوکان بۆ بینایە بەکار هاتوون، سەبارەت بە ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم رووبەری زیادەکان لە رووبەری ئاماژە پێکراو لە بڕگەی شەشەمی ماددەی دووەمی ئەم یاسایە بە نرخی راستەقینەی باو دەخەملێنرێت لەسەر بنەمای خواست و خستنەروو بەو مەرجەی رووبەری زەوییەکە لە هەموو حاڵەتێکدا لە پارێزگاکان (٣٠٠م٢) وە لە قەزاکان (٣٥٠م٢) وە لە ناحیەکان (٤٠٠م٢)، ئەگەر هاتوو ئەو بینایەی لەسەر ئەو زیادەرۆییەی لێکراوە لەمە زیاتر بوو چی لێدەکەن؟ نیوەی بیناکەی ئەروخێنن؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر هاتوو ئەو بینایەی کە لەسەر رووبەری زیادەرۆکراوە لە (٤٠٠م٢) زیاتر بوو یان بە پێی ئەو جێگایانەی کە دیاری کراوە زیاتر بوو بیناکە ئەیروخێنن، پێم وانییە ناروخێنرێ، ئەم بڕگەیە ماددەی(٥) بڕگەی یەکەم دژ بە ماددەی (٣) بڕگەی سێیە ئەگەر سەیر کەین لە دوای ئەلێ ژمارە (٨٠)ی ساڵی (١٩٧٠) بەرکار لە هەرێم بە ناوی شارەوانییەکان تۆمار دەکرێن، بەڵام لە حاڵەتی روودانی زێدەرۆیی لەسەر بەشی ئەو زەویانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە ئەوا ئەو بەشە بە خانوو زێدەرۆیی لەسەر کراوە ئیفراز دەکرێ بە مەبەستی بە خاوەنکردن، یەعنی ئەگەر بینایەکە (١٠٠٠م) یش بێ ئیفراز ئەکرێ ئەکرێ بە ناوی زێدەرۆکارەوە، کەواتە دژ بە بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەمە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستت خۆش بێ، کاك (د.ڕێبوار) فەرموون.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم ماددە (٥) ئەگەر بە وردی لە ناوەرۆکی بڕگەی دووەم وورد بینەوە، وا هەست دەکەین کە جۆرێك لە ناکۆکی لە رووی ماناوە لەگەڵ دەستەواژەی سوودمەند بوون یان سوودمەند نەبوون دروست دەکا، پێش هەموو شتێك ئەگەر زاراوەی سوودمەند بوو پێناسە بکەین یان ئاشنای کەین بزانین کێن ئەوانەی سوودمەندن لە حکومەت، لە راستی دا ئەو کەسانەن یا پارچە زەوییەکیان بێ بەرامبەر وەرگرتووە لە دەوڵەت لە حکومەت، ئەو رسوماتەشی ئەو کەسەی کە ئەو زەویە وەردەگرێت بۆ تەملی کردنی زەویەکە ئەوە هەڵبەت ناچێتە چوارچێوەی ئەوەی کە پێی دەڵێن کە لە موستەحەقاتی دارایی ئەو یاسایەدا هاتووە، ئەو کەسەی بۆ نمونە سوودمەند دەبێ لە سندوقی نیشتەجێ بوون یا سولفەیەکی عەقاری وەرگرتووە ئەمانە پێی دەڵێن سوودمەند، کەواتە سوودمەند ئەو کەسەیە کە زەوییەکی پێ دەدرێ بێ بەرامبەر، ئەوەی کە لە دەقی بڕگە دوو ماددە (٥) هاتووە ئەوەیە ئەو کەسە بە

سوودمەند یا ئەوەی بۆ نمونە لە بەرامبەر بە پەسەند کردنی ئەو یاسایە حوکمەکانی ماددەی ئەو یاسایە دەیگرێتەوە بە سوودمەند دادەنرێ، پێم وایە هەڵەیە لەبەر ئەوەی ئەو کەسە بۆخۆی لە بەرامبەر تەملیك کردنی ئەو زەوییەی کە زێدەڕۆیی کردووە لەسەری بڕێك پارە دەدا واتە بێ بەرامبەر وەرناگرێ لە دەوڵەت، بۆیە ناکرێ بە سوودمەند ئەژماربکرێ لە ڕووەوە پشتوانی لە قسەکانی کاك (سەروان) دەکەم، بەدیوێکی تری پشتوانی قسەکانی کاك (بەڵێن) دەکەم، لەبەر ئەوەی کە لە یاسا هاتووە ئەو کەسەی سوودمەند بێ ناکرێ دوو جار سوودمەند بێ، بۆیە ئەو کەسەی کە سوودمەند بووە زەوی تەجاوزیشی بەناو بکرێ، دەبێ دوو جار سوودمەند، بۆیە لەگەڵ یاساش ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (کاروان) فەرموون.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەوەی کە ویستم بەشێك لە برادەرانا ئاماژەیان پێ کرد، بۆیە پشتیوانی لە قسەکانی کاك (سەروان) و کاك (لقمان) و هەڤاڵانم دەکەم، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا بەراستی ئەو کەسانەی ئەوانەی کە ئەم زەوییانەیان هەیە بێ بەرامبەر دەستیان کەوتووە؟ وە پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە ئایا بە خاوەنداریەتی زەوییەکان دەکرێ بێ بەرامبەر بەخاوەنداریەتی ئەم زەوییانە دەکرێ؟ هەردوو وەڵامەکە نەخێر، بەشێك ڕەنگە بەشێك لەو زەوییانەی هەن خۆیانت بێبەرامبەر دەستیان کەوتووە، بەڵام بەشێکی زۆری کڕدراون کە کڕدراون ناکرێ بە سوودمەند هەژمار بکرێن، بۆیە من پشتیوانی برادەران دەکەم کە دەبێ ئەمە لابرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کێشەیەکی قانوونیمان بۆ دروست دەکا لەگەڵ ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم کاتێك باس لە کەسی سوودمەند بوو دەکرێت، ئەگەر بێت و مەعالەجەی ئەم خاڵە بکرێت لێرەدا ئەمانە بە سوودمەند هەژمار ناکرێن وە ئەم بڕگەیە لابرێت، پێویستە کە ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم و خاڵی یەکەمیشی مەعالەجە بکرێ و چارەسەربکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارئەگەر قسەیەکتان هەیە سەبارەت بە قسەی پەرلەمانتاران، فەرموون.

**بەڕێز ساسان عەونی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تەئکید لەو ڕووبەرانە دەکەینەوە کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی بەردەستتاندایە بەڕێز وەزیری شارەوانی، ئەی سەبارەت بەوەی ئەو کەسەی کە بە پارە ئەم زەوییانە دەکڕێ بە سوودمەند بوو ئەژمار نەکرێ، پەرلەمانتار دەڵێن لابدرێ ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز ساسان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کەسەی کە ئەو شوێنە بەکار دەبینی و بە ناوی دەکرێ رسوماتی لێ وەردەگیرێ بە سوودمەند حیساب دەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راتان سەبارەت بەوەی پەرلەمانتاران داوا دەکەن وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڕێز وەزیری هەرێم، فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز وەزیری تایبەتمەند دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (کاروان) نوقتە نیزامییە، دەی مەجالت نادەم، (بدریە) خان نوقتە نیزامییە، فەرموون.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئومێد ئەکەم بەدلێکی گەورەوە لێم وەربگری، جەنابت پرسیارێکت ئاراستە جەنابی وەزیر کرد ئیشارەت بە سوودمەند نەبوونی شەهیدان دا ئێمە رێز و تەقدیر تەواومان بۆ هەموو شەهیدان هەیە، لەبەر ئەوەی خوێنی خۆیان بەخشی بۆ ئازادی کردنی خاك و ئاو ولاتمان، ئیشارەت بە کەسوکاری ئەنفال دا کە ماڵ هەیە خانەوادەی بە کولی ئەنفالە وە کەم ئەندامیشن، ئومێد ئەکەم کە بەدلێکی گەورەوە لێم وەربگری.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(بدریە) خان من دڵم گەورەیە، لە قانونیش دەزانم یاسایەکی تایبەتمەند هەیە بە دیاری کردنی ماددەی ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و کەس و کاری ئەنفالکراوان بە دیاری کراوی تەعریفی کردووە کەسوکاری ئەنفال کراوان کەسوکاری شەهیدان هیچ جیاوازیەکی نییە، لە روانگەی قانونییەوە بەکارهێنانی موستەلەحی زۆر ئیشێکی زۆر باش نییە، فەرموون ماددەی (٦).

**بەڕێز ساسان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە و نەخشە و دیزاینی ئامادەکراو یان نییە لە ماوەیەك کە لە ساڵێك رێککەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکا نەخشە و دیزاین و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (٦) هەر بەڕێزێك قسەی هەیە، فەرموون، كاك (هێڤیدار)، كاك (شێخ زاهید)، كاك (عثمان سێدەری)، كاك (سەركۆ)، (د. شێركۆ)، (د.اسماعیل)، كاك (دیاری) كاك (سیروان)، (سەرچنار) خان، (هەڵەس) خان، (گلستان) خان.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەشەم داوا ڕوونكردنەوەم هەیە لە بەڕێز وەزیری شارەوانی، بەڕێز وەزیری شارەوانی ئێوە خزمەتگوزرای لەو ناوچانە دەبنەوە كە ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە، بەڵام ماددەی یەكەم بڕگەی دووەم دەڵێتن لە (٢٠١٨/٣/١٣) ئەو خانووانەی كە دروست كراون لە مەوداو هەر دروست دەكرێن، مەسیری ئەو خانووانە چی دەبێت لەم قانوونە؟ باسی هیچ هەنگاوێك نەكراوە كە ڕێگری دەكرێ یا ڕێگری بكرێ؟ ئەوانە دەڕوخێنن یا قەرەبوو دەكرێنەوە؟ چونكە ڕەنگە ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوام بیت، چۆن عیلاج دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز (گلستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دارشتنەوەی ئەو ماددەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە هەڵەی تیایە، من هیوادارم بەراستی دارشتنەوەكە چاك بكرێت، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ ئەو ناوچانە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، نەخشە و دیزاینی ئامادەكراویان نییە لە ماوەیەك كە لە ساڵێك كەمتر نەبێت لە ڕێكەوتی بەركار بوونی ئەم یاسایە، نەخشەو دیزاینی پێداویستی تەكنیكی ئاماد بكات، نەك دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، كاك (عثمان) فەرموو.

**بەڕێز عثمان كریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەس لە نەخشە و دیزاین ئامادەكراو ئەوانەی كە نیانە بابڵێین لێرە دیاری كراوە، من پێم وایە بە ساڵێك ناكرێ یەعنی لە وانەیە جار هەبووە دوو ساڵی پێچووە، جار هەیە زیاتری پێچووە، لەبەر ئەوە ساڵ و نیوێك دیار بكرێت باشترە نەك ساڵێك، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (هلز)خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر مادا شەش ئەوەڤە پێتڤیا پەیڤەك بێتە زێدە كرن ل دەستپێكێ ئو دارشتان وێ ڤێ شێوێ بتن، پێویستە وزارەتی شارەوانی و تا دوایی ئامادەدەکا بیتە ئامادە بکاتن بۆ ئەو ئیلزامەك هەبیتن لسەر وزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.شێرکۆ) فەرموو.

**بەڕێز شیرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتیوانی لە بۆچوونەکەی مامۆستا (هلز) ئەکەم کە وشەی پێویستە ئەخرێتە بەردەمی وەزارەتی شارەوانی گەشتو گوزار، وە لە هەمان کاتیشا ئەوەی کە باس لە نەخشە و دیزاینی ئامادە ئەکا نەخشە و دیزاین ئێستا دەزانم هەموو شار و شارۆچکەکان نەخشە و دیزاینیان هەیە بەس ماستەر پلان زۆر شوێن هەیە نیەتی، لەبەر ئەوە بگۆردرێ نەخشە دیزاین بگۆردرێ بوترێ (ماستەر پلان لە ماوەی ساڵێکدا) ئامادە بکرێت، چونکە لە پێشتریشا وتوومانە لە یاساکە کە ئەبێ بە پێی ماستەر پلان ئەو تەجاوزاتانە ڕێك بخرێتەوە، لەبەر ئەوە نەخشە و دیزاین بگۆردرێ بۆ ماستەر پلان، پێم وایە گونجاوترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك(سەرکۆ) فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی شەشەم پێویستمان بە پرسیارە ئاراستەی وەزیری شارەوانی، ئەم یاسایە بۆ ماوەی سێ ساڵە بۆچی دەتوانرێ کەمتر بکرێتەوە ئەو کاتە کە ماوەی ساڵێکە بۆ دیزاین و نەخشە و ماستەر پلان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (شێخ ظاهر) فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، لەبەر ئەوەی ئێمە یاسا دەردەکەین پرسیار دەکەم ئایا پێویست نەبوو لە ڕووی سیاغە کردنی یاساکە ماددەیەك تەرخان بکرێ بۆ پێناسە کردنی زاراوەکان وەك هەر یاسایەکی تر بۆ ئەوەی هیچ گرفتێك دروست نەبێ لەکاتی جێبەجێ کردنی یاسایەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەر دیسان ماددەی شەش بڕگەی دووەم کە ئەڵێت لە ماوەیەك کە لە ساڵێك لە ڕێکەوت بەرکار بوونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات نەخشە و دیزاین و پێدویستیەکان، پرسیارەکە لە وەیایە بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی ئایا لە ساڵێکا جێبەجێ ئەکرێ، ئەگەر جێبەجێ نەکرا، ئەی ئەگەر ئێستا ساڵ و نیومان دانا هەر جێبەجێ نەکرا پاساوی ناوێ؟ جاری وا هەیە جادەیەك دوو سەد مەترە دوو ساڵ تەواو نابێ، یەعنی ئەوە بە پرسیارێکیش و من پشتگیری پێشنیارەکەی هاوڕێم ئەکەم کە ئەڵێ ساڵ و نیوێك و من زیاتریشی دادەنێم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لەو شوێنە ئەڵێ (لە ماوەیەك کە لە ساڵێك لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەر نەکات نەخشە و دیزان و پێداویستی تەکنیکی ئامادە ئەکات) پێم وایە بابەتی ساڵێك بۆ دروست کردنی ماستەر پلانەکە یان نەخشە و دیزاین کاتێکی زۆرە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە بەرکارە بۆ ماوەی سێ ساڵە، هاووڵاتیان بەپێی ئەو یاسایە بڕگەی دوو لە ماددەی چوارەم کە هاتووە ئەبێ لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژ داوامان کردووە ڕۆیشتووە بۆ نموونە بۆ (١٨٠) ڕۆژ، ئەم کاتانە بەیەکەوە ئەپرسم لە بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆ ساڵێکتان پێویستە؟ ناکرێ لە ماوەی (٦) مانگ ماستەر پلانی دیزانی ئەو شوێنانە بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەسەر ئەو ماددەیە ئەڵێم بۆ ئەوەی قوەتێکی قانوونی هەبێ زۆر زەرووره بڵێین پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی کە ئامادەی بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا بۆچوونا دکتۆر شێرکۆ دکەم، ئیزافەت کو ئەڤە بێژم کە لە ساڵێك بێژم زیاتر نەبیت، یەعنی تێنەپەڕی و ئامادە ببیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری شارەوانی.

**بەڕێز ساسان عەونی/ وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارانە، پرسیاری یەکەم ئەو خانووانەی لە دوای جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە دروست ئەکرێن، چۆن تەعاموولیان لەگەڵ ئەکرێ؟ لەو یاسایە دانراوە دوای مانگی سێی ساڵی ٢٠١٨ ەوە، پار ساڵ یاسایەك دەرچووە بە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٨) یە کە مەنعی تەجاوزات و ڕێکارە یاسایەکانی تێدایە بەرامبەر هەر خانووێکی تەجاوز کە لەمودوا دروست ئەکرێن، ئەو دەستەواژەی بەکار هاتووە وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە نەخشە و دیزاینی ئامادەکراویان نیە، نەخشە و دیزاین جودایە لەگەڵ ماستەرپلان، هەیە کەوتینە ناو ماستەرپلان، هەیانە لە دەرەوەی ماستەرپلانن، ئەوان ئەبێ نەخشە و دیزاینی بۆ ئامادە بکرێ، لەو حالەتە عەشوایەی ئێستا تێدانە دەرباز بکرێن، بۆیە پێویستە نەخشە و دیزاینی بۆ حازر بکرێ، شەقامی ڕاست بکرێتەوە، ڕێڕەوەکان، مەوزعی هاتوو چوون، بە شێوەیەك بێ خزمەتی دانیشتووانی ئەو شوێنە بکات، لەبەر چی وەزارەتی شارەوانی ماوەی یەك ساڵ دەستنیشان کرایە؟ وزارەتی شارەوانی لە ماوەی یەك ساڵ نەخشە و دیزانی ئەو شوێنانە ئەبێ ئامادە بکات، واتە تا یەك ساڵ ئەو مەجالە درێژە ئەکێشێ، ئەوەش پەیوەستە بە هەندێ بارودۆخی ئابووری، کوردستان، تەنانەت بارودۆخی کارمەندانی وەزارەتی شارەوانی، لەوانەیە لەهەندێ شوێن بەو دەرەجە کارمەندی پێویست نەبێ بۆ دروست کردنی نەخشە و دیزاینەکان، پێویستە لە شوێنێکەوە ببردرێن بۆ شوێنێکی تر، بۆیە ئەو ماوەیە زەرووره، ئایا ئەبێ لە یەك ساڵ ئەو ئیشە تەواو بکرێ؟ هەوڵئەدەین کە لە ماوەی یەك ساڵ و کەمتریش نەخشە و دیزاینەکان تەواو بکرێ، بەڵام ئەگەر بارودۆخێکی نەخوازراو کە لە توانای ئێمە نەبوو ئەو ماوەیە ئەکید پێویستی بە درێژ کردنەوە هەیە، هەر بۆ ئاگاداریتان ماستەرپلان بە هەر شێوەیەك ئیعلان بکرێ و بمانەوێ ئیشی لەسەر بکەین جاری لای کەم (٦٠) ڕۆژی ئەوێ بەس بۆ ئیعلان کردن، نەخشەی بنەرەتی و نەخشەی دیزاین (٣٠) ڕۆژی ئەوێ بۆ ئیعلان کردن، بۆیە پێمان وایە ماوەی ساڵێك گونجاوە، ئەبێ ئەو مۆڵەتە هەبێ کە تیمە تەکنیکیەکە بتوانن نەخشە و دیزاینەکان ئامادە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم ئەگەر قسەیەکتان هەیە.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید-وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی فەرموو ماددەی (٧) بخوێنەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

داهاتە بە دەستهاتووەكان بەپێی ئەم یاسایە بەو شێوەیە تەرخان ئەكرێ:

برگەی یەكەم:

ڕێژەی ٤٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ پێویستیەكانی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانەی حوكمەكانی ئەو یاسایە ئایانگرێتەوە تەرخان ئەكرێ.

برگەی دووەم:

٤٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەكیەكان تەرخان ئەكرێ.

برگەی سێیەم:

٢٠% داهاتی بەدەست هاتوو ئەگەڕێندرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كێ قسەی هەیە؟ (كاك بەلێن، ئاشنا خان، كاك لوقمان كاك سەركۆ، كاك كاروان، كاك هێرش، گولستان خان، شیرین خان، كاك رزگار، كاك گۆران، كاك زانا، دكتۆر زێدان، دكتۆر ڕێبوار، ڕۆژان خان، كاك حاجی سەفین، كاك سەروان، كاك سەعید، كاك موسلیم، بەدریە خان، كاك دیاری، كاك كاوە، كاك مەم، مامۆستا ئەبو بەكر، كاك سیروان)، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو ئەندامی پەرلەمان پێشنیارەكی هەیە، ل ماددا (٧) ئێكەم بەحسی نسبا ٤٠% دكەت بۆ پێویستیەكانی نەخشە و دیزاین، ل برگا دوو ٤٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەكیەكان، پێنشیار دكەم ژبەر كو خزمەتگوزارییێ سەرەكی جادەیە، شەرحە، عەمودە كارەبییە، ئاوە، پتر پێویستی ب پارەیەكی پترە، ژ بەر هەندێ ئەگەر نسبا خەدەماتی ڕەئیسی بلندتر بیت عەلعەقل ببتە ٦٠% یان نسبا دیزاین ببتە ٢٠% باشترە خەدەماتی زێدەتر بیت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك موسلیم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (٧) سەبارەت بەو داهاتە بەدەست هاتووانەی كە بەپێی ئەو یاسایە تەرخان كراوە كە یەكەم ڕێژەی ٤٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگۆزار بۆ پێداویستی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانە دیاری كراوە، پێم وایە ئەكرێ ئەو ڕێژەیە بەشێكی تری بخرێتە سەر برگەی

دووەم كە ئەو ٤٠% بـۆ خزمەتگـوزاری سـەرەكی تەرخـان كـراوە هەر لە زمنـی كاروچـاڵاكی وەزارەتی شـارەوانی، چونكە وا ئەخـوازرێ كە زیـاتر گەیانـدنی خزمەتگوزاری بـۆ ئەو شـوێنانە پێویستی بە برێكی زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی من ئەوەیە بڕگەی یەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بڕگەی دووەم شوێنی مەعنی بۆ ئەو لە ٤٠% دیـار نـیە، بـڕگەی سـێیەمیش كە ئەگەڕێـتەوە بـۆ خەزێـنەی دەوڵەت هـیچ هینێكـی نەپێكاوە، لەبەر ئەوە پێشنیاز ئەكەم یەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە، دووەم و سـێیەم بكـرێتە یەك بڕگە و بەو شێوەیە بێ (٦٠% داهاتی بەدەست هاتوو ئەگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت بە مەرجـێ بەكاربهێندرێ بۆ دروست كردنی قوتابخانە و خەستەخانەكان، ٢_ بۆ چاكردن و دروسـت كردنـی ڕێگاو بان)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٧) داهـاتە بەدەسـتهاتووەكان، بەپێـی ئەو یاسـایە بەو شـێوەیە تەرخـان ئەكرێ، پێشنیار ئەكەم خاڵی یەكەم بكرێتە ڕێژەی ٣٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشـتو گـۆزار، خاڵی دووەم ئەو گەرەكانە كە تاپۆیان نییە و تـاپۆ ئەكـرێن، بەپێـی حوكمەكـانی ئەو یاسـایە لەو گەرەكـانەن كەمتـرین خزمەتگوزارییـان بـۆ چـووە، بـۆیە ٥٠% تەرخـان بكـرێ بـۆ بـواری خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان كە ئەوە بارگرانی لەسەر حكومەت و وەزارەتـی شـارەوانیش كەم ئەكاتەوە، ٢٠% بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مودێ پێشكەشكرنا داخازی دیار كری (١٢٠) ڕۆژن، مودێ كـار كرنـا یاسـایێ دیـار كـری (٣) سـاڵن، چوانیا پارێ دیار كری بۆ قەزا و ناحیە، بەلێ چەوانیە پارێ هەمیا دیار نەكریە، ئێكجاریە، یان ب قستە، ئەگەر هات ب قست بیتن ئەو برە پارەیا و برێ پارێ مای موودێ یاسایی خلاس بی چـاوا دێتە چارەسەر كرن، باشترە ئەگەر بهاتبا چارەسەر كرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حەسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حەسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (٧) بڕگەی یەکەم منیش پشتەوانی ڕای برای بەڕێزم کاك لوقمان ئەکەم بەوەی برگەی یەکەم ٣٠% بێ و بکرێتە ٥٠%ن هەر لەو ماددەیە برگەی چوارەمی بۆ زیاد بکرێ و یان بە ماددەیەك زیاد بکرێ، پێشنیار ئەکەم بەوانەی ئەبەخشرێن لە پێدانی نرخی ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆیان لەسەر کراوە، پێویستە پێشتر سوودمەند نەبووبن، چ بە برگە بۆ ماددەی (٧) زیاد بکرێ یان بە مادده پێش ماددەی (٨).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە شوێنی ئەوە نییە خاتوون، فەرموو کاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە پێشنیاری کاك بەڵێن ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئەو نرخانەی دانراون فیعلەن حکومەتی هەرێم ئەبێ بەشێك لەو پارەیە بچێتە خەزێنەی حکومەت، شارەوانیش پێویستی بە بڕێکە بۆ نەخشە و دیزاین، بەڵام پێم وایە ئەو پارەیە بۆ نەخشە و دیزاین دیاری کراوە ئەو پارەیە زۆرە، بەو پێیەی وەزارەتی تریش هەیە مەعنیە بەو بابەتەوە، ئێمە هەم وەزارەتی کشتوکاڵمان هەیە، هەم وەزارەتی دادیش هەیە، بۆیا پێشنیاز ئەکەم کە سیاغەی ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێ ( شارەوانی ٣٠% گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان ٤٠% وەکو خۆی بمێنێتەوە بەو پێیەی ئەو ناوچانە مەغدوور و غەدر لێکراون، حکومەتی هەرێم ١٥% بچێتە خەزێنەی، ئەو ١٥% ئەمێنێتەوە تەرخان بکرێ بۆ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بەدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك بۆ ماددەی (٧) زیاد بکرێ، ئەویش ڕێژەی ٢٠% تەرخان بکرێ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، لەبەر ئەوەی دوو لیژنەی مەعنین بەو وەزارەتە، لیژنەی دەستبەسەرا گرتن، لیژنەی ڕێکخستن بۆ کارئاسانی بۆ لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی من لەسەر ماددەی (٧) برگەی یەكەم ئەڵێ ڕێژەی ٤٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ پێداویستییەكانی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانەی حوكمەكانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە تەرخان ئەكرێ، پشتگیری هەموو هاورێیانی پێش خۆم ئەكەم كە داوایان كردبوو ئەو ڕێژەیە كەم بكرێتەوە بۆ دابین كردنی پێداویستی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانە بۆ ٢٥% بۆ ٣٠% بكرێ بەوەندە، برگەی دووەم ئەڵێ لە ٤٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری سەرەكی تەرخان ئەكرێ، داوا ئەكەم ئەو ڕێژەیە بكرێ بە ٥٥% بۆ ٦٠% بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری باش بۆ ئەو شوێنانە دابین بكرێ و لەگەڵ سەوزایی، ئەپرسم لە بەڕێز وەزیری شارەوانی ئایا بە ٤٠% كۆی ئەو پارەیە بە دیاری كراوی ئەو خانووانەی ئێستا هەن دەوروبەری (٣٠٠) هەزارن، ئەم (٣٠٠) هەزارە لە كۆی گشتیش ئەگەر بۆ نموونە مەتری (٢٥) یان (٢٠) هەزاریش بێ كە دواجار كۆ ئەكرێتەوە بەشی ئەوە ئەكات خزمەتگوزاری سەرەكی بۆ هەموو ئەو ناوچانە دابین بكەن؟ دوو، ئەگەر ئەو ڕێژەی ٤٠% بەشی ئەوەی نەكرد حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی شارەوانی لە داهاتی خۆیان ئەتوانن خزمەتگوزارییەكانی دیكە تەواو بكەن یان نەخێر بە قەد وە ٤٠% خزمەتگوزارییەكانیان بۆ تەرخان ئەكرێ؟ سێیەم، ئەو ٢٠% داوا ئەكەم كە ئەگەڕێتەوە بۆ خەزینەی دەولەت بە دیاری كراوی بەشێكی زۆری بۆ سەوزایی و ژینگە دابین بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ئەبو بەكر.

**بەڕێز ابو بكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو وەزارەتە ئەگەر بە داتا بێ زیاتر لە (٢٠٧) شارەوانی هەیە و زیاترە لە (١٠٠) فەرمانگەی ئاوی هەیە، بۆیە پێم وایە ڕێژەی ئەو وەزارەتە لە ٨٠% بۆ وەزارەتەكە خۆی بێن ٢٠% بۆ خەزێنەی حكومەت بێ، ئێمە دەستگیری ئەو وەزارەتە بكەین پلانی چوار ساڵەی خۆی لەو كابینە جێ بەجێ بكات، مەسەلەی پاكردنەوەی هەیە كە زیاتر لە ٤٠ ملیار دینارە، موكافەئەی پێویستە، مەسەلەی ڕێژەی سەوزایی پێویستە، بۆیە ڕام وایە ٨٠% بۆ وەزارەت بێ لە ٢٠% بۆ خەزێنەی حكومەت بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاورام لەگەڵ بەڕێز کاك لوقمان کە خاڵی یەکەم بکرێتە ٣٠% و خاڵی دووەم بکرێتە ٥٠%، چونکە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو شوێنانەی پارەکەی لێ وەرئەگیرێ بۆ نموونە لە ناحیەکی دیاری کراو لە هەمان ئەو ناحیەیە خەرج بکرێ، چونکە ئەو ناوچە تەجاوزانە رێگەوبان و شۆستە و شەقام و قوتابخانە و مزگەوت و بنکە و نەخۆشخانەی پێویستە، پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆشیان کێشەیەکی زۆری هەیە، چونکە زۆریان لەسەر شوێنی تەجاوز دروست بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سعید.

**بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پارەی دیاری کراو بۆ نەخشە و دیزاین، تەبعەن بەشی زۆری ئەو تەجازانەی کراون زۆر بە مونەزەمی کراون، پێویستی بە نەخشە و دیزاینی تازە نییە، مەسەلەی بەڕێز وەزیر وتی بەشی زۆری تەجاوزەکان بەپێی ئەو یاسایەش داخلی ماستەرپلانەکانی شار و شارۆچکەکانن، پێم وایە ئەو پارەی دانراوە یەکجار زۆرە، ئەگەر بکرێتە ٢٥% باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی، لە بڕگەی دووەم ئەڵێ ٤٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری سەرەکی، روون نییە چۆن سەرف ئەکرێ، بۆ کێ سەرف ئەکرێ، کێش سەرفی ئەکات، پشتگیری قسەکانی کاك بەڵێنیش ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێرش.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم ڕێژەیەك لەو داهاتە بۆ وەزارەتی گشتوکاڵ بێ، لەبەر ئەوەی بەشێکی پەیوەندی بە زەویە کشتوکاڵیەکان هەیە، بۆیا پشتیوانی پێشنیاری کاك کاروان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) لەسەر تەرخان کردنی داهاتە بەدەستــ هاتووەکان، وەکو ئەزانین ئەو ناوچانەی زێدەڕەویان لەسەر کراوە بێ نازترین ناوچەن، کەمترین خزمەتگوزارییان بۆ کراوە، هەتا ئاو و کارەبا و ڕێگاشیان نییە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ڕێژەکە بەو شێوەیە بێ، ٢٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گۆزار بۆ پێویستی نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە تەرخان بکرێ، دوو، ٦٠% بۆ خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان تەرخان بکرێ، سێ، ٢٠ بۆ خەزێنەی حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم اسکندەر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو بۆچوونانە ئەکەم دەربارەی ئەوەی بۆ دیزاین ٣٠% و بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان ٥٠%، بەڵام ئەبێتە پرسیار، ئەگەر ئەو پیشنیازانەی لە ماددەکانی پێشوو پێشکەشیان کرد بۆ ئیعفا کردنی هەندێ لە چین و توێژەکان، ئەگەر ئەو ڕێژە زۆرە ئیعفا بکرێ جەنابی وەزیری شارەوانی ئایا هێشتان بە ٥٠% ئەتوانرێ خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانە بگەیەنرێ؟ یان پێویستی بە بودجەی تایبەت ئەبێ؟ بۆیە ئەگەر وابێ ئەبێ لە ماوەی سێ ساڵ ئەوە جێ بەجێ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە برگەی دووەم دیاری نەکراوە چ وەزارەتێکی مەعنی خزمەتگوزارییەکان تەرخان ئەکات، بۆیە پێشنیار ئەکەم هەردوو برگەی دووەم و سێیەم دەمج بکرێ، لە ٦٠% داهات بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت و بە پێی پێداویستی ئەو ناوچانە خزمەتگوزرایەکان پێشکەش بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئەو ٤٠% تەرخان ئەکرێ بۆ خزمەتگوزاری سەرەکی و سەرەتاییەکان وازیحە چین، هەریەکێ لەو خزمەتگوزاریانە وەزارەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە، تەسەور ناکەم بەڕێز وەزیری شارەوانی مەعنیە بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیازی بەڕێزان کام بژار و کاك لوقمان بۆ دیاری کردنی ڕێژەکان، بەو شێوەی بێ، بڕگەی یەکەم ڕێژەی ٣٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگۆزار بۆ نەخشە و دیزاینی ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە تەرخان ئەکرێ، لە بڕگەی دووەم ئیزافەیەك بکرێ، چونکە ڕوون نییە خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان لە چ ناوچەیەکن، وای لێ بکرێ، ٥٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ئەم ناوچانەی لە بڕگەی یەکەم ئاماژەی پێکراوە تەرخان ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك بەڵێن و شیرین خان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك هێڤیدار.

**بەرێ هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیرەوی ناوخۆ نووسیومانە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ئەو قانوونەش بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە، لە ماددەکە بڕگەی سێ ئەڵێ ٢٠% داهاتی بە دەست هاتوو ئەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، دەوڵەتی عێراق یان حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد گەلالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا، پشتگیری لە قسەکانی کاك لوقمان و کاك کاروان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك بەڵێن و خاتوو شیرین و کاك بژار و کاك لوقمان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو پێشنیارانە ئەکەم کە داوای کەمکردنەوەی بڕگەی یەکەم ئەکەن و زیاد کردنی بڕگەی دووەم بۆ خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان تەرخان بکرێ، بە تایبەت کاك بژار و ئەو هاوڕێیانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حاجی سەفین.

**بەڕێز سەفین اغا عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) بڕگەی یەکەم ئەو ٤٠%، ٢٥% بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، ١٥% بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ سەرف بکرێ کە پەیوەندی بە زەوی کشتوکاڵی هەیە، لە برگەی دووەم، ٤٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەیانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان خەڵکی هەرێمی کوردستانین، بۆیە لە زێدەڕۆییەکان هەموومان ئاشنای پێی، پارەیەکی زۆر بە دەست دێ لەو ناحیەیە، ٤٠% زۆرە بۆ وەزارەتی شارەوانی بۆ نەخشە و دیزاین......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری شارەوانی خۆی لێرەیە بۆیا.

**بەڕێز سروان محمد:**

........وەزیری شارەوانی لێرەیە بۆیا وادەلێم، کەسێکی خۆشەویستە، هەرکەسێ لە شوێنی ئەو بێ هەر وا قسە ئەکەین، لەبەر ئەوەی پارەیەکی خەیالی بە دەست دێ، من ئەڵێمك ١٠% بێ وەزارەتی شارەوانی ئەتوانێ ئەو کارە بکات کە موختەسە پێوە، وەکو نەخشە و دیزاین، پشتگیری هاوڕێیانم ئەکەم ئەوانەی داوای کەمکردنەوەی ئەو برە پارەیان کردووە، بە تایبەت کاك لوقمان و کاك سەعید، بە نیسبەت دابەش کردنی پارەکانیش ئەڵێم ١٠% بۆ وەزارەتی شارەوانی، ٥٠% بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، ٤٠% بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت نەك دەوڵەت، لەبەر ئەوەی خەزێنەی حکومەتی ئێمە پارەی هەبێ بۆ حاڵەتی نەخوازراو، سەبەی داعشێکی تر روو لە ئێمە بکات ئەوکات خەوێنە بەتاڵ بێ، بۆ هەموو حاڵەتەکان خەزێنەی حکومەت پارەی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك بەلێن ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی گەرەکێك ئیستیحداس ئەکرێ کێشەی سەرەکی بریتیە لە نەبوونی خزمەتگوزاری، یان وەکو پێویست خزمەتگوزاری ناگەیەندرێتە ئەو گەرەکانەی تازە دروست کراون، بەڵگەشم لەسەر ئەوە کۆمەڵێ ستیمان هەیە عەنواع ناوی ئەورووپیان هەیە، بەڵام کێشەی سەرەکیان خزمەتگوزاریە، یان وەکو پێویست نین، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو ٤٠% بۆ نەخشە و دیزاین دانراوە زۆرە، بکرێ بە ٢٠%، ئەو ٤٠% بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان دیاری کراوە بکرێ بە ٦٠%، ٢٠% بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

**بەڕێز ساسان عونی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوەی بەڕێز هەم ئەتانەوێ پارە لە خەڵك کەم وەرگرن، هەم ئەتانەوێ باشترین خزمەتگوزاری بگاتە شوێنەکە، پارە وەرگرتنەکە یەکجارە، بەڵام خزمەتگوزارییەکە بەردەوامە و درێژخایەنە، بۆیە هیوادارم لەو تەناقوزە هەوڵبدەین بیینە دەرێ بەوەی ئەو برە پارانەی دانراوە ئەگەر حەدە ئەعلایەکەشی وەرگرین یەکجار ئەو کەسە لەو فەرزنا بودجەی مالی خۆی کەم ئەبێ، بەڵام بۆ مەدایەکی دوور خایەن شەقامی ئەبێ، شەبەکەی ئاوی ئەبێن خزمەتگوزاری خاوێن کردنەوەشی ئەبێ، ئەوەیان گرنگترە لەوەی یەکجار لە خەزێنەی ماڵەکەی لەوانەیە مەبلەغەك دێتە دەرەوە، هیوادارم لە بابەتی نیسبەکان بە ئەکید نەخشە و دیزاین پێویستی بە مەساریف هەیە، پێویستی بە دەرچوون هەیە، پێویستی بە چوونە دەری تیمەکان هەیە، پێویستی بە ئامێر و مەوادی تەکنیکی هەیە، بەشێکی زۆری ئەو شتانە لە تواناکانی شارەوانیەکان و دەزگا تایبەتمەندیەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی زۆر زیاترە، بۆیە پێویستمان بە نیسبەیەك هەیە، ئەو نیسبەیە ئێوەی بەڕێز چەندتان بڕیار لێدا دڵنیا بن بۆ خزمەتکردنی باشترە و بۆ دیزاینێکی باشترە، سەبارەت بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان ئەو ڕوون کردنەوەم هەیە، حەز ئەکەم ببێتە خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی، چونکە خزمەتگوزاری سەرەکی لە نێوان دەستەڵاتی سێ، چوار

وەزارەت بز ئەبێ و کەس ساحیبەتی ناکا و پارەکە ئەروات و هیچی بۆ ناچێ، داوزا لە بەرێزتان ئەکەم نیسـبەکەتان هەرچـی دانـا، بەڵام بگـوترێ خزمەتگـوزاری شـارەوانی بـۆ ئەوەی وەکـو وەزارەتی شارەوانی ئێمە مـولزەم بـین کە شـەقامی بـۆ ببـیەن، رەسـیفی بـۆ ببەین، گرنگتـریش شەبەکەی ئاوی پاکی خواردنەوە، ئەو بەرێـزەی باسـی کـرد ئایـا ئەو رێـژە پـارەیە بەش ئەکـات؟ ئەگەر بەشـی نەکـرد چیـە؟ بە دڵنیـایەوە بەش ناکـات، پێتـان وانەبـێ مەبلەغەکـی زۆرە، ئەزانـن کیلۆمەترێك قیر کردن چەندی ئەوێ، گەیانـدنی شـەبەکەی ئـاو چەنـدی ئەوێ؟ کردنـی رەسـیف، دروست کردنی مەجاری، بە دڵنیایەوە بەش ناکات، ئایا وەزارەتی شـارەوەنی چـی ئەکـات؟ ئـێمە داهـاتێکی ترمـان هەبـووە کە زۆر متەوازیـع بـووە کە لە ١٧% رسـووماتی شـارەوانی بـووە توانیوومانە سیانەی ئەو خزمەتگوزاریانە بکەین کە تا ئێستا هەبووە، بەڵام بە تەئکید ئەوە بەش ناکات بۆ شـوێنێك تـازە هەوڵ بـدەین ئەو کـارانەی لـێ بکەیـن بـۆیە هیـوادارم لە نیسـبەکان زۆر زەختمان لێ نەکە، ئەوەی بەرێز کاك ئەبو بەکر گوتی پێ وایە نیسـبەیەکی بـاش ئەبـێ، ئەو ٢٠% ئەگەرێـتەوە سـەر بـودجەی وەزارەتـی دارایـی و جـارێکی تـر دێـتەوە نـاو پرۆژەکـان، سـەبارەت بەوەی چۆن سـەرف ئەکرێ و بـۆ سـەرف ئەکرێ مەلـومە، بەڵام چـۆن سـەرف ئەکرێ بە ئەکیـد ئەکرێتە شـتی هەندەسـی کە جـێ بەجـێ ئەکرێ، مـوراقەبەی دائیـرەی سـەروی خـۆی لەسـەرە، ئەویـش خـازیعە بـۆ دائیـری سـەروتری خـۆی، هەمووشـی خـازیعە بـۆ رەقـابەی مـالی، ئەویـش سەردانی هەموو شوێنێ ئەکـات، جگە لەوە لە وەزارەت لیـژنەی تەفتـیش و موتـابەعە هەیە، لە ئەنجــومەنی وەزیــران فەرمــانگەی بەدواداچــوون هەیە، بەدواداچــوونی دەقیقــی هەمــوو تەفاسیلەکانی ئەو پرۆژانە ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری هەریم..

**بەڕێز د.ڤاڵا فەرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەمان نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی و شارەوانی ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨) ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، روونە جێ بەجێ کردنەکەی ئەوەیە چارەسەری ئەو تەجاوزیانە بکرێ لە هەرێمی کوردستان، رێگری بکرێ لە تەجاوز، پرسیارم لە وەزیری شارەوانین ئایا پلان هەیە بۆ ئەوەی زەوی ئیفراز بکەن و دابەشی بکەن، چونکە لە ئەنجامی.......

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار ئەوە هیچ پەیوەندی بەو برگە نیە، بە پرسیار بنێرە بۆ وەزیری شارەوانی، فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك پێشتر موداخەلەیەك کرد دیسان لێرە هەمان پێشنیاری خۆم دووبارە ئەکەمەوە، بەر لەماددەی (٨) پێم باشە ماددەیەکی تر زیاد بکرێ، بەو شێوەیە، ئەوانەی ئەبەخشرێن لە پێدانی نرخی ئەو زەویانەی زێدەرەویان لەسەر کراوە پێویستە پێشتر سوودمەند نەبووبن، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بینێرە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو کاك بالأنبو.

**بەڕێز بالأنبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٨) پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، ئەگەر سەیر بکەین نووسراوە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام پێویستە جێ بەجێ بکرێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ماددەی (٩).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە ماددەی (٩) پێشنیارێك ئەکەم لە رووی مەوزوعی گرنگە، ماددەیەك بۆ ئەحکامی خیتامی زیاد بکرێن بنووسرێ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان برگەیەك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە ناکۆك بێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە دەستەڵاتی خۆیاتە دوایی ئیزافەی بکەن، فەرموو ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز هاوڕێ بناء  محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی ٩: ئەم یاسـایە بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ لە ڕێکەوتـی بڵاوبـوونەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقائیعی کوردستان کاری پێ ئەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ بەڕێز وەزیری شارەوانی؟ فەرموو هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز هاوڕێ بناء  محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێنـاو پارێزگـاری کـردن لە نیشـانە شارسـتانیەکانی شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق و چاسـەر کردنـی حاڵەتەکـانی زێـدەرەویی لەسـەر ئەو زەویـانەی مـوڵکی دەوڵەت و بە مەبەسـتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان لە دوای ئەوەی بوونەتە واقیعی حاڵ و بـۆ ڕێـگە نەدان بە بەردەوام بوونیـان و دانـانی سـنوورێك بۆیـان بە مەبەسـتی جـێ بەجـێ کردنـی ماسـتەرپلانی شـارەکان لەلایەن شارەوانیەکانەوە ئەو یاسایە دەرچووێنرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك ڕێبوار، کلارا خان، ئاشنا خان، کاك مەم)، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن من لەسەر هەندێ ووشە تێبینیم هەیە، دوای ئەوە پێشـنیار ئەکەم بە سـیغەیەکی تـر دایبڕێـژنەوە، بـۆ نمـوونە (نیشـانە شارسـتانیەکان بکـرێ بە هێمـا شارستانییەکان، بەس نووسراوە شارەکانی هەرێمی کوردسـتان بکـرێ بە شـار و شـارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێشنیار ئەکەم بەو سیغەیە دابڕێژرێتەوە (لە پێناو پارێزگاری کـردن لە هێما شارستانییەکانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق و چاسەر کردنی دیاردەی زێـدەرەویی لەسـەر ئەو زەویـانەی مـوڵکی دەوڵەتـن و بە مەبەسـتی چارەسـەرکردن و دووبـارە نەبوونەوایان دوای ئەوەی بوونەتە واقیعی حاڵ بە مەبەستی جـێ بەجـێ کردنـی ماسـتەرپلانی شارەکان لەلایەن شارەوانییەکانەوە ئەو یاسایە دەرچووێنرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە نووسراو ئەگەر بیگەیەنی، کلاراخان.

**بەرێز کلارا عودیشویعقوب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم سیاغە هۆیەکانی دەرچوواندن بهێتە گۆرین ب شێوەك بگوترێ دگەل پشنیارێت کاك رۆمیۆ سەبارەت بە رەچاڤ کرنا پێکهاتێن نەتەوەی و ئاینی و ئەڤ شتە نەبیتە رێخۆشکەر بۆ بەردەوام بوونا زێدەرەویان، پاشە رۆژێ ببیتە گۆرینا دیمۆگرافی.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەرێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دێری یەکەم ئەگەر سەرنج بدەن سێ (شین) بە دوای یەکە، نیشانە، شارستانیە، شارەکانی، تۆزێ ناخۆشە، ئەگەر ئەو نیشانە بکرێ بە دیمەن یان سیما خۆشتر ئەخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مەم اسکندر مەم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەلبەتە نووسیویانە لە رووی زمانیەوە نیشانە تەواو نییە، واقیعی حاڵ و رێگانەدان بە بەردەوام بوون و سنووریەکانیش، واقیعی حال یەعنی چی؟ بۆیە پێشنازێك ئەخەمە بەردەست جەنابیان، بەو شێوەیە بێ (لە پێناو پارێزگاری کردن لە سیما شارشتانیەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق و چارەسەر کردنی زێدەرەوی لەسەر ئەو زەویانەی مولْکی دەوڵەتن و هەروەها بۆی مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان و رێگری کردن لە بەردەوام بوونیان و جێ بەجێ کردنی ماستەرپلانی شارەکان ئەو یاسایە دەرچووێنرا.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بینێرە بۆ لیژنەکان، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەرێز شایان کەکە صالح:**

پشتگیری قسەکانی ئاشنا خان ئەکەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بالانبو.

**بەرێز بالانبو محمد علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆیەکانی دەرچوواندن ئاماژە بەوە کراوە مولْکی دەولەتن، ئێمە دەوڵەتین یان حکومەتین، باشترە وایە بکرێ بە حکومەت، چونکە ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستانین، ئەو مولْکانەش مولْکی هەرێمی کوردستانە، پێشنیاریش ئەکەم لە ماستەرپلان و خزمەتگوزاریەکان ئیهتیمام بە

ڕێگـای کەمئەنـدامان بـدرێ، دیـارە سـەیری سـیمای شـارەکان بکەیـن هـیچ ئیهتیمـام بە شـوێنی ڕۆیشتنی کەمئەندامان نەدراوە، لە مەوقیفی پاسەکان شـوێنی نـیە بـۆ ئەوەی کۆئەنـدامێك یـان خاوەن پێداویستیەك عەرابەنەیەکی پێبوو ئەبێ یەکێ دایبگرێتەوە خـوارەوە یـان یەکێ بیبـاتە سەرەوە، داواش ئەکەم لەو خزمەتگوزاری و ماستەرپلانە ڕێگەی پیادەرۆ ئیهتیمامی پێ بـدرێ و ڕێگەی پایسکل سواریش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بالآنبو، ئەو موستەلەحە موستەلەحێکی قانوونی تەواوە، ناوی مـوڵکی دەوڵەتە، شـتی نـیـە بە نـاوی مـوڵکی حکـومەت، دامەزراوەکـانی دەوڵەت مـوڵکی هەیە، بەڵام کە ئەوتـرێ مـوڵکی دەوڵەتە تەواو قانوونییە، بە گوێرەی ئەو یاسایانەی لە هەرێمـی کوردسـتان کاریـان پـێ ئەکـرێن فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك مەم و ئاشنا خان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بەڕێـزان بەو شـێوەیە کۆتایمـان بەگفتوگـۆ هێنـا، سوپاسـی بەڕێـز وەزیـری شـارەوانی ئەکەین، داوا لە لیژنەی تایبەتمەند ئەکەین ڕۆژی یەك شەمە کۆبوونەوەی هاوبەش ئامادە بـکەن، هەر لەو کۆبوونەوەیە ئەو پێشنیارانەی بەڕێزان ئەندامانی پەلەمان خستوویانەتە ڕوو بیکەن بە بژاردە، بۆ ئەوەی پرۆژە یاساکە لە ماوەی ئەو هەفتە بخەینە دەنگدان، سوپاس.

| د. ڕێواز فایق حسن | هێمن هەورامی | منى نبى قهوچى |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکی پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سکرتێری پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩\١٠\٣٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣٠

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فایق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی ٧٩ و ٨٠ و ٨٢ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ـ پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

٢ـ پێشنیازی یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم/ دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەویانەی کە زیادەڕەویان لەسەر کراوە، لە سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی ٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٦)، وەرزی دووەم، ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووانی کۆبوونەوەی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) برگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) برگەی ٣ لە ماددەی ١٨ و برگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم وپێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی ٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی، ساڵی یەکەم، خولی پێنجەمی

هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات ١١ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/٣٠ بەم شێوەیە بێ:

یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی ٧٩ و ٨٠ و ٨٢ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١ـ پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

٢ـ پێشنیازی یاسای ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم/ دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی کە زیادەڕەوییان لەسەر کراوە، لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی ٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥) ئاسایی ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١/ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوون و ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣/ دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ شەش پێشنیازی یاسا و یەك پێشنیازە بڕیار.

٥/ خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆکردنی پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەویانەی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە، لە سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە ئامادەنەبوونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

٦/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٣ کاتی بەیانی.

١/ احسان محمد سلیم/ مۆڵەت.

٢/راهی ڕەهبەر ابراهیم/ مۆڵەت.

٣/ علی حمە صالح/ مۆڵەت.

٤/ هەورامان حمە شریف/ مۆڵەت.\

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پاییزە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٣ دوای نیوەڕۆ.

١/ ئازاد اکرم بهرم/ ئامادەنەبوو.

٢/ باپیر کاملا سلێمان/ مۆڵەت.

٣/بەهمەن کاکە عبدالله/ مۆڵەت.

٤/دابان محمد حسین/ ئامادەنەبوو.

٥/روبینه اوملك عزیز/ مۆڵەت.
٦/ روپاك احمد رحمان/ ئامادەنەبوو.
٨/رۆمیۆ حزیران نیسان/ مۆڵەت.
٩/ رڤینگ محمد محمد/ مۆڵەت.
١٠/ زیاد جبار محمد/ ئامادەنەبوو.
١١/ سەلام عبدالله حسن/ ئامادەنەبوو.
١٢/ سیپان سالم حسن/ مۆڵەت.
١٣/ شاخەوان رؤوف مصطفى/ ئامادەنەبوو.
١٤/ شادی نەوزاد وهاب/ مۆڵەت.
١٥/ شمۆل اشین صابر/ ئامادەنەبوو.
١٦/ شوان کریم محمد/ مۆڵەت.
١٧/ شیرین یونس عبدالله/ ئامادەنەبوو.
١٨/ عبدالستار مجید قادر/ مۆڵەت.
١٩/ فرید یعقوب ایلیا/ مۆڵەت.
٢٠/ گلستان باقی سلیمان/ ئامادەنەبوو.
٢١/ لیزا فلك الدین صابر/ مۆڵەت.
٢٢/ لیلا عبدالجبار حدۆ/ مۆڵەت.
٢٣/ محسن حسین عبدالله/ ئامادەنەبوو.

ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەتیان پێدراوە یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون:

١/لیژنەی پەیوەندیەکان و رەوەندی کوردستانی لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ :
ئاشنا عبدالله قادر/ مۆڵەت.
اسماعیل حاجی/ مۆڵەت.
عبدالستار مجید قادر/ ئامادەنەبوو.
ادریس اسماعیل عبوش/ ئامادە نەبوو.
سلمە فاتیح توفیق/ ئامادەنەبوو.

٢/لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ :
سلمە فاتیح تۆفیق/ مۆڵەت.
مەم اسکندر مەم اسکندر/ مۆڵەت.
احسان محمد سلیم/ ئامادەنەبوو.

٣/ لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ :
هێرش حسن محمد / مۆڵەت.
صباح محمود محمد/ مۆڵەت.

٤/ لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەرکاربەر لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ :
جلال محمد امین/ مۆڵەت.
لوقمان حمد حاجی/ مۆڵەت.
کاظم فاروق نامق/ مۆڵەت.
٥/لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ لە ٢٠١٩/١٠/٢٩ :
بدریە اسماعیل محمود/ مۆڵەت.
مەم اسکندر مەم اسکندر/ مۆڵەت.
احسان محمد سلیم/ ئامادەنەبوو.
٦/ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠١٩/١٠/٢٩ :
محمد سعدالدین/ مۆڵەت.
٧/ لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێییەکان لە ٢٠١٩/١٠/٢٩ :
رۆمیۆ حزیران نیسان/ ئامادەنەبوو.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر کەسێك کە ناوی خوێنراوەتەوە بە ئامادەنەبوو و خۆی ئامادە بووە خۆی بە نووسراوێك بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دڵنیایی بدات کە ئامادە بووە و، ئەویش چاو دەخشێنێتەوە بە ئەو ئیمزایانەی کە لەلایەتی ئەو نوقتە نیزامیەکانتان بۆ ئەوەیە، چونکە لەمرۆ بە دواوە هەموو ئامادەنەبوونەکانی بەڕێزتان بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ چ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان بێ یان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان لە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕای گشتی بڵاودەکرێتەوە، پەیوەندی بە غیاباتەوە هەیە شنۆ خان؟ پێشنیارت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوقفێکی زۆر زۆر موحرجە کاتێك ئێمە بۆ ئەرکێکی لیژنە لە دەرەوەین لە کاروچالاکین کە لیژنە پێی سپاردووین، بەڵام لێرە بە مۆڵەت و بە ئامادەنەبوو ناومان دەخوێننەوە، لەکاتێك دا کاری لیژنە لە دەرەوە ئەنجام دەدەین، پێویستە بە ئامادەبوو هەژمار بکرێین.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناتوانین لەڕووی قانوونییەوە بە ئامادەبوو ئەژمار بکەین، چونکە دووربا لەو سەفەرەی ئێوە لێی بوون شتێك ڕووی دا، ئەڵێن ئەگەر ئامادەبوو لە هۆڵی پەرلەمان بوو، بۆ نموونە بۆ لە سۆرانی یان لە سلێمانی ئەم ڕووداوە ڕووی دا، لەبەرئەوە مۆڵەتە.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قەینا بە مۆڵەت بۆ كاری پەرلەمانی، بۆ كاری لیژنە، یەك ووشە زیاد بكرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بەجێ بەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین، نوقتە نیزامە كاك كاقم؟ ..... فەرموو قسە بكە بەس نوقتە نیزام نەبی یەكسەر دەیبڕم.

بەڕێز كاك د.كاظم جەنابت ئەندامی پەرلەمانی پەیڕەوێكی ناوخۆت لەبەردەست دایە سەیری پەیڕەوی ناوخۆ بكە، ئەگەر جگە لە نوقتەی نیزام جگە لە خاڵی پەیڕەوی بۆت هەبوو قسە بكەی من دەرفەتت دەدەم، ئەگەر بۆت هەبوو جگە لە نوقتەی نیزام، جەنابتان پرسیارتان هەیە دەتوانن پرسیارەكانتان لە كاتی خۆی دا ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی بكەن، ئەم كۆبوونەوەیە تایبەتە بە دوو تەوەری گرنگ، كارنامەكە دوو بابەتی گرنگە، یەكەمیان/ بریتییە لە خوێندنەوەی یەكەم بۆ دوو پێشنیازە یاسا كە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشیان كردووە، دووەمیان/ خوێندنەوەی دەنگدانە لەسەر پێشنیازە یاسایەك كە پەیوەندی بە زیادەڕەوی هەیە، هەر قسەیەكی تر لە دەرەوەی ئەم كارنامەیە بێ یان دەبێ (٢٤) سەعات پێشتر لەلایەن جەنابتانەوە داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كرابێ، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی كار یان دەبێ خاڵی پەیڕەوی بێ، ئەگەر یەكێك لەم دووانەیە تۆ جەنابت حەقت هەیە قسە بكەی، ئێمە هەر ( ١١١) ئەندامەكە كە ئەندامی پەرلەمانین نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان دەكەین، نوێنەرایەتی ئەو بەڕێزانە دەكەین كە دەنگیان پێداوین، مانای ئەوە نییە بە تەنها ئەوانەی كە ئۆپۆزسیۆنن نوێنەرایەتی خەڵك دەكەن، بەڕێز كاك د.كاظم برای ئازیزم ئەگەر یەكێك لەو دوو خاڵەت هەیە دەیخەمە سەر سەرم، كۆبوونەوەی پێشوو، دەرفەتم دا بە برای بەڕێزمان كاك سۆران نوقتەیەكی نیزامی وت، خۆمان پێمان وابوو موقەسرین بە ئاشكرا لەسەر ئەم مەنەسەیە وتمان موقەسرین پێداچوونەوە دەكەین، پێداچوونەوەمان كرد، نووسراوەكەشمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران كرد، ئەگەر ئەم جۆرە پرسیارانەت هەیە و ئەم جۆرە نوقتە نیزامیەت هەیە دەرفەتت دەدەم، ئەگەر ئەتەوێ قسە بكەی والله ئیعلام هەیە و ڕاگەیاندن هەیە...... فەرموو، فەرموو قسە بكە.

**بەڕێز د.كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا نا من لێرەم بۆ قسە كردن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من لێرە بەرپرسیاریەتێكی ترم هەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بابەتەكەی من ئەوەیە زۆر بە كورتی ئەم فراكسیۆنە بەڕێزانەی پەرلەمان هەموومان پێكەوە كۆمەڵێك پرۆژە پێشكەش بە پەرلەمان دەكەین، یەعنی مەعقول نییە لە هیچ وەرزێك دا هیچ پرۆژەیەكی نەوەی نوێ كەتەنها بۆ خەڵكە ناخرێتە بەرنامەی كارەوە، لە كاتێك دا دانیشتن هەبووە لەم پەرلەمانە (٩) پرۆژە یاسا هێنراوە و خوێندنەوەی

یەکەمی بۆ کراوە (٨) دانەیان هی فراکسیۆنێکی دیاری کراو بووە کە ناوی نابەم، بۆ ئەوەی نەبێ بە حاڵەتێك، هەشت دانە هی فراکسیۆنێکی دیاری کراو بووە بە شایەتی هەموو ئەندام پەرلەمان، خۆ من پێم خۆشە نەك (٨) پرۆژە، حەز دەکەم (١٠) پرۆژە (١٠٠٠) پرۆژە بێنرێتە ئەم پەرلەمانە و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەڵام مەعقول نییە ئێمە ساڵێکە پەرلەمانتارین، هەندێك لە پرۆژەکانمان تایبەتە بەوە ساڵێکە ئەم پەرلەمانە ئیش دەکات تۆ جەنابت ئەزیەت بکێشە وەکو سەرۆکی پەرلەمان پێمان بڵێ داهاتی هەرێمی کوردستان چەندە و چۆن سەرف دەکرێ؟ بەس ئەو پرسیارە بۆ هاووڵاتیان ڕوون بکەنەوە، غەیری ئەوە من هیچ شتێکی تر ناکەم و مەمنونیشم سوپاستان دەکەم، غەیری ئەوە، بەڵام من هەر کاتێك قسە بکەم جەنابت پێم ببڕی و لەملا و لەملا لە هیچ شوێنێك دەرفەتمان نەیەن، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان سکرتێر، یەعنی ئەوەیە پرسیارەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە سەلاحیەتی منە، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەر منصە بۆ جێ بەجێ کردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، سوپاس بۆ د.کاظم فەرموون.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بەجێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارەکە دەکەین، فەرموون، نوقتەی نیزامیە جەنابت پیاوێکی قانونین، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (٩٨) ی پەیڕەوی ناوخۆ لە بڕگەی یەکەم دەڵێ لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی بە مەبەستی گفتوگۆ پرۆژەی بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئەنجومەنی وەزیران پابەند بووە بەو وادەیە و پرۆژەی بودجەی ناردووە؟ چونکە تا ئێستا من لە لیژنەی یاساییم پرۆژەکە نەگەیشتووە، لە بڕگەی (٣) تاکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر لە ماوەی خۆی نەگەیشت، لەسەرەتای مانگی (١٠) دەوە پرۆژەکە نەگەیشت، ئەوا پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان هۆشداری بدات بە وەزارەتی دارایی کەلە ماوەی (١٥) ڕۆژ ئەو پرۆژەیە بنێرێت، ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم ڕێکارەی ئەنجام داوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زەر سوپاس، نوقتە نیزام ئاوا دەوترێ، ناوی ماددەکە دەڵێی ئەگەر یاسا بێت، ئەگەر پەیڕەو بێ، دەستت خۆش بێ، ئێمە هۆشداریمان نەداوە تا ئێستا، ئەرکێکمانە دەبوو جێ بەجێی بکەین، جێبەجێی دەکەین، سوپاس، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەژێر ڕۆشنایی پابەند بوون بە ئەحکامەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە تایبەتی ماددەی (٧٩) کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، پێشنیازی یاسا و بڕیار لە ماوەی (١٤) ڕۆژ لە

ڕێکەوتـی پێشـکەش کـردنییەوە لە لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی، بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەسـتەی سەرۆکایەتی بڕیار دەدرێت خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، لەسـەر بنەمـای گونجانـدنی لەگەڵ ئەو پێـوەرانەی کە لە خـاڵی یەك و دووی بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە داهـاتوون، هەروەهـا لە ماددەی (٨٠) بڕگەی (٤) داهاتووە کاتێك پرۆژە یان پێشنیازەکە لەلایەن دەستەی سـەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت لە یەکەم دانیشتن، دوای ڕەزامەنـدیەکە دەخـرێتە بەرنـامەی کـارەوە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، بە بەڕێزتـان ڕادەگەیەنـین دوای بڵاوبـوونەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمـان کە لە بـڕگەی یەکەم خـاڵی یەکەمـی بەرنـامەی کـار مەبەستە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشـنیازی یاسـای مـاف و ئەرکـی نەخـۆش بکرێـت، تـازە دوای ئەوە نووسراوی سەرۆکایەتی و ئەم پێشنیازە بۆ لیژنەی یاسـایی هـاتووە، لیـژنەی یاسـایی هـیچ کۆبوونەوەیەکی لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایە ئەنجام نەداوە، تا بزانین ناوەڕۆکەکەی چییە و ئایا مەرجە ڕواڵەتی و بابەتیەکان لەخـۆ دەگرێـت یـان نـا؟ و هـیچ ڕاپۆرتێـك و نووسـراوێك لەلایەن لیژنەکەمـان نەهـاتووە بـۆ سـەرۆکایەتی سـەبارەت بەم پێشـنیازە تـا خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ بکرێـت، بـۆیە بەنـاوی لیـژنەی یاسـایی داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن خوێنـدنەوەی یەکەم بـۆ ئەم پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لەم دانیشتنە دا نەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسـایی، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، پـرۆژە پێشـنیازە یاسـای ئەرك و مـافی نەخـۆش لە دوای تەواو بـوونی ئەو مـاوەیەی کە بە گـوێرەی پەیـڕەو پێشـکەش کردنـی پێشنیازە یاسا دانراوە هاتە بەردەستی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئـێمەش بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی کەپەیڕەوی ناوخۆ پێی داوین، هەر کـات پێمـان وابـوو تەنـانەت لەدوای تەواو بـوونی ئەو مـانگەش کە لە سـەرەتای هەمـوو وەرزێکـی یاسـادانانەوە بۆمـان هەیە و دەسـەڵاتمان هەیە پـرۆژە ئاراسـتە بکەیـن و پـرۆژە وەربگـرین دەتـوانین دەسـەڵاتی خۆمـان بەکـاربێنین، ئـێمە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی لەبەرئەوەی ئەو پێشـنیازە یاسـایە لە دوای ١٠/١ پێشکەش کراوە، لەبەر گرنگی ئەو بابەتە لە دەستەی سەرۆکایەتی لە کۆبـوونەوەیەکی دەسـتەی سەرۆکاتی دا بڕیارمان دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بـۆیە بە هەمـان میکـانیزم و ئـالیەتی پێشنیازە یاساکانی تردا تێ نەپەڕێوە، بۆیە فەرموون خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ماددەی وازح لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا هەیە کە باس لەوە دەکات، بۆ خوێنـدنەوەی یەکەم ئیشارەت بەوەدەدرێت کە دەبێت لیـژنەی یاسـایی لەگەڵ سـەرۆکایەتی ڕەزامەنـد بـن بـۆ خوێندنەوەی یەکەم، تکایە....... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون خوێدندنەوەی یەکەم بکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای یەکەم

پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆشە، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە هەشت مادده پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١/ د.صباح محمود زێباری.

٢/د.شایان کاکە صالح.

٣/د.گلاوێژ عبید عثمان.

٤/جلال محمد امین.

٥/زانا خالد اسماعیل.

٦/رۆژان ابراهیم علی.

٧/د.کاظم فاروق نامق.

٨/ مسلم عبدالله رسول.

٩/ بختیار شوکری سلیمان.

١٠/ لقمان حمد حاجی.

١١/ شنۆ اشقی عبدالله.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تەندروستی و لیژنەی کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای دووەم، پێشنیازی یاسایی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە ١٥ مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١/ لوقمان حمد حاجی وەردی.

٢/پێشەوا طاهر هەورامی.

٣/مەم بورهان قانع.

٤/محسن حسین مصطفی.

٥/جلال محمد پەرێشان.

٦/مسلم عبدالله رسول.

٧/ئازاد اكرم بهرم.

٨/ گۆران عمر علی.

٩/ روپاك احمد رحمن.

١٠/سعيد مصطفى تەتەرخان.

١١/ فيصل عباس عولا.

١٢/ جوان يونس محمد.

١٣/ ياسين خچر طه.

١٤/ حسيبه سعيد ابراهيم گەردی.

١٥/ وەيسی سعيد وەيسی.

١٦/ سلمه فاتح توفيق.

١٧/ هيرش حسن محمد.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی كاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، زۆر سوپاس، ئێستاش دەست بەجێ بەجێ كردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی كار دەكەین كە بریتیە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای بەخاوەن كردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر كراوە لە سنووری شارەوانییەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق، بە پێی حوكمی ماددەكانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، داوا لە بەڕێزان دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەی شارەوانی دەكەین بێنە سەر مەنەسەكە، دەستەی سەرۆكایەتی قانونی دەمێننەوە و دەستەی سەرۆكایەتی شارەوانی دێنە سەر مەنەسەكە، بەڕێز شادی خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەكەمی دانیشتنەكە پێشنیازی یاسای ماف و ئەركی نەخۆش، بەڕێزت ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستیت كرد، بەڵام ئەم پێشنیازە یاسایە یەكێكە لە تەخەسوسییەكانی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتان لە ئێستادا، بۆیە پێویستە ئاراستەی ئەو لیژنەیەش بكرێت بە رەسمی، تاوەكو ڕاپۆرتی تایبەتمەندی خۆی ئاراستە بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەنها پەیوەندی بە لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی تەندروستییەوە هەیە، نازانم لە چ خاڵێکدا پەیوەندی بە کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە؟ تەواو، نا ناتوانی، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو حوکمەی کە من یەکێك بووم لە کەسانی کە یاسای ریکلامی بازرگانیمان دارشتووەتەوە لەگەڵ هاوڕێیانم، ئەو پێشنیازەی جەنابت کە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەکەی ئێمەت کردەوە لیژنەی رۆشنبیری، بەڕاستی ئێمە لەبەردەم کێشەیەك دابووین ئەم مەسەلەیە پێویست دەکات، هەم شارەوانی و هەم لیژنەی گواستنەوە لەم مەسەلەیە پەیوەندار بن، چونکە باس لە گواستنەوە دەکات و شارەوانی، پێنشیازم ئەوەیە ئاراستەی ئەو دوو لیژنەیەش بکرێ بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکان چڕتر بکرێ بۆ باشتر کردنی ئەو پرۆژە پێشنیازە یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەوەی جەنابتانی مەنتقی تیایە، پێشنیازی یاسایی رێکلامی بازرگانی ئاراستەی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندنیش دەکرێ لە هەمان کات، کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دەرباز بوون لەم گرفتە، ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی (٢) دەڵێ ئەگەر پرۆژەیەك یان پێشنیازێك لە تایبەتمەندی زیاتر لەیەك لیژنە بوو تەجزیئە ئەکرێ، بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بۆ نموونە ئەوەی کە پەرلەمانتارێك ئەڵێ ئەمە لە تەخەسوسی لیژنەی ئێمەشە حەقە ئەو تەجزیئە ئەو بەشەی پەیوەندی بە ئەوانەوە هە یە دیاری بکرێت پێش وەخت وە ئاراستە بکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئەشکالە ڕوونەدات، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش تەواوە، سوپاس، بەڵێ بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی ئامادەن؟ یەکسەر بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش و ناونیشان دەست پێ دەکەن.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش

هاوپێچ لەگەڵ نووسراومان دا دەقی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و ئاوەدان کردنەوەو وەبەرهێنان سەبارەت بە پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمی تایبەت بە پێشنیازی

یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕەویان لەسەر کراوە کەلە هاوپێچ ئاماژەی پێ کراوە بۆتان ڕەوانە دەکەین.
سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژە یاسایەکە پێنج پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم/ پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان کە سەنەدی تاپۆیان نییە.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زیادەرۆییان لەسەر کراوە و لەسنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
پێشنیازی سێیەم/ بەخاوەنداریێتی کردنی زەوییە زیادەرۆییەکانی سنووری شارەوانییەکان.
پێشنیازی چوارەم/ وەك خۆی/ پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕەویان لەسەر کراوە.
پێشنیازی پێنجەم/ پێشنیازی لیژنەی هاوبەش.
بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە ماددەی (٩١) بڕگەی (٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بڕاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیازە دەخەینەڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە.
پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕەویان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئێستا ئێمە پێشنیاز، پێشنیاز دەیخەینە دەنگدان، یەکەم بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم: پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان کە سەنەدی تاپۆیان نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چەند کەس لەگەڵ ئەو پێشنیازە یاسایە وەکو ئەوەی سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە، بەڵێ تەنها دوو کەس، پێشنیازی دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی دووەم/ پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زیادەرۆییان لەسەر کراوە لەسنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ناونیشانەکەیە بەو شێوەیەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە بفەرمووێ، (٩) دەنگ، پێشنیازی دوای ئەمە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی سێیەم/ بەخاوەندارێتی کردنی زەوییە زیادەڕۆییەکانی سنووری شارەوانییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان کێ لەگەڵ ئەوەیە ناونیشانی یاسایەکە بەو شێوەیە بێ کە بەڕێزیان خوێندیەوە دەست بەرز بکاتەوە؟ (٤) دەنگ، دوای ئەوە فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم وەك خۆی:

پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەر کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ناونیشانی یاساکە بەو شێوەیە بێ دەست بەرز بکاتەوە؟دەنگی نییە، بەڵێ بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری لیژنەی هاوبەش:

پێشنیازی یاسایی بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو ناونیشانەیە بەڕێزیان خوێندییەوە دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان ناونیشانەکە پەسەند کرا.

ماددەی یەکەم فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم دوو پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا بڕگەی یەکەم دەستەواژەی (بۆ مەبەستەکانی ئەو یاسایە بریتی یە) لابدرێت.

-پێشنیاری دووەم وەکو خۆی:
١-زیادەڕۆیی بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بریتی یە لەو کەسەی بە کردارەکی فیعلی نیشتەجێی ئەو خانووەیە کە بە زیادەڕۆیی دروست کراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی زیادەڕۆ بە حوکمی یاسا بۆ بەخێوکردنیان ڕاسپێردراوە لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەدا لە خانوودا نیشتەجێن.
٢-شارەوانییەکان بۆیان هەیە ئەو کەسانەی خانووی نیشتەجێ بوونیان پێش ڕێککەوتی ٢٠١٨/٣/١٣ بە زێدەڕۆیی دروست کردووە، بکەنە خاوەنی ئەو زەوییانەی خانووەکەی لەسەرە و موڵکی دەوڵەت یان دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی، یان شارەوانین جا چ موڵکی تەواو بن یان مافی ڕەفتار کردنیان لەسەر بێت و بکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان و لە ناوچەکانی نیشتەجێ بوون بن بە پێی مەرج و حوکمەکانی ئەم یاسایە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە پێشنیازی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین، پێشنیازەکە وەك خۆی ئەوەی لە ڕاپۆرتی خوێندنەوەی دووەم دا هاتبوو تەنها ئەم دەستەواژەیە لادەبردرێت (بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە) لادەبرێت چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ (١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان، پێشنیازی دووهەم وەك ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان زۆر سوپاس بە دەنگی (٧٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند کرا، ماددەی دووەم فەرموون.
**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد/ سەرۆکی لیژنەی شارەوانی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی دووەم پێنج پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم وەك خۆی تەنیا دەستەواژەی نەخشە و ووردەکاری شارەکان بە دوای ماستەپلانی شارەکان زیاد بکرێت بۆ برگەی یەکەم.
-پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا لە برگەی چوارەم (١٢٠) ڕۆژ بکرێتە (١٨٠) ڕۆژ.
-پێشنیاری سێیەم وەك خۆی تەنیا دوو برگە زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەیە:
حەوتەم: ئەو کەسەی کە زیادەڕۆیی کردووە نابێت هیچ موڵکێکی بە ناو بێت جا چ خانوو بێت یان زەوی.
هەشتەم: نابێ زیادەڕۆیی لەسەر ئەو زەوییانە بکرێت کە دەچێتە چوارچێوەی زەوی بە بازرگانییەکان و کشتوکاڵییەکانەوە.
-پێشنیاری چوارەم وەك خۆی مەرجەکانی بە خاوەن کردن:
١-خانووە زیادەڕۆیەکە بکەوێتە سنووری شارەوانییەکان و لەو ناوچانەدا بێت کە بە پێی ماستەرپلانی شارەکان بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کراون.
٢-ئەو خانووانەی لەسەر زەوییەکە دروست کراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون بە کار بهێنرێت.

٣-ئەو کەسەی بە کردارەکی نیشتەجێی ئەو خانوو و بەرەیە کە بە زێدەڕۆیی دروست کراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی بە حوکمی یاسا بەخێو کردنیان ڕاسپێردراوە داوایەکی نووسراو پێشکەش بکەن.
٤-داواکارییەکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کە (١٢٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات ئاراستەی سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت بە جۆرێك سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامەی پشتڕاست کردنەوەی خاوەندارێتی لە خۆ بگرێت.
٥-نابێت زیاتر لە یەك پارچە زەوی بە خاوەن بکرێت بۆ کەسی داواکاری بە خاوەن کردن.
٦-مەرجە ڕووبەری زەوی بە خاوەن کراو زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)م٢ لە ناوەندی پارێزگا و (٢٥٠)م٢ لە ناوەندی قەزا و (٣٠٠)م٢ لە ناوەندی ناحیە.
-پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش بە پێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو داوا دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە.
مەرجەکانی بە خاوەن کردن:
١-خانووە زیادەڕۆیەکە بکەوێتە سنووری شارەوانییەکان و لەو ناوچانەدا بێت کە بە پێی ماستەرپلانیان نەخشەی وردەکاری شارەکان بۆ نیشتەجێبوون تەرخان کراون.
٢-ئەو خانووانەی لەسەر زەوییەکە دروست کراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون بە کار بهێنرێت.
٣-ئەو کەسەی بە کردارەکی نیشتەجێی ئەو خانوویە کە بە زێدەڕۆیی دروست کراوە یان میراتگرە شەرعییەکانی یان ئەوانەی بە حوکمی یاسای بەخێو کردنیان ڕاسپێردراوە داوایەکی نووسراو پێشکەش بکەن.
٤-داواکارییەکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەك کە لە (١٢٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات ئاراستەی سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت بە جۆرێك سەرجەم زانیاری و بەڵگەنامەی پێویست بۆ بە دەست هێنانی بەخاوەن کردن لە خۆ بگرێت.
٥-نابێت کەسی داواکار بکرێتە خاوەن زیاتر لە یەك پارچە زەوی.
٦-مەرجە ڕووبەری زەوی بە خاوەن کراو زیاتر نەبێت لە (٢٠٠)م٢ لە ناوەندی پارێزگا و (٢٥٠)م٢ لە ناوەندی قەزا و (٣٠٠)م٢ لە ناوەندی ناحیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سەروان، فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی ماددەی (٩١) فەقەرە (٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر پێشنیارێك پەرلەمانتارێك بیکات سێ لە پەرلەمانتاران تەئیدی پێشنیارەکەی ئەو بکەن، داوای ڕوونکردنەوە دەکەم بەڕاستی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروان، هەموو پێشنیارەکانی جەنابتان کە سێ ئەندامی پەرلەمان پشتگیری کردبێ، تەنانەت ئەو پێشنیارانەشی کە دوو کەسی ئەخیر قسەیان لەبارەوە کردبێ لێرە دەرج کراون، ڕەنگە تەنها شوێنەکەی گۆڕابێ، تەنها شوێنەکەی گۆڕاوە، دڵنیا بە لەوەی پێشنیازەکەی جەنابت و هی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەمووی دەرج کراوە لە ناو ئەو ڕاپۆرتەی کۆتایی و ئەگەر دانەیەك لەوانە دەرج نەکرابوو ئەوا لیژنە هاوبەشەکان بەرپرسیارێتیەکەی هەڵدەگرن، دڵنیا بە لەوەی کە تێیدایە، دڵنیابە لەوە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ خۆتان دەزانن بە گوێرەی ئەو پەیڕەوە لە کاتی دەنگدان موناقەشەی ماددەکان ناکرێ ئێمە دەست بە پرۆسەکە دەکەین، یەکسەر دەست بە دەنگدان دەکەین، لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەکیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دڵنیابوونا کاك سەروانی و هەمی هەڤاڵان کاك سەروان پشنیارا تە پشتگیری هەبووە فیعلەن لە صەفحە (٧) لە ڕاپۆرتا مەدا پێشنیارا (٨) یا تێدا هەی، نووکە ماددا یەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵێ کاك عباس، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لەوانەیە ڕاست بێ بۆ ماددەی (٢) و بۆ ماددەی (٣)ش ڕاستە، لەوانەیە هەم بۆ ئەندامان ئەوە بۆ دەنگدان پرسیارێك بێ یان بەڕاستی یەعنی کێشەیەك هەیە مەسەلەن ئەندامێك هەیە لە کاتی خۆی دا سێ پێشنیاری کردووە هەر یەکێ لەوانەیە لە پێشنیارێکی جیا لەگەڵ دوو ئەندامی تر یەکی گرتبێتەوە، ئێستا مەسەلەن ئەگەر دەنگ بۆ یەك لەو پێشنیارانە بدەی ناتوانی بۆ هیچ پێشنیارێك و ماددە ئەصڵەکە بدەی، ئەوە ئیشکالێکمان بۆ دروست دەکات، یەعنی هەقە هەم ڕوونکردنەوەیەك جەنابت بیدەی، هەم چارەسەر بکرێ، چونکە هەموو بڕگەکان یەك ماددەیە، ئێ بۆ یەك بڕگە و یەك پێشنیارت دا ناتوانی بۆ ئەوانی تر بدەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا کە لە ماددەی (٢)ین پێنج پێشنیارمان هەیە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆ یەك دەنگی دا ناتوانێ بۆ (٢) دەنگی بدا، بۆ (٢) دەنگ بدا ناتوانێ

بۆ (٣) دەنگ بدا، یەعنی هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بۆ هەر ماددەیەك بۆی هەیە تەنها بـۆ یەك جار بۆ یەك پێشنیاز دەنگ بدات، كاك پێشەوا ئەگەر نوقتەی نیزامی یە فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتی ئەم پرۆژە یاسایە خـانووە نەك زەوی، یەعـنی لە زۆر شـوێنەکان دووپـات کـراوەتەوە کە زەوییەکەی بە ناو دەکرێت و زەوییەکی هەبـێ و یەعـنی ئـێمە مەوزووعمـان خـانووە، ئەگەر تـۆ ئێسـتا دەنگـی لەسـەر بـدەی ڕەوایەتـی دەدەی بەوەی کە زەوییەکـانیش بەو جـۆرە مامەڵەیـان لەگەڵ بکرێ، ئێمە باسی خانوو دەکەین نەك زەوی لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لە ڕووی قانونییەوە ئەو کەسەی کە شتێك دروست دەکـات لەسـەر زەوییـەك ئەگەر زەوییەکە هی خۆی بوو زەوییەکە و خانووەکەش موڵکیەتی، ئەگەر زەویـیەکە هـی خـۆی نەبوو ئەوا ئەو شتەی کە لە سەری دروست کـردووە بە تێکـدراوی یەعنـی (مسـتحقە القلـع) هـی خۆیەتی، لەبەر ئەوە ئێمە خۆی لە ئەصـڵ دا خـاوەنی پێکهـاتەی خـانووەکەیە، ئەوەی ئـێمە بـۆی دەکەین خانووەکەی بە خاوەن نـاکەین، ئەوەی ئـێمە بـۆی دەکەیـن زەویـیەکەیە کە خـانووەکەی لەسـەرە، بـۆیە بەو شـێوە صـیاغەکەی هـاتووە، بەڕێـزان دەیخەیـنە دەنگـدان، پێشـنیازی یەکەم دەخەینە دەنگدان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازی یەکەم دەخەیـنە دەنگـدان وەك خـۆی بێ تەنها دەسـتەواژەی (نەخشـەی وردەکـاری شـارەکان) لە دوای (ماسـتەرپلانی شـارەکان) زیـاد بکرێ بۆ ئەم بڕگەیە، هەر ئەندامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە مـاددەی (٢) بەو شـێوەیە پەسەند بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ هیچ کەسی لەگەڵ نییە.

پێشنیاری دووەم تەنها (١٢٠) ڕۆژەکە بکرێ بە (١٨٠) ڕۆژ، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بەو شێوەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟ (٩) دەنگ، سوپاس.

پێشنیازی سێیەم دوو بڕگە زیاد بکرێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو بڕگە زیاد بـکرێ، بـڕگەی هەشتەمیان نابێ بخرێتە دەنگدان کە دەلـێ (نـابێ زێـدەڕەوی بکـرێ لەسـەر ئەو زەوییـانەی کە دەچێتە چوارچێـوەی زەویـیە بازرگانیەکـان و کشـتوکاڵییەکان) ئـێمە ئێسـتا لەبەردەمـی ئەمری واقیعـداین، ئەگەر زێـدەڕەوییەکە کرابـێ کـراوە، ئـێمە باسـی ڕابـردووە دەکەیـن، موعـالەجەی ڕابــردوو دەکەیــن، لەبەر ئەوە ئەوە نــاخەینە دەنگــدان، ئەوە یەك، دوو/ بەشــێکی زۆری ئەو زەوییـانەی کە زێـدەڕۆیی لەسـەر کـراوە زەوی کشـتوکاڵین، بەڵام ئـێمە بە گـوێرەی مـاددەیەك باسمان لە حەل کردووە موڵکایەتیەکەیـان دەگـۆڕێ دەچێـتە سـەر شـارەوانی، دوای ئەوە بە نـاو دەکرێ، کەواتە پێشـنیازی سـێیەم تەنها بە زیـادکردنی بـڕگەی حەوتەم هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵیەتـی بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ ئەو کەسـەی کە زێـدەڕەوی کـردووە نـابێ هـیچ موڵکێکی بە ناو بێ، جا چ خانوو بێ یان زەوی، هەر کەسێك دەیەوێ ئەو مەرجەش زیاد بکرێ بۆ ماددەکە فەرموو دەست بەرز بکاتەوە، (٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵـن بەو شـێوەیە بـێ، پێشنیازی چوارەم وەك خۆی، وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنە هاتبوو لیژنەی هاوبەش خوێندنەوەی

دووەم ئـێمە نـایخوێنینەوە لەبەر ئەوەی بەڕێـز سـەرۆكی لیـژنەی شـارەوانی خوێنـدییەوە، هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە ئەو مـاددەیە وەك خـۆی كە لە ڕاپـۆرتی هـاوبەش هاتبوو و لە خوێندنەوەی دووەم بە بێ هیچ دەستكارییەك با دەست بەرز بكاتەوە، كەسی لەگەڵ نـیە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەر ئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە كە ئەم ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند بكرێ كە لە ناو ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دواداڕشتنیان هـاتووە بـا دەست بەرز بكاتەوە، بەڕێزان ماددەی دووەم لە دەنگی (٨٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمـان پەسـەند كرا، بەڵێ كاك د.ڕێبوار فەرموون.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە بە پێـی مـاددە (٩١) فەقەرە (٣) وەك جەنابیشـتان دەزانـن كە هەر پێشـنیازێك یـان هەر پێشنیارێك كە ئەگەر پاڵپشـت كـرا لەلایەن سـێ ئەنـدامی بەڕێـزەوە دەبـێ وەكـو خـۆی بخـرێتە دەنگدانەوە، ئەوەی پێشنیازی سێیەم پێشنیازی خـۆم بـوو، خۆشـبەختانە هەنـدێ لە بەڕێـزان لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان پاڵپشتیان كرد، جا پرسیارەكە ئەوەیە كە جەنابت فەقەرەی دووەم بڵێین بـڕگە هەشـتت نەخسـتە دەنگـدانەوە، پاڵپشـت بە چ دەقێكـی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانەوە نەتخستە دەنگدانەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆكی پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە هەر پێشنیازێك، هەر ماددەیەك كە موخالیف بـێ بـۆ واقیـع، موخالیف بێ بۆ حەدەسێك بۆ واقیعێك كە بوونی هەیە، موخالیف بێ بۆ یاسا دەتـوانێ بیخـاتە دەنگـدان، خۆتـان دەزانـن حـیكمەت لەم یاسـایە بـۆ موعـالەجە كردنـی ئەمـری واقـیعە، ئەمـری واقیعیش ئەوەیە حەدەسەكە ڕوویداوە، نـاتوانی مەرجێـك دانێـی لەسـەر شـتێك كە لە ئەصـڵدا ڕوویداوە، یەعنی ناتوانی بڵێی نابێ ئەوە خولی پێنجەمـی كوردسـتان بـێ، دەتـوانی بڵێـی نـابێ خولی پێنجی پەرلەمانی كوردستان بێ؟ خۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردسـتانە مەرجێـك دابنێی بڵێی نابێ خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان بێ، ئەوە ڕێـك وایە، ئەو خـانووانەی كە دروست كراون بەشێكی زۆریان لەسەر زەوی كشـتوكاڵی دروسـت كـراون، ئێسـتا هەن، بوونیـان هەیە، خۆ ئێمە ئێستا ئەو قانونە دانـانێین بـۆ دابەشـكردنی زەوی، بڵێـین نـابێ زەویـیەك دابەش بكەین بەسەر هاووڵاتیان دا كە شـوێنی بازرگـانی و كشـتوكاڵی بـێ، ئـێمە مـامەڵە لەگەڵ ئەمـری واقیع دەكەین، ئەوە یەك، دوو/ ئیتفاكردنی زەوی كشتوكاڵی بۆ مەبەسـتی تـایبەت بە بونیـات بە مەبەستی تایبەت بە دروستكردنی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمـی كوردسـتان قـانونی هەیە، قانونی ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٨ بە سەدان، بە هەزاران دۆنـم زەوی ئیتفـا كـراوە و خـراوەتە سـەر وەزارەتی شـارەوانی، بـۆ ئەوەی كە شـوێنی نیشـتەجێبوونی لەسـەر دروسـت بكـرێ، ئـێمە لێـرە ماددەیەك ناخەینە دەنگدانەوە كە موخالیف بێ بۆ قانونێك كە لە ئێستادا كاری پێ دەكرێ، ئەوە

پشت بەستنەکەیە، بەڕێز لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ خوێندنەوەی پێشنیازی سێیەم، بەڵام بۆ گەڕانەوەی کات و بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانیش تەرکیزیان هەبێ دانە دانە بیخوێننەوە و ئێمەش دانە دانە دەیخەینە دەنگدان، عەمەلیەکە ئاسانترە، کەواتە ئێستا لە ماددەی (٣) تەنها پێشنیازی یەکەم بخوێننەوە دەیخەینە دەنگدان ئینجا دووەم، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم (١٦) پێشنیار هەیە، ئەو پێشنیارانەی کە ڕێژە لە خۆ دەگرن سێ پێشنیارن، پێشنیاری یەکەم/ وەك خۆی تەنیا لە خاڵی یەکەم بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا نرخەکە بکرێتە ڕێژەیی و ڕێژەی ١٠% لە بەهای ڕاستەقینەی زەوییەکەدا دەخەمڵێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە نرخی زەوییەکان بەڕێژە بێت و بە لە ١٠% نرخە ئەسڵییەکەی بێ، نرخە ڕاستەقینەکەی، فەرموو با دەست بەرز بکاتەوە، چوار دەنگ، سوپاس. بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گوێ لە پێشنیازی دووەم دەگرین فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم وەك خۆی تەنیا لە خاڵی یەکەم بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا نرخەکە بکرێتە ڕێژەیی بە ڕێژەی ١٥% بەها ڕاستەقینەییەکە دەخەمڵێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە وەکو خۆی بێت تەنها نرخەکە لە ١٥%ی نرخی ڕاستەقینەی زەوییەکە بێت، با دەنگ بدات بۆ ئەو پێشنیازە،، فەرموون، زۆر سوپاس کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی سێیەم.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی سێیەم وەك خۆی تەنیا لە خاڵی (١) بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە نرخەکە بکرێتە ڕێژەیی و بەڕێژەی ٢٠%ی نرخی ڕاستەقینەی ئەو زەوییە دەخەمڵێندرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ڕێژەکە بکرێتە ٢٠% با دەنگ بدات، کەسی لەگەڵ نییە، فەرموون دوای ئەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ پێشنیارن، پێشنیاری چوارەم وەكو خۆی تەنیا خاڵی یەكەم بڕگەی دووەم بەم شێوەی لێ بكرێ (بۆ یەك م٢ لە ناوەندی پارێزگا (١٠٠٠٠) دە هەزار بۆ (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار، بۆ یەك م٢ لە ناوەندی قەزاكان (٥٠٠٠) پێنج هەزار بۆ (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار، بۆ یەك م٢ لە ناوەندی ناحیەكان (٣٠٠٠) سێ هەزار بۆ (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەكە وەكو خۆی و نرخەكان بەو شێوەی لێ بكرێت با دەست بەرز بكاتەوە؟ چوار كەس، چوار دەنگ، دوای ئەوە فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری پێنجەم وەك خۆی تەنیا خاڵی (١) لە بڕگەی دووەم بەم شێوەی لێ بكرێت:

بۆ یەك م٢ لە ناوەندی پارێزگاكان (١٥٠٠٠) پازدە هەزار بۆ (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار، بۆ یەك م٢ لە ناوەندی قەزاكان (١٠٠٠٠) دە هەزار بۆ (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار، بۆ یەك م٢ لە ناوەندی ناحیەكان (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەكە وەكو خۆی بێ، نرخەكانیش بەو شێوەیە بێ كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس كەس لەگەڵ نییە، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری شەشەم وەك خۆی تەنیا بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بكرێت بەم شێوەیە:

ئەگەر كەسی زیادەڕۆ مووچەخۆر بێت دەتوانێت ئەو بڕە پارەیە لە بەرامبەر بە خاوەنداریێتی كردنی لە مووچە پاشەكەوت كراوەكانی بگێڕدرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەكە بەو شێوەیە بێ كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە بفەرمووێت دەنگ بدات؟ (١٥) دەنگ، (حەوتەم) فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری حەوتەم وەك خۆی تەنیا بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بكرێت بەم شێوەیە:

حـوكمه داراییەكـانی ئەم یاسـایە كەس و كـاری پـلە یەكـی شـەهیدان و ئەنفالكراوەكـان نایانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە كە مـاددەكە بەو شێوەیە پەسەند بكرێ، بەڕێزان هەرە یەكەتان بۆتـان هەیە بـۆ یەك پێنشـیار، تەنها یەك پێشـنیار دەنگ بدەن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر چ كەسێك لەگەڵ ئەوەیە پێشنیازەكە بەو شێوەیە بێ با دەنگ بدات؟ یەك كەس، دوای ئەوە.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری هەشتەم وەك خۆی تەنیا بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بكرێت بەم شێوەیە:

حـوكمە داراییەكـانی ئەم یاسـایە لە كەسـوكاری پلەیەكـی شـەهیدان، ئەنفـالكراوان، هێزەكـانی پێشمەرگە، كەمئەندامانی سەنگەر، زیندانیانی سیاسی، هێزەكانی نـاوخۆ، خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەكان نایانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێكی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە كە مـاددەكە بەو شێوەیە پەسەند بكرێ كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با دەست بەرز بكـاتەوە؟ سێ كەس، دوای ئەوە پێشنیازی نۆیەم، فەرموون.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی نۆیەم وەك خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە بەم شـێوەیەی لـێ بكرێت:

(بـۆ ئەو كەسـانەی سـوودمەندبوون لە دەوڵەت لەلایەن لیـژنەی تایبەتمەنـدەوە بە نرخـی ٣٠% بەهای ڕاستەقینەی زەوییەكە لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەمڵێنرێت).

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە كە مـاددەكە وەك خۆی بێت جگە لەو گۆڕانكارییەی كە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با بفەرموێت دەنگ بدات، نیە، بەڵێ دوای ئەوە.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

پێشنیازی دەیەم وەك خۆی تەنیا خاڵێك بۆ زنجیرەی سێ بۆ بـڕگەی دووەمـی ئەم مـاددەیە زیـاد بكرێت بەم شێوەیە:

سێ/ ئەو زەوییانەی كە زیادەڕەوییان لەسەر كراوە بە مەبەستی بازرگانی حوكمەكانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە و پێویستە لەسەر وەزارەتی تایبەتمەند چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

پێشنیازی یازدەیەم وەك خۆی تەنیا لە حاڵەتی بەخشین پێویستە ئەو کەسانەی کە دەبەخشرێن پێشتر سوودمەند نەبووبن.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟ هیچ کەسی لەگەڵ نییە، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

پێشنیازی دوازدەیەم وەك خۆی تەنیا برگەی دووەم یەك خاڵی بۆ زیاد بکرێت:

ئەگەر نرخی ڕاستەقینەی زەوی کەمتر بوو لەو برە پارەیەی کە پێویستە بیدات ئەوا نرخی ڕاستەقینەکەی لێ وەردەگیرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با بفەرموێت دەنگ بدات، کەسی لەگەڵ نییە، سپانزە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

پێشنیازی سێزدەیەم وەك خۆی تەنیا ماوەیەك لە برگەی دووەم دیاری بکرێت بەم شێوەیە:

بەهای ئەو زەوییانەی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە بە خانووی نیشتەجێبوون نرخەکانیان بەم شێوەیە دیاری دەکرێت کە دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەناوکردنی کۆتایی بدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با بفەرموێت دەنگ بدات، کەسی لەگەڵ نییە، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

پێشنیازی چواردەیەم ماددەی (٣) وەك خۆی تەنیا برگەکانی (یەکەم، دووەم، چوارەم) بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

یەکەم/ لیژنەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی داواکارییەکان و دڵنیابوون لە هاتنە دی مەرجەکانی پێویست بۆ بە خاوەن کردنی لیژنەش، بۆی هەیە لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانییە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە پێویستییەکان.

یەکەم لە کۆتاییەکەی ئەم دێرەی بۆ زیاد بکرێت:

نرخــی هەر م٢ لەســەر ئاســتی ناوەنــدی پارێزگــا و قەزا و ناحیەکــان دیــاریکراو دەبێــت و لە چوارچێوەیدا بە بڕیاری لیژنە دەستنیشانی نرخەکەی دەکرێت.

دووەم/ ڕێژەی ٥٠% بکرێتە ٧٥%

چوارەم/ لەبەر ئەوەی نووسراوی شارەوانی دەبێت لە ماددەی یەکەم و بڕگەی ناساندنی چەمك و زاراوەکان دا شارەوانی بەو جۆرە بناسرێنێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (٢) بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با دەست بەرز بکاتەوە، فەرموون، (١٥)، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی فەرموون دوای ئەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

پێشنیازی پازدەیەم وەك خۆی:

١-لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی پارێزگاری ...

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێویست ناکات بیخوێنیتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیازی پازدەیەم ئەوەی کە وەکو خۆی چۆن هاتبوو لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش لە خوێندنەوەی دووەم بە بێ هیچ دەستکارییەك، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ دەست بەرز بکاتەوە، کەس لەگەڵی نییە، شازدە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

پێشنیازی شازدەیەم پێشنیاری لیژنەی هاوبەش:

بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەنــدامانی پەرلەمــان لە دانیشــتنی خوێنــدنەوەی دووەم دا ئەم پێشــنیارە دەخەیــنەڕوو داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

یەکەم/ لیــژنەیەك بە ســەرۆکایەتی پارێزگــار یــان ســەرۆکی یەکە کارگێڕییەکــان و ئەنــدامێتی لەلایەنە پەیوەندیــدارەکان لە وەزارەتــی شــارەوانی و وەزارەتــی دارایــی و کشــتوکاڵ و داد پێــك دەهێنرێت بە مەبەستی دیراســەت کردنــی داواکارییەکــان و دڵنیــابوون لە هــاتنەدی مەرجەکــانی پێویســت بــۆ بە خاوەنــدارێتی کــردن و لیــژنە بــۆی هەیە لیژنەیەکــی لاوەکــی لە شــارەوانی یە پەیوەندیدارەکان پێك بهێنێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە تەکنیکیە پێویستییەکان.

دووەم/ بەهای ئەو زەوییانەی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە بە خانووی نیشتەجێ بوون نرخەکانیان بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لە دەوڵەت بە نرخێك بۆ یەك م٢ لە ناوەندی پارێزگاکان (١٥٠٠٠) پازدە هەزار بۆ (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار.
بۆ یەك م٢ لە ناوەندی قەزاکان (١٠٠٠٠) دە هەزار بۆ (١٥٠٠٠) پازدە هەزار دینار.
بۆ یەك م٢ لە ناوەندی ناحیەکان (٥٠٠٠) پێنج هەزار بۆ (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار.
دووەم/ بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ١٠٠% بەهای ڕاستەقینەی زەوییەکە لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو دەخەملێنرێت.
سێیەم/ حوکمە داراییەکانی ئەم یاسایە کەس و کاری پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کەم ئەندامانی سەنگەر نایانگرێتەوە.
سێیەم/ لە حاڵەتی ڕوودانی زیادەڕۆیی لەسەر ئەو زەوییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە سەرەتا زەوییەکان موڵکایەتیان هەڵدەوەشێتەوە (حل) و دواتر بە پێی یاسا بە خاوەنکردنی زەوییە میرییەکانی ناو سنووری شارەوانییەکان ژمارە (٨٠)ی ساڵی (١٩٧٠)ی بەرکار لە هەرێم بە ناوی شاروانییەکان تۆمار دەکرێن بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانی زیادەڕۆیی لەسەر بەشێکی ئەم زەوییانە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ئەوا ئەو بەشەی بە خانوو زیادەڕۆ لەسەر کراو ئیفراز دەکرێت بە مەبەستی بە خاوەن کردنی بۆ زیادەڕۆکار لە دوای تۆمارکردنی بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە چوارچێوەی هەمان ڕێکار و بە پێی ئەو یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.
چوارەم/ شارەوانی بۆی هەیە داواکاری بە خاوەنکردنی ڕەت بکاتەوە ئەگەر شوێنی خانووەکە سەرپێچی بێت بووە بە ماستەر پلان یان کەرتی و وردەکارییەکان و زیادەڕۆکە لەسەر تێچووی زیادەڕۆ لادەبرێت و مافی هەیە ڕەفتار بە پاشماوەکان بکات و شارەوانی لە شوێنێکی نیشتەجێ پارچەیەك زەوی ڕووبەری لە (٢٠٠)م٢ زیاتر نەبێت بە بێ بەرامبەر قەرەبووی زیادەڕۆ دەکات و ئەگەر زێدەڕۆ پێشتر سوودمەند بووبێ ئەوا بە نرخەکانی دیاریکراو لە ماددەی (٣) و دووەمی ئەم یاسایە نرخەکان بۆ دەخەملێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە با دەست بەرز بکاتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەی (٣) بە دەنگی (٦٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموون ماددەی (٤).

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

سەبارەت بە ماددەی (٤) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نیە، ئەگەر کەسی زێدەڕۆ پابەند نەبێت بە پێدانی نرخی دیاریکراو یان خەملێنراو هاتوو لە بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣)ی ئەم یاسایە یان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، ئەوە مافی بە خاوەنکردنی دەفەوتێ و خانووەکە بە زەوی و بە خانووەوە بە ناوی شارەوانی و پەیوەندیدار تۆمار دەکرێت و بە پێی یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵکەکانی دەوڵەتی بەرکار لە هەرێم دەفرۆشرێت لە

بەرامبەر فرۆشتنەکەی بەهای دروستکراوەکان بە شێوەی شایستەبوونی بە تێکدراوی (مستحق القلع) دەدرێت بە خاوەنەکەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ماددەی (٤) بەو شێوەیەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندیەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵیەتی با دەستی بەرز بکاتەوە، بە دەنگی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان ئەو ماددەیە پەسەند کرا، فەرموون ماددەی (٥).

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) چوار پێشنیار هەیە:

ماددەی (٥):

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنیا ڕووبەرە زێدەکان لە برگەی یەکەمدا بەم شێوەی لێبکرێت، لە پارێزگاکان بکرێت (٣٠٠م٢) لە قەزاکان (٤٠٠م٢) لە ناحیەکان (٥٠٠م٢)،

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٥) بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری دووەم، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی تەنیا برگەی دووەمی ئەو ماددەیە بەم شێوەیەی لێبکرێت، ئەو کەسەی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەند هەژمار نەکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ با دەست بەرز کاتەوە؟ (٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە پەسەند بکرێت، فەرموون دوای ئەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی سێیەم: وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەك خۆی وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش هەبوو لە خوێندنەوەی دووەم موناقەشە کرا، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ، چونکە هیچ گۆڕانکاری تێدا نەکراوە دەست بەرز کاتەوە؟ کەس نییە، فەرموون دوای ئەوە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری لیژنەی هاوبەش:

بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە ماددەی (٩١) لە بڕگی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆربەندی ئەو بڕاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە ڕوو، تا وا دەکەین بخرێتە دەنگدان. ڕووبەرە زیادەکان لە ڕووبەری ئاماژە پێکراو لە بڕگەی شەشەم لە ماددەی دووەم بە نرخی ڕاستەقینەی باو دەخەمڵێنرێت لەسەر بنەمای خواست و خستنە ڕوو بەو مەرجە ڕووبەری زەوییەکان لە هەموو حاڵەتێکدا لە پارێزگاکان (٣٠٠م٢) لە قەزاکان (٤٠٠م٢) لە ناحیەکان (٥٠٠م٢) زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە بەم شێوەیە پەسەند بکرێت بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ بەدەنگی (٧٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ماددەکە پەسەندکرا، فەرموون.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) پێنج پێشنیار هەیە:

ماددەی (٧):

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی تەنیا لیژنەکان بەم شێوەیەی لێبکرێت:

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هاوڕێ) جەنابت ئیسراحەتێك بکە، کاك (عباس)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم بەم شێوەیە دەبێت:-

ماددەی (٦):

پێشنیاری یەکەم: پێویستە وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار بۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ماستەر پلانی ئامادەکراویان نییە لە ماوەیەك لە ساڵێك ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات و ماستەر پلان و پێداویستی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (٦) بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ ئەم پێشنیارە تەنها (١٠) دەنگی هێنا، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیاری دووەم: کە دەقەکەیەتـی وەك خـۆی، وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار بـۆ ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە نەخشەو دیزاینی ئامادەکراویان نییە لە ماوەی لە سـاڵێم لە ڕێکەوتـی بەرکـاربوونی ئەم یاسـایە تێپەڕنەکـات نەخشـەو دیـزاین و پێداویسـتی تەکنیکی ئامادە دەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە ئەو مـاددەیە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێـز جێگری سـەرۆکی لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی خوێنـدییەوە با دەست بەرزکاتەوە؟ ئەو ماددەیە بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان بەم شێوەیە پەسەند کـرا کە بەڕێزیان خوێندییەوە، ماددەی (٧)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

لەسەرەوە نووسراوە (٥) بەڵام خۆی (٦) پێشنیارە:

پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی، تەنیا ڕێژەکان بەم شێوەیەی لێبکرێت، داهاتە بەدەسـت هاتووەکـان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت، یەکەم ڕێژەی (٢٠%) بۆ وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار بـۆ پێویسـتییەکانی نەخشـەو دیـزاین ئەو ناوچـانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیـانگرێتەوە و تەرخـان دەکـرێ، دووەم (٦٠%) بـۆ گەیانـدنی خزمەتگـوزاری سـەرەکییەکان تەرخان دەکرێ، سێیەم (٢٠%) داهاتی بەدەستهاتوو دەگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (٧) بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێزیان خوێندییەوە با دەست بەرز کـاتەوە؟ (٣) دەنـگ. پێشـنیاری دوای ئەو، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم: وەك خۆی تەنها ڕێژەکان بەم شێوەیەی لێبکرێت، داهاتە بەدەسـت هاتووەکـان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت، یەکەم ڕێژەی (٣٠%) بۆ وەزارەتی شـارەوانی و گەشـتوگوزار بـۆ پێویسـتییەکانی نەخشـەو دیـزاین ئەو ناوچـانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیانگرێتەوە و تەرخان دەکرێ، دووەم (٥٠%) بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری سەرەکییەکان تەرخان دەکرێ، سێیەم (٢٠%) داهاتی بەدەست هاتوو دەگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێزیان خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری دوای ئەو، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم: بڕگەیەك بە زنجیرەی (٤) بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکرێت ڕێژەکان بەم شێوەیەی لێبکرێت، داهاتە بەدەست هاتووەکان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت، یەکەم ڕێژەی (٣٠%) بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پێویستییەکانی نەخشەو دیزاین ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و تەرخان دەکرێ، دووەم (٤٠%) بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری سەرەکییەکان تەرخان دەکرێ، سێیەم (١٥%) داهاتی بەدەست هاتوو دەگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، (١٥%) داهاتی بەدەست هاتوو بدرێتە وەزارەتی کشتوکاڵ و داد.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ (٤) دەنگ. پێشنیاری دوای ئەو، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی تەنها بڕگەی دووەم و سێیەم بکرێتە یەك بڕگە و ڕێژەی (٦٠%) دیاری بکرێت بۆ خزمەتگوزارییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە. پێشنیاری دوای ئەو، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری پێنجەم: وەك خۆی، داهاتە بەدەست هاتووەکان بەپێی ئەم یاسایە بەم شێوەیە تەرخان کراو وەك خۆیەتی کە خوێندمانەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس لەگەڵ ئەوەیە کە وەك خۆی وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش خوێندنەوەی دووەم هاتبوو ماددەکە پەسەن بکرێت با دەست بەرز کاتەوە؟ (٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن کە وەك خۆی پەسەند بکرێت. فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری شەشەم: پێشنیازی لیژنەی هاوبەشە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەکان دراوە کوردستان، ئێمە لە کۆربەندی ئەو بژاردانەی پێشنیاز کراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە ڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان. داهاتە بەدەستهاتووەکان بەم شێوەیە تەرخان دەکرێت، یەکەم ڕێژەی (٣٠%) بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ پێویستییەکانی نەخشەو دیزاین ئەو ناوچانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و تەرخان دەکرێ، دووەم (٧٠%) داهاتی بەدەست هاتوو دەگەڕێنرێتەوە بۆ خەزێنەی هەرێم بۆ بە مەبەستی ئاراستە کردنی بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ ئەو ناوچانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی قسەیەکتان هەیە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژەی یاسایی خوێندییەوە با دەست بەرز کاتەوە؟ ئەو ماددەیە بە دەنگی (٧٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا بەو شێوەیەی کە دواجار خوێندرایەوە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ماددە زیاد دەکرێت، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی ماددەکان بخوێنرێتەوە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەکان دراوە، ئێمە لە کۆربەندی ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم ئەو پێشنیارە دەخەینە ڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە، دوو ماددە بۆ یاساکە زیاد دەکرێت بە شێوەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چەند ماددەیەکیان پێشنیار کردبوو لە شێوەی ماددە پێشنیاریان نەکردبوو تەنها لە شوێنی ترا مەسەلەن لەناو ماددەی یەکا، یا لەناو ماددەی سێیا پێشنیازیان کردووە، بەڕێزان لیژنەی هاوبەش پێیان وابووە شوێنی ئەو ماددەیە ئەو شوێنە نییە کە تیا پێشنیار کراوە، بۆیە لە شێوازێکی ماددەیەکی سەربەخۆ دیانرشتووە یەعنی شتێکی تازەیان

نەهێناوە، هەر ئەوەیە کە ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان پێشنیازی کردووە (٣) کەس پشتیوانی کردووە، بەڵام ئەمان کردوویانە بە ماددەیەکی سەربەخۆ لەبری ئەوەی لە ماددەی (١) یان (٣) دای بنێن، بۆیە فەرموون ماددەی (٨) بخوێننەوە. ئەندامانی بەڕێز گوێ بگرن، کاك (سەروان) دەرفەتت دەدەم.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨):

١-ئەو خانووانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی یەك لەدوای یەکەکان رووخاون زەوییەکانیان جێ خانوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەخاوەن دەکرێن.

٢- حوکمەکانی ئەم یاسایە بەخاونکردنی ئەو زەوییانەش دەکرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان خانووی دروستکراو لە ناوچەکانی نیشتەجێ بوون پێش (٢٠١٨/٣/١٣) دروست کراون و روخێنراون بەپێی مەرجەکانی ئەم یاسایە.

٣- ئەو زەوییانەی کە دەکەون نێوان خانووی نیشتەجێبوون بە (٥٠%) نرخی باو لەسەر بنەمای خواست و خستنەروو دەفرۆشرێن بەو کەسانەی بەڵگەی پێویست حیازەیان لایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە بۆ ئەم یاسایە زیاد بکرێت بەو شێوەیەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژەی کاروباری یاسایی خوێندییەوە با دەنگ بدات؟ بەڕێزان زۆر سوپاس بە دەنگی (٨٣) ئەندامی پەرلەمان ماددەکە زیاد دەکرێت بەو سیاغەی کە بەڕێزیان خوێندیانەوە. نوقتەی نیزامیتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێزد. شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش دەڵێ بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) برگەی چوارەم نازانم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئایا هەموار کراوەکەیە یان ئەوەی ئێستا، چونکە بڕگەی چوارەمی تێدا نییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، مەبەستی بەڕێز لیژنەی هاوبەش هەموارەکەیە کە ئێمە ئیمزامان کردبوو بە فەرمی دەرچوو، ئێستا ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەگوێرەی هەموارەکە لە پەیڕەو هاتووە کاری پێدەکرێت.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە ئێستا ئێمە لەبەر دەستماندا نییە.

**بەڕێز د. ریێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە دەبێ ئێمە گبعی کەینەوە جارێکی دیکە، کاك (ڕزگار) فەرموون.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) بڕگەی یەك.

**بەڕێز د. ریێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەنگمان لەسەردا، کاك (سروان)، فەرموون.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان بەپێی ماددەی (٩١) لە بڕگەی سێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر پێشنیارێك بدرێت پشتگیری سێ پەرلەمانتار بەدەست بینیت دەخرێتە دەنگدانەوە کەچی من لە ماددەی (٧) پێشنیارم هەبوو وە پشتگیریشم بەدەست هێنا بەنووسراویش دام بە لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی (٧)، پێشنیارەکەی من ئەوە بوو (١٠%) بدرێت بە وەزارەتی شارەوانی بۆ دیزاین و نەخشە (٥٠%) بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکان (٥٠%) بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بۆ ئەوەی توشی مەترسێکی هاوشێوەی داعش ببینەوە حوکمەت توانای بەرەنگاربوونەوەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ریێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش وەڵام بدەنەوە، کاك (سەروان) دەڵێ من ئەو پێشنیازەم هەبووە، وەلەو دەنگمان لەسەر داوە و تەواو بووە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە لەناو هۆڵی پەرلەمان ئێمە لەبەر ئەوەی دوو کەسمان داناوە لە لیژنەی شارەوانی و لە لیژنەی یاسایی کە بنووسرێت، پێشنیارێکی وا لە هۆڵا نەبووە پشتگیری هەبێ، لەوانەیە بە نووسین ناردوویەتی بەڵام بەنووسین نابێتە پشتگیری ئەمە پێشنیارێکە، بەڵام دەبێ لێرە لە هۆڵی پەرلەمان بوترێ و پشتیوانی هەبێ، کێ هەبووە دوو کەسیش بێ پشتیوانی ئەو ڕەئیەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ریێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، ماددەی (٩)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم یەك لە ماددەکانە کە زیاد دەکرێ:

ماددەی (٩):

حوكمەكـانی ئەو یاسـایە ئەو زەوییـانە نـاگرێتەوە کە مـافی خاوەنـداریەتی یـان رەفتـارکردنی پێکهاتەکان ئاینی و نەتەوەییەکـان لەسـەرەوە و لە لایەن کەسـانی تـر زێـدەڕۆیی کـراوەتە سـەر جگە لە خۆیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەویە کە مـاددەیەك بـۆ یاساکە زیاد بکرێت بە ژمارە (٩) بەو ناوەڕۆکەی کە بەڕێزیـان خوێنـدییەوە بـا بفەرمـووێ دەنـگ بـدا؟ (٨٨) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان دەنگیـان بەو مـاددەیەدا، ئەوەش مانـای ئەوەیە هەمـوو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردسـتان تەنسیقن تـا رادەیەکـی زۆر ئەوەی کە مـافی پێکهاتەکـان رێزیان لێگیراوە بە دەستەی سەرۆکایەتیشەوە خۆشمانمان ئەژمـار کـرد لەگەڵتـان، مـاددەی (١٠)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوویە کە مـاددەی (١٠) بەو شـێوەیە پەسـەند کـرێ کە بەڕێزیـان خوێنـدیانەوە بـا دەنـگ بـدا؟ بە دەنگـی (٨٠) ئەنـدامی پەرلەمان مادددەی (١٠) پەسەند کرا. فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوویە کە مـاددەی (١١) بەو ناوەڕۆکەی کە بەڕێزیان خوێندیانەوە پەسەند بکـرێ بـا دەنـگ بـدا؟ بە دەنگـی(٩١) ئەنـدامی پەرلەمان مادددەی (١١) پەسەند کرا. کاك (رزگار)، فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) برگەی هەشت کە باس لە وە دەکـان کە ئەو کەسـانەی خانووەکانیـان پـێش راپەڕیـن لەلایەن حوکمەتی بەعسەوە رووخێنراوە ناکرێت ئێستا ئەوان بێی لەگەڵ زەوییە تەجاوزەکانـان حیسابێکیان بـۆ بـکەی، ئەوان بـاجی کوردایەتییـان داوە حەقە قەرەبـوو بکـرێنەوە نەك پارەیـان

لێوەرگیرێ، بەراستی ئەوە غەدرێکی گەورەیە لەو کەسانە ئەمرێ، رجا ئەکەم لە جەنابت بەلیژنە یاساییەکە بلێی بەو ماددەیا بچێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە دەنگمان داوە لەسەر ئەو ماددەیە ناتوانین پیاچوونەوە بکەین، بەڵام دڵنیات ئەکەین، جەنابیان نوێنەرەکانیان هاتبوون بۆ پەرلەمان کوردستان فراکسیۆنەکانی پەلەمانی کوردستانی بینی ئێمەیان لە سەرۆکایەتی بینی راوێژمان لەگەڵ کردن دەرفەتمان دان بچن کۆبوونەوە بکەن لەنێوان خۆیانا وە لەسەر سیغەیەك رێك بکەون، ئایا دەیانەوێ بچنە ژێر حوکمەکانی ئەم یاسایە؟ بە بەڵێ وەڵامی ئێمەیان دایەوە و، بۆیە ئێمە ئەو ماددەمان بەو شێوەیە سیاغە کرد جەنابیان حەقی خۆیانە رێزی تایبەتییان لێبگیرێ، بەڵام تازە ماددەکە پەسەند کراوە وە پێم وایە زۆر زۆر باشیشە وە ئەوان رەزامەندن کە لەو ناوچەی کە خانووەکانیانی تیا رووخاوە ئێستا بەڵگەیان هەیە بچنە ژێر حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستتان خۆش بێ سوپاس، ماددەی (١٢)، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

ئەم یاسایە بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێ با دەست بەرز کاتەوە؟ بە دەنگی(٨٦) ئەندامی پەرلەمانەوە ئەو ماددەیەش پەسەند کرا. هۆکارەکانی دەرچوون، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن چوار پێشنیار هەیە:-

پێشنیازی یەکەم: لەپێناو پارێزگاریکردن لە هێما شارستانییەکانی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان/عیراق و چارەسەر کردنی دیاردەی زێدەڕۆیی لەسەر ئەو زەوییانەی کە موڵکی دەوڵەتن و بە مەبەستی چارەسەرکردن و دووبارە نەبوونەوەیان دوای ئەوەی بوونە واقی حال و جێبەجێ کردنی ماستەر پلانی شارەکان لەلایەن شارەوانییەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە هۆکارەکانی دەرچوون بەو شێوە بێت کە بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە با دەنگ بدا؟ (١) دەنگ. دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشــنیازی دووەم: لەپێنــاو پارێزگــاریکردن لە ســیما شارســتانییەکانی شــارەکانی هەرێمــی کوردســتان/عێــراق و چارەســەر کردنــی زێــدەڕۆیی لەســەر ئەو زەوییــانەی مــوڵکی دەوڵەتــن و هەروەها بۆ مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەربۆیان و ڕێگری کردن لەبەردەوام بوونیـان جێبەجـێ کردنی ماستەر پلانی شارەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، هەر ئەنــدامێکی بەڕێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەوەیە هۆکارەکــانی دەرچوون بەو شێوە پەسەند بکرێ کە بەڕێـز جێگـری سـەرۆکی لیـژنەی یاسـایی خوێنـدیەوە بـا دەنگ بدا؟ (١) دەنگ. دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـنیازی سـێیەم: وەك خـۆی، لەپێنـاو پارێزگـاریکردن لە هێمـا شارسـتانییەکانی شـار ەکـانی هەرێمـی کوردسـتان/عێـراق و چارەسـەر کردنـی حالەتەکـانی زێـدەڕۆیی لەسـەر ئەو زەویـانەی موڵکی دەوڵەتن و بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان لە دوای ئەوەی بـوونە واقـی حـاڵ و بۆ ڕێگەنەدان بە بەردەوام بوونیان و دانـانی سـنورێك بۆیـان وە بە مەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی ماستەر پلانی شارەکان لەلایەن شارەوانییەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، هەر ئەنــدامێکی بەڕێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەوەیە هۆکارەکــانی دەرچـوون بەو شـێوە پەسـەند بکـرێ کە بەڕێزیـان خوێنـدیەوە بـا دەنـگ بـدا؟ هـیچ ئەنـدامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەو دەقە نییە، فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی چوارەم: پێشنیازی لیـژنەی هـاوبەش، بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی لە مـاددەی (٩١) بـڕگەی چوارەن لە پەیڕەوی ناوخۆی پەلەمانی کوردستان کە بە لیژنەکـان دراوە ئـێمە لە کۆربەنـدی ئەو بژاردانە پێشنیاز کـراون لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا ئەو پێشنیازە دەخەینە ڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان.

هۆیەکانی دەرچواندن:

لەپێناو پارێزگـاریکردن لە هێمـا شارسـتانییەکانی شـار و شـارۆچکە و شـارە دێیەکـانی هەرێمـی کوردسـتان/عێـراق و بەمەبەسـتی چارەسـەر کردنـی حالەتەکـانی زێـدەڕۆیی و فەراهەم کردنـی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بە ئاراستەی دانانی سنووررێك بۆ بەردەوام بـوونی زیـدەڕۆیی و ڕەخساندنی زەمینەیی و جێبەجێ کردنی ماسـتەر پلانـی شـارەکان لەلایەن شـارەوانییەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، هەر ئەنــدامێکی بەڕێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەوەیە هۆکارەکــانی دەرچوون بەو شێوە یە بێت کە بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێنـدیەوە، بفەرمـووێ دەنگ بدا؟ هۆیەکانی دەرچواندن بە دەنگی (٨٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا.

ئێستا کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان هەر ئەندامێکە بەڕیزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە یاساکە بەو شێوەیە پەسەند بکرێت کە ئێمە دەنگمان لەسەر مادده بە ماددەیان دا با دەست بەرز کاتەوە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان یاساکە بە دەنگی (١٠٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان لە هەموو ئەو هاوڵاتییانەی کە لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە خانووەکانییان لە خانووی زێدەڕۆوە دەبێتە خانووی موڵك و، ئەو پارەیەی کە دەیدەن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتیش پابەند دەکرێ بەوەی کە خزمەتگوزارییان پێ بگەێنێ، هاوکات دا لە وەزارەتی تایبەتمەند وەزارەتی شارەوانی دەکەین کە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی بەگوێرەی ئەم یاسایە لەکاتی دیارکراوە جێبەجێ بکا، دواجاریش دەمانەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەین کە داوا لە هەموو لیژنەکانی پەلەمان کوردستان ئەکەین کە کار لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە بکەن، ئەو پێشنیازە یاسایانە بکەن کە لە لایەن پەرلەمانەوە ئاراستەیان کراوە، پابەندی ئەو کاتە بکەن کە لەناو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە بۆ ئامادەکردنی راپۆرت، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین بە دەرکردنی یاسای گونجا و زۆر باش، ئێستا بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی داوای کردووە قسەیێك بکات، داوای ڕوونکردنەوەیەك لە سەرۆکایەتی دەکات، فەرموون.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من دڤێت ل سەر کۆی پێشنیاری یاسایی یان ژ سەر مادده دوو کو بەحسا مەرجا دکا داخازا تەوزیحەکی ل جەنابێتە دکەم ئایا ئەگەر حەلەت هەبن هەیکەل دروستکردن بت بلی تێدا نەژیت کو ب فعلی مەسیری هەیکەلێ دا د چلێهێت.

**بەرێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەناو مادده (٢) هاتووە، ئەڵێ ئەو خانووەی لەسەر زەوییەکە دروستکراوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون بەکاربهێنرێ، مەرج نییە ئەو کاتە لەناویا بێ گرینگ ئەوەیە بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێ ئەمە یەك، دوو ئێمە کە دەرفەتمان داوە کە هەندێ زەوی کە هێشتا خانووی لەسەر نییە، بەڵام خاوەنەکەی بەڵگەی حیازەی هەیە کە بەناو بکرێ، ئەولەویەت بۆ ئەوەیە ئەگەر هەیلکەلێك هەبێ ئێستا خانووەکەی لەناویا نیشتەجێ نەبێ بۆ نموونە بەتەنها سەقفەکەی هەبێ، بەڵێ دەتوانێ ئیستیفادە لەم قانوونە بکات، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆتایمان بە دانیشتنەکەمان هێنا، زۆر سوپاس.

| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فایق حسن** |
| --- | --- | --- |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی

چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣\١١\٢٠١٩

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)
## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فایق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٥، ٨٠، ٨٢) پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

٢-پێشنیازی یاسایی بەرەنگار بوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت لێدەرهێنەرەکان لە پارەی هەرێمی کوردستان- عیراق.

٣-پێشنیازی یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

پێشنیازی بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

دووەم: دانان و ئاڵوگۆرکردنی ژمارەیەك پەرلەمانتار لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پێکهێنانی چوار لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بەپێی ماددەکانی (٢٨، ٢٩، ٣٤) لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خستنەرووی بیرۆکەی ئەم پەرەمانتار بەپێی خاڵی دووەمی برگەی یەکەم لە ماددەی (٤٩)ی پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عیراق هاتووە.

١-بیرۆکەی بەڕێز (جوان یونس ڕۆژبەیانی) پەیوەست بە دووبارە تەعریب کردن و مەترسی هەموارکردنەوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

٢-بیرۆکەی بەڕێز (کاروان عبدالرحمن عبدالله) پەیوەست بە پرسی چۆنیەتی شەفاف کردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی حەوتەمی وەرزی دووەمی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان

دەکەم کە پووختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو لەگەڵ کارنامەی ئەم کۆبوونەوەیە ناوی ئامادەنەبووانی پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوەی لیژنەکان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) برگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) برگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) برگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤،٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتی (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی (چوارشەم)ە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٧٥، ٨٠، ٨٢) پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١-پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

٢-پێشنیازی یاسایی بەرەنگار بوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت لێدەرهێنەرەکان لە پارەی هەرێمی کوردستان- عیراق.

٣-پێشنیازی یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

پێشنیازی بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

دووەم: دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەك پەرلەمانتار لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پێکهێنانی چوار لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بەپێی ماددەکانی (٢٨، ٢٩، ٣٤) لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خستنەرووی بیرۆکەی ئەم پەرەمانتار بەپێی خاڵی دووەمی برگەی یەکەم لە ماددەی (٤٩)ی پێرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عیراق هاتووە.

١-بیرۆکەی بەڕێز (جوان یونس ڕۆژبەیانی) پەیوەست بە دووبارە تەعریب کردن و مەترسی هەموارکردنەوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

٢-بیرۆکەی بەڕێز (کاروان عبدالرحمن عبدالله) پەیوەست بە پرسی چۆنیەتی شەفاف کردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

پوختی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پووختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پێشووی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

٣-دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤-خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان- عیراق وە رێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان- عیراق.
٥-دەنگدان لەسەر پێشنیازی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەویانەی زیادەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق تا کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پایزە لە بەرواری (٢٠١٩/١٠/٣٠)

١-ئازاد اکرم بهرام (مۆڵەت).
٢-جلال محمد أمين (مۆڵەت).
٣-سلام عبدالله حسن (مۆڵەت).

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئامادە نەبوون:

١-لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم (٢٠١٩/١٠/٣٠):
-سفين اغا عمر اغا (مۆڵەت).
٢-لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠١٩/١٠/٣٠):
- سەروان محمد علی حاجی (مۆڵەت) لە لیژنەی تر کۆبوونەوەی هەبوو.
- عبدالناصر احمد علی (مۆڵەت) لە لیژنەی تر کۆبوونەوەی هەبوو.
- رزگار محمد محمود (مۆڵەت).
- هەرامان حمه شريف (مۆڵەت).
٣-کاروباری تەندروستی ژینگەی مافی بەکاربەر (٢٠١٩/١٢/٤):
-مسلم عبدالله رسول (مۆڵەت).
- شنۆ اشقی عبدالله (مۆڵەت) بۆ کاری لیژنە.
- لقمان حمد حاجی (مۆڵەت).
٤-لیژنەی ووزە و سامانە سروشتییەکان پیشەسازی و بازرگانی (٢٠١٩/١١/٤):
-جيهاد حسن ابراهيم (مۆڵەت).
٥- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ (٢٠١٩/١١/٥):
-جوان يونس محمد (مۆڵەت).
٦-لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا (٢٠١٩/١١/١١):
-رۆبینۆ اوملك عزيز (مۆڵەت).
- ئومێد عبدالرحمن (مۆڵەت).
- ليلى عبدالجبار عدۆ (مۆڵەت).
- ويسى سعيد ويسى (مۆڵەت).

- دابان محمد حسين (مۆڵەت).
٧-لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی (٢٠١٩/١١/١١):
-سلمى فاتح توفيق (مۆڵەت).
- سيروان فرج محمد (مۆڵەت).
- عبدالستار مجيد قادر (مۆڵەت).
٨-لیژنەی کاروباری ئابووری (٢٠١٩/١١/١١):
-ارشد حسين محمد (مۆڵەت).
٩- لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی (٢٠١٩/١١/١١):
-راهى رهبەر ابراهيم (مۆڵەت).
- شادى نوزارد وهاب (مۆڵەت).
١-لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان (٢٠١٩/١١/١١):
-سعيد مصطفى تەتەرخان (مۆڵەت).
روپاك احمد رحمن (مۆڵەت).
١٠لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری (٢٠١٩/١١/١٢):
-عثمان كريم سوارە (مۆڵەت).
- سيپان سالم حسن (مۆڵەت).
١١-کاروباری شەهید و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠١٩/١١/١٢٣):
-بهمەن کاك عبدالله احمد (مۆڵەت).
- عبدالناصر احمد على (مۆڵەت) لە لیژنەی تر کۆبوونەوەی هەبوو.
- سەروان محمد على حاجى (ئامادە نەبوو).
هەورامان حمە شريف (ئامادە نەبوو).

**بەڕێز د.رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستاش دەست بە بەرنامەی کار دەکەین، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشت بەست بە ماددەی (٤٨) بڕگەی یەکەم بڕگەکانی بەرنامەی کار بەپێی ئەو ریزبەندییەی لە بەرنامەکەدا هاتووە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، پاشان پێش خستنی هەر بڕگەیەك لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سێ ئەندام پەرلەمان دەبێت، من داواکارم لەبەر گرینگی بابەتەکە خاڵی سێیەم بێتە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار یەکەم بێتە سێیەم ئێستا وازحە ئەمە دوێنێش بە خۆشحاڵیەوە هەرێمی کوردستان ئەو تانانەی گیرابوو سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنا لە تانەکانی بردەوە، لەبەر گرینگی ئەو بابەتە داواکارم ئەو پاش و پێش خستنە لەبڕگەی سێیەم بۆ یەکەم بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باڵپش بە ماددەکانی (٥٨، ٥٩) لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان مـن پرسـیاری یەکەم لە ڕۆژی (٢٠١١/٩/٢) ئاراستەی بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران کـردووە بە ئیمـزای سـکرتێری پەرلەمان لە (٩/١٠) نووسراوەکە لە ڕێی وەزیر بۆ کاروباری پەرلەمانەوە ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران کـراوە، بەڵام ئەوەی جێـی نیگەرانیـیە وە بەرپرسـیاریەتی سـەرۆکایەتی پەرلەمانە لەو مەسەلەی پێشێلکارییەی پەیڕەوی ناوخۆ بپرسنەوە، بەپێی بڕگەی (٣) لە مـاددەی (٦٠) لە پێرەوی ناوخۆ پێویستە لەسەر سەرکی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (٧) ڕۆژدا وەڵامی پرسیارمان بـداتەوە، یـانم ئەوپەڕی اە مـاوەی (٢١) ڕۆژدا، پرسـیارەکەی مـن بـۆ بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـرانە ئەوەیە ئایـا ئەم کـابینەی حکـومەتی هەرێـم پلانـی هەیە بـۆ گەڕانەوەی پاشــەکەوتی مــووچە، مــووچە خــۆرانی هەرێمــی کوردســتان، ئەگەر نیەتــی ئەو قەرزانەی پاشەکەوتی مـووچەکە دەکەوێتە لای حکـومەت لە کـابینەی ڕابـردوودا کـراوە پلانـی چییـە ئەو کـابینەیە؟ داوا لە بەڕێزتـان دەکەم وەڵامـی ئەو پرسـیارەم بـۆ ڕوون بـکەنەوە، زۆر سوپاسـتان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سکرتێری پەرلەمان ڕادەسپێرین، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بـۆ کـۆی وەڵامەکە بکـات، کـاك (کـاوە) فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیــارە منـیش هەر پرسـیارەکەم هەر لەسـەر پرسـیار ئاراسـتە کـردنە، دیـارە یەکێـك لە ئەرکە گرینگەکـانی پەرلەمانتـار بەدواداچـوون و چـاودێری کردنـی دەسـەڵاتی جێبەجـێ کـردنە، دیـارە پاڵپشت بە ماددەکانی (٥٨،٥٩) ژمارەیـك پرسـیار ئاراستەی حکـومەت کـراوە یـاخود تـایبەت تـر ئەنجومەنی وەزیران کراوە، تا ئێستا وەڵامەکەی نەدراوەتەوە، بەڵام پرسیاری من لەسـەر ئەوەیە لە هەفتەی ڕابـردوو مـن پرسـیارێکم ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیـران کـردوو لە ڕێـی سـکرتێری پەرلەمانی کوردستانەوە لەسەر بـڕی پـارەی ئەو نەوتە سـپییەی کە بەرمـیلە نەوتـی سـاڵانەی کە دەدرێـت بە هاوڵاتیـانی کوردسـتان، بەپێـی ئەو بەڵگـانەی لەبەر دەسـتی ئـێمەیە لە ناوچەکـانی باڵەکایەتی (چۆمان) لە سنووری پارێزگای (هەولێر) ئەو نەوتە بە پەنجا و یەك هەزارو پێنج سەد دینار دابەش کراوە، لە کاتێکـدا بەپێـی زانیارییەکـانی ئـێمە لە بەغـدا ئەو نەوتە (٣١) سـی و یەك هەزار دینار دەنێردرێـت بیسـت هەزاری زیـاتر، ئینجـا دەمەوێـت تەفاصـیل پرسـیارەکەم لەسـەر ئەوەیە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پرسیارەکەی نـاردۆتەوە داوای وەصـل بکە، ئەوە مەرجەکـانی

ماددەی (٥٩) مەرجەکانی پرسیاری نووسراوە لە هیچ یەکێك لەو مەرجانە باس لەوە ناکات وەصل و نازانم بەڵگە و ئەو شتانە لەگەڵ نییە، لەهەمان کاتدا دوو مانگ بەر لە ئێستا هەمان پرسیارێکی ترم ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد پرسیارەکەم نەگەیشت دووبارە سکرتێری پەرلەمان بە من دەڵێت لەبەر ئەوەی تۆ لە دەزگاکانی راگەیاندن پرسیارەکەت بڵاوکردەوە ئێمە نایبنێرین، لە کاتێکدا لە هیچ شوێنێك باس لەوە ناکات گەر تۆ پرسیارێکت کرد، دواتر من نوێنەری خەڵکم دەبێ ئەو کارانەی من دەیکەم خەڵك بزانێ، ئینجا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان خاڵی دووەم لە (٨/١٨) نزیکەی سێ مانگە زیاد لە (١٤) پرۆژە نێردراوە بۆ حکومەت هەتا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە تەبعەن بەشێکیان پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە هەیە وە ئەوانەش بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ نموونە دەرماڵی خوێندکاران تا ئێستا نەهاتووە دەزانی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان خوێندکار هەیە ئێستا ناتوانێ بچێتە ماڵەوە لەبەر ئەوەی پارەی نییە هاتوچۆ بکات، بەس ئەگەر مەجالم بدەی پرسیارەکەم تەواوکەم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پێشتریش لە ماددە (٧٩) لە برگەی (ج) داوامان کرد کەوا دیاردەیەك دیاری بکرێ ئەو پرۆژانەی دەڕۆن بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی حکومەت لەو کاتە وەڵاممان بداتەوە، ئاخر ناکرێت سێ مانگ پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی پرۆژە یاساکانی خۆی بکات نەگەڕێنەوە بۆ پێشنیازی پرۆژەکان، پرسیارەکە ئەوەیە کەی حکومەت پرۆژەکان دەنێرێتەوە بۆ ئەوە بکرێتە یاسا و خەڵك تێیدا سوودمەند بێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فایق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سیروان)، فەرموو.

**بەرێز سیروان فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥١) برگەی سێیەم رۆچانی سێشەم و چوارشەمە، ئێمە دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەم پێرەوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە هەتا ئێستا ئەم پێرەوە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە، تکایە داوای وەڵام ئەکەم بۆچی بۆ لەمەو دوا وە هیوادارم بەپێی پێویست ئەم رۆژنە کە تەرخان کراوە بۆ دانیشتنی پەرلەمان ئەو دانیشتنانە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت کە جێبەجێ نەکرا، تکایە روونکردنەوەتان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەوەی وەڵامی دوو ئەندامی بەرێزی پەرلەمان بدەیەوە، دوایی دەرفەت بەوانی تر دەدەم، لەوەی کاك (سیروان) وەوە دەست پێدەکەم، من وەکو سەرۆکی پەرلەمان رەفیقەکانم لە دەستەی سەرۆکایەتی گەورەترین خواستمان ئەوەیە کە بتوانین هەموو هەفتەکە لایەنی کەم بتوانین هەموو هەفتەیەك کۆبوونەوە ئەنجام بدەین، ئەگەر هەر رێك نەکەوت خێر و بەرەکەت، بەڵام بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە دەیان پرۆژە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە وە بە گوێرەی ئەم پێرەوەی کە لەبەردەم جەنابتانایە دەبێت ماوەی (٢١) رۆژ لیژنە تایبەتمەندەکان

راپۆرت ئامادە بکەن ئێمە کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بە لیستێك ناوی ئەو پرۆژە یاساییانەی کە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردوون و تا ئێستاش لە لیژنە تایبەتمەندەکان ئامادە نەبوون یەك کۆبوونەوەشیان لەسەر بکەین دەیخەینە بەردەمی رای گشتی بەردەمی بەڕێزتان، لیژنە تایبەتمەندەکان راپۆرتەکانیان ئامادەکن بیدەنە لیژنەی یاسایی راستاندنی بۆ بکا ئەگەر ئێمە کۆبوونەوەمان نەکرد ئەوە مافی خۆتانە گلەییمان لێ بکەن، بەڵام هەتا راپۆرتێك ئامادە دەکەین بۆ ئەوە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی لەسەر بکرێ خۆشمان بەشداری لە کۆبوونەوەکان دەکەین، لەبەر ئەوە بۆ رای گشتش پێویستە بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمنیش پێویستە ئێمە ئەو بابەتە روون بکەینەوە کە لیژنەکانی ئێمە وەکو پێویست راپۆرتی ئەو پرۆژە یاسا و پێشنیازانە ئامادە ناکەن کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت، پرۆسەکە لەوێوە کۆتایی نایێت کە خوێندنەوەی یەکەم دەکرێت، ئەوە سەبارەت بە قسەکانی بەڕێزتان وە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەبێت بەرنامەی کاری هەبێت بەرنامەی کاریش دەبێت ماددەیەك هەبێت ئێمە ئەگینا کۆبوونەوە تەنیا بۆ کۆبوونەوە ناکرێ. سەبارەت بەوەی کاك (کاوە) دەفەرموویێت کە وەڵامی هەندێك لەو پێشنیازە یاساییانەی کە ئێمە ناردبوومان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو نووسراویان ژمارە نۆ هەزار و سی و هەشت لەگەڵ هەشت هەزار و نۆسەد و چل و هەشت بەشێك لەو پرۆژە یاسایانە وەڵامەکانیان هاتەوە ئەو پێشنیازە یاسایە وە ئێمە بە تەسەلسول بە زنجیر بەندی ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی دەکەینەوە بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان لەبارەوە بنووسن زیاتر لە دوازدە سێزدە پێشنیازە یاسا وەڵامەکەی لەبەر دەستی ئێمەیە زنجیربەندیمان بۆ داناون بۆ ئەوەی کە بیخەینە بەر دەستی لیژنە تایبەتمەندەکان بەمەبەستی ئامادە کردنی راپۆرت، سەبارەت بە بابەتی پرسیار ئێمە لە سەرەتای دەست بەکار بوونمان بە نووسراوێکی فەرمی دەسەڵاتی ئاراستە کردنی پرسیارمان دا بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بەڕێزیان پەیرەوی بوونی پرسیارەکان لەگەڵ یەکلایی بکاتەوە وە هەر بەڕێزیشیان پرسیارەکە ئاراستەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بکا، یەك بابەتیان کە ئێمەش رۆڵمان تیای هەبووە لە دەستەی سەرۆکایەتی بابەتی بڵاوکردنەوەی پرسیارە پێش ئەوەی یەکلایی ببێتەوە ئایا ئەو پرسیارە لە رووی پەیڕەوەوە گونجاوە یان گونجاو نییە ئێمە بووین وتمان بۆخۆش رۆڵم هەبووە تیایا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو کاتەی کە وەڵام دەدرێنەوە بەوەی پرسیارکانیان ئاراستە دەکرێ حەقی خۆیانە کە پرسیارەکان بڵاوبکەنەوە بەڵام پێش ئەوەی کە بڕیار بدرێت ئایا ئەو پرسیارە لەرووی پێرەوییەوە پێرەوەکانی پێرەوی تێدایە یان تێدا نییە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لە فەیس بووکەکەی خۆی لە تۆر کۆمەڵایەتی بڵاوی کردەوە ئێمە پێیان بڵێین تەنها ئیجرائێکی ئترازی بەڕێزان باشترە پێش ئەوەی ئێمە وەڵام بدەینەوە ئێوە بڵاوی نەکەنەوە ئەمە لە راستیا پەیوەندی بە پێڕەو نییە، ئەوە پەیوەندی بە مەسەلەی جدیەتی ئاراستە کردنی پرسیار و دانانی رێی و شوێنێك بۆ پرسیار هەیە، سەبارەت بە ئەوەی وەصلەکە لە راستیا من زانیاریم نییە دەرفەت دەدەم بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، با وەڵام بداتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی بەڕێز کاك (کاوە) ئەو پرسیارە کە جەنابت ئاراستەت کرد راستە پێرەوییە لە رووی کوالێتییەوە، بەڵام دەبێت پشت بەستن بە ماددەیەك بە بڕگەیەك بکەین، تۆ نوسراوە لە پرسیارەکە دەڵێ کاتێ حکومەت داینـاوە (٣١٠٠٠) سی و یەك هەزار (٥١٠٠٠) پەنجاو یەك هەزاری وەردەگری، ئێمە کە بۆ حکومەت دەنێرین بڵاو دەکەینەوە، دەبی ئەتوو بەڵگەیەکت هەبێ، ئایا پشت بەستن بە چ بەڵگەیەك ئەو پارەیە وەرگیراوە وە لە کوێ وەرگیراوە؟ لێردا کاکە من پێم خۆش نییە ناوی پەرلەمانتار بێنم، بەڵام پەرلەمانتار هەیە زۆربەی هەرە زۆری پرسیاری ئاراستە کردووە بەبێ کەم و کوری ئێمە دەستخۆشیمان لێ کردووە، من وەکو خوودە خۆم زۆریش سوودمەند بووینە لە پرسیارەکان وە جەنابیشت ئەو پرسیارەت رەوانە کردووە هاوکاری جەنابیشتم کردووە وە پرسیارێکت ئاراستە کرد وە لە فەیس بووکیش بڵاوت کردەوە، من دووبارە رێ و شوێنی پرسیارەکەم بۆت گۆڕی، بە هەمان شێوە دووبارە ناردتەوە ئەو پرسیارە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، واتا تۆ مافت نەخوراوە بۆ ناردنی پرسیارەکە، بەڵام ئەوەی ئەمری کرد کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە فەرمانیان دەرکرد، ئێمە بە هیچ شێوازێك ئەو پرسیارە پێش وەختە بنێرینە حکومەت، نابێ لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکرێتەوە، ئەوە ئەمری دەستەی سەرۆکایەتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێش ئەوەی رێ و شوێنی لەبارەوە وەرگیرێ، یەعنی پێش ئەوەی بڕیار بدرێت ئەو پرسیارە پێرەوییە وە مەرجەکانی پێرەوی تیایە، پێویست ناکات لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبێتەوە، کە یەکلایی بۆوە دەتوانی بڵاویبکەنەوە. بەڕێز کاك (محمد)، فەرموون.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دەربارەی بەرنامەی کار پشتوانی داوای کەی بەڕێز (ئومید خۆشناو) دەکەین لەبەر گرینگی بابەتەکە بە تایبەتی مەسەلەی بە تەعریب کردنی ناوچە کوردستانییەکان و شەفافیەتی نەوت دوو مەسەلەی ستراتیجی گرینگن بۆ هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.رێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی حمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، چەندین پەرلەمانتار راپۆرتیان ئامادە کردووە لەسەر گەندەڵیەکانی کوردستان، لەسەر کۆمەڵێك بابەت بە سووپاسەوە ئێوە رەوانەی لیژنە مەعنیەکانتان کردووە، من سەرنجتان بۆ بابەتێکی گرینگ ستراتیژی رادەکێشم کە ئاسایشی

هەرێمی کوردستان کەوتۆتە بەر مەترسێکی گەورە، هەم لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان کاری لەسەر ئەو راپۆرتە کردووە، راپۆرتێکی موفەصەل هەم دوێنێ لە لیژنەی دارایی، بەپێی پێرەوی ناوخۆ بەدواداچوون کراوە دەرکەوتووە لە خاڵە سنوورییەکانا کاری مافیا گەری دەکرێت، بەبێ پشکنین، بەبێ کۆنترۆڵ بار داخڵ دەکرێت هیچ کەسێك بۆی نییە بزانێ چی تێایە، تەنانەت بەرپرسانی وەزارەتی دارایی لەبەر دەم لیژنەی مەعنیا وتیان حکومەت دەسەڵاتی بەسەر ئەمەیا نییە، دەرکەوتووە چەندین کۆمپانیای لەسەر حیسابی خەڵك بوون بە ملیۆنێر، خاڵە پێرەوەکە ئەمەیە ئەم کەیسە لێرە داخرا کۆتایی پێ هات، پێشنیاری من ئەوەیە تەبعەن من زۆر پێرەو گەڕام مەعالەجەی ئەوەی کە لیژنە راپۆرت بەرز ئەکاتەوە ئەیسەلمێنێ کە کۆمەڵێك کۆمپانیا بە فرۆشتنی ئەیفۆر مانگانە ملیارات دۆلار وەردەگرن، عەقدەکان هەمووی ناقانوونین، کۆمەڵێك شەخص کران بە ملیۆنێری دۆلار لەسەر حیسابی خەڵك، هەموو کارێکی قاچاغی ئەکرێت، ئێ پێشنیار نووسرا لیژنەش سەلماندی دوای ئەمە حەلی پێرەوی نییە بۆ ئەمە، ئایا ئیتر ئەم کەیسان لێرەدا دائەخرێن، یەك حەل هەیە ئەبێت ئێمە ئیمزا کۆکەینەوە بۆ بانگێشت کردنی بەرپرسەکان بۆ ئەمە، ئەمە بە پرسیارە بە راپۆرت نییە، بە راپۆرتی لیژنە نییە وە هیوادارم حەلێکی پێویست بۆ ئەمە بدۆزینەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك (علی) حەلی هەیە، بەڕێزان لە پەرلەمان ئەندامێکی پەرلەمان دۆسیەیەك هەیە یان لیژنە تایبەتمەندەکان قسەیەکیان هەیە لەبارەی دۆسیەیێکەوە، پرسیار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆچی چارەسەر نابێت؟ ئەگەر وەڵامیان بۆ دێتەوە ئەگەر وەڵامەکە بەدڵیان بوو رەزامەند بوون، زانیان دەست بە ئیجرائات کراوە ئەوە زۆر مشکیلە نابێت تەواو دەبێت دۆسیەکە، ئەگەر زانیان ئەو پرۆسەیە ناکرێت بەڵێ دەتوانن بچنە مەرحەلەیەکی تر، قۆناغێکی تری چاودێری کی بریتییە لە پرساندن وە دەتوانن ئەو ئیجرائات و رێوشوێنانەی کە لە ناو ئەو پێرەوانە هەیە بۆ پرساندن ئێوە دەتوانن ناوەرۆکی راپۆرتەکە لە شێوەی پرسیارێکیشدا ئاراستە بکەن، بۆ ئەوەی دەرگاتان بۆ بکرێتەوە چۆن پرۆسەی پرساندن ئەنجام دەدەن لە شێوە پرسیارێکا بڵێن راپۆرتمان لە رۆژی ئەوەندە، ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ ئەوە بکات لە رۆژی ئەوەندە ئاراستەمان کردوون چی کراوە وە چی ئەکرێ، ئەگەر وەڵامتان نەدراوە یان وەڵامتان بەدڵ نەبوو بڕۆنە قۆناغێکی تر کە قۆناغی پرساندنە، (روبینە) خان فەرموو.

**بەڕێز روبینە او یملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیاری کاك (اومێد) دەکەم سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێرەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان زنجیرەی بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بڕگەکە، بەوەی کە بڕگەی سێیەم بچێتە بڕگەی یەکەم، دەخەینە

دەنگدان فەرمـوون بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە بـڕگەی سـێیەم بچێـتە بـڕگەی یەکەم بـا دەسـت بەرز کـاتەوە؟ بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمان ئاڵووگۆڕ لە زنجیر بەندی بەرنامەی کـار پەسـەند کـرا بە دەنگـی (٧١) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەم بەڵێ ئێستا دەست بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان دەکەین لە بـڕگەی یەکەم دەسـت پێ دەکەین بەڵێ فەرموو د.شایان.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله لەمێژ بـوو دەسـتم بەرزکردبـوو، نـازانم لە پشـتەوەش لـۆیە هـاتمە پێشـێ وەبـی بمبیـنن، چونکە لە پشـتەوەش هەمـان کێشـەم هەبـوو دەسـتم بەرز دەکـردەوە، بەڕێـزت دیـاربوو ئاگـادار نەبووی، سەبارەت بەو پرسیارانەی کە ئێمە دەیکەین، پەرلەمانتار دەیکا بـۆ حکـومەت ئەوەی کە من تێبینیم کردووە دوو یاداشـتم بەرز کـردۆتەوە، بەڵام سـەرۆکایەتی پەرلەمـان وەڵامـی منیـان دایتەوە، ئێستا لەبەر دەستمە یەکێکیان ناوی ئەوەکە ناهێنم ئاماژە بە نوسراوتان لە (١٧-٩-٢٠١٩) کە سەبارەت بە داواکاری بەڕێز د.زانا کـاوە نـافح حەوێـزی پێتـان رادەگەیەنـین کە گەڕانەوە بـۆ سـەرکار بە پێـی رێنمـایی حکـومەت راگیـراوە بفەرمـوون بـۆ ئاگاداریتـان لە (٢٣-٩-٢٠١٩) وەڵام دراومەتەوە لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە یەکەم.

یەکێکـی دیکەشـم هەیە عەیـنەن و، هەروەهـا وەڵامـی پرسـیارێکم سـەبارەت بە سـندووقی شێرپەنجەم بۆ هاتیتەوە چوار لاپەرەیە، دکتۆرە بەس وەڵامی تێدا نیـیە، هیـوادارم ئەو کێشـانە چارەسەر بکرێ وەبی ئیشەکانمان بەرەو پێش بڕوا گیر نەبێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم: دەرفەت دەدەم بە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمـان بـا ڕوونکـردنەوە بدات.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان، بنەمـای کـاری هەمـاهەنگی لەگەڵ دەسـەڵاتی جێـبە جێکردن، بنەمایەکی گرنگە لە کاری پەرلەمانی وەك دەسەڵاتێکی تەشریعی، ئێمە لە چوارچێـوەی ئەو هەماهەنگییە، نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان بۆ هاتووە، پێشتریش چەنـد داخوازییەك هەبوو بـۆ گەڕانـدنەوەی سـەرکاری هەنـدێك هـاووڵاتی و هەنـدێك کێسـی تـایبەتی، وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە بووە، بڕیار لەم کاتە لەبەر زروفی مالی توانای گەڕاندنەوەیان نیـیە، بـۆیە ئەو نووسـراوانەی کە لە لیژنەکـان یـا لە ئەنـدامە بەڕێزەکـان ئاراسـتەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەکـرێ و داوای گەڕانـدنەوە ئەکـرێ، بەر بەبنـای ئەو نووسـراوانەی ئەنجـومەنی وەزیـران وەڵامتـان داتەوە، چـونکە ئەگەر بـۆ ئەنجومەنیشـی بەرز بکەیـنەوە هەمـان وەڵام ئەدرێنەوە، تەنها لەبەرئەو بابەتە بوو زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بڕگەی دووەمی فەرموو دەرفەت دەدەین بە سکرتێری پەرلەمان.

**بەرێز منی نبی نادر قهوەچی/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەوەی د.شایان وتی وەڵامدانەوەی سندووقی شێرپەنجە، من دوێنێ ئاگاداربووم لەو بابەتەو جەنابیشت نامەم بۆناردی بە دواداچوون دەکەین، هەفتەی ئایندە وەڵامت دەدەینەوە، سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەرێز د.گەڵاوێژ عبید عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باش بوو لەم دانیشتنە ڕوونکردنەوەیەك بدەم، سەبارەت بە دەرماڵەی قوتابیان و وانە بێژان، ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ وەزیری مەعنی لە سەر خەتین، بۆ ئەوەی پرۆژە یاسایەك وەك پرۆژە پێشنیازێك ئامادە بکەین بۆ دەرماڵەی قوتابیان لە کۆلێژو زانکۆکان و، هەروەها لێرەش پێیان ڕادەگەیەنین بەوانە بێژان کە ئێمە لە سەر خەتین و وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە بە دواداچوونیان بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بکرێن بە گرێبەست، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دابان.

**بەرێز دابان محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە پرسیارەکانی پەرلەمانتاران چاودێری کردنیان، وایە یادەشتەکانیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و، وەڵام نەدانەوەی ئەوان، یان وەڵامەکانیان بە دەست نەگەیشتووە لە حاڵەتەوە بووە بەدیاردە و من بۆخۆم لە مانگی (٧)وە پرسیارم ئاراستە کردووە و لە ڕێی سەرۆکی فراکسیۆنەکەمەوە کاك علی ئیستفسارمان کردووە، جوابەکەش گەڕاوەتەوە، بەڵام تاوکو ئیستا بەدەستی لیژنەکە نەگەیشتووە، من تەمەنا ئەکەم ئێوە خۆتان ڕیسێرچێکی ئەوە بکەن کە پەرلەمانتاران لە سەرەتای کارەکانیانەوە لە ڕێی لیژنەکان و چی بە شەخسی چەند پرسیارێکیان ئاراستە کردووە و، چەند پرسیار گەیشتۆتەوە دەستی لیژنەکان و پەرلەمانتاران و زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فایق حسن/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سکرتێرە پەرلەمان ڕادەسپێرین بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، ئامارێك ئامادەبکات ژمارەی ئەو پرسیارانەی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان

کـردووە و ژمـارەی ئەو وەڵامـانەی کە گەڕاوەتەوە بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتان، بەرمەبنـای ئەو ئامارەی کە بەڕێزیان ئامادەی دەکا، ئـێمە بە دواداچـوونی تەواو دەکەیـن، بـۆ ئەوەی بـزانین ئایـا ژمارەکە ژمارەیەکی هێندە زۆرە کە بووبێتە دیاردە دەست خۆشیت لێ دەکەم زۆر سوپاس.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەرنامەی کاری کۆبونەوەکەمـان بەم شـێوەیە دەسـت پـێ دەکەیـن خستنەڕووی بیرۆکەی ئەو پەرلەمانتارانەی خوارەوە بە پێی خاڵی (٢) بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

یەکەم: بیرۆکەی بەڕێز جوان یونس ڕۆژبەیانی پەیوەست بە دووبارە تەعریب کردن و مەترسـی هەموارکردنەوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق.

دووەم: بیرۆکەی بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله پەیوەست بەپرسی چۆنیەتی شەفاف کردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان، سەرەتا بە بیرۆکەی یەکەم دەست پێ دەکەیـن کە بیـرۆکەی بەڕێـز جـوان یـونس ڕۆژبەیـانی پەیوەسـت بە دووبـارە تەعریـب کـردن و مەترسـی هەموارکـردنەوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقە، فەرموون جوان خـان وە داوا لە بەڕێـزان لیـژنەی ناوچەکوردسـتانیەکانی دەرەوەی هەرێـم دەکەم بفەرمـوون بـۆ ئێـرە لەبەر تایبەتمەنـدی ئەمـڕۆ، لەبەر ئەوەی کە پەرلەمـانی کوردسـتان بـۆ یەکەم جـار لە مێـژووی خۆیـا بـڕاردەی تـانە دان لە یاسـایەکی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی تـاقی کـردەوە و خۆشـبەختانە بە هەوڵـی هەمـوولایەك و بە پێداگری لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەو شـەرەفمەندیەی کە بە ئێمەیان بەخشی بەوەی کە وەکالەت بۆ بەڕێز پارێزەرێکی بەڕێز بکەینەوە، بـۆ ئەوەی بتـوانێ داواکە لە دادگای فیدراڵی تۆمار بکات، بەگەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردستان دەکەین وە پیرۆزبایی لە خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێـم دەکەیـن، کە بە لە ڕێگای بژاردەی تانەدان لە یاسایەکی ئەنجومەنی نوێنەران، توانیان مافی دەنگدانیان بۆ بگەڕێندرێتەوە و، بەڕێزتـان ئاگـادار دەکەیـن کە دوای ئەوەی کە بەڕێـز جـوان خـان بیـرۆکەکەی دەخوێنێتەوە بڕیاردراوە کە لە مەراسیمێکی تایبەتا ڕێزلێنان بۆ جوان خان بەڵـێ جەنابـت ئەبـێ بچێتە وێ، دوای ئەوەی کە جوان خان بیرۆکەکەی تەواو دەکـا و وەکـو سوپاسـگوزاری بـۆ ئـێمە وسوپاسگوزاری ئێمە بۆ بەڕێز پارێزەر لە دەرەوە لە مەراسیمێکدا چەپـکە گوڵی دەسـت خۆشـی پێشکەش دەکەین فەرموون جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان وەکو ئەرکێکی نیشـتیمانی و پاڵپشـت بە مـاددەی (٤٩)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان بە پێویسـتمان زانـی بە نوێنەرایەتی لیژنەکەمان لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم باسی چەنـد خـاڵێکی گرنگ بکەین:

١- بڕیاری باڵای ئیتحادی عێراق لەسەر تانەی لیـژنەکەی ئـێمە لەسـەر هەمـواری یەکەمـی یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

٢- مەترسی هەمواركردنەوەی دەستوور لەسەر ماددەی (١٤٠).
٣- پرسی تەعریب لە ناوچە كوردستانییەكان.
سەرەتا پێش دەست پێكردنی خاڵی یەكەم لەسەر بڕیاری دادگای باڵای ئیتحادی عیراق، دەمەوێ بە ناوی لیژنەكەمان زۆر سوپاسی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكەم، كە هاوكارمان بوون و پێشنیارەكەی ئێمەیان قبوڵكرد، لیژنەكەمان لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم سەرەتای كاركردنمان توانیمان وەك یەك تیم كارەكانمان ئەنجام بدەین، لیژنەكەمان بە وردی چاودێری یاساو بڕیارەكانی دەسەڵاتی ئیتحادی دەكات و كە تایبەتن بەو ناوچانە لە چوارچێوەشدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٢-٧-٢٠١٩) هەڵسا بە هەمواركردنەوەی یەكەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی رێكنەخراو لە هەرێمێكدا، ئێمە لە لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم، یەكسەر دوای دەرچوونی یاساكە كۆبوونەوەیەكی بە پەلەمان ئەنجامدا، خوێندنەوەیەكمان بۆ ناوەڕۆكی یاساكە كرد، بڕگە بە بڕگە ماددەكانمان خوێندەوە، بۆمان دەركەوت جێبەجێكردنی ئەو هەمواری یاسایە بە زیانی ناوچە كوردستانییەكان دەشكێتەوە.
هەروەها بۆمان دەركەوت كە ئەو یاسایە چەندین ماددەو بڕگەی تێدایە كە ناكۆكە لەگەڵ ماددەو بڕگەكانی دەستوری عێراق، دوای دیاریكردنی بەشێكی زۆری ئەو ماددەو بڕگانە یاساكە كە ناكۆكە بە دەقەكانی دەستور لیژنەكەمان پێشنیاری كرد كە پارێزەرێك دیاری بكرێت، پێمخۆشە ئاماژە بەو نوسراوانە بدەم كە یەك بەیەك رادەستی سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كردووە، لەسەر ئەو بابەتە نوسراوی پێشنیارمان ژمارە (١٨) لە بەرواری (٢٣-٨-٢٠١٩) دوای كۆبوونەوەی لیژنەكەمان لە (٢٠-٨-٢٠١٩) پێشنیارمان كرد كە پارێزەرێك دەست نیشان بكرێت و تانە لەو یاسایە بدرێت، وەڵامی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ژمارە ك/ ٦٦٦ لە بەرواری (٥-٩-٢٠١٩) كە رەزامەندی خۆیان دەربڕی لە پێشنیارەكەی ئێمە و پاڵپشتیان كردین نوسراومان ژمارە (٢٦) لە بەرواری (١٧-٩-٢٠١٩) تێدا ئاماژەمان بەوە كردوە كە پارێزەرەكەمان لە (١٥-٩-٢٠١٩) تانەی لە دادگای ئیتحادی باڵای عێراق تۆماركرد پارێزەر سەردار هەركی بە سوپاسەوە نوسراومان ژمارە (٣٨) لە بەرواری (٢٠-١٠-٢٠١٩) دوای ئەوەی كە تانەكەمان تەقدیمی دادگا كرد،وەڵامی تانەی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٣٠-٩-٢٠١٩) ئاراستەمان كرا ئەوەش بەرزكراوەتەوە بۆ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، وەڵامی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ژمارە ك/١١٧٩ بۆ وەڵامدانەوە لەسەر ئەو وەڵامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نووسراومان ژمارە ٣٩ لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٣١ بڕیار وابوو كە دادگای ئیتحادی عێراق لەگەڵ چەند دانەیەكی تر لەسەر هەمان یاسا هەمووی لە رۆژی ٢٠١٩/١١/١٨ بێت، ئەو بڕیارەمان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كە یەكەم جار بڕیار وابوو لە ١١/١٨ بێت، نووسراومان ژمارە ٤١ بەروار ٢٠١٩/١١/٦ ......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان هەست ناکەی زۆر لە ناوەرۆکەکە دەچیتە دەرەوە؟ چونکە ڕەفیقی تریش هەن و بەرنامەی کاریش دووردرێژە، یەکسەر بچۆرە سەر ناوەرۆکەکە خانم، دەزانم بابەتەکە زۆر گرنگە، بەلام ئێمە دەبێ پابەندی پەیڕەو بین.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەکە زۆر گرنگە، باشە دکتۆرە ئەوەندەی نەماوە، نووسراوی ئەخیرمان نووسراوەکە کە بڕیاردرا لە دادگای ئیتحادی عێراق تانەکەی ئێمە ١٢/١٨ ببێتە ١١/١٢ کە دوێنێ بوو، تانەمان لەم ماددانەی خوارەوە دا، لە یاسای یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ماددەی (١٧) و ماددەی (١٦) و ماددەی (١٢) و ماددەی (٣) هەموو ئەو خاڵە دەستووریانەمان نووسیوەتەوە کە ئەو ماددانە لەگەڵ ئەو خاڵە دەستووریانە ناکۆکن یەك ناگرێتەوە، جگە لەوەش ئەو هەموارکردنە لەگەڵ ڕۆحی ماددەی (١٤٠) ی دەستوور ناکۆکە کە تایبەتە بە چارەسەر کردن و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای ئەوەی کە جوابی ئێمەی داوە خۆشبەختانە دوێنێ لە ٢٠١٩/١١/١٢ ڕۆژی دەعوای تانە لێدانەکەی پەرلەمان بوو لەبەرژەوەندی ئێمە کەیسەکە یەکلاکرایەوە، ماددە دەستووریەکان بە پێی ئەو ماددانەی نادەستووری بوون هەمووی هەڵوەشانەوە لە دادگای ئیتحادی باڵای عێراق لە کۆی (٩) دادوەر یەکیان دژ بووە و هەشتان پاڵپشتی سکاڵا کەی ئێمە بوون، بەناوی لیژنەکەمان پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بە تایبەت ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەین، هەروەها لەسەرجەم پەرلەمانتاران و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین بەیەکلابوونەوەی ئەم داوایە یاساییە سەروەریەکی تر لە مێژووی کاری پەرلەمانی تۆمارکرا، پیرۆزبایی لە لیژنەکەمان دەکەم کە ئێمە بە شانازییەوە پشکی شێرمان لەو داوایە بەرکەوت، لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەموو ئەندامانی لیژنە بکەم سوپاسی ڕاوێژکارانی لیژنە بکەم، فەرمانبەرانی لیژنە و پارێزەر سەردار هەرکی کە هەموویان پێکەوە هیلاك بوون لەو بابەتە، سوپاس.

تەوەری دووەم لەسەر هەموار کردنی دەستوور، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ٢٠١٩/١٠/٢٨ بە ئامادەبوونی (٢٢٢) ئەندام دەنگی بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك دا، بە نوێنەرایەتی تەواوی پێکهاتەکان، کاری ئەم لیژنەیە ئامادەکردنی ڕاسپاردەکانی هەموارکردنی دەستوورە بە گوێرەی ماددەی (١٤٢) ی دەستوور بۆ ئەو مەبەستە بڕیاری ژمارە ٢٢١ لە ٢٠١٩/١١/٣ دەرکرد، تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی کە لە (١٨) ئەندام پێکهاتبوو دواتر ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە بۆ (٢٧) ئەندام زیاد کرا لە ئەنجومەنی نوێنەران، بە گەڕانەوە بۆ بڕگەکانی دەقی ماددەی (١٤٢) دەردەکەوێ کە ئەو لیژنەیە دەست کراوەیە بۆ پێداچوونەوە بە تەواوی حوکمەکانی دەستوور هیچ بڕگە و ماددەیەك پارێزراو نییە لە هەموارکردن بۆیە مەترسی هەیە دەست بۆ هەموارکردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستووریش ببردرێ، ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە گرفت لە خودی ماددەی (١٤٠) نییە، بەڵکو گرفت لە جێبە جێنەکردنی بڕگەکانی ئەو ماددەیەیە دادگای

باڵای ئیتحادی لە بڕیاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (٢٠١٩) ئاماژەی بەوە داوە کە بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (١٤٣) مادەی (٥٨)یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستەنەوە بەها دەستورییەکەی ماوەو ماددەی (١٤٠)یش سەرەرای تێپەربوونی ماوە زەمەنییەکەی سیفەتی پابەندیەتی لە دەست نەداوە، بۆیە لە حاڵەتی هەموارکردنی پێشنیار دەکەین تەنها رێکەوتی جێبەجێکردنی ماددەکە بە هەموو قۆناغەکانی هەموار بکرێت کە ئێستا بە (٣١-١٢-٢٠٠٧) دیاری کراوە ئەمەش بە بونی گەرەنتی نێو دەوڵەتی، بە گوێرەی برگەی دووەمی ماددەی (١٤٢) راسپاردەی پێشنیاری هەموارکردنەکە هەمووی بە یەك پاکێچ پێشکەش دەکرێت، هەموی بە یەك پاکێچ پێشکەش بە نوێنەرانی عێراق دەکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیتحادی عێراق گرفتە، چونکە لە کاتی دەنگداندا لەبەردەم دوو بژاردە دەبن، یا ئەوەتا دەبێت تەواوی هەموارکردنەکە قبوڵبکەن، یا ئەوەتا هەموو رەت بکەنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی راسپاردەی پێشنیاری هەموارکردنەکە ماددە بە ماددە ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەو قۆناغە ببڕێت کە ئەمەش گریمانەیە، چونکە بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەند دەکرێت، ژمارەی نوێنەرانی کوردیش ئەو ژمارەیە نییە کە بتوانێت رێگری لە تێپەربونی بگرێت، بۆیە تەنها دوا دەرفەت دەمێنێتەوە کە لە رێگەی ریفراندۆمەوە بۆ گەلی کوردستان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا رەتی بکاتەوە، لەمەشدا لەوانەیە کورد تاوانبار بکرێت بەوەی دژی هەموارکردنەوەی دەستور، بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان لە دەستوری عێراقدا بەرهەمی یەکریزی و یەکیەتی ناوماڵی کوردستان بووە لە ئێستاشدا لە هەموکاتدا زیاتر پێویستمان بەو رۆحیەتەیە، تاکو بتوانین پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کوردستان و نەتەوەکانی تر بکەین، نوێنەرانی کورد لە لیژنەی پێداچوونەوەی دەستور ئەرکێکی قورسیان خراوەتە سەرشان، پێویستە بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموولایەك، بۆیە پێشنیار دەکەین پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی پاڵپشتی لە کەسانی شارەزا و پسپۆر بۆ ئەو نوێنەرانە دروست بکات، لەگەڵ دەستەبەرکردنی هەمووپێداویستییە لۆجستییەکان تەوەری کۆتایی

تەوەری سێیەم :سەبارەت بە تەعریب......

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان جەنابت بۆت هەیە دە دەقە قسە بکەی، شانزە دەقەیە قسە دەکەی، چوار دەقەی تریشت دەدەینێ فەرموو تەواوی بکە تەنها چوار دەقەی تر.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی برگەی (٢٢)ی بەرنامەی حکومەتی عێراق لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) بەفەرمانی دیوانی پێکهێندرا، لە سەرەتای دەست بەکاربوونی لیژنەکە، کارەکان تارادەیەکی زۆر باش بەرێوەچوون، چەند بریارێکیاندا کە بریارەکان بۆ خەڵکی ناوچە کوردستانییەکان سودمەند بوون، بەوەی کە خێزانەکان ئەگەر ئاوارەن بگەرێنەوە شوێنی خۆیان و، ئەوانە کە جێگرەوەی

ئەوانن ئەوانیش بگەڕێنەوە شوێنی خۆیـان، بەڵام وەزارەتـی بازرگانی عێـراق بە نووسـراویان ژمارە (١٩٨٤٨)لە ڕێکەوتی (٢٨-٨ -٢٠٠٩) داوا لە حکـومەتی عێـراق کـراوە کە ئـاوارەی کەمپەکـان تەنـانەت ئەگەر خێزانـی داعشـیش بـن چاوپۆشـی لێبکرێـت و لە نـاوچە کوردسـتانییەکان جێگیربکرێن، ئەوانەی کە هێشتا ناویان تۆمـار نەکـراوە، تۆمـار دەکـرێن و فـۆرمی خۆراکیـان بـۆ دەگوازرێتەوە، ئێستا ڕۆژانە فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی عێراق لە ئەنجـومەنی نوێنەرانی عێراق نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نـوێنەرانی عێـراق کـردووە، کە ماددەی (١٤٠)ی لیژنەیەك هەیە لەویٚ لیژنەیەکی کاتی کە ئەو لیژنەیە کـارا بکـرێتەوە، بەڵام تـاکو ئێستا ئەو لیژنەیە کارا نەکراوەتەوە، بۆیە داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن هەوڵەکانتـان وەك دەسـتەی سەرۆکایەتی بخەنەگەڕ لە پێنـاو دووبـارە دروسـتکردنەوەی ئەو لیـژنەیە، تـاکو ئـێمەش بتـوانین هەماهەنگ بین لە گەڵیان لە پێناو جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ماددەی (١٤٠) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست خۆشـیت لـێ دەکەم، بەڕێـزان ئەنـدامانی لیـژنەی نـاوچە کوردسـتانییەکان فەرموون بۆ ئەوەی ڕێز لێنان بدەنە پارێزەرەکەتان کە کاك سەردار هەرکی فەرموون دەتـوانن لە دەرەوە بەڵێ.

دەستتان خۆش بێ و دەستی هەمووتان خۆش بێ، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان ئێسـتاش داوا لە بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله دەکەین کە بفەرمووێ بیرۆکەی خۆی بخوێنێتەوە سەبارەت بە شەفافکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان فەرموون.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان، بەڕێـزان نوێنەرانی گەلی کوردستان، پشت بەسـت بەمـاددەی (٤٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ لە بـڕگەی دووەم، بیرۆکەیەك دەخەینەڕوو کە بیرۆکەیەکی گشتییە کە پەیوەستە بە کێشەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان، هاوکات ناوەڕۆکی بیرۆکەکە باس دەکەین، دواتـریش چارەسـەرەکانی دەخەیـنەڕوو، ئەم بیـرۆکەیەی کە باسـی دەکەیـن مەبەسـتمە سـەرەتا بتـوانین کە تەوەرەکـانی گفتوگـۆ دیـاری بکەیـن، بـۆ ئەوەی کە هەموومـان بەیەکەوە تەرکیـز بکەیـن کە لە کوێـوە موناقەشـە دەکەیـن و گفتوگۆکانمان لەسەر چی دەبێ، لەسەرەتا باس لە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەیـن و بە لەخـۆگرتنی کێشـەکانی هەولێـر بەغـدا دواتـر بـاس لە داهـاتی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن، لە کۆتاییشـدا بـاس لەوە دەکەیـن کە چـۆن نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـرێ بە هەمـاهەنگی و هاوکـاری هەمـوو لایەك بە شـەفافی بخـرێتە بەردەم کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتانەوە، دوو بـابەتی گرنـگ هەیە کە لە کوردسـتان بە گشـتی تێکەڵکـراون کە سیاسـیەتی نەوتی هەرێمی کوردستان و داهـاتی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتانن، مەبەسـتمە لەم بیـرۆکەیە بە دەرفەتی دەزانم کە ڕوونی بکەمەوە سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان جیاوازییەکانی لەگەڵ داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان چین و جیاوازییەکان لە کوێوەن، کاتێ کە بـاس لە سیاسـەتی

نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن مەبەسـتمانە بـاس لە ووردەکارییەکـانی بکەیـن کە دوو دەسکەوتی گرنگی هەیە و، بەرمەبنای گرێبەستی عقوداتی موشارەکە لە هەرێمـی کوردسـتان دا ئەم سیاسـەتە داڕێـژراوە، سیاسـەتی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر بنەمـای عقـوداتی موشارەکەیە واتە گرێبەستی هاوبەشە کە دوو ئینجازی گرنگی هەیە کە ئینجازێکیان سیاسیە و بەشەکەی تری ئابوورییە، ئینجازی ئابووری سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێك دا کە ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە بە گوێرەی دوایـین داتـا و زانیارییەکـان، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت پێنج سـەد هەزار بەرمیـل لە رۆژێـك دا بەرهەم بهێنـێ و ئەگەر سەرچاوەی نەوت فرەرەهەند بکرێ و سـەرچاوەی داهـات فـرە رەهەنـد بکـرێ لە هەرێمـی کوردستان، هەمەجۆر بکرێ، دەتوانین گۆرانکاری لە نرخی ئابووری نەوتی جیهـانی دا بکەیـن، کە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین دەستکەوتەکان کە گەلـی کوردسـتان حەقـی خـۆیەتی شـانازی پێـوە بکات، دەستکەوتی سیاسی تاکە دەستکەوتە کە جێی شانازییە و من باسی دەکەم لێرەوە ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نەوت بەشدارە لە نەخشتەی ئەم نیتاقە کە ئەمانەی شارەزان لە نەوت مەفهومەکەیان لا ڕوونە و بەشدار بوون لەسەر سیاسەتی نەخشەی ئەمنی تـاقە، واتـا ئەم وولاتەی کە بەرهەمێهێنـی نەوتە و ئەو هەرێـمەی کە بەرهەم هێنـی نەوتە، دەتـوانێ بە هەمـوو شێوەیەك پارێزبەندی بە دەسـت بهێنـێ لەلایەن ئەو وڵاتـانەی کە بەشـدارن، نموویەکـی زینـدوو کاری سەرۆك ئۆباما بوو کە ساڵی ٢٠١٤ کە داعـش ڕووی هەرێمـی کوردسـتان هـات کە بەلێنـی دا پارێزگاری لە هەرێمی کوردستان بکات بەشێکی بریتی بوو سـەرباری هەبـوونی دبلوماسـیەتێکی بەهێز، بەشێکی بریتیی بوو لە هەبوونی سیاسەتێکی گرنگی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

بیرمان نەچێـت ئەمـانە دەسـتکەوتن و کێشەشـمان هەیە لە داهـاتی نەوت، کێشـە لە نـاوەڕۆکی گرێبەستەکان خۆیان هەیە، دەرفەتم بدەن هەرچەندە گرێبەسـتەکان بەردەوام بـن لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵام دەرفەتـم بـدەن بـاس لە نـاوەرۆکی گرێبەسـتەکان بـکەم کە لە چەنـد خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە، گرێبەستەکانی عقوداتی موشارەکە بە شـکلێکی عـام چەنـد شـتێك لە خۆیـان دەگـرن، رۆیـالتی واتـا مولکـانە کە لە گرێبەسـتەکە بەرِیـژەی ١٠% دیـاری کـراوە، کـۆس ریکەڤەری واتـا گێـڕانەوەی پـارەی بەرهەمهێنـانی نەوت کە دابەش دەکرێـت، پرۆفیـت ئۆیـل کە قـازانجە و دووبـارە دابەش دەکـرێتەوە لە بەینـی هەردوو تەرەفـی گرێبەسـتی نەوتـی دا، تـاك سەیشـن کە بـاجە کە حکـومەت خـۆی دیـاری دەکـات و بۆنەشـمان هەیە کە شـیرینی نەوتە کە زۆرترین جەدەل و موناقەشات لەخۆ دەگرێت.

یەکێك لە کێشـەکانمان ئەوەیە کە ئـێمە تـا ئێسـتاش لامـان روون نیـیە کە چـۆنیەتی وەرگرتنـی پارەی تاك سەیشن یاخود باج چۆن بووە، دەگەرێـمەوە بـۆ یەکێـك لە پرۆتۆکۆلەکـانی دانیشـتنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ لە وەڵامی یەکێك لە پەرلەمانتارە بەرێزەکـان بەرێـز وەزیـری سامانە سروشتیەکان کە ئەو کات ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمپانیاکان ئیعفـا کـراون لە وەرگرتنـی باج، لە هەموو دنیا کاتێك کە عقودی موشارەکە وجودی هەیە، کاتێك کۆمپانیایەك ئیعفا دەکـرێ لەبەرامبەر زیاد کردن کە پارە پیستی بیلدینگە یاخود زیادکردنی خزمەتگوزاریە بۆ ناوچەیەی کە

نەوتی تێدا بەرهەم دەهێنرێ، بەڵام لە هەرێمی كوردستان نا ڕوونە بۆ چی ئەم باجی ئیعفایە كراوە كە جگە لەوەی كە باس لەوە دەكرێ كە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی كۆمپانیاكانە، بەشی دووەمی كە شیرینی نەوتە كە بە سێ مەرحەلە وەردەگیرێت، مەرحەلەی واژوو كردن مەرحەلەی ئینتاج و مەرحەلەی تەتویری ئینتاج، هەر بڕێك بە شێوەیەكی دیاری كراو دیاری كراوە كە من دواتر داتاكە دەخەمە بەردەستی بەڕێزتان كە چۆن ئەم شیرینی نەوتە چۆن دابەش كراوە، كێشەی دووەم كە پەیوەستە بە هەمان سیاسەتی نەوتەوە، پەیوەستە بە هەبوونی كێشەكانمان لەگەڵ حكومەتی ناوەندی لەسەر بنەمای دەستووری عێراقی، دەگەڕێمەوە بۆ دوو ماددەی دەستووری كە ماددەی (١١١) و ماددەی (١١٢) لە بڕگەی دووەمی، هەروەها بەر مەبنای دەستووری عێراقی كە هەبوونی یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ كە ڕێگە دراوە هەرێمە خۆجێییەكان خاوەنی خۆیان بن، بە ماددەی (١١١و ١١٢) حكومەتی هەرێمی كوردستان مولزەم نییە بە ناردنی ئەم نەوتە، یەكێك لە ماددەكانی یاسای ژمارە (٢٢) بۆتانی دەخوێنمەوە كە وەك خۆی، ماددەی/٥ بڕگەی/٣ لە یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە ئەوە دەكات دیاری كردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم دا بەشێوەیەك لەگەڵ بڕگەی دووەمی ماددەی (١١٢) ی دەستووری عیراقی فیدرالی بگونجێت لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان واتا ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان دەتوانێ بڕیار لەسەر ئینتاجی نەوتی هەرێمی كوردستان بدات.

بەشی دووەم سەرنجتان ڕادەكیشم بۆ داتاكانی داهات كە لام وایە تەركیز بكەن لەگەڵم كۆمەڵێك ژمارە هەیە كە دەیخەمە بەردەستی بەڕێزتان، كاتێك كە باس لە داهات دەكەین من لێرە باس لە وردەكاریەكانی ناكەم كە چۆن بووە و چۆن نەبووە، هەڵبەت بەشێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان مەعلوماتەكانیان ڕەنگە زۆری لابێ، بەڵام لەبەر كەمی كات دەچمە سەر وردەكارییەكانی لە ساڵی ٢٠٠٣ (١٩٥ ٩٤٥) بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ (١٦٠ ٥٩٩) بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ (٣٦٧٧٣٨) بەرمیل نەوت بەهەمهێنراوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ (٥٠٦٢٦٩) بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێژەیە زۆر بەرز دەبێتەوە دەبێتە (١٥٢٤٢١١) بەرمیل نەوت، لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێژەیە دەبێت بە (٣١١٧١٧٢) بەرمیل نەوت، لە ساڵی ٢٠٠٩ (١٥٦٨٩٠٤٦) بەرمیل نەوت، لە ساڵی ٢٠١٠ (٢٧٤٨٣٧٧٥) بەرمیل نەوت، لە ساڵی ٢٠١١ (٦٨٢٣١٤٨٦) بەرمیل نەوت بووە، ساڵی ٢٠١٢ (٧٦٧٠٦١٥٢) بەرمیل نەوت بووە، ساڵی ٢٠١٣ (٧٨٤٦٣٥٨٠) بەرمیل نەوت بووە كە كۆی گشتی لە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٣ بریتی بووە لە (٢٧٢٥٤٦٩١١) بەرمیل نەوت، كە لە كۆی ئەم نەوتە (٩٢٦٨٩١١٦) بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە كراوە كە داهاتی ساڵی ٢٠٠٧ پێش ئەوەش باسم دەكرد بریتییە لە (٩ملیار ٧١٤ ملیۆن و ٣٣١ هەزار و ٨٦١) دۆلار، داهاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ٢٠١٤ ـ ٢٠١٧ تارادەیەك ناڕوونە، پەیوەستە بە كۆمەڵێك كێشەی قەیرانی دارایی بەینی بودجە و بەشێكیش ناشەفافیەت كە وجودی هەیە لێرە تەنها ڕەقەمەكان بەخێرایی دەخەمە ڕوو، ٢٠١٤ دوو ملیار و ٢٠١٥ نۆ ملیار پێنج ملیار لە نەوتەوە بووە، ٢٠١٦ حەوت ملیار كە پێنج ملیار لە نەوتەوە بووە، ٢٠١٧ نۆ ملیار كە ٧ ملیاری لە نەوتەوە

بووە، واتا نەوتی هەرێم بە سێ مەحەتە فرۆشراوە، مەرحەلەی ساڵی ٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٧، مەرحەلەی ٢٠٠٧ ـ ٢٠١٣، مەرحەلەی ٢٠١٣ ـ ٢٠١٧ کە لێرە بەدواوە داتاکانم وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە دوو ملیار بە (٢٧٢) ملیۆن دهاتێك کە لە ٢٠١٧ داتاکان بەردەستن، هەرچەند کە خیتابی مالی وەکو پێویست لەناو پەرلەمانی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان (١٩٨) پالاوگەمان هەیە کە نارەسمین کە دوو پالاوگەی فەرمیمان هەیە دوو داتامان هەیە بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە کۆمپانیاکان کار دەکەن، (٤٥٧٦) کارمەند نەوتەکەیان تا ساڵی ٢٠١٤ کە داتاکان فەرمین، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاوی کردووەتەوە لەبەردەستمان بوون (١٢٥) بیری نەوتی هەبووە، (٥٧) حەقلی نەوتی هەبووە، داتایەکی تریشمان لەبەردەستە کە دەڵێ (٩) هەزار کارمەند هەیە کە (٧) هەزاری بیانیە کە دەکاتە ڕێژەی ٧٦% کە ئەم نەخشەیە کە حەقلە نەوتییەکان لە هەرێمی کرودستانی تێدایە کە ئەمە سەرجەم حەقلە نەوتییانە کە هەمان بوون باس لەوە دەکات کە چۆن حەقلە نەوتەکانمان هەیە و بیرە نەوتەکانیش لەسەری ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بە گشتی ئەمە داتای ئەپدەیت نییە تا ساڵی ٢٠١٤ ڕاستە لە هەمان کات دا باس لەوە بکەین کە گەڕاینەوە بۆ ئەم کێشەیەی کە باسم کرد، کەواتە ئێمە دوو کێشەی سەرکیمان هەیە لە کوردستان بەشێکیان ناڕوونییە لە تەواو جێ بەجێ کردنی گرێبەست و خستنەڕووی داتاکان کە ئەم داتایانەی کە لە بەردەستی منە من تەنها سەمپڵی عەقدێکم وەرگرتووە ئەم سەمپڵەی کە لەبەردەستمە ئەمە دەخاتەڕوو کە ڕواڵتی و کۆس کەڤەری پرۆفیشێرینگ ئەمانە چۆن دابەش کراون لە هەرێمی کوردستان و داتاکان ئاماژەی پێکراوە و وەکو باسم کرد تا ساڵی ٢٠١٤ لێرە باس لەوە دەکات کە شیرینی نەوت بە دوو ملیۆن و بە چوار ملیۆن هەندێك جار گەیشتووەتە (٤٠) ملیۆنیش لە شوێنەکانی تریش بە وازحی ئاماژەی بەوەداوە تەنها کردووە ناڕوونییەکەش لە هەمان کاتدا چۆنییەتی خەرج کردنی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان دایە...... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ نارۆیتە سەر چارەسەر؟.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرفەتم بدەن دەچمە سەر چارەسەر، بەشی سێیەم کە چارەسەر کردنی کێشەی شەفافیەتی نەوتە لە هەرێمی کوردستان من دوو ئەزموونم وەرگرتووە کە دوو ئەزموونی بیانین ئەزمونی نەرویج و ئەزمونی ئەلاسکا و تێکەڵ کێش کردنیەتی بە ئەزمونێکی خۆماڵی پەیوەست بە یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ کە یەکێك لە یاسا باشەکانی پەرلەمانی کوردستان دەری کردووە، لە وڵاتی نەرویج ئێمە سەندوقی نیشتمانیمان هەیە کە ئەم سەندوقی ڕاستەوخۆ لەلایەن بانکی مەرکەزیەوە سەرپەرشتی دەکرێ و ئەم سەندوقە بە هیچ شێوەیەك ناچێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی نەرویجەوە تەنها لە کاتی پێویست ئیقرازی دەوڵەت دەکات، بۆ ئەو پرۆژانەی پێویستن واتا بانق خۆی بڕیار دەدا لەوەی کە چۆن بیکات و بە چ شێوەیەك پارەکە بۆ چ پرۆژەیەکیش سەرفی بکات، هەڵبەت ئەم سەندوقە من پێموایە نزیکە لە سەندوقی نەوت و

گازی هەرێمی کوردستان کە لە یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئاماژەی پێکراوە، پێم وایە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ سوود لەم سەندوقە ببینێ دەتوانێ بەشێکی گرنگی پرۆسەی نەوت شەفاف بکات لە هەرێمی کوردستان دا، ئەزمونی دووەم کە ئەزمونێکی گرنگە تەقریبەن لە خۆرهەڵاتی ناوەراست ئێستا باسی لەبارەوە دەکرێ، کە خەڵك هەیە و دەوڵەت هەیە کە بیری لەم بیرۆکەیە کردووەتەوە و ڕەنگە بکرێ بەشێك لە بەرنامەی کاری بەشێك لە دەوڵەتەکانی شرق ئەوسەت کە ئەزمونی ئەلاسکایە، واتا دابەش کردنی نەوت بە شێوەی ئەسهام بەسەر دانیشتوان دا وەرگرتنەوەی ئەم برە پارەیە بەشێوەی باج بەهەمان ڕێژە لە هاووڵاتیان ئەمە هەستی بەرپرسیارێتی دروست دەکات لەلایەن هاووڵاتیان کاتێك کە بینایەك یاخود شوێنێکی گشتی بنیاد دەنرێ هەر کەسێك کە بزانێ کە کەموکورتیەك یان خەلەلێك لە دروست کردنی بیناکە دا هەیە هەڵبەت ڕاستەوخۆ دەتوانێ تەدەخول بکات بەو پێیەی کە باجێکی زۆری داوە کە لە ئەساس دا ئەمە ئەسهامی دەوڵەتە، بەشی سێیەم چالاککردنی سەندوقی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە پشت بە یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئینجازێکی گەورەیە کە گەلی کورد شانازی پێوە بکات، کە ئەمە بە دوو شێواز دەکرێ، چالاککردنی سەندوقەکەو چالاککردنی ئەجیهیزە رەقابیەکانی دەوڵەت کە بە لە خۆ گرتنی پەرلەمانی کوردستانە لە هەمان کاتدا دیوانی چاودێری دارییە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سەندوقە و ئەم یاسایە وەکو خۆی تەفعیل بکات، ئەم سەندوقە بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بە یەکێك لە فەقەرەکانی یاسایەکە تەواوی پرۆسەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر رەقابەی رکێفی پەرلەمانی کوردستانەوە، بەم شێوەیە پەرلەمانی کوردستان تەحەکوم بە تەواوی وردەکاریەکانی داهاتی هەرێمی کوردستانەوە بکات، لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت هاوکار بێ بۆ چاودێری کارارکردنی چاودێری فەرمی و ناوخۆیی و دەرەکی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر سوپاس بۆ ئێوە و سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دووبارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەچینە سەر بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار کە بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی (٧٩و٨٠ )، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دیارە ئاڵوگۆڕەکەی کە کاك ئومێد داوای کردووە بڕگەیەکی تری گۆڕیوە، ئەویش ئەوەیە کە دووەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یەکەم دەچێتە سێیەم، ئێستا بڕگەی دووەم دەست پێ دەکەین کە بریتییە لە دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەك پەرلەمانتار لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و پێکهێنانی چوار لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٢٨ و ٢٩ و ٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەرفەت دەدەین بە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان روونکردنەوەیەکمان بداتێ سەبارەت بە چۆنییەتی پێکهێنانی چوار لیژنەکە و دابەش کردنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەسەر لیژنەکان دا، فەرموو.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان، دوای ئەوەی لە دانیشـتنی ڕۆژی ٩/٢٩ دەنـگ درا لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە بۆ هەمووارکردنی یەکەمی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان و زیاد کردنی چوار لیژنە هەمیشەییەکان لە (١٥) لیژنەوە بـۆ (١٩) لیـژنەی هەمیشـەیی و ئەو چـوار لیژنە هەمیشەییە تازەیەی کە دروست کـرا، بـریتین لە لیـژنەی نـاوخۆ و ئاسایش و ئەنجـومەنی خۆجێییەکان لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان و لیـژنەی داکـۆکی کـردن لە مـافی ئـافرەت و لیژنەی کاروبـاری پەرلەمـان و سـکالا، دوا بەدوای ئەم دانیشـتنە ئـێمە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەمـان وەرگرت کە بە هەمـان میکـانیزمی دابەشـکاری ئەنـدامانی بەڕێز بەسەر (١٥) لیژنە هەمیشەییەکەی پێشووتر هەمان میکانیزم بگیرێتە بەر بۆ دابەش کردنی ئەنـدامان بەسـەر ئەو (٤) لیـژنە تـازەیەی کە دورسـت کـراون، بەو پێـیە بەڕێـزان بە پێـی ئەو موعادەلە حسابییەی کە لە کۆبوونەوەی دواتری فراکسیۆنەکان ئێمە بۆمان باسکردوون لەو (١٩) لیـژنەیەی کە پەرلەمـانی کوردسـتان ئێسـتا هەیەتـی فراکسـیۆنە بەڕێزەکـان بەم ڕیزبەنـدیە ئەنـدامیان دەبـێ لەو (١٩) لیـژنەیە، فراکسـیۆنی پـارتی (٨٧) ئەنـدام، فراکسـیۆنی یەکێتـی (٣٩) ئەندام، فراکسیۆنی گۆڕان (٢٣) ئەندام، فراکسیۆنی نەوەی نوێ (١٥) ئەندام، فراکسیۆنی کـۆمەڵ (١٣) ئەنـدام، فراکسـیۆنی یەکگرتـوو (١٠) ئەنـدام، کلدان سـریان ئاشـووری ئەرمەن (١٢) ئەنـدام، تورکمانەکان (٨) ئەندام، ئـازادی دەتـوانرێ لە دوو لیشـنە واتە دوو ئەنـدامیان هەبـێ، دوای ئەوە بەڕێـــزان ئـــێمە لە دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمـــانی کوردســـتان لەڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٤ کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ تێکڕای سەرۆك فراکسیۆنە بەڕێزەکان هەبوو، بۆیە ئەمجـارە دەسـتەی سـەرۆکایەتییان پـێ ڕابنێـین کە بـۆ دابەشـکردنی ئەنـدامە بەڕێزەکانیـان و ئەم بەرکەوتانەیـان لەسەر ئەم چوار لیژنەیە ئەم میکانیزمە گیراوەتە بەر، دواتریش داوامـان لە سـەرۆك فراکسـیۆنە بەڕێزەکان کرد کە بە بێ ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی لەناو خۆیاندا کۆبوونەوەیەك بـکەن بۆ هەر ڕێککەوتنێك کە پێی ئەگەن ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لاریمان نابێ لە جێ بەجـێ کردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان فراکسیۆنەکان هەبێت بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لە ڕێژەی ئەندامیەتیان یان ئەو هەماهەنگی کردنە بە پێی بەرکەوتەکانیان لەو چوار لیـژنە تـازەیەی کە دروسـت کـراوە، ڕۆژی ١١/١٠ دیسـان کۆبـوونەوەیەك کە لەلایەن جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان و بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان لەگەڵ سـەرۆك فراکسـیۆنەکان ئەنجـام درا، بـۆ ئەوەی دوا ئامـار و دوا ڕاپـۆرتی فراکسیۆنە بەڕێزەکان لەسەر ناوی ئەندامە بەڕێزەکانیان بۆ ئەم چـوار لیـژنە هەمیشـەییە و هەر ئـاڵوگۆڕێکی تـر لە لیژنەکانیـان هەبـێ کۆبـوونەوەکە ئەنجـام درا، دوتـر لە ڕۆژی ٢٠١٩/١١/١١ کۆبـوونەوەیەکی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لەگەڵ بەڕێـز بەڕێـوبەرایەتی کاروبـاری پەرلەمـان و لیژنەکان ئەنجام درا بۆ تاوتوێ کردنی نووسراوی تێکڕای سەرۆك فراکسـیۆنە بەڕێزەکـان لەسـەر نـاوی ئەنـدامەکانیان و دابەش کردنیـان بەسـەر ئەو چـوار لیـژنەیە و نووسـراوی پەرلەمانتـارە بەڕێزەکان بووە ئەوەی کە لیژنەیەك نامێنن و دەچنە لیژنەیەکی تر ئەمانەشمان تاوتوێ کـردووە،

دوا کۆبــوونەوە واتــا کۆبــوونەوەی پێــنجەم رۆژی ٢٠١٩/١١/١٢ بەسەرپەرشــتی بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان ئەنــدامێتی جێگــری ســەرۆکی پەرلەمــان و ســکرتێری پەرلەمــانی کوردســتان بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان بەڕێوە چــووە، بــۆ بڕیــاری کۆتــایی لەســەر دابەش کردنی ئەندامە بەڕێزەکان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٢٨) بــڕگەی دووەم و چــوارەم و پێــنجەم کە بە پێــی ڕێــژە و بەرکەوتەی ســەرجەم فراکســیۆنەکان و نوێنەرایەتیــان لە نــاو لیــژنە هەمیشەییەکان و بە پێی ئەو سەلاحیەتەی کە دەستەی سەرۆکایەتی هەیەتی کە بە پێی توانا و خواســت و پێویســتی لیژنەکــان پەرلەمانتــارە بەڕێزەکــان بەســەر ئەو چــوار لیــژنە هەمیشــەییە دابەش بکات، خۆشبەختانە دەتــوانین بڵێــین کە ئەمــڕۆ ئێســتا وەکــو ئەوەی کە لە بەرنــامەی کــار هەیە بەرئەنجامێکی باش بۆ پێکهێنانی ئەو چوار لیژنە هەمیشــەییە هەیە، بــۆیە ئێســتا دەرفەت بە بەڕێــز ســکرتێری پەرلەمــان دەدەیــن کە خــاڵ بەخــاڵی ئەوەی کە پێــی گەیشــتووین لەســەر ئەمادەکردنی دەســت لەکارکێشــانەوەی ئەو ئەنــدامە بەڕێــزانەی کە لە لیژنەکــان دا بــوون، دواتــر دەنگدان بەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دەچنە ئەو چوار لیژنە هەمیشەییە و لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئەندامەکان دا کراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە لیستێکمان لەبەردەســتە دایە بەنــاوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە لیژنەکان دەستیان لەکارکێشــاوەتەوە، لەبەرئەوەی ســەبارەت بە چۆنیەتی قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەناو پەیڕەوی ناوخۆ هیچ ماددەیەك نییە، بەڵام بەر مەبنای ئەو مەبــدەئەی هەر کەس بە دەنگــدان هــات بــێ دەبــێ بە دەنگدانیش بڕوات، ئێمە دەســت لەکارکێشــانەوەی ســەرجەم ئەو بەڕێــزانە دەخەیــنە دەنگــدان و دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ ئەوەی ناوەکان بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پەرلەمانتارانەی کە داوای دەست لەکارکێشانەوەیان کردووە لە لیژنە هەمیشەییەکان....... .

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان بەر مەبنــای ئەو ڕاپــۆرتەی بەڕێــز جێگــری ســەرۆکی پەرلەمــان خوێندییەوە و بە ڕێکەوتێکی بــاش لە نێــوان فراکســیۆنەکان هەیە و ئەوەی بەردەســتی ئــێمەیە بەرهەمی ئیتفاقە، ئەسڵ ئەوەیە ئێمە ئەندام پەرلەمان ئەندام پەرلەمان دەبێ بیخەینە دەنگدان بەڵام ئەگەر بەڕێزتــان ڕەزامەنــد بــن ئــێمە بە لیســت ئەوەی ڕێککەوتنــی لەســەر کــراوە بیخەیــنە دەنگدان، بۆ گەڕانەوەی کات سوپاستان دەکەیــن، بــۆیە هەر بەرێزێــك لەگەڵ ئەوەیە کە ئــێمە بە لیست ناوەکان بخوێنینەوە و دەست لەکارکێشانەوەکان و ئەندامەکانیش با دەست بەرز بکاتەوە، بەڕێــزان زۆر ســوپاس (٧٣) ئەنــدامی بەڕێــزی پەرلەمــان ڕەزامەنــدن بە ئەوەی کە بە لیســت

بخوێنرێتەوە، فەرموون ئێستا بە لیست ناوی دەست لەکارکێشاوەکانتان بۆ دەخوێندرێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی داوای دەست لەکارکێشانەوەیان کردووە لە لیژنە هەمیشەییەکان:

١/سعید مصطفی تەتەرخان لە لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەلگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

٢/زێدان رشید خان ئەودل لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

٣/ شوان کریم محمد لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.

٤/ بهجت علی ابراهیم لە لیژنەی شارەوانی گواستنەوە گەشتوگوزار.

٥/ ظاهر محمد علی لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.

٦/ سفین اغا عمر اغا قادر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

٧/ سەروان محمد علی کاروباری شەهیدان و جینوساید و زیندانیانی سیاسی.

٨/ نزار مەلا عبدالغفار عزیز کاروباری پێشمەرگە.

٩/ ئەرشەد حسین محمد کاروباری یاسایی.

١٠/ جوان یونس محمد سلیم کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت.

١١/ لوقمان محمد حاجی مستەفا رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان.

١٢/ هاوڕێ بەنا محمد صالح شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار.

١٣/ سەلما فاتیح توفیق کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت.

١٤/ عبدالله ناصر احمد علی لیژنەی شەهیدان و جینوساید و زیندانیانی سیاسی.

١٥/ ئاشنا عبدالله قادر پەیوەندیەکانی رەوەندی کوردستانی.

١٦/ شادی نەوزاد وەهاب پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

١٧ اسماعیل علی طە کستوکاڵ و ئاودێری.

١٨/ محی الدین حسن یوسف/ کشتوکاڵ و ئاودێری.

| | |
|---|---|
| ١٩-کاوە عبدالقادر حسن علی | ئەوقاف و کاروباری ئاینی. |
| ٢٠-رۆمیۆ حزیران نیسان | کاروباری پێشمەرگە. |
| ٢١-روبینا اویملك عزیز | دەسپاکی |
| ٢٢-عوسمان علی سمایل | کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٢٣-عبدالستار مجید قادر | پەیوەنیەکانی ڕەوەندی کوردستانی |
| ٢٤-موسلیم عبدالله رسول | ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان |
| ٢٥-صباح محمود محمد | کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٢٦-علی حەمە صالح | دارایی و کاروباری ئابووری |
| ٢٧-بەڵێن إسماعیل حاجی | وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی |
| ٢٨-شاخەوان رؤوف مصطفی | کاروباری پێشمەرگە |

٢٩-ڕزگار محمد محمود کاروباری شەهیدانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی

٣٠-إحسان محمد سليم کاروباری کۆمەڵایەتی

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سەلمە فاتیح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست لە کار کێشانەوەم لە لیژنەی ڕەوەندی کوردستانی و پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشکەش کردبوو، بەڵام ئاماژەی پێ نەکرابوو تەنها لیژنەی کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئیزافەی دەکەین، بەو ئیزافەیەی کە سەلما خان دەیڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو لیستە ئەندامانی دەست لە کارکێشاوەی لیژنەکانن هەر کەسێك ڕەزامەندە و قبوڵیەتی دەست لە کارکێشانەوەی ئەو بەڕێزانە با دەستی بەرز بکاتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگی (٨٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان دەست لە کارکێشانەوەی ئەو بەڕێزانەی کە ناویان خوێندرایەوە پەسەند کرا، فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێزمنی نبی نادر قەهوەچی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنانەی کە جیابۆتەوە ئێستا ناوەکانیان یەك یەك دەخوێنینەوە و دەیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەکانی نوێ، یەعنی لیژنە نوێیەکان لیژنە بە لیژنە دەخوێندرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێزمنی نبی نادر قەهوەچی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان:

1 - أرشد حسين محمد رشيد.
2 - نزار مەلا عبدالغفار عزيز
3 - محسن حسين مصطفى موسى
4 - حكمت محمد عبو زياد عيسى
5 - رزگار عيسى سوار عيسى
6 - باڵانبۆ محمد علی أحمد
7 - عبدالناصر احمد علی كاكە
8 - هاوڕێ بناء محمد صالح فتاح
9 - شاخەوان رؤوف مصطفى ميران
10 -ياسين خضر طە

11 - کاوه عبدالقادر حسن علی

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ڕەزامەندە لەسەر ئەو بەڕێزانەی کە ناویان خوێندرایەوە ببن بە ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان با دەست بەرز بکاتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە دەنگی (٩٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموون.

**بەڕێز منى نبی نادر قەهوەچی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان:

1 - سفین ئاغا عمر ئاغا قادر

2 - ظاهر محمد علی حسن محمد

3 - بەهمەن کاك عبدالله أحمد علی

4 - بهجت علی إبرهیم مصطفى

5 - شوان کریم محمد صادق

6 - هاوڕێ بناء محمد صالح

7 - شەمۆل ئاشین صابر میره

8 - دابان محمد حسین عبدالله

9 - عثمان علی سمایل

10 - موژده محمود محمد عبدالله

11 - سارا دڵشاد بکر مولود

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ڕەزامەندە ئەو بەڕێزانەی ناویان خوێندرایەوە ببن بە ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان با دەست بەرز بکاتەوە، بەڕێزان بە دەنگی (٩٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، فەرموون.

**بەڕێز منى نبی نادر قەهوەچی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت:

1 - جلال محمد عبدالله حمد أمین

2 - لەنجه إبراهیم عبدالرحمن

3 - جوان یونس محمد سلیم

4 - حسیبه سعید إبراهیم لەشکری

5 - سەلما فتاح توفیق محمد

6 - ئەندامیان دانەناوە

7 - گوڵستان سعيد محمد سعيد

8 - ئاشنا عبدالله قادر

9 - شادی نوزاد وهاب محمد أمين

10 - بدريه إسماعيل محمد سعيد

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش خستنە دەنگدان بەڕێز حسيبە سعيد إبراهيم لە فراکسیۆنی پارتی لە لیستەکە دەرهاتووە، گۆڕانکاری تێدا کراوە، ئەگەر ناوی ئەو دەربێنن ئەوجا بخرێتە دەنگدان لە لیژنەی ئافرەتان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەواتە ئەو لیستەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان خوێندییەوە کە دەکاتە (٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێز ڕەزامەندە لەسەر ئەندامێتی بەڕێزیان لەو لیژنەیە با دەست بەرز بکاتەوە؟، کاك جلال دوایی قسە دەکەین، دوایی لە خزمەتتام بەیەکەوە قسە دەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگی (٩١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لیژنەکانی تریش دا ناوم بە هەڵە خوێندراوەتەوە سلمى فاتح توفيق نەك سلمى فتاح، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە چاکی دەکەین، فەرموون.

بەڕێز منى نبی نادر قەهوەچی / سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا:

1 - سوسن محمد میرخان سعيد

2 - چیا حمد شريف موسى

3 - ڕێڤینگ محمد محمد علي محمد

4 - سەروان محمد علي حاجي

5 - خديجە عمر طه محمد

6 - ڕاهی ڕەهبەر إبراهيم سعيد

7 - هەژان حسن أحمد عبدالله

8 - شایان کاکە صالح محمد
9 - إسماعیل علی طە
10 -هیمداد صباح بلال
11 -فرید یعقوب ئیلیا

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانهەر بەڕێزێك ڕەزامەندە ئەو بەڕێزانەی ناویان خوێندرایەوە ببن بە ئەندامی لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا با دەست بەرز بکاتەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگی (٩٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگی (٩٣) پەرلەمانتار پەسەند کرا، ئێستا لیستی ناوی ئەو پەرلەمانتارانە دەخوێندرێتەوە کە داوای ئالوگۆڕیان کردووە ئالوگۆڕمان پێکردوون، فەرموون.

**بەڕێزمنی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پەرلەمانتارانە داوا دەکەن لە لیژنەدا دابنرێن.

١-لەنجە ابراهیم عبدالرحمن (لیژنەی کاروباری شەهیدان جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی).
٢-گلستان باقی سلێمان یاسین (کشتوکاڵ و ئاودێری).
٣-نجات شعبان عبداللە (لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار).
٤-گولیزار رشید حاجی (لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان).
٥-لیلی عبدالجبار حدۆ (لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان).
٦-زێدان رشید خان اودل (لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار).
٧-هێڤیدار احمد سلمان (لیژنەی دەست پاکی).
٨-ڕۆژان ابراهیم علی (لیژنەی کاروباری یاسایی).
٩-بژار خالد (لیژنەی کاروباری پێشمەرگە).
١٠-شیرین یونس عبداللە عزیز (لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی، کاروباری کۆمەڵایەتی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت).
١١-لقمان حمد حاجی (شارەاونی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار).
١٢-سەرکۆ ئازاد حوسین محمد (لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری).
١٣-زکری احمد اسماعیل (لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان)
١٤-سلمی فاتح تۆفیق (لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان)
١٥-ڕۆژان محمد کریم (لیژنەی کاروباری شەهیدان جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی).
١٦-هیمداد صباح بلال محمد (لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ).
١٧-محی الدین حسن یوسف (لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار).
١٨-مم برهان محمد قانع (لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی).
١٩-عبدالستار مجید قادر (لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری).

٢٠-هلز احمد محمد (ليژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری).
٢١-مسلم عبدالله رسول (ليژنەی پەيوەندييەكانی رەوەندی كوردستانی).
٢٢-كاظم فاروق نامق ( ليژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاينی).
٢٣-روبينە اويملك عزيز (ناوچە كوردستانييەكانی دەرەوەی هەرێم).
٢٤-سعيد مصطفى تترخان (ليژنەی كاروباری پێشمەرگە).
٢٥-باپير كاملا سلێمان (ليژنەی كاروباری پێشمەرگە).
٢٦-جنان جبار بويا (ليژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری).
٢٧-ئاشنا عبدالله قادر (داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت).
٢٨-ابوبكر عمر عبدالله (پەيوەندييەكانی رەوەندی كوردستانی).
٢٩-على حمه صالح (ليژنەی ووزە و سامانە سروشتييەكان و پيشەسازی و بازرگانی).
٣٠-بەڵێن اسماعيل حاجی (ليژنەی دارايی و كاروباری ئابووری).
٣١-رزگار محمد محمود (ليژنەی كاروباری پێشمەرگە).
٣٢-شاخەوان رئوف مصطفى (ليژنەی كاروباری شەهيدان جينۆسايدی زيندانيانی سياسی).
٣٣-احسان محمد سليم (ليژنەی كشتوكاڵ).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەبەر ئەوەی قبوڵ كردنيەتی لە لێژنەيەك بابەتی سەخصی تايبەتە هەرچەندە فراكسيۆنەكان داواشيان كردبێت بەڕێز كاك (مم) نوسراويان ناردبێت بەڕێز كاك (مم) نايەوێت ئەندام بێت لە (ليژنەی پەروەردە) ئەگەر ئێمە خستمانە دەنگدان بەبێ كاك (مم) دەيخەينە دەنگدان، كاك (اومێد)، فەرموون.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستكردنەوەيەم چەند جارێك لەلايەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناوی ليژنە وا هات ليژنەی كاروباری كۆمەڵايەتی و مافی مرۆڤ و ئافرەت، جياواز بووە كەواتە ئەو هەموو ناوانە دەبێت چا ببێتەوە ليژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت بە تەنيا يا ليژنەی كاروباری كۆمەڵايەتی و مافی مرۆڤ بە تەنيايە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەرگيرا، بەڵێ كاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ليژنەی (پەروەردە) ديارە ئێمە كاتی خۆی بەپێی ڕێكەوتنی فراكسيۆنەكان و وە بەپێی ئەو سيستەمەی كە دانرا جێگری ليژنەی سەرۆكی پەروەردە بەڵام لەبەر ئەوەی كە ئەندامەكانی دوێنێش قسەم لەگەڵ بەڕێز جێگری پەرلەمان و لەگەڵ كاك (ئومێد) و لەگەڵ

برادەرانی کە کرد (١١) کەس بووە مەجال نەبووە هەر نەفەرێکمان بچێتە ئەم لیژنەیەش تا ببێتە جێگری سەرۆك وە ئێستا ئەگەر بەڕێز کاك (مەم) نەچێتە وێ ئێمە دیارە بەپێی ئەو سیستەمە بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کاتی خۆی کردوومانە ئێمە مامۆستا (مسلم) لە جیاتی ئەوەی بچێتە (لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی) لە (لیژنەی پەروەردە)ی دادەنێین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەبێ لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ ڕێك بکەون ئەگەر ڕەزامەند بوون ئێمە هیچ ئیشکالمان نییە، ئەبێ ڕێك کەون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مشکیلەکە ئەوەیە (١١) کەسن کەس سەحب ناکا، باشە چۆن جێگری (لیژنەی پەروەردە) بە ئێمە دەدرێ بەڵام ئەگەر ئەندامەکەی بچێتە ئەوێ، چۆن دەبێ.

**بەڕێز ریواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاوە) ئێوە دەتوانن قسەیەکی تێدا بکەن، بەڵێ بەڕێزان تا ئەوان قسەی خۆیان دەکەن دەرفەت دەدەین بە کاك (شوان)، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە وەبەرهێنان لەناو لیستەکە ناوم هەبوو بەڵام لە لسیستی کۆی ناوەکان ناوم نەبوو، هیوادارم زیادیکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئشکال نییە، (حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داواکاریم پێشکەش کردوو بۆ ئەوەی ببمە ئەندام لە (لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی مافی مرۆڤ) ناوەکەم نەخوێنرایەوە بۆیە ئەگەر زیاد بکرێت سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر کە لیژنەکە ئیعلان کرا وەکو لیژنەیەکی سەربەخۆ لەوێش ئیعلان ناوت نەخوێنرایەوە؟

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوێش نەخوێنرایەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئاخر (١١) ئەندام زیاتر بوو، دەرفەت دەبێ دواتر قسەی لەسەر بکەین، چونکە دواتر دەبێ دڵنیا بین کە (١١) نییە، بەڵێ کاك (کاوە) فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو دابەشکارییەی کە کراوە ئەندامێکی (لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا) هی ئێمەیە وەکو فراکسیۆنی (نەوەی نوێ) بەڵام ئێمە ئەو ئەندامەی خۆمان دەبەخشینە فراکسیۆنی (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کەواتە بەرَیز کاك (مسلم) لە بری ئەوەی بچێتە لیژنەی پەیوەندییەکان دەچێتە (لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا) بەڵێ کاك (دیاری) فەرموون.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزیکەی چوار بۆ پێنج مانگ ئەبێ بە داواکارییەکی فەرمی لەلایەن بەرپرسی کاروباری لیژنەکان لەگەڵ هاوڕێم کاك سۆران عمر ئەو لە لیژنەی سامانە سورشتیەکان دەست لە کارکێشانەوەی پێشکەش کرد و چووەمە شوێنەکەی، بەڵام تا ئێستا نە وەڵامی داوەتەوە و ئێستاش لە ناو بەرنامە نەبوو و ناوەکە نەخوێدرایەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بریارمان دابوو هەموو ئەو داوایانەی پێشتر و پێش دروست بوونی ئەو چوار لیژنەیە درابوو کانسلی بکەینەوە، ئەگەر داواکاری تازە پێشکەش بکەن پێوەی پابەند ئەبین انشاللە، بەرێزان ئێستا ئەو گۆرانکارییە کاك (موسلیم) ئەچێتە پەروەردە، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو داواکارییەی پەرلەمانتار بەرێز (حسیبە سعید) باسی ئەکات دواین گۆرانکاری بوو لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان ئەندامێکی خۆمان کە بەرێز (ملا احسان) بوو ئەو کشاوەتەوە و (حسیبە) خان دێتە کاروباری لیژنەی کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەوایە بەرێز (حسیبە) خان ئەچێتە شوێنی مامۆستا (احسان)، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دەست پاکی لە پەرلەمانی کوردستان (١١) ئەندام بووە پێشتر، بە حوکمی ئەوەی چەند ئەندامێك لە لیژنەکان رۆیشتوونەتە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوونەتە بە وەزیر، یەکێ لەو وەزیرانە لە ئەندامی لیژنەکەی من بووە، ئێستاش.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی بەرێزت نیە، لیژنەی پەرلەمانی کوردستانە.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

.......یەکێ لە ئەندامی لیژنەی من دیسانەوە، مەبەستم لە لیژنەکەیە، (٢) ئەندام لە لیژنەی دەستپاکی، بۆیە ئەبێ بە (١٠) ئەندام، پێشنیاز ئەکەین هەر ئەندامێك خواستی هەبێ بێتە لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان با بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە گوێرەی ئیستیحقاقە، بەڕێزان دواتر ئەتوانین گۆڕانکاری تر بکەین، نیهایەتی دونیا نیە، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بەدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە ناوە گشتیەکان ناوم نەخوێندرایەوە، دووەم، تا ئێستا چەندجار بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوی من لە ئامادە بووەکانیش دایە ئامادە نەبووە، هەر بە (بدریە اسماعیل محمد) ئەخوێنێتەوە، بەشکم ئەوە بگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو گۆڕانکاریانەی باسمان کرد، (حسیبە) خان ئەچێتە کاروباری کۆمەڵایەتی، کاك (مسلیم) ئەچێتە پەروەردە، ئێستا ئەو لیستە ئەخەینە دەنگدان، فەرموو، (٩٠) کەس لەکەڵیەتی، برگەی دواتر بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی چەند پێشنیاز و یاسا و بریارێك بە گوێرەی حوکمەکانی ماددەی (٧٩-٨٢) بۆ ئەو مەبەستە داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، وەك پابەند بوونێك بە پەیڕەوی ناوخۆ رۆژی چوارشەمەی داهاتوو بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئەو لیژنە نوێیانە ئەکات کە ئیعلان کرا، کات و شوێنی لەلایەن کاروباری پەرلەمانەوە ئاگادار ئەکرێنەوە، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە، دیارە لە ئاشکرا کردنی ناوی ئەندامانی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان ژمارەیەکی زۆر ئەندامانی بەڕێزەکان پێکەنینان دێ بەو لیژنەیە، لە کاتێکدا کێشەی ژنان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەیە، کێشەی سەران سەری تاکی کۆمەڵگایە بە ژن و پیاوەوە، بەڵام بە داخەوە لەو پەرلەمانە کە باسی مەسەلەی ژن ئەکرێ ئەو پیاوانەی عەزمەتیان لە دایکەکانیانەوە بۆ هاتووە پێکەنینان بەو مەسەلەیە دێ، بۆیە من زۆر بە توندی ئیدانەی ئەکەم، ئەبێ داوای لێ بووردن بکەن جارێکی تر بە هیچ قەزەیەکی ژنان پێکەنینان نەیەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەرەتا ئەو بەشەی لە قسەکانی گولستان خان کە پەیوەندی بە ئیدانە کردن و ئەو بابەتە هەیە ئەسڕێتەوە لە پرۆتۆکۆل، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێکەنینیان بە لیژنەی کاروباری ژنان نەهاتووە، بڕوا ناکەم هیچ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لێرە هەبێ بڕوای بەوە

نەبێ ئافرەتان و ژنان لە هەرێمی کوردستان خاوەنی قەزیەیەکی گرنگن، لە هەموو دونیاش ئەوە هەیە، ئەو نەزرەیەش نابێ سەبارەت بە بەرێزان ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانی کوردستان قسەی لە بارەوە بکرێ، بەرێزیان بەوە پێنەکەنین، لەگەڵ کاك جەلال قسەم کرد، رەنگە زیاتر بەوە پێکەنی بن کە جەنابیان داوای کرد قسە بکات، من پێم وت دواتر بە یەکەوە قسە ئەکەین، لە کاتێك ئەیوست لە ناو هۆڵەکە قسە بکات، پێکەنیکە هیچ پەیوەندی بە لیژنەکە نییە ئەوەندەی پەیوەندی بە بەینی من کاك جەلال پەرێشانەوە هەیە، بەڵێ بەردەوام بن باشە، فەرموو لیژنەی یاسایی، جوابدانەوە گولستان خانە یان قسەیەکی ترە؟ رێگا نادەم ئەندامی پەرلەمان وەڵامی یەکتر بدەنەوە، ئەگەر وەڵامی گولستان خان نیە فەرموو، هەر بە پەیرەو دەرفەت نادەم ئەندامی پەرلەمان وەڵامی ئەندامێکی تری پەرلەمان بداتەوە، ئەگەر بابەتێکی ترە فەرموو.

**بەرێز زانا خالد سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی نیەتی پەرلەمانتار بزانن، ئێوە ناکرێ بڵێین دەرفەت نادەین کە قسە بکەن، چونکە پەرلەمانتار حەقی خۆیەتی بەپێی پەیرەوی ناوخۆ خاڵی پەیرەوی وەرگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بە گوێرەی پەیڕەو من تێبینیەکەم ئەوە بوو کە تۆ ڕەنگە وەڵامی گوڵستان خان بدەیتەوە، پەیڕەو ڕێگەمان نادات کە ڕێگە بە جەنابتان بدەین کە وەڵامی یەکتر بدەینەوە، بەڵێ فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی کەرەمکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای یەکەم، بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عیراق، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (٢٦) مادده پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١/ هیڤیدار احمد سلمان.

٢/ عبدالسلام عبدالله حسن/ دۆڵەمەری.

٣/ عباس فتاح صالح.

٤/ خدیجە عمر طە مزوری.

٥/بەهمەن کاك عبدالله احمد علی.

٦/بژار خالد کۆچەر.

٧/پێشەوا طاهر مستەفا.

٨/ کاروان عبدالرحمن عبدالله گەزنەیی.

٩/ لوقمان محمد حاجی وەردی.

١٠/ شيرين يونس عبدالله.
١١/ ليزا فلك الدين كاكەيی.
١٢/ زياد جبار محمد.
١٣/ جمال حەويز.
١٤/د.صباح محمود محمد.
١٥/ جوان يونس محمد.
١٦/ محسن حسين مستەفا.
١٧/ وەيسی سعيد وەيسی.
١٨/ رزگار عيسی سوار.
١٩/ فيصل عباس عولا.
٢٠/ زكری احمد ساماعيل.
٢١/ سلمە فاتيح توفيق.
٢٢/ گۆران عمر علی.
٢٣/ جلال محمد امين.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لە ليژنەی كاروباری ياسايی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەكەين ئەم پێشنيازە ياسايە ئاراستەی ليژنە پەيوەندارەكانی پەرلەمان بكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فايق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەم پێشنيازە ياسايە ئاراستەی ليژنەی وزە و سامانە سروشتيەكان و پيشەسازی و بازرگانی و ليژنەی كاروباری ياسايی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد كۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيازی ياسای دووەم لەلايەن جێگری سەرۆكی ليژنەی ياسايی دەخوێنرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فايق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جێگری سەرۆكی ليژنەی ياسايی؟ فەرموو.

**بەڕێزعباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيازی ياسای دووەم بەناوی بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنەرانی لە هەرێمی كوردستان كە پێكهاتووە لە (١٠) ماددە و هۆيەكانی دەرچوواندنی، ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە واژوويان كردووە:

١/ بژار خالد كۆچەر.
٢/ عباس فتاح صالح.
٣/جلال محمد امين.
٤/ ڕۆژان محمد كريم.
٥/ سەلام عبدالله حسن.

٦/ خديجه عمر تەها.

٧/ ارشد حسين محمد.

٨/روبينا امولك عزيز.

٩/سارا دڵشاد بكر.

١٠/ كاوه عبدالقادر حسن.

١١/ روپاك احمد رحمان.

داوا لە بەڕێزتان دەكەين وەكو ليژنەی ياسايی ئەم پێشنيازە ياسايە ئاراستەی ليژنە تايبەتمەندەكان بكەن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فايق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم پێشنيازە ياسايە ئاراستەی ليژنەی وزەو سامانە سروشتيەكان و پيشەسازی و بازرگانی و ليژنەی كاروباری ياسايی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ.

فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد كۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنيازی سێيەم لەلايەن بڕياردەری ليژنەی ياسايی دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فايق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕيزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ڕاوێژ ئێمە پێمانوايە ئەوەی قەدەغە كردنی بە قاچاغ بردن دەبێ ئاراستەی ليژنەی ناوخۆش بكرێ، كەواتە دەبن بە سێ ليژنە فەرموو.

**بەڕێزجلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پێشنيازی ياسای سێيەم پێشنيازی ياسای بيمەی كشتوكاڵيە كە لەلايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزەوە پێشكەش كراوە كە پێكهاتووە لە (١١) مادده و هۆيەكانی دەرچوواندن، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز:

١/ عبدالستار مجيد قادر.

٢/ روپاك احمد قادر وەرتی.

٣/ بدريه اسماعيل محمود.

٤/د.هەورامان حمە شريف.

٥/ مسلم عبدالله رسول قەسرێ.

٦/عوسمان على اسماعيل.

٧/ سۆران عمر سعيد.

٨/ كاوه عبدالقادر حسن.

٩/ دياری انور حمە رحيم.

١٠/ د.كاظم فاروق نامق.

١١/ سيپان سالم، سيپان ئامێدی.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکان بکرێ بە مەبەستی کارکردن لەسەری سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی دارایی و لیژنەی کاروباری یاسایی وە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە بڕیاری چوارەم، پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە بڕیارە لە ٩ ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١/د.ڕێواز فایق حسین.

٢/ شنۆ ئەشقی عبدالله.

٣/ ڕۆژان محمد کریم.

٤/ فیصل عباس عولا.

٥/ شەمۆڵ ئاشتی صابر.

٦/ هێرش حسن محمد.

٧/ عباس فتاح صالح.

٨/ بیگەرد دلْشاد.

٩/هاوڕێ مەلا ستار.

١٠/ لوقمان وەردی.

١١/ سەرکۆ ئازاد حسین.

١٢/ عبدالناصر محمد علی.

١٣/ ڕاهی ڕەهبەر

١٤/ زیاد جبار محمد.

١٥/ عوسمان کریم سوارە.

١٦/ باڵانبۆ محکمد.

١٧/ هەژان حسن کوێستانی.

١٩/ کاروان گەزنەیی.

١٩/ جمال حویز.

٢٠/ سلمە فاتیح.

٢١/ زکری زێباری.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندارەکان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشنیازە یاساییەكە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، بەڵام ئێمە ڕوونكردنەوەیەكمان هەیە سەبارەت بەم پێشنیازە یاسایە، لە پێشنیازە یاسای پێشكەش كراو لە وەرزی یەكەمی یاسادانان لە پەرلەمانی كوردستان پێشكەش كراوە، لە ٢٠١٩/٨/٧ ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كراوە، لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ وەڵامیان داوینەتەوە بە نووسراویان (٩٣٨) كە ڕەزامەندیان دەربڕیوە لەسەر تەحەمول كردنی بارگرانی دارایی ئەو پرۆژە یاسایە و ئەم پێشنیازە یاسایە، ئێمەش لە ٢٠١٩/١١/١١ خستومانەتە بەرنامەی كارەوە، بەڵام ئێستا بەڕێزان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەیانەوێ ڕوونكردنەوەی زیاترمان سەبارەت بە داتاكانی پەیوەست بەم پێشنیازە یاسایە بدەنێ. لەبەرئەوە ئەو ماوەیەی كە دادەنرێ بۆ ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەكان ڕاپۆرتی خۆی لەسەر بنووسن كە ماوەی (٢١) ڕۆژە لەسەر ڕەزامەندی جێگری جەبناتان و بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاو ڕوونی زیاترمان هەبێ بۆ ماوەیەك كە لە دوو هەفتە تێ پەڕ نەكات بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان ماوەی نووسینی ڕاپۆرت دەست پێ ناكەین.

لەو ماوەیە چاوەڕێی ڕوونكردنەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەزارەتە پەیوەندارەكان دەكەین، ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیە كەلە ئەمڕۆ دەست پێ دەكات ڕوونكردنەوە و تێبینی ئەوانمان سەبارەت بە پێشنیازە پێ نەگەیشت ئەوا دەست بە ئەركەكانی خۆمان لە نووسینی ڕاپۆرت و خوێندنەوەی دووەم دەكەین، كاك عباس سەبارەت بە چیی؟ كاك عباس ئێمە بۆ خۆشمان دەزانین كە پەیڕەو ئێمە دەرفەتی ئەوتۆمان نییە لەوەی پێشنیازە یاسایەك دوای ئەوەی كە قبوڵ كراو بارگرانییە داراییەكەی یەكلایی بووەوە ئەم بابەتە حەقی ئەوەمان جارێكی تر بەناوی ناردنەوە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بینێرینەوە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە ڕوونكردنەوەی زیاترە.

سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی كە جگە لە مامۆستایان كە مافی ئەوەیان هەیە كە دابمەزرێن بە گرێبەست ماوەی خزمەتەكانیان وە ئایا ئەو ماوەیەی كە لە ڕابردوودا بۆیان ئەژمار بكرێ بە خزمەت یان نا چۆن خانەنشین ببن، ئەم بابەتانە مەسائیلێكن كە پێویستیان بە ڕوونكردنەوەی زیاترە، ئێمە كات بە ڕەزامەندی جەنابتان كات دیاری دەكەین بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی انشالله لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو وەڵامی ئەو ڕوونكردنەوانەمان پێ بدات ئەگەر وەڵامی پێ نەداین هەر لە سەر ڕەزامەندی جەبتان دەست بە پرۆسەی نووسینی ڕاپۆرت لەسەر پێشنیازە یاسایەكە دەكەین و زۆر سوپاستان دەكەین ئەگەر ئەمە بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیە كۆتایی بە كۆبوونەوەی ئەمرۆمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فایق حسن |
|---|---|---|
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی

چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٩\١٢\٤

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)
## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٩/١٢/٤

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فایق حسن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوارشەممە رێكەوتی (٢٠١٩/١٢/٤) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: پێكهێنانی لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان بەپێی حوكمی ماددەكانی (٢٨ و ٢٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.رێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی وەرزی دووەمی ساڵی یەكەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن دەست پێ دەكەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەبووان و ئامادەنەبووانی لیژنەكان لەگەڵ دانیشتنی پەرلەمان و هاوكات لەگەڵ بەرنامەی كار بۆ بەڕێزتان بخاتەڕوو، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەرنامەی كار

بە پێی حوكمی ماددە (٥) بڕگەی یەكەم و دووەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) و ماددەكانی (٤٧و٤٨و ٥٢و٥٤و ٥٥و ٥٦و٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٨) ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٩/١٢/٤ بەم شێوەیە بێت:

یەكەم/ خستنەڕوو و دەنگدان لەسەر پێداچوونەوەی چەند ماددە و بڕگەیەكی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای ب خاوەن كردنی ئەو زەویانەی كە لە سنووری شارەوانیەكان زیادەڕۆییان لەسەر كراوە لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق كە بە بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٩ ی سەرۆكایەتی

هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر داوای وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوزار و گەڕێنـدراوەتەوە بـۆ پەرلەمان.
دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پـرۆژە یاسـای مـاددەی هۆشـبەرەکان و کـارتێکەرە عەقلیەکـان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق بە پێی حوکمی بڕگەی (٤) ماددەی (٨٠ و ٨١) و بڕگەی (١) لە مـاددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٣/خسـتنەڕووی بیـرۆکەی بەڕێـز لەنـجە ابـراهیم عبـدالرحمن پەیوەسـت بە بەرز ڕاگرتنـی ڕۆژی جیهانی قوربانیانی جینۆساید بە پێی خاڵی دووەم بڕگەی (١) لە ماددەی (٤٩) پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
چوارەم/ خوێنـدنەوەی دووەمـی پێشـنیازە یاسـای ڕێکلامـی بازرگـانی لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتـی ٢٠١٩/١١/١٣ بەم شـێوەیەی خوارەوە بوو:
١/ دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢/ خوێنـدنەوەی بەرنـامەی کـار و پـوختەی دانیشـتن و نـاوی ئامـادەبووان و ئامـادەنەبوونی ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت بە بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣/ ڕوونکردنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی سەبارەت بە پرسیار و وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بەو پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارە بەڕێزەکان پێشـکەش کـراوە و خوێنـدنەوەی یەکەمیان بۆ نەکراوە.
٤/ دەست پێ کردنی بڕگەکان بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٥/ خوێندنەوەی یەکەم ئەو پێشنیازە یاسـایەکانەی پاراسـتنی بەرهەمە خۆماڵیەکـان لە هەرێمـی کوردستان ـ عیراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیـراق، بـیمەی کشـتوکاڵی لە هەرێمـی کوردسـتان ـ عیـراق لەگەڵ پێشـنیازە بڕیـار دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
٦/ دانان و ئاڵوگۆڕکردنی ژمارەیەك پەرلەمانتار لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بۆ پێکهێنـانی (٤) لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٢٨و ٢٩و ٣٤) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان ـ عیراق.
٧/خستنەڕوو و خوێندنەوەی بیرۆکەی هەردوو پەرلەمانتار بەڕێـزان جـوان یـونس ڕۆژبەیـانی و کاروان عبدالرحمن عبدالله.
٨/کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
نـاوی ئەو ئەنـدامانەی مـۆڵەت پێـدراون یـان بە بـێ مـۆڵەت ئامـادەنەبوون بـۆ دانیشـتنی (٧) ی ئاسایی خولی پاییزە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٣ :
١/ زیاد حسن ابراهیم/ مۆڵەت.

٢/ ڕێبوار رحيم عبدالله/ مۆڵەت.
٣/ زياد جبار محمد/ مۆڵەت.
٤/ سەرکۆ ئازاد حسين/ مۆڵەت.
٥/ کاظم فاروق نامق/ مۆڵەت.
٦/ هەورامان حمه شريف/ مۆڵەت.
ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادە نەبوون، ناوی لیژنەکان:
١/ لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت لە ٢٠١٩/١١/١٩:
همداد صباح بلال/ مۆڵەت.
٢/ لیژنەی دەستپاکی لە ٢٠١٩/١١/١٩:
ئومێد عبدالرحمن حسن، دابان محمد حسين، سەرچنار احمد مولود، ئەو بەڕێزانە مۆڵەتن.
٣/ لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە ٢٠١٩/١١/٢٠:
شێرکۆ جودت مصطفى، ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله/ مۆڵەتن.
٤/ لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەشتوگوزار لە ١١/٢٤/ ٢٠١٩:
نەجات شعبان عبدالله، سەرچنار احمد محمود/ ئەو بەڕێزانەش مۆڵەتن.
٥/ لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان ٢٠١٩/١١/٢٤:
پێشەوا طاهر مصطفى/ مم ابراهيم قانع/ روپاك احمد رحمن/ ئەم بەڕێزانەش مۆڵەتن.
٦/ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان ٢٠١٩/١١/٢٥:
دابان محمد حسين/ موژدە محمود محمد/ عثمان على سمايل/ ئەو بەڕێزانەش مۆڵەتن.
٧/ لیژنەی دەستپاکی ٢٠١٩/١١/٢٦:
شیرین امین عبدالعزيز، ئومێد عبدالرحمن حسن، سەرچنار احمد محمود/ ئەو بەڕێزانەش مۆڵەتن.
٨/ لیژنەی کاروباری تەندروستی ٢٠١٩/١١/٢٦:
زانا خالد اسماعيل/ مۆڵەت.
٩/ لیژنەی ژینگە و مافی بەکاربەر هیچ کۆبوونەوەیەکیان نەکردووە.
١٠/ لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان ٢٠١٩/١١/٢٦:
سلمه فاتح تۆفيق/ ئامادەنەبوو، جلال محمد عبدالله/ ئامادەنەبوو، گوليزار رشيد حاجى بدرى/ ئامادەنەبوو، ئازاد اكرم بهرم/ ئامادەنەبوو.
١/ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ٢٠١٩/١١/٢٦:
کاظم فاروق نامق/ مۆڵەت.
٢/ لیژنەی کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ ٢٠١٩/١١/٢٧:
ليلى عبدالجبار حدۆ/ مۆڵەت بەکاری لیژنە، زانا خالد سمايل، شيرين يونس عبدالله، همداد صباح/ ئەو بەڕێزانە مۆڵەتن.

١١/ لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠١٩/١٢/٢٧:
هەورامان حمە شریف، فاهیك كمال/ مۆڵەتن.
١٢/ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان ٢٠١٩/١١/٢٧:
کاوە عبدالقادر حسن، عبدالناصر احمد، هاوڕێ بناء محمد/ مۆڵەتن.
١٣/ لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە ٢٠١٩/١١/٢٧:
سەرکۆ ئازاد/ مۆڵەت، سۆران عمر/ مۆڵەت، جیهاد حسن/ مۆڵەت، ڕێبوار عبدالرحیم/ مۆڵەت.
١٤/ لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە ٢٠١٩/١٢/٢:
عوسمان کریم سوارە، بژار خالد عبدالله/ مۆڵەتن.
١٥/لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی ٢٠١٩/١٢/٢:
ادریس اسماعیل عبوش، محمد سعدالدین انور/ ئامادەنەبوو.
لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا ٢٠١٩/١٢/٢ :
فرید یعقوب ایلیا/ مۆڵەت.
١٦/ لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان ٢٠١٩/١٢/٣:
شیرین امین عبدالعزیز/ مۆڵەت.
١٧/ لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠١٩/١٢/٣:
کوردستان باقی سلیمان، یاسین خچر طه، محمد سلیم، هلز احمد محمد/ ئەم بەڕێزانە مۆڵەتن.
١٨/ لیژنەی کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە ٢٠١٩/١٢/٣:
زانا خالد سمایل، مم اسکندر مم، شادی انور/ ئەو بەڕێزانەش مۆڵەتن.
سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەرفەتی هەموو خاڵە پەیڕەوییەکانتان دەدەین، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ خۆتان دەزانن سەبارەت بە یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەویانەی لە سنووری شارەوانیەکان زێدەڕەویان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٩ دوودڵی و دڵەڕاوکێیەکی نا ئاسایی لەناو ئەو هاووڵاتیانە دروست بووە کە ئەگەری سوودمەند بوونیان لەم یاسایە هەیە، لە جیاتی ئەوانیش داواتان لێ دەکەم دەرفەت بدەن بڕگەی یەکەم تەواو دەکەین ئەگەر خاڵە پەیڕەوییەکانتان پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە نییە، ئەو بڕگەیە تەواو دەکەین دوای ئەوە بەڵێن بێ دەرفەتتان پێ ئەدەین هەمووتان قسەکانی خۆتان بکەن، دوای ئەوە دەرفەتتان دەدەین، کە چووینە سەر بڕگەی یەکەم هەر خاڵێکی پەیڕەوی لەسەر بڕگەی یەکەم هەبوو دەرفەت دەدرێن، ئێستا خاڵی پەیڕەوی ناوێ دوایی ڕێك بە سکرتێری پەرلەمان بڵێ، بەڕێزان دەرفەتمان بدەن بڕگەی یەکەم تەواودەکەین لە دوای بڕگەی یەکەم بەڵێن بێ دەرفەتتان دەدەینێ قسەکانی خۆتان بکەن، ئێستاش داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بێنە سەر مەنەسەکە، با ئەوان بێن بەسەرچاو، بەڕێزان پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمەوە هەیە؟ هەر بەڕێزێك نوقتە نیزامەکەی

پەیوەندی بە بڕگەی یەکەم هەیە وەری دەگرین، ئێستا کاک سیپان هی جەنابتان پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمەوە هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگورِی مادێ (٩٥) ل پەیڕەوێ ناوخۆیا پەرلەمانێ کوردستانێ، گرنگ بوو پرۆژە یاسا کو دەرکەتی و هاتی بۆ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ کو هاتیە ڕەت کرن، چەند بڕگەیەك بی ئان کولی هات بیتە رەت کرن، بۆ لیژنا پەیوەندیدار هات بـا ئاراستـە کرن وەکو لیژنا شارەوانی، ل ڤێرێ پرسیارا مە ئەوا بۆچی بۆ ڤێ لیژنێ نەهاتە ئاراستەکرن؟، دوهێ کۆمبونا لیژنا مە لسەر کر، ل بتەنێ کۆنبوونەکا شکلی بوو وتوبێژا لناڤ ئەندامێن لیژنەیی بوویە بەڵکو بال لیژنا یاسایی و راپۆرتا خۆ ئامادەکرن و ئاراستە وە ژێ هات بەرنامێ کار ژێ هات بووە دانان، من لڤێرێ بۆچی بۆ لیژنا تایبەتمەند نەهاتە ئاراستەکرن کو تێبینی خۆ جێگیر بکەین کو مە چەندی تێبینی لسەر هەبوون ل بەداخا ماف نەبوو جێگیر بکەین دناڤ ئەڤرۆ کو دەنگ لسەر دان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە گشتی لەسەر یەکەم کارنامەی دانیشتنەکەیە، دووەم هەندێ خاڵی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان باس دەکەم، یەکەم/ بە پێی ماددەی (٨٤) لە پەیرەوی ناوخۆ دەبێ دوای (٢١) رۆژ لە ئاراستە کردنی پێشنیازی یاساى ... بمبورە........... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری دەرفەتت دەدەم، ئەگەر پەیوەندی بەم خاڵە هەیە و بە بڕگەی یەکەم هەیە نوقتە نیزامیەکەت قسە بکە، دواتر بەڵێن بێ لە دوای تەواو کردنی ئەمە دەرفەتتان دەدەم هەر قسەیەکتان هەیە لەسەر ئەم پەیڕەوە، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٩٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبووایە کە ئەم یاسایە کە لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە گەڕایەوە بگەڕایەتەوە لیژنەی تایبەتمەند، چونکە بە پێی ماددەکە ناڵێ لیژنەی یاسایی، ئەڵێ لیژنەی تایبەتمەند، لیژنەی تایبەتمەند دەبووایە لە ماوەی (١٥) رۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بدایە دەست پەرلەمان و لە دانیشتنی یەکەم عەرزی ئەو ڕاپۆرتە بکرایە نەك بە لیژنەی یاسایی، ئەم ڕاپۆرتەی کە ئەمرۆ لەبەردەستمان دایە لیژنەی یاسایی ئامادەی کردووە، داوا کارین ڕوون کردنەوە بدەن لەسەر ئەم بابەتە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی تر، ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ١١/١٣ کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام دراو خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی یاسای بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست کرا، ماوەی دوو هەفتە مۆڵەت درایە حکومەت ئەگەر تێبینی هەبێ، تێبینیەکانی بڵێ، پاش ئەم دوو هەفتەیە لیژنە تایبتمەندارەکان ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن، بەڵام دەبینین ئێستا لە کارنامەی کۆبوونەوە هیچ برگەیەك نییە بەو ناوە، بۆیە داوای ڕوونکردنەوە دەکەین؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێی تر؟ کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٩٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم لەماوەی ئەم (١٥) ڕۆژەدا بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار کراو یاسا یان بڕیارەکانی بەشێوەیەکی کولی یان بەشێوەیەکی گشتی یان بەشێك ڕەد کردەوە، لەو کاتەدا دەبێ لیژنەی تایبەتمەند لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆی بنووسێ و پاشان لە یەکەمین دانیشتنی دوای تەواو کردنی ڕاپۆرتەکە دێتە ناو پەرلەمان، ئەم یاسایە کە یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەویانەی لە سنووری شارەوانیەکان زیادەڕەوی لەسەر کراوە، لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزارە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەم یاسایە دوای گەڕانەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند نەکراوە، ئێمە لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار دوێنێ لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆماندا بە زۆرینەی دەنگ ئەم ڕەخنەیەمان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بە نووسراوی ڕەسمی، بەڵام وەڵاممان نەدراوەتەوە، بۆیە من داوا دەکەم لەبەر ئەوەی ئەمە پێچەوانەی ماددەی (٩٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە ئەم گەڕانەوەی یاسایە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بکرێ و دواتر لە دانیشتنی دوای ئەوە بخرێتە بەرنامەی کار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم خاڵی پەیڕەوی دیاری کردووە، هیوادارم دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پابەند بێ بەوەی کە خاڵی

پەیڕەوی هەر کاتێك پشت بەستوو بوو بە یەکێك لە ماددەکانی پەیڕەو وەربگیرێ نەك، مەرجی ئەوەی کە بڕگەی یەکەم یان چەندەمە، بە پێی ماددەی (٨٤) لەپەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی یەکەم دەبێ لیژنە تایبەتمەندەکان لە ماوەی (٢١) ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر پڕۆژە یاسا و بڕیار و پێشنیار ئامادە بکەن، چەندین پڕۆژە یاسا و بڕیار لە لیژنە هەمیشەییەکانن پێچەوانەی ماددەی (٨٤) ی پەیڕەو کە کاتەکەی تێ پەڕیوە و هیچ نەکراوە، بە پێی بڕگەی (٤) ی هەمان مادده ئەگەر لە ماوەی دیاری کراو لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرتیان ئامادە نەکرد لەسەر ئەو پێشنیاز و پڕۆژە و بڕیارانەی کە هەیانە، بەڕێز جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان ئاگاداری ئەو لیژنەیە دەکات کە ماوەی چوار ڕۆژ لە گەیشتنی ئاگادارییەکەوە دەبێت ڕاپۆرت ئامادە بکرێ، ئەگەر هەر نەبوو ئەوا هۆشداریان دەداتێ و بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان لەو بارەوە یەك لا کەرەوە دەبێ ئایا ئەمە کراوە یان نەکراوە؟ بە پێی ماددەی (٣٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ حکومەکانی چۆن بەسەر ئامادەبوونی پەرلەمان جێ بەجێ دەکرێ، دەبێ بە سەر ئامادەبوونی لیژنەکانیش جێ بەجێ بکرێ کە نەکراوە، ماددەی (٣٧) لە پەیڕەو باس لەوە دەکات ئەگەر بۆ سەرۆکایەتی ڕوون بوویەوە یەکێك لە لیژنە هەمیشەییەکان کەمتەرخەمن لە کارەکانی دەتوانێت لە هۆکارەکەی بکۆڵێتەوە و هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ کاراکردنی لیژنەکە ئەگەر نەیتوانی ئەندامی نوێ بۆ لیژنەکە دەست نیشان دەکرێ ئایا ئەمە کراوە یان نا؟ چونکە پرۆسەی یاسادانان زۆر سست دەڕوات لەم پەرلەمانە کە چەندین پرۆژە و پێشنیاز خوێندنەوەی بۆ کراوە بە پێی ماددەی (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ بڕگەی (٣) خاڵی (١) ناوی ئامادەنەبووان هەر لێرە ناخوێندرێتەوە ئامادەبوو و ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت دەبێ بخرێتە سایتی پەرلەمان و ئەمەشمان بە نووسراو لەگەڵ هاوڕێم کاك دیاری پێشکەش کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، وەڵامی هەندێکیان بدەینەوە ئەوانی تر وەربگرین دواتر؟ ئێمە سەبارەت بەوەی کە بۆ نەمان ناردووە بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان، ئێمە سەیری ئەو حاڵەتانەی تری ڕەد کردنەوەی یاساکامان لەلایەن بەڕێزان لەسەرۆکایەتی هەرێم لەلایەن سەرۆکی هەرێم کرد، چەند حاڵەتێك هەیە، حاڵەتێك ئەوەیە کە ئەوان خۆیان تەفاسیلەکە نانێرن، ووردکارییەکە نانێرن، تەنها باسی ماددەکە دەکەن، ئاماژە بە ماددەکە دەدەن، لەو حاڵەتەدا چی کراوە، گەڕێنراوەتەوە بۆ لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئەوەی ئیعادەی سیاغەی بکاتەوە، ئەمە یەك، دوو/ ئەگەر بە گشتی ڕەد کرابێتەوە خراوەتە دەنگدان پەرلەمان وەکو ئەوەی لە پەیڕەوەکەشدا هاتووە ئەگەر دەنگی لەسەر دابێ وەکو خۆی ئەوا جارێکر تر وەکو خۆی یاسایەکە پەسەند بووە و ئەوە یەکلاکەرەوەیە و ناگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام ئەم حاڵەتەی کە ئێستا لەبەردەستی جەنابتانە ڕەدکردنەوەی کولی نییە، پێداچوونەوەیە بە چەند ماددەیەکی ناو یاسایەکە، وە بەدیاری کراوی تەفاسیلی داواکارییەکە چییە داوایان کردووە بە وازحی، بە تەنها ناوی ماددەکەیان نەهێناوە، کە دەڵێ ئەم دەستەواژەیە دەگۆڕێ بۆ ئەم دەستەواژەیە، هەر بە گوێرەی ئەم پەیڕەوەی لەبەردەستی بەڕێزتاندایە، ئێمە بەرنامەی کارەکەمان داناوە و نووسیومانە

خستنەڕوو و دەنگدان، واتا لیژنەی یاسایش حەقی ئەوەیان نەبووە هیچ دەستکاریەکی ئەو موقتەرەحاتانە بکەن کە بە ووردکاریەوە لەناو ڕەدکردنەوەکەی بەڕێزان لەسەرۆکایەتی هەرێم هاتووە.

ئێستا ئێمە کە دەچینە سەر خستنەدەنگدان یەك یەك دەستەواژە، دەستەواژە، ووشە ووشە، لە پێشا جەنابتان هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆتان هەیە قسەی لەسەر بکەن، ئینجا ڕەئی لەسەری دەدرێ، خۆ ئەگەر بهاتایە بە تەنها ناوی ماددەکە بهاتایە و بوترایە ئەم ماددەیە پێداچوونەوەی پیا بکرێ، ئەوا دڵنیا بن دەمان گەڕاندەوە بۆ لیژنەی شارەوانی و دەمان گەڕاندەوە بۆ لیژنەی یاسایی و کۆبوونەوەی هاوبەشیان دەکرد و ڕاپۆرتی هاوبەشیان دەبوو، بەڵام ئێستا ئەوەی لەبەردەستی جەنابتان دایە و ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە بە یەك وشەش ڕەئی لیژنەی یاسایی تێدا نییە، بە تەنها خستنەڕووی ئەو تەفاسیلەیە کە سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی داوای دەکات، خۆ ئەگەر جەنابتان قسەیەکتان لەسەری هەیە ئەوا لەم هۆڵە دەتوانن قسەی خۆتان لەوبارەیەوە بکەن.

سەبارەت بەوەی ڕوپاك خان و ئەوەی کاك سۆران عمر، ئەوەی هەر بەڕێزێکی تری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسەی لەسەر دەکەن سەبارەت بە پرۆسەی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان، ئێمە دەمانویست ئەم بابەتە بخەینە دوای پەسەند کردنی ئەم بڕگەیە، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی کاتی زۆر بەسەر نەچێ و مادام جەنابتان قسەتان کرد ئێمەش قسەکانی خۆمان دەکەین، لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە دوو وەرزی یاسادانمان تەقریبەن وەرزی دووەمیش خەریکە تەواو دەبێ، وەرزی یەکەم، وەرزی خۆ ڕێکخستنەوە دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان بووە، بەشێکی زۆری ئەو پرۆژە یاسایە و پێشنیازە یاسا و بڕیارانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە ڕەهەندی داراییان هەبووە، لەبەرئەوە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو لەگەڵ بەڕێزان جێگر و سکرتێر نەیانتوانیوە ئەوانە بخەنە بەرنامەی کار لەبەرئەوەی دەبوو بینێرن بۆ حکومەتێك کە ئەم پەرلەمانە متمانەی پێدابێ ئەو حکومەتەش نەبووە تا ئەوان بۆی بنێرن، ئێمە بەر مەبنای ئەمە (٣١) پرۆژەی وەرزی پێشوو بۆ مابۆوە، پێکەوە کە دانیشتووین شەن و کەومان کردووە، ئێستاش (٢٣) پرۆژەی ئەم وەرزەمان هەیە، من حەز دەکەم بە تەفسیلی بۆتان بخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکەم کە ئەوە دەستەی سەرۆکایەتی نییە کە هۆکاری پرۆسەی دواخستن و با بڵێین بە خواستی دڵ نەرۆیشتنی پرۆسەی یاسادانانە، بە رەقەم بۆتان دەخوێنمەوە (٣١) پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا و بڕیاری وەرزی بەهارە هەبوو، (٢٣) ی وەرزی پاییزە، (٢٢) پێشنیازە یاسا و بڕیار بە پێی ماددەی (٧٩) نێردراوە بۆ حکومەت، ئەمانە کامانەن، سێیان بە تەنها بۆ پاشەکەوتی مووچە، پێنج بۆ سلفەی عەقار و قەرزی بچووك، ئەمانە هەموویان یەك بابەتن، بەڵام بە ژمارە ژمارەن، دووان بۆ موخەسەساتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکان، ئەمانە لە ژمارەدا زۆرن، بەڵام لە بابەت دا یەك بابەتیان هەیەکە ئێمە ناردوومانە بۆ حکومەت دوانزە دانەیان وەڵاممان بۆ هاتووە، هەندێك بە رەتکردنەوە، هەندێك دەڵێن ئیستێك بکەن مەعلوماتمان دەوێ، هەندێك ئیحالەی

وەزارەتێك دەكەن دەڵێن دەبێ عەدەدمان بداتێ، بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٨/٩٠) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠، ئەوانی تر وەڵاممان بۆ نەهاتۆتەوە، ئەوە بۆ گوێرەی ماددەی (٧٩، ٢٣) پێشنیازە یاسا و بڕیار خوێندنەوەی یەكەمی لەم وەرزە بۆ كراوە، بەڕێزان بیوورن لەم وەرزە و وەرزی پێشوو، پێنجیان بوو بە یاسا و بڕیار، حەوتیان لە ٢٠١٩/٩/١٧ خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە، واتا (٧٧) ڕۆژ بەسەریان داتێ پەڕیوە لای لیژنەكانە و بە گوێرەی ئەم پەیڕەوەش ئەبوو لە دوای (٢١) ڕۆژ لیژنەكان كۆبوونەوە بكەن راپۆرت بدەنە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، شەشیان لە ٢٠١٩/١٠/٢٣ خوێندنەوەیان بۆ كراوە (٤٢) ڕۆژیان بەسەردا تێپەڕیوە، دوانیان ٢٠١٩/١٠/٣٠ خوێندنەوەیان بۆ كراوە (٣٤) ڕۆژیان بەسەردا تێ پەڕیوە، سیانیان لە ٢٠١٩/١١/١٣ خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە (٢٢) ڕۆژیان بەسەردا تێ پەڕیوە.

پێنجەم/ ئەمە فەقەرەیەكی ترە، دوو دانەیان پەیوەندیان بە داواكاری گشتییەوە هەبووە هەردووكیشیان لە ناوەڕۆكەكەیان دا دەڵێ جیاكردنەوەی دامەزراوەی داواكاری گشتی لە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن و لكاندنی بە دەسەڵاتی دادوەری یان ئەنجومەی دادوەری، ئێمە موئەسەسەیەكی لە دەسەڵاتیك دەكەینەوە بە دەسەڵاتێكی تری ئەنوسێنین بە قانون، لەسەر ئەو بنەمایە لیژنەی یاسایی ئاراستەی هەردوو دەسەڵاتەكەیان كردووە، بۆ ئەوەی ڕای خۆیانی لە بارەوە بڵێن، پرۆژەی پێشنیازە یاسای مرۆڤسازی لەلایەن وەزارەتی پەروەدەوە رەتكراوەتەوە، پاراستنی مامۆستایان و ڕێبەرە پەروەردەییەكان دووان بوون، هەردووكیان ئیحالە كراون لەسەر داوای لیژنەی تایبەتمەند بخرێنە ناو یاسای پەروەردەی هەرێمی كوردستان كە تا ئێستا نیمانە و وەزارەتی پەروەردە خەریكی ئامادەكارییە بەوەی ببێتە پرۆژەیەك و بێتە پەرلەمانی كوردستان.

دەزگای كۆنترۆڵی جۆری و ماف و ئەركی نەخۆش و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەسەر داوای لیژنەكانی پەرلەمان جارێكی تر نێردراونەتەوە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان كە كۆی ئەمانەش دەكاتە هەشت پرۆژە، یەعنی دەبێ بەڕێزتان ئەو ڕاستییە بزانن، كە هیچ پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسایەك ئێستا لەبەردەستی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دا نییە تاوەكو هیچ گلەییەك لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكرێ، هەمووی لە مەیدانی لیژنەكانی پەرلەمانە، بەڕێزان بە گوێرەی ماددەی (٣٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ (١٠) ئەندام یان هەر فراكسیۆنێكی پەرلەمانی دوای (٤٥) ڕۆژ لە تێ پەڕبوونی خوێندنەوەی یەكەم بەسەر پرۆژەیەك دا دەتوانن داوای ڕوونكردنەوە لە لیژنە بكەن، دەبوو داوابكرێ، بە گوێرەی ماددەی (٤٢) دەتوانن داوا لە سەرۆكی پەرلەمان بكەن بۆ ناردنی وەزیر بۆ لیژنەكان، ئەگەر ئەشكالتان ئەوەیە دەتانەوێ ڕەئی حكومەت بزانن دەبێ داوایەك لە سەرۆكی پەرلەمان بكەن بۆ ئەوەی داوا لە بەڕێزان لەئەنجومەنی وەزیران بكات وەزیرەكان بێنە پەرلەمان بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، بە گوێرەی ماددەی (٨٤) بەڕێزان لە پەیڕەوی ناوخۆ كە ئێستا لەبەردەستی بەڕێزتانە لیژنە لە نووسینی ڕاپۆرت دا دەتوانێ لەگەڵ كی َهاو ئاهەنگی بكات، لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی دەوڵەت

کە پێویستی پێیانە و پێویستی بە ڕەئیانە، لیژنەی تایبەتمەند دەتوانێ بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە، یان پێشنیازی یاساو بڕیارەکان هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار بکات.
ئێمە بەشێکی زۆر لەو پرۆژانە و پێشنیاز و بڕیارو یاسایانەی کە دەینێرنەوە بۆ حکومەت، پشت بە ماددەی (٧٩) دەبەستین لە کاتێك دا ماددەی (٧٩) ڕەهەندی داراییە، ئەسڵ ئەوەیە بەڕێزان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر داوای لیژنە تایبەتمەندەکان بێنە ناو لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، هیچ وەزیرێکیش بە ئێمەی نەوتووە ئێمە ئەگەر ڕاپۆرت بنووسرێ نایەین بە دەلیلی ئەوەی کە چەند وەزیرێك کە داوایان لێکراوە بۆ ڕاوێژکاری بۆ ڕاپۆرت، هاتوونەتە لیژنەکان، لەبەرئەوە ئێمە دەبێ لەم ڕووەوە خۆمان ڕێك بخەینەوە.
سەبارەت بە پرسیارەکانی جەنابتان کە هەر پێشتر.، ببورن دەمویست ئیزافەیەك بکەم لەسەر ئەوە کە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان جەختی لە لیژنەکانی پەرلەمان کردووەتەوە بۆ نووسینەوەی ڕاپۆرت، نووسراوەکە لەبەردەستی بەڕێزیانە، ئیحتساسی جەنابیان ئەوەیە کە موتابەعەی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمان بکات، ئەرکەکەی خۆی بەجێ هێناوە، لەوەی نووسراوی جەخت کردنەوەی بۆ لیژنەکانی پەرلەمان نووسیوە، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە کاتی خۆیدا، سەبارەت بە پرسیارەکانتان، بەڕێزتان (١٥٠) پرسیارتان ماوەی یاسایی لەسەر تێ پەڕیوە، پرسیار زیاتر ئاراستە کراوە، بەڵام ئەو پرسیارانەی کە (٢١) ڕۆژیان لەسەر تێ پەڕیوە (١٥٠) پرسیارن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانمان ڕاسپارد بوو لەگەڵ کاروباری پەرلەمان ئامادەکاریەکی زۆر باشیان کردووە، هەمووی لەبەردەستی ئێمەیە ئەگەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان بیەوێ دەتوانێ تەفاسیل وەربیگرێ، (٨٦) پرسیار وەڵام دراوەتەوە، (٦٤) پرسیار تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، بەڕێزان، لە جیاتی ئەوەی بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان بڵێن حکومەت وەلاممان ناداتەوە، ئەگەر سەیری ئەم پەیڕەوە بکەین.
ئالەتێکی تر میکانیزمێکی تر هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر وەڵامی پرسیارێکتان لە وەزیرێکی بەڕێز لە کاتی خۆیدا دەست کەوت قسەی خۆتانی لەبارەوە بکەن، بەڕێزتان زۆربەتان پەیڕەوەکەتان لەبەردەستە سەیری ماددەی (٧٠) بکەن، ئەو مەرجانەی لە پرساندندا هەن، هەمان ئەو مەرجانەن کە لە پرسیار دا ئاماژەیان پێدراوە بە پابەندبوون بە خاڵەکان یەك، دوو، سێ، ئەوەی کە وەڵامی نادرێتەوە لە کاتی خۆیدا پرسیار قۆناغی یەکەمی پرۆسەی چاودێرییە، بەڵام ئەم پەیڕەوە دەسەڵاتی داوە بە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بڕۆن بۆ پرۆسەیەکی تر، سەرباری ئەوەش کە جەنابتان خۆتان ئەوەتان نەکردووە، ئێمە سکرتێری پەرلەمانمان ڕاسپاردووە ژمارەی هەموو ئەو پرسیارانەی کە وەڵام نەدراونەتەوە و ژمارەکەیان (٦٤) پرسیارە بە نووسراوی جەخت کردنەوە لە هەفتەی پێشوو جارێکی تر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ناردووەتەوە، چاوەڕوانیمان ئەوەیە وەڵاممان بدەنەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەو شێوەیە بەڕێوە بچێ کە هەموومان خواستمانە، سەبارەت بە پرسیارەکەی ڕوپاك خان، ئێمە وەکو وتم (٢٣) پرۆژەمان هەیە (٢١) ڕۆژی بەسەردا تێ پەڕیوە، یەکێك لەوانە پرۆژەی یاسا یان پێشنیازە بڕیاری گرێبەستەکانە، هیچ شتێکی ئەو بابەتە لەلای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نەماوە، لەبەرئەوەی بە

نووسـراوێك كە لە رۆژی ٢٠١٩/١١/١٤ ئاراسـتەی لیـژنەی یاسـایی کـراوە، ئێسـتا ئەو بـابەتە لەلای لیژنەی یاساییە، حکومەت وەڵامـی داوەتەوە لەو کـاتەی خۆیـا کە دەبـوو لە دوو هەفـتەدا وەڵام بداتەوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی بەڕێز ئەو وەڵامە قەناعەتیان پێی نییە، یـان دەیـانەوێ بەردەوام بـن، هـیچ ڕێگـریەك لەلایەن دەسـتەی سـەرۆکایەتییەوە نیـیە، بـۆ ئەوەی لیـژنەی تایبەتمەنـد ئەرکەکانی خۆی وەکو پێویست بە جێ بهێنێ، سوپاستان دەکەین و ئێستا دەچینە سـەر بـڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار، فەرموون.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ماددەی (٧٩) کرد لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە پێی ئەم ماددەیە پرۆژە پێشنیازی بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەسـتتان نـاردووەتەوە بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردستان، ماددەی (٧٩) لە .......... .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری من وام نەوتووە، نانا وام نەوتووە، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابتان واتـان فەرمـوو، باشـە مـن پرسـیار دەکەم، بە چ خـاڵ و بـابڵێین مـاددەیەکی پەیـڕەوی پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەستتان بۆ جاری دووەم ناردووە بـۆ حکـومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێك دا لە نێو پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان دا تەنها لەیەك بـڕگەدا لە مـاددەی (٧٩) بـڕگەی چـوارەم ئامـاژەی بەوە کـردووە دەڵـێ (پێویسـتە لە کـاتی دەرچوواندنی ئەو یاسا و بڕیارانەدا ڕەچاوی بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت بکرێت) لە کاتێك دا پێش خوێندنەوەی یەکەم، نێردراوە بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ڕەزامەنـدی دەربڕیـوە بـۆچی دوای خوێنـدنەوەی یەکەم لە کاتێـك دا کە ئێـوە کـاری خۆتـان کـردووەو ناردووتـانە بـۆ لیـژنەی یاسـایی، لە (١٤) ی مانـگ ناردووتـانە و لە (١٧)ی مانـگ گەیشتووەتە دەست لیژنەی یاسایی، بەڵام بۆ لیژنەی یاسایی کاروبارەکانی بابڵێین کۆبـوونەوەی لەسەر نەکردووە و ڕاپۆرتی ئامـادەنەکردووە، بە چ بـڕگە و مـاددەیەك لە نێـو پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان ناردووتانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، ئەمە خاڵێـك، خـاڵێکی دیـکە کە دەمەوێ باسی بـکەم بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، بە پێـی مـاددەی (٥٠) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ببورە (٥١)، لە بـڕگەی (٣) دا دەڵـێ، ڕۆژانـی سـێ شـەممە و چـوار شـەممە تایبەت دەبێ بە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردسـتان، بەڵام لەم وەرزی یاسـادانان دا پەرلەمـانی کوردستان تەنها هەشت دانیشـتنی ئەنجـام داوە، پرسـیارەکە ئەوەیە بـۆ نـاکرێ، ئەگەر لیژنەکـان بەس لەم وەرزی یاسادانانە گەر (١٢) پێشـنیازە یاسـا و پـرۆژە یاسا خوێنـدنەوەی یەکەمیـان بـۆ کراوە، بۆچی لیژنەکان (١٩) بێت؟ بۆچی لیژنەکان تاوەکو ئێستا ڕاپۆرتیان ئامادە نەکردووە و بـۆ

ئەوەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت؟ بۆ ڕێکاری پەیڕەوی ناگردرێتە بەر؟ خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە لەلام بیلێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەندێ جار ئێمە دەمانەوێ باس لە ئازار و کێشەی خەڵك بکەین، ئەگەر ئەم پەیڕەوە ڕێگریمان لێ بکات، ئەگەر ئازار و معاناتی خەڵك لە نێو ئەم پەرلەمانی کوردستان باس نەکەین، بە نموونە من مزایەدە ناکەم، فەرمانبەرێکی گرێبەست تەلەفون بۆ من دەکات دەڵێ، من مانگی بە (١٧٥) هەزار فەرمانبەرم، دوو منداڵم هەیە و کرێچیم، تکا دەکەم شتێکمان بۆ بکەن ئەو پرۆژە یاسایە تێ پەڕێ، ئەگەر من خاڵی پەیڕەوی لێرە ڕێگەم پێ نەدات چی بکەم؟ بۆیە داوا دەکەم کە چارەسەرێکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە بدۆزنەوە کە بتوانین ئەو کێشانەی پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە کێشەی ........ .

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەست خۆش گەیشت کاك دیاری، وازحە، لەڕاستی دا ناردنەوەی پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی گرێبەستەکان ئەم بابەتە زۆر زۆر ڕووبەڕووی ئێمە دەکرێتەوە، بەڕێزان ئێوە سەیری ئەو پێشنیازە بڕیارەتان کردووە؟ ئەوانەی واژوویان کردووە؟ حەز ناکەم هیچ شتێك بڵێم لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام لە ئێوە زیاتر ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی لە خەمی ئەوەین ئەم کێشەیە چارەسەر ببێ، بڕوا ناکەم لەناو ئەم هۆڵە بە (١١١) ی ئەوەی ئێستا ئامادەیە هیچ ئەندامێکی پەرلەمان هەبێ یەکێك لە خواستە سەرەکییەکانی لەم وەرزی یاسادانان ئەوە نەبێ کە ئەو ببێتە بڕیار و فەرمانبەرانی گرێبەست لەو دوو دڵییە تێ پەڕن، ئێمە لە گەڵ حکومەت دەمانەوێ هەم ئاهەنگ بین، پێکەوە بین، کاری هاوبەش بکەین، بە هاوسەنگی پرۆسەکە بەڕێوە ببەین، ئەگەر حکومەت تەنها داوای دوو هەفتە بکات، یان حکومەت داوای ماوەیەك بکات، بۆ ئەوەی وەڵامێکی ئیجابیمان بداتەوە، ئێمە کە بڕیارەکەمان دەرکرد ئەوان جێ بەجێ ی بکەن ئەم کێشەیەی کە فەرمانبەرێکی گرێبەست ماوەی چەند ساڵە هەیەتی بە دوو هەفتە چارەسەر دەبێ، ئەو منم تەحەمولی ئەو خاڵەم کرد کە جەنابتان پێتان وایە ناپەیڕەوییە و بەرپرسیاریەتەکەی تەحەمول دەکەم ئەوەتا جەنابتان پێمان دەڵێنەوە، بەڵام لە دوێنێوە ئەو دوو هەفتەیە تەواو بووە، لە دوێنێوە ئەو دوو هەفتەیە تەواو بووە، ئێمە ئەگەر دوو هەفتە دوامان خست بێت خۆ پرۆسەی خوێندنەوەی یەکەممان دوا نەخستووە، ئێمە بە یەکەوە موتەفق بووین لەسەر ئەوەی مادام لە بەرنامەی کارەو خوێندنەوەی یەکەمی دەبێ بۆ بکرێت، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئیحالە دەکرێ بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان لەگەڵ بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان، دەیان پرۆژە هەیە (٧٧) ڕۆژی بەسەرداچووە، پەنجا ڕۆژی بەسەرداچووە، وانییە! پرۆژەی گرنگیشن پەیوەندیشیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، هیچ ئیشکیشیان لەلایەن لیژنەکانەوە لەسەر نەکراوە، کەسیش باسی ناکات، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بەرپرسین لە ژیانی فەرمانبەرانی گرێبەست، بەرپرسین لە ژیانی کرێکارێك، هاووڵاتییەك، خاوەن پێداویستییەکی تایبەت، وەکو یەك، بەڵام ئێمە بڕیارمان داوە پەیوەندیەکی هاوسەنگمان لەگەڵ حکومەت هەبێ، ئەو دوو هەفتەیە پەیوەندی بەو بەڵێنەوە هەیە کە ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی داومانە دەمانەوێ پەیوەندیەکی تەندروستمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی

کوردستان هەبێ، لە ئێستادا ئەم بابەتە لەلای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نەماوە، ئەو ماوەیەشی کە باسمان لێوە کردبوو تەواو بووە، فەرموون ئەسپی خۆتان تاو دەن لە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان چ بریارێکتان دا چیتان کرد بە ڕاپۆرت هێناتان بۆ ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەگەر نەمان خستەوە بەرنامەی کار ئەو کاتە ئەوانە دەتوانن قسەیەکی تر بکەن، دەتوانن شتێکی تر بڵێن، بەڵام ئەگەر ڕاپۆرت نەیەتە بەردەستی ئێمە، ئێمە چی بکەین؟ هیچ شتێك نەهاتۆتە بەردەستی ئێمە، دوو/ حکومەتیش ئەم بابەتەی ڕەد نەکردووە، ڕەفزی نەکردووە بڵێ قبوڵمان نییە و ڕەفزی دەکەین، ئێمە داوامان لێ کردوون لە کاتی خۆیدا ئەم ئیشە بکرێ، ئێستا وەڵامێکی ئێمەیان داوەتەوە، ئێوە خۆتان ئازادن چۆن چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە دەکەن، پێشتریش شەش هەزار دامەزراوە، ئومێدی ئێمە ئەوەیە حکومەت ئەگەر ئەمەش نانێرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان خۆی ئەوانی تریش دابمەزرێنێ بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران، ئامانج لای ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئامانج لای ئەندامانی پەرلەمان خزمەت کردنی خەڵکە، میکانیزمەکە هیچ گرنگ نییە، ئیختیار کردنی میکانیزمەکەش هیچ گرنگ نییە، داوا دەکەم ئەم بابەتە لە بابەتێکی ئەوەی کە وەکو ریکلامێك بەکاری بهێنین، واز لەمە بێنین و بیکەین بە بابەتێکی نیشتمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆی ئەو وەڵامەی کە ئێمە دەمانەوێ لە کاتی خۆی نەهاتۆتەوە بڵێ بیکەن، بەڵام نەشی ووتووە مەیکەن، ئەرکەکە لە ئەستۆی جەنابتانە، بڕۆینە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار؟ دەرفەت دەدەمە کاك د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٩٥) پشتگیری لە هەڤاڵانم کاك لوقمان و کاك سیپان و سەرچنار خان دەکەم، بەڵام وەڵامدانەوەی بەڕێزتان سەبارەت بەوەی کە لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی یاسایەکە کولی نییە جوزئیە، بۆیە بۆ لیژنەی یاسایی ڕۆیشتووە، بەڵام لە هەمان ئەو ماددەیەدا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەڵێ کولی بێ یان جوزئی بێت بە گشتی بێت یان، واتا بەشێکی بێ هەر دەبێ بێتەوە لیژنەی تایبەتمەند، کەواتە لێرە ئێمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانمان جێ بەجێ نەکردووە بۆ ناردنی لیژنەی تایبەتمەند، کەواتە ئێمە وەکو لیژنە لە لیژنەی شارەوانییەکان دەبوایە ئەوان لەسەر مەنەسە بن بۆ ئەوەی تاوتوێی ئەو بابەتە بکەن لەگەڵ ئێوەدا و لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە، کە دوێنێش کۆبوونەوەمان کردووە، ئێمە تاوتوێی کۆبوونەوە و ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییمان کردووە، ئایا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەکرێ لیژنەی تایبەتمەند تاوتوێی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بکات؟ ئەگەر ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کار بە پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان نەکەین، چۆن دەتوانین حکومەتیش مولزەم بکەین کە یاسایەکانی ئێمە جێ بەجێ بکەن؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من نەموت ئەگەر جوزئی بوو نابێ بگەڕێتەوە، وتم ئەگەر تەفاسیلی تیا نەبوو، حاڵەتەکانی تر ئەگەر سەیر بکەن، جەنابتان بڕۆن بۆ پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەرشیفەکان، دەبینن

حاڵەتەكانی ڕەدكردنەوە پێشتر بە مادده ناوی هاتووەبە بێ ئەوەی بڵێ چیم دەوێ لە ماددەكە؟ دەڵێ ماددەی ئەوەندە و ئەوەندە پیا چوونەوەی پیا بكرێ، بۆیە ئەو كاتە نێردراوە بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بەڵام ئەگەر تەفاسیلی خۆی داوە، سەرۆكایەتی هەرێم دەڵێ چیم دەوێ، ئێمە دەیخەینە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان بۆ تاوتوێ نەك بە تەنها لیژنەی تایبەتمەند، بەڵێ كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت بەڕێزت كۆمەڵێك ڕوون كردنەوە لەبارەی لیژنەكان و لە بارەی شێوازی پرسیاریش دا، بەڵام وا بڕیار بوو لە دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بەڕێز سكرتێری پەرلەمانی كوردستان كۆی پرسیارەكان بە داتا و بە وردەكاری بڵاوبكاتەوە، هەم بۆ ئێمەش و هەم بۆ كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی ڕابگەیەنێ، من بە پێویستی دەزانم چەند پرسیارێك بكەم و چەند وردەكاریەك بخەمەڕوو، لیژنەمان هەیە تا ئێستا بە شێوەی یاداشت چەندان جار داوامان لە وەزارەتەكان كردووە كە وەڵام وەربگرین بەهۆی (كتابنا كتابكن) بیست ڕۆژ نا مانگێكیشی پێچووە تا ئێستا وەڵامەكەیمان وەرنەگرتووەتەوە، لە هەمان كات دا جار هەبووە لەسەر یەك پرۆژە یاسا ئێمە زیاتر لە چوار جار ڕەئی حكومەتمان وەرگرتووە، من تێ ناگەم بۆچی ئەوەندەمان پێویستە، بە شەفەهی ڕەئی حكومەتمان وەرگرتووە، ڕەئی سەرۆكایەتی پەرلەمانمان وەرگرتووە، بە نووسراویش وەرمان گرتووە، هێشتا دەبێ دووبارە بینێرینەوە بۆ حكومەت و ڕەئی حكومەت وەربگرین، ئایا بەڕاستی ئەمە وەكو پەرلەمانی كوردستان بە كام ماددەی پەیڕەوی مولزەمین بەو هەموو یاداشت و یاداشتكاریە كە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان تا بتوانین پرۆژە یاسایەك لە لیژنەكان تێ پەڕێنین و ئیشی خۆمانی لەسەر بكەین، بە نیسبەت پرسیارەكانەوە ئەگەر دیقەت بدەین لە ماددەی (٦٠) لە بڕگەی یەكەم و دووەم و بڕگەی سێیەم زۆر بە وازحی ڕوونكراوەتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم زیاتر لە (٣٠) پرسیارم ئاراستە كردووە، وەڵامی دوو پرسیارم وەرگرتووەتەوە تا ئێستاش، بەشێكی زۆری نەك هەر زۆریان، زۆربەی زۆریان مودەی یاسایی خۆی تێ پەڕاندووە، لە هەمان كات یەكێ لە پرسیارەكان وەڵامەكەی ئەوە بووە كەئەنەما پەیوەست نییە بە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، ئایا بەڕاستی ئیشی ئێمە ئەوەیە كە تەنها جەنابت ڕوونت كردەوە و وەكو خۆت فەرمووت كە دەكرێ بچینە مەرحەلەی دووەمەوە، بەڵام مەرحەلەی یەكەمیشت ئەوەیە كە وەڵامی پرسیارەكان وەربگرینەوە، ئەگەر قەرارە كە وەڵامی پرسیار وەرنەگرینەوە بۆچی ئەسڵەن پرسیار ئاراستە دەكەین، ئەگەر قەرارەكە لە لیژنەكان ناتوانین هیچ شتێك بكەین، بۆچی ئەسڵەن یاداشت ئامادە دەكەین، بۆیە من پرسیار دەكەم ئایا ئەگەر لیژنەیەك لە مودەی یاسایی خۆی تێ پەڕی و نەیتوانی ڕاپۆرتێك بداتەوە بە لیژنەی یاسایی كە جگە لە گەنگەشەی یاسایی شتێكی تری نامێنێ، ئیجرائاتی سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆچی ناكرێ، بۆچی ئێوە كە وەكو جەنابت خۆت فەرمووت یەك دنیا مەشاكلمان هەیە لە لیژنەكان هێشتاش ئەوەی كە لیژنەكان بۆچی بانگ ناكرێن و وردەكاریەكان.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەبارەت بە ئیجرائات دەرفەت دەدەمە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان، بۆ ئەوەی قسەی خۆی لەو بارەیەوە بكات، كاك هێمن فەرموو.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، بەپێی پەیڕەو بەدواداچوون و كاری لیژنەكان كە ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی كارەكان پێكەوە دەیكەین، بەڵام زیاتر ئێمە لەسەر خەتین لەگەڵیان، ئێمە بە پێی پەیڕەو مامەڵەمان لەگەڵ دا كردووە، بۆ هەڵسەنگاندنی تەواوی لیژنەكانیش ئەگەر بە بیرتان بێ چەندین كۆبوونەوەتان لەگەڵ كراوە لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەكان، بۆ ئەوەی لە میزاج دەرنەچین پابەندی ئەم پەیڕەوە بین، لەگەڵ خۆتان ڕێككەوتین لەسەر كۆمەڵێك پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی كاروچالاكی لیژنەكان، ئێمە لە وەرزی یەكەمیش نەتیجەی بە پێی پێوەر بۆ تەواوی لیژنەكانمان ناردووەتەوە و دوایی كۆبوونەوەمان لەگەڵ خۆتان كردووە، لەگەڵ ڕاوێژكارەكانیشتان و لەگەڵ سكرتاریەتی لیژنەكانیشتان كە ئایا بەم پێوەرانە ڕازین یان ڕەئیتان هەبووە لەسەر پێوەرەكان، هەندێ لیژنە بە تایبەتی لیژنەی یاسایی داوای گۆڕانكاریان لە پێوەرەكان كرد لەبەرئەوەی كاروچالاكیان جیاوازترە، ئێمە بە پێی پەیڕەو مامەڵەمان لەگەڵ دا كردووە، بە پێی پەیڕەویش وەڵامتان دراوەتەوە، وەڵامی نووسراوەكانیشتتان یەك ڕۆژ نە لە كاروبار و نە لە دەستەی سەرۆكایەتی دوا نەكەوتووە كە پێویست بەوەڵام بكات، ئێمە هەموو ئامارەكانیشمان لایە یەك بە یەك ئەو پرۆژانەی كە بۆتان نێردراون ئەوانەی كە نووسراوی جەخت كردنەوەتان بۆ هاتووە و ئێمە بە حوكمی ئەوەی با بە صەراحەتریش قسە بكەین، ئێمە لیژنەكان لە دوو سێ هەفتەی ڕابردوودا تەواوی (١٩) لیژنەكەی پەرلەمانی كوردستان جێگیر كراوە، هەم دەستەی سەرۆكایەتییەكانی، هەم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش ئەو تەعدیلەی كە كراوە، ئێمە لە پێشمانە كە لە هەفتەی ئایندە كۆبوونەوەیەكی تریش بە تەواوی دەستەی سەرۆكایەتی هەر (١٩) لیژنەكە بكەین و ئەو بابەتەش لە بەرنامەی كاری ئێمە دەبێ كە دەبێ لیژنەكان لە كاتی خۆی دا ڕاپۆرتەكانیان حازر بكەن و وەڵامێكی موقنیعی بۆ دەستەی سەرۆكایەتی هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، موژدە خان دەمێكە، دوای ئەوە د.ڕێبوار.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای دوو هەفتەكە وەڵامی حكومەت ئەوەیە دەڵێ لە ئێستادا وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراوی ژمارە (٥٣٣) سەرقاڵی كۆكردنەوەی زانیارین لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست، لە كەوانەیەكدا دەڵێ (هەر كاتێك زانیارییەكان تەواو بوو ئاگادارتان دەكەینەوە)، هیچ فەترەیەكی

زەمەنی دیاری نەکردووە، ئەوا پێویستە بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی فشار لە حکومەت بکەن فەترەیەکی زەمەنی دابنێ، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا (٣٠) هەزار فەرمانبەری گرێبەست چاوەڕێی پەرلەمانە کە بتوانرێ ئەو پێشنیازە بڕیارە بکرێ بە بڕیار و دابمەزرێن، هەموو جەلسەیەکی پەرلەمان فەرمانبەرانی گرێبەست پێیانوایە دادەمەزرێن، کە ئەوان لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆردان، تکایە بەڕێزتان بفەرموون بە نووسراوێك داوا لە حکومەت بکەن ئەگەر بتوانن فەترەیەکی زەمەنی دیاری بکرێ زۆر باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامم لەسەر ماددەی (٦٠) بوو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی کە جەنابت وتت دوای بڕگەکە، بەڵام مادام هاتنە سەر تەفاصیلەکانی با بیخەمەڕوو، پەیوەستە بە پرساندن، وەك ئاشکرایە کە لە ماددە (٦٠) بڕگە (٣) ئاماژە بەوە دەکات هەر پرساندنێك، هەر پرسیارێك کە ئاراستەی وەزیرێکی بەڕێز بکرێ لە ماوەی هەفتەیەکدا یان لە باشترین حاڵەت دا (٢١) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، من بەش بە حاڵی خۆم چەند پرسیارێکم ئاراستەی چەند وەزیرێکی بەڕێز کردووە، بۆنمونە لە (١١/٣) کۆمەڵێك پرسیارم ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کردووە تاوەکو ئێستا مانگەك تێپەر دەبێ وەڵامەکەم بە دەست نەگەیشتووە، ئەگەرچی ئەو پرسیارانەی کە من کردوومە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بووە، تەواوی مەرجەکانی ماددەی (٧٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تێدا بووە، بەڵام مانگێك تێپەڕ دەبێ تاوەکو ئێستا وەڵامەکە نەگەیشتووە، جگە لەوەی کە چەندین پرسیارم ئاراستەی وەزیری پەروەردە و وەزیری دارایی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەوەی وەزیری خوێندنی باڵا مانگێك تێپەڕ دەبێ تاوەکو ئێستا وەڵامەکە نەگەیشتووە، من گلەییم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە، چونکە دڵنیام بە دڵسۆزییەوە لە کاتی خۆیدا لە (١١/٣) نووسراویان کردووە و پرسیارەکەی منیان ئاراستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا کردووە، بەڵام هۆکار چییە تاوەکو ئێستا وەڵامەکە نەگەیشتووە، ئەگەر بەڕێزتان جەخت لەسەر ئەوە نەکەنەوە کە وەزیرەکان پابەند بن بە دەقە پەیڕەوەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەوە ئێمە ناتوانین پرساندن بکەین و ناتوانین بەدواداچوون بۆ کاری خەڵك بکەین، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەم کە ڕوونکردنەوەیەکی موقنیعمان بدەیتێ لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەرەتای قسەکانم دا کاك د.ڕێبوار گوتم، جەنابتان پرسیارتان کردووە و وەختی لەسەر تێپەڕیوە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمانمان ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی ئامارەکان ئامادە بکات، ئامارەکان

ئەوەبوو کە بەڕێزتانم خوێندەوە ڕەنگە پرسیارەکەی جەنابیشتی تێدا بێ، جەنابیان نووسراوی جەخت کردنەوەی کردووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەختی خۆیدا یان دوای تێپەڕبوونی ئەو وەختە لە زووترین کات دا وەڵاممان بدرێتەوە، کە وەڵاممان نەدرایەوە دەتوانن بڕۆن بۆ مەرحەلەیەکی تری پرساندن و ئەوە پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگەی پێداون، چی بکەین ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوام دەبێ؟ هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پرسیار هەیە لە (٢٠١٩/٦/١١) کابینەی نۆیەم لێرە لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان متمانەی وەرگرت، بەڕێز سەرۆکی حکومەت کارنامەی حکومەتی پێشکەش کرد، لە خاڵی یەکەم لە کارنامەکەی باسی چاکسازی کرد و ناردنی پرۆژەی چاکسازی نوێ بە فۆرمێکی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەی (٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەرکی پەرلەمان چاودێری کردنە لە بەکارنامەی حکومەت، هەتا ئێستا پرۆژەی چاکسازی بۆ نەهاتۆتە پەرلەمان؟ کە خواستی هەموو پەرلەمانتار و خەڵکی کوردستانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە (١٠/٨) نووسراوی جەخت کردنەوە وەکو لیژنەی دارایی بۆ ئامادەکردنی بەڕێز وەزیری دارایی کە جاری دووەمە نووسراومان ناردووە هەتا ئێستا ئەوە ئەمڕۆ لە (١٠/٨) هەتا ئەمڕۆ یەك دنیا ڕۆژ دەکات جەنابی وەزیر جاری دووەمیشە نایێتە پەرلەمان، لە هەمان ڕۆژ (١٠/٨) پاڵپشت بە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەسەر پرۆژەیەکی گەندەڵی لە زانکۆی هەڵەبجە ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا کردوومانە کە وەڵامی ئێمە بداتەوە لە هەموو ئیجرائەتەکان، کە ئاشکرا بووە، هەتا ئێستاش جوابی ئێمەی نەداوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێی بڕیاری حکومەت لە (٢٠١٦/٦/٣) بەهۆی قەیرانی دارایی پێشینەی خانووبەرە، سلفەی زەواج هەموویان ڕاگیران هەتاوەکو ئەو قەیرانە چارەسەر ببێت، قەیرانەکە چارەسەر بوو خەڵك مووچەی وەرگرت حکومەت داوای کردووە وەزارەتی دارایی دەبێ پارەی ئەو هەموو ساڵانە پێکەوە بدەی، ئەگەر نەکەی ئەوەندە غەرامەت دەکەین، نووسراومان ناردووە لە (٢٠١٩/٩/١٨) هەتانووکە بە پێی قەرارەکانی حکومەت خۆی قەراری داوە کەچی ئێستا هەر بە پێی قەراری حکومەت دەبێ ئەو خەڵکە سزا بدرێت، جوابی ئێمە نەهاتووە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان چ هەنگاوەکی یاسایی دەگرینە بەر ئەم داخوازیانەی پەرلەمان جێبەجێ بکرێت، هەروەها، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەم پەرلەمانە یاسا دەرچووە بۆ دامەزراندنی دەستەی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان و بە پێی قانونی دیوانی چاودێری دارایی دەبێ لە پارێزگاکان بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەبێ بۆ چاودێری کردن، کە یەکێکە لە هەستیارترین دامەزراوەکان، نووسراومان بۆ جەخت کردنەوە بۆ دیوانی چاودێری دارایی چووە بۆ کردنەوەی نووسینگە لە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەڵەبجە، هەتا ئێستا هیچ جواب نەهاتووە، دیوانی چاودێری دارایی لە ژێر فەرمانەکانی بە پێی یاسای پەرلەمانی

کوردستان ئێمە ناتوانین بەوانیش بڵێین کاکە بۆ واتان کردووە؟ زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، باشە وەرتان دەگرین، بەڵام هیچ کەسێك نابێ شتێك بڵێ کە دووبارە بێ، کاك عبدالستار، فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو گفتوگۆیەی پەرلەمانتارەکان و لەگەڵ بەڕێزتان ئەوە ڕوون بووەوە کە پرۆسەی یاسادانان و چاودێری کردنیش لەم پەرلەمانە سستە، ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە لای ئێمەش هەیە بەس پێویست ناکات ئێمە هەموو ئەو کتابانە بەرز بکەینەوە کە کەی کتابمان کردووە هەندێکیان هێشتا جواب نەهاتۆتەوە، ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە کە لە وەڵامدانەوەدا بەڕاستی وەڵامی تاخیرە و سستە، بەشێکی دیکەی کە ئاماژەی پێ کرا پەیوەندی بە لیژنە تایبەتمەندەکانەوە هەیە کە پەیوەندی بە خودی پەرلەمانەوە هەیە، بە پێی ماددەی (٨٤) کاك هێمن تەبعەن تۆزێکی ڕوون کردەوە، بەڵام بە پێی ئەم ماددەیە لیژنەی تایبەتمەند دەبێت ڕاپۆرتی خۆی لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا ئامادە بکات، ئەگەر بە پەلە بێت دەبێ لە ماوەی حەوت ڕۆژ ئامادەی بکات، ئەگەر نەیتوانی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش و ئامادەی بکات، چوار ڕۆژی تر مۆڵەتی پێ دەدرێ بۆ ئەوەی ئامادەی بکات، ئەگەر نا من پێموایە پێویستە بەڕاستی لێپرسینەوە بکرێ، چونکە تەماشا دەکەم ئەم پرۆسەی یاسادانان کە ئەم موئەسەسە گەورەیە پێی هەڵدەستێت و بەدواداچوون کە ئەرکی ئەو موئەسەسەیە بە هۆی ئەوەی کە لەلایەك حکومەت جوابەکان زۆر تاخیر دەکات، یان هەر نایداتەوە، یان بە هۆی ئەوەی کە لیژنەکانی خۆمان ئیشەکانی خۆیان لە کاتی خۆیدا وەکو پێویست نایکەن، من پێموایە پێویستە ئەو پەرلەمانە وا لێ بکەین کە ئەکتیڤ بێ کارا بێ لە یاسادانان، لە بەدواداچوون، با بێین هەم ئەوەی کە کاك هێڤیدار باسی کرد، داخۆ ئێمە دەبێ چ مامەلەیەك لەگەڵ حکومەت بکەین لە وەڵام نەدانەوەی ئەو پرسیار و ئەم داواکاریانەی کە هەیە، دوو/ ئەوەی کە بە دەست خۆشمانە من پێموایە لیژنەکانی خۆمان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئیجرائاتیان لەگەڵ بکرێ بۆچی تاخیر بێ؟ یەعنی خەڵك دەڵێ ئێوە یاسا دەردەکەن، موتابەعە دەکەن، حکومەت بانگ دەکەن، لێپرسینەوەتان هەیە، هیوادارم جەنابتان چاوێکی جیددی بەم قەزییەدا بخشێننەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئەوە ئیتر تەواو وەرگرتنی خاڵی پەیڕەوی لەبەرە ئەوەی وەختێکی زۆر زۆرمان بۆ تەرخان کرد و وازحیشە، بەڕێزتان پرسیارتان کردووە، بەدواداچوونتان کردووە وەڵام

نەدراونەتەوە، پرسـاندن هەیە، کە وەڵام نـادرێنەوە و وەزیرەکـان نـایێن بـڕۆن بـۆ پرۆسـەی پرساندن، ئێمەش پرساندنەکانتان دەنێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پشتیوانتان دەبین، ببوورن تەواو، وەختێکی زۆرمان بۆ تەرخان کرد، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کات نەگرم، جەنابت بەڵێنت دابوو لە جەلسـەی پێشوودا بە داتا پێمان بڵێی چەند پرسیار و چەند یاسا و چی و چی و چی؟ جەنابت لێرە تەنها بە سەر زارەکی چەند ژمارەیەکت بۆ خوێندینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە سەر زارەکی نییە، ئەوە بە داتایە، لەبەر دەستمە بەڕێز کاك سیروان، بە سەر زارەکی نییە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

دەزانم منیش لەبەر دەستمە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان منـیش لەبەر دەسـتمایە، مـن یەك خـاڵ دەڵـێم جەنابـت دەڵـێی (١٥٠) پرسـیار مـاوەی یاسـایی تێـپەڕ بـووە لە (٢١) ڕۆژدا، (٨٦)ی جـوابی دراوەتەوە و (٦٤)ی جـواب نەدراوەتەوە، مـن بـۆ خـۆم چەنـدین پرسـیار ئەگەر ئەوە بە وەڵام حسێب بێ، وەڵام نیە، چەندین پرسیارم ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی کردووە، یەکێك لەوانە ژمارەی (١١/٥) داوام کردووە وتوومە ڕەوانەکردنی بودجە بۆ نابێ؟ هەمان قسەی هاوکارم، بەڵام وەڵامەکە چییە؟ وەڵامەکە لاستیکییە، نووسراوە وەڵامەکە لە دەستەی سـەرۆکایەتییەوە، دەڵـێ هەمـووی نـاخوێنمەوە (پێتـان ڕادەگەیەنـێن بـۆ ئەوە نووسـراومان کـردووە لە دەرەنجـامەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە) کەواتە هاوڵاتییەکەی بەڕێزیش لەسەر جاددە هەمـان ئیشـی مـن دەکـات، ئەی مـن چـی دەکەم لێـرە؟ یەعنـی ئـێمە چـی دەکەیـن لێـرە؟ مـن پێمـوایە جەنابـت دەڵێـی ڕێککەوتـووینە نـازانم چـۆن ڕێککەوتـوون لەگەڵ حکـومەت دا هەمـاهەنگییەك بـکەن، ئەمە هەماهەنگی نیە، وەڵلا دڵدارییەکی یەك لایەنەیە، حکومەت تێگەیشـتووە وا دەزانـێ لەو نـامە و نامەکارییە ئێمە دڵداری لەگەڵ دا دەکەین کە ئەوە زۆر زۆر نایاسییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان گیان ئەگەر جەنابتان سەیری پەیڕەوی ناوخۆ بکەن ماددەی (٩٨)، ئـێمە بە گـوێرەی مـاددەی (٩٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ نووسـراومان ئاراسـتەی ئەنجـومەنی وەزیـران کـردووە بـۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران، داوامـان لـێ کـردوون کە دەبـوو لە (١٠/١٥) بـودجەی گشـتی هەرێمی کوردستان بگاتە پەرلەمانی کوردستان، مـاوەیەکی زۆر لەسـەر ئەو (١٠/١٥)یە تێپەڕیـوە، ئێمە پابەنـدین بە گـوێرەی مـاددەی (٩٨) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان جەنابتـان ئاگادار بکەینەوە کە دەبێ لە کـاتێکی نزیـك دا بودجەکەمـان بـۆ بنێـرن، پـرۆژەی بودجەمـان بـۆ بنێرن، ئەو وەڵامە پەیوەندی بەو نووسراوەوە هەیە، کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٦٠) بـڕگەی سـێیەم وازحە لەگەڵ حکـومەت چـۆن مـامەڵە دەکـرێ، ئەگەر حەفـتەکە تێبـپەڕێ (٢١) ڕۆژی تـری هەیە، کاروبـاری پەرلەمـان زۆرتـرین فەرمـانبەری هەیە، لەبەر ئەوەی زۆرتـرین کـاری پەرلەمانتـار بـۆ سـەرۆکایەتی لە ڕووی کاروبـارەوەیە، نزیـك بە (٩٠) کارمەنـدی هەیە، پرسیاری من هەیە، بە حوکمی ئەوەی کە من زۆرتـرین پرسیارم ڕەنـگە ئاراسـتە کردبـێ و دەستخۆشیم هەیە بۆ سکرتێر، زۆرتـرین ئەرکـی خـۆی بە جێهێنـاوە و بەڕێـز جێگـری سـەرۆکی پەرلەمان بە هەمان شێوە نووسراوەکانی ئاراسـتە کـردووە، بەڵام لەم دوواییـانە هەسـت دەکەم ڕۆتینێکی زۆر لە پەرلەمان هەیە بۆ ئاراستەکردنی نووسراو، نووسراوی پرسیاری مـن هەیـانە کە (١١/٢٧) بـۆم هـاتووە ئاراسـتە کـراوە، (١١/٤) نـاردوومە، (٢١) ڕۆژ لەم پەلەمـانە پرسـیار ئاراسـتە نەکـراوە، پرسـیار بـۆ ئەوەی ئاراسـتەی بـکەی یەکەم ڕۆژ پرسـیار دەبـرێتە نووسـینگەی بەڕێـز سکرتێری پەرلەمان، بەڵام بۆ نمونە پرسیارم لایە (١١/٤) بـۆم بـردووە، (١١/٢٧) ئاراسـتە کـراوە بـۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە گلەیی یە لە خۆمان، ئەگەر حکومەتیش ئەو ڕۆتینیاتە بەو جـۆرە بـێ بە تەئکید پرسیارەکان هین دەبـێ، (١٣١) پرسـیارم لەو وەرزی یاسـادانانە لە حکـومەت کـردووە، تەنها جارێك ئەویش ئەو مانگەیە ئەگەر عوزری سکرتێریش ئەوە بێ کە نووسینگەکەی گۆڕاوە و هەندێك هین بووە، بەڵام (٢١) ڕۆژ زۆرە بۆ ڕۆتینیات هەر لەناو ئەم پەرلەمانە، بۆ نووسراوی تری لیژنەکانیش ئومێد دەکەم ڕۆتینیات لای خۆمان کەم بکەین، بۆ ئەوەی لە حکومەتیش داوا بکەین ڕۆتینیات کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس لە (١٣١) پرسیار یەك دانەیان تەئخیر بـووە مـاڵتم ئـاواکرد، بەڵـێ، بەسـەرچاو، هەتـا عەسـر مەجالتان دەدەم بۆ خۆتان قسە بکەن، کاك د.کاظم، فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە قسـەکەی مـن لەسـەر بەرنـامەی کـاری دانیشـتنی ئەمـڕۆی پەرلەمـانە و پێمـوابێ خـاڵی پەیڕەویشـە، بەڕاسـتی ئێسـتا مـن وا دەبینـم یەعنـی بەوە دەسـت پـێ دەکەم وا دەبینـم کە پەرلەمان لە دۆڵێکە و خەڵك و هاووڵاتیش لە دۆڵێکی تـرە، یەعنـی مـن بەوە دەسـت پـێ دەکەم، من خۆم ماڵم لە گەڕەکێکی ئاسایی یە، (٣٦) سـەعات کـات تێپەڕیـوە بەسـەرماندا یەك کـاتژمێر کارەبای نیشتیمانی نەبووە، ئەوە یەکێکە لە کێشـەکانی ئێسـتای ئەو وەرزە سـەرمای هاووڵاتیـان بۆ لە بەرنامەی کاردا وجودی نیە؟ من پێموابوو ئێستا جەنابتان، من بەڕاسـتی نـازانم ئایـا لەگەڵ فراکسیۆنەکان دا ڕێـك دەکەون بەرنـامەی کـار دادەنـێن؟ ئایـا خۆتـان جەنابتـان دایـدەنێن؟ ئایـا حکـومەت بۆتـان دەنێـرێ دایـدەنێن؟ خۆتـان؟ یەعنـی مـن تێنـاگەم ئەم بەرنـامەی کـارە چـۆن دادەنـرێ؟ مـن پێمـوابێ ئێسـتا جەنابتـان وەزیـری دارایـی بانـگ دەکەنە ئێـرە و باسـی ئەو سـێ

مـووچەیەی لێـدەکەن و ئەو پاشـەکەوتی مـووچەیەی کەس مەصـیرەکەی نـازانێ، وام ئەزانـی پێموانوابوو بەرنامەی کار وەزیری کارەبا بانگ دەکرێ و باسی ئەو کارەبـا خـراپە دەکـرێ کە (٢٨) ساڵە حەل نەکراوە، وامان ئەزانی ئێستا وەزیری کار و وەزیـری پلانـدانان بانـگ دەکـرێ و باسـی ئەو هەموو بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کارە دەکرێ کە گەنج لەسـەر جـادە دەسـوڕێتەوە بە بـێ ئیش، وامانزانی جەنابتان بەڕێز سەرۆکی وەزیران و بەڕێز جێگرەکەی بانگ دەکەن، بۆ ئەوەی....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کاظم قسەکانت بکە، بەس دەرفەتێك بدە، جەنابتان داواتان کردووە وەزیری دارایـی بێـت بۆ ئێرە بە نووسراو؟ من پرسیارت لێ دەکەم.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

جەنابت سەرۆکی پەرلەمانیـت، جەنابـت دەسـەڵاتت نیـیە وەزیـر بانـگ بـکەی؟ یەعنـی جەنابـت سەرۆکی پەرلەمانیت تۆ متمانەت داوە بە وەزیر، ئێستا ناتوانی وەزیرێـك بانـگ بـکەی بـۆ ئێـرە؟ دەزانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تکایە من حەزم لەو شێوازی برینە نییە، با قسەکانم تەواو بکەم دوای ئەوە وەڵامم بدەرەوە، یەعنی وامانزانی ئێـستا لەسـەر بـودجە، بـودجە دەبـوایە لە (١٠/١)دا بێتە پەرلەمان، هەموو ئەو کێشـانەی کە هەرێمـی کوردسـتان هەیەتـی لە نەبـوونی بـودجەدایە، کەس نازانێ چەند داهاتە، کەس نازانێ چۆن صەرف دەکرێ، کەس نازانێ نەوت چەندە، داهاتی ناوخۆ چەندە، خاڵە سنوورییەکان چەندە، ئەگەر ئەوانە ڕوون بێت ئەو کاتە هاووڵاتیش دەزانـێ ئەم ساڵ لە پرۆژە یاسای بودجەدا چەند هەلی کار و چەند دامەزراندن هەیە، چەند پارە تەرخـان دەکرێ بۆ کەرتی کارەبـا، بـۆ کەرتـی پەروەردە، بـۆ کەرتـی تەندروسـتی، ئەوەتـا نەخۆشـخانەکان دەرمانیــان زۆر بە تەواوەتــی کەم بــۆتەوە تــا حەددی نەمــان، یەعنــی بەڕاسـتی سـەبارەت بە پرۆژەکان کە حکومەت وەڵام ناداتەوە، من پێموایە حکومەت هیچ پرۆژەیەکی قبوڵ نەکـردووە، ئەوەتا خۆ داتاکانی کە جەنابتان خستتانەڕوو یەك تاقە پرۆژە نـیە کە جەنابتـان بـۆ حکومەتتـان ناردبێ و حکومەت وتبی بەڵێ و ( ok )ی لەسەر کردبێ و فەرموو ئەو پرۆژەیە بخەنە بەرنامەی کاری خۆتانەوە، دوایی بەڕاستی ئێوە بەدەسـتی خۆتـان پەرلەمانتـان بەو شـێوازە کـۆت و بەنـد کردووە، یەعنی ئێمە لە کاتی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی نـاوخۆدا هاوارمـان کـرد گوتمـان تکـایە چۆن دەبێ پەرلەمان ڕەزامەندی لە حکومەت وەرگرێ بۆ ئەوەی ئیشێك بکات؟ یەعنی مەعقـولە پرۆژەیەك لەبەر ئەوەی پەرلەمان بتوانێ خوێندنەوەی بۆ بکات بە حکومەت بڵێ......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کاظم دەست خۆش.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

بيوورە، با قسەکەم تەواو بکەم زۆرم نەماوە، نازانم بۆ بەس قسەکانی من دەبڕێ لمە پەرلەمانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکات لێ دەکەم، بۆ ئەوەی ئێمە قسەیەکی ڕەفیقانە بکەیـن، ببـوورن، کـاك د.کـاظم بـرای بەڕێـزم ئازیزی من، دەرفەت بدە بۆ ئەوەی ئێمە قسە بکەین.

**بەڕێز د.كاظم فاروق نامق:**

تۆ لە ناوەڕاستی قسەكانی من دا سیلسیلەی ئەفكارم دەپچڕێنی، من كۆمەڵێك شتم داناوە هی سێ حەفتەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، سێ حەفتەیە دانیشتن نەكراوە، هەر حەفتەیەك دەبێ دوو دانیشتنی تیابێ، ئەگەر لە هەر دانیشتنێك دا من دوو دەقەم هەبێ، سێ دوویی ئەوا شەش، دوانزە دەقە كاتم هەیە، بۆ ئێستا كات نییە؟ بەڕاستی ئەگەر باسی كێشەی خۆمە هەر باسی ناكەم، باسی كێشەی هاووڵاتییانە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، یەك دێڕم ماوە تكایە با تەواوی بكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، با تەواوی بكات.

**بەڕێز د.كاظم فاروق نامق:**

یەعنی بۆ ئەوەتا عیراق لە تەنیشتمانە فەرموون خۆ ئەوەتا ئێمە بەشێكین لە عیراق، عیراق لە تەنیشتماندایە خۆپیشاندانە، یەعنی بۆ هەر دەبێ خەڵك بێتە سەر جادەدە، خۆپیشاندان بكات، ڕاپەرین بكات، هەرچی پەرلەمان و حكومەت و سیاسی و پارتی سیاسیە هەر هەمووی ڕەفز بكات، هیچی قبوڵ نەبێت، ئینجا هەندێك چاكسازی لە هەرێمی كوردستان دا بكرێت، بۆ خۆی حكومەت نایێتە پێشەوە ئاوڕێ لەو هەموو ڕەش و ڕووتە بداتەوە كە لە هەرێمی كوردستان دا بوونیان هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك د.كاقم، دەستت خۆش بێ، بەس قسەی تۆ نابڕم، كاك دكتۆر ماشەڵڵا قسەت زۆر كرد، بە قەت پێنج شەش ئەندامی پەرلەمان دەرفەتت دراوەتێ قسەت كردووە، دەزانی چۆنە؟ ئێرە شوێنی ئەوە نیە هەموو ڕۆژێ ئێمە بێین قسە بكەین، جەنابت ئەركت هەیە و منیش ئەركم هەیە، با ئەركەكانی خۆتت پێ بڵێم، ببوورە، كاك د.كاقم، جەنابت دكتۆری، (گبیب)ی (گبیب)، دكتۆری، دەرفەت بدە بۆ ئەوەی خەڵكی تر قسەكانی بكات، بەڕێزتان دەزانن بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان (١٠) ئەندام دەتوانن داوایەك پێشكەشی دەستەی سەرۆكایەتی بكەن بۆ ئەوەی بابەتێكی گشتی بخرێتەڕوو بۆ گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حكومەت دا، بۆ بەدیهێنانی پەرژەوەندی گشتی، من پرسیارت لێ دەكەم، ئەوە ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ، جەنابتان تا ئێستا چەند یاداشتتان بە ئیمزای (٩) ڕەفیقی ترت لە پەرلەمانی كوردستان داوە بە دەستەی سەرۆكایەتی بۆ بانگ كردنی وەزیری دارایی؟ بۆ بانگ كردنی وەزیری پلاندانان؟ بۆ بانگ كردنی وەزیری نەوت؟ بۆ بانگ كردنی وەزیری كارەبا؟ چەند یاداشتی لەو شێوەیە كە (١٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان واژووی لەسەر كردبێ داوتە بە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانە بێنە ئێرە؟ ئێمە ئەوەی لەبەر دەستمانە كە داوا دەكات حكومەت بێ، یاداشتێك كە برای بەڕێزمان كاك مەم برهان قانع یەكەم ئیمزای لەسەر كردووە، داوای هاتنی حكومەت دەكات، ئێمە ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەین، بۆ ئەوەی لە

دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان دا ئامادە بن، جەنابت دەزانی سەرۆکی پەرلەمان ئەندامی پەرلەمانە، تەنها دەتوانێ ئیدارەی جەلسەیەکی پەرلەمان بکات، سەرۆکی پەرلەمان لە کوێی پەیڕەوەکەدا؟ لە کوێی ئەو قانونانەی کە لەو هەرێمی کوردستانە کاری پێ دەکرێ، ماددەیەکی قانونی هەیە دەسەڵات دەداتە سەرۆکی پەرلەمان بە فەردی، خۆی بە تاقی تەنها داوای هاتنی وەزیرێك بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەو ماددەیەم پێ بڵێ، من ئەمڕۆ داوای هەموو ئەو وەزیرانە دەکەم کە جەنابت دەیڵێی، پەرلەمان ئیشی دەستە جەمعیە، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکومەت فەرقی هەیە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان، دەمەوێ هەندێ قسە بکەین قسەی برادەرانە بێ تکایە هەڵمەچۆ بۆ ئەوەی منیش قسەکانی خۆم بکەم، یەکەم/ حکومەت بەرنامە بۆ ئێمە دانانێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر پەرلەمانی کوردستان دا نیە، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بەسەر پەرلەمانی کوردستان دا نییە، دەرفەت بۆ ئەوەی قسەکانمان تەواو بکەین، ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی بۆ دانراوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان دەنگیان پێداوە، من پابەندم بەم پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەوە بۆ ئەگەر لادانێکی بچووکی بەسیتیش هەبێ لە بەرژەوەندی خەڵك بێ جەنابتان حەقی خۆتانە بڵێن لادانتان کردووە لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە ناو ئەو پەیڕەوەی ئێستا لەبەر دەستتدایە تا جەلسەکە تەواو دەبێ ئەگەر یەك ماددەی تێدابوو دەرفەتی دا بە من، دەسەڵاتی دا بە ئێمە وەکو سەرۆکی پەرلەمان خەڵك بانگ بکەم، بەڕێزان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بانگ بکەن بێنە جەلسەیەکی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی قسەی خۆیانیان هەبێ و ئێوە پرسیاریان لێ بکەن، جگە لەو حاڵەتەی کە (١٠) ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە من بەیانی بانگیان دەکەم.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

بەس یەك یاسام پێ بڵێ، یاسایەك دەرچووە بۆ چارەسەری کێشەی حیزب، یاسایەك دەرچووە بۆ چارەسەری پارتی سیاسی، هیچ یاسایەك دەرنەچووە بۆ چارەسەری کێشەی خەڵك، موزایەدەی سیاسی بۆ خزمەتی خەڵك بێ هەر زۆر باشە دەیکەین، موزایەدەی سیاسی ئەگەر بۆ خزمەتی خەڵك بێ عەیبی نییە، خۆ موزایەدەی سیاسی هەیە خەڵکی تێدا کوژراوە...........

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی حوکمی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم داوا دەکەم دوو لە دەربڕینەکانی بەڕێز کاك کاظم لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، یەك/ پەرلەمان لە دۆڵێك نییە خەڵك لە دۆڵێکی تر نییە، پەرلەمان و پەرلەمانتاران نوێنەرانی گەلی کوردستانن و هەموومان لە یەك دۆڵین، دوو/ هیچ هێزێك نییە و کەسیش ناتوانێ پەرلەمان کۆت و بەند بکات، ئەگەر هەر ئەندام پەرلەمانێك پێیوایە کۆت و بەندە دەتوانێ خۆی ئازاد بکات و لەو کۆتە دەربچێ، دوو/ داوا لە بەڕێزتان دەکەم دەسەڵاتی خۆت بەکاربهێنی گفتوگۆی پەرلەمان و شێوازی ئەندام پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی بەو جۆرە نییە، هەروەها ماددەی (٥٦) بڕگەی دووەم خاڵی دووەم ئەگەر گفتوگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکە

دەرچوون پێویست دەكاتن بەڕێزتان ئەركی یاسایی پەیڕەوی خۆتان بە كار بهێنن، تكایە سەعات و نیوێكە كۆبوونەوەی پەرلەمان دەستی پێكردووە با بچینە سەر بەرنامەی كار و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دەچینە سەر بەرنامەی كار، فەرموون كاك بژار، بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشت بەستن بە حوكمی ماددەی (دەیەم) بڕگەی (یەكەم) خاڵی (دووەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عیراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەمواركراو كە سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا كە (١٥) ڕۆژە نارەزایی لەسەر هەمووی یان هەندێك لەو یاسا و بڕیارانە دەربڕێت و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمانی كوردستان بۆ چاو پێخشاندنەوەیان، هەروەها بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٩٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان هەروەها نووسراوی سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (د٧٣٨)، (د٧٤٥)، (د٧٥٢) بۆ پەرلەمانی كوردستان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩)ی یاسای بە خاوەنكردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانیەكان زێدەڕۆییان لەسەر كراوە لە هەرێمی كوردستان-عیراق، لەبەر ڕۆشنایی ئەحكامەكانی ئەم ماددە و بڕگانە و نووسراوەكانی سەرۆكایەتی هەرێم ئەوە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری یاساییە دوای ئەنجامدانی كۆبوونەوەیەكی تایبەت لەسەر گەڕاندنەوەی ئەم یاسایە بۆ پەرلەمانی كوردستان:

بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیژنەی كاروباری یاسایی ڕۆژی دووشەممە ڕێككەوتی ٢٠١٩/١٢/٢ كاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بۆ تاوتوێ كردنی نووسراوی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (د٧٤٥) لە (٢٠١٩/١١/٢٨) كە ئاراستەی پەرلەمانی كوردستان كراوە، تایبەت بە ڕا و تێبینیەكانی سەرۆكایەتی هەرێم لەسەر یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بە خاوەن كردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەكان زێدەڕۆیی لەسەر كراوە، دوای گەڕانەوەی لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە، دوای گفتوگۆكردن و تاوتوێ كردن لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-بە پێی ماددەی (٩٥) بڕگەی (یەكەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یاساكە وەك خۆی دەخرێتە دەنگدان ئەگەر دەنگی پێویستی بە دەست هێنایەوە ئەوا یاساكە بە دەرچوو دادەنرێت و ڕای پەرلەمان ڕەت ناكرێتەوە.

٢-ئەگەر پەرلەمان پێداگری لەسەر ڕای خۆی نەكات و یاساكە وەك خۆی دەنگی پێویستی بە دەست نەهێنا ئەوا داواكارییەكەی سەرۆكی هەرێم بۆ پێداچوونەوە بەو شێوەی خوارەوە تاوتوێ دەكرێت و بڕگە بە بڕگە دەخرێتە دەنگدان.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.

ناوەڕۆكی تێبینیەكانیش بخوێنین؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە یەكەمجار با یەكەم دانە بخەینە دەنگدان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە گوێرەی ماددەی (٩٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كاتێك كە سەرۆكی هەرێم یاسایەك بە شێوەی (كلی) یان (جزئی) ڕەت بكاتەوە، بەڕێزان لە پەرلەمانی كوردستان دەسەڵاتتان هەیە یاساكە وەكو خۆی جارێكی تر دەنگ بدەنەوە، ئەو بۆچوونانە وەرنەگرن كە لە سەرۆكایەتی هەرێمەوە هاتووە، ئەگەر دەنگتان پێدا ئەوا یەكلاكەرەوە دەبێ، یاساكە وەك خۆی دەڕوا، ئەگەر دەنگتان پێ نەدا و دەنگی پێویستی بە دەست نەهێنا دەچینە سەر مەرحەلەی دووەم كە یەك یەك تاوتوێ كردنی ئەو بڕگانەیە كە داوای پێداچوونەوەی كراوە، لەبەر ئەوە یەكەم جار ئەو بابەتە دەخەینە دەنگدان، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە یاساكە وەكو خۆی كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێداچوونەوانەی كە بەڕێز سەرۆكی هەرێم داوای كردوون لەسەر داوای وەزارەتی شارەوانی یاساكە وەكو خۆی پەسەند بكرێ با دەست بەرز بكاتەوە، (٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە یاساكە وەكو خۆی بێ، دەچینە قۆناغی دووەم، قۆناغی پێداچوونەوەی ئەم ماددانەیە كە بەڕێز سەرۆكی هەرێم داوای كردوون پێداچوونەوەیان پێدا بكرێ، فەرموون یەكەم بخوێننەوە كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (١)

ماددەی (١) بڕگەی (یەكەم) وشەی (زێدەڕۆ) بكرێت بە (زێدەڕۆكار).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ چ ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان قسەی هەیە لەسەر ئەو بڕگەیە؟ دەیخەینە دەنگدان، چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەی (١) بڕگەی (یەكەم) وشەی (زێدەڕۆ) بكرێت بە (زێدەڕۆكار) با دەست بەرز بكاتەوە، بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، دوو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (٢)

ماددەی (٢) بڕگەی (یەك) دەستەواژەی (بە پێی ماستەرپلان یان نەخشەی وردەكاری شارەوانیەكان) بكرێت (بەپێی ماستەپلان و نەخشەی وردەكاری شارەوانییەكان).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چ ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان قسەی هەیە لەسەر ئەو بڕگەیە؟ دەیخەینە دەنگدان وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، چ ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە با دەنگی پێ بدات، بەڵێ زۆر سوپاس، بە (٧٠) دەنگ پەسەند كرا، سێیەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (٣)

ماددەی (٣) بڕگەی (دووەم) خاڵی (٢) دەستەواژەی (خواست و خستنەڕوو لادەبرێت)، بەڵام سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر لەسەر بنەماش لەگەڵ بێ لە ڕووی خوێندنەوە ڕێزمانی و زمانییەوە باشتر دەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دەستەواژەی (لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو) لادەبرێت، چ ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان قسەی هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟ بەڵێ دكتۆرە.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ بەڕێز كاك بژار كە (دەستەواژەی خواست و خستنەڕوو) لادەبرێت، ئەی دەستەواژەكە چی لێ دێت؟ زۆر ڕەكیك دەبێ لە ڕووی ڕێزمانییەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو كاك بژار ئەو ماددەیە بخوێننەوە وەكو خۆی بە بێ ئەو دەستەواژەیە، ماددەی (سێهەم) بڕگەی (دووەم) (٢).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەم شێوەیەیە:

بۆ ئەو كەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی ١٠٠ی بەهای ڕاستەقینە دەخەمڵێنرێت.

لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو حەزف دەبی، مەسح دەبی، بەهای ڕاستەقینەی زەوییەكە دەخەمڵێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ ئەو كەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی لە ١٠٠%ی بەهای ڕاستەقینەی زەوییەكە دەخەمڵێنرێت.

بەڵێ كاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەدا دیار نییە كێ نرخەكە دیاری دەكات؟ كێ نرخە ڕاستەقینەكە لەسەر چ بنەمایەك دیاری دەكات، ئەگەر لەسەر بنەمای خواست و خستنەڕوو نەبێ، لەسەر چ بنەمایەك حكومەتی هەرێم نرخەكە دیاری دەكات بۆ ئەوەی كەسەكە هین بكات؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نرخــی ڕاســتەقینە یەعنــی نرخــی بــازاڕ، ئەوە لە ڕوونکــردنەوەکەدا دەڵــێن لەبەر ئەوەی کە خانوویەك هی یەکێك بێ، ئەگەر تەجاوزیشی کردبێ بیشیخەیتە موزایەدەوە هیچ کەسێکی تـر نایێ موزایەدە لەسەر خانووی کەسێك بکات کە لە نـاوی دانیشـتووە، لەبەر ئەوە دەسـتەواژەکە زیـادەیە، ئەوە ڕەئـی ئەوانە، بەڕێـزان هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەم دەستەواژەیە لابدرێت لەگەڵ ئەو ئیزافەیە کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی بۆی کرد با دەنگ بدات، زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، دوای ئەوە چوارەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (چوارەم)

ماددەی (٣) بڕگەی (سێیەم) بەم شێوەیە دەبێت:

لە حـاڵەتی ڕوودانـی زێـدەڕۆیی لەسـەر ئەو زەویـانەی مـولکی دەوڵەتـن و مـافی ڕەفتـارکردنی کەسانی دیکەیان لەسەرە، یان موڵکی تەواون بە پێچەوانەی حوکمەکـانی یاسـا بەرکارەکـان ئەو کاتە ئەو زەوییانە موڵکایەتیان هەڵدەوەشێتەوە (حل) بە ناوی شارەوانییەکان تۆمـار دەکـرێن بە پێی یاسای بە خاوەن کردنی زەوییە میرییەکان ناو سـنووری شـارەوانیەکان ژمـارە (٨٠)ی سـاڵی (١٩٧٠)ی بەرکار لە هەرێم بەڵام لە حـاڵەتی ڕوودانـی زێـدەڕۆیی لەسـەر بەشـێکی ئەو زەویـانەی لەسـەرەوە ئاماژەیـان پێکـراوە ئەوا ئەو بەشـەی بە بینـاکردن زێـدەڕۆیی لەسـەر کـراوە ئیفـراز دەکرێت و بە مەبەستی بە خاوەن کردنی بـۆ کەسـانی زێـدەڕۆکار ئەویـش لە دوای تۆمـارکردنی ئەو بەشە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار بە پێی ئەو یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئەم بـڕگەیە بـۆیە هـاتووە، ئەم گۆڕانکـاری یە، ئـێمە لە یاسـاکەی خۆمان دا نووسیومانە هەموو ئەو زەویانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە وەزارەتی شارەوانی داوای کردووە کە بە شێوەی لێ بکرێ بگەڕێننەوە بۆ ئەسڵ، ئەوەی کە دیاری بکرێ کە چ زەویەك حەل دەکرێ، لە ڕووی تەکنیکی و قانونییەوە دروستە، چونکە بەشـێك لە زەوییەکـان لە ئەسڵ دا خۆیان موڵکی شارەوانین، پێویستیان بەوە نـیە حەل بکـرێن، ئەو یاسـایەی کە ئـێمە دەرمـان کـردووە بەسـەر ئەو زەویـانەش جێبەجـێ دەبـێ کە مـوڵکی شـارەوانین و بەسـەر ئەو زەویانەش جێبەجێ دەبێ کە لە ئەسـڵ دا مـوڵکی شـارەوانی نـین، مـوڵکی دامەزراوەکـانی تـری دەوڵەتن، وەزارەتێکـی تـرن و حەقـی تەصەروفیان لەسـەرە، ئەوەی حەل دەکـرێ ئەوانەن کە لە ئەسڵ دا بە ناوی شارەوانی نین و حەل دەکرێن، بـۆ ئەوەی بکـرێن بە نـاوی شـارەوانی، ئەگەر بە گشتی قسە بکرێ ئەو کاتە تەحصیل حاصلە، یەعنی زەوییەك خۆی لە ئەسڵدا بە ناوی شارەوانی یە پێویسـتی بە حەل و بە نـاوکردنی شـارەوانی نـیـە، چـونکە لە ئەسـڵ دا هـی خۆیـانە، بەڵام

زەویەکـــانی تـــر کە ڕەنـــگە هـــی دامەزراوەکـــانی تـــرن پێویســـتیان بەوەیە حەل بکـــرێن، هەڵبوەشـــێنرێنەوە و دواتـــر بە نـــاوی شـــارەوانی تۆمـــار بکـــرێ، بـــۆ ئەوەی بتـــوانرێ بە نـــاوی هاووڵاتییـانی زێـدەڕۆکارەوە بکـرێن، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـانیش قسـەی لەسـەر ئەم بڕگەیە هەیە با بفەرموێ، کاك مەم، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پرسـیارم هەیە لەسـەر ئەوەی مـافی ڕەفتـارکردنی کەسـانی دیـکە، ڕەفتـارکردن ئایـا ئەوە شـەرعیەتدان نیـیە بە داگیرکـاری؟ ڕەفتـارکردن یەعنـی لە چوارچێـوەی قانونێـك دا ئـێمە ئەوە جێگیر بکەین، ڕەفتارکردن یەعنی کەسانێك هەبـوون بە قـانونی خـاوەنی ئەم مـوڵکە نـین بەڵام تەصەرووفی پێوە دەکەن، حەز دەکەین ئەوە ڕوون بکەینەوە، پێمـوایە بـۆ سـومعەی پەرلەمـان ئەم دەسـتەواژەیە لە نـاو قانونێـك دا جێگیـر بکـات، پێمـوایە ئەوە لە ڕووی قـانونییەوە ڕەنـگە ئیشـــکالێك هەبـــێ، دەکـــرێ هاوڕێیـــانی یاســـاییش وەڵامیـــان هەبێـــت، بـــۆیە ڕەفتـــارکردن بە ئیشکالیەتێکی قانونی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم، حەقی تەصەروف حەقێکە بە قانون ڕێکخراوە، مافی ڕەفتارکردن ئەو مانایەی نـیە کە ئێمە لە کوردیدا دەیخوێنینەوە، حەقی تەصەروف حەقێکی مەحصونە لە ناو قانونی مەدەنی دا، چۆن کەسێك حەقی هەیە موڵکایەتی هەبێ، حەقیشی هەیە تەصەروفی لەسەر ئەرزێـك هەبـێ، زراعەتی تێدا دەکات، باخی تێدا دەکات، بە قانون ڕێکخراوە، هیچ شتێکی نا قانونی و نا ئسـوڵی تێدا نییە، تاوەکو وارید نەبێ و ئێمە لە ناو ئەو قانونەدا دایبنێین، چۆن حەقی مـولکیە بە قـانون ڕێکخـراوە، حەقـی تەصـەروفیش بە هەمـان شـێوە بە قـانون ڕێکخـراوە، لەبەر ئەوە ئاسـایی و سروشتی یە، بەڵێ.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکەم/ لە خولەکانی پێشووشـدا زۆر موناقەشـەی زمـانەوانی و خاڵبەندیمان دەکرد، من نامەوێ بچمە سەر یەك بە یەکی وشەکان، بەڵام بەڕاستی ئەو پرۆژەیە و هەندێکی تریش لەڕووی زمانەوانی و خاڵبەندی دا وێرانە، ئەو پەرەگرافەی بەردەمت بخـوێنەوە لە یەکەمەوە تـا ئەخیـر نە نـوقتەی تێـدایە، نە فـاریزەی تێـدایە، لە کاتێکـدا نـوقتە و فـاریزە بە تەواوەتی مەعنا دەگۆڕێـت، بە تەواوەتـی مەعنـا دەگۆڕێـت، بـۆیە وایکـردووە دوو دیـڕی یەکەم دەخوێنیتەوە زۆر ڕەکیکە، ئەوەی مافی ڕەفتارکردنەکە، ڕاستە، ئەوەی کاك مەم دەقیقە، هەیە بە عەقد مافی ڕەفتارکردنی لەسەرە، هەیە بە ئەمری واقیع، بۆیە ئەوەشیان پێویستە ڕوونتر بکرێ، من پێموایە نوقتە و فاریزە بڕگەی یەکەمیش کێشـەی نـوقتە و فـاریزەی هەیە، فـاریزە دانەنێـی

مەعناكە دەگۆڕێت، بۆیە یەك یەك بڕۆینە سەر ئەوەی فاریزە لە کوێ پێویستە و نوقتە لە کوێ پێویستە زۆر ئەوێ، بۆیە هەموو ئەو پەڕە بگەڕێ نوقتە و فاریزەی تێدا نیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوەی کە خۆمان کردوومانە لە ناو یاساکەدا نوقتە و فاریزەشی تێدایە، ئەوە ئەوەیە کە ناردوویانەتەوە بۆمان، ئەگینا ئەوەی کە خۆمان کردوومانە دەڵێین لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕەوی لەسەر ئەو زەوییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، سەرەتا موڵکایەتی زەوییەکان هەڵدەوەشێتەوە و دواتر بە پێی یاسای بە خاوەن کردنی زەویە میرییەکانی ناو سنووری شارەوانییەکان ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی بەرکار لە هەرێم، بە ناوی شارەوانییەکان تۆمار دەکرێن، بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانی زێدەڕەوی لەسەر بەشێکی ئەو زەویانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ئەوا ئەو بەشەی بە خانوو زێدەڕەوی لەسەر کراوە ئیفراز دەکرێ بە مەبەستی بە خاوەنکردنی بۆ زێدەڕۆ لە دوای تۆمارکردنی بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە چوارچێوەی هەمان ڕێکار و بە پێی ئەو یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەم یاسایەی کە لەم وەرزەدا دەرچووە ئیشکالیەتی ڕێنووسی و ڕێزمانی نیە، لەبەر ئەوەی دوو جار دراوە بە بەڕێزان ڕاوێژکارانی بواری ڕێزمانی و ڕێنووسی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکەن، بەڵام ئەم دەستەواژەی جەنابتان باسی دەکەن بەڵێ لە ڕووی ڕێنوسییەوە هەندێك هەڵەی تێدایە، لە ڕووی خاڵبەندیشەوە هەندێك هەڵەی تێدایە، ئێمە ناوەڕۆکەکەیمان قبوڵ بێ دواتر دەتوانین لە ڕووی فاریزە و نوقتە و خاڵبەندییەوە چاککاری تێدا بکەین، ئەندامێکی تری بەڕێزی پەرلەمان قسەی هەیە، فەرموون بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٤- ماددەی (٣) برگەی سێیەم بەم شێوەیە دەبێت:

لە حالەتی ڕوودانی زێدەرۆیی لەسەر ئەو زەوییانەی مولکی دەولەتن و مافی رەفتارکردنی کەسانی دیکەیان لەسەرە یان مولکی تەواون بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان ئەو کاتە ئەو زەوییانە مولکایەتییان هەڵدەوەشێتەوە حەل و بەناوی شارەوانییەکان تۆمار دەکرێن، بەپێی یاسای بەخاوەنکردنی زەوییە میرییەکان لەناو سنووری شارەوانییەکانی ژمارە (٨٠)ی ساڵی (١٩٧٠)ی بەرکار لە هەرێم، بەڵام لە حالەتی ڕوودانی زیدەرۆیی لەسەر بەشەکی ئەو زەویانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ئەوە ئەو بەشەی بە بیناکردن زێدەرۆییان لەسەر کراوە ئیفراز دەکرێت و بەمەبەستی بەخاوەنکردنی بۆ کەسانی زێدەرۆکار ئەویش لەدوای تۆمارکردنی ئەم بەشە بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار بەپێی ئەو یاسایەی لەسەر ئەوە ئاماژەی پێکراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە دابنرێتەوە لە یاساكە با دەست بەرز كاتەوە؟ بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، دوای ئەوە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

٥- أ- ماددەی (٥) دەستەواژی خواست و خستنە ڕوو لادەبرێت. ئەمەش بۆ خاڵی تر سەرۆكی پەرلەمان پێویستە لەسەر بنەماش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ قسەی هەیە لەسەر (٥)، كاك (ڕزگار)، فەرموون.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی (ب) كە ئەڵێت بڕگەیەك زیاد بكرێت بەم شێوەیە (ئەو كەسانەی كە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە دەسی سوودمەند لە دەوڵەت دابنرێن) بۆچی ئەو كەسانە بەسوودمەند ئەژمار بكرێن؟ زۆربەی ئەو كەسانە زەوییەكانیان كڕیوە وە ئێستاش بۆ جاری دووەم پارەیان لێوەردەگیرێ بۆ بەخاوەنكردنیان، ئەو كەسانە هەندێ لەو كەسانە فەرمانبەرن دە بۆ پازدە ساڵ خزمەتیان هەیە بۆچی خزمەتەكەیان بكرێتە قوربانی زەوییەكی تەجاوز، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێنجەم دوو بڕگەیە (أ،ب)، كاك (سوران)، فەرموون.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) بڕگەی (ب) من پرسیارێكم هەیە لە لیژنەی یاسایی بەڕێز، ئەگەر ئەو كەسە زێدەڕۆكارە سوودمەندبوو تەجاوزێكیشی كردبوو ئەو حاڵەتە چی لێبكەین؟ یەعنی دوو جار سوودمەند دەبێت، یان تەجاوزەكە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەكەی؟ سوپاس

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو كەسانەی قسەتان هەیە لەسەر ماددەی (٥) لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی لەدەستی بەڕێزتانە كە (أ) لابردنی دەستەواژەی (خواست و خستنەڕوو)ە، (ب) زیادكردنی بڕگەیەكە بۆ ماددەی (٥) بەو شێوەیەی كە بەڕێز كاك (ڕزگار) خوێندییەوە، ئەو كەسەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە كەسی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێ، بەڕێزان دەرفەت دەدەین بە كاك (بژار) قسەیەك بكا لەسەر ئەوە كە ئەو بڕگەیە پێشنیازی لیژنەی یاسایی نییە ئەو هەر قسەیێكی تریشی هەیە، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە ماددەی (٣) بڕگەی دووەم خالی (٢) بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەندبوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی لە سەدی بەهای راستەقینەی زەوییەکە دەخەملێنرێت، لە ماددەی پێشتر باسکراوە عیلاج کراوە، ئەگەر ئەو کەسە سوودمەند بووبێت بە رێژەی سەد لەسەدی نرخی حەقیقی ئەو زەوییە تاپۆ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە بۆ ئەوەی قسە بکەن، (سەرچنار) خان، کاک (بالانبو)، کاک (زکری)، کاک (زیاد)، کاک (کاروان)، کاک (سیپان )، کاک (عثمان)، کاک (لقمان)، کاک (ریبوار)، کاک (علی)، کاک (عباس)، کاک (شاخوان)، کاک (سیپان)، فەرموون.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لگۆری برگا (ب) کو دەخاز کریە بێتە زیدەکردن حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەولەتدا دەنرێ، لێرەش لە خاڵێکی تریش ئاماژە بە داوە کە ماددەی سێیەم دەمەوێ ئاماژە بەوەش بدەم دوایی روونکردنەوەی خۆم بدەم، لە ماددەی سێیەمیش لە دووەم هاتووە بۆ ئەو کەسانەی کە سوودمەندن لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی سەد لە سەد بەهای راستەقینەی زەوییەکە لەسەر بنەمای خواست دەخەملێنرێت، لێرە پرسیارەکەم ئەویە هەیانە فەرمانبەرێك پاچە زەوی وەرگرتووە پارچە زەوییەك کە لەشێوێنی ئاوا بووە هیچ خەدەماتی نەبووە هیچ شتێکی لێنەبووە بە دە گەڵا رۆیشتووە، ئەدی ئێستا بە چ شێوەیەك ئەو کەسانە سوودمەند بووە لە دەوڵەت لەکاتێکیشدا ئەم پارچە زەوییەشی کریوە دواتر خۆی دروستی کردووە لە کاتی تاپۆ کردنەوەی پارچە زەوییەکەش پارەی لێوەرئەگرێت، بەراستی لێرە ناحەقیەکە بەرامبەر فەرمانبەران ئەکرێ بەرامبەر ئەو کەسانەی لە تەجاوزەکان نیشتەجێن کە ئەوانەی لە تەجاوزەکان نیشتەجێن کەسی هەژار و کەم دەرامەتن، بۆیە لێرە بەراستی ئەم خاڵە بە هیچ شێوە رەوا نابینم ئەو کەسانەی کە پێشتر سوودمەند بوون بە سەد لە سەد بۆیان تاپۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموون.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر بڕگەی (ب) هەیە کە ئەڵێ ئەو کەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێت، ئێمە ماوەیەك پێش ئێستا دەنگمان لەسەر ماددەی (٣) ماوەیەك پێش ئێستا دەنگمان لەسەر ماددەی (٣) بڕگەی دووی یاساکەیە بە

کۆی دەنگ، ببورە نازانم بە چەند دەنگێك بوو کە ئەڵێ بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لە دەوڵەت لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوە بە نرخی لەسەدا سەدی بەهای راستەقینەی زەوییەکە دەخەملێنرێت ئەمە لەرووی یاساییەوە، ئەگەر ئەم برگەیە تەسبیت بکریت کە ئەڵێت بە سوودمەند حیسابە پێشتریش دەڵێ ئەوەی سوودمەند بووە بە لە سەدا سەد یەعنی تەعاروز دروست دەبێ، چونکە بەپێی یاسا دەبێ کەسێ یەك جار سوودمەند بێ، یان دەبێ دەستکاری ئەو ماددەی پێش و بکرێتەوە یان ئەبێ برگەیە تەسبیت نەبێ، چونکە ئەو دژ یەکییە دروست دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ماددەی (٥) برگەی (ب) تێبینیم هەیە دیارە یەکسانی تیا رەچاو نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو تەجاوزاتانەی کە ئەیبینین لە هەرێمی کوردستانا کراوە هەمووی کڕین و فرۆشتنی یەکەمی پێوە کراوە، ئێستاش حکومەت دووبارە پێی ئەفرۆشێتەوە، ئەگەر کەسی تەجاوزکار بێت و لەجێگەیەکی دیکە زەوییەك بکرێتەوە هەرزانتر لەسەری ئەکەوێ، وە پێشم وا نییە خەڵك زیاتر بە پیر ئەم یاسایەوە بڕوات، چونکە زۆر گران لەسەریان ئەکەوێ، باشتر وایە ئەمە لاببرێت، خاڵێکی دیکە هەیە ئەمیش ئەوەیە ئەو تەجاوزانە بە یەکسانی نەکراوە، تەجاوز هەیە لەسەر چل مەتر کراوە، هەیە لەسەر حەفتا مەتر کراوە، هەیە لەسەر دوو سەد کراوە، وە بەپێی شوێنەکە نرخەکانیش فەرقی هەیە، ناکرێ کەسێك لە شوێنێکی باشا نەجاوزی لەسەر زەوییەك کردووە (٢٠٠م٢) بای پارەیەکی باشە بە موستەفید لەقەڵەم بدرێت، کەسێکیش لەسەر (٤٠م٢) کردوویەتی لە جێگایەکیشا تا دە ساڵی دیکەش هیچ ئیستفادەیەکی لێناکات، نرخێکی وای لەسەر دانانرێت بە هەمان شێوە بەموستەفید دابنرێت، بۆیە پێم وایە ئەمە زیادە و لاببرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شاخوان) فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥) برگە (ب)ئەو کەسانەی کە حوکمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە سوودمەندبوو لە دەوڵەت دادەنرێت، بە بڕوای من ئەمە غەدرێکی زۆر گەورەیە لەو خەڵکانە دەکرێت، لەبەر ئەوە وەکی پێشووتر بەشێك لە هاورێیان باسیا کرد ناکرێ کابرا بە زەوییەکی کەم یان بەجۆرێك کە لەشوێنێکی کەم و لەشوێنێك تا رادەی وەکو پێویست بەپێی خەملاندنەکە ناکات، ئەمە ئەبێ هەژمار بکرێت بە موستەفید و ئەوانە بە بڕوای من ئەوە غەدرێکی گەورەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (د.ریبوار) فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هیچ ئیزافەیێكم نییە لەسەر ئەو ماددەیە، تەنها ئەوە ئەڵێم هەر لابردنی دەستەواژەیەك یان ووشەیەك یان ڕستەیەك پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدان، پێویستە داڕشتەی كۆتایی بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی بزانین لە ڕووی زمانەوانییەوە ئاڵوگۆڕ كراوە یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (بژار)، فەرموو، وتی جوابی (سەرچنار) خان دەداتەوە، لە ئەخیر بێ؟ با لە ئەخیر بێ، كاك (علی) فەرموون.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم بەپێی قانوون نابێ لە یاسایێكا دوو ماددە هەبن تەناقوزی یەك بن، ئەوی تریان بە (١٠٠%) پێی دەفرۆشیتەوە ئەوە ئەگەر سوودمەند بوو، واتە بە سعری بازار پێی دەفرۆشیتەوە، بەڵام ئایا لە ماددەیەكی تردا نەخێر بە سوودمەند حیساب ناكرێت و، وەكو ئەوەی بێ بەرامبەر، ئەوە لە ڕووی قانوونیەوە ناكرێت ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم هەمووومان لەگەڵ خەڵكی فەقیردایین، بەڵام مەرج نییە ئەوەی تەجاوزی كردبێت هەمووی فەقیر بێت با ئەمە ڕوونكرێتەوەو، بۆ پرسیار مەنتیقی تر نەكەین یەكێك (٣٠٠م٢) تەجاوز كردووە تاپۆش دەكرێت لەسەری بە سعرێكی كەم بە سوودمەندیش حیساب ناكرێت، هەشە تەمەنی شەست ساڵە دەرفەتی تەعین بوونی پێ نەدراوە عەرزێكیشی وەرنەگرتووە، ئێ باشە با دەرفەتەكە بدرێ بە ئەو تر ئەو تەجاوزەكەی لەسەر تاپۆ كرێ ئەوانی تریش هەر كەی تەواو بوون ئەوانەی زەوییان وەرگرتوو ئەوجا دەرفەتێكی تر بدرێتەوە بەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (بژار) فەرموو،

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ وەڵامی كاك (علی) و (سەرچنار) خان، ئەو كات تەعاروز دروست دەبێ ئەگەر دوو نەصی خاص هەبێ لە یاساكەدا یان دوو نەصی عام هەبێت، لێرە ئەگەر ئەم بڕگەیە زیاد بكرێت بۆ ماددەی پێنجەم نەصێكی عامە لە ماددەی سێیەم بڕگەی دووەم خالی دووەم نەصێكی خاصە، كەواتە تەعاروز دروست نابێت بەو شێوەیە، ئەگەر لەنێوان دوو نەصی خاصدا بێت تەعاروز دروست دەبێ لە نێوان دوو نەصی عامیشدا بێت هەر تەعاروز دروست دەبێ، بەڵام لێرە عامە لە ماددەی سێیەم نەصێكی خاصە ئیستئنافە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان) فەرموو،

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٥) بڕگەی دووەم هەمان تێبینی هەڤاڵانم هەیە، پشتیوانی کاك (ڕزگار) و (سەرچنار) خان و کاك (بالانبو) دەکەم، بیرمان نەچێ ئەو زەوییانەی کە زێدەڕۆییان لەسەر کراوە ڕەنگە بەشێکیان دەستیان بەسەرداگیرابێت کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، بەڵام من داوا دەکەم ئەوانەی گومانیان هەیە لەم بابەتە با بڕۆن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن کە زێدەڕۆییان لەسەر کاراوە زۆربەی بۆری خەڵکی زۆر فەقیر و هەژارە هیچ مەنتقێك هەڵناگرێت زەوییەك خۆم کریبێتم وە لەهەمان کاتدا خەڵکانێك هەن کە لە حکومەتدا سوودمەند بووبێتن منیش بەهەمان شێوە بە سوودمەند خیساب بکرێم لەگەڵ ئەوان ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم کاك (بژار) باسی دەکا هەردووکیان دوو نەصی عامن دوو گشتاندن نین کە بابەتەکە بەگشتی دەبێت کە قسەی بکەین و مناقەشەی بکەین بۆیە نابێت ئەو تەناقوصاتانە هەبێت، هەمان بۆچوونی (سەرچنار) خانم هەیە ئەم ماددەیە دەنگی لەسەر بدەین هەڵیوەشێنینەوە یان ئەو ماددەیە دەستکاری بکرێ وەکو خۆی یان ڕێگە نەدەین وەکو خۆی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (لقمان)، فەرموو،

**بەڕێز لقمان حمه حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) بڕگەی (ب) ئێمە هەموومان ئەزانین کە زۆرینەی ئەوانەی لە ناوچە زێدەڕۆکان بابڵێین نیشتەجێن فەرمانبەرن و کەم دەرامەتن لە هێزەکانی ناوخۆ و پۆلیسن پێشمەرگەن، بۆیە زیادکردنی ئەو بڕگەی بۆ ئەو کەسانە بە سوودمەند هەژمار بکرێن فەرمانبەرێك ڕەنگە تەمەنی خزمەتی (٣٠) ساڵ بێت، یان (٢٥) ساڵ بێت، تاکو ئێستا زەوی وەرنەگرتووە، ڕەنگە بە هەژاری بە نەداری هەوڵدابێت کە پارەی پارچەیێك عەرز یان خانووی تەجاوز لە کەسێکی تر بکرێتەوە لە حالەتێکدا کە تاپۆی دەکات مەبلەغێك پارەش دەداتە حکومەت، بۆم وایە ناحەقی و غەدرێکی زۆرە ئەمە بە سوودمەندبوو هەژمار بکرێ، بۆیە من پشتوانی لە بۆچوونی کاك (ڕزگار) و کاك (سیپان) کاك (بالانبو) و (سەرچنار) خانیش ئەکەم، ئەم بڕگەیە لابرێت زیاد نەکرێ کەسەکە ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە سوودمەند هەژمار بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (زیاد) فەرموو،

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا ئەکەم ئەو شوێنانەی کە تەجاوزی تیا کراوە لە شوێنە باش و گرینگ نییە کە پارەیەکی زۆر بکات، دووهەم دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە هەموو ئەوانەی کە پارچە زەوییان هەیە بە پارە کڕیویانە زۆربەی هەر زۆری، زۆربەی پارەشی لێوەردەگیرێ، من دڵنیات ئەکەم بەشی زۆری ئەو شوێنانە ئەو پارەی کە پێی کڕیوە لەگەڵ ئەو پارەی کە دەیدا زەوییەکە ئەگەر تاپۆی هەبێ بچێ بیکرێ هەر بەو پارە بیکرێ، لەبەر ئەوەی من لێرە ترسی جێبەجێ نەکردنی یاساکەم هەیە خەڵك ناچێ بەدەم جێبەجێکردن یاساکەیەوە، ئەوەی کە برادەران باسیان کرد کەسێك دووجار سوودمەند دەبێت ئەوەی کە پێشتر سوودمەند بووە و ئێستا بە لە سەدا سەد ئەیکرێتەوە کەواتە ئەو دووجار بە سوودمەند حیساب دەکرێ، ئەوە چۆن چارەسەر دەکرێ، لەبەر ئەوەی من پێم باشە ئەو بڕگەیە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (زکری)، فەرموو،

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا کاك لوقمانی ب ڕاستی ئەو ئاخفتنێت من بەحس کرن منیش وا دەزانم هەر ئەو فەرمانبەرە ئەوێت خەلکێ تەجاوز کری دیارە جیاوازییەکا زۆرا هەی خەلکەکێ زۆر یێ هەی فەرمانبەرە ژ مەجبووریێت خۆ ئەڤە بیست ساڵە فەرمانبەرە لە هەموو وەزارەتەکان ل هێزا ناڤخۆ فەرمانبەرە، حکومەتا هەرێما کوردستانێ پارچە زەوییەك نەدایێ خەلکەکیش یێ هەی پارچە زەوی یێ وەرگرتی هەموو پێکڤە سودمەند ببن ئەڤە حەقێ وی دێ سوزیت ئەز گەل هندێ دا نیمە فەرمانبەر ب سودمەند هەژمار بکرێت..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەی ڕەفیقەکانتان زۆر دووبارە مەکەنەوە، کاك (عباس)، فەرموو،

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە زیاتر لێرەوە ڕێگە بەخۆم دەدەم بمبوورن، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ گفتوگۆیەکمان نەکردووە لە لیژنەی یاسایی رای خۆیان تێدا، یان لەبەر ئەوەی لێرە داوات لێکردم قسە بکەم، لێرە لەسەر ماددەی (٥) بڕگەی یەکەمیان خواست و خستنە ڕوو نووسراوە پێویستە یەکسەر ڕاستی بکەینەوە بیکەینە (بنەمای خواست و خستنە ڕوو) لەبەر ئەوەی لەوانەیە لە ماددەکە نەقس دروست دەبێ، مەسەلەی بۆ زیاد کردن ئەم بڕگەی دووە ئەمە بەڕاستی من پێم وایە ناعەدالەتی دروست بکا لەبەر ئەوەی هەموو لایەکمان خەلچکی ئەو وڵاتەین لە هەموو شاروشارۆچکەی ئەمە وڵاتە واقیعەکەمان بەرچاو بووە ئەمانە زێدەڕۆیان کردووە، نەك چوون ئەرزی دەوڵەت داگیر بکەن چوون ئەرزیان کڕیوە لە کەسێك کە بێگومان

ئەگەر ئەو حكومەتەی ئێمە ئاگای لێبوو كە زەویەكانی فرۆشتووە، حەقە ئەو كەسەی كە زەوی دەفرۆشێ بە سوودمەند حیساب بێ نەك ئەو كابرایەی زەوی كڕیوە بە چۆنی وە بەشێكی زۆری پێم وایە ئەمانە لەوانەیە ئەمانە لەپێش ڕاپەڕینەوە زۆر لەشارەكان هەیە بە گەڕەك دروستكراوە بە زێدەرۆكار، یان خەلكێك لەبەر نەبوونی و دەستكورتی لەراستی چووە خانوویێكی بچووكی بە پارە كڕیوە كە شوێنەكە زێدەرۆ بووە ئێستا دەبێ ئەو تاپۆی بكا لەبەر ئەوەی ئەو خاوەنیەتی، لەبەر ئەوە چەندین ساڵ نەیتوانیوە سوودمەند بێت لە دەوڵەت چووە خانوویێكی بچووكی كڕیوە بۆ خۆی كە كابرا بە زێدەرۆ یان بە هەر جۆرێكی تر كردووە ئێستا بە سوودمەند ئەژمار بكرێ ناكرێ؟ من پێم وایە ئەو حالەتە لەوانەیە مەسەلەی سولفەی عەقاری لادێیەكانیش بگرێتەوە كە سوودمەند بووە لە دەوڵەت، سولفەێكی عەقاری لە لادێیەك وەرگرتووە ئەمەش حالەتێكە پێم وایە سبە بۆی ئەژمار دەكەن لەوێش ناتوانێ ئەوەشی بۆ بە سوودمەند ئەژمار دەكرێ بارەكەی لەسەر قوورس دەكرێ، بۆیە بەراستی خاڵی (ب) من پێم وایە من لەگەڵ ئەوەمە رەفزی بكەیەوە لەبەر ئەوە زیادە تێیدابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (عثمان) فەرموو،

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەو كاتە ئەو جەلسەیە دەنگمان لەسەر ئەو بڕگەیە داوە، لەسەر كۆی پڕۆژەكە داوە، جەنابی وەزیری شارەوانی خۆی لێرە بووە، ئەگەر تەحەفوزێكی هەبوو ئەو كاتە لەسەر هەر ڕێیەك لەمانە دەبوایە هەر ئەو كاتە لێرە باسی كردبایە بیگوتبایە تەحەفوزم هەیە لەسەر ئەم خاڵانە، خۆی لە راستیا كەمترین قسەی كرد لەسەر بابەتەكان، بەڵێ لەسەر هەندێ بڕگە رای هەبوو، من پێم وایە ماددەی (٥) بڕگەی (ب) وەزیر خۆی جەنابی لێرە بوو، ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەوە كە زیاتر لە (١٠) بە هیچ شێوەیەك هیچ زەوییەك تەوزیع نەكراوە لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، ئەگەر كەسێك تەمەنی (٨) ساڵ بێ وە بە واتا بۆتە (١٨) ساڵ مافی ئەوەی هەبوو هاوسەرگیری بكات، پێویستی بەوە هەبووە شوێنێكی نیشتەجێبوونی هەبا، لەم حاڵەتە كە ئەمە نەبووە دیارە حكومەت موقەصیرە وە بە بۆچوونی من ئەم ماددەیە ئەگەر گۆڕانكاری تێبكرێت ئەبێ بە بەربەستێكی گەورە لەبەر دەمی ئەم پڕۆژە یاسایە و ئەم پرۆژەیاسایە لە نەتیجەیا توشی شەلەل ئەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (رومیو) فەرموو،

**بەڕێز رومیو حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی راستی بێ من هیچ قسەم نەبوو، بەڵام گوێبیستنی هەرە زۆری ئەو خوشك و برا بەڕێزەی ئەندام پەرلەمانەم من حەز ئەكەم وەكو تەوزیحێكیش بێ من بیدەم، باس لەوە دەكرێ ئەوانەی تەجاوزیان كردووە، زێدەرۆییان كردووە بەشی زۆریان خەڵكی هەژار و كەم دەرامەتن وە

هەروەها باس لەوە دەکرێ کە کریویانە، بەڵام من ئەو مەسەلەیە بەراورد دەکەم لەسەر ئەو تەجاوزاتانەی کە لەسەر موڵك ئەعرازی پێکهاتەکان بە تایبەتی ئێمە کلد و ئاشوورییەکان، ئەوەی راستی بێت ئەم خەڵکە نە هەژارە و نە کەم دەرامەتە وە نەشیان کڕیوە، بەپێچەوانەوە هەموویان دەوڵەمەندن و کاربەدەستن و لەوانەیە بەشێکی زۆریشیان بەرپرس بن، هەر تەنها ویستم ئەم خاڵە روون کەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بژار) فەرموو،

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە رووی قانوونییەوە باس دەکەم، جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە هەردوو مادده لە رووی قانوونییەوە دژ یەکی دروست ناکات وە ئەگەر هەردوو فەقەرەش لەم یاسایەدا هەبێت، مانای ئەوە نییە کەسێك دوو جار موستەفید دەبێ، لە ماددەی سێیەمدا هەیە بڕگەی دووەم خاڵی دوو، ئەگەر پێشتر موستەفید بێ بە نرخی سەد لە سەدی بەهای راستەقینەی ئەو زەوییە بە حوکمەت دەدات، کەواتە ئیستیفادەی چی تێدایە، ئەو نرخە بە نرخی حەقیقی لە حکومەت کڕیوە دووجار موستەفید نابێ، ئەگەر هەر دوو بڕگەش لێرە بمێنێت هیچ تەعاروزێکیش نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە مشاوەرەیێکمان کردووە، دوو رەئی هەیە، رەئیەك هەیە ئەڵێ (رەت بکرێتەوە موقتەرەحەکەی سەرۆکایەتی) رەئیەکیش هەیە دەڵێ (بگەینە حەلی وەسەگی)، ئێمە دەرفەت دەدەینە کاك (علی حمە صالح) ئەو حەلە وەسەگیهمان بۆ عەرز کا، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوە تێبپەڕێنین ببێتە بیرۆکە و پرۆژە هەموومان، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دابەشکردنی زەوی بەسەر هاوڵاتیانا لەسەر بنەمای مەترە، واتە ئەو کەسەی (٢٠٠م٢) زەوی وەردەگرێ سوودمەندە، بەڵام ئەو کەسەی (٨٠م٢) وەرگرتووە، ئەگەر بە سوودمەند حیسابی کەی کەواتە (١٢٠م٢) زەرەری کردووە، پێمان وابێ یەکێ ئەگەر بە تەجاوز یان بە حەقی خۆی (٢٠٠م٢) هەبوو، کەواتە بووە بە خاوەنی سەکەنی خۆی کە ئەتوانێ تێیدا بژی بە شێوەیەکی شەرەفمەندانە، بۆیە ئێمە (٢٠٠م٢) سابت کەین ئەوەی لە (٢٠٠م٢) کەمتری تەجاوز کردووە بە سوودمەند ئەژمار نەکرێ، لەسەر بنەمای تەوزیعاتی زەوی بەسەر خەڵکا ئەوەی لە (٢٠٠م٢) بەسەرەوەی تەجاوز کردووە بە سوودمەند ئەژمار بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، واتە هەر کەسێ (٢٠١م٢) تەجاوز کردبوو بە سوودمەند حیسابە، کەواتە سیاغەی فەقەرەکە بەو شێوەی لێدێت بڕگەیەك زیاد دەکرێ (ئەو کەسەی کە حوکمەکانی

ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە کەسی سوودمەند لە دەوڵەت دادەنرێ، ئەگەر رووبەری زەوییە زێدەرۆکە لە (٢٠٠م٢) زیاتر بوو)، (٢٠١م٢) سوودمەندە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر مەبدەئەکە قسە کراوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسەی خۆیان کردووە، ئێستا سیاغەکە بەم شێوەیەیە، ئەوەی یاساکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدان (٢٠١م٢) دەخەینە دەنگدان ئەوەشی بە سوودمەند ئەژمار ناکرێ ئەخەینە دەنگدان، نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز سوران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان کردتان لیژنەی یاسایی تەرحی کردووە نە رێکەوتنی هەموو فراکسیۆنەکانە، (٢٠٠م٢) تەجاوز بێت سوودمەند نەبێ بۆ (٢٠١) مەتر تەجاوز بێ و سوودمەند بێ، بۆیە بەراستی تەجاوز بە مەتر ناپێورێ ئەمە مەبدەئێکە تۆ لە یاساکە داتناوە چەندی لەسەر تاپۆ ئەکەی لە شارەکان (٢٠٠م٢) لە قەزاکان چەندە؟ یەعنی چی ئەم پێوەرانە هەمووی عەکس دەبێتەوە لێرە، بۆیە بەراستی ئەمە عەدالەتی تیا ناچەسپێ من ئەزانم خەمخۆری هەموو پەرلەمانتاران بۆ ئەوەیە خەڵك سوودمەند بێ بەڵام بەمە زەربە لە هەندێ مەبادئی تری ماددەکانی قانوونەکە ئەدەین کە خۆمان مەترمان تەحدید کردووە، بۆیە پێوەر چییە من ئەیکەم بە (٣٩١م٢) دەڵێم کاکە دوو مەترم بۆ لابەن با نەگاتە (٢٠١م٢) نامەوێ.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.ریبوار) فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت دیارە پێوانەکردنی ئەوەی کە لەسەر بنەمای مەتر بێت، بۆ ئەوەی کە ئایا بە سوودمەند یان بە سوودمەند ئەژمار نەکرێ، پێم وایە هەڵەیێکی تیایە، باشتر وایە لەسەر بنەمای تەوزیعی جوگرافی بێ، لەبیری نەکەن لە یاسایەکە تەنها ناو شارەکان نەهاتووە قەزا و ناحیەکانیش هاتووە، بۆیە ئەگەر بڵێی (٢٠٠م٢) واتە پێوەری پێوانەکردنی سوودمەند بە مەتر بێ ئەی بۆ قەزا و ناحیەکان کە (٢٥٠م٢) و (٣٠٠م٢) رێگەی پێدراوە، بۆیە پێویستە بۆ ئەوەی یاسایەك دەرکەین تەفسیری جیاواز هەڵنەگرێ ئەبێ زۆر روون و رەوا بێ حیسابی قەزا و ناحیەکان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی تر ئەیەوێ قسە بکا کاك (مم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێ یاسا دەرەکەین ئەبێ رەچاوی عەدالەت بکەین، یەعنی لە رەچاو کردنی عەدالەتا بەرپرسیاریەتی پێویست پیشەیی و قانوونی و ئەخلاقی پەرلەمانتارە، من ئەوە بە جەنابتان

بلێم خەڵك هەیە لە سلێمانی یان لە هەولێر یان لە شارەکانی تر بە دوو کەس زەوییەکی (١٦٠م٢) وەرگرتووە ئەم حاڵەتانە هەیە لەناو قانونا یەعنە یەکێك بە (٩٠م٢) یا بە (٨٠م٢) بە موستەفید حیساب بکرێ لە کاتێکدا (٢٠٠م٢) بە موستەفید حیساب نەکرێ، بۆیە من هەست دەکەم ئیشکالیەتی قانوونی دروست دەکا، بۆیە من پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك (سۆران) دەکەم فیعلەن ئەوە لە خەمخۆرییە ئەوەی کاك (علی) تەرحی کردووە، بۆیە داوا ئەکەم ئالیەتێکی تر بدۆزرێتەوە لەناو شارەکان جیاوازە لە ناحییەکان وە لە ناوچە دوورە دەستەکان، بۆیە میکانیزمێکی تر بدۆزرێتەوە بەم شێوەیە عەدالەت جێگیر نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(سەرچنار) خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە تەحدیدی مەتر بکرێ بە تاجاوز، یەعنی بەراستی ئەوە دیسانەوە کارێکی ناياساييیە بە مەتر تەحدید بکەی تەجاوز لە (٢٠٠م٢) زیاتر بێت یان کەمتر بێت، چونکە لە هیچ یاسایێکا نەهاتووە ئەگەر زیاتر بوو ئەوە بە تەجاوز حیسابە ئێمە ئەبێ لەسەر ئەساسای مەبدەئێکی قانوونی بێین بابەتێکی تر دابنێین، لەبەر ئەوەی ئەم چارەسەرە پێم وایە ناياساييیە ئەبێ چارەسەرێکی بەدیلی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عباس) فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك لەم بابەتە بدەم دەسەلەی (٢٠٠م٢) و (٢٥٠م٢) لە قانوونە جیاوازەکانیش شاروانییەکان، یەعنی قانوونەك هەیە زەوی لە (٢٠٠م٢) دابەش دەکرا (٢٠٠م٢) زیاتر لە کاتی دابەشکردن هەر کەسێك یەك مەتری زیاتر وەرگرتایە بە نرخێکی زیاتر لەو حەقەی دەیدرایێ ئەمە لە لایەك، مەسەلەن لە قانوونێکی پێشترا هاتبوو (١٥٠م٢) کردبووە نرخی شارەوانییەکان لەوە زیاتر هەر چەندێك بوایە دوو سەد سێ سەد مەتر بوایە نرخێکی زیاتری لێوەردەگیرا، بۆ ئەم بابەتە لێرانەدا ئەمە نییە تەحدیدی زێدەڕۆیی بە (٢٠٠م٢) بکرێ لەم بابەتەیا، ئەمە تەحدید کردنی ئەم کەسەی کە خانوویێکی لەسەر تاپۆ دەکەی وەکو هەموو قانوونەکانی پێشتر کە شارەوانی تەحدیدی کردووە، هەتا (٢٠٠م٢) لەبەر ئەوەی حالەتێکە حالەتی جیا جیا لە هەرێمی کوردستان هەیە کەلعادە بە سوودمەندی خەژمار ناکرێ، بەڵام ئەگەر کابرایەك توانیبێتی خۆ کە دەڵێی (٢٠٠م٢) زۆر بە دەگمەنە (٢٠١م٢) مەخسەدی (٣٠٠م٢) و (٤٠٠م٢) و (٥٠٠م٢) ئەمە بە تەئکید نە فەقیرە نە زێدەڕۆکارە ئەمە داگیرکارە، لەبەر ئەوە بەراستی ئەمە لەوەوە هاتووە نەك لە قانوونێکی تایبەتەوە، بۆیە هیوادارم ئەمە بەراستی کارئاسانییێکە بۆ

خەڵكی، یەعنی ڕێكەوتنێكە كە كراوە نە لە سەرۆكایەتی هەرێـم هـاتووە نە ئەم قسـە جیـاوازانە جێبەجێ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (مم) فەرموو.

**بەڕێز مم اسكندر مم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەست پێ دكەم كو گەلەك زەحمەتە د ڤێ ڕونشتنێ دا ئەم بگەینە ڕێكەفتنەكێ بۆ هندێ بشێین خزمەتەكێ پێشكەش ب خەلكێ خۆ بكەین، ئەگەر لڤێرێ بڕیارا دوماهیێكێ ژێ بێتە دان ڕەنگە ئەو دادپەروەرییا كـو مە دڤێـت تێـدا نەبیـت، مە هەمیـا ژێ پـێ باشـە خزمەتـا كەم دەرامەت و هەژارێـت ڤـی وولاتـی بكەیـن، ژبەر هنـدێ پرسـیار ئەوە جەنـابێ هەوە د ڤـێ ڕونشـتنێ دا وەك سەرۆكایەتیا پەرلەمـان و ئەنـدامێت بەڕێزێـت پەرلەمـانی ئەو دەسـەلات هەیە كـو بڕگەیەكـێ ژ بڕگێت بەرنامێ كار یا ڕونشتنا نوكە پاش بێخن بۆ ڕونشتنا بهێت باشتر ڕێكەفتنێ ل سەر بكەین و بگەینە تەفاهومەكێ ئەو دەسەلات هەیە؟ ئەگەر هەبیت ب ڕەئیا من باشترە بـۆ هنـدێ بشـێین سیغەیەكێ باشتر و ڕێـك و پێكتـر و پتـر دادپەروەری تێـدا بیـت بچەسـپینین بـۆ هنـدێ خزمەتـا خەلكێ خۆ بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(شادی) خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی یاساكە لە شارەكانا (٢٠٠م٢) زیاتر ئاماژەكمان بەوە كردووە كە بە نرخی حەقیقی پێی دەفرۆشرێ، كاتێك ئێمە ئەو بڕگەیە زیاد بكەین وا ئەكات هەموو ئەو كەسانەی كە زەویەكانی كە زیادەڕۆییـان لەسـەر كـردووە لە (٢٠٠م٢) زیـاتر بـێ دەڵـێ نامەوێـت، لەبەر ئەوەی كەمتـر بە سوودمەند حیساب نەكرێ وە ببێتە غەیر موستەفید لەلای حكـومەت، دواتـر هەمـان ئەو خـاڵەی كاك (مم) ئاماژەی پێكرد ئێمە لە هەرێمی كوردستان ئەوانەی موسـتەفیدن بەشـی هەرە زۆریـان بە دوو كەس پارچەێـــك زەوییـــان وەرگرتـــووە (٢٠٠م٢) و (١٨٠م٢) ئـــیلا ئـــاخیریهی ئەمە جیاوازییەكی زۆر دروسـت دەكا لەنێـوانێ ئەوانەی كە سوودمەند بـوون لە حكـومەت وە ئێسـتا ئەوانەی زیادەڕۆییـان كـردووە، هەروەهـا دەرگا دەكـاتەوە بـۆ ئەوەی كەسـانێكی زۆر بتـوتنن لە هەوڵی ئەوەدا بن كە بە ناقوونی زەویەكانیان بە كەمتـر لە (٢٠٠م٢) بخەمڵێنـرێ وە دواتـر ئەوەی تری معالەجەی بۆ بكەن ئەو پـارچە زەویـانەی تـر معالەجەی بـۆ بـكەن یـاخود لە ڕووپێوییەكانا كـاریگەری ئەوە دروسـت ئەكا كە زیادەڕۆكـان بە ناقـانوونی كەمتـر لە (٢٠٠م٢) بخەملێنـرێ بـۆ ئەوەی غەیر موستەفید لە حكومەت ئەژمار بكرێن كە ئەمەش پێم وایە خەلەلێكـی گەورەترمـان لەوەوە بۆ دروست دەكات كە چاوەڕوانی ئەكەین، سوپاس.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێت وەکو ئەندام پەرلەمانئاخفتنەکێ بکەم، پێتڤیە د دانانا قاعیدێ قانوونی ئەم چەند موحتاجن کو عەدالەتێ بەرچاڤ وەرگرین، ئەم پتر موحتاجێ مەبدەئێ عەدلن، یەعنی ژبلی عەدالەتێ ئەم موحتاجی عودلێنە، ئەڤ پارچا عەردی ئەڤا کەسەکی یان هاووڵاتییەکی خانییەکێ ب تەجاوز پێ ل سەر ئاڤا کری عیبرەت د هندێ دایە ئەڤ خانییە بۆ بێت تاپۆ کرن وەختێ بۆ هاتە تاپۆ کرن، ئێ باشە ئەڤ عەردە عەردێ عام بووە عەردێ دەولەتێ بوو کەواتا ئەگەر سودمەند نەبوو، یەعنی دێ جارەکا دی د پێشبڕکێیا دا بیت بۆ جارەکا دی دێ پارچە عەردەکێ دی وەرگریت گەل وی خەلکێ کو نەوەرگرتی، وەکو عەدالەتا ئیجتماعی د هندێ دایە، ئەگەر ئەز هاووڵاتییەك بم من عەردێ دەولەتێ پێ گرتی من خانیێ ئاڤا کری بۆ من تاپۆ کر خلاس یەعنی زێدەتر ژێ ڤێ، بۆ چی ئەز موستەفید نەبم، چونکی هۆسا ئەز پێ حەقێ خەلکەکێ دی دخۆم، ژبەر هندێ وەکو عەدالەت و عەدل ئەم موحتاجی هندێنە ب دیتنا من ئەو کەسێ خانی بۆ تێتە تاپۆ کرن موستەفید حسابییت پەنایێ بۆ مەترا نەبەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (رزگار) فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو دوو سێ راییەکان یەك بەدوای یەك بێخیە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی کێشەی (٢٠٠م٢) چارەسەر ببیت کە دیارە لەسەر ئەوەی (٢٠٠م٢) بیتن ئەوە بە موستەفید حیسابە دەکرێ، ئەگەر دەکرێ هەمان رێژەش بۆ قەزاو ناحیەکان دابنرێت، لەسەر ئەوەی (٣٠٠م٢)، (٤٠٠م٢) بیتن بە موستەفید حیساب بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عبدالستار) فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە، تەبعەن دەزانم هەموومان بۆ ئەوەیە کە تەجاوزی کردووە مشکیلەکەی بۆ حەل کەی، ئەگەر ئێمە نرخی راستەقینەی لەو خەڵك وەرگرین نرخی راستەقینەیە، ئەمن رام وایە باسی سوودمەند و سووندمەن نەبوو هەر نەکرێ، وەکو ئەوە وایە کە تۆ پارچە عەرزێك دەفرۆشی بە نرخی حەقیقی خۆی، بۆ باسی سوودمەند بکرێ؟ ئەدی بۆچی باسی سوودمەند بوو بکرێ کە ئەو کەسە سوودمەند بووە، هاتووی تەنها ئەوەندەیە کە پارچە ئەرزێکی کریوە بە هەر نرخێك کراوە تەجاوز کراوە لەوەی گەرێ هەمووماندەزانین، بەڵام ئەو نرخەی کە لێی وەردەگرین نرخی راستەقینە بێ، ئەمن رەئیم وایە بەراستی هیچ کەس بە سوودمەند حیساب

نەكرێ بەو ڕێژەیەی كە ئێمە دامان ناوە بەو پێوەرە كە دامان ناوە بۆ شار و بۆ قەزا و ناحییەكان لەسەری بڕۆین و كێشە كۆتایی پێدێت، چونكە پێمان فرۆشتووە پێم وایە ئەوە باشترین چارەسەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(ڕۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بڕگەی پێشوو باسی نرخی ڕاستەقینە ئەكات، نرخی ڕاستەقینە لە هاووڵاتی وەربگیرێت و لەوەی كە زێدەڕۆكار وەربگیرێت و دواتر ئەوەی بنەمای خواست و خستنە ڕوو لابرێ و خۆشی بە بڕێك پارە كرێبێتی و بە سوودمەندیش ئەژمار بكرێ، پێم وایە ئەم بڕگەیە هەر زیاد نەكرێت و لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشوویەك وەردەگرین تا ئەو كاتە، سەعات (٢:٣٠) دەست بە دانیشتنەكەمان دەكەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەناوی جەنابتان و بە ناوی دەستەی سەرۆكایەتی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان ئەكەین بەخێربێن سەرچاو، ئێستا ئێمە لە بڕگەی (٥) بووین مناقەشەمان كردبوو چەند موقترەحێك بوو یەك یەك موقتەرەحەكان ئەخەینە دەنگدان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان فەرموون لە شوێنەكانی خۆتان دانیشن، بۆ ئەوەی بتوانین بڕگەكان بخەینە دەنگدان، بەڕێزان هەردوو بژاردەكە دەخەینە دەنگدان بژاردەكان، بژاردەی یەكەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێكە بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە یاساكە وەكو خۆی بمێنێتەوە دەقی ماددەی (٥) وەكو خۆی بمێنێتەوە هیچ بڕگەیێكی بۆ زیاد نەكرێ با دەست بەرز كاتەوە؟ بەڕێزان زیاد كردنی ئەم بڕگەیە بڕگەیێكە كە خۆی لە ئەصلا لەناو ماددەی (٥)دا نییە، ماددەی (٥) خۆی دەڵێ (ڕووبەرە زێدەرۆكان لە ڕووبەری ئاماژە پێكراو لە بڕگەی (٦) لە ماددەی (٢) لەم یاسایە بە نرخی ڕاستەقینەی باو لەسەر بنەمای خواست و خستنە ڕوو دەخەملێنرێت بەو مەرجەی ڕووبەری زەویەكە لە هەموو حاڵەتێكا لە پارێزگاكان لە (٣٠٠م٢) لە قەزاكان ل (٤٠٠م٢) وە لە ناحیەكان لە (٥٠٠م٢) تێپەڕ نەكات) هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددە وەكو خۆی بمێنێتەوە بەبێ هیچ ئیزافەیێك با دەست بەرز كاتەوە؟ (٣) دەنگی هێنا. موقتەرەحەكەی تر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان (ئەو كەسەی كە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە بە كەسی سوودمەند لە دەوڵەت ئەژمار دەكرێ ئەگەر ڕووبەری زێدەرۆییەكە زیاتر بوو لە كەمترین ڕووبەری دیاریكراو لە بڕگەی شەشەمی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە) ئەم بڕگەیە زیاد بكرێت بۆ ماددەی (٥) هەروەها دەستەواژەی (خواست خستنە ڕوو) یا (لەسەر بنەمای خواست و خستنە ڕوو) لابدرێ، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە پەسەند بكرێ با دەست بەرز كاتەوە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماددەی (٥) بەو شێوەیە بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، فەرموون كاك (بژار) بڕگەی (٦).

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (٦) ماددەی (٨) هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەمی لابدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان قسەی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە با بفەرموێ، كاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ (٨) خالا دووەم و سێیەم ڤی رەنگینە کو حوکمەکانی ئەم یاسایە بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەش دەگرێتەوە کە دەکەونە نێوان خانووی دروستکراو لە ناوچەکانی نیشتەجێ بوون پێش (٢٠١٨/٣/١٣) دروستکراون و یان روخێنراون دوای پابەندبوون بە مەرجەکانی تری ئەم یاسایە، لڤێرێ من دڤێت ئاماژە ب وێ چەندێ بدەم گەلەك پارچە زەوی هەبوونە خەلکی خانی ئاڤا کرینە لێ ژبال لیژنێت زێدەگاڤی ڤە هاتینە هەرفاندن یان رێك پێ نەهاتیە دان دروست بکەن یان ب هیچ ئەگەرەکێ واستەیەکێ یان هەر تشتەك ل بەر دەست نەبووە بشێتن خانیێ خۆ یێ زێدەگاڤیێ دروست بکەت د دەمەکێ دا ئەڤ پارچە زەڤیە یا کرِی، بۆچی ئەڤرۆکە د ماینا دوو خانییێت تەجاوزدا کو ئەڤرۆ هەر دوو خانییا تاپۆ بکەین لێ دگەل هندێ دا ئەڤ پارچە زەڤییە کو خودانێ وێ یێ دەست رۆیشتوو نەبووە یان دەستێ وی درێژ نەبووە کو بگەهیتە واستەکارییەکێ کو بشێتن وی خانیێ تەجاوز ئاڤا بکەت یان دوو بلوك دانایە سەر ئێك ژ بال لیژنەیێن زێدەگاڤیێ ڤە خانیێ وی هاتییە خراپ کرن، بۆچی ئەڤرۆکە وی مافی نەدەینە وی کەسی ژی ئەو پارچە زەوی بهێتە تاپۆ کرن ژبۆ وێ ئێکێ ئەو ژی سودمەند ببیت و هەم روویێ وی کەمەلگەهی ژی دێ جوانتر بیت دەمێ کو رێکخستنەکا باشتر بۆ ناڤا وی جهی بێتە کرن، لەورا پێشنیارا وێ چەندێ دکەم کو ئوڤ مادده وەکی خۆ بمینیت، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، کاك (کاوە)، کاك (سەرکۆ)، کاك (د.اسماعیل)، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم گەل هندێینە ئەڤ مادده بمینیت نەهێتە ئیلغا کرن ژبەر کو ئەوێ قتعە عەردی بارا پتر نە ئاڤا کری ئەو هەژار و دەست کورتە و بێ دەسەلاتە و نەشیایە بگەهیتە جهەکێ ب واستەکاریەکێ بۆ خۆ ئاڤا بکەت بارا پتر ژ فەقیریا خۆ و بێ دەسەلاتیا خۆ نەئاڤا کرییەئەوی هەکە وی ژی وەکی ئەوێت دی یێ کرِی ئو حەز کر بۆ خۆ ئاڤا کربا و چۆبا تێڤە ئو ژ کرێ دەرکەتبا، بەس دەست کورتییا وی نەشیایە ئو بێ دەسەلاتیا وی ژی نەشیایە ئەز بێژم نەهێتە مەحروم کرن خاسەتەن ئەگەر وی حیازە هەبیت سەر وێ پارچە عەردی، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاوە)، فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ مانەوەی برگەی دووەمم لە ماددەی (٨) کە ئەلێ حوکمەکانی ئەو یاسایە بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەش ئەگرێتەوە کە ئەکەونە نێوان خانووی دروست کراو، یەعنی ناکرێ دوو

خانوو دروست کرابن بە زێدەرەوی و پارچە زەوییەك کەوتبێتە نێوانیان کە ئەو پارچە زەوییە خاوانەی بە هەر هۆکارێ بێ نەیتوانیبێ خانووی لەسەر دروست بکات ناکرێ تاپۆ نەکرێ؟ بۆ ئەو کەسەی خاوەنی پارچە زەوییەکەیە، بێگومان ئەو پارچە زەوییە ئەو کەسەی خاوەنیەتی کەسێکی هەژار و دەست کورتە، بۆیە نەیتوانیوە خانووی لەسەر دروست بکات، بۆیە لەگەڵ ئەوەم ئەویش تاپۆ بکرێ، پشتگیری لە قسەکان دکتۆر اسماعیل و کاك سپانیش ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دوو شت ئەخەینە دەنگدان، یەکەم، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوە نین هەر کەس بۆ خۆی دەوڵەمەند ببێ و هەر کەس پارچە زەوی هەبێ بەناوی بکەن، ئێرە پەرلەمانە، ناکرێ بە عەتف قسە بکەین.

**بەڕێز بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیە کە نێردراوەتەوە بە مەبەستی ئەوەی هەڵگیرێ لە ناو یاساکە مەبەست لێی خزمەت کردنی شیرازەی کۆمەڵایەتییە، چونکە زەوییەك کە ئەکەوێتە نێوانی دوو خانووی تەجاوز لە ئێستاوە هەردوو ساحیبی خانووی تەجاوز سیلاحیان حازر کردووە ببێ بە شەڕ لە نێوانیان، ئەو ئەڵێ هی منە، ئەویش ئەڵێ لە من نزیکترە هی منە، لەلایەکی تر حیازەی تەنها بۆ مەنقولە بۆ عەقار نییە، کەسێ مەعقولە عەرزێکی لەبەر دەست نەبێ و لە باخەڵی نەبێ چۆن ئەتوانێ ئیسپات بکات ئەو عەرزە هی ئەوە؟ ئەو مۆبایلە ئەتوانم بڵێم هی منە چونکە لە دەستمە، مەنقولە، بەڵام تاپۆت نەبێ چۆن ئیسپات ئەکەی حیازەی ئەو عەرزە هی تۆیە؟ ئەو عەرزە ئەکەوێتە نێوانی ئەو دوو خانووە باوەر بکەن شیرازەی کۆمەڵایەتی تێك ئەچێ، پەیوەندی دراوسێیەتی تێك ئەدات، بۆ ئەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوانی ئەو خەڵکە دروست نەبێ کە ئێمە بەتەماین خانووەکانییان بەسەر تاپۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخەینە دەنگدان، یەکەم، مانەوەی ماددەکە وەکو خۆی بە هەرسێ بڕگەوە، کێ لەگەڵە؟ (٥) کەس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٨) هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەمی لابرێ؟ (٦٧) کەس لەگەڵە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی حەوتەم:

ماددەی (٩) بەو شێوەی لێ ئەکرێ:
حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە مافی خاوەنداریەتی یان رەفتار کردنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکانی لەسەرەوە لەلایەن کەسانی تر زێدەرەوی کراوەتە سەر جگە لە خۆیان کە ئەتوانن لە حوکمەکانی ئەو یاسایە سوودمەند بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوکاتی ئەو ماددەیە پەسند کرا لەسەر داوای بەڕێزان لە پێکهاتەکان بوو، ئەو زەویانەی لە ئەسڵا هی پێکهاتەکانە ئیستیسنا بکرێن لە حوکمەکانی ئەو یاسایە، جگە لە خۆیان بۆیان هەیە لێی سوودمەند بن، بەڵام لەو بۆچوونەی بۆمان هاتووەتەوە پێمان ئەوترێ کە زۆر روون نییە، ئەبوو شتێ زیاد بکەین بۆ ئەو بڕگەیە بۆ ئەوەی زۆر روون بێ کە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ ئەبێ لەسەر یەکێ لە پێکهاتەکان کە مەرجەکانی تاپۆ کردنی زێدەڕەوی تێدابێ، ئەگەر خۆیان کردبوویان، واتە بۆ نموونە ئەگەر زەویەکە هی کریستیانەکانە زێدەرەوی لەلایەن کەسێکەوە کراوەتە سەر کە هەمان موعتەقەدی هەیە، هەمان بیروباوەڕی ئاینی هەیە، حوکمەکانی ئەو یاسایەی بەسەر جێ بەجێ ئەکرێ بە مەرجێ مەرجەکانی تری بۆ هەموو کەسێك لەو یاسایە دانراوە لە ئەویش هەبێ، بەڵام ئەگەر کەسێ لە ئاینێکی تر تەجاوزی کردبووە سەر زەویەکە لە حوکمەکانی ئەو یاسایە ئیستیسنا ئەکرێ، ئەگەر بەڕێزان لە پێکهاتەکان قسەیەکیان لەو بارەوە هەیە فەرموو، دواتریش دەرفەت ئەدەینە ئەندامانی تری پەرلەمان.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاسی سەرجەم پەرلەمانتاران ئەکەم کە لە خەمی ئەم یاسایەن، ئەکید ئەم خاڵەش کە بۆی زیاد کراوە ئەکید لەوە ئەکاتەوە مافی ئەو پێکهاتانە تەجاوز نەکرێتە سەری، بەڵام تێبینیەکم هەبوو لەسەر مەسەلەی زمانەوانی بوو کە بەڕێز کاك مەم لە دانیشتنی یەکەم باسی کرد مەسەلەی رەفتار کرد، کە ئەڵێ مافی خاوندارێتی یان رەفتار کردنی، نازانم وشەی بەکار هێنانی جوانترە لە رەفتار کردن لەو شوێنە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مافی رەفتار کردن دەستەواژەیەکی دروستی قانوونییە، ژ بەر کو حەقی تەسەروف مەعروفە لە هەمی قانوونا، بەتایبەتی قانوون خاصی بەکارهاتییە، بەدیلی وی باشتر نییە دیتنا لیژنێت یاسایی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەیە دواتر ڕەئی خۆم دەرئەبڕم، پێکهاتەی تورکمان هەیە، سریانی و کلدان، ئایا کورد پێکهاتەی نەتەوەییە یان نا؟ ئەگەر وایە کە پێم وایە وایە، وەك چۆن عەرەب پێکهاتەی نەتەوەییە فەرەنسیش پێکهاتەیەکی فەرەنسیە، بۆیە ئەگەر بەپێی ئەوە بێ ئەوەی کە حوکمەکانی ئەو یاسایە نایگرێتەوە کەوایە هەمـوو ئەوانەشی پێکهاتەی نەتەوەی کورد خاوەنداریەتی ئەکات، خاکی کوردستان لە عێراق کە عێراق نزیکەی (٤٣٠) هەزار کم مورەبەعە، خاکی کوردستان نزیکەی (٧٢) هەزار کم مورەبەعە بە ناوچەی جێ ناکۆك، هەرێمی کوردستان نزیکی (٣٨) هەزار کم مورەبەعە، کۆی ئەمانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێکی کوردستانە بەشێکی زۆری بۆ کورد و لە عێراقیش ئەو (٣٢) هەزار کم هی خاکی کوردستانە، پێم وایە لەسەر مەفهومی پێکهاتەی نەتەوەیەکان تەحدید بکرێ کە مەبەست لە پێکهاتەکان، بۆ نموونە (تورکمان، ئاشووری.....) تەحدید بکرێن ئەگەر بڵێین پێکهاتەی نەتەوەیی ئیشکالیەتی تێدا دەبێ کە کوردیش ئەگرێتەوە، خاکی کوردستان، کەوایە حوکمەکانی ئەو یاسایە نایگرێتەوە، ڕەنگە هەم ئیشکالیەتی قانوونی و زمانەوانیش دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە ژمارە (٩) یاسایەك لە ساڵی (٢٠١٥) بۆ مافی پێکهاتەکان دەرچووە، لەوێ پێناسە کراوە، پێناسەکە لەوێ ئاماژەی پێکراوە کە پێکهاتە کێن لە هەرێمی کوردستان لەو یاسایە تەحدید کراوە، بۆیە گرنگ نییە لێرە تەحدید بکرێ، یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی (٢٠١٥).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی کاك مەم بەڕێزت لە ڕوانگەیەکی ئەدەبی سۆیۆلۆجیەوە قسە ئەکەی، ئێمەش لە ڕوانگەی قانوونی سرفەوە قسە ئەکەین، پێکهاتەکان کە لە هەرێمی کوردستان شائیع بۆ تەعریفی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان ئەو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییانە ئەگرێتەوە کە ژمارەیان کەمترە بە بەراورد بە پێکهاتەی موسڵمان و کورد، تەعریفەکەیان وازیحە هەم لە ڕووی قانوونیەوە، هەم لە ئەدەبیاتی سیاسی وڵاتی ئێمە لە یاسایە هەڵبژاردنەکانیش، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٩٠) خاڵی سێیەم ئەڵێ لە دانیشتنی دەنگدان ڕێ بە گفتوگۆ یان پێشکەش کردنی پێشنیاری تازە نادرێ، کەوایە ئەو گفتوگۆیەی ئێمە کردوومانە لە دەستپێکی کۆبوونەوە تا ئێستا بە موخالیفی ئەو پەیڕەوە بووە کە لەبەر دەستە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حالەتێکی تایبەتە، ئەگەر سەیری ماددەی (٩٥) بکەی بە وازیحی دیارە، لە دوای ئەوەی یاسایەکی پەسند کراو لەلایەن بەڕێزان سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەڕێندرێتەوە ئەلیەت و میکانیزمی جیاوازە، تاوتوێش ئەکرێ و دەنگیشی لەسەر ئەدرێ، خوێندنەوەی سێیەم نییە، تەنیا ئەو خوێندنەوەیە کە بڕیاری پەرلەمان یەکلایی ئەکاتەوە، فەرموو دکتۆر بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩) بەو شێوەی لێ ئەکرێ:

حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو زەوییانە ناگرێتەوە کە مافی خاوەنداریەتی یان ڕەفتار کردنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی لەسەرەوە لەلایەن کەسانی تر زێدەڕەوی کراوەتە سەر جگە لە خۆیان کە ئەتوانن لە حوکمەکانی ئەو یاسایە سوودمەند بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوو بژاردە ئەخەینە دەنگدان، یەکیان مانەوەی وەکو خۆی بێ ئەو زیادەیە، کەس نییە، کێ لەگەڵە بەو شێوە پەسند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە؟ (٨٧) کەس لەگەڵە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (٨) :

أ لە هۆیەکانی دەرچوواندن وشەی (هێما) بکرێ بە (سیما).

ب- لادانی وشەی (بەردەوام بوون).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ نییە، وەکو خۆی بمێنێتەوە کێ لەگەڵە؟ (٧) کەس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییانەی تێدا بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە؟ (٦٠) کەس لەگەڵییەتی، ئێستا کۆی گۆڕانکاریەکانی لەسەر داوای بەڕێزان لە سەرۆکایەتی هەرێم داوا لە پەرلەمان کرابوو پێداچوونەوەی پێدا بکرێ ئەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێز پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە یاساکە بەو گۆڕانکارییەوە جارێکی تر پەسند بکرێ کە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لەو ڕووەوە یەکلایی کەرەوە ئەبێ، کێ ئەیەوێ با دەنگ بفەرموو دەنگ بدات؟ (٧٤)

کەس لەگەڵییەتی، هەموو پێداچوونەوەکان بەو شێوەی بەڕێزتان دەنگتان لەسەردا پەسند کرا، ئێستاش یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠١٩) یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەڕەویان لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان-عێراق پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و هەموو ئەو هاووڵاتییانە ئەکەین کە ئەتوانن لە یاساکە سوودمەند بن، بەڕێزان ئێستا بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار جێ بەجێ ئەکەین، بریتیە لە خستنە رووی بیرۆکەی بەڕێز (لەنجە ابراهیم عبدالرحمن) پەیوەست بە بەرز راگرتنی رۆژی جیهانی قوربانیانی جینۆساید بە پێی خاڵی دوو بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٩) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوای لێ ئەکەین لە ماوەی (١٠) دەقە بیرۆکەکەی بخاتە روو، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار پازدا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، ببوورن، ئەمڕۆ ماندوو بووین، بڕگەی دووەم جێ بەجێ ئەکەین کە خوێندنەوەی یەکەمە بۆ پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق بەپێی حوکمی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٨٠، ٨١) و بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە (ك) (١٩٤٥) لە ڕێکەوتی (٢٧-١١-٢٠١٩) لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی کردووە سەبارەت بە پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق هەروەها ئەم پرۆژەیا یاسایەی بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانیش (١٠٢٣٨) لە ڕێکەوتی (٢٥-١١-٢٠١٩) ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، ئێمە لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی (٢٧-١١-٢٠١٩) کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا راپۆرتی لیژنە بەرزکراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە تێیدا هاتووە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٨٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژەیاسایە بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرۆژە یاسایە لە (٥١) ماددە پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندن و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەشکراوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بکرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ئەم پرۆژە یاسایە کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆمان هاتووە ئاراستەی لیژنە هەمیشەییەکانی ناوخۆ، تەندروستی، کاروباری یاسایی دەکرێ، لەگەڵ سەرجەم

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەلێ زۆر سوپاس، بەرێزتان دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆتانەوە، بەرێزان لیژنەی یاسایی زۆر سوپاستان دەکەین کاك بەلێن جەنابت نوقتەی نیزامیت هەبوو دوایی کاك ئومێد.

**بەرێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نوقتە نیزامیەکە پێشتربوو، جەنابت وتت دەرفەت دەدەم با بەرنامەی کاری یەکەم تێپەڕێنین، دوای قسە بکەن، بۆیە لەوکاتەیا قسەم نەکرد، بەراستی لەسەر شێوازی کاری پەرلەمان لەسەر پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزارەتەکان قسە دەکرا، یەعنی ئێمە ئەو هەماهەنگییەی کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوویەتی، راستە لە ئاستی پێویستدا نییە لە تموحی هیچ کەسێکما نییە، دەمانەوێ ئیشوکارەکان باشتر بڕوا، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کە بەراستی ئێمە لە ئێستاوە سەنگەرێك بگرین لە وەزارەتەکان، من نە ووتە بێژی هیچ وەزارەتێکم، نە لە جیاتی حکومەت وەڵامی هیچ کەس ئەدەمەوە، بەڵام دوو سێ جار لێرە لەم جەلسەیا ناوی بەرێز وەزیری دارایی هات، لە کاتێکا بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان خۆی ئەزانێ وەزیری دارایی خۆی داوایکردووە بێتە پەرلەمان خۆی مۆعیدێك بۆ دابندرێت وەزیری دارایی لێرە ئامادەبێت، بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ لیژنەی دارایی هەم لەگەڵ لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان بە هاوکاری د.ئامانج رەحیم ئامادەبێ، بۆ ئەوەی لەسەر هەموو ئەو پرسیارانەی کە پەرلەمانتاران هەیانە لەسەر هەموو ئەو پرۆژەیاساو ئەو میکانیزمانەی کە ئێستا هەم بۆ گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق هەبووە باس بکرێ، لەبەر ئەوە بە تکاوە داوای ئەوە دەکەم لە ئێستاوە ئێمە نەکەوینە سەنگەرێکەوە کە مەسەلەن لێرە لە ناو ئەو هۆڵی پەرلەمانە ناوی وەزیرێك یا وەزارەتێکی بەرێز بهێندرێ بە پێچەوانەوە کە خۆی ئامادەبوبێ بێتە پەرلەمان خۆی تەرحی ئەوەی کردبێ لەگەڵ رەئیسی مەجلیسی وزرا کە بێتە پەرلەمان تەرحی هەموو ئەو شتانە بکا، جوابی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەرلەمانتاران هەیانەو، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك ئومێد فەرموون.

**بەرێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان وا پێویست دەکات ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیش بکرێ، لەبەر ئەوەی لە ناو یاساکە دا سەنتەری چاککاری و چاکسازی تێدا دەبیتن ئەو سەنتەرانە بە دڵنیایەوە وەکو هەموو دەزگایەکانی دیکەی چاکسازی چاککاری سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێشنیار دەکەم ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیش بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەلێ سەرۆكی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی ڕەئیتان.

**بەرێز رومیو حزیران نیسان هەكاری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئەو پرۆژەیاسایە ئاراستەی بەرێزان لە لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتیش دەكرێ، بەڵام دابەشكردنی ئەو ماددانەی كە پەیوەندی بە هەر لیژنەیەكەوە هەیە ئەوە لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆكایەتییە، واتا كۆی پرۆژەكە ناچێتە لای هەموو لیژنەكان، كۆی پرۆژەكە دەچێتە لای لیژنەی كاروباری یاسایی، بەڵام لیژنەكانی تر هەر یەكەیان بە گوێرەی پەیوەندی بە ماددەكانی یاساكەوە، چاپتەرەكانی یاساكە دەچێتە لایان زۆر سوپاس، بەلێ كاك د.ڕێبوار نوقتەی نیزامی بەسەر چاو.

**بەرێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە زەروری دەزانم ئەم پێشنیازە یاسایە واتا ماددە هۆشبەرەكان ئاراستەی لیژنەی بازرگانیش بكرێ لەبەر ئەوەی كە ئەمە بازرگانی پێوە دەكرێ خاڵە سنورییەكان لە خاڵە سنورییەكانەوە بازرگانی پێوە دەكرێ، بۆیە ئەو ماددانەی كە پێوەستن بەو بڕگانەی پەیوەستن بە بازرگانی ئەوانیش قسەی لەسەر بكەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون كاك هێڤیدار، دوای ئەوە ملا ویسی، دوای ئەوە كاك كاوە.

**بەرێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا كە یاساكە پەسەندكرا، ئی زێدەڕۆیی تەواو لێرە پەسەندكرا و كەوتە بواری جێبەجێكردن، یان بۆ سەرۆكی هەرێم دەنێرن جارێكی تر پەسەند دەكرێتن، سوپاس بۆ ئەم ڕوونكردنەوەیە.

**بەرێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕیاری پەرلەمان یەكلاكەرەوەیە، بەڵام ئێمە جارێكی تر دەینێرین بۆ سەرۆكی هەرێم، جەنابیان تەنها واژووی دەكات و دەینێرێتەوە بۆ حكومەت، حكومەت دەینێرێ بۆ وەزارەتی عەدل بۆ نەشركردن، بەڵام جارێكی تر تێبینی و ڕەتكردنەوە، ئەوە بڕیاری ئەوە یەكلاكەرەوە بوو بەلێ فەرموون.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەو یاسایە لەبەر ئەوەی یاسایەکی زۆر گرنگە یاسای ماددە هۆشبەرەکان ئاراستەی لیژنەی ئەوقافیش بکرێ،چونکە مامۆستایانی ئاینیش بە دڵنیایەوە ڕۆڵێکی دیاریان دەبێ لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەرکی پەرلەمانی کوردستان لە پاڵ یاسادانان چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەرییە بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، یەعنی ناکرێ پەرلەمانی کوردستان بەس یاسا دەربکات و لایەنی جێبەجێکار کە حکومەتە، یاخود دەسەڵاتی دادوەرییە جێبەجێی نەکات، ئێمە کۆمەڵێك یاسامان هەیە کە لە ساڵانی ڕابردوو دەرچوونە، تا ئێستا جێبەجێنەکراون و هیچ بڕگەیەك یاخود هیچ بەندێکی ئەو یاسایانە جێبەجێ نەکراون، بۆ نموونە یاسای پێدانی زانیاری، تا ئێستا دەسەڵاتی دادوەرییە یاخود حکومەت دەسەڵاتی تەنفیزیە جێبەجێی نەکردووە، یاسای ئەنجومەنی گشتی ڕاژە کە لە بە یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١١) ناسراوە، تا ئێستا ئەو ئەنجومەنە دروست نەکراوە و ئەم یاسایە جێبەجێ نەکراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گرنگترین یاسا بەلای ئێمەوە یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی بۆ داهاتی نەوتی و گازییەکان ئەمە ئەم یاسایە زۆر زۆر گرنگە جێبەجێبکرێ، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا سەدان پرسیار لەسەر ناڕوونی داهاتی نەوت هەیە لە هەرێمی کوردستان و تا ئێستا ئێمە نازانین داهاتی نەوت چەندە و چۆن سەرف دەکرێ و بۆ کوێ دەچێت، بۆیە داواکارین ئێوە وەك سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگەی خۆتانەوە داوا لە حوکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکەن بە زووترین کات ئەم سندوقە دروستبکات و ئەو ئەنجومەنەی کە ئەو سندوقە بەڕێوە دەبات دروستی بکات بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بۆ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرانی کوردستانە بزانن داهاتی نەوت چەندەو چۆنەو بۆ کوێ دەچێ وچۆن سەرف دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەڕێز کاك کاوە ئەگەر جەنابتان سەیری پەیڕەوی ناوخۆ بکەن، یەکێك لەو حاڵەتانەی کە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بۆیی هەیە پرسیارو تەنانەت پرساندنیش ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکا یاسا بەرکارەکان جێبەجێ نەکا، لەبەر ئەوە ئەوە ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانە کە لە شێوەی پرسیارو پرساندن، سەبارەت بە هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئێستا بەرکارن قسەی خۆیانیان هەبێ

و پرسیار ئاراسته بکەن، لە راستیا ئەوە ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە هەرچەندە ئێمە خۆمان بۆ هەندێك حاڵەت کردوومانە، وەکو ئەندامی پەرلەمان، بەڵام داواتان لێ دەکەین خۆتان ئەرکەکەی خۆتان جێبەجێ بکەن بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی یەکێك لەو حاڵەتانەی کە حەقت هەیە داوا بکەی لە پرسیار بکەی و تەنانەت پرساندن بکەی، ئەوەیە یاسایەکی بەرکار جێبەجێ نەکرێ، جەنابتان دەتوانن ئەو دەسەڵاتەی خۆتان کە پەیرەو پێیداون بەکاری بهێنن.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کردوومەو و پرسیاریشم ئاراستەی حکومەت کردووە لەسەر دروستکردنی ئەو سندووقە و تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بچۆ بۆ مەرحەلەی دوای ئەوە دوای ئەوەی پرۆسەی چاودێری فەرموون کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت وەکو خۆتان ئاگادارن یەکێك لە کێشە گەورەکان لە دنیادا ئێستا هەبونی بازاری رەشە کە زۆربەی ئەوشتانەی کە تێیدا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، کۆمەڵێك مەوادی خەتەرن هەبوونی ماددە هۆشبەرەکان یەکێك لەوانەیە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم وەك و برای بەڕێزم کاك رێبوار ئاماژەی پێکرد پرۆژە یاسای ماددەی هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان و خێرا ئاراستەی لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی بکرێ بەو پێیەی بەشێکی بازرگانی ئیشی رەشی گەورەیە و کارەساتێکی زۆر گەورەیە، پێویستە ئەم لیژنەیە بۆچونی خۆی دەرببڕێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێوە خۆتان ئەزانن ئێمە ئەزمونێکمان هەیە هەتاوەکو پرۆژەیاساو پێشنیازە یاسا ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری لیژنەکانی پەرلەمان بکرێ، پرۆسەی نووسینی راپۆرت تەئخیتر دەبێ درەنگتر رێك دەکەون، ئێستا ئێمە ئەو پرۆژەیەمان ئاراستەی چوار لیژنە کردووە، ئەگەر ئاراستەی لیژنەی پێنجەمیشی بکەین و دابەشی ماددەکان بکەین بەسەر ئەم پێنج لیژنەیە، ئایە پێتان وانییە پرۆسەکە زۆر زیاتر دوا دەکەوێ؟ بەراستی هەتاوەکو ژمارەی لیژنەکان زیاتربێ پرۆسەکە تەئخیتر دەبێ ئاراستەی جەنابیشتان دەکەین، هەرچەندە بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرەکان بازرگانییەکی مەشروع نییە، رێپێدراو نییە، لیژنەکەی جەنابتان لیژنەیەکی تایبەتە بە موتابەعەکردنی پرۆسەی بازرگانی کردن بە شێوازی رەوا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتووە، ئێمە پێمان وایە دەبێ سیفەتی بە پەلەی بدرێتێ، بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزە تەشریعیە دەری بچوێنین مادام

لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانی کوردستان ئەوەندە موسرن لەسەر ئەوەی کە دەیانەوێ باشترین یاسا بێ و لەگەڵ ئەوەن دەیانەوێ لە کاتێکی نزیکا دەرچێ و ئەتانەوێ زوو راپۆرتەکە بنوسن داواتان لێ دەکەم هەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە سیفەتی بە پەلە بدرێ بەم پرۆژەیاسایە دەست بەرز بکاتەوە؟ بەلێ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان سیفەتی بە پەلە درایە ئەم پرۆژە یاسایە و دەبێ لەو ماوەیە کە لە ناو پەیرەو دیاری کراوە لیژنە تایبەتمەندەکان رۆڵی خۆیان بگێرن لە ئامادەکردنی راپۆرتەکە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەلێ فەرموو لنجە خان.

برگەی سێیەمی بەرنامەی کار دەرفەت دەدەین بە لنجە خان بیرۆکەکەی بخاتە روو، سەلما خان نوقتە نیزامیت هەیە؟ فەرموو قسە بکە.

**بەرێز سلمە فاتیح توفیق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێچەوانەی ئەو برادەرانەی لەم ریزەی ئەولاوەن، زۆر جار دەرفەت دووجارو سێ جار بەوان دەدەی، ئەو پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان ئەوەندەی گەنجان و لاوانی ئێمە پێوەی گیرۆدەن کەمتر چین و توێژەکانی تر پێوەی گیرۆدەن، لەبەر ئەوە پێم وایە پەیوەندیەکی زۆری بە لیژنەکەی ئێمەوە هەیە، چونکە هەم هەڵمەتی هۆشیاریە هەم قسەکردن و کارکردنە لەسەر ئەوان، سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای بەرێزان بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی دەنێرین و ئەو حەماس و ئەو دیفاعەی جەنابتان هەتانە، بۆ ئەوەی قسەتان هەبێ لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە مایەی دڵخۆشییەکی زۆر گەورەیە، ئێمە دابەشی ماددەکان دەکەین بەسەر ئەو لیژنانەی کە پێمان وایە حەقە قسەیان هەبێ لەسەری فەرموو لەنجە خان.

**بەرێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو مهرەبان، بەرێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەرێزان پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان، سڵاو رێزو ئەوکاتەو هەموو کاتێکتان باش بە پشت بەستن بە ماددەی (٤٩)برگەی (٢)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان –عیراق بیرۆکەی یادکردنەوەو بەرز راگرتنی رۆژی جیهانی قوربانیانی جینۆ ساید بۆ ئێوەی بەرێز دەخەمە روو، بەرێزان لە مانگی (٩)ی ساڵی (٢٠١٥) کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکانی ( u n)لە خولی (٦٩)یەمینی دا بۆیەکەم جار (٩)ی کانونی (٢)وەمی هەمووساڵێکی بۆ رۆژی جیهانی بۆ یادکردنەوە رێزگرتن لە قوربانیانی جینۆسایدو رێگری کردن لە دووبارە بونەوەی ئەو تاوانە دیاری کرد هەر هەمان رۆژ یادی ساڵانەی رێکەتنی ساڵی (١٩٤٨)ی نەتەوە یەگرتووەکانە تایبەت بە قەدەغەکردن و قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی بکەرانی لای هەمومان ئاشکرایە کە

من ئەو گەلانەی کە وەك گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە ژێر هەرەشەی بەردەوامی جینۆ سایدو قرکردندان.
بەداخەوە کوردوو گەلانی کوردستان جەندین جارو بە جەندین شێوە بەو پەری درندەیی و بێ ویژدانییەوە روو بە رووی تاوانی جینۆ ساید بوونەوە لە ئەنجامدا زیاتر لە (٢٠٠) هەزار خەڵکی سڤیلی بێتاوان شەهیدبونەو بونەتە قوربانی (٤٥٠٠) گوند خاپورو وێرانکران، بە سەدان هەزار خەڵك بە زۆرە ملێ ئاوارەو دەر بەدەر بوون دورخرانەوە لەسەر زێدوو باو باپیرانیان ئەم تاوانانە بە شێوازی جیاواز بەردەوام لەسەر دەستی رژێمە دیکتاتۆرەکانی پێشوی دەوڵەتی عیراق ئەنجام دەدران تا لەسەردەمی حوکمرانی رژێمی بەعسی روخاو لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم تا کۆتایی ساڵی (١٩٨٨)جینۆ ساایدی کوردان گیشتە لوتکی درندایەتی لە قەتل و عام کردنی زیاتر لە (١٠)هەزار کوردی فەیلی (٨)هەزار بارزانی (٥) هەزار کیمیا بارانی هەڵەبجەو.
هەروەها بالیسان و شێخ وەسان و بادینان و کیمیابارانی جەندین ناوجەی تر (١٨٢) هەزار ئەنفال راگواستنی زۆرە ملێ پاکتاوی نەژادی و جەندین تاوانی تر لە دوای ئەوانەو لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر کورد هات و کوردستان هات لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) کورد بە کردار سەلماندی کە گەلێکی ئاشتی خوازە مرۆڤ دۆستە تەنها بیر لەمافە رەواکانی خۆی دەکاتەوە کاتێ هەموو سەربازە دیلەکانی سوپای عێراقی ئەوکاتی ئازادکردوو بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردەوە بەرێزان ئەوکات هێشتا قەتماغەی برینەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد سارێژ نەبیوون.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بەردەوام لەبەر چاوی هەموو جیهان کە لە دوای (٢٠٠٣) حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی فیدراڵ ئامادد نەبوون داوای لێبوردن لە گەلی کورد وەك قوربانیانی ئەو تاوانانەو کەس و کاری سەربەرزیان بکەن بەڵێنی پاراستن و رێگری کردن دووبارە بونەوەی تاوانی لەم جۆرەیان پێبدەن قەرەبویان بکەنەوە کە بە هەموو یاساو رێسایەکی نێودەوڵەتی و نێو خۆیی ئەوانەی دوای (٢٠٠٣) دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێ کاری و حوکمی عێراقیان گرتە ئەستۆ وارسی رژێمی روخاوی پێشتر بوون بە هەموو شێوەیەك ئەوانەی کە باسمانکرد لە ئەستۆی ئەواندابوون بە تایبەتی دوای بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان دادگای تەمیز پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ کە زۆری لەو کەیسانە کە دژ بە گەلی کورد تاوانەکان کران بە جینۆساید ناساند، بەرێزان زۆر جار ئەو دەسەڵاتانە گوێمان لێ دەبوو دەیان گوت ئێمە خۆ ئەو تاوانانەمان ئەنجام نەداوە دەر ئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵانەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەو کاتانە بووە سەر هەڵدانی دروستبوونی رێکخراوی تیرۆرستی داعش.
لەسەر دەستی داعش بە داخەوە بە درندەترین شێوە خوشك و براکانمان لە براکانی ئێزیدی جینۆ سایدکران هەر لەسەرەتای تاوانەکە (١٢٩٣)شەهید (٣٦٠)هەزار کەس ئاوارە بوون و (٦٤١٧) کەس رفێندران لە خەلکی سفیلی بێ تاوانی کوردانی یەزیدی کە تا ئێستاش لەگەڵ دۆزینەوەی بەردەوامی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و هەڵدانەوەی ژمارەی قوربانیان رووی لە زیادیە.

ئەنـدامانی بەرێـزی پەرلەمـانی کوردسـتان، لێـرەدا دەمەوێ نمـونەی حکـومەتی ئەلمانیاتـان بـۆ بخەمە روو کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم (کۆندرات ئەدی ناوەر ) یەکەم راوێژکاری ئەڵمانیا بوو و بە رەمزی بودنیادنانەوەی ئەلمانیا دادەنرێ هەر لە دەستپێکی کارەکـانی داوای لێبـووردنی لە گەلی جولەکە کرد لەبەرانـبەر تـاوانی جینـۆ سـایدکردنیان لەسـەر دەسـتی نازیەکـان کە خـۆی خـودی خـۆی قوربـانی دەسـتی نـازی بـوو هەروەهـا دەسـتیان کـرد بە قەرەبوکردنەوەیـان و تـا ئێستەش بەردەوامن،جگە لەوەش لە ساڵی (١٩٧٠) (ویلی برانتی )راوێژکاری ئەوکاتە کەسەردانی واشۆی کردوو چوە سـەر مۆنـۆمێنتی هۆلاکـۆ لەسـەر ئەژنـۆ تـاجە گولینەی لەسـەر مۆنـۆمێنتی جینۆسایدی جولەکەکان دانا ئەوان لە هەسـت کـردن بە بەرپرسـیاریەتی و ئەرکـی سـەر شـانیان وایان رەفتارکرد،هەرچەندە ئەوان تاوانەکەیان ئەنجام نەدابوو.

بۆیەش ئەلمانیا بووە ئەو وڵاتە بە هێزەو مرۆڤ دۆستەی ئێسـتا هەیەو دەبیینـین بەرێـزان خـۆ ئەگەر ئاورێك لە مێژووی جینۆ ساید بدەینەوە دەبینین بە زۆری دەرهەق بە گەلانی بێ دەوڵەتی وەك ئێمە کراوەو دەکرێ ئەو گەلانەش تا نەبن بە خاوەنی خۆیان نە ژیانیان پارێزراو دەبێ نە بە فعلی بە هاوڵاتی پلە یەك هەژمار دەکرێ.

بە رێز سەرۆکی پەرلەمان، بە هۆی گرنگـی هەسـتیارییەی ئەم پرسـە لە رووی مرۆیـی و ئاسـتی نێو دەوڵەتی و نێو خۆیەوە سەرەرای کاری گەری بابەتەکە لەسەر قەوربانیانی جینۆ سـاید دژ بە گەلی کوردوو دۆزی رەوای کوردستان.

هەروەهـا بێـدەنگی کۆمەڵگـای نێـو دەوڵەتـی لە ئاسـت هەمـوو ئەو تاوانـانەی پێشـنیار دەکەم پەرلەمـانی کوردسـتان لە رێکەوتـی(٩-١٢)ی ئەمسـاڵ ئەو رۆژە رۆژی جیهـانی قوربانیـانی جینـۆ ساید بەرز رابگرێ یاد بکاتەوە بە هەمە هەنگی و ئامادەبونی لایەنـی پەیوەندیـدار لە حکـومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوان هەروەهـالەم رۆژە پەیامێـك هەبێ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ( u n)کونسـوڵخانەی وڵاتـانی دۆسـت لە هەرێمـی کوردسـتان تیایـدا داوای ناسـاندنی تاوانەکـانی دژ بە گەلـی کەلـی کـوردوو گەلانـی کوردسـتان وەك تـاوانی جینۆساید بکرێ لە ئاسـتی نێـو دەوڵەتـی و پـاڵ پشـت بـن لە رێگـری کـردن لە دووبـارەبونەوەی تاوانی جینۆ ساید نەك تەنها بەرانبەر بە کورد،بەلکـو بەرامـبەر بە هەر نەتەوەو ئـاینو مەزهەبێـك یان کۆمەڵێك لە جیهان کە لە ژێـر هەرەشـەی کۆمەڵکـوژی و قرکـردن دابـن دەبـێ هەوڵـی جـدی بدرێت بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و پەیرەو کردنی دادپەروەری و راگوزەری و گەرانـدنەوەی تەرمی پیرۆزی قوربانیان بۆ زێدی باو باپیرانیان کە بە داخەوە تا ئێستا زۆربەیـان گـۆر بـزرن تـا ئەو ساتەش هیچ ئاسەواریان بۆ نییە.

لە کـۆی هەمـوو ژمـارەی قوربانیـان تەنهـا (3985)تەرمـی پیـرۆزی شـەهیدانی جینـۆ سـاید گەراونەتەوە بە هـۆی ئەوەی کە ئەم بـابەتە بە یاسـای ژمـارە (5)ی گـۆری بە کـۆمەڵی سـاڵی (2006)ی پەرلەمـانی عیـراق لە ئەسـتۆی حوکـومەتی فیـدراڵ دایە بەرێـزان بەرز راگرتنـی ئەم رۆژە بە بەرپرسیاریەتی دەزانم، پێویستە پەرلەمانی کوردستان و هەموو لایەك لە ئەستۆی بگرێ

له پێناو خزمەتکردنی کوردستان و پرسی جینۆ سایدکردنی دژ بە گەلی کورد سوپاس بۆ گوێگرتنتان و لە گەڵ رێزدا.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك عەباس، جەنابت نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەرێز سەرکۆ أزاد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لەو خاتونە دەکەین، بەڵام پێویستمان بەوە بوو کە لەبەر ئەوەی لێرە پرۆتۆکۆلە و شتێکی مێژوویە دەبێ راستکردنەوەیەك بۆ ئەو ژمارەیە بکرێ کە باسی (١٨٠) هەزار ئەنفالی کرد دەبوایە بیوتبایە (١٨٢)هەزار و لەگەڵ ئەوەی هەمان هاورێی عەزیزم کاك عوسمان هەمان تێبینی هەبوو لە باسی ئەنفالا باسی دۆڵی جافایەتی و گۆپتەپەی نەکرد، زۆر سوپاس داواکارم ئەوە زیادبکرێ لەناو پرۆتۆکۆلا.

**بەرێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس هەر خۆت کە وتت دەچێتە ناو پرۆتۆکۆڵ راست دەکرێتەوە (١٨٠) دەکرێتە (١٨٢)هەزار و رەنگە زیاتریش زیاتر لە (١٨٢)هەزار، سوپاس فەرموون ئێستا برگەی چوارەمی بەرنامەی کار فەرموون کاك رۆمیۆ.

**بەرێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوای ئەوەی دەست خۆشی لە پەرلەمانتاری بەرێز لنجە خان دەکەم بۆ ئەو بیرۆکە جوانەیە، بەڵام ئەمە دووەمین جارە لە پەرلەمانی کوردستان کە نەتەوەیەك زەق دەکرێ بە بێ باسکردنی قوربانیەکانی نەتەوەکانی تر، راستە هەموو ئەو قسانە قسەی راست بوون تەواو بوون، بەڵام من ئەو قسەیە لە رۆژی (٣)ی ئابیش کاتی خۆی باسی جینۆسایدی ئێزدیەکان کرا، من دوای ئەوەی تەئکیدوو پاڵپشتی و پشتگیری خۆمان وەك نەتەوەی کلدو ئاشوورییەکان کرد وتم حەق بوو باسی قوربانیەکانی ئێمەش بدرێ لە سەر ئاستی دنیا جۆرێك لە دەوڵەتانی دونیا ئیعترافیان بە قەتل و عامی ئەرمەن و ئاشورییەکان کردو لە ساڵی (١٩١٥)کە زیاتر لە ملیۆن و نیوێك قەتل و عام کراون، قەتل و عامی ئاشورییەکان کراوە، ببورە ساڵی (١٩٣٣) لەلایەن جەیشی عێرقی زیاتر لە (٥) هەزار ئاشوری قەتلو عام کراوە قەتلو عامی گوندی سوریا ساڵی (٦٩) لەلایەن جەیشی عێراقی تەهجیرکردنی زیاتر لە (٢٠٠) کەس لە دوای ئێمە خەڵکی داعش لە ناوەراستی ئابی ساڵی (٢٠١٤) حەقە شتەکان هەموویان پێکەوە باس بکرێ، چونکە ئێمەش داوا دەکەین رۆژی جینۆ سایدی کلدو ئاشورییەکان هەبێ.

**بەرێز د.ریواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رۆمیۆ زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە ئێمەش داوا دەکەین ڕۆژی کلدو ئاشورییەکان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕۆمیۆ جەنابتان هەقی خۆتانە ئێوە بەشێکی دانەبڕاو پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردەوارین، بەشێکن لە نەسیجی کۆمەڵایەتییەکان ئازارەکانمان بە یەکەوەیە، جەنابتان ئەوە چەندەمین جارە ئەم باسە دەکەن پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی بۆ بەڕێزتان ئەوەیە لەسەر جینۆسایدی پێکهاتەکە بە تەواوەتی بیرۆکەمان بۆ حازربکەن پرۆژەمان بۆ حازربکەن و دەتوانین لێرە دەرفەتان بدەینێ لە هەمان میمبەرەوە جەنابتان چ ڕەئیەکتان هەیە لەسەر ئەو بابەتە بیخەنە ڕوو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەچینە سەر بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کار دەرفەتت دەدەمێ کاك ئومێد کە تایبەتە بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان عیراق بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بفەرموون دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی بۆ شوێنی خۆتان، پێش ئەوە دەرفەت دەدەین بە کاك ئومێد دواتر بە مامۆستا هەورامان، بۆ ئەوەی قسەی خۆیان لەو بوارەیەوە بکەن و ببورن خاڵی پەیرەوەکانیان بخەنە ڕوو فەرموون.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددە (٢٠) حەوتەم لەلایەن سکرتێری پەرلەمان سەرپەرشتی چاپکردن و بەدواداچوونی ئەو یاساو بڕیارانەی لە پەرلەمان دەنگیان لەسەر دەدرێت دەردەکرێتن سەرپەرشتی چاپکردنی دەکرێ و، من پرسیارێك دەکەم ڕۆژانە لە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان باسی پرۆتۆکۆڵ دەکەین ئەمڕۆ کە دانیشتنی پەرلەمان بەڕێوە دەچێتن ساڵێك و مانگێك کەمتر دوو ڕۆژ کەمترە پەرلەمانی کوردستان لەم خولە خولی پێنجەم دەست بەکاربووە، تا ئێستا هیچ پرۆتۆکۆڵێکی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان نەبینەدراوە، پرسیاری ئەوە دەکەین هۆکاری چییە؟ کە تا ئێستا پرۆتۆکۆڵی پەرلەمان چاپ نەکراوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

دەرفەت دەدەینە سکرتێری پەرلەمان قسەی خۆی بکات.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەجی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز کاك ئومێد ئاماژەی پێکرد، زۆر ڕاستە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی، وەك سکرتێری پەرلەمان ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ ئامادەکردنی پرۆتۆکۆڵەکان لە ئایندەیەکی نزیك، ئنشاالله بە دەستتان دەگات و سەبارەت بەو پرسیارانەی کە لە بەیانییەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرا، کەوا زۆربەی

پرسیارەکان ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە، تا ئیستا وەڵامیان نەهاتووە، یاخود بۆچی وەزارەت وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارە بەڕێزەکان نادات، ئێمە بە پێی ئەو فەرمانەی کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە بە نووسینگەی سکرتێرەوە درا کەوا لە (١٨-١١-٢٠١٩) ئێمە نووسراومان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانمان کرد لە ڕێگای وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ جەختکردنەوەی بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکرێ و ئیمرۆ کە (٢٧-١١-٢٠١٩) ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگای وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان هەمان شت جەختکردنەوەی نوسراوی ئاماژەی کردووە بۆ سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لیستەکەشی بە شێوەیەکی ڕێکو پێك ئامادەی کردووە، کەوا بەڕێزیشیان داوای کردووە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە زوترین کات وەڵامی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بدرێت، بۆ ئەوەی چیتر پەیرەوی ناوخۆ پێشێڵ نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی وەڵامی پرسیارەکەی کاك ئومێد؟ باشە بەڕێزان ئێستا دەرفەتتان دەدەمێ بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هاتووە بۆ ئێرە سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم لە دووەمی پرۆژە یاسای ڕیکلامی بازرگانی قسەیەك بکا، دوای ئەوەی گوێمان لە قسەی جەنابیان دەبێ، ئەگەر بڕیارماندا بەردەوام بین لەسەر خوێندنەوەی دووەم ئەوکاتە لیژنە تایبەتمەندەکانیش بانگ دەکەین و، ئەگەر بڕیارماندا دەرفەت بدرێ بە جەنابی وەزیر، بۆ ئەوەی ئەویش قسەی خۆی هەبێ ئەو کاتە ئێمە دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین و ڕۆژێکی تر ئەم کۆبونەوەیە دەکەین لەسەر سەبارەت بەم بابەتە،بەڵێ وەزیری بازرگانی جەنابتان قسەیەکتان هەیە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەی پێشنیازە یاسایە ڕیکلامی بازرگانی داوات لێدەکەم لەم بارەیەوە ڕەئی خۆتمان پێ بڵێی، بۆیە ئێمە لەسەر بنەمای قسەی جەنابتان بڕیاری خۆمان بدەین تا ئامادەکاری دەکەی داوا لە بەڕێز مامۆستا هەورەمان دەکەین نوقتەیەکی نیزامی هەیە قسەی خۆی بکات.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من داوا ئەکەم کە ئەم خاڵی چوارەمە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی قسەی لەسەر نەکرێ و خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکرێ، بۆچی لەبەر ئەوە لەڕاستیدا ئەو قسانەی من دەیکەم بەو پێیەی کە ئێمە خەڵکی کوردستان هەموو دەنگی پێداوین و نوێنەری ڕاستەقینەی هەمولایەکمان نوێنەری ڕاستە قینەی خەڵکی کوردستانین بە هەموو جین و توێژو ئیحزابەکانەوە ئەم قسانەی کە ئەیکەم نە موزایەدەیە و نە بۆ ڕیکلامیش دەیکەم، من تەنها وەك ئەرکێکی سەرشانم باسی ئەکەم، ئەویش ئەوەیە لە ڕاستیدا ئێمە لە دەوڵەتی عێراقدا ئەژین عێراق لێمانەوە دور نییە، ئیشتیعالی کردووە، گڕی تێبەربووە، کێشەی گەورەترمان هەیە لەو بابەتەی کە ئەمڕۆ باس دەکرێ لە پەرلەمانی کوردستان خەڵك ئەمڕۆ بەڕاستی موعاناتی زۆر

گەورەی هەیە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من و جەنابت لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان هەردووکمان هەر ئەندامی پەرلەمان بووین، بەو پێیەی کە ساڵێکیش تازە کرایەوە، درێژکرایەوە لە خولی چوارەم بوو بە پێنج ساڵ بۆ ئێستەش ئەوە شەش ساڵە، شەش ساڵە شەش کەلیمە لەسەر بووجەی هەرێمی کوردستان، لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان.
شەش ووشە نەهاتۆتە ئەم پەرلەمانەی کوردستانەوە، ئێمە تاکو ئێستا نازانین داهاتی ئەم هەرێمە چۆنەو چیەو چۆن سەرف دەکرێ ئەم قسەیە وەکو عەرزم کردی، بەراستی پێم خۆشە هیچ کەسێك وەکو موزایەدە، وەك و ریکلام و ئەو جۆرە شتانە سەیری نەکات.
من بڕیارم داوە جارێکی تر دووجارە خۆم هەڵدەبژێرم دەرچووم، جاری سێیەم خۆم هەڵنابژێرمەوە تاوەك و ریکلام بکەم بەراستی، بەڵام بە حەقیقەت ژیان و موعاناتێکی هەموو چین و توێژەکانی ئەم میلەتەیە ئەبێ باس بکرێ، خەڵك پرسیار دەکا ئەڵێ مووچەی مانگی (١٠و ١١و ١٢ )مان جی لێهات؟ خەڵك ئەڵێ نەوتمان نییە، غازمان نییە، ئاومان نییە، کارەبامان نییە، خەڵك ئەڵێ ئێستاش جادەکانمان، شەقامەکانمان وەك و تەبەقی هێلکە وایە، لە راستی دا ئێمە لە کاتێکدا میلەتەکەمان و دەنگدەرەکانمان ئەم هەمووژان و موعاناتەیان هەیە، ئێمە هاتووین لێرە باسی ریکلامی بازرگانی دەکەین، بەراستی باسەکە هەر نەکرێ باشترە، لەبەر ئەوەی کە باس بکرێ و سبەینێ خەڵکیش قسەمان پێ بلێ و بلێ ئێوە نوێنەرێکی بەو جۆرە دەر نەچوون، لەبەر ئەوە من وەکو بەراستی بەو پێیەی زەمیری خۆم مرتاح بکەم لە بەردەمی خوای خۆم و لەبەردەمی خەڵکیشا، بە راستی پێم خۆشە ئەم بابەتە ئەمرۆ لە پەرلەمانی کوردستان باس نەکرێ، ئێمە هەموولایەکمان هیچ کەس موزایەدە ناکات، هەمولایەکمان هەموو فراکسیۆنەکان با کۆك بین، کۆمەڵێك بڕیار دەرکەین کە ئەو ئاگرەی کە ئەمرۆ هەیە نەگاتە کوردستانیش، کۆمەڵێ بڕیار دەرکەین کە مایەی دڵنیا بوونی خەڵك بێ.

**بەرێز د. رێواز فائق حسن / سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس مامۆستا، والله ئەمانە هیچی نوقتەی نیزامی نین و زۆر سوپاس دەستەکانت خۆشبێ، دەست خۆش هەموو بابەتێك کە بۆشایی یاسایی هەبێ لە هەرێمی کوردستان و لە ناو بوونییەی تەشریعی هەرێمی کوردستان بۆشایی بێ هەر بابەتێك بێ گرنگی خۆی هەیە، بابەتێك لە بابەتێك گرنگترە، ئێمە هاتین لەم پەرلەمانی کوردستانە بە پێشنیازە یاسایەك هەموو ئەو خانوو خانوانەی کە لە رابردووا بە تەجاوز خەڵکی فەقیرو هەژارو هەمومان دیزانین دروستیان کردووە و زیاتر لە (٢٠٠)هەزار بۆ (٢٥٠) هەزار ئینسانی ئەم وڵاتە کە بە فەقیری خانووی دروستکردووە.
ئێمە هەوڵی خۆمانماندا هاو ئاهەنگیمان لەگەڵ حکومەت کرد، ئەم یاسا زۆر باشەمان دەرکرد و ئێمە زیاتر ئەزانی مامۆستا قسەی جەنابت تەواو بوو، ئەم پەرلەمانی کوردستانە ئامادەیە هەمو ئەو پێشنیازو پرۆژەیاسایانەی کە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان راپۆرتی لەسەر دەنوسن دەیخاتە کۆبوونەوەو دانیشتنی لەسەر دەکات، ئێمە ئێستا زیاتر لە (٢٣) پێشنیازە یاساو بڕیار خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردوون، فەرموون بەرێزتان قۆڵی لێ هەڵماڵن پەیوەندیشیان بە

ژیـانی خەڵـکەوە هەیە، هەرخۆتـان پێشکەشـتان کـردوون، ئەگەر گرنـگ نـین بـۆ پێشکەشـتان کردوون؟.

یەعنـی ئەنـدامانی بەرێـزی پەرلەمـان پێشـنیازە یاسـاو بڕیـار (٢٣)دانە کە بە ئیمـزای جەنابتـان پێشکەشی پەرلەمـانی کوردسـتان کـراوە خوێـندنەوەی یەکەمـی بـۆکراوە بە تەقینـی جەنابتـان ئەمانە گرنگن بۆ کۆمەڵگەی ئێمە بۆ بوونییەی تەشریعی ئێمە، مـادەم گـرنگن فەرمـوون قۆڵتـانی لێ هەڵماڵن راپۆرتەکانمان بۆ ئامادەبکەن لەکاتی خۆیـا بیهێـنن، تـاوەکو ئـێمە بـێ بە یاسا ئـێمە نازانین بیدایەتی جەلسەکە لێرەبووی یان نا، ئێمە هەموویمان خوێنـدەوە و رامانگەیانـد و، ئـێمە پێمـان وایە ئێسـتا گۆڕەپـانەکە گۆڕەپـانی لیژنەکـانی پەرلەمـانی کوردسـتانە کە بەرێـز جێگـری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری داوە کە مامەڵە بە پەیرەو بکا لەگەڵ لیژنەکان، بـۆ ئەوەی بە زووتـرین کـات راپـۆرت ئامـادەبکەن لەسـەر ئەو پێشـنیازانەی کە هەیە، پێمـان وایە هەمـوو ئەوانەی کە کراون گرنگن و پێویستن و ریکلامی بازرگـانیش گـرنگە وەکـو هەر شـتێکی تـر لەوە گرنگتر جەنابـت ئامـادەی بـکەو بیهێـنە، بەڵـێ فەرمـوون وەزیـری بازرگـانی و پیشەسـازی ئەگەر قسەیەکتان هەیە دەرفەتی هەمووان دەدەین بەلێ فەرموون.

**بەڕێز کمال مسلم/ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایەی لەبەر دەسـت ئێـوەی بەرێـزو پەرلەمانتـارانی بەرێـزدایە، لەگەڵ ئەوەش زۆر زۆر درەنگ بە دەست ئێمە گەیشت، ئێمە تەنانەت فریـای ئەوە نەکەوتـین کە بە نووسـراو بۆمـان بـێ، بە وتـس ئـاپ بۆیـان نـاردین، بـۆیە سـەرەرای ئەوەی کە ئەو تێبینیـانەی نووسـیومانە بـۆ بەرێزتان هێشتا رەنگە تێبینی وردترمان هەبێتن، هەر ئەوەندە پێراگەیشـتین ئەوە بنووسـین بـۆ ئێوەی بەرێز ئەگەر بوار بدەن من هەموو ئەوەی کە نووسیومانە بۆ ئێـوەی بەرێـزی بخـوێنمەوە، لەگەڵ ئەوەش پێم وایە ئێستا لەبەر دەستی زۆرتاندایە بیخوێنمەوە؟.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێـز وەزیـری بازرگـانی، ئـێمە مشـاوەرەیەکمان کـرد، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پێمـان وایە ئەو موقتەرەحـاتەنەی جەنابـت باشـترە جەنابتـان لە وەزارەت باشـترە لە کۆبـوونەوەیەکی لیـژنە هاوبەشـەکان لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی لیـژنە تایبەتمەنـدەکان، لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی رۆژی یەك شـەمە کـۆببنەوە، ئـێمە ئەم دانیشـتنە هەڵ ئەگـرین رۆژی سێشـەمە سـەعات (١١) خوێنـدنەوەی دووەم دەکەین بۆ پێشنیازە یاسای ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان زۆر سوپاس.

**بەڕێز کمال مسلم/ وەزیری بازرگانی و پیشە شازی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوەن ئەو بابەتە هەر تەنها پەیوەندی بە وەزارەتەکەی ئێمەوە نییە، لەگەڵ ئەوەش وەزارەتـی ئـێمە لایەنـی سـەرەکی بـێ لەم یاسـایە، بەڵام چەنـد وەزارەتێکـی تـریش هەیە دەبـێ رەئیبـان وەرگیرێـت وەك وەزارەتـی نـاوخۆ، چـونکە ریکلامـی رێگایەکـان وەکـو ئەوەی لایەنـی مـرۆی و

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش هەر کێشەی هەیە لەو بابەتە، من پێم باشە ئەوانیش بانگ بکەن بـۆ ئەو رۆژە، بۆ ئەوەی رەئی ئەوانیش وەرگیرێت زۆر سوپاس.

**بەریز د.ریوار فائق حسن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهێنا.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. رێواز فایق حسن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق |